1

ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا

١٩٧٦ - ١٩٩١

بەرگی یەکەم

نووسین و ئامادەکردنی
گۆران سەلام محەمەد

بیرۆکە و سەرپەرشتیار
خەمینە ساڵح ئەحمەد

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بۆردی ئەرشیف و مێژوو

ئۆرگانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیارییە، بەپێی مادەی (٤٩) بڕگەی (ج) لە پەیڕەوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (ی.ن.ک) پەسەندکراوی چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئاماژە بە ماددەی هەشتەم، هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم لە پەیڕەوی کاری مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری, ئەرکەکەی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنتکردنی مێژووی (ی.ن.ک) و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانە، لە ڕێگەی چاپکردنی پەرتووک و نامیلکە و بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری تایبەت بە ڕووداو و بەسەرهات و داستانەکانی ئەو قۆناغە و تۆمارکردنی ئەرشیفی زارەکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

زنجیرەی پەرتووک: ٩

ناسنامەی پەرتووك

ناوی پەرتووك: ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ — ١٩٩١

بەرگی یەكەم

نووسین و ئامادەكردن: گۆران سەلام محەمەد

بابەت: مێژوویی ـ بەڵگەنامەیی

بیرۆكە و سەرپەرشتیار: خەمینە ساڵح ئەحمەد

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

دیزاینی ناوەڕۆك: نووسەر

دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان

چاپخانە: حەمدی

شوێنی چاپ: سلێمانی

نۆبەت و ساڵی چاپ: یەكەم، ٢٠٢٢

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان

ژمارەی سپاردنی (١٦٧٠)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێ دراوە.

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
پێشکەشە	١٠
لیستی کورتکراوەکان	١١
تێبینییەکان	١٢
پێشەکی	١٣
ئەم کتێبە بۆ؟	١٤
دەستپێك	١٩
بەشی یەکەم: پزیشك و نەخۆشخانەکانی شۆڕش	**٢٤ — ٤٥**
تەوەری یەکەم: پزیشکی شۆڕش	٢٥
تەوەری دووەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندەکان (سەرەکییەکان)	٢٨
تەوەری سێیەم: نەخۆشخانەکانی دیکە (لاوەکییەکان)	٣٨
تەوەری چوارەم: پزیشکی تیپ	٤٤
بەشی دووەم: دەزگای تەندروستیی کوردستان و ڕێکخراوی فریاکەوتنی کوردستان	**٤٥ — ٦٦**
تەوەری یەکەم: دەزگای تەندروستیی کوردستان (KHF)	٤٦
تەوەری دووەم: قۆناغەکانی کارکردنی دەزگای تەندروستیی کوردستان	٤٨
١. قۆناغی مەفرەزە سەرەتاییەکان ١٩٧٦ — ١٩٨٣	٤٨
٢. قۆناغی گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق	٤٩
٣. قۆناغی دوای گفتوگۆ و دامەزراندنی دەزگای تەندروستیی کوردستان	٥٠

٤. کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان Kurdistan Relief Association (KRA)	٥١
٥. قۆناغی دوای ئەنفال (سنوور و ئۆردوگاکانی ئێران)	٥٥
٦. قۆناغی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان ١٩٩١	٥٧
٧. پێکهاتەی دەزگای تەندروستیی کوردستان	٥٩
٨. کار و چالاکییەکانی دەزگای تەندروستیی کوردستان	٦٣
٩. ناوی پزیشك و کارمەندانی دەزگای تەندروستیی کوردستان	٦٦
بەشی سێیەم: ژیان و بیرەوەری پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش بە ڕیزبەندی ئەلفبێی کوردی	**٦٧ – ٤٢٤**
ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (د. ئاری)	٦٨
ئیبراهیم فەتاح قادر (د. برایم)	٧٩
ئیبراهیم محێدین عارف قادر (د. برایم)	٩٤
ئەحمەد عەبدولکەریم عارف عەلی (برینپێچ)	١٠١
ئەنوەر محەمەد نوری (د. ئەنوەر)	١٠٨
بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر (د. هەژار)	١١١
بورهان ڕەئووف نجم (د. بورهان چوارداخی)	١١٦
تاریق ساڵح قادر (د.دڵشاد)	١٣٠
تاهیر عوسمان حەمەساڵح (د.تاهیر کەلهوڕی)	١٣٩
تەها ئەوڕەحمان حەمەعەزیز ڕەسووڵ (د. تەها)	١٤٠
جەبار عەبدول نەریمان قادر (د. جەبار)	١٥١

حەمید عومەر ئیبراهیم ئەسوەد (د. ئامانج)	١٥٧
خالید محەمەد ڕەشید مەحموود (د. خالید)	١٦٠
خەلیل ئیبراهیم محەمەد ساڵح (د. خەلیل)	١٦٦
دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین (د. دارا)	١٦٩
ڕەزا ساڵح ئەحمەد ئەمین (د. ڕەزا)	١٧١
زرار شەریف کەریم (زرار تیژەیی)	١٨٢
سەردار عەبدولقادر ئەحمەد عەلی گلاڵی (د. سەردار)	١٨٣
سەرکەوت محەمەد زەکی (د. سەرکەوت زەکی)	١٩٦
سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵلا سەعدوون (د. ئارام)	٢٠٥
سلێمان محەمەد حاجی قادر (د. سلێمان)	٢٣٣
شۆڕش عەزیز خزر عەزیز (د. بەڵێن)	٢٣٧
عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (د. زریان)	٢٤٥
عەبدولهادی ساڵح سەعید (د. هادی)	٢٥٤
عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسووڵ (د. ڕەوەند)	٢٦٢
عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد (د. عومەر)	٢٧٤
فائیق محەمەد ئەحمەد محەمەد (د. فائیق گوڵپی)	٢٧٧
کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم (د. کەیفی)	٣٠٤
کامەران ئەسعەد عەلی (د. کامەران)	٣٢٩
لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د. ئاکۆ)	٣٣٠

مەحموود ڕەزا محەمەد عزیز (د. مەحموود)	٣٣٨
موحسین لەتیف کەریم (د. موحسین)	٣٤٠
محەمەد سەعید سابیر عەلی (د. محەمەد فەڕەنسی)	٣٤٣
نەبەز خالید ئەمین (د. نەبەز)	٣٥٠
نوری سەعید محەمەد (د. نوری قەرەناوی)	٣٦٦
هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان (د. هاوڕێ)	٣٦٨
هەژار عوسمان مەعروف عەبدولڕەحمان (د. هەژار)	٤٠٧
پاشکۆی لیستەکان	٤٢٥
پاشکۆی بەڵگەنامەکان	٤٣٦
پاشکۆی وێنەکان	٤٤٢
لیستی سەرچاوەکان	٤٩٤
لیستی ناوی هاوکارانی پڕۆژەکە	٤٩٧
چاپکراوەکانی بۆرد	٤٩٨
نووسەر لە چەند دێڕێکدا	٤٩٩

"شۆڕش بەبێ هەندێک ناوەند و دەزگا ڕەنگە ئەنجام بدرێت، بەڵام هەرگیز بەبێ ناوەندی تەندروستی و چارەسەرکردن ئەنجام نادرێت"

هەڤاڵ مام جەلال

پێشکەشە بە:

- ❖ گیانی شەهیدانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی شۆڕش
- ❖ گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی نیشتیمان.
- ❖ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش.
- ❖ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان.
- ❖ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ڕێگەی یادەوەرییانەوە کۆمەکی ئەم پڕۆژەیەیان کرد.
- ❖ بە هەموو ئەو دڵسۆزانەی کە بە هەر جۆرێك بێت لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم پەرتووکەدا هاریکار بوون.

لیستی کورتکراوەکان

واتاکەی	وشە	ژمارە
دکتۆر	د	١
لاپەڕە	ل	٢
چاپ	چ	٣
سەرچاوەی پێشوو	س.پ	٤
بەرگ	ب	٥
ژمارە	ژ	٦
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان	ی.ن.ك	٧
کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان	ك.ڕ.ك	٨
حیزبی دیموکراتی کوردستان	ح.د.ك	٩
پارتی دیموکراتی کوردستان	پ.د.ك	١٠
حیزبی شیوعی	ح.ش	١١
حیزبی سۆسیالیستی کوردستان	حسك	١٢
سوپای ڕزگاری کوردستان	سرك	١٣
Kurdistan Health Foundation	(KHF)	١٤
Kurdistan Relief Association	(KRA)	١٥

تێبینییەکان

١. **چەمکەکان:** لێرەدا پرسێکی مێژوویی بەکراوەیی دەهێڵینەوە، کە بریتییە لەو چەمك و دەستەواژانەی بۆ گوزارشتکردن لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد لە مێژوودا بەکاردەهێنرێن، وەکو: (شۆڕش، جووڵانەوە، ڕاپەڕین، بەرخۆدان، بزاڤ و سەرهەڵدان...)، کاری ئێمە لەم پەرتووکەدا ساغکردنەوەی ئەو دەستەواژانە نییە، بۆیە پێویستە لیژنەیەك لە پسپۆڕانی بوارە پەیوەندیدارەکان ئەو چەمکانە ساغ بکەنەوە و مەرج و پێوەری بۆ دابڕێژن.

٢. دکتۆر: لە زۆر شوێندا لەبری وشەی: (پزیشك) بەکارهاتووە، چونکە بە تەواوی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی گوتراوە: (دکتۆر)، ئێمە نەمان گۆڕیوە، لەبەرئەوەی ڕەنگە ئەو کەسە کارمەندێکی تەندروستی بە دکتۆر ناو هێنابێت، ئەگەر ئێمە بهاتباین بمانگۆڕیبا بە (پزیشك)، ئەوا جارێکی دیکە هەڵەیەکی دیکەمان دەکردەوە، هۆکاری ئەوەش کە بڕوانامەی ئەوی دیکەمان لە ئەم نەپرسیوە، ئەوەیە کە مەرج نییە ئەم زانیاریی وردی لەسەر بەش و بڕوانامەی بەرامبەر هەبووبێت، بۆیە مەرج نییە پزیشکی فەڕمی بووبن.

٣. هەڤاڵ: جگە لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی، لە پێش ناوی هەر کارەکتەرێکی شۆڕشی نوێ، بێ جیاوازیی پلە و بەرپرسیارێتی نازناوی (هەڤاڵ) بەکارهێنراوە.

٤. تەواوی زانیارییەکانی ژیانی تەندروستکاران، وەکو خۆی دانراونەتەوە، بەجۆرێك ئەوانەی لە ژیاندا ماون لە زاری خۆیانەوە، ئەوانەشی شەهید بوون، یان کۆچی دواییان کردووە لە زاری هاوڕێ یان کەسی نزیکیانەوە وەرگیراوە، بۆیە جگە لە پرسیارەکان، نووسەر تەنیا کاری نووسینەوە، هەڵەبڕی، زمانەوانیی و خاڵبەندی بۆ چاوپێکەوتنەکان کردووە.

٥. بێ جیاوازی پەیوەندی بە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش و هاوڕێ و کەسوکاریانەوە کراوە، بە دڵنیایی پەیوەندی بە تەواوی ئەوانەی دیکەوە دەکرێت و لە بەرگەکانی دیکەی ئەم پەرتووکەدا بەشدار دەبن، داوا دەکەین خۆشیان پەیوەندی بکەن.

٦. ناوی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بێ جیاوازی بە ڕیزبەندی ئەلفبای کوردی دانراون.

پێشەکی

فەرید ئەسەسەرد

ئەم پەرتووکە یەکێ لە پەرتووکە گرنگەکانە کە باسی بوارێکی دیاریکراوی شۆڕش دەکات لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦ — ١٩٩١ دا، کە بواری پزیشکییە. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە، بەپێچەوانەی بابەتەکانی ترەوە، زۆر کەمی لەسەر نووسراوە. بۆیە، دەرچوونی پەرتووکێکی دیکۆمێنتار بەو زانیاری و قەبارەیە دەربارەی ئەم بابەتە، بایەخێکی تایبەتی هەیە.

ئاشکرایە کە شۆڕش لە ناوەڕۆکدا پرۆسەیەکی سیاسییە، بەڵام بەکردەوە لایەنی سەربازیی بەسەریدا زاڵە. ئەوەی کە تا ئێستا زۆری لەسەر نووسراوە، دوو بوارە سیاسی و سەربازییەکەی شۆڕشە. بۆیە، دەرچوونی ئەم پەرتووکە کە تایبەت کراوە بە باسکردنی بواری پزیشکەکانی شۆڕش و ڕۆڵیان لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەدا کەلێنێکی گەورە لەم بارەیەوە پڕ دەکاتەوە. وەك ئاماژەی پێ درا، بواری پزیشکی لە شۆڕشدا، بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تر، کەمتری لەسەر نووسراوە، بەڵام دەبێت ئەم لایەنەی بابەتەکەش لەبەرچاو بگیرێت، کە بەشێکی کەمتەرخەمییەکە بۆ خوودی پزیشکانی شۆڕش دەگەڕێتەوە، کە ئەزموونی خۆیان لە شۆڕشدا نەگێڕاوەتەوە، سەرەڕای گرنگیی بابەتەکە. ئەم پەرتووکە کە بوارێکی گرنگی پشتگوێخراوی سەردەمی شۆڕش دەخاتە بەرچاو، لە پۆلێنکردندا دەشێ بخرێتە ڕیزی ئەو بەرهەمانەی، دوور لە سیاسەت و ململانێ سیاسییەکان، باسی لایەنێکی ژیانی ڕۆژانەی ناو شۆڕش دەکات. ئەم ئەزموونە لە میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا تازە نییە و زۆرتر بۆ (ڕۆژنامەی (ئیتیحاد) دەگەڕێتەوە لە سەرەتای دەرچوونیدا، کاتێك گۆشەیەکی تێدا کرایەوە بە ناوی (ژیانی ڕۆژانە لە شۆڕشی کورددا) کە بۆ گێڕانەوەی بابەتە ناسیاسییەکان لە سایەی شۆڕشدا تەرخان کرا بوو .

پەیوەند بەم پەرتووکە، کارکردن بۆ دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ ئامادەکردنی پەرتووکێکی تایبەت بە پزیشکانی شۆڕش کارێکی ئێجگار قورسە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکانی سەرزارەکین. هەموو ئەو پەرتووکانەی کە لە ناوەڕۆکدا پشت بە سەرچاوەی زارەکی دەبەستن، ماندووبوونێکی زۆریان دەوێ، چونکە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری پرۆسەیەکی ئالۆز و سەخت دەبێت. بەدڵنیاییەوە نەبوون یاخود کەمیی سەرچاوەی نووسراو لەسەر ئەم بابەتە، کارەکە دژوار دەکات و نووسەر ناچار دەکات هانا بەرێت تا زانیاری لە دەمی کارەکتەرەکانەوە وەربگرێت، کە ئەمانەش هەر یەکێکیان لە شوێنێکە و ڕەنگە هەندێکیشیان دەستیان پێ نەگات. سەرەڕای دژواری کارەکە، لانی کەم ئێستا دەتوانین لەوە دڵنیا بین کە بە دەرچوونی ئەم پەرتووکە، سەرچاوەیەکی پوخت و جێ متمانەمان سەبارەت بە توێژی پزیشکانی شۆڕش و بواری پزیشکیی لەبەر دەست دایە. ئەم پەرتووکە تاکە پەرتووکە کە لیستی ناوی تەواوی پزیشکانی شۆڕشی تێدایە و باسی هەموو ئەو نەخۆشخانانەی کردووە کە لەو سەردەمەدا هەبوون، چ نەخۆشخانە ناوەندییەکان و چ لاوەکییەکان.

لە پێشمەرگایەتیدا، بوونی پزیشك بایەخێکی تایبەتی هەیە. ئەو بایەخەش لەوەوە هاتووە کە لە کاتی جەنگدا پزیشکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. ئەوەی پەیوەندیی بە پزیشکانی شۆڕشی کوردەوە هەیە، پزیشکانی شۆڕشی کورد ڕۆڵێکی کارایان لە فریاکەوتنی برینداراانی هێزی پێشمەرگە هەبووە و بە هۆی ئەوانەوە سەدان پێشمەرگە لە مردن ڕزگار کراون. لە پاڵ خزمەتگوزارییەکانی کاتی شەڕدا، پێشمەرگە لە خزمەتگوزارییە ئاساییەکانی پزیشکان و نەخۆشخانەکانیش سوودمەند بوون لەوانە لە کاتی نەخۆشی ئاسایی، دان کێشان، پێوەدانی مار و دوپشك و هی تر.

لایـەنێکی دیکـەی گرنگـی بابەتەکـە ئەوەیـە کـە پزیشـکان و نەخۆشـخانەکانی شـۆڕش تەنها لە خزمەتی پێشمەرگەدا نـەبوون، بـەڵکو لـە خزمـەتی خـەڵکی دێهاتەکانیشـدا بـوون، بەتایبـەتی کـە خـەڵکی ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگە بەتـەواوی لـە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی دەوڵەت بێبەش بـوون. پشتگوێخسـتنی ئـەو ناوچانـە لـە ڕووی تەندروستییەوە لەلایەن حکومەتـەوە پەیوەنـدیی بـە بـوونی پێشـمەرگە و شۆڕشـەوە نییە، بەڵکو ئەو ناوچانە تەنانەت لەو قۆناغانەشدا کە نە پێشمەرگە هـەبوو و نـە شـۆڕش، بەتایبەتی لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە، حکومەتی ناوەندی کـەمترین تیمارخانە و نەخۆشخانەی لەو ناوچانە دامەزراندووە و کەمترین پزیشکی بۆ دابینکردوون.

بەشێوەیەکی گشتی، پزیشکان و هەموو کارمەنـدانی پیشـە تەندروسـتییەکان توێـژێکی گرنگی کۆمەڵ پێکدێنن و تەندروستی کۆمەڵ بەم توێژەوە بەستراوەتەوە. پیشـەی پزیشـکی لە بنەمادا پیشەیەکی مرۆڤانەیە و مامەڵەی پزیشك لەگەڵ مرۆڤە بـەبێ گوێدانـە ڕەگـەز و زمان و ئاستی کۆمەڵایەتیی. لە شۆڕشدا هەر وابووە. پزیشـکانی شـۆڕش لـە کـاتی پێویسـتدا سەربازە دیلەکانیان تیمـار کـردووە بـەبێ گوێدانـە ئـەوەی کـە ئـەو سـەربازانە ئەوانـەن کـە گونـدەکان دەسـوتێنن و تەقـە لـە گوندنشـینان دەکـەن. لێـرە ڕەهەنـدی مرۆڤانـە بەسـەر ڕەهەندی سیاسیدا زاڵە.

ئەم پەرتووکە کەلێنێکی گەورەی پەرتووکخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە و تیشك دەخاتـە سەر ڕۆڵی گرنگی پزیشکان لە شۆڕشی نوێدا.

ئەم کتێبە بۆ؟

دوای وردبوونـــەوە و تێڕامـــانێکی زۆر لەهەمبـــەر مێـــژوو و خـــەبات و قوربـــانی و داستانەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، گەیشتمە ئـەو بڕوایـەی کە گـەلی کـورد بەگشتی و شۆڕشـی نـوێی گەلەکـەمان بەتایبـەتی، وێـڕای تۆمـارکردنی مێژوویـەکی پـڕ لـە قوربـانی و سەروەریی، کەچی وەکو پێویست ئەرشـیف و بەڵگـە و دۆکیۆمێنتـەکانی کۆنەکراوەتـەوە و چـاپ و بڵاونەکراوەتـەوە، بۆیـە بڕیارمـدا هـەموو توانـای خـۆم لـە پێنـاوی پاراسـتن و تۆمارکردنی ئەو مێژووە و ئاشناکردنی بە نەوەکانی داهاتوو بخەمەگەڕ.

مێژوو و خەباتی ی.ن.ك، تەنها مێژووی حیزبێك نییـە، بـەڵکو بەشـێکی گەورەیـە لـە بەرخۆدان و قارەمانێتی نەتەوەیەك، بۆ ئەو مەبەسـتە بـە گـرنگم زانـی وەکـو خـۆی ورد و درشت، ڕووداوەکان لە زاری شایەتحاڵەکان خۆیانەوە تۆمار بکەین، کـە خـوودی خۆشـم وەك شـایەتحاڵێکی بەشـێکی نەهامـەتی و کارەسـاتەکانی نەتـەوەی کـورد، باشـتر لـەوە دەگـەم کـە دەبێـت هـەموو ئـەو ڕووداو و بەسـەرهاتە هەمـەجۆر و کارەسـاتە بێشـومارانە بـە جۆرێـك تۆمـار بکـەین و بنووسـینەوە کـە لـە زۆرتـرین دیـدی جیـاوازەوە سەرچـاوەی گـرتبێ، لەبەرئەوەی بەڕاستی شۆڕش، قوربانی و گیانفیدایی و خۆڕاگریی زۆری پێویست بووە.

کاتێـك لـە هـەر قۆنـاغ و بەسـەرهات و ڕووداوێکـی شـۆڕش ورد دەبینـەوە، دەبیـنین پێشمەرگە و سەرکردەکان چەندە ئەرکیان سەخت و چەندە ڕۆڵیان کاریگەر بووە، ئەوەیشی کــە پــێم وابــوو بــەپێی پێویســت ڕۆڵ و قوربانییــان ئامــاژەی پێنــەدراوە، یــان ون و فەرامۆشـکراوە، پزیشـك و برینپێچـانی شـۆڕش بـوون. هەربۆیـە بـەباشمان زانـی چ وەك بەرزنرخانـدنی ئـەرك و مانـدووبوون و تێکۆشـانیان، چ وەك تۆمـارکردنی بەشـێکی دیکـەی مێـژوو و سـەروەریی و قوربانییـەکانی ی.ن.ك، دەرفـەتیان بـۆ بڕەخسـێنین تـا لـە زاری خۆیانەوە تەواوی ڕاستییەکان بگەیەننە دەستمان. هەروەها ناکرێت ڕۆڵی توێژەکانی دیکەی بەشـداری شـۆڕش فـەرامۆش بکـەین وەك: (بێتەلـەکان، پارتیزانـەکان، نوسـەر و ئـەدیب،

مامۆستایانی شاخ و دادوەرانی شاخ...هتد)، کە خوا یار بێت هەر یەك لەم توێژانە لە پرۆژەکانی داهاتووماندا، لە زاری خۆیانەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی شۆڕش دەنووسینەوە و لە دووتوێی چەند پەرتووکێکدا کۆیان دەکەینەوە و چاپیان دەکەین. بە جۆرێك هەر پەرتووکێك باس لە یەکێك لەو توێژانەی شۆڕش دەکات.

لەم پەرتووکەدا تیشك دەخەینە سەر خەبات و تێکۆشانی ئەوانەی پزیشك، یاریدەدەری پزیشك و برینپێچ بوون، واتە هەموو ئەو هەڤاڵانەی لە بواری تەندروستیی شۆڕشدا خزمەتیان کردووە و یارمەتیدەری زۆر گرنگ بوون بۆ بەهێز هێشتنەوەی شۆڕش، بە جۆرێك هەندێك جار خوێنی خۆیان بە پێشمەرگەی بریندار بەخشیوە.

کاری پزیشکی پیشەیەکی دەگمەن و تایبەتە، دەکرا ئەو تێکۆشەرانە لەناو شاردا پاڵپشت بە پیشەکەیان، ژیانێکی شایستە و باش دەستەبەر بکەن و بگوزەرێنن، بەڵام ئەوان ئەو ژیانەیان وەلانا و لە پێناو سەربەخۆیی و سەروەریی میللەتی کورددا شۆڕش و خەباتیان هەڵبژارد. ژیانی خۆیان لەسەر دەستیان دانا و دێ بە دێ و شاخ بە شاخ لەپاڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون بە هەتوانی برینەکان. ئەوان ئەو کەسانە بوون کە چەك لە شان بوون و لە کاتی شەڕدا پێشمەرگەی بەجەرگ بوون و لە کاتی پێویستیشدا پزیشکی میهرەبان و تیمارکاری برینەکانی پێشمەرگە گیانفیداکان بوون. بۆیە ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنی ئەو مێژووەی قۆناغی تەمەنیان، کەمترین ئەمەکە، کە ئێمە بتوانین بەشێکی کەم لەو خەباتەی ئەوانی پێ بدەینەوە.

بەو هیوایەم ئەم پەرتووکە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت و توانیبێتمان وێنایەکی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژانەی خەبات بخەینە بەر چاوی خوێنەری ئازیز و نەوەی نوێی گەلەکەمان. تا بزانن ئەم ئازادییە بە ئاسانی بەدی نەهاتووە و پارێزگاری لێکردنی ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەییە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی هەموو ئەو هەڤاڵانە بکەم کە کاتی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئێمە و هاوکارمان بوون لە گێڕانەوەی بیرەوەری و ڕووداوەکانی ڕابردووی نێو شۆڕشدا، زۆر سوپاسی مامۆستا (گۆران) دەکەم کە ئەرکی نووسین و ئامادەکردنی پەرتووکەکەی لە ئەستۆ گرت و دریغی نەکرد، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بە وشەیەکیش بێت پشتگیرییان کردین و هاندەرمان بوون.

لێرەوە تەواوی کادیرانی تەندروستی بەشدار نەبوو لەم پەرتووکەدا دڵنیا دەکەمەوە، کە ئەم بەرهەمە درێژەی هەیە و بەرگی دیکەی بە دوادا دێت، هەم خۆمان پەیوەندییان پێوە دەکەین، هەم داوا لەوان دەکەین پەیوەندیمان پێوە بکەن، لە کۆتاییدا زۆر بە پێویستی دەزانم سوپاسی بێپایانم ئاڕاستەی سەرجەم هەڤاڵانم لە بۆردی ئەرشیف و مێژوو بکەم، کە هەردەم خۆنەویستانە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان ڕادەپەڕێنن و لەم ئەرکە گرنگانەدا بەشداری کاریگەریان هەیە.

خەمینە ساڵح ئەحمەد

ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ی.ن.ك

لێپرسراوی بۆردی ئەرشیف و مێژوو

دەستپێك

ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/٢٦، کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك نووسەر و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس لە "سالۆنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ" لە شاری سلێمانی، کۆڕی ناساندن و بەخشین بۆ حەوت پەرتووکی ئێمە ساز درا، کە سەرجەمیان لە هەمان ساڵدا چاپ کرابوون. دوای چەند وتەیەکی پێویست لەسەر چۆنیەتیی نووسین و گرنگیی ئەرشیف و مێژوو، میوانانی کۆڕەکە ڕاو و بۆچوونی خۆیان خستەڕوو.

ئێمە بێئاگا بووین لەوەی وتەکانی ئێمە و گرنگیی پەرتووکەکان دەبن بە دەستەخوشکی پڕۆژەیەکی دیکەی گرنگی هاوشێوە، کە ماوەیەك بوو کەسێك لە دامەزراوەکەی خۆیەوە پێشمەرگەئاسا و ماندوونەناسانە، وەکو فەرهاد قولێنگی هەڵکۆڵێنی کێوی بێستوونی لە شان ناوە و لە هەناویدا بۆ زێڕ و ئەڵماس دەگەڕێت. لە نێو دەریایەك لە قوربانی و بەرخۆدانی گەلەکەماندا وەکو دەریاوانێك لە قووڵاییەکەیدا بە دوای دوڕ و مەرجان و مروارییی شۆڕشدا دەگەڕێت، شەو و ڕۆژی لەسەر یەك ناوە و تەواوی توانا و کاتی خۆی و ستاف و دامەزراوەکەی خستووەتە خزمەتی ئەو پڕۆژانەوە. لێرەوە تێگەیشتبوو کە تاقانەی ئەو بوارە نییە و کەسانێك هەن هەرگیز ناتوانن مێژوو و خەبات و ئەرشیفی گەلەکەیان نادیدە بگرن.

کاتێك دەرگا بە ڕووی سەرنج و ڕووانینی ئامادەبوواندا کرایەوە، داوای لە ئێمە کرد شان بدەینە بەر پڕۆژە گرنگەکانی و هاریکاری بیرۆکە ناوازەکانی بین، کە هەموویان لە بواری پاراستنی ئەرشیف و مێژوو و خەبات و قوربانیدانی گەلەکەماندا بوون. ئەو وتانە کاریگەرترین وتە بوون کە وای کرد هەست بەوە بکەم سەرقاڵی کارێکی بێئەنجام نییم و وەك کۆتا خاڵی بە ئەنجامگەیاندنی کارەکەم لێکم دایەوە. ئەو چرکەساتە ساتی دەرچوونی ماندوویەتیم بوو بە ئامادەکردن و پاراستنی ئەو ئەرشیفانەوە، کە زۆری نەمابوو دەست لە

هەر کارێکی نووسین لەو بـوارەدا بـەهۆی نادیدەگرتنـەوە هـەڵبگرم. لێـرەوە ئاشـنای کەسـێك بووم کە هەمان خەمی لە ئەسـتۆ گرتـووە و مـاوەی سـاڵ و نیوێـك بـوو بێوچـان لـەو بـوارەدا تێکۆشابوو، ئەمە وای لێ کردم جارێکی دیکە بیر لە پڕکردنی کۆڵەپشتەکەم بکەمـەوە و شـان بدەمە بەر پڕۆژەیەکی دیکەی مێژوویی.

ڕۆژی ٢٠٢٢/١/٨ لە مەکتـەبی بیروهۆشـیاری و لـە بـۆردی ئەرشـیف و مێـژوو، پێشـنیاری کارکردن لەگەڵ ئەو ناوەندە گرنگەدا چـووە بـواری جێبـەجێکردنـەوە، هـەر لـەوێ بـۆم ڕوون بووەوە کە خاوەنی نزیکەی پازدە پڕۆژەی گرنگی زانسـتییە و سـەرجەمیان بـریتی بـوون لـە توێژینـەوە لـە بـواری مێـژوو و بـە ئەرشـیفکردنی خـەبات و بـەرخۆدان و ڕۆڵـی چـەندین چـینوتوێژ لـە شۆڕشـی نـوێی گەلەکەمانـدا، بـە ڕابەرایـەتیی ی.ن.ك، کـە نزیکـەی چـەند دەیەیەکـە ئـاوڕی زانسـتی لـە ڕۆڵـی گرنگیـان نەدراوەتـەوە، کـە بەداخـەوە ژمارەیـەك لـەو شۆڕشگێڕانە ژیانئاواییان کردووە، هەروەها لـە سـەردەمی شۆڕشـدا سـەدانی دیکـەیان شـەهید بـوون و مێـژووی خـەباتیان نەنووسـراوەتەوە، خـەباتی تـەواوی ئـەم چینوتوێژانە، تـەواوی پڕۆژەکـانی پێـك دەهێنـا، لەوانـە: "مێـژووی ی.ن.ك، پارتیزانـەکانی شـاخ، نووسـەرانی شـاخ، ژنانی زیندانی، عەدەد جیهازەکان...) یەکێکی دیکە لەو توێژە گرنگانە، بریتی بـوو لـە ڕۆڵ و بەرخۆدانی: "پزیشکانی شۆڕش"، پێشـنیاری کـرد ئێمـە ئـەرکی توێژینـەوە و ئەرشیفکردنی مێـژووی ئـەو چینە گرنگـەی شـۆڕش لـە ئەسـتۆ بگـرین، بۆیـە لـە ئێسـتادا ئـەم بەرهەمـەی بەردەسـتی خوێنـەر لـە ژێـر نـاوی **"ڕەهەنـدی تەندروسـتی لـە شۆڕشـی نوێـدا ١٩٧٦ – ١٩٩١"** یەکێکـە لـەو چـەندین پـڕۆژە و بەرهەمانـەی کـە بیرۆکەکـەی کەسـێك خاوەنـداری دەکـات، بەدروستی گوزارشتی "کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو" بۆ توانا و ڕۆڵی ئەو دەگونجێـت، ئـەویش هەڤاڵ: **"خەمینە ساڵح ئەحمەد"**ە.

لێـرەوە لەسـەر ئـەو مـاوە مێژووییـە واتـە ١٩٧٦ - ١٩٩١ دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم: مێـژوو سەربوردەی ڕابردووە، خەبات و بەرخۆدان ڕەنگی سـەوزی ژیـانن و بـەرگری و قوربانیـدان ڕەنگـی سـووری شۆڕشـن، ڕاپـەڕینیش (نـەخێر)ی گـەورەی مێـژوو بـوو، ئێسـتا تـەنیا کـاتی پشوودان نییە لە سایەی شۆڕشدا، بەڵکو هەم ڕۆژی پاراستنی سامان و ئەرشـیفی ڕابـردووە، هـەم ڕۆژی بـرەودان و ڕاسـتگۆییە لەگـەڵ ئامانجـەکانی شۆڕشـدا، هـەروەها گرێـدانی پـەتی شانازیی ڕابردووە بە پەتی ئاییندەوە، تاکو ببێتە بڵێسەی ڕووناکی بـۆ نـەوەکانی ئاییـندە و بەرنامەی ژیان و پلان و ستراتیژی نوێی لەسەر بونیاد بنرێت، تا زیاتر گەشـە بکـات و بـەر بگرێت و لە سایە و سێبەریدا نەوەکانی ئاییندە پشوو بدەن.

شـۆڕش واتـە جوداکردنـەوەی هـەموو ئەوانـەی کـە هەتـە لـە هیـی ئـەوی دی، واتـە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە هەیەتی و هێنانەکایەی هەموو ئەوانەی کە هەتە. شۆڕش وەکو مرۆڤێك لە سەدان دەمـار و ماسـوولکە پێـك هـاتووە، هـەر توێـژێکی شـۆڕش دەبـن بـە دەمار و هەر چینێکی شۆڕش دەبن بە ماسوولکە بۆی. شۆڕش واتـە چیا، هـەر ڕچـەڕێیەکی هـەڵزنان بـەرەو لووتکـە، واتـە هـەنگاوی شۆڕشـگێڕێك. شـۆڕش دەریایـە و هـەر هـەنگاوێکی شۆڕشـگێڕەکانی دڵۆپێکـە، شـۆڕش ژیانـە و هەناسـەی خـەباتگێڕ پارسـەنگی ژیـان و شـۆڕش ڕادەگرن. داری شۆڕش هەمان درەختی گوێز و بـەڕووە، بـە خـوێنی خـەباتگێڕ تینوویـەتیی شکاوە، هەر بۆیـە لـە تـەواوی درەختـەکانی دیکـە خۆڕاگرترە، شـەهیدان دەبـن بـە ڕەگـی و پێشمەرگە و پارتیزانەکانی دەبن بە قەد بۆی.

جا گرنگیی ئەم پەرتووکە لێرەوە بە دیار دەکەوێت، کە خۆی دەبینێتـەوە لـە ئـاودانی درەختی شۆڕش و خەبات و پاراستنی ئەو سەروەرییە نیشتیمانییە و ئەو سەروەتە مرۆییە، ئـەم کـارە و هاوشـێوەکانی وێنـەی ئـاون بـۆ درەخـتی مێـژوو و خـەبات و بـەرخۆدانی گـەلی ئێمە.

سەرەتا ئەم پڕۆژەیـە بـە پلانێـك دەسـتی پـێ کـرد، کـە دەسـتپێکەکەی بـریتی بـوو لـە پەیوەنـدیکردن بـە ژمارەیـەك پێشـمەرگەی دێـرین و پـارتیزان و پزیشـکەوە، لـە سـەرجەم دەڤەرەکاندا، تا ناوی هەموو، یان زۆرینەی ئەو پزیشك و کارمەند و برینپێچانە بـە دەسـت بهێنین، کە لە ڕۆژگاری شۆڕشدا لە خەبات و ئەرکدا بوون و بە سـەدان نەشـتەرگەرییان بـۆ

پێشمەرگە ئەنجام داوە و هەزاران کاری برینپێچییان بۆ پێشمەرگە و هاووڵاتی ئەنجام داوە و بە دەیان کەسیان لە مردن ڕزگار کردووە.

بۆیە ناکرێت ڕۆڵی ئەو چینە گرنگەی شۆڕش هاوشانی سەرجەم چینەکانی دیکە نادیدە بگیرێت، کە لە دوای هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە تا ئێستا ڕۆڵ و کار و خەباتی ئەم چینە نەنووسراوەتەوە و ئەرشیف نەکراوە و نەپارێزراوە، هەروەها هاوشانی پیشەکەیان پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوون. بەداخەوە ژمارەیەك لەو پزیشکانە شەهید بوون و ژمارەیەکیان لەم ساڵانەی ڕابردوودا بە هۆی بەساڵاچوون و نەخۆشییەوە ژیانئاواییان کردووە.

ئەم چینە هەستیارەی شۆڕش ڕۆڵی سەربازی ونی شۆڕشیان گێڕاوە و دابەش دەبن بۆ چەند بەشێك، بەشێکیان بە فەرمی پزیشك بوون و دەرچووی ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆییەکانی کوردستان و عێراق بوون، یان خوێندکاری بەشە پزیشکییەکان بوون و دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و بوون بە پێشمەرگە و لە شاخ زانستی خۆیان پراکتیزە کردووە. هەندێکی دیکەیان یاریدەدەری پزیشك بوون، هاوشێوەی نموونەی پێشوو، یان بە فەرمی دەرچووی ئەو بەشە بوون، یاخود لە نیوەی ڕێگە لە پێناو شۆڕشدا دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و ئەوەندەی پێشمەرگەش بوون ڕۆڵی پزیشکیان گێڕاوە. بەشێکی دیکە لەم چینە گرنگەی شۆڕش، دەرچووی خولی خێرای فێربوونی سارێژکاری و برینپێچی و دەرزیلێدان بوون و دابەش کراون بە سەر هەرێم و دەڤەر و مەڵبەند و تیپ و کەرت و مەفرەزەکانی شۆڕشدا، هاوکات بەشێك لەم چینەی دوایی ئەو خولەشیان نەبینیوە و بە ئەزموون و لێهاتوویی و وردبینی و دڵسۆزیی خۆیان فێری سارێژکاری و دەرزیلێدان و برینپێچی بوون.

ئەم چینە گرنگەی شۆڕش، هەم پزیشکی پێشمەرگە بوون، هەم پێشمەرگە بوون، یەکێك لەو پزیشکانە زیاتر لە بیست بوتڵ خوێنی خۆی لەو پێناوەدا بەخشیوە! هەروەها بە هۆی نەبوونی بنکەی تەندروستییەوە لە گوندەکاندا، ئەو پزیشکانە بوون بە فریادڕەسی گوندنشینان، بۆیە کارێکی لەم شێوەیە لەسەر ڕۆڵی نادیدەگیراوی ئەوان هەرچەندە درەنگە، بەڵام هێشتاش سەنگ و گرنگیی زانستی و مێژوویی خۆی هەیە.

سەرەتا بڕیار بوو پەرتووکەکە لە ژێر (ناوی پزیشکانی شۆڕش)، یاخود (مێژووی شۆڕشی نوێ لە زاری پزیشکانی شۆڕشەوە) بێت، بەڵام دواتر ناوەکەیمان گۆڕی، لەبەرئەوەی تەواوی بەشداربووانی پەرتووکەکە پزیشك (طبیب) نین، دواتر ئێمە باسی نەخۆشخانەکان و دەزگای تەندروستیمان کردووە، بۆیە وشەی (تەندروستی) تەواوی ئەوانی دیکە لە هەناویدا جێگە دەکاتەوە، بوارەکە و لایەنەکەش تەندروستییە، بۆیە وشەی (ڕەهەند) وەك پێش ناوی تەندروستی بە گونجاوتر زانرا، ماوەکەش سەردەمی شۆڕشی نوێیە، پێویست بوو ناوی ئەو شۆڕشە و ماوەکەی دابنرێت، لێرەوە سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز (پ.ی.د. هیوا عەزیز سەعید) دووپات دەکەمەوە کە لە جێگیرکردنی ناونیشانەکەدا کۆمەکی زانستی کردین.

شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ بە ڕابەرایەتیی ی.ن.ك، کە شۆڕشی تەواوی کۆمەڵانی خەڵك بووە، هەموو چین و توێژێك بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە بەشدار بووە. چەندین پزیشك و کارمەندی تەندروستی لە سەردەمی شۆڕشدا، بۆ پاڵپشتیی شۆڕش نەخۆشخانەکانی شار و مووچە و ژیانی مسۆگەری خۆیان جێ هێشتووە و شانبەشانی پێشمەرگە درێژەیان بە بەرخۆدان داوە. لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا ئێستا، چەندین نەخۆشخانە کراون بە ناوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش و پزیشکانی شۆڕشەوە، لەوانە: (نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هادی، نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هێمن، نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر ڕەفیق... هتد). لە کۆتاییدا بەهیواین ئەم بەرهەمە ببێت بە سەرەتایەك بۆ دەیان کاری دیکەی هاوشێوە، هاوکات لە کەموکورتییش بەدەر نییە.

گۆران سەلام محەمەد

بەهاری ٢٠٢٢

سلێمانی

بەشی یەکەم: پزیشك و نەخۆشخانەکانی شۆڕش

تەوەری یەکەم: پزیشکی شۆڕش

تەوەری دووەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندەکان (سەرەکییەکان)

تەوەری سێیەم: نەخۆشخانەکانی دیکە (لاوەکییەکان)

تەوەری چوارەم: پزیشکی تیپ

تەوەری یەکەم: پزیشکی شۆڕش

دەستەواژەیەکە لە مانا فراوانەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو کادیرانە دەکات، کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦–١٩٩١دا لە پێشمەرگایەتیدا خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەش کردووە. دەستەواژەکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە پیشە پزیشك بوون، کارمەندی دامەزراوەیەکی پزیشکی، یان بە دەستهێنەری بڕوانامەی پزیشکی بوون و خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە کردووە و خوودی خۆشیان پێشمەرگە بوون.

لە سەرەتای هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداردا لە ساڵی ١٩٧٦، ئاستەنگێکی زۆر لە بەردەم مەفرەزە سەرەتاییەکاندا بوو، لە هەوڵەکانیاندا بۆ دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکانیان. لەو قۆناغەدا کەمی ژمارەی پزیشك و برینپێچ و کەمی داو و دەرمان و ئامرازی پزیشکی و نەبوونی شوێنی پێویست بۆ حەوانەوەی نەخۆش و برینداران کێشەیەکی گەورە بوو. ژمارەیەکی کەمی مەفرەزەکان پێداویستییەکانی فریاگوزاریی سەرەتاییان بۆ خۆیان دابین کردووە. کادیرە پزیشکییەکان بە کۆڵەپشتی پڕ پێداویستییەوە فریاگوزارییە سەرەتاییەکانیان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لەگەڵ مەفرەزەکاندا دەسووڕانەوە. نەبوونی بنکەی جێگیر و بە ئەستەم پەیداکردنی دەرمان گەورەترین کێشەی ئەو سەردەمە بوو، سەرباری ئەوەی کە لەو قۆناغەدا هیچ پلانێکی ناوەندی بۆ دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە نەبوو.

لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەم خول بۆ دەرچواندنی چەند فریاگوزارێکی تەندروستی لە ناوزەنگ لەسەر دەستی دکتۆر جەعفەر شەفیعی، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ڕێکخرا.

لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕووخانی ڕژێمی شا لە ئێران بەشێکی زۆری کێشەکانی کەمیی دەرمان و چارەسەرکردنی پێشمەرگەی نەخۆش و برینداری چارەسەر کرد. هەر لەو ساڵەدا دکتۆر خدر مەعسوم لێپرسراوی لقی سێی ی.ن.ك لە زەڵێ خولێکی ٢١ ڕۆژەی بۆ دەرچواندنی فریاگوزاری تەندروستی کردەوە، کە بووە مایەی دابینکردنی ژمارەیەکی نزیك لە بیست

کادیری تەندروستی بۆ هێزی پێشمەرگە. هەر لەو ساڵە بە دواوە، ژمارەیەکی زۆرتری کادیری تەندروستی لە شارەکانەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ژمارەیەکی دیکەی کادیرە پزیشکییەکانی ئەوروپاش، گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە ڕێگەی ئێرانەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، لە ناوزەنگ و زەڵێ خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەش کردووە.

بوونی کادیری پزیشکی لە ناو هێزی پێشمەرگە ڕۆڵێکی دیاری لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و هەستکردنی بە ئاسوودەیی هەبووە، سەرباری ئەوەی کە ئەو کادیرانە لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەوە کە پێشکەش بە گوندنشینەکانیان دەکرد، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هاووڵاتیاندا گێڕاوە.

لەگەڵ زیادبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا زیادبوونی ژمارەی کادیری پزیشکی لەناو هێزی پێشمەرگە و بوونی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەخۆشخانە بایەخێکی زۆرتری پەیداکرد.

لە ساڵی ١٩٧٩ نەخۆشخانەیەکی سەرەتایی لە ناوزەنگ کرایەوە و لێپرسراوێتی بەڕێوەبردنی بە دکتۆر شادمان فوئاد مەستی سپێردرا. ساڵی دواتر نەخۆشخانەیەکی ناوەندی بە ناوی نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار خالید لە قوڵەهەرمێ لە نێوان گوندی شێنێ و زەڵێ کرایەوە کە پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەی تا ئەندازەیەکی باش دابین کرد، هاوینان بەشێکی نەخۆشخانەکە دەیگواستەوە بۆ نۆکان و تووژەڵە و کادیرەکانی لە چەند چادرێکدا ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە کەمتر پشت بە دەرچواندنی برینپێچی گەڕۆك بۆ هێزی پێشمەرگە بەسترا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی کۆلێژ و ئامۆژگا پزیشکییەکان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

لە ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی ئاگربڕ و وتووێژی نێوان ی.ن.ك و حکومەتی عێراقدا، چەند کادیرێکی پزیشکی، لەوانە دکتۆر فائق گوڵپی و دکتۆر یوسف محەمەد عەزیز هەلی هێوربوونەوەی ڕەوشی سیاسییان قۆستەوە و بە شێوەیەکی خۆبەخش لە نەخۆشخانەی

سلێمانی کاریان کرد، بەو مەبەستەی کە پەرە بە توانای پزیشکی خۆیان بدەن و خولێکی کردارەکی بۆ فێربوونی ئەزموونی تازە ببینن. ئەم دەستپێشخەرییە کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی پزیشکی نەخۆشخانەکانی شۆڕش بەجێ هێشت. دوا بە دوای ئەم ئەزموونە، نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بووە پێشکەوتووترین نەخۆشخانەی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و نەشتەرگەریی زۆر گەورەی تێدا ئەنجام درا.

لە ساڵی ١٩٨٤ بەشی تەندروستی سەر بە دەزگای بەڕێوەبردنی ی.ن.ك، بڕێکی زۆرتر سەربەخۆیی پێ درا و کرایە دامەزراوەیەك بە ناوی دەزگای تەندروستیی کوردستان و لێپرسراوێتییەکەی بە دکتۆر یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە دکتۆر شوان سپێردرا. ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی گەورەی لە پەرەپێدانی کاروباری پزیشکیدا گێڕا و کادیری پزیشکی پێویستی بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کرد.

لە قۆناغی پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییدا، دەزگاکە چەندین خولی بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی کردەوە و کادیرە شارەزاکانی ئەم بوارەی بە سەر بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە و گوندەکاندا دابەش کرد بۆ بڵاوکردنەوەی شارەزایی سەربارەت بە شێوەی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی و چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەنگاوتەکانی چەکی کیمیایی.

لە پاڵ دەزگای تەندروستیی کوردستان دەزگایەکی دیکە بە ناوی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (KRA) کە بەشێکی گرنگی ئەرکەکانی پەیوەندی بە کاروباری تەندروستییەوە هەبوو، لە ساڵی ١٩٨٦دا بە لێپرسراوێتی دکتۆر یوسف محەمەد عەزیز دامەزرا و ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی کاریان تێدا کردووە کادیرەکانی دەزگای تەندروستیی کوردستان بوون. ئەم دەزگایە، لەو بەشەی کە پەیوەندی بە کاروباری پزیشکییەوە هەیە، ڕۆڵێکی کارای لە دابینکردنی دەرمان و ئامێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکان هەبووە[1].

---

[1]– ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٤٠١ – ٤٠٣.

تەوەری دووەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندەکان (سەرەکییەکان)

یەکەم. نەخۆشخانەی بەرگەڵوو:

لە دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە داستانە کەم وێنەکەی (دابان– هەلاج)ی ١٩٨٥/٢/١٥ کە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس بوو دوای گفتوگۆ، دەزگای تەندروستی و نەخۆشخانە تاکو پایزی ١٩٨٥ لە ناوچەی مەرگە و کانی توو و سێروان ماوەتەوە، پاشان سەرکردایەتی بڕیاریدا کە نەخۆشخانەیەکی گەورە لە بەرگەڵوو دروست بکرێت و هەموو بەشەکان لە خۆی بگرێت، ناوچەی بەرگەڵوو ناوچەیەکی شاخاوی سەخت بوو دەکەوتە دامێنی گوندی سەرگەڵوو لە نێوان چیای ژیلوان لە ڕۆژهەڵات و دابان لە ڕۆژئاوا، دەسنیشانکردنی ئەو ناوچەیە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١. شوێنێکی شیاو و پتەو بوو، دوورەدەستی ڕژێم بوو، لە ڕووی سەربازییەوە شایستە بوو بۆ نەخۆشخانە
٢. لە ڕووی ژینگەییەوە ئاوهەوایی خۆش و پاك بوو سەرچاوەی ئاوی پاکی خواردنەوەی هەبووە.
٣. تاڕادەیەك ناوەند بوو بۆ هەموو مەڵبەند و تیپەکانی پێشمەرگە ئاسانتر بریندار و نەخۆش دەگەیشتن.
٤. نزیك بوو لە بارەگاکانی سەرکردایەتی ی.ن.ك، بۆ پاراستنی نەخۆشخانەکە پێویست بوو.
٥. نزیك بوو لە شاری سلێمانی و هاتوچۆی زیاتر بە سەرەوە بوو زووتر پێداویستی بە دەست دەگەیشت.

ئەم پزیشکانە (د. شوان، د. هەڵۆ، د. هێرش، د. هێمن ئەحمەد، د. ئاودێر، د. دلێر، د.حسێن حەمەساڵح) کاریان تێدا دەکرد، بەڵام زیاتر (د. شوان و د. هەڵۆ) نەشتەرگەریان

ئەنجام دەدا، لەگەڵ ئەوەی لە نۆرینگەش بەردەوام کاریان دەکرد)، دکتۆرەکانی تریش لە بەشی هەناوی و بەرەکانی شەڕ کاریان دەکرد،

لەو هەلومەرجەدا توانرا نەخۆشخانەیەك دروستبکرێت، کە بتوانێت زۆربەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان بکات، خۆی لە چەند بەشێك دەبینییەوە:

- بەشی نۆرینگەی پزیشکی: ئەم بەشە کە ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێری بەردەوام لە کارکردندا بوو بۆ بینینی نەخۆش و برینداری پێشمەرگە و هاووڵاتیانی ناوچەکە، پاش ئەوەی پزیشك نەخۆشەکەی دەبینی بڕیاری دەدا چی بۆ بکرێت بە پێی نەخۆشیەکەی (ئەگەر پێویستی بە پشکنینی تاقیگە هەبووایە ئەوا ڕەوانەی بەشی تاقیگە دەکرا، یان پێویستی بە تیشکی ئیکس هەبووایە ڕەوانەی بەشی تیشك دەکرا ...هتد) ئەو کاتە بڕیاری کۆتای دەدرا، چارەسەری بۆ دەنووسرا و بۆ بەشی دەرمانخانە دەنێردرا دواتر دەرمانیان پێ دەدا و ڕێنماییان دەکرد.
- بەشی تاقیگە و خوێن: لێپرسراوی بەش د. سەردار یاوەر و شەهید بۆتان عوسمان یاریدەدەری بوو، ئەم بەشە زیاتر گرنگی بە وەرگرتنی خوێن بۆ بریندارەکان و ئەو کەسانەی کە نەشتەرگەریان بۆ دەکرا جیاکردنەوەی گروپی خوێن و شیکاری نەخۆشییەکان دەستنیشانکردنیان بەشێوەیەکی زانستی.
- بەشی ڕەدهەی نەخۆش و خەوتن: لێپرسراوی بەش د. نەوزاد نوری بووە، ئەم بەشە بۆ مانەوەی بریندار و نەخۆش، یان ئەوانەی کە نەشتەرگەرییان بۆ دەکرا، لە هۆڵێکی درێژی (١٢م × ٤م) و پانی دیوارەکانی ٦٠—٨٠ سم ـ لە بەردی ناوچەکە دروستکراوە ــ سەریشی زیاد لە ٦٠—٧٠سم گڵ و بەردی لەسەر بووە، ئینجا کۆنکرێتێکی کراوە، خۆی لە شێوەی پەناگایەکدا نیشان دەدا، تاکو ئەگەر بۆردومانیش بکرێت، بریندارەکان نەگوازرێنەوە و زیانمەند نەبن، هەروەها لە ناو خۆشیدا ژووری دەرمانخانەیکی ٤×٣م تێدا بووە، کە هاتوچۆی لە نێواندا دەکرا لە کاتی مەترسیشدا کاری تێدا کراوە، نزیکەی ١٠-١٢ تەختی نەخۆشی تیدابوو، هەموو

دکتۆر و کادیرەکانی تریش جگە لە کاری سەرەکیان کاریان تێدا کردووە شەو و ڕۆژ ئامادەییان هەبووە.

- بەشی تیشکی ئێکس: لێپرسراوی بەش د. بەیان حسێن بووە، لە هەموو کاتەکاندا ئامادەییان بۆ کارکردن هەبووە.
- بەشی نەشتەرگەری گشتی: د. خالید محەمەد ڕەشید لێپرسراوی بەشەکە بووو.

لەناو هەموو نەخۆشخانەکاندا نەخۆشخانەی بەرگەلۆو لە هەموو نەخۆشخانەکانی دیکە پێشکەوتووتر بووە، نەشتەرگەری گەورەی تێدا کراوە و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و هاووڵاتی تێدا چارەسەر کراوە، بە تایبەتی لە کاتی هەڵایسانی ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی جافایەتیدا، بەشێوەیەکی زۆر تایبەتتر لە سەروبەندی بەرێوەچوونی ئۆپەراسیۆنی دابان-هەلاج لە ساڵی ١٩٨٥ و شەڕەکانی قەیوان ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦دا و لە هەلومەرجی پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییدا، خوودی نەخۆشخانەکە چەند جارێك بە فڕۆکە و بە تۆپ و بە چەکی کیمیایی بۆردومان کراوە[٢].

یەکێك لە بەشە گرنگەکانەیش بەشی نەشتەرگەری گشتی بوو، ئەم بەشە لە بینایەکی لە بلۆك دروستکراوی پارێزراو لەسەر ڕووبەری نزیکەی (٢٥٠م) کە لە سێ ژووری ئەندازە جیاواز و گونجاودا بووە، ژووری یەکەمیان (٣×٤م) بووە، بۆ ژووری (چاوەڕوانی نەخۆش) بوو کە بۆ ئامادەکردنی نەخۆش بەکارهاتووە، پێش چوونە ژووری نەشتەرگەری و پاش هێنانە دەرەوەی لە نەشتەرگەری، هەروەها هۆڵێکی (٤×٦م)، تایبەت بوو بە ژووری نەشتەرگەری کە هەموو ئامێر و کەلوپەلی نەشتەرگەری و سڕکردن و دوورینەوەی لە خۆدەگرت، تاکو کۆتایی ئەنفالی یەك دەیان نەشتەرگەری گەورە و بچووکی تێدا ئەنجام دراوە، پێشمەرگە و هاووڵاتیەکی زۆر لە مردن ڕزگار کراوە، هەروەها ژوورێکی تایبەتی تر کە ٣×٤م کە هەر درێژکراوەی هۆڵەکە بووە، دەرگایەك لە نێوانیاندا هەبووە، بۆ ئاسانکاری هاتۆچۆ، هەروەها دەرگایەکیش لە ڕووکاری شاخەکەدا بووە، کە نزیك بوو لە پەناگاکە بۆ کاتی پێویست بەکارهاتووە، ئەم ژوورە بۆ ئامێری (ئۆتۆ کلەیف) کە ئامێرێکی مۆدێل نوێی

---

[٢]- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: چ٤، ب١، س.پ، ل٨١٥-٨١٦.

هەڵمی بووە، بۆ پاككردنەوەی كەلوپەلی نەشتەرگەری بەكارهاتووە، لە هەمان كاتیشدا شۆینی خۆ گۆڕینی كارمەند و پزیشكەكانیش بووە پێش نەشتەرگەریدا.

لە نەخۆشخانەكە دوو جۆر نەشتەرگەری كراوە:

١. نەشتەرگەریی ئیمیرجنسی (كتوپڕەكان): ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە بۆ ئەو پێشمەرگە و هاووڵاتیانە دەكرا كە بریندار دەبوون، بە هۆی هێرشەكانی ڕژێم، یان تووشی حاڵەتێكی نەخۆشی وەك ڕیخۆڵە كوێرە دەبوون و توانای چوونە شاریان نەبوو، بۆیە پێویستی دەكرد، كە بەپەلە لە مردن ڕزگار بكرێن نەشتەرگەرییان بۆ كراوە، لەبەر نەبوونی پزیشكی پسپۆر لە بوارێكی تایبەتیدا، هەموو جۆرە نەشتەرگەرییەكیان ئەنجام داوە، زۆرباش بەڕێوە براوە و چاكبوونەوەشیان ئاسان بووە.
٢. نەشتەرگەری سارد: ئەم جۆرەیان پەلە نەبووە، بەڵام پێویستی دەكرد كە نەشتەرگەری بۆ بكرێت و نەدەتوانرا ماوەیەكی زۆر بەو شێوەیە بمێننەوە، وەك (نەشتەرگەری گورچیلە و زراو و شكانی ئێسك ...هتد).

پێش ئەوەی نەشتەرگەری بۆ نەخۆشێك، یان برینداریك ئەنجام بدرێت، دەبوو پزیشك بڕیاری كۆتایی بدات لەسەر جۆری چارەسەر و نەشتەرگەری نەخۆشەكە، دواتر هەموو پێویستییەكانی خوێن و گرتنی تیشكی ئیكس بۆ سنگی و چێكی دڵی كراوە، هەروەها پێداویستییەكانی دیكەی بۆ جێبەجێ كراوە، پاشان بۆ نەشتەرگەری ئامادە بووە، ئینجا ڕەوانەی هۆڵی نەشتەرگەری كراوە، هۆڵی نەشتەرگەریەكەش بە هەموو پێداویستییەكانی لە ئامێری بێهۆشی و كەلوپەل و كەرەستەكانی نەشتەرگەری تەعقیم كراو بە ئامێری ئۆتۆكلیف ـ ئامێرێكی پەستێنەری هەڵمی كارەبایی بووە بۆ پاككردنەوەی كەلوپەل و كەرەستەی نەشتەرگەری بەكارهاتووە ـ ئامادە بووە، دواتر ڕێنمایی نەخۆش كراوە بۆ خۆ ئامادەكردن لەسەر نەخواردن و خواردنەوە پێش نەشتەرگەری، هەروەها پسپۆری سڕكردن ئامادە بووە، كە نەخۆشەكە بۆ نەشتەرگەری سڕ بكات، كادیرەكانی

دیکەش جگە لە کاری خۆیان بەپێی پێویست کاریان تێدا کردووە، لە دوای نەشتەرگەریش هەمووان ژوورەکانیان خاوێن کردووەتەوە، ئامادەیان کردووە بۆ نەشتەرگەریی دیکە.

- بەشی سڕکردنی گشتی: لێپرسراوی بەش د. ئاکۆ سەعید و د. فەرهاد نوری (دانا) بوون، هەمیشە ئامادەبوون بۆ ئەرکەکانیان لە نەشتەرگەرییەکاندا و بەشێوەیەکی زانستیانە سڕکردنی نەخۆشەکەیان کردووە، جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی تریش لە ڕەدهە و خەفارەتی شەوانە.
- بەشی دەرمان و کۆگای دەرمان: لێپرسراوی بەش د. ئارام ڕۆستەم بووە، ئەرکی گرتن و ڕێکخستن و بە لیستکردن و دابەشکردنی دەرمانەکانی کردووە و بەشێوەیەکی گونجاو پاریزگاری لێ کردوون.
- بەشی ددان و ددانسازی: لێپرسراوی بەش د. سەروار تاڵەبانی بووە، لە ڕێکخستن و دامەزراندنی بەشی تەندروستی ددان ڕۆڵێکی زۆری هەبووە، بەدڵسۆزیەوە کارەکەی جێبەجێ کردووە، هەوڵی زۆری داوە کە کادیرەکانی دیکەش ڕابهێنێت تاکو لە کاتی ئامادەنەبوونی خۆیدا نەخۆشخانەکە لە کار بەردەوام بێت، دوای ئەوەی د. سەروار لە نەخۆشخانەکە دەڕوات، د. مەنسوور یوسف عەبدوڵڵا توانیویەتی بەدڵسۆزی لە کارەکانی بەردەوام بێت، هەندێك جاریش شەهید بۆتان عوسمان هاوکاری کردوون.
- بەشی کارگێڕی نەخۆشخانە: لە سەرەتادا د. مەنسوور بووە بە لێپرسراوی بەش پاشان د. موحسن عەبدوللەتیف ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە، جگە لە ئەرکی تەندروستی، ئەرکی ڕێکخستن و دابینکردنی خواردن و پێداویستی نەخۆشخانەکە بووە.

جگە لەو پزیشك و کارمەندانەی سەرەوە چەندین کادیر و پێشمەرگەی تر لە نەخۆشخانەی گشتی شۆڕشدا کاریان کردووە، وەك د. هەندرین شاوەیس، کە یەکێك بووە لە کارمەندەکانی تەندروستی، هەروەها دابان خان و سابات خان و گەشاو خان، وەکو کارمەند لە نەخۆشخانەکەدا کاریان کردووە، کە خزمەتێکی باشی نەخۆشخانەکەیان کردووە،

هەروەها مەفرەزەیەكی پێشمەرگە ئاسایشی نەخۆشخانەیان لە ئەستۆ بووە، هەڤاڵ خدر خەلەكانی سەرپەرشتی كردوون، هەروەها چەند پێشمەرگەش كاروباری ناو نەخۆشخانەیان جێبەجێ كردووە، وەك: (بەختیار كەریم، جەمیل محەمەد ڕەشید، سادقی چریك و مینا خانی خێزانی).

دووەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك

لە ناوچەی قەرەداغ بووە، لەلایەن دكتۆر فائق گوڵپی سەرپەرشتی كراوە، لەگەڵ دكتۆر ناسیح قەرەداغی، دكتۆر جەبار عەبدول نەریمان، دكتۆر جەلال عوسمان، دكتۆر ساجد، دكتۆر جووتیار و دكتۆر شوان بەڕێوە براوە. لەگەڵ كۆمەڵێك لە كارمەندانی تەندروستی كە هەندێكیان لە نەخۆشخانەی مەڵبەند بوون، هەندێكیش بە سەرتیپەكانی مەڵبەندەكە دابەش كرابوون.

لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا لە ڕۆژهەڵاتی گوندی بەلەكجاڕدا لە بناری شاخی قۆپی قەراغدا هەڤاڵ لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی كە بەرپرسی بەشی خانووبەرەی مەڵبەندی یەك بووە، بینایەكی باشی بۆ نەخۆشخانە دروستكردووە، دوای تەواو بوون نەخۆشخانەكە لە گوندی سێوسێنانەوە گوێزراوەتەوە، چونكە ناوێكی تایبەتی نەبوو هەر بە شوێنی نەخۆشخانە ناوبانگی دەركردووە، ئەو پزیشك و كارمەندانەی كاریان تێدا كردووە بریتی بوون لە:

١. دكتۆر حەسەن عەلی سەعید: دەرچووی كۆلێژی پزیشكی زانكۆی موسڵ بووە، خەڵكی شاری هەڵەبجەیە، تەنها لە نەخۆشخانەی گوندی سێوسێنان كاری كردووە.
٢. دكتۆر ناسیح قەرەداغی: دەرچووی كۆلێژی پزیشكی زانكۆی بەغداد بووە، دوای ئەوەی نەخۆشخانەكە گوازراوەتەوە بناری قۆپی قەراغ، پەیوەندی بە نەخۆشخانەكەوە كردووە.

٣. دکتۆر جەلال عوسمان: دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین بووە، خەڵکی شاری سلێمانی بوو، دوای ئەوەی نەخۆشخانەکە گوێزراوەتەوە بناری قۆپی قەراغ پەیوەندی بە نەخۆشخانەکەوە کردووە.

٤. دکتۆر جەبار عەبدول نەریمان: دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەسرە بووە، خەڵکی شاری کەرکووك بووە، زۆربەی کات لە بنکەی تەندروستیی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە گوندی مێولی ماوەتەوە، ئەو کاتەی نەخۆشخانەکە لە گوندی سێوسێنان بووە، پەیوەندی بە نەخۆشخانکەوە کردووە.

٥. دکتۆر ناجح محەمەد گوڵپی: دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری زانکۆی بەغداد بووە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە، لە ١٩٨٦ پەیوەندی بە نەخۆشخانەکەوە کردووە.

٦. دکتۆر مەحموود: دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری زانکۆی بەغداد بووە، خەڵکی شاری کەرکووك بووە، بە نەتەوە تورکمان و بە مەزهەب شیعە بووە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە.

٧. سەرکەوت زەکی: یاریدەدەری پزیشکی بووە، خەڵکی گوندی سێوسێنان بووە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە.

٨. جوتیار: ناوی ڕاستەقینەی فارس بووە، خەڵکی گوندی مۆریاس بووە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە.

٩. شوان: ناوی ڕاستەفینەی جەلال بووە، خەڵکی گوندی خاڵخالانی ناوچەی هەمەوەندی نزیك چەمچەماڵ بووە، یاریدەدەری پزیشك بووە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە.

١٠. ئیبراهیم محێدین عارف: یاریدەدەری پزیشکی بووە، نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش بووە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە.

١١. بۆتان تاڵەبانی: برینپێچ بووە، خەڵکی شاری کەرکووك بووە، لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو لای دکتۆ سەردار تاڵەبانی پزیشکی ددان بۆ ماوەیەك کاری کردووە، لە ددانسازیدا ئەزموونی وەرگرتبوو، لە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك بەرپرسی بەشی نەخۆشییەکانی ددان بووە، دواتر گەڕایەوە بۆ عێراق و لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمەوە ئەنفال کراوە، تا ئێستا چارەنووسی نازانرێت.

١٢. عوسمان: پێشمەرگە بووە، خەڵکی کەلار بوو، ئامادەیی تەواو کردووە، خولی فریاکەوتنی سەرەتایی پێشمەرگەی بینوە، وەك کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە.

١٣. مام برایم: پێشمەرگەیەکی دێرینی ی.ن.ك بووە، خەڵکی نزیك شارۆچکەی دەربەندیخان بووە، بەرپرسی کارگێڕی نەخۆشخانەکە بووە،ماڵی لە گوندی سێوسێنان بووە.

١٤. ڕەحمان: پێشمەرگە بووە، بەرپرسی پاراستنی نەخۆشخانەکە بووە، خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بووە.

١٥. بەسام: کوڕێکی گەنج بووە، خەڵکی شاری کەرکووك بووە، دەرچووی زانکۆ بووە، چەکداری فەوجە خەفیفەکان بووە، لە شەڕێکدا بە دیل گیراوە، لەبری زیندانی کراوە بە چێشتلێنەری نەخۆشخانە، لە کاتی ئەنفالدا شەوێك لە نزیك سەنگاو خۆی دزیوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزەکانی ڕژێم.

١٦. مام حەسەن: پێشمەرگەیەکی خەڵکی گوندی سێوسێنان بووە، کاری نانەوایی بۆ نەخۆشخانەکە کردووە، لە کارەساتی کیمیابارانی گوندی سێوسێناندا خێزان و منداڵەکانی هەموو شەهید بوون، خۆشی بریندار بووە.

١٧. عەلی حاجی عەبدوڵڵا: خەڵکی دەربەندیخان بووە لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە نەخۆشخانەکەوە کردووە، لە چێشتخانەی نەخۆشخانە کاری کردووە.

١٨. عادل: خەڵکی خانەقین بووە، پیشەی یاریدەدەری پزیشك بووە، تا ساڵی ١٩٨٧ لە نەخۆشخانەکە ماوەتەوە.

١٩. نەجم: خەڵکی خانەقین بووە، پیشەی یاریدەدەری پزیشك بووە، لە دوای ساڵی ١٩٨٧ کۆڵی لە پێشمەرگایەتیداوە و گەڕاوەتەوە بۆ خانەقین.

سێیەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندی دوو

لە گوندی سەرگەڵوو کە تایبەت بە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو و تیپەکانی سەر بەو مەڵبەندە، دکتۆر حسێن حمەساڵح، دکتۆر محەمەد ئەمین غەفور، دکتۆر حەسەن عەلی هەڵەبجەیی و کۆمەڵێك کادیری پزیشکی تر کاریان تێدا کردووە.

چوارەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ

لە سماقووڵی نزیك سەری ڕەش کە تایبەت بوو بە پێشمەرگەکانی مەڵبەند و تیپەکانی و هاووڵاتیانی سنووری ئەو مەڵبەندە، د. هەڤاڵ، د. جەلیل عەرەب و کۆمەڵێك کارمەندی پێشمەرگە سەرپەرشتیان کردووە.

پێنجەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندی چوار

لە بالیسان دکتۆر زریان و هاوڕێکانی سەرپەرشتیان کردووە، کە ئەویش تایبەت بوو بە پێشمەرگەی تیپەکانی سەر بەو مەڵبەندە و هاووڵاتیانی ناوچەکە، کە یەکێك بوو لەو نەخۆشخانانەی کە توانایەکی بەرچاوی هەبووە لە خزمەت بە پێشمەرگە و هاووڵاتیان و زۆربەی بەشەکانی خزمەتگوزارییان هەبووە.

شەشەم: نەخۆشخانەی مەڵبەندی بادینان

پاش ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوانی ی.ن.ك لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پ.د.ك و حیزبەکانی دیکەی بەرەی جود، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧دا سەرکردایەتی ی،ن،ك داوای لە دەزگای تەندروستی کردووە، کە تیمێکی تەندروستی باش لە

دەرمـان و کەلوپـەلی پزیشـکی ئامـادە بکـات بـۆ ڕۆیشـتن بـەرەو بادینـان بـە سەرپەرشـتی شەهیدی ئازاد هەورامی و هەر بەگەیشتنیان نەخۆشـخانەی مەڵبەنـدی بادینـان کراوەتـەوە، کە شەهید دکتۆر هێمن ئەحمەد و هاوڕێکانی لەوانە: دکتۆر وریا عەرەب، دکتۆر ئیسماعیل، دکتۆر شەماڵ ئەحمەد سەرپەرشتیان کردووە، ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە، لە چالاکی پێشمەرگە و چارەسەرکردنیان و بە تایبەتی لـە کـاتی کیمیابـارانکردنی ناوچـەی بادینـان و بـە هانـاوە چوونی پێشمەرگەی گشت لایەنەکان بێ جیاوازی و دانیشتوانی ناوچەکە.

تەوەری سێیەم: نەخۆشخانەکانی دیکە (لاوەکییەکان)

یەکەم. بنکەی تەندروستیی گوندی یاخسەمەر

کە تایبەت بوو بە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال و پێشمەرگەکانی ئەو سنوورە و هاووڵاتیان، دکتۆر شالاو سەرپەرشتی کردووە.

دووەم. نەخۆشخانەی کانی زەرد

مزگەوتی کانی زەرد بوو، بەشێوەیەکی کاتی کرابووە نەخۆشخانەی شۆڕش، شەش دکتۆری بیانی، سێ کوڕ و سێ کچ لەگەڵ دکتۆر و برینپێچەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ك) و نەخۆشخانەی شۆڕش چارەسەری برینداره‌کانیان دەکرد، پێشمەرگە بریندارەکانی ئاڵوەتان و کونە مشکە دەگەیەنرانە نەخۆشخانەی کانی زەرد(٣).

سێیەم. نەخۆشخانەی قوڵەهەرمێ

لە سەرەتادا نەخۆشخانەیەك بەناوی نەخۆشخانەی شۆڕش لە گوندی (قوڵەهەرمێ) لە بناری چیای مامەندەی سنووری عێراق–ئێران دروست دەکرێت، کە یەکێك بووە لە نەخۆشخانە سەرەکیەکانی ئەوکاتی شۆڕش و پیشمەرگایەتی و ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان هەبووە لە چارەسەر و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە، چەندین دکتۆر و کارمەندی تەندروستی و برینپێچ کاریان تێدا کردووە و خزمەتیان پێشکەش کردووە.

نەخۆشخانەکە لە چەند بەشێك پێکهاتبوو، وەك بەشی چارەسەری نەخۆش، بەشی برینپێچی، بەشی ددان، بەشی تیشك، بەشی تاقیگە و بەشی ڕەدهە بۆ مانەوە و بیمارکردنی بریندار و نەخۆش و حەسانەوەیان، جگە لەوەش بەشێك هەبووە بۆ پاراستنی نەخۆشخانە و خزمەتکردنی برینداران.

---

(٣)– ئازاد سەراوی: خاکپۆشەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٠٣.

له کۆتایی ساڵی ۱۹۸۲دا بەهۆی هێرشەوە بۆ سنووری سەرکردایەتی ی.ن.ك له (ناوزەنگ، زەڵێ و شێنێ) و نزیکیی شوێنی بارەگاکانی ی.ن.ك له هێرشەکان و شەرگەکان، بەناچاری نەخۆشخانەی شۆڕشیش له قوڵەهەرمێوە گوستراوەتەوە بۆ سەرشیو له ناوچەی باوزێی سەر بە پشدەر، لەوێش بۆ ماوەیەکی کاتی ماوەتەوە، دیسان گوێزراوەتەوە بۆ ناوچەی شاورێ و پلێنگان له ناوچەی ئاکۆیان له ڕانیە، پاش ڕاگەیاندنی گفتوگۆی نێوان ی.ن.ك و حکومەتی عێراق له کۆتایی ساڵی ۱۹۸۳دا نەخۆشخانەکە گوێزراوەتەوە بۆ بەرگەڵوو، پاشان بۆ سوورداش، تا کۆتایی گفتوگۆ له سوورداش کاری کردووە.

چوارەم. نەخۆشخانەی سوورداش

پاش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ کرا لەگەڵ حکومەتی عێراق، سەرکردایەتی ی.ن.ك، بڕیاریدا کە نەخۆشخانەیەك لە سوورداش بکرێتەوە، بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی و کۆمەڵێك پزیشك و کادیری تەندروستی دڵسۆز، بۆ ئەوەی پێشمەرگەی بریندار، یان نەخۆش نەچنە شارەکان بۆ چارەسەرکردن تا لەگەڵ جاش و چەکدارانی سەر بە حکومەت تووشی کێشە نەبن. ئەم نەخۆشخانەیە لە ماوەی گفتوگۆدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە خزمەتکردن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کەوتە خۆڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی، بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە کارەکانی ڕێکخستنەوە و بەرەو پێش بردنی توانای زانستی و پراکتیکی کادیرانی تەندروستی بوو بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، چەند دکتۆر و کارمەندێکی تەندروستی ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کران بۆ ڕاهێنان لەسەر نەشتەرگەری و بێهۆشی و چۆنیەتی ئامادەکردنی نەخۆش بۆ نەشتەرگەری و ئامادەکردنی ژووری نەشتەرگەری لەوانە: د. شوان محەمەد عەزیز ئاکرێی، د. فایەق گوڵپی، د.خالد، د. ئاکۆ و شەهید د. شێخ کامیل ــ دواتر دکتۆر کامیل لە کاتی گفتوگۆی ی.ن.ك و حکومەت لە شارۆچکەی دوکان شەهید کراوە ـ ئەم خولە بۆ ماوەی ٦ مانگ زیاتر بەردەوام بووە، لە بەشی نەشتەرگەرییەکان و ڕەدهەکان و فریاگوزاری، زۆرینەی دکتۆر و کارمەندەکانی

نەخۆشخانەکانی سلێمانی بە گیانێکی کوردانە و دڵسۆزانەوە هاوکاریی پزیشکانی شۆڕشیان کردووە، زانیاری زیاتریان پێ داون، کە تاکو کۆتایی گفتوگۆ بەردەوام بووە.

لە لایەکی ترەوە نەخۆشخانەی سووورداش لە ماوەی گفتوگۆدا لە کارکردن بەردەوام بووە، لەلایەن دکتۆرە پێشمەرگەوە بەرێوەبراوە و تەندروستی سلێمانی هاوکاری کردوون، ڕۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لە نەخۆشی پێشمەرگە و هاووڵاتیان چارەسەر کراون، لەو چارەسەرانە: (نەخۆشییەکانی هەناوی، نەشتەرگەری، نەخۆشی ددان و نەخۆشی ژنان ...هتد)، هەروەها بەشەکانی تیشك و تاقیگە و دەرمانخانە و ڕەدهە بۆ مانەوەی نەخۆش تێدا بووە، هەفتەی دوو ڕۆژ پزیشکی نەشتەرگەریی پسپۆر و هەناوی لە سلێمانییەوە لەبەر سەلامەتی گیانی پێشمەرگە چوون بۆ سووورداش، ڕۆژێك پێش ئەوەی دکتۆرەکان بچن کەیسی نەخۆش ئامادە کراوە، تا نەشتەرگەریی، یان چارەسەری هەناوی، یان نەخۆشییەکانی چاویان بۆ بکرێت، هەندێکجار نەخۆشەکان بە نهێنی براونەتە سلێمانی بۆ نەشتەرگەری هەر ئەو ڕۆژە پاش نەشتەرگەری دەبوو بیانگەرێننەوە بۆ نەخۆشخانەی سووورداش، لەوانە: هەڤاڵ حامیدی حاجی غالی نەشتەرگەری گورچیلەی بۆ کراوە، هەڤاڵ سابیر کۆکەیی نەشتەرگەری غودەی بۆ کراوە، هەر هەمان ڕۆژ هێنراونەتەوە بۆ سووورداش لە ترسی ئەوەی نەك جاش و چەکدارانی سەر بە ڕژێم دەستیان بیانگاتێ و زیانیان پێ بگەیەنن.

پێنجەم. نەخۆشخانەی مەرگە

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندییەکانی ی.ن.ك و ڕژێم بەرەو خراپ بوون چوون، بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە نەخۆشخانەی سووورداش بگوازرێتەوە بۆ گوندی مەرگە، ئیدی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقی کۆتایی هات، سەرکردایەتی دەیزانی کە ڕژێم دوای گفتوگۆ هێز و چەکی قورستر و جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت، بۆیە بڕیاری ئەوەیاندا کە نەخۆشخانەیەکی شایستە بۆ ئەو سەردەمە بنیات بنرێت، کە شایستەی ڕۆڵی پێشمەرگە و چالاکیەکانیان و دانیشتوانی سنووری ناوچە ئازاد کراوەکان بێت.

هەر لە ماوەی ئەو چەند مانگەی کە ژوورێکی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە سووورداش پێکهێنرا بوو، هەموو کەلوپەلەکانی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانییەوە بۆ دابین کرابوو، کە لە دوای پچڕانی گفتۆگوی ی.ن.ك و ڕژێم، سوودێکی زۆر لەو خولە بینراوە، گوازراوەتەوە بۆ مەرگە و دواتریش بۆ نەخۆشخانەی گشتی شۆڕش لە بەرگەڵوو، هەتا ئەنفالی یەك کاری پێکراوە.

دکتۆر شوان ئاکرەیی وەك لێپرسراوی دەزگای تەندروستی کوردستان دەست نیشانکراوە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە سەرپەرشتی دەزگاکەی پێ سپێردراوە، بۆیە ئەو پێشنیاری گواستەوەی کەلوپەلی نەخۆشخانەی سووورداش بۆ مەرگە کردووە، کە چیتر نەتوانراوە لە سووورداش بەردەوام ببن، بۆ ئەو مەبەستەش د. خالید و د. ئاکۆ ڕاسپێردراون کە ئە و کاتە لە مەرگە بوون، بچن کەلوپەلی ناو نەخۆشخانەی سووورداش بە تایبەتی ژووری نەشتەرگەری بهێنن بۆ گوندی مەرگە، کە ناوچەیەکی دوورەدەست و سەخت بووە، بەئاسانی ڕژێمی بەعس دەستی پێ نەگەیشتووە، بۆ ڕۆژی دواتر چوونەتەوە سووورداش، هەموو ئامێر و دەرمان و کەلوپەلی ژووری نەشتەر گەری کە پێویست بووە بە ئۆتۆمبێلێکی پیکاپی ٢ تەنی گواستراوەتەوە، هەڤاڵ مولازم عومەر کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بووە، لەگەڵ بەشێك لە پێشمەرگەکانی دەستەکەی بۆ کاری تایبەت بە خۆیان لە سووورداش بوون ئاگاداری ئەوەش بوون کە کەلوپەلە پزیشکییەکان بۆ مەرگە دەگوازرێنەوە، ئەو کەلوپەل و دەرمانانە لەو ڕۆژەدا گواستنەوەی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی زۆر مەترسیدار بووە، دەبوو لە بازگەی حکومەتەوە دەربازببێت، چونکە ئەگەر لە بازگەکە پشکنین هەبووایە، لێکۆڵینەوە بکرایە ئەوا دەربازبوون زۆر ئەستەم بووە، چونکە بردنی دەرمان بۆ ناوچەی ئازادکراو نایاسایی بووە، لەو کاتەدا حوکمی زۆر قورس بوو، هەڤاڵ بەهادینی حەلیم لێپرسراوی دەستەکە بووە ئەو فەرمانی کەوتنە ڕێی دەرکردووە، بەرەو شارۆچکەی دوکان ڕۆیشتوون کە گەیشتوون بە زاڵگەکە، یەکێك لە ئینزیباتەکان چووتە پێشی ئۆتومبێلەکە و ئاماژەی وەستانی بۆ کردوون، کە لا بدەن بۆ سەیرکردنی بارەکە و پشکنینی، کە شتەکانی بینیوە زۆر سەری سڕماوە، نیازی هەبووە دایانگرێت، لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلەکانی هەڤاڵ مولازم عومەر هاتوون، ئاماژەی بۆ کردوون دانەبەزن،

ئـەوانیش بـە شـۆفێرەکەیان گووتـوە زوو دەرچـۆ بـا تووشـی کێشـەمان نەکـەن، ئیـدی شۆفێرەکەش گوێی بە سەربازەکان نەداوە و دەرچوون لە شاخی قەرەسردەوە ئـاودیو بـوون، ئیتر ڕانەگیراون تاکو شارەدێی بنگرد و بە سەلامەتی گەیشتوونەتە مەرگە

شوێنەکەی لە بناری چیای ئاسۆس لە سنووری ڕانیە بووە، کە بنکەیەکی ڕێکوپێـك لـە بەرد و کۆنکرێتی لێ دروستکرابوو لەگەڵ خانووی تایبەت بۆ ستافی نەخۆشـخانەکە تـوانرا بۆ ماوەیەکیش لەوێ کاربکرێت، تا کۆتایی شەڕی دابان هەلاج لەوێ بەردەوام بووە.

شەشەم. نەخۆشخانەی سێروان

بـەهۆی هێرشـی فڕۆکـەوە تۆپـە دوورهاوێـژەکانی حکومـەتی عێـراق ئـیتر نـەتوانراوە نەخۆشـخانەی مەرگـە لـە شـوێنێکی وا کـراوە و دیـاردا کاربکرێـت، بۆیـە بەناچـاری بنکـەی نەخۆشخانە براوەتـە گونـدەکانی (کـانی تـوو و سـێروان) کـە ناوچـەیەکی سـەخت بـووە لـە ڕووی سـەربازییەوە، هـەورەها چارەسـەری برینـداری لێکـراوە، لـەو بریندارانـەش: (شـەهید عەبـدولڕەحیم سەنگەسـەری سـەرتیپی ٤٣ی ئاسـۆس و هـەڤاڵ حەمـەی فـەرەج ئەنـدامی مەکتەبی عەسکەری و شەهید ئازادی ئەحمەد بەگ و حسین جنوبی و عمر قامیشی).

ناوچـەی مەرگـە کـە تایبـەت بـوو بـەو پێشـمەرگانەی چـالاکیان لـەو سـنوورە هـەبووە، هەروەها ئەو هاووڵاتیانەی لەو سنوورە نیشتەجیی بوون، چونکە تا ڕادەیەك دوورەدەست و سەخت بوو بۆ زستان، د. شێرکۆ حەسەن ژاراوەیی سەرپەرشتی کـردووە، هەنـدێك جاریش لە بەرگەڵووەوە لە کاتی پێویستیدا، دکتۆرەکان چوونەتە ئەوێ بۆ کارکردن.

حەوتەم. نەخۆشخانەی سوورقاوشان

سوورقاوشان چەمێکە دەکەوێتە پشتی گوندی عەسکەر و گوندی تەلان لە شوێنێکی تەنگەبەری و دارستاندایە، لە خواروویدا چەمی دوو ئاوان هەیە، دەکەوێتە خوارووی چەمی ڕەزانەوە پێشی گوتراوە چەمی هەناران، پشتی شاخێکی زۆر بەرزە، شوێنێکی پارێزراو و دلگیرە، نەخۆشخانەیەکیان لێ دامەزراندووە، دوو ژوور بووە، ژوورێك بۆ تەداوی و برینپێچی، ژوورەکەی دیکە بۆ خەو تەرخانکراوە، ڕێگای ئۆتۆمبێلی نەبووە، بە پێ، یان بە سواری وڵاخ توانراوە بگەنە ئەوێ.

بەهۆی فراوانی ناوچەی مەڵبەندی دوو چالاکی پێشمەرگە لە چەمی سوورقاوشان بنکەیەکی تەندروستی هەبوو بۆ چارەسەرکردن و تیمارکردنی پێشمەرگە و هاوڵاتی ناوچەکە کە دکتۆر تاریق (د.دڵشاد) و شەهید دکتۆر هادی سەرپەرشتیان کردووە، هەروەها کۆمەڵێك کارمەندی تەندروستی لە تیپ و کەرتەکان کاریان تێدا کردووە، لەوانە: شەهید دکتۆر حەمید بارام، شەهید دکتۆر کامەران عەلی، دکتۆر نەوزاد و دکتۆر سەردار.

جگە لەمانەش چەند نەخۆشخانەیەکی دیکە بوونیان هەبووە لەوانە:

١. نەخۆشخانەی ناوزەنگ
٢. نەخۆشخانەی گوندی گۆپتەیە
٣. نەخۆشخانەی گوندی خەتێ
٤. نەخۆشخانەی ئەشکەوتی گوندی مەلەکان
٥. نەخۆشخانەکەی دکتۆر هادی لە گوندی مۆردخواردەی بناری خاڵخاڵان.

تەوەری چوارەم: پزیشکی تیپ

تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پزیشك و یاریدەدەری پزیشك و برینپێچیان هەبووە، پزیشکەکانی تیپ زیاتر یاریدەدەری پزیشك بوون، بەڵام لە سنووری خۆیاندا جێگەی پزیشکیان گرتووەتەوە.

دەزگای تەندروستیی پێشمەرگە هاوشانی دەزگاکانی دیکەی (ی.ن.ك) دامەزرا بوو، خزمەتی گەورەی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو، دێهاتەکانی سنووری ناوچە ئازادکراوەکانیش وەکو هێزی پێشمەرگە سوودی زۆریان لە نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکانی شۆڕش بینیوە، لە سنووری تیپەکانیش بەهەمان شێوە، جگە لە چارەسەر و سارێژکردنی برینەکانی پێشمەرگە، چارەسەری هاووڵاتیشیان لە ئەستۆ گرتووە.

نەخۆشخانەکانی شۆڕش توانای نەشتەرگەری و هەندێك چارەسەری دیکەیان هەبوو، پێداویستییەکانی نەخۆشخانەش، دەرمان و دەرزی و پێداویستی دیکە لەلایەن ڕێکخستنەکان، دۆستەکانی شۆڕشەوە دابین کراوە، یان کڕدراوە، هەندێك جاریش پێشمەرگە دەستییان بە سەر بنکەیەکی تەندروستی، یان کۆگایەکی دەرماندا گرتووە و گواستوویانەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شۆڕش.

نەخۆشخانەی گشتی شۆڕش، یان نەخۆشخانەی مەڵبەندەکان نەیاندەتوانی پێدوایستییە پزیشکییەکان بۆ تیپەکانی پێشمەرگە، یان دکتۆری تیپەکان دابین بکەن، ئەگەر هەشبووایە کەم و دیاریکراو بوو، بۆیە تیپەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە، یان لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی تیپەوە، پێداویستی پزیشکییان لە دەرزی و لەفاف و حەبەوە دابین کردووە[٤].

---

[٤]– ئازاد سەراوی: خاکپۆشەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٠٢-٣٠٣.

بەشی دووەم: دەزگای تەندروستیی کوردستان و ڕێکخراوی فریاکەوتنی کوردستان

تەوەری یەکەم: دەزگای تەندروستیی کوردستان
Kurdistan Health Foundation (KHF)

تەوەری دووەم: قۆناغەکانی کارکردنی دەزگای تەندروستیی کوردستان

١. قۆناغی مەفرەزە سەرەتاییەکان ١٩٧٦–١٩٨٣

٢. قۆناغی گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق

٣. قۆناغی دوای گفتوگۆ و دامەزراندنی دەزگای تەندروستیی کوردستان (KHF)

٤. کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (KRA) - Kurdistan Relief Association

٥. قۆناغی دوای ئەنفال (سنوور و ئۆردوگاکانی ئێران)

٦. قۆناغی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان ١٩٩١

٧. پێکهاتەی دەزگای تەندروستیی کوردستان

٨. کار و چالاکییەکانی دەزگای تەندروستیی کوردستان

٩. ناوی پزیشك و کارمەندانی دەزگای تەندروستیی کوردستان

تەوەری یەکەم: دەزگای تەندروستیی کوردستان
Kurdistan Health Foundation (KHF)

دامەزراوەیـــەکی تەنـدروســتیی بـــووە، ســـاڵی ١٩٨٤ لــە چوارچــێوەی ڕێکخســتنەوەی دامودەزگاکانی ی.ن.ك دامەزراوە، لـەو ساڵەدا لیژنەیـەکی کـارگێڕی بەلێپرسـراوێتی هـەڤاڵ خەســرەو خــاڵ بــۆ ڕێکخســتنەوە و سەرپەرشــتیکردنی دامـــەزراوەکان دامـــەزرا، لـــەم چوارچێوەیەدا بەشێك بەناوی بەشی تەندروستی دامـەزرا و لێپرسـراوێتییەکەی بـە دکتـۆر یوســف محەمـــەد عـــەزیز ناســـراوە بـــە دکتـــۆر شـــوان ســـپێردرا، ئامـــانجی بەشـــەکە سەرپەرشتیکردنی دامودەزگا تەندروستییەکان و دابینکردنـی خزمـەتگوزاری تەندروسـتی بووە بۆ هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق.

تـــا ئـــەو کاتـــە هـــیچ دەزگایـــەکی تایبەتمەنـــد بـــۆ سەرپەرشـــتیکردنی دامـــەزراوە تەندروســتییەکان نــەبووە، بۆیــە پێکهێنــانی دەزگاکــە لــە ڕووی کارگێڕییــەوە، هــەنگاوێکی پێویســت بــووە بــۆ ڕێکخســتنی کاروبــاری تەندروســتی و کۆکردنــەوەی هــەموو تیمارگــە و نەخۆشـخانەکان، لەگـەڵ دروسـتکردنی ناوەنـدێکی کـارگێڕی بـۆ پزیشـکانی شـۆڕش، کـە لـە مەڵبەندەکان و لە ناو هێزی پێشمەرگەدا خزمەتیان دەکرد.

دوا بە دوای پێکهێنانی دەزگاکە، بەرنامەیەك بۆ پێداچوونەوەی شێوەی دابەشبوونی کادیرە پزیشکییەکان دانراوە، بە پێی بەرنامەکە کادیرەکان بەشێوەیەکی گونجاو بـە سـەر چـوار مەڵبەندەکـەدا دابەشـکراون و بڕیـاردراوە لـە هـەر مەڵبەندێکـدا نەخۆشـخانەیەك دابمەزرێت، نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، لە دۆڵی جافـەتی بـە نەخۆشـخانەی ناوەنـدی دانـراوە، بەپێی نەخشەکە بۆ هەر نەخۆشخانەیەك کادیری پزیشکی پێویست دابـین کـرا و هـەروەها بـەپێی توانـا تیمـی سڕکردن و نەشـتەرگەری، ڕادیۆلـۆژی، تاقیگـە، دانسازی، دەرمانخانـە و قاوشی مانەوەی نەخۆش دابین کرا، بەپێی بەرنامەکە، کارێکی وا کراوە هەر تیپێك کادیری پزیشکی خۆی هەبێت(٥).

(٥)– ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: چ٤، ب١، س.پ، ل٨١٥.

دەزگاکە لە ١٩٨٥/٤/٢٤ دامەزراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لە دەزگای تەندروستی کوردستان بگەین پێویستە بواری تەندروستی لە خەباتی شۆڕشی نوێدا دابەش بکەین بۆ دوو قۆناغ.

تەوەری دووەم: قۆناغەکانی کارکردنی دەزگای تەندروستیی کوردستان

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە سەرەتای دروستبوون و خەباتی دەزگای تەندروستی کوردستان لە شاخ، پێویستە بەپێی مێژوو ئەرك و شێوازی کارکردنی بە سەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین ئەوانیش:

١. قۆناغی مەفرەزە سەرەتاییەکان ١٩٧٦–١٩٨٣

هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی ی.ن.ك لە سەرەتادا لە چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگە پێکهاتبوو، کە ئەرکی سەرەکییان ئەوە بووە بانگەوازی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ بە گوێی هاووڵاتیانی شار و گوندەکانی کوردستاندا بدرێت، هەر لە سەرەتاوە لەبەر پێویستی زۆر بە چارەسەرکردن و برینپیچی پێشمەرگە لە کاتی برینداری و نەخۆشی، ژمارەیەك لە پزیشك و کارمەندی تەندروستی پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن، ڕۆڵی باشیان دەبێت لە خزمەتکردن و جێبەجێکردنی ئەرکیاندا، جگە لە کاری پزیشکی کاری سیاسی و سەربازیشیان کردووە.

سەرکردایەتی شۆڕش یەکێك لەو دەزگایانەی کە گرنگیان پێ داوە، تەندروستی بووە، کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و برینداری پێشمەرگە و ئەو گوندنشینانەی تریش کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دوور لە دەستی ڕژێم عێراقی ژیاون، بۆیە بڕیار دراوە بە دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە سنووری سەرکردایەتی ی.ن.ك و ناوچە ئازادکراوەکانی دیکەدا.

لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی نێوان عێراق–ئێران لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٠، حکوومەتی عێراق بەشیکی زۆری هێزە سەربازییەکانی لە کوردستان بۆ بەرەکانی شەڕ کشاندەوە، بە تایبەتی بۆ باشووری عێراق، ناوچەیەکی فراوانی لە هێزە سەربازییەکان چۆڵ کرد، تەنها لە شوێنە ستراتیجی و شاخە بەرزەکان سەربازی هێشتبووەوە، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش بیری لە جێگیرکردن و فراوانکردنی بارەگا و دەزگاکانی تری کردووەتەوە بۆ حەوانەوەی پێشمەرگە و ئەندامانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی کارەکانیان بەشێوەیەکی چالاك و باشتر لە جاران.

له ساڵی ١٩٨٢دا سەرکردایەتی ی.ن.ك بڕیارپیدا ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی بۆ چوار مەڵبەند دابەش بکات و هەریەکەیان سنووری دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی و دارایی بۆ دیاری کراوە. لە هەر مەڵبەندێکدا هەوڵی کردنەوەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی داوە، بە تایبەتی لە سنووری کەرکووك و گەرمیان و خوشناوەتی و قەرەداغ و شارباژێرو شارەزوور دواتریش بادینان، بۆ هەر مەڵبەندێکیش چەند دکتۆر و کارمەندێکی تەندروستی دەستنیشان کردووە، هەندێك کەرەسە و ئامراز و ئامێریی سەرەتایی کە بۆ ئەو سەردەمەی شۆڕش باش بووە دابین کردووە، جا، یان کڕدراون، یان بەهیمەتی ڕێکخستنەکانی ناوشار دابین کراون، یان هەندێك جاریش لە ئەنجامی چالاکیەکانی پێشمەرگەدا دەستکەوتوون و کاریان پێکراوە و خزمەتێکی بەرچاویان بە پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچەکە گەیاندووە، ئەمەش بووەتە وەرچەرخانێك لە پێشکەوتنی شۆڕشی گەلی کوردستاندا.

٢. قۆناغی گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق

پاش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ کرا لەگەڵ حکومەتی عێراق، سەرکردایەتی ی.ن.ك، بڕیاریدا کە نەخۆشخانەیەك لە سووررداش بکرێتەوە، لە ماوەی گفتوگۆدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە خزمەتکردن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کەوتە خۆڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی، بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە کارەکانی ڕێکخستنەوە و بەرەو پێش بردنی توانای زانستی و پراکتیکی کادیرانی تەندروستی بوو بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، چەند دکتۆر و کارمەندێکی تەندروستی ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کران بۆ ڕاهێنان لەسەر نەشتەرگەری و بێهۆشی و چۆنیەتی ئامادەکردنی نەخۆش بۆ نەشتەرگەری و ئامادەکردنی ژووری نەشتەرگەری لەوانە: د. شوان محەمەد عەزیز ئاکرێی، د. فایەق گوڵپی، د.خالد، د. ئاکۆ و شەهید د. شێخ کامیل ــ دواتر دکتۆر کامیل لە کاتی گفتوگۆی ی.ن.ك و حکومەت لە شارۆچکەی دوکان شەهید کراوە ــ ئەم خولە بۆ ماوەی ٦ مانگ زیاتر بەردەوام بووە، لە بەشی نەشتەرگەرییەکان و ڕەدهەکان و فریاگوزاری، زۆرینەی دکتۆر و کارمەندەکانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بەگیانێکی

کوردانه و دڵسۆزانەوە هاوکاریی پزیشکانی شۆڕشیان کردووە، زانیاری زیاتریان پێ داون، کە تاکو کۆتایی گفتوگۆ بەردەوام بووە.

٣. قۆناغی دوای گفتوگۆ و دامەزراندنی دەزگای تەندروستیی کوردستان (KHF)

پاش ئەوەی حکومەتی عێراقی و ی.ن.ك لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا بەبڕیارێك ئاگربەستیان لە کوردستان ڕاگەیاند، کەوتنە گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و دانان بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، هەلێکی باش بوو بۆ ی.ن.ك کە بتوانێت ناوماڵی خۆی زیاتر ڕێك بخات و کار بۆ بەدەزگاییکردنی ئۆرگانەکانی و دەستنیشانکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکان بکات، تاکو بتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو کاروبارەکانی خۆی ڕاپەڕێنیت و ئەرك و لێپرسراوێتی دیاری بکات.

لە دوای ئاگربەست، ی.ن.ك کەوتە خۆڕێکخستنەوە و پەرەدان بە دامودەزگاکانی بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی گشتی دامەزراند، کە چەند دەزگایەکی کارگێڕی لە خۆی دەگرت و هەڤاڵ د. خەسرەو خاڵ سەرپەرشتی دەکرد، یەکێك لەو دەزگایانەی کە قەوارەی تایبەتی بۆ دیاری کرا بەشی (تەندروستی) بوو، بە ناوی (دەزگای تەندروستیی کوردستان) بۆ پێشمەرگە، کە هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا (تەندروستیی پێشمەرگەی بە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شۆڕشی نوێ ناو بردووە و ڕای گەیاندووە: **"شۆڕش بەبێ هەندێك ناوەند و دەزگا ڕەنگە ئەنجام بدرێت، بەڵام هەرگیز بەبێ ناوەندی تەندروستی و چارەسەرکردن ئەنجام نادرێت"**، هەربۆیە لەو ڕۆژەدا دکتۆر شوان ئاکرێیی ڕاسپارد کە بە ڕاوێژ لەگەڵ دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی تردا ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ و هەیکەلێکی ڕێکوپێك بۆ دەزگای تەندروستی دابڕێژن، کە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی جوگرافیای ئەوکاتی شۆڕش بگونجیت و کە بە سەر چوار مەڵبەندی پێشمەرگەدا دابەش بووبوو.

پاش ڕاوێژ و گفتوگۆیەكی چڕوپڕ لەگەڵ زۆربەی دكتۆر و كارمەندانی تەندروستی لە ١٩٨٥/٤/٢٤ لە گوندی مەرگە بڕیاری دامەزراندنی (دەزگای تەندروستی كوردستان) درا، كە ئەركی سەرەكی دەزگاكە ڕێكخستنەوەی هەموو نەخۆشخانە و بنكە تەندروستیەكان و پزیشك و كارمەندەكانی بوو، دابینكردنی دەرمان و كەلوپەلی پزیشكی و دارایی پێویست بۆ ڕاییكردنی كارەكان و ژیانی كارمەندەكانی.

لە دوای سەركەوتنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە داستانی (دابان—هەلاج)ی ١٩٨٥/٢/١٥ كە سەرەتای دەستپێكردنەوەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس بوو دوای گفتوگۆ، دەزگای تەندروستی و نەخۆشخانە تاكو پایزی ١٩٨٥ لە ناوچەی مەرگە و كانی توو و سێروان ماوەتەوە، پاشان سەركردایەتی بڕیاریدا كە نەخۆشخانەیەكی گەورە لە بەرگەڵوو دروست بكرێت و هەموو بەشەكان لە خۆی بگرێت، وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێ كراوە.

٤. كۆمەڵەی فریاكەوتنی كوردستان Kurdistan Relief Association - (KRA)

ڕێكخراوێكی فریاگوزارە لە ساڵی ١٩٨٦، یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە دكتۆر شوان دایمەزراندووە، هەلومەرجی دامەزراندنی ڕێكخراوەكە زۆرتر پەیوەندی بە هەلومەرجی پەرەسەندنی جەنگی كیمیایی و وێرانكردنی گوندەكان و مەینەتییەكانی جەنگی عێراق — ئێرانەوە هەیە، ڕێكخراوەكە لەسەر داوای دكتۆ كەمال فوئاد دامەزراوە، كە لە ئەڵمانیاوە لە پەیوەندییەكانیدا لەگەڵ دامودەزگاكانی ناو وڵات پێشنیاری كردبوو، ڕێكخراوێكی فریاگوزاری هاوشێوەی ڕێكخراوە ناحكومییەكانی جیهان لە ناو وڵات بۆ فریاكەوتنی لێقەوماوانی جەنگ و ئاوارەكان و بریندارەكان پێك بهێنرێ.

بەم پێیە، یوسف محەمەد عەزیز وەك داینەمۆی دامەزراندنی ڕێكخراوە پێشنیاركراوەكە، بەهاوكاری چەند هاوڕێیەكی، دابینكردنی پێداویستییەكانی دامەزراندنی ڕێكخراوەكەی گرتە ئەستۆ، دەستەی دامەزرێنەری ڕێكخراوەكە لە ٢٠ ئەندام پێكهاتبوو، كە بە سەر ١٧ كادیری پزیشكی و ٣ كادیری ڕێكخراوەییدا دابەش بووبوون. پڕۆگرامێك بۆ ڕێكخستنی شێوەی بەڕێوەچوون و دیاریكردنی سێكتەرە مرۆیی و فریاگوزارییەكانی

ڕێکخراوەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی ئامادە کرا و دواتر دامەزراندنی ڕێکخراوەکە ڕاگەیەندرا.

لە دەرەوەی وڵات دکتۆر کەمال فوئاد و کادیرە نیشتەجێبووەکانی ئەوروپا ڕۆڵێکی کارایان لە دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکە و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئەوروپادا گێڕا. لە ئاکامی ئەم چالاکییانەدا ڕێکخراوە ناحکومییە کاراکانی ئەوروپا، پاش ئەوەی لە بارودۆخی مرۆڤانەی کوردستان ئاگادار کرانەوە دەستیان بەناردنی تیمەکانیان بۆ کوردستان کرد، لەو سەروبەندەدا ئەو ڕێکخراوانە لە ناوخۆی وڵاتدا پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ K.R.A دامەزراند و سەردانی ئۆردوگاکانی ئاوارەکانی کوردی عێراقیان کرد لە ئێران. ئەم سەردانانە یارمەتیدەر بوون بۆ گەڵاڵەکردنی تێڕوانینێکی ڕوون و ڕۆشن سەبارەت بە مەسەلەی کورد و مەینەتی ئاوارەکانی و پێداویستی دابینکردنی بڕێکی پێویستی کۆمەك و بار بوو بۆ لێقەوماوەکان.

لەو قۆناغەدا لە ڕێگای ڕێکخراوی K.R.A بڕێکی بەرچاوی کۆمەك لە دەرمان و ئامرازی پزیشکی ماسکی کیمیایی گەیشتە کوردستان. ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە ناحکومییە فریاگوزارە جیهانییەکان بە پیر هەوڵ و کۆششی K.R.A هاتن و کۆمەکیان نارد. ئەوە خۆی لە خۆیدا کەشێکی باشی بۆ ئەوە پێکهێنا کە ڕێکخراوەکە پەیوەندی بەهێز لەگەڵ چەندەها ڕێکخراوی ناحکومیی فریاگوزردا دروست بکات لە سەرانسەری جیهان لەوانە: ڕێکخراوەکانی میدکۆ ئینتەر ناسیۆنالی ئەڵمانی، خاچی سووری سویدی، خاچی سووری نەرویژی، خاچی سووری ئەڵمانی.

لە سەرەتادا ڕێکخراوەکان زۆرتر هاوکاری پزیشکییان پێشکەش دەکرد، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا هاوکارییەکان پەرەیان پێ درا و زۆر کەرەستەی دیکەیان گرتەوە، کە بۆ ژیانی ئاوارەکان بایەخێکی تایبەتیان هەبوو، وەك خۆراك و پۆشاك.

چالاکییە فریاگوزارییەکانی ڕێکخراوی K.R.A کەلێنێکی گەورەی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی کوردییان پڕ کردەوە، چونکە تا ئەوکاتە دەوڵەتان نەیاندەویست پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورددا دروست بکەن، بە تایبەتی کە تا ئەو کاتە تیۆری (پیرۆزی سنوور)

هێـز و پتـەوی خـۆی لـە دەسـت نـەدابوو. لـەم ڕووەوە دەرفـەتێکی زۆر لـە ئارادایـە، کـە هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی بۆ چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە لەو هەلومەرجەدا بکرێت، ئـەویش لەو گۆشەنیگایەوە کە ڕێکخراوەکە وەك تاکە ڕێکخراوی ناحکومی فریـاگوزاری لـە دەروازەی مرۆڤایەتییەوە ڕۆڵێکی کارای لـە ناساندنی پـرس و نەهامـەتی کورد و پەرەپێدانی کاری دیپلۆماتیدا گێڕاوە، بە تایبەتی کە هەندێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، بەیارمـەتی و هانـدانی ڕێکخـراوی میـدکۆ ئینتەرناسـیۆنالی ئـەڵمانی، ئـەو هەلـەیان بـۆ ڕەخسێنرا، کـە کـۆنفرانس لـە دەرەوەی وڵات بـۆ ڕوونکردنــەوەی ڕەوشـی کوردسـتان و ژیـانی ئاوارەکـان ببەستن.

تا ساڵی ١٩٨٩ ڕێکخراوی K.R.A وەك ڕێکخراوێکی فریاگوزاریی سـەر بـە ی.ن.ك کـاری کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٨٩دا لەسـەر داوای هـەڤاڵ مـام جـەلال، ڕێکخراوەکـە بـە جۆرێـك ڕێکخرایەوە، کە ببێتـە ڕێکخراوێکـی ژێـر چاودێری بـەرەی کوردستانی و لـەم سۆنگەیەوە بڕیار درا هەر حیزبێکی ئەندامی بەرە نوێنـەری لـە دەسـتەی بـەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکـەدا هەبێت، بەڵام سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە هـەر بـۆ ی.ن.ك هێڵدرایـەوە. لـە چوارچێوەی ئـەو گۆڕانکارییەی کە بە سـەر ڕێکخراوەکـەدا هـات، د. یوسـف محەمـەد عـەزیز وەك لێپرسـراوی ڕێکخراوەکە دەستبەرداری پۆسـتەکەی بـوو، د. ئـەدیب محەمـەد عـەلی ناسـراو بـە د. هـەڵۆ شوێنی گرتەوە. هەر ئـەو ساڵە عەبدولکـەریم حـاجی کرایـە لێپرسـراوی ڕێکخراوەکـە و تـا دوای ڕاپەڕین ڕێکخراوەکەی بەڕێوە بردووە، بەڵام پاش ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٩٢دا بەئەنـدامی پەرلـەمانی کوردسـتان هەڵبـژێردراوە، هـەڤاڵ شـاڵاو عـەلی عەسکـەری شـوێنی گرتووەتـەوە. سـاڵی ١٩٩٤ عەبدولکـەریم حـاجی وازی لـە ئەنـدامێتی پەرلـەمان هێنـا و بـووە پارێزگـاری کەرکووك لە دەربەندیخان. لەم سەروبەندەدا هەڤاڵ شاڵاو عـەلی عەسکەری بـووە ئەنـدامی پەرلـەمان و وازی لـە لێپرسـراوێتی ڕێکخراوەکـە هێنـا. بۆیـە هـەڤاڵ ئەحمـەد کاکـە حەمـە مسـتەفا ناسـراو بـە هۆشمەنـد شـوێنی گرتــەوە و بـوو بـە پێنجـەم و دوایـن لێپرسـروای ڕێکخراوەکە.

ڕێکخراوەکە تـا سـاڵی ١٩٩٦ لەسـەر ئەرکـەکانی خـۆی بـەردەوام بـوو. لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٨٦–١٩٩١دا ڕێکخراوەکە چالاکییە فریاگوزارییەکانی بۆ لێقەوماوانی ناوچەکانی شەڕی سەر

سنوور و ئاوارە کوردە عێراقییەکانی نیشتەجێی ئێران تەرخان کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١دا سەنتەری چالاکییەکانی بۆ کوردستانی باشوور گواستەوە و خزمەتگوزارییەکی زۆری پێشکەش بە چینە دەست کورت و هەژارەکان کرد، کە بە هۆی سزا نێودەوڵەتییە سەپێنراوەکانی سەر عێراقەوە ژیانێکی نالەباریان بە سەر دەبرد. لە هەردوو قۆناغدا ڕێکخراوەکە ئەرکەکانی خۆی بەڕێکوپێکی ئەنجام داوە و خزمەتگوزارییەکی کاریگەری پێشکەش کردووە.

ئەندامانی دەستەی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان K.R.A ١٩٨٦

١. یوسف محەمەد عەزیز (د. شوان)
٢. هۆشمەند عەبدولکەریم (د. شالاو)
٣. ئەدیب محەمە عەلی (د. هەڵۆ)
٤. هێمن ئەحمەد حەمەساڵح
٥. فەرەج یاوەر سادق (د. سەردار)
٦. خالید محەمەد ڕەشید
٧. ئاکۆ سەعید محەمەد
٨. حسێن حەمەساڵح حسامەدین
٩. حەسەن عەلی سەعید
١٠. جەلال جەوهەر عەزیز
١١. محەمەد سوڵتان
١٢. نەوزاد نوری محەمەد
١٣. مەنسوور یوسف مستەفا
١٤. بەیان حسێن عەلی
١٥. دانا نوری محەمەد
١٦. شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمان
١٧. بۆتان عوسمان ئەسعەد
١٨. ئارام ڕۆستەم عەبدوڵڵا

١٩. موحسين لەتیف کەریم

٢٠. جەمال سەرگەڵوویی

بەرپرسەکانی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان K.R.A ١٩٨٦ - ١٩٩٦

١. یوسف محەمەد عەزیز ١٩٨٦—١٩٨٩

٢. ئەدیب محەمەد عەلی ١٩٨٩

٣. عەبدولکەریم حاجی ١٩٨٩—١٩٩٢

٤. شاڵاو عەلی عەسکەری ١٩٩٢—١٩٩٤

٥. ئەحمەد کاکەحەمە مستەفا ١٩٩٤—١٩٩٦[٦].

٥- قۆناغی دوای ئەنفال (سنوور و ئۆردوگاکانی ئێران)

لە سەرووبەندی تەشەنەسەندنی جەنگی کیمیاییدا لە کوردستان، دەزگای تەندروستیی کوردستان تیمی تایبەت بە چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیایی پێکهێنا، کادیرەکانی ئەو تیمانە بە سەر مەفرەزە و بارەگا و گوندەکاندا گەڕان و کەوتنە شرۆڤەکردنی شێوەی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی، چەند خولێکیشیان لەم بارەیەوە لە شوێنی جیا جیا کردەوە.

لە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالدا، دەزگای تەندروستیی کوردستان چالاکییەکانی گواستەوە بۆ سەر سنوور و ناو ئێران و خزمەتێکی زۆری ئاوارەی کەمپەکانی کردووە. هەرچەندە لەو ماوەیەدا ژمارەی کادیرە پزیشکییەکانی زۆر کەمی کردووە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨—١٩٩١ دەزگای تەندروستیی کوردستان، بە پێی گۆڕانی شێوەی جموجووڵی مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە بە بارودۆخێکی فرە دژواردا تێپەڕیوە. لە گوندەکانی نۆکان و زەڵێ چەند خولێکی پزیشکی بۆ مەفرەزە پارتیزانەکان کردووەتەوە، پێشمەرگەکانی فێری فریاگوزارییە سەرەتاییەکان کردووە و ڕێنمایی پێویستی بۆ شێوەی مامەڵکردن بۆ

---

[٦]- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٧١٦ — ١٧١٨.

پێشمەرگە پارتیزانـە برینـدارەکان دەرکـردووە، هـەر وەك سـەرنجی بـە لای ئـەو ڕێوشـوێنە پێویستانەشـدا ڕاکێشـاوە، کـە دەبێـت لـە هەلومـەرجی تایبەتـدا پیـادە بکرێـت، لەوانـە: هەلومـەرجی نـەبوونی پزیشـك، دەرمـان، شـێوەی گواسـتنەوەی نـەخۆش و برینـدارەکان بـۆ ماوەی دوور و درێژ و بەڕێگەیەکی دژوار و مەترسیداردا.

لە کاتی دانانی نەخشەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ڕۆڵێکی گـرنگ بـۆ دەزگـای تەنـدروسـتیی کوردستان دیاریکرا، ئەویش دابینکردنی پێداویستی و کـادیری پزیشـکی بـوو بـۆ قۆڵـەکانی شــەڕ، ســەرباری سەرپەرشــتیکردنی کاروبــاری تەندروســتیی شــارە ڕزگارکراوەکــان و ڕێکخستنەوەی کاروبـاری نەخۆشـخانەکان، لـەو قۆناغـەدا کادیرەکـانی دەزگـای تەنـدروسـتیی کوردستان لە قاسمەڕەشەوە کە یەکەم وێستگەی ڕاپەڕین بوو تا کەرکووك کە دواترینی بوو، ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان لە ڕاپەڕاندنی کاروباری پزیشکیدا گێڕاوە.

پـاش ڕاپـەڕین، دەزگاکـە دەسـتی بەدامەزرانـدنی بنکـەی تەندروسـتی لـە گونـدەکان و دابینکردنـی کـادیری پزیشـکی پێویسـت بـۆ ئـەو بنکانـە کـردووە، سـەرباری کاراکردنـەوە و ئاوەدانکردنــەوەی بنکــە تەندروســتییە کۆنــەکان، بەشــێکی زۆری ئــەم کــارە، بــەهاوکاری ڕێکخراوی میدکۆ ئینتەرناسیۆنالی ئەڵمانی بەڕێوەچووە.

کــــارکردن لــــە وڵاتێکــــی خــــاپوورکراو و دواکــــەوتوو لــــە ڕووی دامــــەزراوە تەندروستییەکانەوە، کارێکی زۆر سەخت و دژوار بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەزگاکە لـە مـاوەی یـەك سـاڵدا مووچـەی بـۆ کارمەنـدەکانی و دەرمـان و کەرەسـتە پزیشـکییەکانی بـۆ بنکـە و نەخۆشــخانەکانی پەیــدا کــردووە. قــەوارەی چــالاکی ئەنجامــدراوی دەزگاکــە لــەوەدا دەردەکـەوێت، کـە ژمـارەی کارمەنـدەکانی لـەو ماوەیـەدا گەیشـتووەتە زیـاتر لـە چـوار سـەد پزیشك و کادیری پزیشکی(٧).

دوای هێرشە بـەربڵاوەکانی ڕژێـم لـە ١٩٨٨/٢/٢٢ کـە بـە (ئۆپەراسـیۆنی ئـەنفالی یـەك) ناسراوە بۆ سەر هێـزی پێشـمەرگە و دانیشـتوانی گونـدەکانی دۆڵـی جافایـەتی، کـە بارەگـای سەرکردایەتی گشتی ی.ن.ك لەوێ بوون، دوای بەرگرییەکی قارەمانانەی پێشمەرگە و هێزی پشـتگیری (کـە لـە دانیشـتوانی گونـدەکان پێکهـاتبوو)، ڕژێـم هـەموو جـۆرە چـەکێکی

(٧)– ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: چ٤، ب١، س.پ، ل٨١٦.

بەکارهێناوە، لەوانەش چەکی کیمیاوی، بۆیە سەرکردایەتی ی.ن.ك بڕیاری کشانەوەی لە ناوچەکان بۆ سنووری ئێران داوە، دوای ئەم کارەساتە پێشمەرگە ڕێکخراوەتەوە و لەسەر سنوورەکان بارەگایان بۆ کراوەتەوە، بۆیە (دەزگای تەندروستی کوردستان)یش لە نزیك ئەوان شوێنی بۆ نەخۆشخانە و دکتۆر و کارمەندەکانی دابین کردووە، دەرمانی پێویست و کەلوپەلی پێویستی بە سەر ئەو بارەگایانەدا دابەش کردووە، لەوانە (میحوەری بلەکێ و چیوەرۆ، قاسمەرەش نۆکان، دزلی، بادیناوا، خانێ و دۆڵە کۆگێ...هتد)، هەروەها لە هەموو ئۆردوگایەکیش کە ئاوارەی گوندەکانی لێ نیشتەجێ بوون بنکەیەکی تەندروستی کراوەتەوە، چارەسەری دانیشتوانی ئۆردوگاکانیان کردووە، ئەو ئۆردوگایانەش بریتی بوون لە: (ئۆردوگای بێزیلە، پیرشێخ، بۆکان، کەوپەر، هەنگاوێ و شنۆ... هتد).

سەنتەرێکی سەرەکیش لە شاری سەقزی ئێران کراوەتەوە، کە تایبەت بوو بۆ کاروباری دەزگای تەندروستی کوردستان، نەخۆشخانەکانی ئەم میحوەرانە جگە لەوەی چارەسەری بۆ پێشمەرگەکان کردووە، هەروەها خولی ڕاهێنانی بۆ پێشمەرگە و پارتیزانەکان کردووەتەوە، کە دوای ئەنفال چوونەتەوە بۆ باشووری کوردستان و چالاکییان ئەنجام داوە، بەم شێوەیە تاکو ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووە.

جگە لە بنکەی تەندروستی، مەکتەبێکی پەیوەندی تەندروستی لەگەڵ نەخۆشخانەکانی ئێراندا لە تەوریز هەبووە، بۆ ڕاییکردنی کاری ئەو پێشمەرگە بریندار و نەخۆشانەی کە پێویستیان بەچارەسەری تایبەتی هەبووە، لە سەرەتادا (د. خەسرەو و مام قادر) سەرپەرشتیان کردووە، دواتریش د. موحسین عەبدوللەتیف سەرپەرشتی کردووە.

٦. قۆناغی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان ١٩٩١

لە بەهاری ١٩٨٨ تاکو بەهاری ١٩٩١ پێشمەرگە لەسەر سنوورەکان مانەوە، جگە لە پارتیزانەکان کە ناوچەکانی سەروو بەرەو خواروو دەچوون ــ مەبەست لە سنووری ئێرانەوە بۆ قووڵایی خاکی باشووی کوردستان ــ لەگەڵ ئامادەکاری سەرکردایەتی بۆ

ڕاپەڕینی کوردستان، دەزگای تەندروستی کوردستانیش پلانی داڕشت بۆ ئەوەی ئەو دکتۆر و کارمەندانەی کە مابوونەوە لەسەر سنوور لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە ڕێك بخاتەوە، بە بەرنامە بچنە خوارەوە بۆ هاوکاری هێزی پێشمەرگە، بەم شێوەیە لە هەموو قۆڵەکانەوە دکتۆر، یان کارمەندی تەندروستی بە دەرمان و کۆڵە پشتەوە سازدابوو، تا لەگەڵ بروسکەی ڕاپەریندا بگەنە شارەکان و بتوانن لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیووی شاردا نەخۆشخانەکان بەڕێوەبەرن، ئەمەش ئەنجام درا و لە زۆربەی نەخۆشخانەکان کارگێڕییەکی دەزگای تەندروستی بۆ سەرپەرشتیکردنیان هەبوو، لێرەوە ژمارەیەك دکتۆر و کارمەند پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە کرد و بەخۆبەخش دەستیان بەکارکردن کرد، دوای ئەوەی بە شێوەیەکی باش ڕێکخرانەوە توانرا بەهۆی ڕێکخراوەکانی بیانی، خواردن و بڕێك یارمەتی بۆ دکتۆر و کارمەندان دابین بکرێت، چەندین نەخۆشخانە و دەیان بنکەی تەندروستی دروست بکرێت، کە لەلایەن ڕژێمەوە لە شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان وێران و ڕاگوێزرابوون.

کاری دەزگاکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و بە ڕێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی کارگێڕی بنکە و نەخۆشخانەکان ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کراونەتەوە، بەم شێوەیە دەزگای تەندروستی لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا ڕۆڵی خۆی بینی.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، پێشنیار کرا کارمەندانی دەزگاکە بخرێنە سەر وەزارەتی تەندروستی و دەزگاکەش بە بەرەی کوردستانی بسپێردرێت، بەڵام وەزارەتی تەندروستی پێشنیارەکەی پەسەند نەکرد، لەلایەکی دیکەوە، بەرەی کوردستانی کە پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەدا بوو، لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەزگاکەیدا.

هەڵوێستی نەرێنی وەزارەتی تەندروستیی و بەرەی کوردستانی بەرامبەر بە دەزگای تەندروستیی کوردستان، ڕۆڵێکی کارای لە هێشتنەوەی دەزگاکەدا هەبوو، چونکە دەزگاکە بەهەوڵ و کۆشش و لە خۆبووردەیی لێپرسراوەکەی دکتۆر یوسف محەمەد عەزیز و کارمەندەکانی، تا ساڵی ١٩٩٦ لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بوو، ساڵی ١٩٩٦ لە

سەرووبەندی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی گاردی کۆماری ڕژێمی عێراق و هێزەکانی پ.د.ك بۆ سەر هەولێر، دەزگاکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، دەست بە سەر بارەگا و کەلوپەلەکانیدا گیرا، لێپرسراوەکەی دەستگیر کرا و کارمەندەکانی ڕاونران[٨].

پاش ڕاپەرینی ١٩٩١ی گەلی کوردستان، لە ڕووی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییکردنی پانتایی جوگرافی و ژیانی هاووڵاتیان پەیوەندی نێودەوڵەتیی...هتد دەزگاکە کەوتە قۆناغێکی نوێ و هەستیارەوە.

پێویست بوو پێڕەو و بەرنامەی کارکردن بۆ دەزگاکە دابڕێژرێت و تۆکمە و فراوانتر بکرێت، کە دەزگای تەندروستی یەکێك بوو لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی شۆڕشی ڕابردوو و فەرمانڕەوایی دواتر ئەرکی قورستر و هەستیار کرد، بۆیە بڕیاردرا کە:

- ناوی دەزگاکە بە کوردی هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە (دەزگای تەندروستی کوردستان) بە ئینگلیزیش بنوسرێت: - KURDISTAN HEALTH FOUNDATION (KHF).
- لۆگۆیەك کە لە سێ پیتی سەرەتای وشەی ناوە ئینگلیزیەکەی دارێژرابوو، هێمای هیلالی مانگ و خاچی لەسەر نەخش کرابوو، لەسەر چوار لووتکەی شاخ دانرابوو کە شاخەکە هێمابوو بۆ ئەوەی کە لە شاخ دامەزراوە، چوار لووتکەکەش هیمای چوار پارچەی کوردستان بوو[٩].

---

[٨]– ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: چ٤، ب١، س.پ، ل٨١٦-٨١٧.

[٩]– بۆ بینینی لۆگۆی دەزگاکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

٧. پێکهاتەی دەزگای تەندروستیی کوردستان

وەك ئاشکرایە دەزگای تەندروستی کوردستان، دەزگایەکی خزمەتگوزاریی تەندروستیی کۆمەڵایەتیی ناحیزبی و ناحکومیی بوو، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاری کردووە، ئەم دەزگایە لە قۆناغی شاریش لە پێناو ئامانجەکانیدا بەردەوام بوو، لەوانە:

- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی گوندنشینان.
- ڕێکخستنەوە و بنیادنانی سیستەمی تەندروستیی بەشێوەیەکی مۆدێرن.
- دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ گوندنشینان.
- پاراستنی ژینگە.
- گەیاندنی خزمەتگوزاری بە کەمپی ئاوارە و ڕاگویزراوان.
- پاراستنی مافی مرۆڤ بە تایبەتی ژنان و منداڵان .

پەیکەری کارگێڕی: لە لێپرسراوی دەزگا کە سەرپەرشتیاری گشتی بوو، لەگەڵ کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیار کە لە بەڕێوەبەری بەشەکانی دەزگا و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان پێکدەهات، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان.

بەشەکان:

- بەشی کارگێڕیی و دارایی .
- بەشی فەرمانبەران .
- بەشی دەرمان .
- بەشی ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکان .
- بەشی خۆپاراستن
- بەشی ژینگە

لە پاش دانانی پێڕەو و پرۆگرام لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا دەزگاکە بڕیاریدا کە:

- کارگێڕی سەرەکی دەزگاکە تۆکمەتر و فراوانتر بکریت.
- کارگێڕی هەموو نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستیی ڕێکبخرێت و سەرپەرشتی بکرێت.
- ئەو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیانەی کە زیانمەند بوون دەستنیشان بکرێن، تاکو لە نزیکترین کاتدا چاك بکرێنەوە.
- هەوڵی دابینکردنی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی بدرێت بۆیان.
- دابینکردنی مووچە و خواردن بۆ ستاف و نەخۆشەکان.
- دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان، کە لە کوردستاندا کاریان دەکرد.
- بەهۆی گەڕانەوەی گوندنشینان و شارە سنوورییەکان بۆ زیدی خۆیان هەوڵ بدرێت کە نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستییان بۆ دروست بکرێت، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین بکرێت و بەشێوەیەکی گونجاوتر و تەندروستر تاکو ببێتە هاندانێك بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتیان و ئارامیشیان پێ ببەخشرێت.

بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە لیژنەیەك دروست کراوە، کە سەردانی زۆربەی نەخۆشخانە و بنکەکان بکەن ئاماری تەواوی ستاف و شیوازی بەڕێوەبردن وەربگرن، دواتر دەستنیشانی کەموکورتییەکان بکەن، ئەمەش ماوەیەکی زۆری پێویست بوو، چونکە جوگرافیایەکی فراوان بوو لە شارۆچکەی کفری، کەلار، خانەقین، هەڵەبجە، پێنجوین، چوارتا، دوکان، چوارقوڕنە، ڕانیە، قەڵادزە، ڕەواندز، سۆران، ئاکرێ و زاخۆی دەگرتەوە، بە هەموو شارەدێ و گوندەکانییەوە، بۆیە لە ڕادیۆی گەلی کوردستانەوە بانگەواز کرا کە دەستبکرێت بەڕێکخستنەوەی دامودەزگا تەندروستییەکان و لیژنەکان سەردانی دەزگاکە بکەن بۆ ڕانیە، کە شوێنی سەرەکی کارکردنی دەزگاکە بووە، پشتگیری بەرەی کوردستانیان پێ بێت بۆ پشت ڕاستکردنەوەی داواکانیان، ئیتر وردە وردە لیژنەکان پێ ڕادەگەیشتن کە سەردان بکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشەکە ببن، بەم شێوەیە توانرا لە ماوەیەکی کەمدا ئاماری باش وەربگیرێت و دەست بەڕێکخستنەوە بکرێت، کە توانرا سەرپەرشتی زیاتر لە چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی بکرێت.

پاش ئەم ڕێکخستنەوەیە، دەست بە کارکردن کرا، خزمەتیکی زۆر باشیان پێشکەش کردووە، ئیتر ڕێکخراوە جیهانیەکانیش پەیوەندییان پێوە کردوون، بۆ هاوکاری و گەیاندنی دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و ئەمبولانس و هەندێك جاریش مووچەی کارمەندەکان و خواردنیان بۆ دابین کردوون.

لەو ڕێکخراوانەی کە لە سەرەتاوە پەیوەندیان بە KHFەوە کرد و هاوکاریان پێشکەش کردووە بریتین لەمانە:

- ڕێکخراوی میدیکۆ ئەنتەرناسیونالی ئەڵمانی MEDICO INTERNATIONAL
- ڕێکخراوی MSF فەڕەنسی
- ڕێکخراوی MDM فەڕەنسی
- ڕێکخراوی UNICEF
- ڕێکخراوی HAUKARI ئەڵمانی
- ڕێکخراوی OVDA ئەمریکی
- ڕێکخراوی DC (Dutch consortium) هۆڵەندی
- ڕێکخراوی NPA (Norwegian people aid) نەرویجی
- ڕێکخراوی CRA ئەمریکی
- ڕێکخراوی قەندیلی سویدی
- ڕێکخراوی منداڵپارێزی بەریتانی SAVE CHILDRIN FOUND .SCF
- ڕێکخراوی کاریتاسی سویسری CARITAS SWISS
- ڕێکخراوی HARTLAND ALLIANCE

جگە لەمانەش چەندانی تریش پشتگیری تەواوی دەزگاکەیان کردووە، هەروەها چەندین کەسایەتی و خاوەن هەڵوێست، کە پارەداربوون، یان لە دەرەوەی وڵات دەژیان و باری داراییان باش بووە، هاوکاریان کردوووە، جا بە دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی بێت یان خواردن یاخود بڕێك پارە بۆ مووچەی کارمەندان بێت.

بۆ نموونە میدیکۆی ئەڵمانی دەستپێشخەری کرد بۆ هاوکاریکردن بۆ دروستکردنی:

- دروستکردنی نەخۆشخانە لە شارۆچکە، شارەدێیەکان و گوندەکان، بە تایبەتی بۆ گوندە دوورەدەستەکان و سنوورییەکان.
- گەیاندنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بە بۆری بۆ ناو حەوزی ئاو، هەروەها دابەشکردنی تۆڕی ئاو بەشێوەیەك لە گوندەکان هەر ٤ - ٥ماڵێك بەلوعەیەك لە پێش ماڵەکانیان دابنرێت لەگەڵ دروستکردنی توالیتی گونجاو.
- پێکهێنانی تیمی گەڕۆك لە پزیشك و کارمەندی تەندروستی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تەندروستیی و پێ دانی ڕێنمایی تەندروستی بە گوندنشینان و چارەکردنی نەخۆشەکانیان.
- ڕاهێنانی (مامان)ی کارا و شارەزا تاکو بتوانن بەشێوەیەکی تەندروست و باش هاوکاری ژنانی دووگیان لە کاتی منداڵبووندا بکات، هەروەها پێ دانی کەرەستەی منداڵبوون بە مامانەکە لە بوکسێکدا.
- ڕاهێنانی کەسێکی خوێندەوار، یان وریا کە پیاندەوترا (کارای تەندروستی) بۆ هەندێك کاری خزمەتگوزاری خێرا لە گوندەکان تاکو لە کاتی پێویستیدا بە هانایانەوە بچێت.
- وەرگێڕانی پەرتووکێکی پزیشکی گرنگ بە زمانێکی سادە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و چاپکردنی، دواتر دابەشکردنی بە سەر کارمەندی تەندروستی و کارای تەندروستی گوندەکان.

٨. کار و چالاکییەکانی دەزگای تەندروستی کوردستان

- سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ٨٠ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە کوردستان تاکو دروستبوونی حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی وەزارەتی تەندروستی، لە ساڵی ١٩٩١–١٩٩٣ ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی پشکی شێری هەبوو لە هاوکاری، یونیسیف و ئۆفداش دوای ئەو دێن.
- دروستکردنی نەخۆشخانە لە قەڵادزێ، سەنگەسەر، ڕانیە و پێنجوێن لە ساڵی ١٩٩٢–١٩٩٦ لەلایەن ڕێکخراوەکانی میدیکۆی ئەڵمانی و یونیسیف و ئۆفدا.
- دروستکردنی ٢٥ بنکەی تەندروستی لە ساڵی ١٩٩١–٢٠٠٠ بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی میدیکۆ–هاوکاری– NPA–DC.
- چاککردنەوەی چوار نەخۆشخانە و سی ٣٠ بنکەی تەندروستی لە ساڵی ١٩٩١–٢٠٠٤ لەلایەن ڕێکخراوەکانی میدیکۆ–هاوکاری– NPA–DC.
- دروستکردنی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ LATRINE بۆ زیاتر لە ٢٠٠ گوند لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکووك لە ساڵی ١٩٩١–٢٠٠٥، بە پاڵپشتی و هاوکاری ڕێکخراوی UNICEF–MEDICO–HAUKARI–CRA–SCF
- چاککردنەوەی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆی (٦ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و ٢٢ خوێندنگا) لە ساڵی ١٩٩٢–٢٠٠٤ لە سنووری هەولێر–سلێمانی (ئیدارەی ڕاپەرین)، دووزخورماتوو–دوبز، بە پاڵپشتی ڕێکخراوەکانی UNICEF–MEDICO–HAUKARI CARITAS SWISS –NPA–SCF.
- پرۆژەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ گوندنشینان لە سنووری پاریزگاکانی: (هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە و راپەرین)، لە ساڵی ١٩٩١–٢٠١٤ بەهاوکاری ئەو ڕێکخراوانەی سەرەوە.
- چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پۆستەر و لیفلیتی ڕێنمایی تەندروستی و کۆمەڵایەتیی زیاد لە یەك ملیۆن دانە لە سەرانسەری کوردستان بەهاوکاری و پشتیوانی ئەو ڕێکخراوانە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢–٢٠١٤.

- وەرگێڕانی پەرتووکێکی تەندروستی لە ئینگلیزیەوە بۆ زمانی کوردی بە ناوی (کاتێك پزیشکی لێ نەبێت) (Where there is no Doctors) لە ساڵی ١٩٩٤ بەیارمەتی میدیکۆی ئەڵمانی.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەرکردن و ڕێنمای تەندروستی بۆ خانەی چاودێری کۆمەڵایەتییەکانی پیر و منداڵانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر ١٩٩٣–٢٠١٤
- پرۆژەی فریاگوزاری بۆ ئاوارە و کۆچبەران لە کەمپەکانی سنووری سلێمانی، گەرمیان و پشدەر، لە ساڵی ١٩٩٦–٢٠١٤ بەهاوکاری هارتلاند ئەلایەنس–میدیکۆ – هاوکاری–NPA
- پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی وشکە ساڵی لە سنووری گەرمیان و دەشتی کۆیە لە ١٩٩٩–٢٠٠٠ بەهاوکاری UNICEF–NPA
- خولی فریاگوزاریی تەندروستی بۆ مامۆستایان و گەورە کچان و کەس و کاری ئەنفال لە سنووری کۆیە، تەقتەق و گەرمیان .
- گەیاندنی فریاگوزاری تەندروستی و خواردن و ڕاخەر و بەتانی پێداویستی بۆ نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی لە سنووری گەرمیان (خانەقین، دووزخورماتوو، جەلەولا، سەعدیە، دوبز و نەخۆشخانەکانی ناوشاری کەرکووك لە ٢٠٠٣–٢٠٠٤.
- پرۆژەی دروستکردنی توالیتی نوێ (LATRINES) بۆ گوندەکانی سنووری پاریزگای سلێمانی، گەرمیان و پشدەر بەدیزاینی UNICEF لەسەر ئەرکی مناڵپارێزی بەریتانی، بۆ زیاتر لە ١٠٠ گوند بەهاوکاری ڕێکخراوی SCF–NPA – MEDICO
- چەندین پرۆژەی تر کە جێبەجێکراون بۆ خۆیندنگاکان و کەمپەکانی ئاوارە و گوندنشینان.

٩. ناوی پزیشك و كارمەندانی دەزگای تەندروستیی كوردستان لە شاخ

ژ	ناوی	پیشە
١	دكتۆر شوان محەمەد عەزیز	پزیشك
٢	دكتۆر شالاۆ عەبدولكەریم	پزیشك
٣	دكتۆر هەڵۆ محەمەد عەلی	پزیشك
٤	دكتۆر هێمن ئەحمەد حەمە ساڵح	پزیشك
٥	سەردار یاوەر سادق	كارمەندی تەندروستی
٦	خالید محەمەد ڕەشید	كارمەندی تەندروستی
٧	ئاكۆ سەعید عەبدوڵڵا	كارمەندی تەندروستی
٨	ئارام ڕۆستەم عەبدوڵڵا	كارمەندی تەندروستی
٩	نەوزاد نوری محەمەد	كارمەندی تەندروستی
١٠	مەنسوور عەبدوڵڵا یوسف	كارمەندی تەندروستی
١١	بەیان حسێن عەلی	كارمەندی تەندروستی
١٢	دانا نوری محەمەد	كارمەندی تەندروستی
١٣	شێركۆ حەسەن عەبدولڕەحمان	كارمەندی تەندروستی

بەشێكی زانیارییەكانی پەیوەست بە دەزگای تەندروستیی كوردستان لە نووسینێكی د. خالید محەمەد ڕەشید وەرگیراوە.

بەشی سێیەم: ژیان و بیرەوەری پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش بەڕیزبەندی پیتەکان

ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری)

لە ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی چۆمانی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووم، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمم لە تەندروستی، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ بووم بە پێشمەرگە، بە بێ دابڕان پێشمەرگە بووم، یەکێکم لە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال.

سەرەتای بوونم بە پێشمەرگە وەك یاریدەدەری پزیشك لە تیپی ٧٨ی کارووخ کارم کردووە، لە ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ لە سنووری هەمان تیپ خزمەتگوزاری پزیشکیم پێشکەش کردووە، سەرەڕای خزمەتگوزاری تەندروستی کاری ڕێکخستەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (ك.ڕ.ك)م کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٦ بەشداری خولی تایبەتم لەسەر چەکی کیمیایی (پاراستن و چارەسەر) لە کرماشان کرد، بەشداربوانی خولەکە ئەوانەی بیرم ماون بریتین لە:

١. هادی ساڵح سەعید/ تیپی ٢١ی کەرکووك
٢. ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد/ تیپی ٧٨ی کارووخ
٣. ئاسۆ/ تیپی ٣١ی سلێمانی
٤. جەلیل ئیبراهیم/ تیپی ٨٣ی هەورێ
٥. عەدنان/ تیپی ٩٣ی کۆیە
٦. ئاراس/ مەڵبەندی ١
٧. کارووخ/ نەخۆشخانەی خەتێ

لە کاتی گەڕانەوەمان ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بەتیپی ٧٨ی کارووخ کردەوە، کە لە داستانی قەیوان-ماوەتدا بەشداربوو، پێشمەرگەکان لە گوندی کۆڵەرد لە چیای کۆڕەنگ ئەرکیان پێ سپێردرابوو، هاوکات شەڕی قەیوان-ماوەت بەردەوام بوو، کە داستانێکی بێ وێنەیە، تا گەڕانەوەمان بریندارەکانی پێشمەرگەم تیمار دەکرد و بەڕێمان دەکردن بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، ئەوەی دەمان کرد تەنها فریاگوزاری سەرەتایی بوو، بەڵام ئەگەر

برینەکانیان سادە و کەم بوایە لای خۆمان تیمارمان دەکردن، هەروەها چارەسەری نەخۆشی ئاساییمان دەکرد، چونکە ئەو دەرمانانەی لامان بوو تەنها چارەسەرێکی سەرەتایی بوو .

دوای تەواوبونی ئەرکمان، گەڕاینەوە سنووری تیپەکەمان لە مەڵبەندی سێ لە گونـدی وەرتێ، کەوتینە ڕێ و لە بنگرد بە بەلەم پەڕینەوە بـۆ بـەری کۆسـرەت لـەوێوە لـە بیتـوێن پەڕینەوە بۆ خۆشناوەتی تا گەیشـتینە وەرتـێ، کەشـوهەواش بارانـاوی بـوو بـەردەوام بـاران دەباری.

لە وەرتێ ژوورێکی تایبـەت هـەبوو وەکو بنکەیـەکی تەندروسـتی بـۆ چارەسـەرکردنی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی سنوورەکە بە گشتی سوودمان لێ دەبینی.

سەرچـاوەی دەرمانمـان ڕێکخسـتنەکان و پەیوەندییـە تایبەتـەکان بـوون، لەگـەڵ کەسایەتییەکانی کار بەدەست لە حکومەت و ناو خەڵکدا، ئەو نەخۆشانەی کە چارەسـەرمان پێ نەدەکران بەڕێمان دەکردن بۆ نەخۆشخانەی خـەتێ، ئەگـەر ڕێگا نەبوایـە لەبـەر بـەفر، یاخود کێشەی دیکە، ئەوا حاڵەتی نەخۆشەکەم بە برووسکە دەنـارد بـۆ نەخۆشـخانەکە، کـە دکتۆر زریان لەوێ بوو پرسـم پـێ دەکـرد بـۆ ئـەم نەخۆشـە چـی بکـەین؟ چونکە لـە ڕووی زانستی ئاسـتی چارەسـەرەکە لـە ئێمـە بـاڵاتر بـوو لـە توانـای ئێمـە نـەبوو، هـەروها هـەموو بریندارەکانی سنووری تیپمان چارەسەر دەکرد، کە نموونەی زۆرمان هەیە.

لەوانـەی لـە داسـتان و شـەڕە گـەورەکانی سـنووری سـەرکردایەتی و مەڵبەنـد برینـدار دەبوون و خەڵکی سنووری تیپەکـەمان بـوون، یـان پێشـمەرگەی تیپەکـەمان بـوون، تـا چـاك بوونـەوەی خزمـەتمان دەکـردن و چـاودێریمان دەکـردن، بـەڵام هەمیشـە هـەوڵمان دەدا لـە چوارچێوەی زانستی پزیشکی کاربکەین .

لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کارووخ بەشداریمان لە داستانی ڕزگاری کرد، ئەرکی تیپەکەی ئێمـە لەگـەڵ تیپـەکانی سـنووری مەڵبەنـدی سلێمانی گـرتنی بارەگای فەوجی باڵخ بوو کە سەر بە شارەدێی ماوەت بوو، لە یەکەم هێرش کـە دەسـتی پـێ

کـرد تـوانرا بارەگـای فەوجەکـە و ڕەبایـەکان بگـرین، بـەڵام بەداخـەوە ٦ شـەهید و ٣٢ بریندارماندا، ئەوانەی برینیان زۆر بوو پێویستیان بە نەشتەرگەری بـوو یەکسـەر بـەڕێمان کردن بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، کە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بـوو، چـونکە ئەرکەکـە لـە ئێمـە گەورەتر بوو ئاسان نـەبوو منـیش بـە تـەنها بـووم، ئەوانـەی بـیرم مـاوە کـە شـەهید بـوون، بریتین لـە: شـەهید وەسـتا عـەتا فەرمانـدەی کـەرت بـوو لەگـەڵ دوو شـەهیدی تـر خـەڵکی سلێمانی بوون. تەرمەکانیان کەوتنـە بەردەسـتی دوژمـن، تیپەکـەی ئێمـە سـێ شـەهیدماندا بەناوەکانی:

١. محەمەد مەحموود/ خەڵکی باڵەییان
٢. عومەر بەردانگەیی
٣. عەبدوڵڵا گچکە/ خەڵکی وەرتێ

جگـە لـەو بەرەیـە برینـدارەکانی تـری تیپـەکانی تـر کـە لێمـان نزیـك بـوون تـوانیم خزمـەتێك بـە ئـەوانیش بگەیـەنم، دوای چـەند ڕۆژێـك ئەرکەکـەمان گوێزرایـەوە بـەرەی حەسـەن بـەگ و وڵاخلـوو، ئێمـە لـەو شـاخەدا بـووین، کـە بـە سـەر وڵاخلوودا دەیڕوانـی، حکومەتی عێراق هێرشی زۆری دەکرد و فڕۆکەش بەردەوام هێرشی دەکرد، بیرمە لـە کـاتی دوا هێرشـی دوژمـن کـە تـوانی شـوێنەکە بگرێـت شـەڕی دەسـتەویەخە ڕوویـدا، برینـدار و شەهیدمان هەبوو، ئەوانەی لە بیرم ماون بریندارەکان بریتی بوون لە: هەڤاڵ عەزیز داود و پێشمەرگەیەك بەناوی (شەهید) کە ناوی خوازراو بوو خەڵکی دۆڵەڕەقەبوو. ئیدی ئێمە لـە سنووری ڕانیە پاڵەپەستۆی زۆرمان لەسەر بوو، لەو کاتەی کە هێرشە گەورەکە کـرا مـن لـە شـاخ کەوتمـە خـوارەوە و بوورامـەوە، دوو پێشـمەرگەم لەگـەڵ بـوون هاوکارییـان کـردم و کۆڵەپشتەکەیان بۆ هەڵگرتم، کە دەرمان و پێداویستی پزیشکی تێـدا بـوو، ئـەمـە بـووە هـۆی دواکـەوتنم لـە کشانەوە، ئـەو پێشـمەرگە قارەمانانـە بـوون بـەهۆی ڕزگـار بـوونم، چـونکە

نیگەران بووبوون لە دواکەوتنم کە بریتی بوون لە هەڤالان: (جەلال حاجی گەلالی، ڕەسووڵ قەندە، شێخ محێدین خۆشکانی، سلاح دارسلامی)، کە تفەنگ و کەلوپەلیان لێ وەرگرتم و گەیشتمەوە هێزەکە.

یەکێك لە ڕووداوەکان کە دەمەوێت باسی بکەم ئەو کاتەی هەواڵی برینداربوونی ئەو پێشمەرگەیەمان بۆ هات کە پێیان دەگوت (شەهید) شەڕ گەرم بوو، منیش ڕاستەخۆ بۆ ئەو شوێنە چووم کە بریندارەکەی لێیە، لە ڕێگا بە BKC و چەکی تر تەقەم لێ کرا، هەڤاڵ نیاز دەرگەڵەیی هاواری کرد هەڤاڵ ئاری بگەڕێوە تۆش لێت دەدرێ، خۆت پەنا بدە، من چەند هەنگاوێك ڕۆیشتم گوللەکان لە تەنیشتم بە زەوی دەکەوتن هەڤاڵ نیاز لە دڵسۆزیدا بۆ من هاواری دەکرد بگەڕێوە بریندرار ببیت، یان شەهید ببیت بەرەو لات نایەم بە قسەم بکە، منیش یەکسەر هاتمەوە دیوی ئەوان و دواتر توانیم لە شوێنێك کە بریندارەکەیان بۆ گواستبووەوە چووم فریاگوزاری سەرەتاییم بۆ کرد، برینەکەی زۆر سەخت بوو ورگی لە دەرەوە بوو، دوای سارێژکردنی گەیاندرایە نەخۆشخانەی ح.د.ك لە گەڕەدێ و نەشتەرگەری بۆ کرا و سوپاس بۆ خودا چاك بوویەوە.

لەم شەڕەدا شەهیدێکمان بەجێما و نەتواندرا تەرمەکەی ڕزگار بکەن، کە ناوی هەڤاڵ کوێخا بوو فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٨٣ی هەورێ بوو، لەسەر شاخی گەڕەدێ و گەورەدێ کە بەرامبەر حەسەن بەگ و پشت وڵاخلوو بوو، شوێنی شەڕەکەمان دەبینی داخمان بۆ شەهیدەکە هەڵدەکێشا.

لە دەرئەنجامی کەوتنم لە شاخ ئازاری زۆرم هەبوو، بۆیە بردمیان بۆ نەخۆشخانە لە گەڕەدێ، پێیان گوتم پێویستە نەشتەرگەریت بۆ ئەنجام بدەین، بەڵام مەرج نییە ئێستا، چونکە سکت ئازاری زۆری پێگەیشتووە، من ئەو کات نەم کرد دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ لە سەقز نەشتەرگەرییەکەم کرد، ئینجا دوای شکانمان بەفەرمانی هەڤاڵ مام جەلال تیپەکەمان

کشایەوە بۆ دۆڵی جافایەتی لە گوندی قەرەنگۆێ چەند ڕۆژێك ماینـەوە، کـە خـەڵکێکی زۆر بەڕێز بوون، من لەم چەند ڕۆژە لە ماڵی مـام حەسـەن بـووم کـە بـاوکی هـەڤاڵ مەسـتەفا و هەڤاڵ فاخر بوو.

دوای قەرانگۆێ فەرمانمان پێکرا کە بەرەو سنووری دوکان بەڕێ بکەوین، لە قەمچوغە دابەزین، دواتر بڕیار درا کە بچینە دەشتی کۆیـە، لەسـەر ڕێگای دوکـان-سـلێمانی کەوتینـە کەمینەوە، دوای ڕزگاربوونمـان بـەرەو گونـدی تـەلان ڕۆیشـتین و لـەوێش بـۆ دەشـتی کۆیـە، یەکسەر هەوڵمدا کە بچمە ماڵی مام سەید عەلی لـە قازبـەگیان، چـونکە کاتێـك چـووین بـۆ سەرکردایەتی لە قازبەگیان چەند شەوێك ماینەوە، ئەو چەند شەوە من لە ماڵی مام سـەید عەلی بووم کە پیاوێکی بەڕێز و خانەوادەیەکی زۆر نموونەیی بوون.

لە شەڕەکەی بـاڵخ برینـدارێکمان هـەبوو بـەناوی قـادر عومـەر لـە تیپـی ٧٨ی کـارووخ، دوای چارەسەرکردنی لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو کە برینەکەی سەخت بوو، لە گەڕانەوەیدا میوانی ماڵی مـام سـەید عـەلی بووبـوو، پێیـان گوتبـوو دەڵێن د.ئـاری شـەهید بـووە، بـەڵام هـەڤاڵ قـادر گووتبـوی نـا لـە ژیانـدا مـاوە، بۆیـە کـە هـەڤاڵ قـادر گەڕایـەوە سـنووری تیـپ، بروسکەیەکی بۆ کردم نووسیبووی: کە گەڕایتەوە سەردانی ماڵی مام سەید عەلی بکـە بـۆت نیگەرانن، بۆیە من لە گەڕانەوەم سەردانم کردن.

دوای چـەند ڕۆژێـك بڕیـار درا ئـەو هێـزەی کـە لـە ژمارەیـەك تیپـی سـنووری چـەند مەڵبەندێك پێکهاتبووین بەرەو تەقتەق بچین، کـە پلانـەکە گـرتنی تەقتـەق بـوو، پلانـەکە ئەنجام درا، مـن وەك کـادیری پزیشـکی بەشـدار بـووم، لـە شـەڕەکەدا شـەهید و برینـدارمان هەبوو، کە توانیمان بریندارەکان تیمار بکـەین، هاوکـات چـەند کـادیرێکی پزیشـکی لـێ بـوو لەوانـە: د. ئارام، د. نەبەز و بەندە، دوای دڵنیـابوون لـە گرووپـی خـوێنی هـەردووڵا توانیمـان

لەگەڵ د. ئارام لە سێكانیان خوێن بە بریندارەكان بدەین، بریندارێك بەناوی هەڤاڵ ئازاد داربەسەریی نێردرا بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، د. دكتۆر ئارام لەگەڵی چوو.

دوای گرتنی تەقتەق ئێمە لە ئۆمەر گومبەت شەوێك ماینەوە، بەرەو قەمبەر چووین فڕۆكە بەردەوام مووشەكبارانی دەكردین، بڕیار درا كەوا هێرش بكرێتە سەر (قاطع جعفر بن منصور) و ڕەبایەی شێراوە لەسەر ڕێگای كەركووك نزیك قوشتەپە، كە توانرا سەركەوتن بەدەست بێت، بەڵام شەهید و بریندارمان هەبوو كە توانیمان لەوێش خزمەتی پزیشكی پێشكەش بكەین، دوای ئەم سەركەوتنە بۆ سنووری مەڵبەندی سێ و دواتر بۆ تیپی ٧٨ی كارووخ گەڕاینەوە، شەهیدەكەمان ناوی هەڤاڵ مام ئەحمەد بوو خەڵكی دۆڵەڕەقە بوو تەرمەكەیمان هێنایەوە.

حكومەتی بەعس دەستی بە كیمیابارانی وەرتێ كرد، هەڤاڵ ڕەسووڵ قەندە و هەڤاڵ محەمەد سەیدە لەگەڵم هاتن بۆ شوێنی كیمیابارانەكە، من سوودم لەو خولە بینی كە لە كرماشان بینی بووم، جلی تایبەت و خەرتومی تایبەت كە فلتەرەیشن بوون بەستم، بەهۆی وەرەقەی هەڵسەنگاندن توانیم دەستنیشانی بكەم كە جۆرەكەی چییە، وەك هەواڵیش بۆ دەنگی گەلی كوردستانمان نارد.

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨دا حكومەتی بەعس هەوڵیدا هێرشی بەرفراوان بكاتە سەر ناوچە ئازادكراوەكان لە سەركردایەتیەوە دەستی پێ كرد سنووری ئێمەشی گرتەوە، لە دۆڵی خانەقا و سنووری زینی وەرتێ–ڕانیەوە لە سنووری دەرگەڵە، لەو چەند ڕۆژەی كە بەرگری كرا برینداری زۆرمان هەبوو، چەندین فەرماندە و پێشمەرگەمان شەهید بوون، كە بەپێی توانا و هەبوونی دەرمان و پێداویستی پزیشكی خزمەتمان كردن، لە كاتی كشانەوەمان ژمارەیەك هاووڵاتی بەهۆی غازی ژەهراوی توشی هەناسە تەنگی بووبوون، هەوڵماندا خزمەتگوزارییان پێشكەش بكەین، بەرەو سایە و سێوكان كشاینەوە، كە بەرەكەمان كەوتە

هەڵەموند و بێترخێن و زنجیرە چیای پشتی گوڵان، سێ مانگ بەرەکە درێژەی هەبوو لەم شەڕەدا برینداری زۆرمان بەخشی.

کادیرێکی تەندروستی بەناوی د. عەلی، کە سەر بە تیپێکی سنووری مەڵبەندی سلێمانی بوو کەسێکی زۆر دڵسۆز بوو، دوو هەفتە پێش کشانەوە هاتە بەرەکە، ئیدی لە سنووری ڕێکخستنەکانی هەریر و چوارقوڕنە و دۆڵێ دەرمان و خواردنمان بۆ دەهات، ئەندامی ڕێکخستنەکان زۆر دڵسۆز بوون، تۆپبارانی زۆر سەختمان لەسەر بوو، ڕۆژێکیان هەڤاڵ حەسەن کوێستانی دوو پێشمەرگەی لەگەڵ ناردم بۆ گەرروومەنجەڵ، کە دەکاتە بەشی دواوەی هەڵەموند، شاخێکی سەختە، شوێنی پشوو بوو، بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو تۆپانەی کە دەهاوێژرێن لە کاتژمێرێکدا چەندە بژمێرم، ئێمەش تۆپەکانمان ژمارد، کە لە کاتژمێرێکدا ژمارەیان ٦٠٠ تۆپ بوو، بەڵام کە گەڕاینەوە گوتمان ٤٠٠ تۆپە، لە ئێزگەی گەلی کوردستان خوێندرایەوە، لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە و ئەو شوێنەی کە باسمان کرد پتەو بوو، بە سەر هەڤاڵانماندا ڕووخا، بووە هۆی بریندابوونی ژمارەیەك پێشمەرگە و فەرماندە، هەڤاڵ ڕەسووڵ مەولود جێگری لێپرساوی تیپ بوو لەگەڵ هەڤاڵ هیوا ڕەزانی شەهید بوون، لێرەوە دەنگۆی وەستانی شەڕی عێراق-ئێران پەیدابوو. هێرشەکان کەم بوونەوە، حکومەت خەریکی خۆڕێکخستنەوە بوو، پێشمەرگەش بەشێکی بۆ شوێنی پشوودان هاتنەوە.

ئێوارەیەك جموجۆڵی دوژمن دەستی پێ کردبوو، ئەوانەی سەر شاخ ئاگاداربوون، بۆیە شەو ژمارەیەك پێشمەرگە نێردرانە سەر شاخ، لەوانە تیپێکی سنووری سلێمانی لێ بوو، ئێوارە لەگەل د. عەلی کە پێشتر باسم کرد لەگەڵ فەرماندەیەکی کەرت بەناوی هەڤاڵ فەرهاد دانیشتین بۆ یەکەم جار یەکترمان ناسی، گوتی هەواڵی بە دایك و خوشك و براکانی داوە بەیانی بێن بۆ لای، کە لە گوندی گوڵان یەکتر ببینن، دەزانم کشانەوەمان نزیکە، دەتوانم بەئاسانی بچم بۆ ئەو شوێنە، هەروەها پێم گوتوون یاپراخم بۆ بێنن، کەسێکی زۆر

بەڕێز بوو، کاتژمێر ٢ی شەو لای خێمەکەمانەوە یەکێك دەنگی دەهات، داوای منی دەکرد، کە بە دەنگیەوە چووم هەڤاڵ عەلی بوو، گوتی هەواڵێکی ناخۆش هەڤاڵ فەرهاد بریندار بووە، برینەکەی زۆر سەختە بەپەلە با بڕۆین، کە چووین هێنابوویانە بنکەی بەرەکە، بەڵام بەداخەوە تۆپی دەبابە لە نزیکی دابوو، خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، هەرچۆنێك بوو هەوڵماندا خوێن بەربوونەکەیمان ڕاگرت و ناردمان بۆ نەخۆشخانەی مەلەکان، کە نەخۆشخانەی بەرەکە بوو، بەداخەوە لە نەخۆشخانەکە شەهید بوو، بەیانی تەرمی شەهید فەرهاد بۆ گوندی گوڵان نێردرا، ئەو شوێنەی بۆ بینینی دایك و خوشك و براکانی دیاریکرا بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتە کە لە دڵی هەردوولایاندا بوو نەهاتە دی و خواردنی دەستی دایکی نەخوارد، ئیدی بوو بە گریان و فرمێسك ڕشتن، هەرگیز ئەم ڕووداوەم لە یاد ناچێت و کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتم.

لە ١٩٨٨/٨/٨ کە شەڕی عێراق–ئێران وەستا، هێزەکان بەرەو سنووری ئێران ئامادەکران بۆ کشانەوە، چەند یەکەیەکی پارتیزانی لەلایەن سەرکردایەتییەوە دروست کران، کە دوای کشانەوە لە ناوچەکان بمێننەوە، ڕۆژێك نامەیەکی هەڤاڵ حەسەن کوێستانیم بە دەست گەیشت تێیدا هاتبوو: من دونیا تاریك نابینم و بەئومێدم–بۆیە لەو یەکانەی پارتیزانی کە دروستمان کردوون هەڤاڵ سلاّح دیلمانی پێشنیاری کردووە، کە تۆ وەك کادیری پزیشکی لەو یەکەیە بمێنیتەوە، کە خۆشی دەمێنێتەوە، ئێوارە لەگەڵ هەڤاڵ سلاّح یەکترمان بینی گوتی: (ڕووحی برا)ی با پێکەوە بین، هەروەها هەڤاڵ حەسەن کوێستانیش دەمێنێتەوە، دیاربوو لەگەڵ هەڤاڵ عەبدولڕەزاق بەرپرسی ڕێکخراو قسەی کردبوو، دوای دوو ڕۆژ نامەیەکی هەڤاڵ عەبدولڕەزاقم بۆ هات، هەمان شتی داوا کردبوو کە لەگەڵ یەکەی کارووخ بمێنمەوە، منیش بڕیارمدا و ئیدی وەك پارتیزانی دوای ئەنفالەکان مامەوە، هەندێك دەرمان و جلی زستانە و پێداویستیم لە چیای کارووخ نزیك سایە و سێوکان شاردەوە.

ئەو ڕۆژەی کە کشانەوەی گشتی کرا، بەرەکەی ئێمەش بەرەو کوێستانی وەرتێ لەگەڵ هێزەکەدا کشاینەوە، بەیانی زوو کاتژمێر ٦ هێزەکانی دوژمن لە سێ لاوە هێرشیان هێنا، تەنها پشتمان چیای کارووخ بوو، هەموومان لێك دابڕاین تەنها دوو پێشمەرگەم لەگەڵ بوو بە ناوەکانی هەڤاڵ عومەر ڕەشید و هەڤاڵ محەمەد قادر، دوای سێ ڕۆژ لەگەڵ هەڤاڵ سلاح یەکترمان گرتەوە و بەرەو چیای کارووخ ڕۆیشتین، چونکە ناوچەکە هەمووی دەستی بە سەردا گیرا و بارەگای سوپای عێراقی لێ جێگیرکرا، لە ڕێگەی (بێ سیم) توانرا پەیوەندی بە هەڤاڵ حەسەن کوێستانی بکەین، دوای ١٠ ڕۆژ لە چاڵە بەفرێك لەسەر چیای کارووخ یەکترمان گرتەوە، پاڵەپەستۆی زۆرمان لەسەر بوو، ئاو نەبوو بخۆینەوە بەفرمان دەتواندەوە، خواردنیشمان بەرەو نەمان دەچوو، من وەك کادیری پزیشکی لە کاتی نەخۆشکەوتنی پێشمەرگەکان ئەوەی پێمان بوو بەکارمان دەهێنا، زیاتر سەرما کاری تێ دەکردین، چل ڕۆژ نەمان توانی تەنانەت یەك جار سەرمان بشۆرین.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی بڕیاریدا بکشێینەوە و ڕووە و ئێران بڕۆین، لە ڕێگا هەڤاڵ حەسەن کوێستانی تووشی ئازارێکی زۆری گورچیلە بوو، باش بوو دەرزی و حەبی ئازارشکێنمان پێ بوو، ئازارەکەمان ڕاگرت، چونکە دەبوایە بەپێ بڕوات چار نەبوو، ڕێگاکەشمان بە هێزی دوژمن تەنرابوو، ئیتر گەیشتینە ئێران و ژیانی ئاوارەیی دەستی پێ کرد.

دوای چوونمان بۆ ئێران لە ئالۆوتان بووم کە بارەگای مەڵبەندی سێی لێ بوو، بنکەیەکی تەندروستیمان کردەوە، کە نەخۆشخانەکەی قاسمەڕەش دەرمانی بۆ دابین دەکردین، بێ جیاوازی خزمەتی پێشمەرگە و ئاوارە و هاووڵاتیمان دەکرد، لە ساڵی ١٩٨٩ لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکدا لە قاسمەڕەش بە سەر ئۆردوگای

ئاوارەکاندا دابەشی کردین، تا هەڵایسانی ڕاپەڕین لە ئۆردوگای هەنگەوێ و لاوێن بووم، ئەو کات هەموو ئۆردوگایەك بنکەی تەندروستی هەبوو.

لەگەڵ یەکەم هێزی پێشمەرگە و لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕین لە ڕانیە و قەڵادزێ، ئێمەش لە ٥ و ٧ی ئازار گەیشتینە ڕانیە، کە شارەکان ئازادکران من لە شارۆچکەی هەریر ئەرکم پێ سپێردرا، بەهاوکاری جەماوەر و ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك توانیمان نەخۆشخانەی هەریر بپارێزین.

ئیدی لێرەوە و لە دوای ڕاپەڕین ژیانم بە قۆناغێکی دیکەدا تێپەری، لە ساڵی ١٩٩٣دا بەشداریم لە خولی سێهەمی پەیمانگای کادیرانی (ی.ن.ك)دا کرد، دواتر بووم بە ئەندامی کۆنگرەی (١ و ٢ و پلینیۆمی ٣)، دوا پلەی ڕێکخستنم لە کاری حیزبیدا لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٥—١٩٩٧ کارگێڕی مەڵبەندی سۆران بووم، دوای ئەم قۆناغە و لەگەڵ دروستکردنی مەڵبەند و کۆمیتەکان، سەرەتا وەك ئەندامی کۆمیتەی چۆمان دەست بەکار بووم، لە ساڵی ١٩٩٨ بەمەبەستی کاری کارگێڕی داوام کرد بچمە ناو حکومەت، هەر لەو ساڵە وەك ڕاوێژکار دەست بەکاربووم.

ماوەی ٢٠٠١—٢٠٠٢ جێگری لێپرسراوی بەشی تەندروستیی شۆڕش بووم لە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ماوەی چوار ساڵ لە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی سلێمانی کاری ڕاوێژکاریم کردووە، ئیدی دوای یەکخستنەوی هەر دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بە هەمان پلە خانەنشین کرام.

لە ساڵی ٢٠٠٩ گەڕامەوە سەر ئەرك وەك بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە کار بووم، لەو ماوەیەدا لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بەشداری چەندین خولی ڕاهێنان و کۆنفرانس و ۆرکشۆپ و سیمینارم لە بوارەکانی کارگێڕیی، یاسایی، ماڤی مرۆڤ، ماڤی منداڵان، هونەری کارکردندا کردووە، لەوانە لە ناوەوەی

هەرێم (دوو کۆنفرانس، ٢٨ وۆرکشۆپ، ١٨ خول، ٥ سیمینار)، لە دەرەوەی وڵات (٢ کۆنفرانس، ٦ وۆرکشۆپ، ٥ خول، لە ئـەمرکا، ئیتاڵیـا، پۆڵەنـدا، فینلەنـدا، سـوید، تـونس، ئـوردن، لوبنـان، ئێران و تورکیا)، ئێستاش بەردەوامم لە ئەرك و بەڕێوەبەری گشتی چاكسازیی کۆمەڵایەتیم لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان. هـەروەها خێزانـدارم و بـاوکی پێـنج منـداڵم، دواتـر بڕوانامـەی بـەکالۆریۆس و ماسـتەرم لـە بـواری یاسـادا بەدەستهێناوە، شارەزاییم لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی هەیە[١٠].

---

[١٠]- ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (د. ئاری)، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٧.

ئیبراهیم فەتاح قادر (د. برایم)

لە ساڵی ١٩٦٢ لە شارۆچکەی ماوەت لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە ماوەت تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی پزیشکیم لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٢ تەواو کردووە، ئەو ئامادەییە لە ١٩٧٩ کرایەوە هەر ئەو ساڵە لەوێ وەرگیرام، مامۆستاکان هەموو پرۆفیسۆر بوون لەوانە دکتۆر بەکر و دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕیس هەم پزیشك و هەم مامۆستا بوون زۆرینەی پەرتووکەکانیش بە عەرەبی بوون، لە ساڵی ١٩٧٩ لە پۆلی شەهید ئاشتی لە ماوەت بووم بە ڕێکخستن، ئەم کات هەڤاڵ سەیید ئەحمەدی ماوەتی لێپرسراوی ئەو پۆلە بوو، تا ساڵی ١٩٨٣ لە کاری ڕێکخستن بەردەوام بووم، هەر لەو ساڵە بووم بە پێشمەرگە بۆ ماوەی ساڵێکیش لە کەرتی ڕێکخستنی چوارتا بووم، دواتر وەك پێشمەرگە و پزیشك و برینپێچ لەگەڵ پێشمەرگەدا بەشدار دەبووم، ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ کردووە، هەروەها بەهۆی شارەزاییمانەوە لە گوندەکاندا سوودیان لێ دەبینین، جگە لەوەی من بە ئەزموون خۆم فێری ددان کێشان و تیمارکاری و برینپێچی و گوللە دەرهێنانەوە لە لەش کردووە، واتە بووم بە دکتۆری تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، کە لە چوارتاوە دەستپێدەکات تا ماوەت و دۆڵی زەروون و سەفرە و گەلاڵە کە دراوسێی تیپی ٣١ بووین، کە هەڤاڵ عەلی چوارتایی سەرتیپمان بوو، (ئێمە وەك تیپی ٣٧ بە گشتی لە مێژووی تیپەکەدا ٤٦ شەهیدمان هەیە).

دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی شەهید بوونی مامە ڕیشە لە حکومەت درا، لە قەڵاچوالان سێ چوار جاش کوژران لە چەمچەماڵ و دوکان و سلێمانیش بەهەمان شێوە، ئەوە سەرەتای تێکچوونی دانوستان بوو، کە دانوستان ماوەی ساڵێك بوو بەردەوام بوو، هەندێك لە پێشمەرگە دابەزیبوونە ناو شار، حکومەت هەندێکی لێ بە دیلگرتن و هەندێکی شەهیدکردن، هەندێکیش بەهۆکاری تایبەتی هەر دانەبەزینە ناو شار، دواتر کە دانوستان تێکچوو، چوونەوە شاخ، دواتر هەڤاڵ عەلی چوارتایی سەرتیپ لە شەڕی شاخی کەتوو شەهیدبوو، چەندین برینداریان هێنا، تا تیماریان بکەم، ئەو چالاکییە زۆر گەورە بوو حکومەتی بەلەرزە هێنا و زیاتر لە پەنجا بۆ شەست کوژراویان هەبوو، جگە لەوەش هاووڵاتیمان چارەسەر دەکرد لە گوندی کوڕاوێ و گردەزبێر و وەڕاس، شەوان دەرمانمان لە سوورە قەڵات و ماوەتەوە دەهێنا.

شەوێك چووین بۆ دەرمان بۆ سوورەقەڵات، کارمەندانی تەندروستی بنکەکە کە هاوڕێی کاتی خوێندنم بوون، داوای دەرمانمان لێ کردن، بۆ ئەوەی ئەوان تووشی لێپرسینەوە نەبن، پێمان گوتن کلیلەکەمان بدەنێ کردمانەوە و بەپێی پێویست دەرمانمان برد، لە ڕێگەی گەڕانەوە من و هەڤاڵ ڕەئووف کە خەڵکی سوورەقەڵات بوو، لەگەڵ ئیبراهیم ناوێك هەر خەڵکی سوورەقەڵات بوو، بەڵام هەڵهاتوو (فیرار) بوو پێشمەرگە نەبوو، کەوتینە کەمینی هاوبەشی جاش و سەربازەوە، دەنگیان داین و تەقەیان لێ کردین و ئێمەش دەستمان کردەوە و بەرگریمان کرد، ئەو دوو کوڕەی کە دەرمانەکەیان پێ بوو پێم گوتن ئێوە ڕاکەن و دەرمانەکە بەرن منیش مامەوە و بەرگریم دەکرد، خۆشم بەهۆی پریشکێکەوە کە دابووی لە قاچم بریندار بووم، کشامەوە و ئەوانیش کشانەوە، بۆ سبەی بیستمان دوو بۆ سێ کوژراو و برینداریان هەبووە، بەڵام ئەو دوو برادەرە دەرمانەکەیان لێ بەجێمابوو، شەو بیرمان کردەوە ئەگەر دەرمانەکە دەستی بەسەردا بگیرێت ئەو برادەرانەمان لە نەخۆشخانەی سوورە قەڵات لە سێدارە دەدرێن، بەرەبەیان کاتژمێر چوار، چوار بۆ پێنج هەڤاڵمان گەڕانەوە بۆ دەرمانەکان، خۆشبەختانە لە شوێنی خۆی مابوو، وادیاربوو هەردوو لامان ڕامان کردبوو بۆیە نەگیرابوو، سوودی زۆرمان لەو دەرمانانە بینی، چونکە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ ئێمە ئەم ڕووداوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا بوو، کە پێشمەرگە و هاووڵاتی پێکەوە سوودیان لێ بینی بوو، چونکە ئێمە بەخۆڕایی دەرمانمان دەست دەکەوت، بەخۆڕایش چارەسەری هاووڵاتیمان پێ دەکرد، وەك ددان کێشان و قاچ وەرگەڕان و قاچ شکان.

دوای شەهید بوونی هەڤاڵ عەلی چوارتایی، هەڤاڵ جوامێر هێنرا بۆ شوێنی ئەو، کە لە تیپی ٣١ فەرماندەی کەرت بوو، لەو ماوەیە جۆرە ئاگربەستێك هەبوو لە سنووری تیپی ٣٧ لەگەڵ حکومەت بەهۆی بوونی مەرزی میراوا، کە سەرچاوەیەکی داهات بوو بۆ ی.ن.ك، بۆیە هەم ئەوان هەم ئێمە بێ جووڵە و چالاکی بووین.

دواتر ی.ن.ك بیری لە ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە کردەوە بۆ تۆکمەکردنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە، ئەویش شەڕی دابان هەلاج بوو، بەنزیکەیی هەموو تیپەکان تێیدا لە هەموو شوێنێکەوە بەشدار بوون، تا بە حکومەت بڵێین ئەوە دەرگای دانوستان و شەڕیشمان

دانەخستووە هەردووکیمان پێ دەکرێ، لەو شەڕە ١٧ سەنگەری حکومەت دەستی بە سەرداگیرا و ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژراو و بریندار بوون، ژمارەیەك چەك دەستی بە سەرداگیرا و چەکی قورسی نەگوێزراوە سوتێنران، ئەو کات تەنها پزیشك نەبووم، پێشمەرگەش بووم شەوی وا هەبووە هەتا بەیانی پاسەوانیم گرتووە، جارێك چەك و جارێك جانتا دەرمانەکەم هەڵدەگرت، ئێمە وەك سنووری خۆمان یەك شەهیدماندا کە خەڵکی شاناخسێ بوو، ئێمە لە سەنگەرێك بووین چەند کەسێك بووین یاریدەدەری پزیشك بووین برینداریان بۆ دەهێنایین، لە خوارەوەش نەخۆشخانەی سەرگەڵوومان هەبوو، بریندارەکانمان تیمار دەکرد و دەنێردرا بۆ بەرگەڵوو کە نەخۆشخانەی ناوەندی بوو، دەرمانی باشتری لێ بوو، بریندارەکانیش بە تەرەکتۆر و وڵاخ دەگوێزرانەوە لەوێ پزیشك هەبوون وەك دکتۆر شوان، هەرچی تیپی (٣٧)ە تا ساڵی ١٩٨٧ هەر منی لێ بووم، دواتر برادەرێك هات و کەم مایەوە و ڕۆیشت، دواتر دکتۆر موحسینیان بۆ ناردین، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مایەوە، هاوکات شەماڵی براشی لای ئێمە پێشمەرگەبوو.

لەو ماوەیە لە ماوەت ئەفسەرێك هەبوو ناوی موخلیس بوو زۆر توندوتیژ بوو بەرامبەر خەڵکی، کەوتە وێزەی گەنجان لە مەرکەزی ماوەت بوو کەسوکاری پێشمەرگەی دەگرت، لێرەوە تیپی ٣٧ بیری لەوە کردەوە ئەم ئەفسەرە بکوژن، لەسەر ڕێگای گوندی واژە لە نێوان ماوەت - سلێمانی هاتوچۆی دەکرد، ڕۆژێك هەواڵیان بۆ هێنایین کە سبەی ملازم موخلیس لە ماوەتەوە بەو ڕێگەیە دەچێت بۆ سلێمانی، تیپی ٣٧ کەمینێکی بۆ دانا، پێشتر گوتبوویان لە ئۆتۆمبێلێکی جێب قیادیدایە، کە ئۆتۆمبێلەکە هات من بەشداربووم بەس لە پێشەوە نەبووم، کە هات هەموو ئەوانەی لە ناو جێبەکەدا بوون کوژران، بەڵام کاتێك دەچنە سەریان هەموو مۆڵەت وەرگر بوون، بە هەر پێنجیان یەك چەکیان پێبوو، ئەو ئەفسەرە ئەو سەربازانەی بەو ئۆتۆمبێلە پێش خۆی خستبوو، بۆ ئەوەی ئەگەر تەقەشی لێکرا خۆی سەلامەت بێت، ئەوانی بەکارهێنا و خۆی دەرباز بوو، ئەمە بووە هۆی تێکچوونی ئاگربەست، ئیدی حکومەت لە هەرچوارلاوە لە دژی تیپی ٣٧ و لە قەڵاچوالان، ماوەت، سوورەقەڵات و کەناروێوە دەستی بە تۆپ باران کرد، بارەگای تیپ لە کوڕاوێ بوو، بۆ

ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا ویستمان لەبەر مەرزەکە ئاگربەستەکە دروست بکەینەوە، چونکە ئەو کات ی.ن.ك ڕۆژانە چەند هەزار دینارێکی لێوە دەست دەکەوت.

ڕۆژێك دوو سەربازی عەرەب بە چەکەوە پەنایان بۆ هێناین، ئێمەش نەمانتوانی ڕادەستی دوژمنی بکەینەوە، لە شاخی گمۆ سەنگەریان هەبوو، جگە لەوەش ئێمە لە هەر کوێ بووبین چەکی زیادمان دەدا بە خەڵکی تا لە دۆخی لەناکاو ببن بە هێزی پشتیوانی بۆ ئێمە و فریامان بکەون، لەوانە کەمین و پاسەوانی و چاودێری، چەند کەسێك لەوانەی کە چەکدارمان کردبوون ڕووە و ڕوومان بەڕاکردن دەهاتن و دەیانگوت هات! گوتمان چییە؟ گوتیان سەرباز کەوتە ناو کوڕاوێ، هەڤاڵ جوامێر عەرەبی نەدەزانی، منیش کەمێکم دەزانی، گوتی دکتۆر با بچین بزانین چییە، چووین و بانگی عەریفەکەمان کرد، گوتمان چییە، گوتی دوو سەربازمان ڕای کردووە، پێویستە ڕادەستمان بکەنەوە، ئەو سەربازەش دڵنیا نەبوو ئێمە پێشمەرگە بین، وای دەزانی جاشین، ئێمەش نەماندەویست دووبارە ئاگربەست بشکێنین، چونکە ئاگربەستەکە لە بەرژەوەندیمان بوو، لەو کاتەدا مەفرەزەیەك بە فەرماندەیی هەڤاڵ عوسمان بەرەو پشتی گوندەکە سەرکەوتبوون، لە ترسی ئەوەی نەبادا زۆربن و چواردەورمان بگرن و شەڕ بهێننە ناو گوندەکە، ئەفسەرێکی عەرەب کە لەگەڵ چەند سەربازێك هاتبووەوە خوارەوە کە چاوی بە مەفرەزەکە کەوتبوو، ڕاستەوخۆ دەمانچەکەی دەرهێنابوو دەستی کردبوو بە تەقە، ئەوانیش نەیانکردبوو بەنامەردی یەك گوللەیان پێوە نابوو لە تەپڵی سەری دابوو کوشتبوویان، ئیدی شەڕ دامەزرا، ئینجا کەوتینە دوای سەربازەکان یەك دووانێکیان لێ کوژرا و یەك دووانێکیان لێ بە دیل گیرا و هەندێکیش هەڵهاتن، ئەم شەڕە بە شەڕی کوڕاوێ ناسراوە، مەیتەکانمان بۆ حکومەت ناردەوە تا ئاگربەستەکە تێك نەچێت، ئەم شەڕە لە سەرەتای ساڵی هەشتا و شەشدا ڕوویدا.

دوای دوو ڕۆژ حکومەت لە کونجرین و کوڕاوێ و لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرشی بۆ کردین، ئەوبەری کوڕاوێ پێیان دەگوت سیرەمێرگ، هەڤاڵ محەمەد حاجی سەعید چوارتایی و کۆمەڵێك پێشمەرگە پێشیان بە حکومەت گرت، ئێمەش بەبەری کوڕاوێوە پێشمان بە حکومەت گرت، لە خوارەوە کەرتی دوومان هەبوو لە کونجیرین بەریان بە حکومەت گرت، شەڕ بە جۆرێك دەستی پێ کرد لە هەرچوارلاوە بریندارمان بۆ دەهات، بەڵام کەمیان

مەترسیدار بوو، ڕاستەوخۆ تیمارمان دەکرد، لەم شەڕە پێشمەرگەیەك بەناوی ستار کە خەڵکی سلێمانی بوو شەهید بوو، هەر لە کوڕاوێ ناشتمان، بەڵام ڕەنگە حکومەت لە هەموو قۆڵەکانەوە سەرووی دوو سەد کوژراوی هەبووبێت، لە جاش و لە سەرباز، تۆپبارانەکە بۆ ماوەی نزیکەی یەك مانگ بەردەوام بوو، کەم ڕۆژ هەبوو بریندار نەدەین، لە شەڕەکە ئەم برادەرانەمان بریندار‌بوون: (محەمەد حاجی سەعید، بەکرە بچکۆل، عوسمان ماوەتی، وەستا فاروق... هتد)، وەستا فاروق RBG نابوو بە فڕۆکەوە، هەرچی لەشی هەبوو سووتابوو، هەموو ئەمانە ئێمە تیمارمان کرد، هەروەها حاجی سەراوی پارچە دابووی لە قاچی بەخراپی بریندار بووبوو، دکتۆر حەسەن گەرمیانی بەمەبەستی هاوکاری هاتبوو بۆ لامان، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵ مەفرەزەکەی هەڤاڵ مەحموود سەنگاویدا بوو، لە گوندی وەڕاس دوو شەهیدیان دابوو، یەکیان ناوی (مەلا ڕەحیم) بوو، ئەو هێرشەی گوندی وەڕاس لە بەیانی کاتژمێر چوارەوە هەتا دوازدەی نیوەڕۆ درێژەی کێشا بوو، فڕۆکە تێیدا بەشدار بووبوو، جاش و سەرباز پێکەوە هێرشیان کرد بوو، جگە لە دوو شەهیدەکە سێ بریندار هەبوو، هێنایان تیمارمان کردن، پارچە بەر قاچ و شان و سەریان کەوتبوو، چونکە فڕۆکە زۆر بەخراپی بۆردومانی کرد بوو، هۆکاری ئەوەی برینی بریندارەکان شان و مل بوو، ئێمە سەنگەرمان لێدەدا و هەموو لەشمان بەدەرەوە نەبوو، بۆ نموونە شەهید محەمەد حاجی سەعید حەوت جار بریندار بووە، سێ بۆ چوار جار خۆم چارسەرم کردووە، خۆشم سێ جار بریندار بووم، بە گشتی لە تیپی ٣٧ کەم کەس هەیە بریندار نەبووێت، ئیدی دوای ئەو مانگە لە شەڕ گوندی کوڕاوێ داگیرکرا، هەڤاڵ عوسمانی ڕابە بریندار‌بوو شانی پارچە لێی دابوو بێ ئەوەی پاڵی بخەم بە پێوە دووریومەتەوە، جگە لەوەش هەموو دەرمانەکەی ئێمە بە کۆڵمانەوە بوو، بوتڵێك پاکەرەوە و پێداویستی سارێژکاری و لەفاف و دیتۆڵ و دەرزی دژە هەوکردن، زۆرجار ڕێکخستن دەینارد و هەندێکجاریش خۆمان پەیدامان دەکرد، پێویستە بڵێم (ی.ن.ك) لە ڕووی ڕێکخستنەوە زۆر بەهێز بوو، ڕێکخستنەکان لە هیچ نەدەترسان، ئێمە بەو شەڕە دەڵێین داستانی کوڕاوێ، ئەو کات هەڤاڵ فەرهاد سەنگاوی لە ئێزگەوە باسی دەکردین، ئێمە سنوورەکەمان بۆ گەشە بچووك بوو، لە چوار کەرت

پێکهاتبوو، بەشی کۆمەڵایەتیمان هەبوو چوار کەس بوون، کەرتی ڕێکخستنمان هەبوو لەگەڵ ناوچەی شۆڕشگێڕان، کۆی گشتی لە نێوان ٦٠ بۆ ١٠٠ کەس دەبووین.

هەر لە ١٩٨٦ فڕۆکە لە میراوا بۆردومانی کردین، هەڤاڵ عوسمانی ڕابە و سێ پێشمەرگەی دیکە بریندار بوون، یەکێکیان ناوی هەڤاڵ شۆڕش بوو، یەکێکیشیان ناوی هەڤاڵ تەها بوو، دواتر لە کوڕاوێ کشاینەوە لە نێو دۆڵێکدا بە سەر پێوە سارێژکاریم بۆ کردن، هەر هەمان ڕۆژ هەڤاڵان، سەلیم ئاغا و بەکر فەتاح کە لەوێ بەرپرس بوون گوتیان ئێمە پاشەکشە دەکەین، پێویستە بچن لە ماوەت ولاخ بێنن، لە نێوان میراوا بۆ ماوەت دوو کاتژمێر ڕێگە بوو، دەبوو ئەو شەوە بچین پەیدای بکەین و بیهێنین بۆ میراوا یەکسەر باربکەین و بڕۆین، هێزی بەرگریمان کەم بووەوە، بۆیە پاشەکشەمان کرد، من و هەڤاڵ عوسمان ماوەتی کە پارچەیەکیش بە شانییەوە بوو لەگەڵ دوو برادەری دیکە چووین لە ماوەت ولاخمان پەیدا کرد، هاتینەوە و بارمان کرد و چووینە گوندی سەفرە بە بەری شینکایەتی ماوەتەوە، بۆ ماوەیەك بارەگامان لەوێ دانا.

هەموو ڕۆژ لە ماوەتەوە تۆپبارانی بارەگاکانی هەڤاڵ مام جەلال لە یاخسەمەر و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو دەکرا، تیپی ٣٧یان نارد تا تۆپبارانی ئەو ناوچەیە بکەین، هاوانێك و ٢٧ گوللەمان هەبوو بە ولاخ گواستمانەوە بۆ پشتی ماوەت تا لە حکومەت بدەین، دوو سێ ڕۆژ ماینەوە حکومەت هیچ تۆپبارانێکی نەکرد، پێمان ڕاگەیەندرابوو تا حکومەت تۆپ هەڵنەدات ئێمەش تۆپباران نەکەین، ئێوارەیەك حکومەت دەستی کرد بەتۆپبارانی یاخسەمەر و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، ئێمەش بە هاوەن دەستمان کرد بەتۆپباران، تۆپێکی ئێمە دابووی لە ماڵێك لە نزیکی سەربازگەکە، بەدەستی ئێمە خاوەنی ماڵەکە شەهید بوو، چەند کەسێکان کەمئەندام بوون، بە تەمەنی ناو تیپەکەی ئێمە من و هەڤاڵ حەمە هەژار و سێ چوار برادەری دیکە بووین کە لەدایك بووی ١٩٦٢ بووین، هەمووی لە ئێمە مندالٚتر بوو لە کاتێکدا باسی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ دەکەم.

دوای ئەوەی لە سەفرە ماینەوە بریندارانی ناوچەکانی دیکەیان بۆ دەهێنایین، لە ولاخلوو بەشداریمان لە شەڕێك کرد و پێنج بریندارماندا، یەکێك لەوان ناوی هەڤاڵ کاروان بوو قاچی لایەکی لێ ببووەوە بۆیمان سارێژ کرد و دووریمانەوە و چاك بوویەوە، دواتر

گەڕایەوە بۆ بەرەی شەڕ و شەهید بوو، تا چووینە شاناخسێ هەر خۆم بووم وەك دكتۆر و برینپێچ، هەر ئەو ماوەیەی لە سەفرە بووین حكومەت هێرشی كرد هەتا من و جەلالی ئامۆزام لە پێشی پێشەوە بووین لەگەڵ كوڕێك كە ناوی عەتا بوو، ئەوكات مەفرەزەكان بچووك بوون لەبەر هێرشی فڕۆكە تا زیان كەم بێت، ئێمە هەر سێكمان شەڕێكی دەستە و یەخەمان تووش بوو (RBG)ـیەك و بیست گوللەمان پێ بوو، هەر یەكە و چەكی خۆمانیش پێ بوو، ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ هەر جارێك كۆمەڵ دەبوون بە (RBG)یەكە لێمان دەدان ڕەنگە بیست سەربازمان كوشتبێ، بۆ شەوەكەی پاشەكشەمان كرد، چونكە نە ئالوگۆڕ دەكراین نە چەكمان بۆ دەهات، هەر ئەوەندە چەك و فیشەك بوو كە پێمان بوو، دواتر بەرەو گوندی زەروون بەڕێكەوتین، بینیمان چەند چەكدارێك لە ناو گوندەكەن وامانزانی جاش گرتوویەتی، بوو بە تەقە، كەسێك بریندار بوو كە چووین بینیمان سەربازێكی هەڵهاتوو (فریرا) بوو، ناوی قادر بوو، من سارێژم كرد دەستی شكابوو، بە تەختەی سندوقی سێو قۆڵیمان بۆ هەڵبەستەوە كە بە چەقۆ چاكمان دەكرد، لە هەر چوار لای دەستیمان دەدا، تا دەستی خوار نەبێت، لۆكەمان دەخستە سەر برینەكەی، بە لەفاف دەمان پێچا، تا دەگاتە نەخۆشخانە، ئێمە پەڕینەوە و چووینە شاناخسێ ڕۆژانە تۆپباران هەبوو شەهید و بریندار زۆرماندا، لە كۆتایی ١٩٨٧ حكومەت بەكیمیایی لە شاناخسێیدا، هاوكات لە مالومە، سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، بالیسان، سێوسێنان و گۆپتەپەیدا، ئیدی بەردەوام لە شاخی گمۆوە لەسەر تیپی ٣٧ تۆپباران هەبوو، ئێمە بریندارمان زۆر بوو ژوورێكمان ڕێكخست، ئێرانیش دەرمانی پێ دەدان، ڕۆژانە بریندارمان تیمار دەكرد.

هەرچی داستانی ڕزگاری و قەیوان ماوەتە، ئێمە لە شاخی گوڵێ لە پشتی ماوەت شەڕێكی دەستەویەخەمان لەگەڵ حكومەت كرد، دواتر تێكەڵكرا ناویان نا شەڕی قەیوان – ماوەت چونكە لە هەردووكی شەڕ هەبوو، كە ناوچەیەكی فراوان بوو سێ مانگ زیاتری خایاند، لەو شەڕە هەڤاڵ سەلیم ئاغا بریدار بوو، قۆڵی شكابوو، قۆڵیم هەڵبەستەوە و سارێژكاریم بۆ كرد، هەڤاڵ سەلام من تیمارم كردووە، شەهید بەهادین پیشتر بریندار بوو تیمارم كردووە، هەروەها هەڤاڵ ڕزگار بریندار بوو تیمارم كردووە، دواتر شەهید بوو، هەڤاڵ جەمال عەلی گوللە لە دەستی دابوو خۆم بۆم تیمار كردوو و بۆیم دووریيەوە، كە

ساڕێژکردن و ئاو هەڵواسین و دەرزی دژە ژەنگمان بۆ دەکرد، لە شاخی ماوەت نزیکەی ١٠ بریندارمان هەبووە، بریندارێك لە کەرتی دوو، سێ برینداریش لە کەرتی تیپ، هەڤاڵ عەبدوڵڵا وسوو و هێزێك هاتن نزیکەی دە ڕۆژ بەرەیەکیان لێ وەرگرتین زۆر باش بوو بۆ ئێمە، ئەوانیش بریندارێکیان هەبوو بەناوی هەڤاڵ ڕەحیم باوزێیی بریندار بوو من تیمارم کرد گولله لە قاچی دابوو بەس نەیشکاندبوو، هەروەها هەڤاڵ عەبدوڵڵا مەحموود هاوەنێك دابووی لە نزیکی کاسی کردبوو، هێنایان گوتیان چی لێ بکەین؟ منیش کە سەیرم کرد، ڕەنگی تێکنەچووبوو، ڕەنگی چاوی تێکنەچووبوو، مەترسی مردنی لەسەر نەبوو، سپرایەکمان پێ بوو لە لووتیماندا، یەك ئاوی موقەتەرمان پێ بوو لێماندا، (کە شتی وا نابێت، بەس من نەمگوت دەرزیمان نەماوە)، کە هۆشی هاتەوە، بینی گۆشت هەڵواسراوە کە بەراز بوو کوشتبوومان جنێوی بە سەرتیپەکەی خۆیاندا گوتی بۆ خۆتان گۆشت دەخۆن و ئێمەش نانەوردە دەخۆین، لەو هێرشە گەورەیەی کە کرایە سەرمان نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ جاش کوژران، دواتر ئێمە کشاینەوە، توانای بەرگریمان هەر ئەوەندە بوو، چووینەوە بۆ شاناخسێ، بریندارێکی دیکە بەناوی هەڤاڵ بەکر ڕیخۆڵەکانی هەوی کردبوو، لەناوەوە بڕابوو، دوای تیمار و چارەسەری سەرەتایی، گوتیان کاکە با بەجێی بهێڵێین، گوتم کاکە شورەییە جێهێشتن نییە، بە دوو دار بەتانییەکمان بۆ کردە دارەمەیت، سێ کاتژمێر بە هەورازدا ڕووەو سەر سەرمان خستووە، خۆشبەختانە دواتر بە وڵاخێك ناردمان بۆ ئێران، تا ئێستاش ماوە خەڵکی گوندی قەشانی لای ماوەت بوو، ئەمەش سیفاتی پێشمەرگە بوو، هەروەها دیلی دوژمنیش کە دەگیرا نەدەکوژرا و دەبوو بەئەندامێکی پێشمەرگە.

لە شەرێکی دیکەدا لە شاخی زین و سپی، کە هەر لە داستانی ڕزگاریدا بوو ئێرانییەکان ویستیان بچن ئەو شاخە بگرن، هەڤاڵ عەبدوڵڵا وسوو و هەڤاڵەکانی لەو شاخە بوون، پێشمەرگەیەك هەبوو بەناوی هەڤاڵ حەمە مۆریاسی کاتی خۆی مستەشار بووە، ساڵی ١٩٨٦ بە خۆی و فەوجەکەیەوە هاتە ناو پێشمەرگە، ئەم شەڕەش ساڵی ١٩٨٧ بوو، هەڤاڵ حەمە مۆریاسی لەگەڵ ئێمە هات بۆ بێترخێ بۆ ئەوەی بچین هەڤاڵ عەبدوڵڵا وسوو بگۆڕین، هەڤاڵ ئارام لەوێ بوو کە یاریدەری پزیشك بوو لەگەڵ حەمە مۆریاسی بوو، ئیدی هەر لە هەنگاوی یەکەمدا کەوتینە کەمینەوە، لێدراین و دەرمانەکەمان لە وڵاخێك بار

کردبـــوو، ولاخەکـــە بەرکـــەوت و گیـــانی لەدەســـتدا و دەرمانـــەکانیش کـــەوتن، مـــن و پێشـمەرگەیەکی دیکـە چـووین دەرمانـەکان بهێنینـەوە، هـەر لـەوێ حـەوت برینـدارمانـدا، هەڤالان حەمە هەژار، بەکر فـەتاح، تـەها مـاوەتی و عوسمـان لـە برینـدارەکان بـوون لێـرەدا دەمەوێت ئەو دیمەنە بگێڕمەوە: **"بە تاریکی بەبێ ئەوەی بتوانین لایت هەڵبکەین، چونکە هەر چوارلامان کەمین و سەرباز و جاش بوو، ئاشکرا دەبووین، ناچار بەتاریکی بەدەست بە لەشی بریندارەکەدا دەگەڕاین تا دەستمان بەر برین و خوێن دەکەوت و پەنجەمان دەکرد بە برینەکەدا بەوە دەمانزانی برینە هەر بەو تاریکییە تیمارم دەکرد، برینداره‌کە بۆی نەبوو بەهاواریش کەمێك ئازاری خۆی بشکێنێ و ئەو ئـازارەی دەخـواردەوە، ئیـدی بهێنـە پـێش چاوی خۆت ئەو دیمەنە چۆن بووە!"** پێشمەرگەیەکمان بەناوی هەڤاڵ زەردەشت برینـەکەی سووك بوو، خەڵکی هەولێر بوو، ئێمە لە برینە قورسەکانەوە دەستمان پێ دەکرد، هەنـدێك لە دەرمانەکانمدا بە دکتۆر ئارام تا ئەویش لەو لاوە کاری خـۆی بکـات، ئـەو زەردەشـت نـاوە گـوتی لەبەرئـەوەی مـن هـەولێریم بۆیـە تیمـارم ناکـەن، گـوتم کاکـە گیـان هیچـتان بـۆ مـن جیاوازیتان نییە، من لەم شیوە کاتژمێر دووی شـەوە ئێـوە تیمـار دەکـەم هێشـتا منـەتم بـە سەردا دەکەن؟ تۆ برینەکەت خوێنی لێ ناڕوا، هی ئەوانی دیکە شکاوی تێدایە، خوێنیان لـێ دەڕوا، یەکێك لەوانە ناوی هەڤاڵ کامەران بوو، قاچی لە خـوار ئـەژنۆی بـە سـێ سـانتیمەتر شکابوو بە تەختەی سندوقی سێو بۆم گرتەوە، بەو پێداویستییە سەرەتاییانە وام کرد چاك ببێتـەوە ئێسـتاش مـاوە و بـە ئاسـتەم دەشـەلێت، ــ ئێسـتا کـە لـە شـەقامی ئـۆرزدی شـاری سلێمانی دەیبینم بەگاڵتەوە دەڵێت ئەو قاچەم هی تۆیە، خۆشـبەختانە زۆربـەی ئەوانـە لـە ژیاندا ماون، کە بۆ خۆی خۆشبەختییە بۆ من ــ.

هەر لە زینی سپی بۆ ڕۆژی دواتر سێ شەهید و حەوت برینـدارمانـدا، هێنایانن بـۆ لای ئێمە، پاسەوانەکەی ئێمە هاواری کرد سەربازی لێیە، بۆیان چـووینە خـوارەوە بینیمـان دوو سەربازن، چەکەکانیان بەرز کردەوە و خۆیـان ڕادەسـت کـرد هێنامـان برادەرێکمـان دەیگـوت دەیـانکوژم نەمانهێشـت، چـونکە شـەڕیش یاسـای هەیـە لـە ڕووی مرۆڤایەتییـەوە نابێـت بکوژرێت، دواتر دیل بەدیلیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا پێ کر، بۆ مەگەر ئەمە باشـتر نـەبوو لە کوشتنیان!

له ساڵی ١٩٨٨ به مەبەستی ساڕێژکردنی بەرکەوتووانی کیمیایی لە شاخی شنروێ بۆ هەڵەبجە براین، نزیکەی چل بۆ پەنجا سەربازی پێوەبوو، ڕۆژی یەکەم کە بوو بەشەڕ هەموویانمان بە دیل گرتن، نزیکەی ٤٥ کەس بوون، تفەنگێکی (فاست)مان دەستکەوت، شەهید محەمەد ویستی تاقی بکاتەوە، فیشەکێکی پێ تەقان دای لە دارێك و پارچەیەکی بەر خۆی کەوت و لەوێ شەهید بوو، لە کیمیاییەکە نزیکەی دوو سەد بۆ سێ سەد بەرکەوتەم تیمار کردووە، بریندارێك بەناوی مەجید پارچەی بەرکەوتبوو دابووی لە قۆڵی نیوەی قۆڵی بڕی بوو، ئەو بەشەی قۆڵی کە مابوو خۆی بە چەقۆ لێی کردبووەوە! ئێمە برینەکەیمان بۆی پاك کردەوە، بەس نەمان دووریەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر کیمیایی پێوە بوایە دەچووە خوێنەکەیەوە و دەیکوشت، ئیدی ڕەوانەی ئێرانمان کرد، هەڤاڵ قادر خەبات لەو ڕووداوە لەوێ بوو زیاتر لە سەد بریندای کیمیاییمان شۆردووەتەوە، ئێرانییەکان لەسەر خۆپاراستن لە کیمیایی چەند خولێکیان بۆ کردینەوە، ئێمە وەك تیپی ٣٧ زۆربەمان ڕووپۆش (قیناع)مان هەبوو، پێشمەرگەش متمانەی بەوە نەبوو ئەم جلە لەبەر بکات دەیپارێزێت، ئەوەی لەبەری دەکرد دەیپاراست، ئێمە لە هەڵەبجە لەو شوێنەی لێی بووین حەوزێکی ئاوی لێ بوو، دەبوو بریندارەکان بشۆرینەوە، ساردبێ، یان گەرم چارە نییە، چونکە چارەسەری سەرەتایی کیمیایی تەنها شۆردنەوەیە، ئەوەی چووەتە سییەکانیشەوە ئیدی چارەسەری نەبوو، بەس بۆ بەشی ڕووکاری دەرەوە شۆردنەوەکە چارەسەر بوو، من خۆم هەر زوو ڕووپۆش (قیناع)م لەسەر کرد، بەڵام ئێستاش هەموو پایزێك سییەکانم هەو دەکات بە مانگ دەکۆکم، کە کاریگەری کیمیاییە، شەش بۆ حەوت ڕۆژ ماینەوە دەبینین مەیت لەسەر شەقام کەوتووە، کارەساتێکی زۆر خراپ بوو، جارێك بە ناو هەڵەبجەدا ڕۆیشتین بینیمان ئۆتۆمبێلی سەربازی بە سەر مەیتدا ڕۆیشتیبوو، کەس نەدەچەمایەوە مەیتیش لابدا، دواتر گەڕاینەوە بۆ شاناخسێ.

لە گەڕانەوەمان بۆ شاناخسێ کیمیایی لە شاناخسێیدا هێشتا لەو پاسە دانەبەزی بووین کە لە بانەوە پێی هاتبووینەوە، بە برادەرانم گوت، کوڕینە ڕووپۆش (قیناع) ببەستن ئەو بۆردومانە کیمیاییە، گوتیان کاکە کیمیایی چی تۆ لە هەموو شوێن پێمان دەڵێی کیمیایی... کیمیایی، گوتم کاکە ئارەزووی خۆتانە، بیبەستن نامرن، نەیبەستن تووشی کێشە

دەبن، من لەبەرچاوی ئەوان ڕووپۆش (قیناع) و بارانگیر و دەستکێشم دەرهێنا و لەبەرم کرد، ئەمە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ بوو، دکتۆر کاوە بریندار بوو کە خەڵکی گوندی گوڵێی لای ماوەت بوو لە ١٩٨٧ گواسترابوویەوە بۆ تیپی ٣٧ وردە وردە لای ئێمە ئەزموونی زیاتری وەرگرت بوو، کە دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بوو، هەروەها بۆ خۆم بریندار بووم، دکتۆر هادی ساڵح سەعید لەوێ شەهید بوو لەوێ ناشتمان، ئێمە ئاگادار نەبووین برادەران لە چەند لایەکەوە گەڕاونەتەوە بۆ شاناخسێ ڕاستەوخۆ مووشەکەکە دابووی لەناو بارەگاکە، زیاتر لە ٣٠ – ٤٠ شەهید و ٥٠ – ٦٠ پێشمەرگە بریندار بوون، لەوانە هەڤاڵ سەیید ئەحمەد بریندار بووبوو، هەڤاڵ ئاسۆی شێخ عارفی کوڕاوێ فەرماندەی کەرت بوو بریندار بووبوو، دواتر بەو برینەوە شەهید بوو، هەڤاڵ عومەر دڕەیی بریندار بووبوو، مامۆستا ڕەئووف و شێخ عەزیز شەدەڵەیی شەهید بوون، ئیدی دوو ئۆتۆبۆسی گەورەمان پڕ کرد لە بریندار و بردمان بۆ ئێران و نەخۆشخانەکانی بانە، تاران و کەرەج، بەشێکیان لەوێ شەهید بوون، هەر نەمانزانی مەیتەکانیان چی بە سەر هات.

لە مانگی ٧ی ١٩٨٨ لە بانەوە هاتینەوە چووینە قەندیل و پێیدا هەڵگەڕاین و چووینە مەڵبەندی سێ لەوێ بۆ گوندی گەڕەوانی خواروو لە شاخێك ئەشکەوتێکی لێیە پێی دەڵێن (ئەشکەوتە سوور) ئێمەیان بردە ئەو شاخە بەرامبەر حکومەتی عێراقی، لە گەرمەی هاویندا ٤٥ ڕۆژ لەوێ بووین، ژیانی ئەو ٤٥ ڕۆژە بەس گێڕانەوە ئاسانە، چەند بریندارێکماندا لەوانە هەڤاڵان: تەها، مستەفا و ئاسۆ، لەوێ من تیمارم کردن، هەڤاڵ مستەفا قاچی شکابوو ورد بووبوو بۆم هەڵبەستەوە، ناردمانەوە بۆ ئێران ٤ ڕۆژ بە پشتی وڵاخەوە بوو، ئیدی من و هەڤاڵ حەمە هەژار و سێ بۆ چوار هاوڕێ بووین، ڕادیۆم کردبووە گوێم لێدەگرت، جگە لەوە پەرتووکێکیشم بەدەستە بوو دەمخوێندەوە، بەناوی سێ کوچکەی بەعسییان، کە بووبوو بە خوو بۆم لە هەموو شوێن پەرتووکی خۆم پەیدا دەکرد، جگە لەوە تۆپبارانیشمان لەسەر بوو، ئیدی ئەم دیمەنە بهێنە پێش چاوی خۆت، ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ بوو کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ بوو، بەڕێکەوت ئەم وتەیەم لە ڕادیۆکەوە بەر گوێ کەوت و گوتی: **"خومەینی دەڵێت کوپە ژەهرەکەم خواردەوە"**، یەکسەر بانگی هەڤاڵ حەمە هەژارم کرد گوتم سوێند بێت بە قورئان مێژوو دووبارە دەبێتەوە و ئاشبەتاڵەکەیە! گوتی

چۆن؟ گوتم خومەینی دەڵێت واز لە شەڕەکە دەهێنم و پاشەکشە دەکەم، ئیدی ئێمە دەدەنەوە بە عێراق و دیموکراتەکانیش دەدەنەوە بە ئێران، بۆیە ئێمە تیاچووین، ئیتر وەرە بگەڕێرەوە بۆ ئێران ئەو هەواڵە زۆر قورس بوو بۆ ئێمە، لە شوێنێکی زۆر دوور بە پێ بە ڕاکردن لە گەڕەوانەوە بگەڕێرەوە بۆ ئێران کە بە ٤ ڕۆژ ناگەیتەوە ئێران، لەو ماندوێتیی و برسێتییە، ماڵەکان دەگەڕاین ئەگەر ئاردمان بدۆزیایەتەوە دەمان کرد بە نان.

ئیدی بڕیاری گەڕانەوەماندا، هاتینە قرناقە و پشتئاشان، بۆ بەیانی من و چەند کەسێکی دیکەیان مۆڵەت پێ دا، ئیدی لەو شەڕە هەڤاڵ ئازاد هەورامیی شەهید بوو لە شاخێك بەناوی کونەکۆتر، ئێمە پاشەکشەمان کرد و بەشێك لە تیپی ٣٧ مانەوە، ئێمە چووینەوە بۆ شاناخسێ، ئێرانیش کشایەوە، سوپای عێراقیش هاتبووە شوێنەکانی ئێمە، ئێمە چووینە شاری بانە و دواتر گوندی زەڵێی بانە، لەوێ خانوومان بەکرێ گرت، دکتۆر موحسین لەوێ بوو پیاوێکی ئازا و بوێر بوو، لەوێش هاووڵاتی دەهاتە لامان، چارەسەرمان دەکرد، بەتایبەت لە ئەنفال کە خەڵك سەرڕێژی کرد دەرمان بەرنەدەکەوت، ئێرانیش دەرمانی پێ دەدایـن.

جارێك فێڵێکی زۆر گەورەمان لە ئێرانییەکان کرد، ئێرانییەکان تیپێکیان هەبوو بە ناوی ٣٧ی ئەبوفوزڵ، زۆرێك لە پاسداری ئەوێ بووبوون بە هاوڕێمان، کوردێکی فەیلی بەناوی دەروێش خەڵکی کرماشان بوو پاسدار بوو بەرپرسیش بوو، گوتی ئەوە دکتۆر ئیبراهیم بۆ نایەیت دەرمانەکەتان ببەیت؟ گوتم دەرمانی چی؟ گوتی لەم ڕۆژانەدا یەك هێلیکۆپتەر دەرمانتان بۆ هاتووە بە ناوی تیپی ٣٧، لە ڕاستیدا بۆ تیپی ٣٧ی ئەبولفەزڵی خۆیان بوو، بەڵام لێی تێکچوو، منیش زانیم هەڵەیە بەس گوتم لە کوێیە دێم؟ پێی گوتم، ئیدی چەند کەسێك چووین، یەك پیکابمان لێ بار کرد و هێنامان، شاگەشکە بووین، کەچی بۆ خەڵکمان بوو، سەدان کەسمان لە ددان ئێشە و قاچ شکاوی و دەست شکاوی و برین و بەرکەوتەی کیمیایی پێ چارەسەر کرد، هەر لە تیپی ٣٧ نزیکەی ٣٠ کەسمان بەر کیمیایی کەوتبوون، تا ساڵی ١٩٩٠.

لە ساڵی ١٩٩٠ هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی بوو بە پارتیزان، منیش پیاوێکی بە جووڵە بووم ساڵ و نیوێك دەبوو لە بانە دانیشتبووم، بڕیارمدا لەگەڵ ئەو برادەرانە بگەڕێمەوە،

مانگی دووی ساڵی ۱۹۹۰ بوو له سەردەشتەوە بە ئەشکاندا و بە سەفرە و زەروون و شاخ و شاخ من و هەڤاڵ عوسمان و برادەرێکی دیکە بووین، چووین بۆ لای هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی و لە خوارەوە بووین ئەوانیش چوار کەس بوون بۆ بێترخێ هاتبوون بە دووماندا، بەفر لە سەرووی ئەژنۆوە بوو، خواردنێکی کەم لە نان و خورمامان پێ بوو، دوو شەو و دوو ڕۆژ لە یەك ڕۆژە ڕێگایەکدا بووین دەرنەچووین، بەماندوویێتی ڕۆیشتینە خوار هەتا کۆتا ڕۆژ بڕیارماندا ئەو گوێدرێژە سەر ببڕین کە پێمان بوو، یەکی پارچەیەکی بچووك شەکری کلۆمان پێ بوو، شەو لە لای گەرمکانەوە بە ڕەبیەیەکدا ڕۆیشتین، پاسەوانەکە هاتە دەرەوە بە ئاشکرا چاوی پێمان کەوت، کەچی دەنگی نەکرد، کە حەوت کەس بووین هەمووی سی مەتر لێیەوە دوور بووین، دواتر بیستمانەوە خۆی باسی کردبوو، کە چەند پێشمەرگەیەك بە بەرچاویدا ڕۆیشتوون دەنگی نەکردووە، ئەو کورد بوو خەڵکی مەرگە بوو، هاوڕێکانی ژوورەوەی ڕەبیەکەی عەرەب بوون.

ئێمە ڕۆیشتین و چووینە کانیبی، کونە بەردێکی لێ بوو هەر حەوتمان چووینە ناوی، کەمێك لە ڕێگاوە دوور بوو، ئیدی هێزمان لێ بڕا، کە لە ئێوارەوە هەتا چواری بەیانی بەڕێگاوە بووین، ئیدی بڕیارماندا ئەگەر ئاشکراش بین نەڕۆین، هیچیشمان پێ نەبوو جگە لە پارچە شەکرەکە، کە هەر کەس هی خۆی پێ بوو، ڕێکەوتین تا سبەی نەجوولێین، لەو بەرەوە گوێمان لە دەنگی سەگێك بوو پێمان دەوەڕی، کە ڕۆژ بووەوە تەماشامان کرد بزانین ڕەبیەی لێیە، یان چی لێیە وا ئەم سەگە هەر دەوەڕێت، کە تەماشامان کرد بینیمان سەگێکی بە وەفایە لەسەر خانووە ڕووخاوەکەی خاوەنەکەی کە بووبوو بە کەلاوە هێشتا هەر پاسەوانی خانووەکەی دەگرت، هەر کەسێك لەوێ ڕۆیشتبا پێی دەوەڕی، واتە لە ۱۹۸۸ بۆ ۱۹۹۰ کە نزیکەی ساڵ و نیوێك ئەو سەگە بە دیار ئەو خانووەوە مابووە و خۆی ژیاندبوو، بۆیە لەو هەموو گەلە جاشە بەوەفاتر بوو کە کورد هەیبوو، کە تەقەیان لە خەڵك و وڵاتی خۆیان دەکرد و وڵاتی خۆیان دەسووتان، ئیدی ئێمە بە شیوێکدا هەڵگەڕاین قوتوویەکی موعەلەبات ئاو هێنابووی هەڵمان پچڕی، دۆشاوی خورمابوو، کە خواردنی بەبرسێتی زۆر خراپ بوو کەچی خواردمان، دواتر هەر دەڕۆیشتن و قووتووی موعەلەباتی دیکە لەوانە پەتاتە و گۆشتمان دەدۆزیەوە دواتر زانیمان لەسەرەوە ڕەبیە هەبووە کە

بەسەرچووە فڕێدراوەتە خوارەوە ئاو هێناویەتی، ئێمەش دەمانخوارد، ئیدی ئێمە چوار مانگ پارتیزان بووین، جگە لە خۆمان و سەرباز و شاخ بەولاوە کەسمان نەدەبینی، کاتێك برسێتی برستی لێ بڕین، گەیشتین بە چەند مانگایەك کە لە ١٩٨٨ەوە بێ خاوەن مابوونەوە کێوی بووبوون، کە مرۆڤیان دەبینی تا دەیان توانی غاریان دەدا، هەڤاڵ غەریب قەناسەی پێ بوو، تەقەی لە گوێرەکەیەك کرد و کوشتی و هێنامانە خوارەوە بە بێ خوێ دەمان برژاند و دەمانخوارد، تێرمان خوارد و پێچامانەوە بردمان، چووینەوە بۆ ئەو ژوورەی کە بۆ مانەوە ئامادەمان کردبوو، لەو چوار مانگە (مین)مان دەنایەوە بۆ سەربازی حکومەت، نزیکەی ٨٠ کەسێکمان ڕەنگە بەو ٤ مانگە لێ کوشتبن، لەوانە لە مینێکدا فەرماندەی لیوایەکمان لێ کوشتن.

لە نەورۆزی ١٩٩٠ ئاردمان لە پیرەمەگروونەوە بە کۆڵ هەلگرت و بۆ سووورداش بردمان تا نزیکی ئەشکەوتەکە بردمان، بەهۆی سەختی شوێنەکەوە کە زۆر بەرزبوو، بۆمان نەچوو، بۆ بەیانی حکومەت هاتبووە ئەو ناوچەیە، خەڵکیش لە سەیراندا بوو، لە سووورداش چوار کۆپتەر بەسەرماندا دەسووڕایەوە ئێمەش لە کونەبەردێکدا بە دووربین تەماشامان دەکرد، ئاردەکە کە بەجێمابوو، ئەفسەرێك بە نزیکەی پازدە سەرباز و دوو جاشەوە سەرکەوتن و جاشەکە ئاردەکەی دۆزیەوە، گوتی سەیدی وەرە ئاردەکەیانم دەستکەوتووە، ئەویش گوتی وەرە خوارەوە وازبهێنە، ئێمەش سەد مەترێك دووربووین، دەمانتوانی بیکوژین، بەلام ئاشکرادەبووین، سووربوو لەسەر ئەوەی بماندۆزێتەوە، ئەفسەرەکەش گوتی بابە بیڕێژە و وەرە خوارەوە یەخەمان بەربدە، ئەویش ڕشتی کە ئێمە بە کۆڵ بەو ڕێگا دوورەدا بردبوومان.

ئیدی لە ماوەی پارتیزانیدا کەسێکمان بە ناوی هەڤاڵ ئاسۆ بریندار بوو، تیمارم کرد، دواتر کرمێکی ڕەشی تووکاوی هەیە ژەهراوییە پێی دەڵێن (هەڕێ) بە پێشمەرگەکاندا هەلگەڕابوو، گیانیانی کرد بوو بە تلۆق، دەرمانمان پێ نەبوو، ناچار بەچارەسەرێکی کوردەوارییانە گوتم بڕۆن بە پنگ (پونگە) خۆتان بشۆن، جۆرە گیایەکە لەگەڵ هێلکە و کۆمەڵە شتێك دەشخورێت، حەساسیەتی دەشۆردەوە، بەوە چاك بوونەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم ماڵی ئێمە چوار برا و چوار خوشك بووین، دوو برای دیکەم بۆ ماوەیەکی کەم پێشمەرگە بوون، براکەی دیکەم فیرار بوو، باوکیشم لەسەر من مانگ و نیوێك زیندانی کراوە، ئێستا کۆچی دوایی کردووە، لە ۱۹۹۱ ژیانی هاوسەرگیرم پێکهێنا، تا لە شاخ بووم هاوسەرگیریم نەکرد، نەمدەویست خێزان دروست بکەم، چونکە ئەوەم لێك دەدایەوە، ڕەنگە شەهید ببم.

لە ساڵی ۱۹۹۱ دوای پاشەکشە لە ماوەت بارەگای هەڤاڵ مام جەلال لەوێ بوو، منیش خەڵکی ماوەتم لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال بووم بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ی.ن.ك لە بانە، ساڵ و نیوێك لەوێ بووم، کە هاتمەوە لە لیوا تێکەڵەکان بووم بە پێشمەرگە بە پلەی نەقیب، دواتر بووم بە لێپرسراوی کارگێڕی و دارایی فەوجی سێی لیوای ۲۱ی شارباژێر، دواتر لیوای دووی تایبەت دروستکرا، تا ۱۹۹۵ لەوێ بووم، لە ساڵی ۱۹۹۵ تا ۲۰۰۵ سەرۆکی شارەوانی ماوەت بووم و بڕوانامەکەم لە تەندروستی کشاندەوە و پەیوەندیم بە تەندروستییەوە نەما، هەروەها یەکەم سەرۆك شارەوانی بووم لەسەر ئاستی کوردستان کە دوای ئەوەی نەمتوانیوە خزمەت بکەم دەستم لە کارکێشایەوە، تا ئێستاش هەر نەچوومەتەوە بۆ ئەرك، لە حیزبدا تا پلەی ئەندامی مەڵبەندم بڕیوە، لە ۲۰۰۵ لە مەڵبەندی ۲۱ بووم، لە ۲۰۰٦ بوومە کارگێڕی مەڵبەند و دواتر بووم بە جێگری مەڵبەند، لە ۲۰۱۰ تا ۲۰۱۳ لە مەڵبەندی سلێمانی جێگری مەڵبەند بووم، لە ۲۰۱۳وە تا ئێستا لە مەکتەبی خزمەتی پێشمەرگەم، کە بووە بە مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران[١١].

---

[١١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئیبراهیم فەتاح قادر (د. برایم)، سلێمانی، ۲۰۲۲/۲/۱۲.

ئیبراهیم محێدین عارف قادر

به دکتۆر برایم ناسراوم، ساڵی ١٩٦٥ له نەخۆشخانەیەکی شاری کەرکووك لەدایك بووم، سەرەتا له گوندی هەشەزینی سەر بە شارەدێی سەنگاوی شارۆچکەی چەمچەماڵ ژیاوم، دەرچووی پەیمانگای تەندروستیم، لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێگەی (هیوا چاوشین)ەوە پەیوەندیم کردووە بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پێشمەرگە بووم، لە سنووری قەرەداغ دوو جار بە چەکی کیمیایی بریندار بووم، لە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لە تیپی ٥٧ی سەگرمە و بەتالیۆنی دوو کاری تەندروستیم کردووە، کە بە گشتی شەش ساڵ دەکات واتە ١٩٨٥ – ١٩٩١.

سەرەتا چوار مەڵبەند بوونی هەبوو، هەر مەڵبەند و نەخۆشخانەی خۆی هەبوو، لە نێویشیاندا نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، نەخۆشخانەی ناوەند (مرکزي) بوو، پێداویستی و کەرەستەی زۆرتربوو، دوو دکتۆری جەراحی لێ بوو، ماوەیەك دکتۆر نەوزاد ڕەفعەت و سەردەمێکیش دکتۆر هەڵۆی بادینی لەوێ بوو، نەشتەرگەریی بچووکی تێدا دەکرا، لەبەرئەوەی ئامێری گەورەی بێهۆشکردنمان نەبوو بە دەرزی سڕکردن نەشتەرگەریی بچووك دەکرا، بۆ نموونە دکتۆر هادی کاری وای کردووە، ڕەنگە ئێستا بە هەندێك پزیشکی گەورە نەکرێت، بۆ نموونە کاتێك خوێن دەچێتە سنگەوە دەبێت بە ئامێری تایبەت دەربکرێت و دواتر نەشتەرگەری بۆ کەسەکە بکرێت، کەچی دکتۆر هادی کردوویەتی، منیش یەك دوو جار کردوومە، هەندێك بریندار هەبوو دڵنیابووین کە ئەگەر نەشتەرگەری بۆ نەکرێت دەمرێت، دەمان کرد لە پێناوی ئەوەی ڕەنگە سەرکەوتوو بێت، کەچی زۆرینەیان سەرکەوتوو دەبوو، ئەمەش پەیوەندی بەبوێرییەوە، هەبوو.

نەخۆشخانەکەی مەڵبەندی ئێمە لە بەلەکجاڕ بوو، کە گوندێکە بەرامبەر سێوسێنان، لە چاڵییەکدا بوو، زۆرجار فڕۆکە بۆردومانی دەکردین، بەڵام نەخۆشخانەکەی نەدەگرتەوە، جارێك لە ساڵی ١٩٨٨ بە چەکی کیمیایی بەرکەوتین، ئێمە وەك تیپی ٥٧ دکتۆرمان هەبوو ئەوانیش دکتۆر فائق گوڵپی و دکتۆر جەبار بوون، هەرچی تیپەکانی دیکەیە زۆرینەیان کادیری پزیشکی لێ بوو، کە ئەوانە بوون خولیان بینی بوو، هەرچەندە من سەرەتا لە

نەخۆشخانەی ناوەندیی بووم، بۆیە لە هیچ تیپ و کەرتێك نەبووم، پەیوەندیشم بە تیپی ٥٧ی سەگرمەوە بەهۆی سنوورەکەمانەوە بووە، لە سەرەتاشەوە پابەندبووم بە ئەوانەوە، بەڵام لە کاتی چالاکیدا وەك تیمی پزیشکی بەشدار دەبووین، بۆ نموونە لە چالاکی گرتنی سەنگاو لە ساڵی ١٩٨٦، بیرمە دەیانگوت کادیرە پزیشکییەکان با زۆر نەیەنە پێشەوە پێشمەرگەیەك گوتی ئەگەر بریندار بین تۆ تیمارمان دەکەیت، بەڵام ئەگەر تۆ بریندار بیت کێ تیمارت بکات؟ بۆیە زۆرتر لە دواوە بووین، بیرمە گوللەیەك بەر پێشمەرگەیەك بە ناوی ڕەحمان عەبدول محەمەد هەشەزینی کەوت، شوێنی مەترسی گرتبوو، چارەسەرمان کرد و نەمانهێشت گیان لەدەست بدات.

ئێمە وەك کادیری پزیشکی لە شاخ ڕێکخراوێکمان دروست کرد بەناوی (KRA)، کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان، دکتۆر خالید کە چەمچەماڵی بوو یەکێك بوو لە سەرپەرشتی کارانی ڕێکخراوەکە، ئەو کۆمەڵەیە سەرەتا سەرپەرشتی دەزگای تەندروستیی کوردستانی دەکرد، لەوانە ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوە و پەیداکردنی دەرمان، لە دوای ڕاپەڕینیش شێوازی کارکردنی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان گۆڕا، سەرەتا تایبەت بوو بە بواری پزیشکی دواتر لە دوای ڕاپەڕینەوە بواری خێرخوازیشی گرتەوە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ساڵی ١٩٨٧ لەشکری بەدرمان لەگەڵدا بوو، گوللەیەك بەر قۆڵی پێشمەرگەیەك کەوت، دەبوو لە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ ببڕدرایەتەوە، دکتۆر فائق بوو بە جەڕاح و من بووم بەیاریدەدەری پزیشك و دکتۆر ناسیح بوو بە سڕکەر، بە ئامێری سادە توانیمان قۆڵی بېڕینەوە، تەنانەت بۆ بڕینەوەی ئێسك مشاری پزیشکی هەیە، کەچی نەمانبوو بە زنجیری دداندار بڕیمانەوە، دکتۆر فائق ئەو سەری گرتبوو منیش ئەمسەری ڕامان دەکێشا تا بڕیمانەوە، هەموو موولوولەکانیی خوێنیمان بە مەقەستی تایبەت گرت بۆ ئەوەی تووشی خوێن بەربوون نەبێت، ئیدی کارەکە سەرکەوتوو بوو.

هادی عامری بەرپرسی لەشکری بەدر بوو، چەکدارێکی زۆریان هەبوو، لە سەرەتای ١٩٨٨ کشابوونەوە بۆ دەربەندی دەرەوار لە گەرمیان، ئەوکاتە ئێران لە سەدی دەربەندیخانەوە نزیك بوو، بەس ئاوەکە لە نێوانیان بوو، دەیانگوت ئێمە لە ئەنفالدا پاشەکشە ناکەین حکومەتی ئێران بە هانامان دێت، ئەوەبوو کیمیایی لێی دان و بە دەیان

کەسی لێ کوشتن، لەو نێوەندەدا ی.ن.ك لە هەمووان زیاتر دەوڵەمەندتر بوو لە ڕووی پزیشکییەوە، ئەوەندەی بزانم برادەرانی پ.د.ك یەك دکتۆریان هەبوو کە لە بادینان بوو، پێشمەرگەیەکی برینداری لەشکری بەدر لەو ڕووداوە بەر چەکی کیمیایی کەوتبوو هێنایان، وەك ئاشکرایە کاتێك نەخۆشێك دێتە بەردەستت پێویستە دڵنەوایی بکەیت لێمان پرسی (وین اهلك؟ خەڵکی کوێیت؟) گوتی (أني چان گبل دوزي بس هسة ما ادري افغاني لو افريقي؟ من پێشتر خەڵکی دووز بووم ئێستا نازانم ئەفغانیم، یان خەڵکی ئەفریقام؟) مەبەستی لەوە بوو وا ڕەش بووم و سووتاوم نازانم، ئەو گازی خەردەلە مرۆڤی تووشی سوتاوی دەکرد، پێویست بوو بینێرین بۆ ئێران.

ئەوکات لەبەرئەوەی دوژمنێکی هاوبەشمان هەبوو هەموو هێزە عێراقییە نەیارەکانی ڕژێم هاوکاری یەکدیمان دەکرد، لەبەرئەوە هەموو هێزە عێراقییەکان سوودیان لە نەخۆشخانەکانی ی.ن.ك وەردەگرت، بۆ مێژوو دەیڵێم ح.د.ك نەخۆشخانەیان هەبوو، هەرچەندە ڕەنگە سوودمان لێ بینیبێتن، بەڵام بەزۆری ئەوان سوودیان لە ی.ن.ك دەبینی، ئەمەش بەهۆی پزیشکی باش و ڕێکخستنی پۆلاییینەوە بوو.

لە نزیکی سەنگاو گوندێك هەیە پێی دەڵێن ژاڵەی ڕەبات، فڕۆکە بۆردومانی کرد، بریندار زۆری لێکەوتەوە، یەك لەوان بە ناوی (جیهاد) ئێسکی سەرووی ڕانی شکابوو، دوای سارێژکاری هێنامان بۆ نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ، بەهۆی زۆر جووڵانی بریندارەکەوە تووشی هەوکردنی خوێن بووبوو، هەرچەندە هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵدا بەڵام شەهید بوو.

لە لایەکی دیکەوە دوای کیمیابارانی گوندی سێوسێنان لەگەڵ هاورێیەکەم یەکەم کەس بووین چووینە گوندەکە، خەڵکێکی زۆرمان لە مردن ڕزگارکرد، پێشتر ئەو خولەمان بینی بوو، چەکی کیمیایی گازێکی تێدایە پێی دەڵێن گازی عەساب کە شەبەکەی چاو تەسك دەکاتەوە و قوڕگ وشك دەکات، دەرزییەك هەیە لە دژی ئەوە، هەرچەندە کاریگەری نەرێنیشی هەیە، بەڵام ناچار زۆر بەکارمان دەهێنا، یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئەوە بوو پێویستە ئەو تەپوتۆزی کیمیاییە بەلاشەی خەڵکەکەوە لێ بکەینەوە، خەڵکمان دەکردە ناو حەوزی ئاوەوە هەرچەندە ساردیش بوو، بەس بۆ ئەوەی نەمرێت، بیرمە پێشمەرگەیەك بێهۆش بوو خستمانە ناو چەمێکەوە هەموو گیانیمان شۆری، ئێستەش ماوە، لەو کارەساتە

نزیکەی ٨٠ کەس شەهید بوو، خێزانی پیاوێك بە ناوی عوبێد دوازدە کەس بوون بەس خۆی ڕزگاری بوو، بەهۆی کاریگەری نەڕێنی گازەکەوە کەسەکە تووشی عەساب دەبوو، کە دەچووین بۆ لای بریندارەکە دەستی دەوەشاند، هەرچی گازی خەردەلە زۆرتر دەتسووتێنێت، هەروەها گازی سیانیدیشی تێدا بوو، کێشەیەکی دیکە بۆن بوو، بۆنی سێوی بۆگەنی لێدەهات، بۆ ئەوەی کەسەکە بۆنی بکات، خۆم دوو جاریش بەو چەکە بریندار بووم، تا ئێستاش گرژی و مۆنی و عەسابم تێدایە، ڕاپۆرتم هەیە کە کاریگەری پاشماوەی ئەو گازانەیە، هەتا سوورێنچکی تەسك کردمەوە و لە دەرەوەی وڵات چارەسەرم وەرگرتووە.

زۆرجار بریندار پێویستی بە چارەسەر و نەشتەرگەری گەورە هەبوو، پێویست بوو بە هێستر و گوێدرێژ بیگوێزینەوە بۆ نەخۆشخانەی ناوەندی لە بەرگەڵوو، بۆ ئەو مەبەستەش بۆ ڕێگا کادیرێکی پزیشکییان لەگەڵ دەنارد، زۆرجار دەچووم، ئیدی لە ڕێگا تا ئەوێ ئێمە کارمان سارێژکردن بوو.

کە ئەنفالی یەك ڕوویدا پێشبینی ئەنفالی دیکەمان نەدەکرد، وامانـدەزانی ئەمە هێزێکە تەنها بۆ سەرگەڵوو و بەرگەڵوو هاتووە، بۆیە حکومەت لە هەر ناوچەیەك گوندێکی بۆردومان دەکرد کە لە ڕووی دانیشتوانەوە چڕ بوو، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بترسێت و بڕەوێتەوە، لە قەراغ سێوسێنانی هەڵبژارد کە گەورەترین گوند بوو، لەسەر زێ گۆپتەپەی هەڵبژارد، خەڵکیش هەمووی ڕووی لە شارەکان کرد، هێزی پێشمەرگەش لەگەڵ خەڵك وەك ماسی و ئاو وەها بوون، ئیدی بەرەو دیوی ئێران کشاینەوە، بیرمە لە گوندی مەسۆی سەرچەم ڕۆژێك برادەرێك هات گوتی برینداریکمان هەیە، هاووڵاتییەك قاچی شکابوو، فیشەك لە دەستی دەرچوو بوو، سارێژم کرد هەرچەندە بووە هۆی ئەوەی لە کاروانەکەش بەجێ بمێنم، ڕۆژێکی دیکە هاووڵاتییەك تووشی (تا)یەکی زۆر بوو هەرچەندە پێویستی بە پشکنینی تاقیگە هەبوو، بەڵام من دەرزییەکم بۆ کرد، پێی چاك بوویەوە پێی گوتم تۆ لە بەهەشتەوە هاتی بۆ ڕزگاری من، مەبەستم لەم نموونانە ئەوەیە ئێمە جیاوازی هاووڵاتی و پێشمەرگەمان نەدەکرد.

هەڤاڵ مام جەلال زۆر ڕێزی لە کادیری پزیشکی دەگرت، لە ڕووی داراییشەوە یارمەتیی باشمان وەردەگرت، چونکە لەو ڕۆژگارە وەك پێویستییەکی هەنووکەیی لێی دەڕوانی، لای

خەڵکیش کە دەچوویتە هەر شوێنێك، کە جانتاکەیان دەبینی و دەیانزانی پزیشکی ئیدی ڕێزێکی زۆریان دەگرتین، هەرچەندە لە ڕووی پلەوە هیچ پلەیەکی پێشمەرگایەتیمان نەبوو، بەڵام لە ڕێکخستندا بووین، چونکە ئەندامێتی کارێکی ئەستەم بوو تایبەت لە کۆمەڵە پێویستی بە چەند ساڵێك هەبوو، دەبووی بە (لایەنگر) و دواتر (پاڵێوراو) دواتر دەبووی بە (ئەندام)، دەبوو لە ئاستی ڕۆشنبیری باڵا بوویتایە و بەشداری تاقیکردنەوەت بکردبا، ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە من پلەی پزیشکیم هەبوو، بۆ نموونە لە بەتالیۆندا لێپرسراوی بنکەی بەتالیۆن بووم، لە تیپدا لێپرسراوی یەکەی کارگێڕی تیپ بووم، بەڵام لە مەڵبەندا هەموو ئەندامی نەخۆشخانەکە بووین، هەرچی پەیوەندی بە دەرمان و چارەسەرەوە هەیە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە پێمان دەگەیشت، زۆرجار برینداری نەخۆشخانەکان هەر ڕێکخستنەکان دەیان گواستەوە.

هەرچی پەیوەندی بە بابەتی بەدەست گەیشتنی دەرمانەوە هەیە، لە دوای ئەنفالەوە پێیان ڕاگەیاندین کە هەر کەس لە ڕێگەی خۆیەوە دەرمان پەیدا بکات، منیش لە ڕێگەی برایەکمەوە بە ناوی (عیسا) کە لە خۆم گەورەتر بوو، بە کۆڵەپشت لەگەڵ خوشکێکمدا بۆیان دەهێنام، هەروەها پەیوەندی تایبەتیش ڕۆڵی هەبوو لە پەیداکردنی دەرماندا.

لە مانگی دووەوە تا مانگی هەشت بە پیادە و بە ڕێگەی ئەم گوند و ئەو گوندەوە، بە شەڕ و لاشەڕ و خۆشاردنەوە گەیشتمە ئێران کە شەڕی ئێران—عێراق وەستا من لە سەقز بووم، نەوشیروان مستەفا ڕۆژێك گوتی هەرچەندە ئێمە شکاوین، بەڵام جێگەی شانازییە بۆ ئێمە، کە هیچ شوێنێکمان ڕادەست نەکردووە بەرگری خۆمان لێ کردووە، ئەمەش بەهۆی نابەرامبەری هێزەکانەوە بووە، هەرچەندە گەرمیان دوای چۆڵکردنیش هەر پێشمەرگەی لێ مایەوە لەوانە (شەهید حەمەڕەش)، ئەوە سەروەری بوو حکومەت بەو هەموو توانای سەربازیی خۆیەوە هێشتا نەیتوانی پاشەکشەی تەواو بە پێشمەرگە بکات، کاتێکیش کە ئێمە لە دیوی ئێران بووین ئەو پێشمەرگانەی کە مابوونەوە زۆرجار بە ئامێر پەیوەندییان پێوە دەکردین، کە فلان نەخۆشی هەیە چ چارەسەرێکی بۆ بەکاربهێنین، بیرمە جارێك شەهید حەمەڕەش پەیوەندی کرد گوتی: کێ لەوێیە؟

گوتیان: دکتۆر برایم

گوتی: با بێتە سەر خەت

منیش چووم گوتم: فەرموو؟

گوتی: پێشمەرگەیەکمان هەیە ئازارێك لە ئاستی ناوکێتی چارەسەری چی بۆ بکەم؟

گوتم: دەرزی چیتان لایە؟

گوتی: ئەترۆپینمان لایە، ڕۆکاینمان لایە

گوتم: دەرزییەکی ئەترۆپینی بۆ بکە

گوتی: چییەتی؟

گوتم: ناتوانم لێرەوە پێت بڵێم، بەس لەوە دەچێت پەیوەندی بە گەدەیەوە هەبێت، ئیدی ئەو دەرزییەیان بۆ کردبوو، پێم وابێ باش بووبوو، ساڵێك ئەوها پەیوەندی هەبوو، چەند دکتۆرێکیش دابەزین (واتە گەڕانەوە بۆ لای پێشمەرگە) لەوانە دکتۆر هاوڕێ بۆ ڕەتڵی گەرمیان دابەزی.

ئەو ماوەیەی کە لە ئێرانیش بووین لە گوندی دزڵی تیماری هاووڵاتییەکانی ئەو سنوورەشمان دەکرد، ئەو کاتە دکتۆری عێراقی بەناوبانگ بوو، من لەو گوندە ناوبانگم پەیداکرد، بنکەی تەندروستیم هەبوو، بە دکتۆر برایم ناسرابووم.

لە سەرووبەندی ڕاپەڕین یەك دوو ڕووداوی تەقینی مین بە پێشمەرگەدا لە چیای سوورێن ڕوویدا، هەرچەندە ئێمە ئاگاداریمان کردبوو کە بە سەر بەردەکاندا هەنگاو بنێن، بەڵام لە شپرزەییدا ئەو ڕووداوانە ڕووی دەدا، من گەڕامەوە سەریان یەکێکیان قاچی پەڕی و من فریاگوزاری سەرەتاییم بۆ کرد، بەدار بەستم بۆ ئەوەی تووشی خوێنبەر بوون نەبێت سارێژم کرد و بەپەلە گەیشتمەوە ڕەتڵەکەی خۆم، ئێمە ئاگاداری ڕاپەڕین بووین بروسکەکە شاهیدە کە بەرنامەمان بۆ دانابوو، هەرچەندە خەڵکیش هاوکاربوو، ئێمە پێنج و شەشی مانگ لە ئێرانەوە بۆ سلێمانی دەستمان بە جووڵە کرد، لە ٧ی مانگیشدا لە سلێمانی ڕاپەڕین دەستی پێ کرد.

ساڵی ١٩٩١ وەرچەرخان بوو لە ژیانی مندا، چونکە بەهۆی هاتنەوەمان بۆ شار و زۆری کادیر و کارمەندی پزیشکی، ئیدی بە پێویستم نەزانی کاری پزیشکی بکەم و ڕووم لە کاری سیاسی کرد، بووم بە ڕابەر سیاسی بەتالیۆنی سەگرمە لە هێزی دووی قەراغ، لەسەر

بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال ڕێکخستنی جەماوەری دروست کرا و مەڵبەندەکان کرایەوە، مەڵبەندی کەرکووك لە حەوزەی بازیان و لە گۆپاڵە دانرا، لەوێ بووم بە ئەندامی کەرت لە ڕێکخستنی سەنگاو و قادرکەرەم، بەو شێوازە پلەکانی ڕێکخستنم بڕی تا بووم بە کارگێڕی مەڵبەند، ساڵی ٢٠٠٠ بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی بووم بە لێپرسراوی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کەرکووك هەتا ساڵی ٢٠٠٨ بەردەوام بووم، لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە بەشی یاسا لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا، دواتر بیرم کردەوە کارێکی کارگێڕی لە وەزارەتی ناوخۆدا بکەم، بەهۆی بوونی بۆشاییەوە کرام بە بەڕێوەبەری شارەدێی تەکیەی کاکەمەندی سەر بە چەمچەماڵ، هەتا ساڵی ٢٠١٨ بەردەوام بووم[١٢].

---

[١٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئیبراهیم محێدین عارف، چەمچەماڵ، ٢٠٢٢/٢/٢.

ئەحمەد عەبدولکەریم عارف عەلی (ئەحمەد عارف)

لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی حەساری گەورەی سنووری پارێزگای کەرکووك لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتاییم لە گوندەکەم تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووك تەواو کردووە، دواتر پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیم تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (ك.ڕ.ك)ەوە کردووە، لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٠ لە شاری کەرکووك دەستگیرکرام، شەش مانگ ئەشکەنجە و ئازار درام و بە ٣٠ ساڵ زیندانی سزا درام، دواتر گوێزرامەوە بۆ بەندینخانەی ئەبوو غرێب، بەهۆی ئەو ٣٠ ساڵە و فشاری سەرانی حکومەتەوە کەسوکاری هاوسەرەکەم ناچارکران هاوسەرەکەم لێ جیابکەنەوە.

لە مانگی ٧ی ١٩٨٢ بەلێبووردنی گشتی ئازادکرام، هاتمەوە کەرکووك و بۆ سێ ڕۆژ لای دایك و باوکم مامەوە، دواتر چوومە سلێمانی و نامە چکلێتییەکەی ڕێکخستنم لە سلێمانی وەرگرت کە تایبەت بوو بە ڕێکخستنەکانی ك.ڕ.ك، لە مانگی ٨ی ١٩٨٢ گەیشتمە ناوزەنگ لەلایەن مامۆستا جەمال تاهیر و فەرەیدوون عەبدولقادرەوە پێشوازی کرام، دواتر گوتیان دەتنێرین بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە، بەڵام قایل نەبووم، وەك مەرجێکی شۆڕشگێڕانە هەر ئەندامێك دەستگیر بکرایە، دەبوو شەش مانگ لە ژێر چاودێریدا بێت، بۆیە گوتم منیش شەش مانگ بخەنە ژێر چاودێرییەوە، تا دڵنیا دەبنەوە کە نەبووم بە پیاوی حکومەت.

بەمجۆرە لە ناوزەنگ لەلایەن مامۆستا جەمال تاهیرەوە وەك سەرپەرشتیاری زیندانەکانی شۆڕش دەستنیشان کرام، لەوێ بارەگای یەکێتی نووسەران هەبوو بووم بە ئەندام، ئێزگەش لەوێ بوو، ئەرکی ڕێکخستنیشم لەسەر شان بوو، پێکەوە هەر سێ کارەکەم دەکرد، لە ساڵی ١٩٨٣ بووم بەلێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو، لەوێ بە تەنها گۆڤاری (سەنگەر)م دەرکرد، کە یەك ژمارەی لێ دەرچوو، لەلایەن هەڤاڵ ئەرسەلان بایزەوە داوام لێ کرا بیوەستێنم، لەسەر ئەوە گفتوگۆیەکی توندمان لە نێواندا دروست بوو، ئیدی تا ١٩٨٥ لە سەرگەڵوو مامەوە.

دواتر له سەرگەڵووەوە بە چەند قۆناغێك له ناوزەنگەوە هاتمە خوارێ و لە گوندی مۆردخواردەی بناری خاڵخالان و سنووری تیپی ٢١ی کەرکووك گیرسامەوە، لەگەڵ هاوسەرم ماڵێکمان پێکەوەنا، هێشتا منداڵمان نەبوو، خەڵکی ئەو بنارە هەموو خەڵکی باش بوون.

ڕۆژێکیان لە سەرکردایەتییەوە بانگەواز کرا کە پێشمەرگەی تیپەکان بچنە سەرکردایەتی، لەو سەروبەندەدا پێشمەرگە بەیەکدا دەهاتن و چاوەڕوانی کەرت و مەفرەزەکانی تیپ بوون تا کۆببنەوە و بڕۆن، لەو کاتەدا بەپەلە پورزایەکم خۆی گەیاندمێ و گوتی: "کاکە، داود بریندارە و لوغمی پێ دا تەقیوەتەوە چی بکەین؟"، منیش لەو کاتەدا دکتۆر هادی کە هاوشار و دۆستم بوو لە دوورەوە بینیم و چوومە لایی و لەگەڵ خۆم هێنام بۆ ماڵەوە، کاتێك داودی بینی گوتی: "خەمت نەبێت نامرێت، شوێنی برینەکەی ئاساییە"، منیش گوتم: ئێ من چی لێ بکەم؟ کەسێك نەبێت سارێژی بکات و دەرزییەکی لێ بدات؟ ئەویش گوتی: "خەمت نەبێت، ئێستا لەبەرچاوت دەرزییەك لە ڕاست و یەکێکیش لە چەپی دەدەم، تۆیش ڕۆژانە هەمان کار بکە تا چاك دەبێتەوە".

منیش هەر وام کرد، هەرچەندە هیچیشم نەدەزانی، دواتر خەڵکی ئاوایی هاتن گلەییان لێ کردم، گوایە من دکتۆرم و خۆم لێیان شاردووەتەوە.

پورزا داود دوای بیست ڕۆژێك خودا شیفای نارد و چاك بوویەوە، بە گوێدرێژێك گەیاندمانە گوندەکەی خۆیان، تا ئێرە هەنگاوی یەکەم و سەرکەوتنی باشمان بۆ هاتە پێش، خەڵکی گوندیش زوو زوو دەهاتن و دەیانگوت دکتۆر فێڵمان لێ مەکە، با نەچینە ئەم گوند و ئەو گوند، منش بەڵێنم پێدان هاوکاریان دەبم، بەڵام ئەوە زۆر باش شکایەوە بۆ من کە شەهید دکتۆر هادی لیستێکی دەرمانی باشی بۆ نووسیم و منیش بە باوکی داوددا ناردمە کەرکووك و خاوەن (دەرمانخانەی فەخری) کەسێکی بەڕێز و باش بوو، هەموو دەرمانەکانی بۆ ناردم.

له دوای چاکبوونەوەی داودی پورزام، لە گوندی مۆردخواردەی خواروو پیاوێك هاتبوو، خزم و کەسی لە گوندی مۆردخواردەی سەروو هەبوو، زانیبووی کە دکتۆرێك لێرە هەیە، بە یەکێك لە خزمەکانی گووتبوو: "چۆن بتوانین کچەکەمان بهێنین بۆ لای دکتۆرەکە؟" ئەوانیش لە ڕووانگەی لێڕابینینەوە گووتبوویان بچۆ کچەکەت بهێنە و ئێمە دەیبەینە لای،

دکتۆرێکی زۆر باش و شارەزایە، کاتێکم زانی پیاوێك بە منداڵێکەوە خۆی کرد بە ژووردا! هاوسەرەکەم لەوێ نەبوو، ئاگاداری کارەکەی من نەبوو، من سەرم سووڕما چۆن خودا بۆی هێنام و عەقڵم خستە کار، منداڵەکە تەمەنی هەشت ساڵێك دەبوو، لە تەوقی سەرییەوە برین و قەتماغەی برین بوو، سەرم سووڕمابوو لە کوێوە دەست پێ بکەم، گوتم: "ئاوی بۆ گەرم بکەن و لە تەوقی سەرییەوە بۆ پەنجەکانی بۆم بشۆن و بۆم بهێنن"، هێنایانەوە سەراپای لەش و برینەکانیم بە دیتۆڵ شۆرد و دیسانەوە گوتم: "بچن دەستێك سابوونی دیکەی لێ بدەن"، کە هاتەوە ئیدی کەرەستەی دکتۆریم هەبوو تەواوی برینەکانیم هەڵکەند و خوێن بە هەموو گیانیدا دەهاتە خوارەوە، ئاگام لێ بوو باوکەکە زوو زوو فرمێسکەکانی دەسڕی، بەکورتی بە سفراتۆڵ هەموو جەستەییم پێچا و گوتم: "بچن، لایەنی کەم با تا پێنج ڕۆژ پێوەی بێت"، دیار بوو بە گوێیان کردبووم، کە منداڵەکەیان هێنایەوە بەردەستم، منش سفراتۆڵەکەم لێ کردەوە و هەستم کرد منداڵەکە نوێ بووەتەوە، تەنها شوێنەواری برینی پێوەبوو، سوپاس بۆ خودا منداڵەکە چاك بوویەوە، منیش کۆڵێك کەیفم بەخۆم دەهات، کە بووم بە دکتۆر، دوای چەند ڕۆژێك باوکی کچەکە هاوسەرەکەمی لە ڕێگەی کانی بینی بوو، گوتبووی: خوشکێ ماڵی دکتۆر ئەحمەد کامەیە؟ هاوسەرەکەشم ئاگادار نەبووە و نەیزانیوە من دکتۆرم، دەڵێت: من پیاوەکەم ناوی ئەحمەدە، بەس دکتۆر نییە! ئەویش بە سواری گوێدرێژەکەی کە کۆڵێك قەل و کەڵەشێری لەسەر بوو، شوێنی دەکەوێت و لەگەڵی خۆی کرد بە ژووردا، کە منی بینی بەکەیفێکی زۆر خۆشەوە دابەزی و چاك و خۆشی کرد و گوتی: "ئەم پەلەوەرانە بۆ تۆیە".

بەیانی زووی بەهاری ساڵێك لە ساڵەکانی هەشتاکان ئیدی ناچاربووم بەوەی کە دکتۆربم، هێشتا لە خەوی بەیانیدا بووم هاوار هاوارێ پەیدابوو، کاك دکتۆر... کاك دکتۆر، لە خەوی ڕاپەڕاندم و لە دەرگایدا چووم بە دەنگییەوە، گوتی: فریامان بکەوە منداڵەکەمان سووتا، منیش گوتم: کوانێ بۆ سووتا؟ گوتی: فریا بکەوە لە ماڵەوەیە، ناچار شوێنی کەوتم و ڕۆیشتم بینیم کۆرپەلەیەك دەقیژێنێ، دڵم بۆی ژانی کرد، پێستی لەشی هاتبووەوە خوارەوە، سەیری چوار دەوری خۆم کرد و بینیم زۆپایەکی دار سووربووەتەوە و نێڵەنێڵێتی، کتریەکی گەورە لار بووەتەوە و ئاوەکەی بە کوڵاوی ڕژاوە بە سەریدا، گوتم

ئەمە بۆ ڕژاوە؟ دواى بێنە و بەردە گوتى: "دەستبازى من و باوكى"، من تێگەیشتم مەسەلە چییە، جانتاكەم كردەوە و كەرەستەكانم دەرهێنا، هەرچى پێستى دامالڕاوى منداڵەكە هەبوو پاكم كردەوە، دەرزییەكى ئازارشكێنم بۆ منداڵەكە كردوو كەوتمە تیماركردنى، دواى چەوركردنى هەستام وەك قنۆركە پێچامەوە، گوتم سبەى بەیانى بۆمى بهێنن، ئیدى ئەو منداڵە ئەوەندەى دیكە كردمى بە دكتۆر، چونكە بە هەموو ویژدانێكەوە عەقڵم بۆى خستەكار، نزیكەى بە دە ڕۆژ منداڵ كەوتەوە بارى جارانى، هەرچەندە كارەكەم زۆر پێ گران بوو، بەڵام هەستم دەكرد خزمەت بە مرۆڤ دەكەم، زیاتر لە كاتى پێویستدا هزر و بیرم دەخستەكار، بۆ ئەوەى زیاتر و زیاتر خزمەت بە مرۆڤایەتى بكەم.

لە گوندى مۆردخواردەى سەروو پیاوێك هەبوو پێیان دەگوت دكتۆر عوبێد، منیش ویستم بزانم بۆ پێى دەڵێن دكتۆر و چى دەكات، لە كاتێكدا بەهۆى كارى ئاودێرى و باخدارییەوە ژێر نینۆكەكانى پڕ بوون لە ڕەشى، لەگەڵى بووم بە ئاشنا و سەردانى یەكدیمان دەكرد، هاوسەرێكى زۆر بەڕێزى هەبوو بە كەژۆ بانگى دەكرد، دیار بوو یەك منداڵیان هەبوو، ڕۆژێك پێم گوت دكتۆر جەنابتان چ كارێك دەكەن و بۆ دكتۆرن؟ گووتى كاتى خۆى من لە نەخۆشخانەى سەربازى لە بەردەست دكتۆرى ددانددا كارم كردووە، هەر لەوێ توانیم هەندێك زانیارى فێربم، كە هاتمەوە تاقمێكى سارێژكارى و ددان هەڵكێشانم هێنایەوە و ئێستا كارى پێ دەكەم، لە گەرمەى قسەكردندا بووین گوتى كەژۆ ئەو جانتایەم بۆ بهێنە، كە هێناى پێى نیشاندام و گوتى كەژۆ تا ئێستا كەس ڕێگە پێدراو نەبووە، ئەو تاقمە بەكاربهێنێت، لە ئەمڕۆوە دكتۆر ئەحمەد هەر كاتێك ویستى دەتوانێت بە كارى بهێنێت، ڕۆژێك پێشمەرگەیەك بەئازارى ددانەوە هات بۆ لام كە بڕیار بوو بچن بۆ شەڕى دوژمن، بەناچارى تاقمەكەى دكتۆر عوبێدم وەرگرت و سڕكردنم بۆ كرد، بەڵام هەرچیم كرد ددانەكەیم بۆ دەرنەهات، ناچار بەبەنجەوە ڕووى كردە بەرەكانى شەڕ و بەداخەوە هەر لەو شەڕە بە ئەو ئازارەوە شەهید بوو، هەرچەندە نەمزانى ناوى چى بوو.

ساڵ گەیشتە سەرەتاى ئەنفال و كوردڤڕان، لە گەرمیان هەموو لایەك شڵەژان و نائارامى پێوە دیاربوو، جموجۆڵ و دەنگ و باسەكان ناڕەحەتییان پێوە دیار بوو، هێزەكان دەكشێن بۆ سنوورە دەستكردەكان، دوژمن بێ دەست پاراستن دەستى كرد بەكوشتن، دونیاى

بەناو ئیسلامی و عیلمانی لە ئاست ئەو کارەساتە کەڕ و لاڵ بوون، لە یەکێتیی نووسەرانەوە نامەیەکم بۆ هات، کەوا ڕووە و هەوراز بگەڕێمەوە، ماڵ و منداڵەکەم ئەگەر بکرێت بێ ترس بگەیەنمە شار و خۆشم هەڵکشێم بەرەو سەرەوە.

هێدی و هێمن هاوسەر و منداڵەکەم خستە تەرەکتۆرێك و ماڵەکەم بەخشی بە خەڵکی بەرێزی گوندی مۆردخواردەی سەروو، چونکە ئەوەندەی لەوێ بووین زۆر قەدریان گرتین، ئیدی گەیشتینە شێخ بزێنی و لەوێوە بۆ سەر زێ و بەرەو بەری کۆیە ڕۆیشتین، بە نزیکی ڕێگای جاشەکانی ئەو دەم کە لەسەر ڕێگا و گردۆڵکەکانی سەر شاڕێی کۆیە و هەولێر بوون تێپەڕین، لەگەڵ ماڵی مام سابیر ناوێك کە خێزانەکەی شەهید بووبوو، بەرەو هەولێر لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگە کەوتینە ڕێ بۆ باواجی و دواتر بۆ هیران و نازەنین و کونە فلوسە تا گەیشتینە سنووری دەڤەری مەڵبەندی بالیسان، لە ڕێگادا پێشمەرگەیەکی بێ چەکمان گوتی کاك دکتۆر هەتا ناو ئاوایی دەچم و دێمەوە، ئیدی نەمزانی چۆن خەڵکمان بە سەردا داباری، هەر یەکە و بەچەشنێك باسی خۆی و نەخۆشی خۆی دەکرد، ئیدی منیش ئەوەی بۆم کرا لە شروب و لە حەب و لە دەرزی بۆیانم دیاری کرد، ئەوانیش هێلکەی کوڵاو و خواردنیان بۆ هێنایین و کەوتینە ڕێ، زۆر شەکەت بووین دەمەو ئێوارە گەیشتینە بناری قەندیل و نزیك بارەگای جووتیاران.

بۆ مێژوو دەیڵێم سەرمایەکی باش بوو، بارەگایەکی حیزبی شیوعی ح.ش نزیکمان بوو، داوای کۆمەك و نانمان کرد، گوتیان ببورن لای ئێمە نان خوراوە و بەتانیشمان نییە، زۆر نیگەران بووم، دواتر گوێم لە دەنگی بەرزانی قالەی خەڵوز بوو، گوتی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا دەیەوێت بتبینێت، گوتم ناتوانم سەر بکەوم بەیانی دەچم بۆ لای، ئیدی ئاگرمان کردەوە و بە دەوریدا دانیشتین، کە ڕۆژ بووەوە گەیشتمە لای هەڤاڵ نەوشیروان، هەڤالان مام ڕۆستەم و ئازادی سەگرمە و دووان سیانێکی دیکەی بەدەورەوە بوو، سڵاوم کرد و هەڵنەسا، ئەمەش خەتای خۆی نەبوو، خەسڵەتێکی کوردییە کە ڕۆح زلی پێ دەگوترێت، بە هەرحاڵ دەوروبەرەکەی چۆڵ کرد و گوتی چ خەبەرە لە خوارەوە؟ گوتم دەبێت چ بێت پێشمەرگە ڕێگایان لە خەڵك گرتووە بێن بۆ ئەم شوێنانە، کە ئەمەش خراپە و خەڵکەکەمان تیادەچێت، گوتی تیاناچن با بچنەوە ببن بە جاش ئەوە فەرمانی منە، منیش

گوتم تۆ و ئێمە و هێزەکانمان لێرەبن بەعس جاشی بۆ چییە، برا، هەمووممان لەناو دەبات، هەرچەندە دەمتوانی زیاتر بڵێم، بەڵام لە یەك تووڕە بووین و بەرەو ئێران بەڕێ کەوتم.

لە سەرووبەندی ئەنفال و شکستی هێزی پێشمەرگە و نەهامەتی خەڵکی کوردستان، لە قەندیلەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە بۆ گوندی کاولان کە بارەگایەکی بچووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانی لێ بوو، منیش بەگوێرەی ئەوەی هاوسەر و منداڵەکانم لە هەولێر بە جێمابوون لە کاولان مامەوە، ڕۆژێك مامۆستا نازم عومەر پێی گوتم، یەك دوو کەسی باش پەیدا بکە و ببە بە بەرپرسیاری دابەشکردنی هاوکاری بە سەر ماڵە ئاوارەکانی ئەم سنوورە، منیش ڕازی بووم و ئەوەی بیرم بێت هەڤاڵ بەهجەت شەوکەتم بانگ کرد، بە مامۆستا نازمم گوت با دەست پێ بکەین، ئەویش گوتی ئاگاداربن وەك برادەرانی خۆتان نەکەن! گوتم بۆچی؟ گوتی لێگەڕێ، دیاربوو مەبەستی لە گەندەڵی بوو.

پاش چەند مانگێك هاوسەر و منداڵەکەم بە یاوەری کەمال بابەکر گەیشتنە لام، کەمال بابەکر پارەیەکی باشی پێ بوو لە گەڕانەوەیدا لە قەندیل شەهید بوو، تەرمەکەیان هێنا، لە گوندی ئەنجینەی سەر سنووری سەر بە شارباژێر ناشتمان، دواتر ماڵەکەمان کە دوو بەتانی و جلەکانمان بوو هەلگرت و بەرەو شاری بانە کەوتینە ڕێ، چووینە ماڵی حاجی سادق کە شۆرەتی حاجی سایەقی هەبوو، کچۆڵەیەکی دراوسێیان کە دواتر زانیم کچی سەلیمی چایچییە، هاوکاری کردین و بینی یەك دونیا دەرمانمان پێیە، گوتی ئاغا جەنابتان دکتۆرن؟ منیش بە پێکەنینەوە گوتم بەڵێ، بۆ شەوی دواتر کچۆڵەکە هاتەوە گوتی: ئاغا دکتۆر، باوکم دەڵێت تەشریف بهێنن بۆ ماڵی ئێمە، منیش ڕەحمەتی موکری میوانم بوو، گوتم: چی دەڵێیت بچین؟ ئیدی چووین و ئەو شەوە خزمەتی باشیان کردین و دواتر گەڕاینەوە، لە ڕۆژی دواترەوە بووین بە ماڵی (ئاغا دکتۆر) و بەرنەدەکەوتین، خزمەتێکی باشی خەڵکی گەڕەك و بانمان کرد، دواتر چەند ماڵێکمان کرد و ئەو گەڕەکەی لێی بووین گەڕەکی سلێمان بەگی بانە بوو، دواتر کوردستانی باشوور ئارام بووبووەوە و گەیشتینەوە سلێمانی و وازم لە کاری پزیشکی هێنا.

له دوای ۱۹۹۱ ماوەیەك لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئاوارەکانی کەرکووك بووم له سلێمانی، دواتر کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانمان بەست، یەکێتیی نووسەرانی شاخ و یەکێتیی نووسەرانی کوردستانمان تێکەڵ کرد، لێرەوە گۆڤاری گزنگمان وەك زمانحاڵی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەران دەرکرد و ڕۆڵی گرنگم تێیدا گێڕا، دواتر له ۱۹۹۹ پەیمانگای ڕۆژنامەنووسیم تەواو کرد و له ساڵی ۲۰۰۰ له بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی وەرگیرام و بڕوانامەی بەکالۆریۆسم بەدەستهێنا، پاشان پێشکەشی خوێندنی ماستەرم کرد له زانکۆی جینان له تەڕابلوسی لوبنان، بەڵام بەهۆی خراپی دۆخی داراییەوە تەواوم نەکرد و دەستبەرداری خوێندن بووم، ئێستا خانەنشینم، ساڵی ۱۹۸٦ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە و باوکی پێنج منداڵم[١٣].

---

[١٣] ئەحمەد عەبدولکەریم عارف، سلێمانی، ۲۰۲۲/۲/۱.

ئەنوەر محەمەد نوری (د. ئەنوەر)

بە دکتۆر ئەنوەر ناسراوم، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی ئەڵماس لە شاری کەرکووک لەدایک بووم، لە ساڵی ١٩٧٧-١٩٧٩ پەیمانگای پزیشکییم تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندم بەهێزی پێشمەرگەوە لە سنووری تیپی ٢٥ی خاڵخالان کردووە، وەك پزیشك و پێشمەرگە خزمەتم کردووە، هەتا ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ لە کار و خەباتی سیاسی و تێکۆشان و پزیشکی و پێشمەرگایەتی بەردەوام بووم، لە دوای ئەوەوە گەڕاومەتەوە سەر ئەرکەکەی خۆم.

ڕۆژێك گوندی تلیان لە ناوچەی شوانی سنووری چەمچەماڵ کەوتە بەر بۆمبارانی چەکی کیمیایی، هەرچەندە خۆم پێشتر بریندار بووبووم، دەستم کرد بەتیمارکردن و چارەسەرکردنی بریندارانی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی لە گوندەکەدا.

شەوێکی زستانی زۆر سەخت و پاش باران کاتژمێر ١٢ی شەو بەدواوە هاتن بە شوێنمدا و گوتیان هەڤاڵ پۆلا لە گوندی چیاسەوزی ناوچەی شوان بریندارە، ئەگەر بتوانیت و بێیت بۆ لای تا تیماری بکەیت، ڕاستەوخۆ بەڕێ کەوتم پاش سێ کاتژمێر ڕێکردن کە دونیا باران و قوڕ و لیتە و لافاو بوو، ئەوەی کە لە بیرم ناچێتەوە لە چەمێکدا ئاوی لافاوەکە هەتا سەر سنگم هات، بەڵام بەردەوام بووین و گەیشتمە لایی و چارەسەرم کرد.

لە لایەکی دیکەوە لە بۆمبارانێکدا کەسێك کونی خۆشاردنەوە لە فڕۆکە ڕووخا بوو بە سەریدا کە پێیان دەگوت (کونەتەیارە)، لە ژێر نزیکەی مەترێك خۆڵدا دەرمانهێنا کە بەئاستەم هەناسەی دەدا، بەهەناسەی دەستکرد ژیانم بۆی گەڕاندەوە.

لە ساڵی ١٩٨٧ ئەرکی گرتنی سەربازگەی قەلاتەمان پێ سپێردرا، کە لەسەر زێی تەقتەق بوو، هێزێك لە هەردوو تیپی: (٢١ی کەرکووك و ٢٥ی خاڵخالان) پێکهێنرا، بەسەرپەرشتی هەڤاڵ عەبدولرەحیم کە لە مەڵبەندی دووی ئەوکاتەوە نێردرا بوو، چالاکییەکە سەرکەوتوو بوو، هەڤاڵ ڕەحیم شەهید بوو، لەو چالاکییە وەکو پزیشك تەنها خۆم بووم، کە کشاینەوە گوندی قەسرۆك هەشت بریندارمان هەبوو، هەر یەکە و بەجۆرێك دەیان نالاند، نەم دەزانی فریای کامەیان بکەوم، هەبوو خوێنی دەویست، هەبوو

موغەزی پێویست بوو، هەبوو دوورینەوەی برینی دەویست، هەبوو ڕاگرتنی خوێنبەربوونی پێویست بوو یان دەرزی هێورکەرەوە یاخود دەرمانی پێویست بوو، ئیدی بەڕاستی بۆ من شڵەژان بوو، لەوێ پێشمەرگەیەکی حەساری بە ناوی هەڤاڵ فەرهاد حاجی سابیر، کە هەرچەندە پێشمەرگەی تیپی ئێمەش نەبوو، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی حەساری بوو، زۆر چالاکانە هاوکاری کردم، تا هەموو کارەکانم تەواو کرد، ئینجا گوتی دکتۆر تەواو بووی؟ گوتم بەڵێ فەرهاد گیان، زۆر سوپاست دەکەم و ماندووم کردی، گوتی: شایەنی نییە، بەڵام منیش هەندێك بریندارم، گوتم تۆ! گوتی: بەڵێ، پاشان سکی هەڵدایەوە، کە بینیم بەڕاستی سەرسامی کردم، چونکە برینەکەی فەرهاد هیچیی کەمتر نەبوو لە برینی هەندێکیان، زۆر خۆڕاگرانە خۆی ئاشکرا نەکرد تا کۆتایی، ئینجا دەستم کرد بە دوورینەوەی برینەکەی فەرهاد کە هەشت تەقەڵی پێویست بوو، گوتم ئافەرین ڕۆڵەی قارەمان، شایەنی باسە زۆرینەی پێشمەرگەی ئەوکات ئەوها بوون.

ساڵی ١٩٨٧ دوژمن هاتە سەر شاخی کەلکەسماق و سەنگەری خۆیان لەسەر دامەزراند، لە مەڵبەندی دووەوە بڕیار هات کە دەبێت ئەو شاخە هەمان شەو بگیرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە تیپی ٢١ و ٢٥ و ٩٣ و تیپێکی دیکە هێزێکی گەورە پێکهێنرا، هەر ئەو شەوە هەڵمان کوتایە سەریان و قارەمانانە توانیمان لە ماوەی ٢٥ خولەك بیست ڕەبیەیان بگرین و خاپووریان بکەین و کوشتارێکی زۆر باشیان لێ بکەین و دەستکەوتی باشمان لە چەك و تەقەمەنی هێنایەوە، بەڵام بەخۆێنی دکتۆر حەمید نووسرایەوە، ئەم نەبەردییەش بەسەرپەرشتیی هەڤاڵان: مام ڕۆستەم و مەلا ئاراس ئەنجام درا و خرایە پاڵ دەیان نەبەردی دیکەمان.

یەکێکی دیکە لەو کارە ئەستەمانەی کە بیرمە بریتی بوو لە چوونمان بۆ شەڕەکانی وڵاخلوو، لەگەڵ ئەوەی گوایە من پزیشك بووم، کەچی کلاشینکۆفێك و هەشت مەخزەن و دوو نارنجۆك و دەمانچەیەك و گوللەیەك RBG و بەتانییەك و جانتا دەرمانەکەم هەڵگرتبوو، خۆ ئەگەر بۆ باوکم بوایە ئەستەم بوو هەر بیانتوانم، ئەو هەموو ماندوویێتی و

ئازار و شەونخونییە بەڕاستی لە ژمارە نایەن، بەڵام ویژدانم ئاسوودەیە، چونکە بۆ ڕزگاری گەلەکەمان بوو[١٤].

[١٤]– ئەنوەر محەمەد نوری (د. ئەنوەر)، کەرکووک، ٢٠٢٢/٢/٢٥.

بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر (د. هەژار)

من لە بنەماڵەی بابانم بنەچەمان بۆ فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لە گوندی هەڵشۆ دەگەڕێتەوە، لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٥٧ لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە گوندی غەزەمپەڕ (قەزنەفەر)ی کەرکووك لەدایك بووم، باوکم نووسەر و ڕۆشنبییر و کوردپەروەر بووە، لە (ح.ش)دا لە ١٩٤٥ ئەندامی سەرکردایەتی بووە.

ئێمە کە سەرەتا چووینە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی سەر بە شیوعی بووین، دواتر پەیوەندیمان کرد بەڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە، برایەکم بەناوی ملازم سیروان لە ١٩٨٧/٩/١١ شەهید بووە، پلەکەی فەرماندەی کەرت بووە لەناو (ی.ن.ك)دا، برایەکی دیکەم بەناوی دلێر نازناوەکەی (گۆران) بوو هەر لە پێشمەرگایەتیدا لە ساڵی ١٩٨٧ شەهید بووە، برایەکی دیکەم بەناوی ئاراس بە نازناوی (سوارە) هەر پێشمەرگە بووە، شەهیدبوونی براکانم دۆخێکی دەروونی خراپی بۆ من دروست کرد.

من قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم هەر لە کەرکووك تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ ڕێکخراوێکمان دروست کرد بەناوی برایانی فەهد لە چەند شوێن لقی هەبوو، سەر بە ح.ش بوو، لە ساڵی ١٩٧٣ چوومە زانکۆ لە بەشی شەریعەی ئیسلامی (بەشی فیقهە) و کۆتا ساڵی زانکۆم لە نەجەف لە حەوزەی عیلمی تەواو کرد، باوکم بەزۆر ناردمیە ئەو بەشە، دواتر بۆ ئەوەی بەشداری سوپا نەکەم، ماستەرم لە شەریعە (سیرة نبوية شريفة) لە ١٩٧٩ خوێند.

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕیزەکانی ح.ش بریندار بووم، لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨١ کەوتمە کەمینی جاشەکانی عەباسی بەهلوول ئاغا لە سەنگەسەر ئیدی ناردیانم بۆ سووریا بۆ چارەسەر، من لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا (٩) جار بەسەختی و بەگوللە بریندار بووم، چەند جارێکیان هەر بەڕێکەوت لە مردن گەڕاومەتەوە، ئیدی لە سووریا بەدەرفەتم زانی لەوێ بەشی

پزیشکیم خوێند کە هاوشێوەی کۆلێژی پەرستاری ئێستا بوو، خوێندن بە عەرەبی و فەڕەنسی بوو، ماوەکەی نزیکەی دوو ساڵ بوو، ئیدی تا ساڵی ١٩٨٦ لە سووریا مامەوە و گەڕامەوە.

ئەو کاتەی پێشمەرگەی ح.ش بووم لە بناری قەندیل بە دیل گیرام، ئێمە لەگەڵ ماڵی شەهید ئازاد هەورامیی خزمایەتیمان هەبوو، پێشتر پێکەوە پەروەردە بووبووین، ئەو ڕزگاری کردم، ئیدی داوای لێ کردم پەیوەندی بە ی.ن.ك بکەم، ئیدی لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیم بەڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە کرد.

لە ڕووداوێکدا لە گوندی مۆردخواردەی بناری خاڵخاڵان چەند پێشمەرگەیەك لەوانە هەڤاڵ سیروانی برام و هەڤاڵ حەمەسوور دووشیوانی و چوار بۆ پێنج پێشمەرگەی دی بریندار بوون، لەوێ نەشتەرگەریمان بۆ کردن، هەڤاڵان مام باپیر و سەلامیان لەگەڵ بوو دواتر هەڤاڵ سەلام شەهید بوو، ئێمە وەك کادیری پزیشکی من و د. هادی و د. حەمەفەڕەنسی بووین، د. هادی زۆر بوێر بوو نەشتەرگەری گەورەی دەکرد، من پێشنیارم کرد حەمەسوور سەرەو خوار هەڵواسن تا خوێنی ناو سییەکانی بێتە خوارەوە بۆ ئەوەی نەخنکێت، وامان لێ کرد و دواتر نەشتەرگەریمان بۆ کرد و سەرکەوتوو بوو.

ئێمە تیمێك بووین گەڕۆك بووین هەرکات لە سەرکردایەتییەوە برووسکە بهاتبا هەر کوێیان بگوتبا دەبوو بچین، لە ڕووداوێکدا لە ناو بەفردا بەهۆی لاوازبوونی بینینەوە دوو پێشمەرگە ڕێگا ون دەکەن و ماوەیەکی زۆر لە بەفردا دەمێننەوە، لە شوێنێك پێی دەڵێن کونەمشکە لە نزیکی هەڵشۆ یەکێکیان ناوی هەڤاڵ تۆفیق فەتحوڵڵای قەراغ بوو، ئەوی دی خەڵکی گەرمیان بوو، دۆخێك هەیە پێی دەڵێن گانگرین، کە بەهۆی سەرماوە کەسەکە قاچی ڕەش دەبێتەوە و هەستی ئازار لە دەست دەدات، واتە ئەگەر بە پێی پەتی بە ناو بەفردا بڕوات هەست بە سەرما ناکات، یەکێکیان قاچێك و ئەوی دیکە هەردوو قاچی ڕەش بووبوویەوە، بەڵام دووەم کەمتر ڕەش بووبوویەوە، ئەوەی کە هەردوو قاچی بوو پێڵاوی لە

پێ نەمابوو، کەچی هەستی پێ نەکردبوو کە لە پێیدا نەماوە، واتە لە ناو بەفرەکە بەجێمابوو، ئێمە لە سنووری گوپتەپە بووین لە ڕێگەی بروسکەیەکەوە لەگەڵ هەڤاڵ ساکار ڕۆیشتین بۆ ناوچەی مامەندە و دۆڵەکۆگە، لە خوارووی زەڵێ بەمشار یەکی قاچێکی هەردوو پێشمەرگەکەمان لە چەند سانتیمەترێك سەرووی باریکایی قاچیانەوە بڕییەوە، هەرچەندە قاچەکەی دیکەیان ڕەش بووبوویەوە بەس کەمتر بوو، بڕیارماندا کارێك بکەین هەر یەکەیان یەك قاچ لە دەست بدەن، ئەویش بریتی بوو لە داماڵینی پێستی قاچەکەی دیکەیان کە ڕەش بووبوو، چونکە پێست زوو دروست دەبێتەوە، بەڵام قاچەکەی دیکەیان زۆر ڕەش بووبوویەوە، ئەگەر نەبڕایەتەوە ڕەشبوونەکە سەر دەکەوت، دواتر دەبوو بەشێرپەنجەی ئێسك، دەبوو لە سەرووی ڕەشییەکەوە ببڕدرێتەوە، لەو کاتەدا دایکم هاتبوو بۆ ئەوەێ، دایکم نزیکی ئێمە بوو، لەو کاتەی کە ئێمە قاچی پێشمەرگەکەمان دەبڕیەوە پێشمەرگەکە جنێوی بە دایکم دا، دایکیشم گوێی لێ بوو، دوای قاچ بڕینەوەکە هاتم بۆ لای دایکم، گوتم دایکە گوێت لێ بوو جنێویان پێ دەدای؟ گوتی: **"کورە ڕۆڵە قاچیت بڕیوەتەوە دەتەوێت جنێوت پێ نەدات!"** دواتر کە هۆشیان هاتەوە هاتن بۆ لای دایکم، دەستیان ماچ کرد، تا ئێستاش چەند مقەستێکی پزیشکی ئەو کاتەم ماوە(١٥)، ئەوە نەبێت کەمێك کول بوون، ئەگینا وەکو خۆی ماون، وەك یادگاری پاراستوومە، من ئەو کات کۆڵەپشتێکی گەورەم هەبوو، هەموو کەلوپەلێکی پزیشکی تێدا بوو.

ڕۆژێك برا گەورەکەم هەڤاڵ ئاری بابان (شێوەکار) هات بۆ لام تووشی سەرئێشەیەك بووبوو، گوتم دەرزییەکی بێهۆشکردنمان هەیە بۆ ئەو دۆخەی تۆ زۆر باشە، ئامادەی بۆتی بەکار بهێنم، بەس بێهۆش دەبێت، قایل بوو منیش لێمدا، ئیدی ئێمە چووین بۆ جەولەیەك ماوەی شەو و ڕۆژێکمان پێچوو هاتینەوە هێشتا لە خەو هەڵنەسابوو، دواتر کە هۆشی هاتەوە گوتی ئەوە چ دەرزییەك بوو وتم فلان دەرزییە و دەتخەوێنێت و هەست

---

(١٥)- بۆ بینینی وێنەی مقەستەکان بڕوانە پاشکۆی وێنەکان.

بەئازار ناکەیت -بەردەوام ئەو جۆرە سەر ئێشەیەی لەگەڵدا بوو تا لە کۆتاییدا لێی کرد بەشێرپەنجەی مێشك و لە ٢٠٢١ هەر بەو ئازارە کۆچی دوایی کرد-.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە بۆردومانێکدا لە گوندی چەوری گەرمیان پێشمەرگەیەك بە بۆردومان بریندار بوو، دوو سەتڵ هەنگوینی پێ بوو، لەو کاتەی پارچەکە بەری دەکەوێت دوو سەتڵە هەنگوینەکەی لێدەکەوێت، لەو برینداریيە هەر دەیگوت کوا هەنگوینەکەم، گوتمان وازیبێنە هەنگوینی چی! با چارەسەرت بکەین، ئیدی بەزووترین کات ڕەوانەی سەر سنوورمان کرد.

ماوەیەك ئۆتۆمبێلێکی سەربازیمان هەبوو، دەستمان بە سەردا گرتبوو، زوو زوو کلاجی هەڵدەسا، منیش دەمزانی چۆن چاك دەبێت پێویست بە ناردنەوەی بۆ شار ناکات، لەو کاتە لە ژێر ئۆتۆمبێلەکە بووم پێشمەرگەیەك هات گوتی دکتۆر هەژار زۆر نەخۆشم منیش گوتم قورگت تاڵە؟ گوتی بەڵێ، گوتم تاولەرزت هەیە؟ گوتی بەڵێ، ئیدی زانیم چییەتی، منیش دەرزییەکم بۆ گرتەوە و دەرزییەکەم بۆ کرد، بۆ دەرزی دووەم تاقەتم نەبوو لە ژێر ئۆتۆمبێلەکە بێمە دەرەوە گوتم تۆ پاڵکەوە و بەرەو ژێر ئۆتۆمبێلەکە لێم نزیك بەرەوە ئەو وای کرد و منیش هەر لە ژێر ئۆتۆمبێلەکەوە دەرزییەکەم لێیدا، تا ئێستاش بە گاڵتەوە ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە، ئەم ڕووداوە کۆنە ئەوکات لە ڕیزەکانی (ح.ش)دا بووم، من کە چوومە ڕیزەکانی ی.ن.ك هەر وەفادار بووم بۆ ح.ش، چونکە بڕوانامەکەم بەهۆی ئەوانەوە بەدەست هێنابوو، ئەوان بوون ناردیانم بۆ سووریا تا چارەسەر بکرێم و خوێندن تەواو بکەم، وەفای ئەوانم لە بیر نەکردبوو، جارێك بە هەڤاڵ مام جەلالم گوت ئەگەر ڕۆژێك شەڕ لە نێوان ی.ن.ك و (ح.ش)دا هەڵبگیرسێت من بەشداری ئەو شەڕە ناکەم، گوتی: "**تۆ کوڕی باوکی خۆتی**"، واتە پێشتر باوکمی ناسیوە کە بەرپرسێکی ح.ش بووە، لە کوردستان و کەرکووکدا بنەماڵەکەی ئێمە ناسرابوو، باوکم بە

عوبێد سەعاتچی، یان (عوبێد گاور) ناسرابوو، هێندە شیوعییەکی سەر سەخت بوو خەڵکی هەموو دەیانناسی.

لە دۆڵی بالیسان گوندێك هەیە ناوی خەتێیە مەڵبەندی لێ بوو، حکومەت کیمیابارانی کـرد، پێشـمەرگەیەکی زۆر بەرکـەوتن، دەرزی ئـەترۆپین هەیـە لـە پێشـمەرگەکانمان دەدا، پێمان دەگوتن دەموچاوتان ببەستن و گەیشتنە ئاو دەموچاوتان بشۆن و دەست لە گیرفانتان دابنێن، بۆئەوەی پاشماوەی کیمیاییەکە نەلکێ بەدەستانەوە و بـە بـێ ئاگا دەسـت بـدەن بـە دەموچـاوتانەوە، گازەکـە خـەردەل بـوو تووشـی ڕشـانەوە و سکچـوون و میـز بـەخۆداکردنی کردبوون.

ئیـدی لـە سـاڵی ١٩٨٨ چـووینە ئـەودیو بـۆ ئێـران، تـا سـاڵی ١٩٩١ ژیـانم بـەو شـێوەیە بردەسەر، ئیدی لە دوای ڕاپەڕین هاتینەوە، لە ١٩٩٢ بووم بە ئەفسەر بە پلەی نەقیب، دواتر لە ڕانیە سەربازگەیەکمان دانا بەناوی بنکەی مامەڕیشە، لـەوێ پلـەی حیزبیشـم کـارگێڕی کۆمیتە بوو، لە بنکەکـە ڕاهێنـانی سـەربازیمان دەکـرد و کردمـان بـە فـەوجێك، دواتـر وەك ڕابـەری سیاسـی ١٨ی بەرانـەتی دیـاریکرام و کەوتمـە دەشـتی هـەولێرەوە و شـەڕی نـاوخۆی بەسەردا هات، تا ١٩٩٦ لە ناو هەولێر بووم، ئامر هێز بووم، دواتر بە تێپەڕبوونی کـات پلـەم بەرز کرایەوە تا ٢٠٠٣ پلەکەم گەیشت بە عەقید، لـە ٢٠٠٣ کـە شـەڕ گەیشـتە کـەرکووك مـن خۆم بۆ نەگیرا سەرەڕای ئاگادارکردنەوەم کە نەچم، بەڵام لەگەڵ هێزەکەم بەرەو کـەرکووك بەڕێ کەوتم و گەیشتینە ناو شاری کەرکووك و بەشداری شەڕی ناو کەرکووکمان کرد، ئیدی لە بواری سەربازی بەردەوام بووم تا لە ٢٠٢١ بەپلەی سەربازی خانەنشین کرام.

لە ساڵی ١٩٨٨ هاوسـەرگیریم کـرد، کچە گەورەکـەم لـە ئێـران لـەدایك بـوو ناومـان لێنـا ئیڤان، پێنـج منداڵی دیکەم هەیە بەناوەکانی (ڤانیا، تانیا، سیروان، سەردار، هەستی) [١٦].

---

[١٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر (د. هەژار)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٩.

بورهان ڕەئووف نجم (د. بورهان چوارداخی)

بە بورهان شێخ ڕەئووف، یان بورهان چوارداخی ناسراوم، لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی پیرەسپانی گەورەی ناوچەی ساڵەیی کەرکووك چاوم بە ژیان هەڵهێناوە، مەبەست لە نازناوەکەم بریتییە لە دوو وشەی لێکدراوە (چوار+داخ)، چوار مەبەستم چوار پارچەی کوردستانە کە بە (داخ) گوزارشتم لێ کردووە، خوێندنی سەرەتاییم لە گوندی زەردك تەواو کردووە، ناوەندی و ئامادەییم لە کەرکووك تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ – ١٩٨٠ پەیمانگای پزیشکی سلێمانیم تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٤ کۆلێژی یاسام لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

پزیشك و پێشمەرگە و شاعیر و نووسەر و مامۆستای شۆڕش بووم، ساڵی ١٩٧٦ لە ئاهەنگێکدا لە ڕەحیم ئاوای کەرکووك هەندێك خوێندکاری کورد ئیتیحادی تەلەبەی عێراقی بوون، سەر بە حیزبی بەعس بوون، منیش بەبێ ئەوەی بانگهێشت کرابێتم بۆ ئاهەنگەکە بانگیان کردمە سەر شانۆ، منیش چووم هۆنراوەی (گەل فریزە)ی خۆمم خوێندەوە، بۆ ڕۆژی دواتر ئەمنی عێراقی گرتمیان، ئەشکەنجەی زۆریاندام، بەڵام ئەو کات من ڕێکخستن نەبووم.

ساڵی ١٩٧٨ لەسەر دەستی هەڤاڵ ڕەحمان حەمید جۆلا، پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە کردووە، لەگەڵ هەڤالانی هەردوو شاری کەرکووك و هەولێر پەیوەندیم هەبووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە گوندەکەی خۆم خوێندنگەم داناوە بۆ مندالانی گوندەکە، لە ژیانمدا خەباتم بە چوار شێوە ئەنجام داوە، ئەوانیش: (کاری پزیشکی، کاری ڕێکخراوەیی، کاری کۆمەلایەتی، کاری پەروەردەیی و مامۆستای شۆڕش).

هەرچی کاری پزیشکییە لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨١ چوومەتە ناوچەی شێخ بزێنی خواروو، گوندەکانی کاولە سووار و تولکی و بەستی شەرغە لە ئەوبەری زێی بچووك، تا ١٩٨٨/٩/٢٦ لە بناری چیای دێدەوان، لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری دیکە لەوێ ماینەوە، لە ماوەی هەشت ساڵی خەباتم لە ڕووی پزیشکییەوە چەندین پێشمەرگە و هاوولاتیم تیمار کردووە، ئەوانەی لە یادم مابێت ئەمانەن:

هەڤاڵ محەمەد عەمدۆنی: لە حکومەت یاساغ بوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ جاشەکان دەچنە سەری، بەڵام خۆی نادات بەدەستەوە، بەسەختیش بریندار دەکەن، بەڵام ئازایانە دەربازی دەبێت، گوللە بە کۆڵنجی کەوتبوو، هێنایان بۆ لای من، بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ تەداوایم کرد، کە بریتی بوو لە دوو کۆرس دەرزی (ئەنتی بایۆتیک)م لێ ئەدا و برینەکەیم پاك دەکردەوە، تا بەتەواوی چاك بوویەوە و ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

کونجی قەناعەت: لە ساڵی ١٩٨٢ لە شوێنێکی تەنگەبەری ئەستەمی چڕ بۆ خۆشاردنەوە دروستمان کرد و بووە خەڵوەتگەی کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی و خۆحەشاردان و شاردنەوە بۆ کاتی پێویست، کە لەم شەش کەسە پێکهاتبووین:

١. بەندە
٢. مام ڕەئووف کاولەسواری
٣. مەلا شاخی
٤. شەهید سەمەد مام ئەحمەد شەوگێڕی، کە برا گەورەی شەهیدی فەرماندە مەلا ئاراس و سێ برای دیکەی شەهید بوون.
٥. شەهید مەلا ئاراس
٦. شەهید سەرباز مام حسێن

کونجی قەناعەتمان دروست کرد بۆ ئەم مەبەستانە: (بۆ خۆشاردنەوە، چونکە ئەو کات جاش و سوپا بە دووی پێشمەرگەدا کێومالیان دەکرد، بە تایبەت لەو ناوچەیە مەبەستیان بوو مەلا ئاراس شەهید بکەن، هەروەها بۆ حەسانەوەی بریندارەکان و سارێژکاری، کە هەواڵیشیان لەسەر بدرایە ئەستەم بوو بدۆزرێنەوە، دواتر بۆ بلاوکراوەکانی ی.ن.ك و دابەشکردنی بە سەر شانەکانی ڕێکخستندا، لەگەڵ بوونی چەندین پەرتووکی فکری و ئەدەبی و فەلسەفی، هەروەها پێویستی چا و خواردن، لەگەڵ دەرزی و دەرمان و پێویستی گرنگی پزیشکی، وەك ئەمپۆلی دژەخوێنبەربوون، سایکرۆکاپرۆن و ڤیتامین K، ئامێری پێوانی فشاری خوێن، سێتی نەشتەرگەری بچووك، لەفاف و گۆزی پاکەرە و دیتۆڵ، پەرمەنگەنات و موغەزی، جۆرەکانی دەرزی ئازارشکێن، ئەسپیجیك و نۆڤالجین و کەمێك تراماڵ و دەرزی دژە ژەهر بۆ مار و دووپشك، لەگەڵ مەڵهەمەکانی بیورن کرێم،

تتراسایکلین، دڵۆپەی پاکەرەوە بۆ چاو، گولاجەکانی ئەسپیرین، پاراسیتامۆڵ، گلیڤانان، تیگریتۆڵ بۆ ئازاری عەسەبە، هەرووەها ڤیالی، کلۆرۆفنیکۆڵی گرانەتا و دەرزی دژە ژەهر ئەنتی ستین و ڤیالی، گرامایسین، ئەمپیکلۆکس ئامپیسیلین و سفرتتۆڵ بۆ سەر برین و کە بۆ سوتاوی بەکاردەهات، هەروەها ئامپولی بی کۆمپلێکس بۆ خوێن کەمی و ڕانینتیدین بۆ برینی گەدە و ناوسك، ئەمپولی دژە هەستیاری و لەگەڵ تاقمی (نەشتەرگەری بچوك) و دەرزی و دەزووی دوورینەوەی برین، هەروەها هی دیکەشمان لابوو بەڵام دوای چل ساڵ هەر ئەوەندەم لە بیرە، بەکورتی ئەو کونجی قەناعەتە نەخۆشخانەیەکی بچووکی نهێنی بوو لە ژێر زەوی، سەرەتا ئەم کەسانە پێیان دەزانی: (مەلا شاخی، مەلا ئاراس مام ڕەئووف کاولەسوار، سەمەد مام ئەحمەد و سەربازی مام حسێن).

داستانی مۆردخوارده: لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢ کە فەرماندە عەلی ساڵح و کۆمەڵێك پێشمەرگە شەهید بوون، هەڤاڵ مەلا ئاراس و پێشمەرگەیەك بەناوی هەڤاڵ مەجید محەمەد ناسراو بە نەقیب سیروان کە خەڵکی گوندی بیرەسپان بوو بریندار بووبوون، هەڤاڵ مەلا ئاراس لەبەر سەختی برینەکەی ڕەوانەی سەرکردایەتی کرا، من نەقیب سیروانم بردەوە بۆ بیرەسپان، لە شوێنی تایبەت لە ماڵی خۆمان کە بۆ شاردنەوەی کادیر و هەڤاڵان دروستمان کردبوو شاردمەوە، بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ بەنهێنی کە هەموو گیانی پارچەی هاوەن بوو دەرم دەهێنا و پاکم دەکردەوە و ڕۆژی دوو دەرزیم لێ دەدا، کە بریتی بوو لە کەپسوولی ئەمپکلۆکس شەش کاتژمێر جارێك پاشان پێکەوە چووین بۆ بنکەیەکی گوندی تولکی واتە (کونجی قەناعەت)، کە وەك باسم کرد پڕمان کردبوو لە داودەرمان.

تیمارکردنی شەهیدی فەرماندە مەلا ئاراس: لە دوای ئەوەی مەلا ئاراس لە سەرکردایەتی هاتەوە، چارەسەری تەواوی بۆ کرابوو، قۆڵێکی بە لەفافەوە لە ملی بوو، لەگەڵ پێشمەرگەیەك دەگەڕێتەوە لە گوندی گۆگجە لە مانگی ١٩٨٢/٩ تووشی کەمینێکی جاش دەبن، گوللەیەك لەو قۆڵە شکاوەی دەدا، بۆ ماوەی شازدە ڕۆژ من لە کونجی قەناعەت تیمارم کرد، بە لێدانی ڤیالی (ئەمپیسیلین، گارامایسین) ڕۆژانە ئەمپولی (بی کۆمپلێکس)م سێ ڕۆژ جارێك بۆ بەکاردەهێنا، هەروەها ڕۆژانە برینەکەیم تەداوای دەکرد، لە کاتی پێویست

دەرزی ئازار شکێن (ئەسپیجیك)م لێ دەدا، لێرەدا پێویستە باس لە ڕۆڵی پورە فاتم بکەین، کە ئێمە لە گیرفانی خۆمان دەمان نارد بۆ کەرکووك پێویستی برینداری بۆ دەهێناین.

تیمارکردنی شەهیدی فەرماندە عەریف ئەکرەم: ناوبراو لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر قۆڵ و ڕانی بریندار بووبوو، لە پاش ئەوەی لە سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر چارەسەری باشی بۆ کرابوو، گەڕایەوە بەستی شەرغە لەو بەر زێی بچووك بۆ گوندی ئاومالَ، بەڵام برینەکەی هەوی کردبوو، من بە ڕێکەوت لە ماڵی هاوڕێم سابیر ئاومالی بووم، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تیماری باشم بۆ کرد و کەپسوولی دژەهەوکردنم پێ دا، پاشان حەبی ئازار و کەپسوولی ئەمۆکسلینم بۆ کۆرسێك پێ دا، بۆیە گەڕامەوە سنووری کەرکووك، ئەم کارەم لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٢دا بوو.

بریندار بوونی عەلی مەنزەر: پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕی ناوخۆ گوللەیەك لە سەری دابوو، لە پشتی سەرییەوە دەرچوو بوو، تووشی شەلەلی کردبوو، هێنایانە گوندی بیرەسپان، بەشەو لە ماڵ مام حسێن بیرەسپانی کە بووبوو بە پەناگەی لێقەوماوان، بەندە کاری تەواویم بۆ کرد و برینەکەیم پاك کردەوە، چونکە ئێسکی کاسەسەری شەق کردبوو، بەڵام مۆخی نەگرتبوو، دوای ٧٢ کاتژمێر بەرەو باش بوون چوو، بەڵام زمانی تەواو نەبوو، جووڵەی دەستێکیشی کەم کرد بوو، هەروەها نانی نەخواردبوو موغەزیم بۆ هەڵواسی، بەردەوام فشاری خوێنیم بۆ دەپێوا، لە دوای سێ ڕۆژەوە کەمێك نانی دەخوارد، بەڵام لایەکی لە ٨٠٪ لە جووڵە کەوتبوو، ناچاربووم دەرزی ترامالی لێ بدەم چونکە لەبەر ئازار خەوی نەبوو، بە ناچار دوای سێ ڕۆژ، بۆ شەوەکەی لەگەڵ هەڤاڵ مەلا فەرمان گواستمانەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی، پاشان بە کەڵەك گواستمانەوە بۆ گوندی سێگردکان، لەوێوە ناردیان بۆ سەرووتر، پاشان بۆ ئێرانیان نارد.

بریندابوونی مام ڕەزا: لە کەرتی ١ی ساڵەیی بوو ئامۆزای شەهیدی فەرماندە مام برایمە سوور بوو، لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٣ بە گوللەیەك کە لە قۆڵی دابوو بریندار بوو، بەڵام خۆشبەختانە ئێسکی نەگرتبوو، بە ڕێکاری پزیشکی تیمارم کرد و هەموو ڕۆژ دوو ڤیالی (Ampeclox)م بەیانی و ئێوارە بۆ بەکارهێنا و پاشان پاکم کردەوە و بە کۆرسێك چاك بوویەوە، بەداخەوە لە ئەنفالدا دوای ئەوەی بریندار دەکرێت ئەنفال دەکرێت.

له ١٩٨٣/٧/١٧ فڕۆکەیەکی ڕژێم بۆدومانی (مام عوسمان قەساب و کوڕەکەی) کردبوو، کوڕەکەی شەهید بوو، خۆشی بەسەختی بریندار بوو، من فریای مام عوسمان کەوتم و تیماری باشم بۆ کرد و خوێن بەربوونەکەیم ڕاگرت، بۆ ماوەی یازدە ڕۆژ لە بیرەسپان تیمارم کرد، کە شەوان لە ماڵی کۆچکردوو تالیبی شەهید شێخ غالیبی بیرەسپان دامان دەنا، هەر هەمان ڕۆژ فڕۆکە هاووڵاتییەکی بەناوی حاجی مەجیدی دارەمان بریندارکرد، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەی کە لە سکی دا بوو شەهیدبوو.

ساڵی ١٩٨٤ کاتێك دانوستان لە نێوان (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراقدا ئەنجامدرا، من لە گوندەکەی خۆم بیرەسپان لەبەر کەمی مامۆستا لەگەڵ مامۆستا عادل مەلا ئەحمەد بووم بە مامۆستا، لە هەمان کات لەسەر داوای خەڵکی ئاوایی هەڵبـژێردرام بۆ ئەنجوومەنی باڵا بۆ ڕێکخستنی کاروباری گوند، لەگەڵ چوار هەڤاڵی دیکەدا، دوای کۆتایی هاتنی دانوستان چووەمەوە شاخ.

ڕووداوی ڕۆژی ١٩٨٢/٤/١: چەند جاشێکی خۆفرۆش بە شەو هاتن بۆ سەر ماڵی هەڤاڵ سەرباز مام حسێن، برایەکیان بەناوی مستەفا مام حسێن بەسەختی بریندار دەکەن، کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، من ئەوکات لە ناوچەی شێخ بزێنی خواروو بووم، هەر شەوەکەی گەیاندیانە نەخۆشخانە لە کەرکووك نەشتەرگەرییان بۆ کردبوو، ماوەیەك لە نەخۆشخانە مابووەوە، پاشان چەند حەب و دەرزییەکیان بۆ نووسی بوو، من بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە بنکە نهێنییەکەی ماڵی خۆمان دەرزیم لێدەدا، هەتا بە تەواوی چاك بوویەوە، پاشان لە کەرتی یەکی ساڵەیی لەگەڵ فەرماندە سەرباز بوو بە پێشمەرگە.

بریندار بوونی پێشمەرگە سلاح محەمەد ڕەزا: پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ برینداربوو، گوللەیەك لە دەستی هاوڕێیەکی دەرچوو بوو لە مەچەکی دابوو، هەر زوو گەیشتمە سەری و چارەسەری کتوپڕم بۆ کرد، دەرزی دژە خوێن بەربوونم بۆ کرد، (Saycrocapron)م بۆ کرد تا خوێن بەربوونەکەی بوەستێت، پاشان دەرزی ئەمپیکلۆکسم بۆ کرد، بە لەفاف بۆم بەست تا لە ماوەی یەك هەفتە بە تەواوی چاك بوویەوە.

قاچ شکانی حاجی حسێن مەرزیخە: لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ ناوبراو قاچی شکابوو، لە پاش گرتنەوەی دەرزیان بۆ نووسی بوو، بەندە لەگەڵ هەڤاڵ کاکەمەند خانی کاکەڕەش بە شەو چووینە سەری و دەرزی دژە هەوکردنم بۆ کرد و حەبی ڤۆڵتارینم پێ دا، بۆ ئازاری ئێسك و ئەوانەشی کە لە حەب و دەرزی پێویستی بوو، بۆم دانا.

هێرشی بەهاری ساڵی ١٩٨٥: لە کۆتایی بەهاردا هێزێکی حکومەت هێرشیان کردە سەر گوندەکانی شەوگێڕ و کاولەسوور، لە گوندی کاولەسوور شەڕێکی سەخت دەستی پێ کردبوو، لە ئەنجامدا هەڤاڵ مام برایم دەستێکی بەسووکی برینداربوو، هەڤاڵ سیامەندی مام نوری قەرەسالم گوللەیەك لە لای قوڕگی دابوو، خۆشبەختانە بۆری هەناسەی نەگرتبوو، سارێژم کرد و هەر زوو خوێن بەربوونەکەیم وەستاند، چونکە گوللەکە دەماری گەورەی خوێنی نەگرتبوو، دەرزی ڤیتامین Kم لێدا، لەگەڵ ئامپیکلۆکسی ئەمریکی و دوازدە ڤیالی ئەمپیکلۆسمی ١×٢ بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بۆ بەکارهێنا، بۆ ئەوەی هەو نەکات، هەروەها دەرزی (Novalgin)م بۆ کاتی پێویست بۆ ئازار بۆ دانا.

بریندار بوونی پورە هەمینە محەمەد: لە پایزی ساڵی ١٩٨٦ پورە هەمینە دایکی دوو شەهید بە بۆردومانی فڕۆکە بەسەختی بریندار بوو، زۆربەی پەراسووەکانی تێکشکابوو، کە چوومە سەری هیچ بڕوام نەبوو بتوانێ بژی، بەڵام پێم نەگوت، سەرەتا ئەمپۆلی دژە خوێن بەربوونم بۆ کرد (Seycrocapron)، هەروەها ئەمپۆلی (Novalgin)م لێدا بۆ ئازار، پاشان ڤیالی ئەمپیکلۆکس و گارامایسینم بۆ کرد، لەبەر قورسی برینەکانی بەپەلە بردیان بۆ کەرکووك، لەوێ چارەسەر کرا، مانگێك لە نەخۆشخانە بوو، کە چاك بوویەوە بۆ ماوەیەك دەست بە سەریان کرد لەبەرئەوەی دایکی پێشمەرگەیە، دواتر ماڵەکەی سووتا کە بڕێك پارەشی تێدا بوو، لە کۆتاییدا لە ٢٠١٣/٧/١٧ کۆچی دوایی کرد، سەرئەنجام تا مردیش قەرەبوو نەکرایەوە.

پایزی ساڵی ١٩٨٦ فڕۆکە لە سێ هاوولاتیدا: لە ڕێگەی باسکە باریکی گوندی عەلی بەیان، شەهید زرار بیرەسپانی و هەڤاڵان حەکیم حاجی یاسین بیرالاکی و تەها مەجید یارمجەیی، بە بۆردومانی فڕۆکە بریندار بوون، من بە ماتۆڕ لە شێخ بزێنییەوە گەڕامەوە بیرەسپان، زانیم فڕۆکە لە خەڵکی ناوچەی ساڵەیی داوە، بۆ ئەوەی فریایان بکەم گەڕامەوە،

دوای نیو کاتژمێر برینداریکیان بە ناوی هەڤاڵ حەکیم یاسین هێنا قۆڵێکی دۆشکە بڕیبوویەوە، خوێنی زۆری لەبەر دەڕۆیشت ڕاستەوخۆ دەرزی (Seycrocapron) و دەرزی ڤیتامین K چوار ملیگرامم بۆ کرد، دەرزیەکم بۆ وەستانی خوێنەکەی بەکارهێنا کە لە ڕووی پزیشکییەوە کارێکی نەشیاوە، کارێکی سەرسوڕهێنەر بوو بە کاتژمێرێك خوێنەکەیم وەستاند، دواتر دەرزی (Tramal)ی ئازار شکێنم بۆ کرد، پاشان بە لەفاف بەستم، بۆ بەیانی زوو بردیان بۆ کەرکووك، چونکە تەمەنی سەربازی نەهاتبوو، ئەو کات دەبوو بتگووتبا کۆپتەری ئێرانی لێی داوە، پاشان لە نەخۆشخانەی جمهوری کەرکووك سەریان سووڕمابوو، کە چۆن ئەم خوێنبەربوونە کۆنترۆڵ کراوە! تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە، دوای ئەو دەستم کرد بە سارێژکردنی هەڤاڵ حەکیم بیرالکی تا چارەسەر بوو، ڕاستەوخۆ چووم بۆ بیرەسپانی بچووك کە برینداریکی لێ بوو بەناوی هەڤاڵ زرار، هەوڵی زۆرم لەگەڵدا برینەکەی زۆر سەخت بوو، بەداخەوە شەهید بوو، بریندارێ سێهەم هەڤاڵ تەها مەجید یارمجەیی بوو لەگەڵ شەهید زرار بریندار بووبوو، بەڵام خۆشبەختانە فریای کەوتم و چارەسەرم کرد.

بریندار‌بوونی ئومێد عەبدوڵڵا کاکەوەیس: ئەو پێشمەرگەیەی لەبەر بوێری ناویان لێنابوو (ئومە شێت)، ئەم پێشمەرگە قارەمانە لە هێرشکردنە سەر ڕەبیە لە سنووری شارەدێی ئاغجەلەر لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦ بە مین بەسەختی بریندار بوو، گەیشتمە لای و بینیم زۆر بەئازارە، چونکە میزی گیرابوو، پارچەیەك لە لوغمەکە بە ناوگەڵیا تەقی بوو، ئەندامی نێرینە و میزەڕۆی وەها ئاوسا بوو ڕێڕەوی میزی گرتبوو، بە وتەی خۆی دوو ڕۆژ بوو میزی نەکردبوو، منیش سەرەتا ئەمپۆلی (Novalgin)م بۆ ئازارەکەی بۆ کرد، پاشان دوڤیالی (Ampicillen) و (Garamycin) دژە هەوکردنم بۆ کرد، فشاری خوێنیم گرت بەرز بوو، چونکە میز خوێواوە، لە کونی زەکەرییەوە سۆندەیەکی باریکی موغەزیم لێدا بۆ ناو میزەڵدانی، ڕەنگە نزیکەی دوو لیتر میزی کردبێت، یەکسەر حەسایەوە، ئیدی دەستم کرد بە دوورینەوەی برینەکانی لە دەوروبەری ئەندامی نێرینەی و ناوگەڵی، دواتر داوای خواردنی کرد، منیش گوتم شلەی گۆشتی سووری بدەنێ، کۆرسی دەرزیم بۆ دانا لەگەڵ حەبی ئازار (Paracitamiol)، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کەوتەوە سەر پێی خۆی، دووبارە

پەیوەندی کردەوە بە کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکووک، بەڵام بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوو.

وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلی پێشمەرگە قادر ئازیانە بە هۆی کەمینەوە: لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ لە سنووری تیپەکەی لەگەڵ سەرتیپەکەی سەفینی مەلا قەرە لە نێو ئۆتۆمبێلدا دەکەونە کەمینەوە و وەردەگەڕێن، سەر و دەوم و چاو و شەویلاگی زۆر بەسەختی بریندار دەبێت، من ئەوکات لە (حاوی تولکی) بووم دوو پێشمەرگە لەلایەن هەڤاڵ مەلا خدرەوە کە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی هەولێر بوو، هاتن بۆ لام باسێکیان پێ گوتم، منیش کۆڵەپشتەکەم لە کۆڵ کرد کە پڕ بوو لە دەرمان، هەروەها کەرەستەی برینداری و ئامێری پشکنینی خوێن و تاقمی نەشتەرگەری بچووکم پێ بوو، لە زێی بچووک بە کەڵەك پەڕینەوە چووین بۆ گوندی سێکانی بۆ کەپرەکەی هەڤاڵ مەلا خدر، لەوێ کاری تەواوی پزیشکیم بۆ کرد، ناو دەم و زمان و مەڵاشووی ئاوسابوو، نەیدەتوانی نان بخوات، یەکسەر موغەزیم بۆ دانا، پاشان هەرچۆنێك بێت شلەمەنیمان پێ دا، ڤیالی دژە هەوکردنم بۆ کرد، گارامایسین ڤیال و ئەمپیسلین ڤیالم و ئەمپۆلی فلاجیل بۆ کرد، بەدەرزی تێکەڵ لەگەڵ موغەزیدا، واتە (Normal salin)، چونکە فلاجیل دژی میکرۆبی ناهەواییە لە شوێنێك ئۆکسجینیشی لێ نەبێت، هەندێك میکرۆب هەیە دەتوانن کاری خۆیان بکەن، مرۆڤ تووشی هەوکردن دەکەن، بەڵام (Flagil) یەکسەر ئەو میکرۆبە لەناو دەبات، دەرزی هەوکردن و دەرزی ئازار و حەبم بۆ دانا، ٤٨ کاتژمێر چاودێریم کرد هەوکردنەکەی دامرکایەوە، منیش گەڕامەوە نزیك بنکەکەی خۆم، کە کونجی قەناعەت بوو، پاشان چوومەوە بۆ گوندی کاولەسوور.

برینداربوونی قاسم محەمەد ئەمینی پێشمەرگە: پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکووك بوو لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ بە گوللەیەك کە لە دەستی هاوڕێیەکی دەردەچێت دەدات لە ناو لەپی دەستی و بریندار دەبێت، یەکسەر گەیشتمە لایی و لەپی دەستیم بۆ دووریەوە، پاکم کردەوە، بە پەڕمەنگەنات، سفراتۆڵم لەسەر دانا، چونکە چەورە، پاشان گۆزی پاکەرەوەم لەسەر دانا و بەلەفاف بۆیم پێچا، گولاجی (Ampiclox)م بۆ دانا تا شەش کاتژمێرێك جارێك بیخوات، لەگەڵ حەبی پاراسیتۆڵ لە کاتی پێویست، دوای هەفتەیەك دەستی چاك

بوویەوە، پاشن تەقەڵەکانیم بۆ دەرکرد، گەڕایەوە ناو کەرتەکەی خۆی، بەڵام بەداخـەوە لـە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کەرکووك شەهید بوو.

داستانی گرتنی سەری ڕەش: لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٧ لـە شـەوێکی بـەفر و زریانـدا نـۆ پێشمەرگەمان لـە تیپـەکانی ٨٦ی دەشـتی هـەولێر و ٨٧ی قەرەچـووغ و تیپـی بەرانـەتی لـە سەرما ڕەق بوونەوە، هەندێکیش لە پێشمەرگەکان تووشـی ئـازاری ئێسـك بووبـوون، هـەڤاڵ کەریم عەوێنە ناوکی زۆر شین بووبووەوە، لێی کردبوو بە فتق بـە دەرزی دژە هـەوکردن و مەڵهـەمی ڤـیکس و چارەسـەری سروشـتی چارەسـەرم بـۆ کـرد و بـە چـەند ڕۆژێـك چـاك بوویەوە.

بریندار‌بوونی هەڤاڵ عەلی سابیر یارمجە: لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ فەرمانـدەی مـەفرەزە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر پێشمەرگەی بوێر هـەڤاڵ عـەلی سـابیر یارمجـە گوللەیـەك بـەر سنگی دەکەوێت، شوێنی کاریگەری نەگرتبوو، هەموو ڕۆژ دووجـار تیمـارم دەکـرد، ئـەمپۆلی دژە هـەوکردنم لێـدەدا وەك (Licocin) بـەیانیان و ئێـواران (Erthromycin) لەگـەڵ حەبی فلاجیل (Flagintablet) ٢×١ هەموو ڕۆژ برینەکەیم پاك دەکردەوە، پاشـان شاشـی سفراتوڵم لەسەر دادەنا، بە گۆزی پزیشکی بـە پلاسـتەر بـۆ ئـەوەی هـەوا وەرنـەگرێت و بـە پاکی بمێنێتەوە، پاش هەفتەیەك برینەکانی یەکیان گرتەوە، ئیـدی دەرزییـەکانیم بـۆ کـرد بە گولاج، بۆ کۆرسێکی تەواو لە پاش دوو هەفتە چاك بوویەوە، دووبارە پەیوەندی کرد بـە مەفرەزە و تیپەکەیەوە.

بریندار‌بوونی پێشمەرگە سـەرکەوت نـەجم مـەلا محەمـەد: لـە کـەرتی ١ی تیپـی ٢١ی کەرکووك بوو، لە ١٩٨٧/٦/١٣ بریندار‌بوو، لە سنووری گوندی عەمدۆنی شێخ بزێنی خـواروو بە مین بریندار بوو، پارچەیەك لە مینەکە لەسەر بڕبڕە (کلێنچك)ی چەقی بـوو، هـەردوو قاچـی جووڵـەی زۆر کـەم بـوو، ئـەو پارچـەیەم بەشـێوازێکی سەرسـڕهێنەرانە دەرکـرد، ڕاسـتەوخۆ قاچـەکانی کەوتـەوە جووڵـە، هـەموو برینـەکانیم پـاك کـردەوە، ئـەمپولی (Novalgin)ی ئازارشکێنم بـۆ کـرد، پاشـان یـەك کۆرسـی ڤیـالی (Licocn)م بـۆ دانـا، بـە سفراتۆڵ برینەکەیم داپۆشی، ئەو شوێنەی دەپێچـرا بـە گـۆز و لـەفاف بەسـتم، پـاش پـازدە ڕۆژ چاکبووەوە و پەیوەندی کردەوە بە کەرتەکەیەوە.

بریندداربوونی فەرماندی سەرباز مام حسێن: لە هێرشەکەی بارق حاجی حنتە، بۆ سەر گوندی تولکی لە ڕۆژی ١٩٨٧/٦/١٦ بەڕاستی داستانێکی مەزن بوو، چونکە پێشمان جاش و جەیشێکی زۆر بوو، فڕۆکەش بەردەوام لە ئاسمانی شەڕەکە دەسووڕایەوە، پشتمانیش ئاوی زێی بچووك بوو، بەڵام نەخشەی هەڤاڵ سەرباز و دوو مەفرەزەی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی پشتگیریدا لووتی ئەو هێزەیان شکاند و زیانێکی زۆریان لەو هێزەدا، بە خوێنی دوو شەهید و بریندداربوونی هەڤاڵ سەرباز کۆتایی بەشەڕەکە هات، بەندە لەگەڵ برینپێچ دکتۆر سلێمان گەیشتینە سەری و گوللەیەك لە ڕانیدا بوو، تیمارمان کرد، بەڵام گوللەکە زۆر ڕۆچوو بوو، نەمانتوانی دەری بکەین بە وتەی هەڤاڵ سەرباز تا ئێستا ئەو گوللەیە لە ڕانیدا ماوە، هەر ئەو ڕۆژە هەڤاڵ ڕێباز دوو مەفرەزەی ڕەوانەی لای هەڤاڵ سەرباز کرد بۆ پاراستنی، شەوەکەی بردیان بۆ گوندی سێگردکان، چونکە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە ناوچەکە هەبوو، ئەو دوو شەهیدەش بریتی بوون لە شەهید مەلا یوسف و شەهید مام کەریم.

شەهید شەوقی سەربیری: ناسراو بە جووتیار پێشمەرگەی کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکووك بوو، لە شەوێکی زستان، لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕووداوێکدا گوللەیەك لە دەستی برادەرێکی لە ماڵی هەڤاڵ ڕەنجە دەرچوو، لە حاوی تولکی ئاگادارکرامەوە، من ماڵم نزیك بوو گەرما و گەرم گەیشتمە لای بریاندارەکە، چونکە لە نزیکەوە لێی دابوو، لە ڕانی ڕاستی دابوو لە ڕانی چەپیەوە دەرچوو بوو، بەبێ ئەوەی لە ئێسك بدات، یەکەمجار بە شیشی کلاشینکۆف فتیلم بۆ کرد، دوای پاککردنەوەی شیشی تفەنگەکە بە دیتۆڵ فتیلەکەش بە لەفافی پاکەرەوە بۆ ئەوەی پیسی ئەو گوللەیە لەناو قووڵایی گۆشت نەمێنێت، کە زۆر ئازاری هەیە، ئەو فتیلەیەی بۆ نەکرێت ئەو پیسییە دەبێتە چڵك و کێم، ئەو چڵك و کێمە دەبێتە هۆی درەنگ چاکبوونەوەی برینەکە، دەرزی ئەیپیجیکم لێدا بۆ ئازار، ئەوجا دەرزی ئەنتیبایۆتیك و ئەمپیکلۆکسم لێدا، ١×٢ ڕۆژانە تا کۆرسێکم بۆ تەواو کرد، واتە ١٢ دەرزی ڕۆژانەش بۆیم پاك دەکردەوە، بە ماوەی دە ڕۆژ برینەکەی وشك بوو، ئیتر بۆیم کرد بە گولاج، ئەمپیکلۆکس چوار دانە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا، واتە شەش کاتژمێر

گولاجێك بۆ ئـەوەی هـەو نەكاتـەوە، دواتـر چـاك بوويـەوە، بـەڵام بەداخـەوە لـە سـاڵی ١٩٩١ شەهيد بوو.

هەڤاڵ شۆڕش عەبدولڕەحمان ڕەشيد: ناسراو بە شۆڕش قەرەهـەنجيری لـە سـاڵی ١٩٧٨ بووەتە پێشمەرگە، هەموو پلەكانی بڕيوە تا دواجار لـە دوای شـەهيدبوونی فەرمانـدە مـەلا ئاراس بووەتە سەرتيپی ٢١ی كەركووك، لە ژيانی پێشمەرگايەتيدا چـەندين جار بەسـەختی بريندار بـووە، دوا برينـداری لـە شـەڕی قـەرە سـرد بـووە، كـە گوللەيـەك لـە دەسـتی دابـوو، بەفەرمانی سەركردايەتی ناردديانـە خـوارەوە، لـە بـەهاری سـاڵی ١٩٨٨ هاتـە سـنووری كـەرتی يەكی ساڵەيی لە حاوی گوندی تولكی لەگەڵ هەڤاڵ عـەريف نـاميق برينـدار بـوو، هاتـە لای من تەماشای برينەكەيم كـرد و فيشـەكێك لـە نـاو دەسـتيدا تـەقی بـووەوە، پەنجـەكانی زۆر شێواندبوو، پەنجەيەكی لە لێواری گانگرين بوو، پێست و گۆشـتەكەی بـەرەو ڕەش بوونـەوە دەچـوو، ئـەو پێسـتە ڕەشـانەم لـێ كـردەوە و بـاش پـاكم كـردەوە و دووريمـەوە، گـولاجی ئەمپيكلۆكسـم پـێ دا، ڕۆژی چـوار جار بيخـوات بـە لـەفاف بەسـتم و بـاش ماوەيـەك چـاك بوويەوە، ئێستاش پەنجەيەكی بێ هێزە و سەرمای پێ بگات ئازاری هەيە.

شـەهيدی فەرمانـدە فاقـە مـەخموری: لـە سـاڵی ١٩٨٢ لـە سـنووری هـەولێر بـووە بـە پێشمەرگە، لەبەر ئازايەتيی و بوێری هەر زوو پلە سەربازييەكانی بڕی بوو، لە فەرمانـدەی مـەفرەزەی كەرتـەوە تـا فەرمانـدەی تيپـی ٨٧ی قەرەچـووغ لـە سـاڵی ١٩٨٨دا، لـە ژيـانی پێشمەرگايەتيدا چوار جار بريندار بووە، لە پايزی ساڵی ١٩٨٧ لە گرتنی تەقتەق گوللـە بـەر شانی دەكەوێت، لە دوای شەڕەكە چارەسەری سەرەتايی خێرای بۆ دەكرێت، پاشان گەڕايـەوە ناوچەی بەستی شەرغە بۆ گونـدی ئاومـاڵ، مـنيش بـەرەو گوندەكـە بـە ڕێكـەوتم، بـۆ مـاڵی هاوڕێم سابير ئاوماڵی، كە ماڵەكەيان جێی حەسانەوەی پێشمەرگە بوو، ماڵێكی زۆر دەست و دڵ تێـر و شۆڕشـگێڕ بـوون، هـەموو بـرا و خوشـك و دايـك و بـاوكی لـە خزمـەت هێـزی پێشمەرگەی كوردستان بوون، لەوێ هاوڕێم فاقە مەخموريم بينی، دەستی لە ملی بوو، وتـی برينەكەم ئازاری هەيە، منيش دوای نان خواردن تەماشـای برينەكـەيم كـرد زانـيم چـڵك و كێمی كردووە، ئيدی منيش ئەوەی بۆم كرا بە سرنـج بەشێكی ئەو چـڵك و كێمـەم دەركـرد، برينەكـەم پـاك كـردەوە و ڤيـالی ئەمپيكلۆكسـم لێـدا، سـێ ڕۆژ هـەموو ڕۆژ برينكـەيم پـاك

دەکردەوە، دەرزییەکانم لێ دەدا، پاشان گولاجی دژە هەوکردنم پێ دا بۆ یەك کۆرس، ٤×١ شەش کاتژمێر جارێك بە گۆزی پاککەرەوە لەفاف بۆیم پێچا و چووم بۆ گوندی خوڕخوڕ، بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوو.

برینداربوونی منداڵێکی نۆ ساڵ: ئەو منداڵە ناوی پێرس بوو کوڕی هاوڕێی دێرینم ڕەمەزان حەساری بوو لە شەوێکی زستانی ساڵی ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی دەستکاری چەکەوە بە چەکی کلاشینکۆف کە گوللەی لەسەر بووە لە پەنجەی خۆی دابوو بریندار دەبێت، هەر ئەو گوللەیە دەدات لە ڕانی پێشمەرگەیەك بە ناوی (جوتیار)، ئیدی من سەرقاڵی چارەسەری جووتیار بووم، لەولاوە خوێنی دەستی منداڵەکە وەستایەوە، هەر ئەو شەوە برینەکەی پێرسم پاك کردەوە و ستراڤۆڵی چەورم لەسەر دانا و دەرزییەکی دژە هەوکردنم بۆ کرد، هەروەها پێش کاتی خەوتن دەرزییەکی نۆڤالجینم بۆ کرد، تا شەش ڕۆژ سارێژم بۆ کرد هەر دوازدە کاتژمێر جارێك دەرزی ئەمپیسلینم بۆ دەکرد.

لە سەرەتای مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٨ لە پرۆسەی ئەنفالدا هێزێکی زۆری بێشومار لە سەرباز و جاش هێرشیان کردە سەر ناوچەی قەڵاسێوکە و شێخ بزێنی سەروو و خواروو لە دەڤەری کەرکووك، لەو بەری زێی بچووکیش بەرەو گوندەکانی شەرغە تا دەگاتە نزیك تەقتەق، ناچاربووین لە زێی بچووك بپەڕینەوە، من کۆمەڵێك خزم و ناسیارم لەگەڵ بوو، چووینە هەڵەتەکەی گوندی بەردەسپی لەوێ شوێنێك هەیە پێی دەڵێن (لوولی بەردەسپی) ئاوێکی باشی هەیە لە ئەشکەوتێکی گەورەوە دەردەچێت، کە تونێلێکە ئەوسەری دیار نییە، چەند بڕۆی ناگەیتە ئەسەری تونێلەکە تاریك و پێچاوپێچە، لە هەندێك ئاوەکەی دەگەشتە خوار ئەژنۆ، ئەوێ شوێنێکی باش بوو بۆ خۆ حەشاردان، ئەوەی شایەنی باسە من دۆست و هاوڕێی باشم هەبوو، چ بەهۆی پەیوەندی لە پێشینەم چ بەهۆی پیشەکەم، جگە لەوەی تێکەڵاوی و خزمایەتیم هەبوو نان و خواردنم پێ پەیدا دەکرا، لەو کاتەدا پێشمەرگەیەك لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو، نەخۆش کەوت کە بەداخەوە ناویم بیر نییە، لەبەر نەخۆشی لە تیپەکەی کە چوو بوون بۆ بالیسان جێمابوو، هەفتەیەك شاردمەوە، ئێواران نانم بۆ پەیدا دەکرد و چارەسەریم پێ دەدا، کە تاولەرزی مەلاریای هەبوو، حەبی

کلۆرۆکوینم بۆ دانا بوو، هەر دوو ڕۆژ جارێك ئەمپولیم لێ دەدا، چونکە خوێنی کەم بوو، هەتا جارێك کەوتە سەر پێ، ئێوارانێك چوومەوە نەمابوو، بێ ماڵئاوایی ڕۆیشتبوو.

مارپێوەدانی شەمێ: شەمێ کچی ماڵێکی ڕەوەند بوو، لە دۆڵی پشتی چیای دێدەوان، کە ماڵەکەیان لە پشتی چیای ناوبراو گیر بووبوون، کە ئێمە نانمان لێ بڕابوو ئێوارانێك بۆنی نانی گەرم هات، چووم بۆ سۆراغی شوێنی نانەکە بینیم پیاوێك لە پێشی ئەشکەوتێك دانیشتووە، کچێکیش کە شەرواڵی پیاوی لەبەرە وا نان بە ساج دەدا، چووم و سڵاوم کرد و باوکی وەڵامی دایەوە گوتی: فەرموو

گوتم: نانمان دەدەیتێ؟

گوتی: فەرموو نان بخۆ،

گوتم: ئاخر هاوڕێم لەگەڵە، پێویستمان بە چواردە نانە،

گوتی: لۆ بابم فڕنم دانایە؟ بەم ڕۆژە کێ نان دەدات بە کێ! پاشان گوتی ئەوە چییە لە پشتت کردووە؟

گوتم: کۆڵە پشتی دکتۆرییە،

گوتی: چ دکتۆر!

گوتم: بەڵێ،

گوتی: قسەیەك بکەم هەنگێ لێم تووڕە نابی؟

گوتم: نەخێر

گوتی: چما دکتۆری چ دەکەی لێرە بێ ئەقر

گوتم: قسمەت ئەمنی هێنایتە ئێرە

گوتی: دانیشە تێر نانی بخۆ هەنگی بڕۆ

من کە بۆ خۆم تێر بخۆم و هاوڕێکانم برسی بن ئیدی نەمخوارد، بۆ شەو، مار بە کچەکەیەوە دابوو، ئێمەش لێیانەوە نزیك بووین، هات گوتی: دکتۆر قوربانت بم کچەکەم مار پێوەی داوە، منیش یەکسەر چووم بینیم مار بە پووزی کچەکەیەوە داوە، یەکسەر سەرووی جێ پێوەدانەکەم بەتوندی بەست و شوێن جێ پێوەدانەکەم بریندار کرد، بە گوشینی سەرووی ژەهرەکە زۆری ژەهرەکەم دەرکرد، پاشان ئەمپولی ئەنتیستینم بۆ کرد،

ئینجا بە زمانی خۆیان گوتم: خارە شیری بۆ بهێنە، ئەو دەمەش کۆتایی مانگی پێنج بوو، پەزەکانی شیریان هەبوو، شیری پێ دا، ئیدی پاش چارەکێك کەمێك ڕشایەوە، حەبی ئەسپرینیشم پێ دا، شوێنی برینەکەیم پاك کردەوە، سوێندی خوارد دەبێت نان و شیرێك بخۆی منیش دڵیم نەشکاند، سێ ڕۆژ دەرزیم لێ دەدا، مام ڕەمۆ تۆڵەی کردەوە نانی چەوری پێ داین، دوای چەند ڕۆژێك کاتی خۆرئاوا بوون بە کۆڵێك نانەوە هات بۆ لام گوتی دکتۆر وەرە کارم پێتە، منیش چووم، گوتی ئەمن لێرە دەڕۆم، بەس ئەتوش لێرە مەمێنە و بڕۆ، گوتم بۆ؟ شتێکی پێ گوتم عەقڵم گرتی منیش چوومەوە لای هاوڕێکانم پێم گوتن با بڕۆین، گوتیان بۆ؟ گوتم ئەوەی دێت بابڕۆین، کەوتینە ڕێ و نەمانزانی ئەو شوێنە کوێیە، کە ڕۆژهەڵات دووبارە خۆمان شاردەوە تا پێش خۆرئاوا بوون، ئیدی بەو جۆرە بەردەوام بووم تا ساڵی ١٩٨٨ و بە لێبووردن هاتینەوە بۆ هەولێر، چونکە ماڵی باوکم بۆ کۆمەڵگای دارەتوو ڕاگوێزرا بوون.

سەرجەم پلە حیزبییەکانم بە هەڵبژاردن بڕیوە، لە ١٩٩١ بووم بە ئەندامی کەرت، پاشان کارگێڕی کەرت، دواتر کارگێڕی کۆمیتە، بە هەڵبژاردن بووم بە لێپرسراوی کۆمیتەی دارەتوو، بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بووم بە ئەندامی مەکتەب، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ بووم بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند، لە ئێستادا خانەنشینم بە پلەی سەربازی و ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ك)م لە کەرکووك[١٧].

---

[١٧]- بورهان ڕەئووف (د. بورهان چوارداخی)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٢/١٥.

تاریق ساڵح قادر (د.دڵشاد)

لە ساڵی ١٩٥٩ لە خێزانێکی هەژار لـە شـاری کـەرکووك لـەدایك بـووم، چـوار بـرا و سـێ خوشك بووین، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر بووم، لە ١٩٧٤/٨/٤ باوکم لە زیندانی حکومەتی عێراقدا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە، خۆڕاگری باوکم بووە ئیلهامی خەباتی مـن، ئیـدی لـە سـاڵی ١٩٧٤—١٩٧٥ لـە شـاری کەرکووکـەوە بـەرە و سـلێمانی ڕاگـوێزراین، تەنانـەت تۆماری شارستانی (نفوس)یشمان بۆ سلێمانی گوێزرایەوە، لە سلێمانی لە خوێندنگەی شـەو درێژەم بە خوێندندا، هەتا لە ساڵی ١٩٧٨ گەیشتمە کۆلێژی پزیشکی، لە قۆناغی دووی کۆلێژ تێکەڵی ڕێکخستنەکانی ک.ڕ.ك بووم، پۆلێکمان بە ناوی (شەهید حەسەن خاوێ) هەبوو من لێپرسـراوی بـووم، لەگـەڵ هـەڤاڵ حەمـەی مـام نـەبی و هـەڤاڵ خالیـد، بڵاوکراوەمـان بـڵاو دەکردەوە.

لە کاتی دروستبوونی شەڕی بەرەی جود پێویسـتیان بـە دەرمـان هـەبوو، مـن دەچـووم دەرمانم پەیدا دەکرد و بەشێکیانم بۆ شارەزوور بۆ مەسـتەکان دەنـارد، بەشـەکەی دیکـەمان بۆ بەکرەجۆ دەنارد، دوای بەهێزبوونی ڕێکخستەکانی کۆمەڵـە زانکـۆی سلێمانیان لـە ١٩٨١—١٩٨٢ گواستەوە بۆ هەولێر، منیش ڕۆیشتم، ئیدی خۆپیشاندان دەستی پێ کرد و من بوومـە کەسـی دیـاری ناویـان، هـەتا ویسـتمان کۆلێژەکـە بسوتێنین، شـەوێك خۆمـان ئامـادە کـرد و ڕۆیشتین بینیمان پاسەوانی تێدا بوو، هەڵهاتین و تەقەیان لێ کـردین، ئیـدی ئاشـکرابووم و لەو هەڵهاتنەوە واتە لە (١٩٨٢)ەوە چوومە دەرەوە بـۆ پێشـمەرگایەتی، وەك کـادیری کۆمەڵـە چوومە ناو کەرتی چواری شەهید ئەحمەد شاتوانی لە تیپـی پـازدەی شـارەزوور، کـە هـەڤاڵ حامیدی حاجی غالی سەرتیپ و هەڤاڵ مەحموود گەرمیانی جێگری سەرتیپ بوو.

لە شەڕەکاندا منیان نەدەبرد دەیانگوت تۆ منداڵی، دواتر گوتیان بچۆ بۆ نەخۆشخانەی سەرکردایەتی و بۆ نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار، کە د، کەمال و د. فائق گوڵپی لـێ بـوو، دوای ماوەیـەك لێبـوردنی گشـتی دەرچـوو، هـەڤاڵ نەوشـیروان مسـتەفا و هـەڤاڵ مـەلا بەختیار زۆر فشاریان لێ کـردم کـە بگەڕێمـەوە خوێنـدن تـەواو بکـەم، هاتمـەوە گوتیـان بـۆ

بەغداد گواستراویەتەوە بچۆ لەوێ تەواوی بکە، منیش چووم و لە ساڵی ١٩٨٤ تەواوم کرد و بووم بە پزیشکی موقیم، بەڵام هەر ڕژێم وازی لێنەدەهێنام تا بۆ بەغداد گواستمیانەوە، منیش لە کاردانەوەی ئەمەدا دووبارە چوومە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، لە سنووری مەڵبەندی کەرکووك لەگەڵ د. حسێن و د. حەسەن.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دەیان جار کاری برینپێچی و نەشتەرگەریمان کردووە، لەوانە چەندین جار قاچی بریندارم بڕیوەتەوە، بیرمە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ پێشمەرگەیەك لە تیپی ٢١ لە قاچی درابوو تووشی گانگرین بووبوو، بەنجم لە سەرووی ئەژنۆیدا و لە خوار ئەژنۆییەوە قاچیم بڕییەوە، هەروەها چەندین جاری دیکە بڕینەوەی دەست و بڕینەوەی پەنجەی بریندارم ئەنجام دراوە.

کە چوومە دەرەوە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا گوتی: تۆ کەسێکی چالاکی بچۆ بۆ گەرمیان. منیش چووم و لە سوورقاوشان نەخۆشخانەمان بە سەرپەرشتی هەڤاڵ عەلی بچکۆل دروست کرد، شوێنێکی سەخت بوو لە ناو چەمی دووئاوان و لە نێوان تەلان و دەشتی کۆیە و گوندی عەسکەر زۆر گونجاو بوو، کۆمەڵێك دەرمانمان لێ دادەنا و بریندارەکان دەهاتنەوە ئەوێ و بۆ شەڕەکانیش جەولەمان دەکرد و دەچووین، ئەوێ سنووری تیپی ٢٥ بوو هەرچەند بریندارى تیپی ٩٣شمان بۆ دەهات، چەندین کادیری پزیشکی لێ بوو لەوانە شەهید دکتۆر هادی، شەهید د. حەمید، شەهید د. کامەران، د. سەردار، د. ئەنوەر. لە شەڕیشدا د. هادی بەشدار دەبوو چەندین جار ئاگادارم دەکردەوە، کە کاری وا نەکات، خۆشم لە دوو شەڕی تەقتەقدا بەشدار بووم، پێشمەرگەیەك بە ناوی ڕەحیم بە تەنیشتی خۆمەوە شەهید بوو، لە لایەکی دیکەوە دوو جار هێرشمان بردە سەر سەربازگەی تەکیەی کاکەمەند.

دواتر من لە گۆپتەپە لە شوێنێکی گونجاودا لە چەمێکی پشتی گوندەکەوە نەخۆشخانەیەکی دیکەم دروست کرد، کە بریتی بوو لە دوو بۆ سێ ژوور، چەند شتێکی

سەرەتاییم تێدا دانا، بیرمە لە شەڕێکدا ٣٠ سی بریندارایان بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی گۆپتەپە هێنایەوە، دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی سوورقاوشان بۆ ئەوەی گۆپتەپەش دەهاتن، بیرمە بۆ بریندارەکانی ئەو شەڕە (٦٠) مەڕم کۆ کردەوە، دوو ڕۆژ جارێك مەڕێکم سەر دەبڕی و جگەرم بۆ بریندارەکان ئامادە دەکرد، ئیدی لە کاتی بینینی مەفرەزەی پێشمەرگە و کۆبوونەوەی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ دەمانزانی کە نیشانەی ئامادەکارییە بۆ شەڕێك، ئەو کات من هەم لە ڕێکخستنەوە هاتبووم هەم پزیشك و هەم پێشمەرگە بووم.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ چووینە گوندێکی دیکەی سنووری ئاغجەلەر بە ناوی گردخەبەر، کاوڕیان بۆ سەر بڕین و ئیدی ئەوە جەژن بوو هێندە برسی بووین، لە شوێنێك دانیشتین لەگەڵ هەڤاڵان د. کامەران و وریا سوور و پێشمەرگەیەك بە ناوی سەباح، یاری کۆنکانمان دەکرد، خواردنیان هێنا و پێش دەستپێکردن بە نانخواردن هاووڵاتییەك هات گوتی فلان کەس وا لە ئازاردا دەمرێت و زۆر نەخۆشە فریای بکەون، من بە د. کامەرانم گوت بچێت، گوتی بەخوا تازە من واز لە کۆنکانەکە ناهێنم، ئیدی من بە ناچاری چووم دیار بوو نەخۆشەکە بەرد لە گورچیلەی هاتبووە خوارەوە بۆیە دەرزیم بۆ کرد، کەمێك هێور بووەوە، ئیدی ویستم بۆ لای برادەران بگەڕێمەوە، بە زۆر دەستیان گرتم و گوتیان کە دەبێت نان بخۆی، منیش کەمێك نانم خوارد، هاوکات هەر پەلەی ئەوەم بوو بگەمەوە ئەولا، هەڵسام و بەڕێکەتم و کە گەیشتمە لایان دەبینم هەموو وا دەڕشێنەوە، ئیدی تێگەیشتم لە ڕێگەی خواردنەکەوە دەرمانخوارد کراون، د. کامەران و هەڤاڵان وریا و سەباح شەهید بوون، هەر زۆر بەڕێکەوت بوو کە من لەو خواردنەم نەخوارد، د.کامەران یەکەم کەس بوو شەهید بوو، هەر لە نەخۆشخانەکەی خۆمان بیرمە ڕیشی هاتبوو گورچیلەی بەهۆی ژەهرەکەوە وەستا بەهۆی ناپاکی ئەوماڵەوە شەهید بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ دووانەکەی دیکە شەهید نەبوون، هەڤاڵ خەلیل سێدەریی کە پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو گوتی بە ناو جاشەکاندا دەیانبەم بۆ ئێران، منیش بەرەو سەرگەڵوو لەگەڵیان بە ڕێکەوتم، لەسەر سنوور هەڤاڵ

سەباح شەهید بوو، هەڤاڵ وریاش لە ئێران شەهید بوو، دواتر بۆمان دەرکەوت زەهری زەرنیخ لە خواردنەکە کرابوو، لەو کاتە دکتۆر مەحموود عوسمان و هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا پێیان دەگوتم بۆمان باس بکە ئەو زەهرە چییە و چۆنە و نیشانەکانی چین؟ ئیدی هەڤاڵ نەوشیراون مستەفا لە ڕێگەی ئامێرەوە قسەی لەگەڵ دەرەوە دەکرد و باسی زەهرەکەی دەکرد.

هەرچی پەیوەندیدارە بە پەیداکردنی دەرمانەوە هەڤاڵ شوانی تەنسیق کە ڕێکخستنی لێپرسراوی کۆمەڵە بوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بۆی دەناردم، - ئەگەر بمابا بەڕاستی ئەو شێرێك بوو خۆی- هەروەها بەهەمان شێوە مامۆستا جمهور بۆی دەناردم، هەروەها هەڤاڵ ئەحمەد کرێکار دەرمانی بۆ دەهێناین، یان لە ڕێگەی هاووڵاتیی گوندەکانەوە داوامان دەکرد، هەندێك جار کەلوپەل و دەرمان نەدەما، لەوانە لەفاف، من هەڵدەستام لە گوندەکان خامم دەهێنا ئەمکوڵان و پاکم دەکردەوە و هاوشێوەی لەفاف بۆ برینپێچی پارچە پارچەم دەکرد.

یەکێك لەو ڕووداوانە بریتی بوو لە پێشمەرگەیەکی ی.ن.ك ئێسکی ڕانی شکابوو، کەسێك هەبوو بە ناوی د.ئارا کە سەر بە چریکەی فیدایی خەلق بوو، هات بۆ لامان ئەو لە ئێسك زۆر شارەزا بوو، دوای چارەسەری سەرەتایی ناردمان بۆ ئێران، ئیدی خەڵکی گوندەکانیش دەهاتن بۆ لامان وەك پێوەدانی مار و دووپشك و دەست و قاچ شکان و دەستبڕین بە داسی درەو، ڕۆژنە ٣٠ بۆ ٤٠ نەخۆشمان دەبینی، لەو کات پێویستی سڕکردنمان نەبوو، بەس لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو هەبوو، هەڤاڵ مام جەلال ناردی لە دەرەوە ئامێر و کەلوپەلی پزیشکیمان بۆ بێت، لەو کاتەدا من لە ڕێگەی (ح.د.ك)ەوە ئامێری پشکنینی خوێنم بۆ هات، ئیدی بانگەوازم بۆ هەموو پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ و ٢٥ کرد تا بێن پشکنینی خوێنیان بۆ بکەم تا هەر کەس و جۆری خوێنی خۆی بزانێت، بۆ ئەوەی لە هەر دۆخێکی نەخوازراو و برینداری و خوێنبەربووندا کاتێك پێویستیان بە خوێن وەرگرتن

دەبێت، خوێن بە یەكدی ببەخشن، بیرمە پێشمەرگەیەك هەبوو بەناوی نەجات، شەش جار خوێنی بە هاوڕێكانی بەخشی، من خۆم چەندینجار خوێنم بەخشیوە، د. سەرداریش خوێنی بەخشیوە.

لە ڕووداویكی دیكەدا ڕۆژێك ماڵێكی عەرەب هاتبوون بۆ بەرگەڵوو بۆ دیدەنی كوڕەكەیان، پێم وابوو كە سەربازی حكومەت بوو لای پێشمەرگە دیل بوو، یان هەڵهاتووی سەربازی بوو لای پێشمەرگە بوو، لە سنووری سەرگەڵوو فڕۆكە لێی دابوون، یەكێكیان پێویستی بە خوێن بوو، من بۆ یەكەمجار لەوێ خوێنم بەخشی بە ژنێكی عەرەب، ئەو خوێنبەخشینە زۆر بێهێزی كردم، دواتر ماڵی مامۆستا فاروقی برام دەبەیەك شەربەتی مێوژیان بۆ هێنام.

لە ڕووداوێكی دیكەدا لە ساڵی ١٩٨٦دا هاووڵاتییەك ساچمەی پێ دا تەقی بوو نزیكەی ٥٠ بۆ ٦٠ ساچمەی لە گیان بوو، من چەندین كاتژمێر خەریكی دەرهێنانی و تیماركردن بووم بۆی، یەكێكی دیكە لە بریندارەكان پێشمەرگەیەك بوو بەناوی پێشڕەو مەلا محەمەد كانی عارەبان، ڕانی شكابوو هێندە مابوویەوە بە برینەكەیەوە ڕانی بۆگەن بووبوو، نامەیەكی لە گیرفان بوو خوێندمەوە نووسیبووی: "دایە گیان من شەهید دەبم، گەردنم ئازاد بكە....".

لە شەڕێكدا بۆ گرتنی تەقتەق پێشمەرگەیەكمان شەهید بوو ناوی تاریق بوو، هەموو كات شەهید د. هادی پێی دەگوتم د. تاریق ئەمجارە نۆرەی تۆیە، ئەو مەبەستی ناوەكەم بوو، چونكە بەس ئەو دەیزانی ناوی ڕاستیم تاریقە، چونكە من لە دەرەوە ناوم دڵشاد بوو، لێرەدا شەڕێكم بیر دێتەوە كە هەڤاڵ عەبدولڕەحیم بە تەنیشت منەوە بوو، لەگەڵ هەڤاڵ كۆسرەت ڕەسووڵ بە ئامێر قسەی دەكرد، هەرچەندە ئەو بە منی دەگوت لە سەنگەرەكەوە سەرت بەرز مەكەوە، كەچی خۆی سەری بەرز كردەوە و هاواری كرد گوتی ئەو بەر ئازاد كرا، لەو ساتەدا ڕاستەوخۆ گوللەیەك لە ملیدا، برینەكەی هێندە مەترسیدار بوو لە كاتی

سارێژکردندا لە ژێر دەستمدا شەهید بوو، ڕووداوی شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگانە لە بەردەستمدا هێندە کاریگەری لەسەر جێهێشتووم لە دوای ئەو ڕووداوانەوە تا ئێستا هەرگیز نەمتوانیوە و ئامادەنەبووم هیچ پلە و لێپرسراوێتی و پاداشتێك وەربگرم، چونکە وام لێکداوەتەوە لەسەر حسابی خوێنی شەهیدانە، ئێمە لەو ڕۆژگارە بەو شێوەیە هێنامان، نەدبوو لە ئێستادا بەم جۆرە سیاسەت بکەن!

ئەو کاتانەی کە شەڕ دەوەستا، کارمان کەم دەبوویەوە دەچووین لە سنووری ناوچەی قەڵاسێوکە و بەری کۆیە و تەقتەق لە گوندەکان منداڵمان خەتەنە دەکرد، پێشمەرگەیەکمان هەبوو بەناوی هەڤاڵ ئاسۆ (ئاسۆ کوێر) لەبەر دەستی من فێری سارێژکاری بووبوو، ڕۆژێك خزمێکیان برین لە سەری هاتبوو، بانگی ئاسۆیان کردبوو چارەسەری بکات، ئەویش نەیزانیبوو چوو بوو دەرزی سڕکردنی لێدابوو، هەڤاڵ ڕەهبەری سەیید برایم بە گاڵتەوە پێی دەگوتم: "تۆ ئاسۆت بۆ وا لێ کردووە لە خۆیەوە دەچێت خەڵك بەنج دەکات" بەداخەوە دواتر هەڤاڵ ئاسۆ ئەنفال کرا.

ڕۆژێك هەڤالان شوانی تەنسیق و مامۆستا جمهور بانگیان کردم کە دەچین بۆ چالاکی لە نێوان گوندی گەڵناغاج و سەرچناری ئاغجەلەردا، پێشمەرگەیەکی خۆمان هەرچەندە برایەکیشی لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بووبوو، پەیوەندی کردبوو بە هەوالگری ڕژێمەوە لە دەرفەتێکدا هەڤاڵ شوان و هەڤاڵ جمهور شەهید دەکات، لەو ڕووداوەدا هەڤاڵ نەوزاد بریندار بووبوو، من تیمارم کرد، هەتا بیرمە پێشمەرگەیەکمان بە ناوی جەلال چوو ئامێری دەنگ تۆمارکردن (مسجل)ی هێنا دەنگی تۆمار کرد، گوتی شەهید دەبێت با بیگێڕێتەوە کێ وای لێ کردوون، بریندارەکەش گوتی فلان کەس کە پێشمەرگەی خۆمان بووە وای لێ کردووین، دواتر بکوژەکە خۆی ڕادەستی ڕژێم کرد، خۆشبەختانە هەڤاڵ نەوزادیش شەهید نەبوو، هەرچەندە هێندەی گوللەی بەر کەوتبوو کەس پێشبینی نەدەکرد بمێنێت، بە دەستی خۆم چوار بوتڵ خوێنم تێ کرد، ئێمە هەندێك کارمان دەکرد لە زانستی

پزیشکیشدا نەبوو، بۆ نموونە قوتوویەکی دۆشاومان دادەنا خوێنەکەی کە لە بەری دەرۆیشت دەمانکردە ئەو قوتووەوە بەوە دەمانزانی چەندە خوێنی لێدەڕوات ئیدی ئەوەندەمان تێدەکرد.

ساڵی ١٩٨٦ بوو، یان ١٩٨٧ بوو، بیرمە بەشداری شەڕێکی دیکەم کرد هەڤاڵ سیروان کوێخا نەجم سەرپەرشتی دەرکرد، بریتی بوو لە ئازادکردنی ئاغجەلەر، هێرشمان بردە سەر ڕەبیەیەك نەماندەزانی هێندە بەهێزە بە BKC و RBG لێمان دەدا، کاری لێنەدەکرد، شەڕێکی دیکەم بیرە لە قوڵقوڵە و یاخیان تێیدا پێشمەرگە شکا، من لەو شەڕە جگە لەوەی پزیشك بووم بڕنەوێك و کلاشینکۆفێکم پێ بوو کشامەوە شاخەکە و بە تەنها بەرگریم دەکرد تا پێشمەرگە فریام کەوتن، لە شەڕێکی دیکەدا لە ساڵی ١٩٨٧دا کە هەڤاڵ عەلی بچکۆل و هەڤاڵ حەمەدەمینمان لەگەڵ بوو لە بەرامبەر دوکان لە پشتی کانی توو، هێرشمان کرد و دەیان سەربازی ڕژێمی لەسەر دەستی ئێمە کوژران، تەنانەت جلی یەکێك لە ئەندامانی (قوات خاصة)م لەبەرکرد، لە شەڕێکی دیکەدا لە گوندی خەجەلەرزۆکی لای شاخی ماوەت کە تیپی ٢١ ئەنجامیدا، هەرچەندە پاسدارمان لەگەڵ بوو ئێمە دڵنیابووین لەوەی ئەو قۆڵە دەپارێزن، کەچی بۆ سبەی بینیمان حکومەت گەیشتووەتە سەر شاخەکە و هەرچی پاسدارە هەڵهاتوون و چەکەکانیشیان بە جێهێشتووە، ئێمە لەوێ گیرمان خوارد، پێشمەرگەیەکمان بە ناوی پاڵە کە فەرماندەی کەرت بوو شەڕێکی بێ وێنە و خەیاڵی کرد، هێندەی مامە ڕیشە ئازا بوو، هەرگیز قارەمانێتی ناگێڕدرێتەوە خەڵکی کەرکووك بوو سەر بە تیپی ٢١ بوو، بەداخەوە دواتر لە بادینان شەهید بوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ حەمەسوور دووشیوانی بریندار بوو، دکتۆر هادی چارەسەری کرد، بەردەوام من و د. هادی لەو گوندانە پێشمەرگە و هاووڵاتیمان تیمار دەکرد، لە شەڕێکدا لە گوندی تیژە و تلیان دوو پێشمەرگە بریندار بوون، یەکێکیان گوللە

تیغی سەری کردبوو، شەهید بوو، ئەوی دیکە هەرچەندە گوللەکە بەتەواوی سەری گرتبوو لە لای نێوچەوانییەوە خۆشبەختانە شەهید نەبوو.

لێرەدا دەمەوێت لێکدانەوە بۆ ڕێکەوتنێك بکەم، بە بۆچوونی من ئێمە لە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران لە شەڕی لەگەڵ عێراقدا کەوتینە هاوکێشەیەکی هەڵەوە، دەبوو بێلایەن (محاید)بین، چونکە هاوکێشەکە لەسەر ئاستێکی باڵاترەوە کاری لەسەر دەکرا، کە ئەویش ئەمریکا و ئەورووپا و سۆڤیەت بوون، ئەوەش بەهەڵە دەزانم بەسەرکردایەتی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە خاڵخاڵانەوە لە بیرە نەوتییەکانی کەرکووکمان دا.

لە ساڵی ١٩٨٨دا و لە مەرگەساتی ئەنفالدا برایەکم لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئەنفال کران، کارەساتێکی گەورە بوو، ئێمە کشاینەوە بۆ دیوی ئێران، ئێمە وەکو پزیشکی شۆڕش لە لای خەڵك زۆر ڕێزلێگیراو بووین، لە لای بەشێکی سەرکردایەتیش بەهەمان شێوە، بەڵام هەندێك هەبوون دژایەتیان دەکردین، چونکە ئێمە بڕوانامەمان بەرز بوو، هەرچەندە ئەو کات و ئێستاش چەندین کەموکورتی بوونی هەیە، بەڵام بە گشتی ئێمە کارەکتەرێکی کارای شۆڕشێکی گەورە بووین.

ئیدی لە دوای ڕاپەڕینەوە گەڕامەوە تا ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕەکانی بەرگری لە ی.ن.ك بەشداربووم، لە ساڵی ١٩٩٤ لە ڕێگای چوونم بۆ چارەسەرکردنی چەند پێشمەرگەیەکی بریندار، کە نەمزانی پیلانە و لەلایەن چەند کەسێك ناپاکیم لێکراوە و کەوتمە کەمینی پ.د.ك نزیکەی (٥٠) ڕۆژ لە خورماڵ لە زیندانی تاکەکەسی بووم و ئەشکەنجەدرام، دواتر لە ڕێگای خاچی سوورەوە ئازاد کرام.

بە گشتی لە دوای ڕاپەڕینەوە بواری مەدەنیم هەڵبژاردەوە، تا ئێستاش لە کاری پزیشکی هەر بەردەوامم، هەروەها لەگەڵ پورزایەکی خۆمدا هاوسەرگیریم کردووە، باوکی

سێ منداڵم، دوو کوڕ و کچێك، بەناوەکانی: (فەرمان، مستەفا و دالیا)، ئێستا کە ساڵی (٢٠٢٢)ە لە نەخۆشخانەی شەهید حەمەڕەش لە سلێمانی لە کاری پزیشکی بەردەوامم[١٨].

[١٨]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: تاریق ساڵح قادر (د. دڵشاد)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٣.

تاهیر عوسمان حەمەساڵح (شەهید د.تاهیر کەلهوڕی)

لە ساڵی ١٩٦٦ لە ناوچەی ساڵەیی لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر بووە، هەر لە کەرکووك پلەکانی خوێندنی بڕیوە، پەیمانگای تەندروستی تەواو کردووە، شەهید پاڵە و بەرزانی حاجی کامیل لە هاوڕێ نزیکەکانی د. تاهیر بوون، لە ڕێکخستنندا دەرمانیان بۆ پێشمەرگە پەیداکردووە و ناردوویانە بۆ شەهید د. هادی، شایەنی باسە د. تاهیر ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ڕێکخستنەکانی کەرکووکدا.

لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە تیپی ٢١ی کەرکووکەوە کردووە، پێشمەرگەیەك بە ناوی ئازاد جەمیل لە باسی د. تاهیردا دەڵێت: "من لە ساڵی ١٩٨٤ لە شەڕی حەسار بریندار بووم، بە برینداری گواسترامەوە بۆ گوندێك بۆ لای د. تاهیر، دۆخم باش نەبوو، ناوبراو تا بەیانی بەدیارمەوە بوو چارەسەری پێویستی بۆ کردم و لە مردن ڕزگاری کردم، بۆیە شەهید د. تاهیر بۆ من وەکو ڕەمزێك وایە و لە بیری ناکەم".

پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی مام عەلی گەدە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: "من لە ساڵی ١٩٨٨ تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار بووم، کەس نەیدەوێرا نزیکم بکەوێتەوە، کەچی د. تاهیر دەهات دەرزی بۆ دەکردم و حەب و دەرمانی پێ دەدام و تەنانەت جلوبەرگیشی بۆ دەگۆڕیم، ڕۆژنە سەردانی دەکردم تا چاك بوومەوە و لە مردن ڕزگاری کردم".

بەمشێوەیە د. تاهیر لە خزمەتی خەڵك و پێشمەرگە بەردەوام دەبێت، تا لە ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/١٩ بە دەستی هێزەکانی ڕژێم لە فولکەی ئیخوانی لە ناو شاری کەرکووك شەهید دەکرێت[١٩].

---

[١٩]- ژیاننامەی تاهیر عوسمان حەمەساڵح (د. تاهیر کەلهوڕی) لە ڕاکان عوسمان حەمەساڵح وەرگیراوە، کەرکووك، ٢٠٢٢/٣/١٥.

تەها ئەوڕەحمان حەمەعەزیز ڕەسووڵ (د. تەها)

پێشمەرگایەتی واتە گیانبازی لەگەڵ مەرگدا، تێیدا ئەگەر شەهیدیش نەبیت بریندار دەبیت، برینداری بە گوللە، بە پارچەی تۆپ و نارنجۆك، یان بۆردومانی فڕۆکە و بەر کیمیایی کەوتن، نەخۆشی، سەرما، گەرما، ژەهراوی بوون، سکچوون و ڕشانەوە، یاخود پێوەدانی مار و مێروو و دووپشك، خەڵکی بە گشتی ڕووبەڕووی ئەم دۆخانە دەبنەوە، بەڵام پێشمەرگە بە زیادەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە.

من لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی حاجیتانی بناری پیرەمەگرن لەدایك بووم، ناسراوم بە دکتۆر تەها، یان (تەهای حاجی ئەوڕەحمان)، دەرچووی پەیمانگای تەندروستیی باڵای سلێمانییم، ساڵی ١٩٨٤ لە فەرمانگەی تەندروستیی تکریت دامەزراوم، لە بنکەی تەندروستیی ئەبوالعەجیل و ماوەی ساڵ و نیوێك لەوێ بووم، لەو ماوەیەدا توانیومە دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ پێشمەرگە بنێرم، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیم کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ بڕێك دەرمان و چەندین پێداویستی پزیشکیم گەیاندووە بە دەستی پێشمەرگە و خۆشم بووم بە پێشمەرگە، سەرەتا لە ناوەندی کۆمەڵە و پاشان لە تیپی پارێزگاری لە دەستەی پاسەوانەکانی هەڤاڵ مام جەلال کارم کردووە، پاشان چوومە ئەو هێزە تایبەتەی کە ئەرکی هێنان و گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی پێشمەرگەیان لە سنوورەکانی ئێران لە بێتوشەوە بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافەتی دەگواستەوە هێنانی چەك و تەقەمەنی لە سنوورەکانەوە بۆ ناوچەکانی مەڵبەندی دوو و سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی کارێکی زۆر قورس بوو، هەموو ئەو چەك و تەقەمەنییانە بە باری هێستر و بە کۆڵ دەگوازرانەوە، لە سنووری نێوان دوو دەوڵەتی گەورەی بەهێز و شەڕکەر بە ناوچەیەکی شیو، دۆڵ، شاخ، ڕووبار، هەوراز و نشێو بە ناو چەندین کەمین و کێڵگەی میندا، ئەم کارە هەر بە پێشمەرگەکانی ئەو کات دەکرا، دوای ئەنفالیش کاری من کە گواستنەوە و هێنانی چەك و تەقەمەنی بوو کۆتایی هات.

دوای ئەنفالی یەك بەشدار بووم لە بەرگری و شەڕەکانی ناوچەکانی مەڵبەندی سێی ئەوکات لە چیای کارووخ و هەڵەمۆند و گەرووی مەنجەڵ و شاخی کێل کێل و سەری جوانەگا، دوای گیرانی ئەو ناوچانەش لە ئەنفالی حەوت و هەشتدا بەشداری بەرگرییەکانی

چیای قەندیل لە شاخی کونەکۆتر و سوورەدێ و قەرناقا و پشت ئاشانم کردووە، لە پایزی ساڵی (١٩٨٨)ەوە تاکو بەهاری ساڵی ١٩٩١ و کاتی ڕاپەڕین لە هەموو مەفرەزە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سووورداش بەشداربووم، لە ژیانی پێشمەرگایەتی وەك کادیری سەربازی و ڕابەر سیاسی و کادیری کارگێڕی و ڕاگەیاندن و پزیشکی بەشداری تەواوی ئەو جەولە و چالاکییانەم لەگەڵ هاوڕێکانمدا کردووە.

بە گشتی بەشداری دەیان چالاکی پێشمەرگانە و چارەسەری سەدان پێشمەرگە و هاووڵاتیم کردووە، بەشداریم لە داستانی شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت کردووە، بەشداریم لە داستانی ڕزگاری و بەرگرییەکانی ئەنفالی یەك و بەشداری لە زۆربەی چالاکی و شەڕ و جەولەی پارتیزانەکانی ڕەتڵی سووورداش کردووە، بەشداریم لە چەندین خول کرووە، وەك خولی کیمیایی و چۆنێتی خۆپاراستن (ئێران)، خولی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی (ئەنقەرە)، خولی هەڵوەشانەوە و هەڵگرتن و دانانی مین و تەڵەی تەقاندنەوە (زەڵێ)، خولی چۆنییەتی دروستکردن و بەکارهێنانی کەرەستەکانی نەشتەرگەری و نەخۆشخانە (لیڤەر پوول، بەریتانیا).

دەتوانم بڵێم هەبوونی پزیشك لە هەر شوێنێك، یان لە هەر ماڵ و گوند و شارێك لە ناو هەر تیپ و مەفرەزەیەکی پێشمەرگە جۆرە ئارامی و دڵنیاییەکی دەدا بە کەسەکان، هەبوونی پزیشك لە مەفرەزەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگەی وا لێ دەکرد، کە ئازایانەتر و جەربەزانەتر و سوورتربێت لەسەر کار و چالاکی و هێرش بۆ سەر دوژمن چونکە پێشمەرگە هەستی دڵنیایی لا دروست دەبوو، کە پزیشکێك هەیە لە کاتی پێویستی و برینداربوونی دەبێتە فریادڕەس و هاوکار و چارەسەرکار بۆی، بۆیە لەگەڵ تەواوی پێویستییەکانی وەك چەك و تەقەمەنی و جلوبەرگ و خۆراك و هۆشیاری، هەبوونی دکتۆر لەمانە زیاتر بوو بۆی، چونکە لە دۆخی نزیك بوونەوەی لە گیانبەخشین پزیشك لە هەر شتێك لەوانەی دیکە پێویستتر بوو بۆی، بۆیە پزیشکانی شۆڕش لە هەموو سات و شوێنە جیاوازەکاندا پێویستی سەرکەوتنەکانی دیکەی مسۆگەر کردووە.

هەبوونی پزیشك لە مەفرەزە و لە تیپەکان ورەی پێشمەرگەی بەرزکردووەتەوە، سەرکەوتنی چالاکییەکانی مسۆگەر کردووە، بۆیە پێویستە شانبەشانی پێشمەرگە و

شەهیدان و بریندااران، ڕێز لە هەموو ئەو پزیشکانە بگیرێت کە کاری پزیشکیان کردووە لە سەرکەوتنی شۆڕشدا.

پزیشکی شۆڕش بە گوێرەی ئەوەی هەم پێشمەرگە هەم دکتۆر بووە، بۆیە هەمیشە باری شانی قورس بووە، جگە لە چەك و تاقم هەمیشە کۆڵە دەرمانی هەڵگرتووە و بە گوێرەی خوێندەواری و ڕادەی هۆشیاری زۆربەی دکتۆرەکان جگە لە کاری خۆیان، کادیری ڕێکخستن و سەربازی و کارگێڕی و ڕاگەیاندن و بێ سیمیش بوون (جیهاز)، بۆیە هەمیشە ئەرك و فەرمانی سەرشانی دکتۆرەکان لە کاری باقی فەرمانده و پێشمەرگەکان قورستربووە.

لە پاییزی ساڵی ١٩٨٦ گوندی هەڵەدن چۆڵ کرا، خەڵکەکەی لە دەوروبەری گوندەکە بوون، هەر یەکە و بە وشکەکەڵەك هۆدەیەکی دروست کردبوو، چۆڵ بوونەکە مەبەست لە خۆپاراستن بوو لەو تۆپباران و بۆردومانانەی کە دەکرایە سەر گوندەکان، ئێوارەیەك من لەو نزیکانە لە ماڵێك بووم، لە پڕ چەند فڕۆکەیەك هاتن و بۆردومانی گوندی هەڵەدنیان کرد، بارەگای گومرگ لەو گوندە بوو، هەر یەکسەر دوای بۆردومانەکە خۆم گەیاندنە گوندەکە و بەرە و لای بارەگای گومرگ چووم، لەوێ دوو پێشمەرگە برینداربوون، هەڤاڵ خالید شەشۆیی بریندار بوو، کۆمەڵێك پارچە بەدەست و دەموچاو و سەر و پشتییەوە بوو، بەڵام دۆخی باش بوو، من کۆڵە پشتەکەم پێ بوو خێرا بۆم تیمار کرد هەندێك دوورینەوەی دەویست بۆم کرد، بریندارەکەی دیکەش دۆخی باشتر بوو.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٧ بوو، لە بارەگای سکرتاریەت بووم، لە کانی موورادی یاخسەمەر، ئێوارەیەك پێشمەرگەیەك هات گوتی هەڤاڵ مام جەلال بانگت دەکات، گوتم من؟ گوتی ئا...ئا تۆ، ترسام، بە خۆم گوت خودایە دەبێت منی بۆچی بێت! کە چوومە لای هەڤاڵ مام جەلال سڵاوم لێ کرد، گوتی دانیشە کوڕم، گوتم فەرموو هەڤاڵ مام جەلال ناردبووتان بە شوێنمدا، گوتی کوڕم دەبێت ئیشێك بۆ مامی خۆت بکەیت، گوتم فەرموو بەسەرچاو، گوتی بەیانی زوو لەگەڵ نەخۆشێك دەتنێرم بۆ ئێران، هەتا سواری ئۆتۆمبێلی ئێران دەبێت، پێویستە لەگەڵیدا بیت، گوتم بەسەرچاو، دەستی کرد بە گیرفانیدا و بڕی سەد دیناری پێ دام، گوتی ئەوە بۆ خەرجی خۆت بەکاربهێنە، هەندێك کەسی لێ بوو گوتی

لەگەڵ ئەماندا ڕێك بكەوە، بزانە كەی دەڕۆن، گوتم باش، ئیدی خوداحافیزیم لێ كرد، بۆ سبەی هەر زوو هەڵساین، بە ئۆتۆمبێلەكانی هەڤاڵ مام جەلال چووین بۆ گوندی مالومە، لەوێ هەڤاڵان جەمال ئاغا و ئازادمان هەڵگرت، هەڤاڵ ئازاد دۆخی باش نەبوو چەندین نەخۆشی گەورەی مەترسیداری هەبوو، لە ڕێگا دەبوایە جاروبار فشاری خوێن و پلەی گەرمی و هەڵواسینی ئاو و دەرزی لێدانی هەبوو بۆی ئەنجام بدەم.

بە ئۆتۆمبێلەكانی هەڤاڵ مام جەلال ڕۆیشتین، تاكو گەیشتینە سێروان لەوێ لە بارەگای هەڤاڵ ملازم عومەر لاماندا نانی نیوەڕۆیان ئامادە كردبوو، دوای نیوەڕۆ ولاخیان بۆ ئامادەكردین، یەك بۆ هەڤاڵ ئازاد و یەك بۆ من، بەڕێكەوتین و گەیشتینە گوندی گەرمكان لە بارەگای شێخ سەدرەدین نانی ئێوارەمان خوارد، مریشك و برنج و شلە و كاڵەك و شوتی...هتد، بۆ پێشمەرگە ئەم خواردنانە گرنگ بوون، لە كاتی نان خواردندا بووین هەڤاڵ جەبار فەرمان بە مەفرەزەیەكەوە گەیشتە ئەوێ، دوای چاكی و چۆنی، بڕیار درا هەر ئەو شەوە پێكەوە لە دەشتی قەڵادزێ بپەڕینەوە، لە گەرمكانەوە بۆ گوندی كنجارە و لەوێوە بۆ پشتی بەستەستێن و لەوێوە بۆ بناری قەندیل، تاكو گەیشتینە گوندی قەڵاتوكان، لەوێ لە بارەگای شەهید عەبدولڕەحمان سێوەیستی ماینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر ولاخێكی دیكەیان بۆ دابین كردین.

بە شاخی قەندیلدا سەركەوتین بەرەو (تاتی دۆ) لەوێشەوە بۆ شەوەكەی گەیشتینە گوێزێ كە چەند بارەگایەكی ی.ن.ك لەوێ بوو، بۆ بەیانی هەڤاڵ ئازادمان بردە سەر بەرزاییەكەی سنووری ئێران لە دەشتی وەزنێ لە نزیك ئالوەتان و لەوێ سەری ئۆتۆمبێلمان خست، بەرەو تاران دواتر بەرەو ئەوروپا، بەڵام بەداخەوە هەڤاڵ ئازاد بەهۆی سەختی نەخۆشییەكەیەوە كۆچی دوایی كرد، هەر لە ڕێگەی تارانەوە تەرمەكەی هاتەوە، لە گوندی زەڵخان لای شێنێ بە خاك سپێردرا.

دوای ئەو ڕووداوە هەڤاڵ جەبار فەرمان پێی گوتم مادام هەر تا ئێرە هاتووی بۆ پیاسەیەكی سەقز ناكەی، گوتم باشە هەندێك پارەی پێ دام و نامەیەكیشی پێ دام بۆ مەكتەبی دارایی كە لە گوێزێ بوو، دكتۆر فوئاد مەعسومی لێ بوو، ئەویش هەندێك پارەی

بۆ خەرج کردم، گەشتی سەقزم کرد و پاشان چوومە تاران، پاش هەفتەیەك لە تاران بە هەمان ڕێگای پێشوو بەرەو بارەگای سکرتاریەت بۆ گوندی یاخسەمەر گەڕامەوە.

لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧ بارەگامان لە گوندی ئەشکان بوو، لە ناوچەکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی سەرقاڵی هێنانی چەك و تەقەمەنی بووین، شەوێك لە شەوەکانی ناوەڕاستی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧ چەند بارێکی گرنگ هەبوو، دەبوو بیگوێزینەوە، بارەکان دەزگایەکی بەدالە و تەلەفۆن بوو، لەگەڵ سەحنێکی گەورە و بارێکی دیکە و هەشتا دەمانچەی چواردەخۆر، بارەکانی دیکەش زۆر گرنگ بوون بریتی بوون لە چەك و چاپ و ئامێری ڕادیۆی گەلی کوردستان، ئێوارە بارمان کردن و هەر کە دونیا تاریك بوو لە ئەشکانەوە بۆ سەر چەمی هەرزنە بەڕێکەوتین، لەوێشەوە بۆ شاخی سەخت و تەنگەبەر و دۆڵی قووڵ بەرەو جافایەتی، دەوروبەری کاتژمێر نۆی شەو لە ناو ڕووباری زێی بچووك و لە ئاستی هەرزنە، ڕەتڵێك تۆپ و هاوەن بە ئاڕاستەی ئێمە تەقێنرا، هەموویان لە ناوماندا تەقینەوە، هەر لەوێدا پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ مستەفا کە خەڵکی سەرگەلۆو بوو شەهید بوو، چەندین پێشمەرگەش برینداربوون، چەندین هێستریش کوژران و بریندار بوون، هەندێك لە بارەکان کەوتنە ئاوەکەوە، ڕۆژی حەشر کە باس دەکرێت چۆنە! بۆ ئێمە ئاوها بوو، هەموو پێشمەرگەکان بێ شڵەژان و لە دوای نەمانی تەقینەوەی تۆپەکان خێرا هەریەکە و پەلاماری شتێکماندا، خێرا شەهید و بریندارەکانمان لەوێ دوورخستەوە، هەرچۆنێك بێت بە پشتوێن و جامانە برین و خوێن بەربوونمان بۆ بەستن، هێزەکەمان دابەشکرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیان شەهید و بریندارەکان بگێڕنەوە بۆ گوندی ئەشکان، کە گوندێکی ئێران بوو، بەشەکەی دیکەش بۆ ڕزگارکردن و کۆکردنەوەی بارەکان، ئێمە هەر چۆنێك بێت لە کاتژمێر و نیوێکدا بریندارەکانمان گەیاندە گوندی ئەشکان، لە ژووری بنکە تەندروستییەکەدا دەستمان بە چارەسەری خێرا کرد، سەرەتا خوێنبەربوونەکانمان وەستاند و موغەزیمان بۆ هەڵواسین و دەرزی و دەرمانمان پێ دان، ئەوانەی کە بریندار بوو بریتی بوون لە:

١. عەلی حەمەڕەش باخەمری: هەرچەندە دواتر کۆچی دوایی کرد، سەرەتا هەرچۆنێك بێت توانیمان چیست توبی بۆ دابنێین و لە مردن ڕزگاری بکەین.

٢. ئەحمەد حاجی کەریم هەڵەدنی: دۆخی زۆر خراپ بوو هەرچی لە توانامانـدا بـوو بۆمان کرد، شـەویلاکی و شـانی شـکابوو، پەنجـەی شـکابوو، هـەموو لەشـی پارچـەی تۆپ بوو.
٣. بەختیار عەبدوڵڵا سەرگەڵوویی: بریندداربوو
٤. حەیدەر سەعید حاجیتانی: برینداربووو

ئـەم چـوار برینـداره هـەتا بڵێـی دۆخیـان خـراپ بـوو، دەبـوو ئـەو شـەوه لـه ئەشـكان بمێننەوه، بۆ بەیانی لە سەردەشتەوه ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری خێرا هات و برینداره‌كانی برد بۆ سەردەشت، پاشان بۆ تەورێز و دوای دوو بۆ سێ مانگ لە چارەسـەریی، بـه تەندروسـتیی باشەوه هەموویان گەڕانەوه، هەرچەنده لەو ڕووداوه چوار برینداری دیکەمان هەبوو، بەڵام برینەكانیان سووك بوو، برادەرانی دیكـەش بارەكانیـان گواسـتەوه شـاردیانەوه، لەبەرئـەوەی دەمانزانی كاتێك كه ڕۆژ دەبێتەوه هێزی حكومەتی عێراق دێنه شوێنی ڕووداوەكه.

له ١٩٨٧/١٢/٦ كۆتا شەڕی داستانی قەیوان ماوەت بـوو، ئـیتر لـەو ڕۆژەدا دوژمـن شـاخی برزوت و باڵۆسه و گوندەكانی سەفره و گەڵاڵه و شاخی گرده ڕەشی داگیر كرد و پێشمەرگه شكا، بەشێكی بۆ دۆڵی جافایەتی و بەشێكی بۆ دۆڵی ماوەت و شاناخسێ و بەشێكیشی بەرەو و ئەشكان لەسەر سنووری ئێران كشانەوه كـه ئـەو كـات ئێمـه بارەگامـان لـەوێ بـوو، نیمچـه بنكەیـەكی تەندروسـتیمان هـەبوو، چـەند ڕۆژێـك دوای ئـەو ڕێكەوتـه لـه شـاخی بـرزوت، هەڤاڵان ئەحمەد ڕۆمی فەرمانـدەی دیـار و حەمـه تیمـاری شـەهید دەبـن، كـه لـه تیپـەكانی گەرمیان بوون، چەندین پێشمەرگەش برینداربوون یەك لـەوان نـاوی هـەڤاڵ عوسمـان بـوو، زۆر هیلاك بوو، چەندین گولله و پارچەی بەركەوتبوو، چەندین شوێنی شكابوو، له بـزروت بۆ ئەشكان دوو ڕۆژ بوو به ڕێگای زۆر ناخۆش و شیو و دۆڵ و چەم و ڕووبار به كۆڵ و بـه سواری وڵاخ تاكو گەیاندبوویانه لای ئێمه ئەوەندەی دیكه هیلاك بووبوو، تاكو گەیشـته لای من به هاوكاری هەنـدێك لـه بـرادەران خێـرا ئـەوەی چارەسـەری سـەرەتایی بـوو لـه خـوێن بـەربوون و دوورینـەوه و سـاڕێژكاری و هەڵواسـینی موغـەزی و پلازمـا، هەرچـۆنێك بێـت هەڤاڵ عوسمان نوزەیەكی بەبەردا هاتەوه، هەمووان دڵخۆش بووین، هـەموو لەشـیم پشـكنی

بوو بەرەو باشی دەچوو، بەڵام هەر هاواری دەکرد، منیش وتم عوسمان چییە؟ دەستی بۆلای ناوگەڵی برد، منیش تەنها تەماشای ئەو شوێنەم نەکردبوو، شۆرتێکی لە پێ دابوو خێرا دام نا و کە سەیرم کرد چەرمی گونەکانی پێوە نەمابوو، بەڵام هیچ برینێکی پێوە نەبوو، تەنها بە فشارێکی زۆر چەرمەکە تەقی بوو، هەرچۆنێك بێت چەرمی گونیم بۆ هێنایەوە یەك، یەك دوو تەقەڵم لێدا، سەیرم کرد، عوسمان بەو هەموو دۆخی برینداری و شکانی دەستی و پەنجە و هەبوونی چەندین گوللە و پارچە پێوەی، سەرما و برسێتی و لەبەر ڕۆیشتنی خوێنێکی زۆر و هاتنی لەو ڕێگا دوورەوە، کەچی بەو هەموو حاڵەوە کاتێك چەرمی گونەکانیم بۆ دەدوورییەوە جووڵەیەکی کرد، ئەندامی نێرینەی جووڵەی تێکەوت، منیش بانگم کرد، عوسمان هەتیو ئەوە چییە؟ خەریکی چیت؟ گوتی دکتۆر گیان چییە؟ شەهید غەریب کە فەرماندەی ئەو بارەگایە بوو هاتە لامەوە وتی دکتۆر ئەوە چییە؟ وتم هەڤاڵ غەریب تەماشا ئەها ئەندامی نێرینەی جووڵەی پێکەوتووە، هەڤاڵ غەریب پێکەنی و گوتی کاکە وازبهێنە ئەوە شەیتان وازی لێهێناوە، کەچی تۆ وازی لێناهێنی.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووین، ئۆردوگایەکی سەد ماڵی دەبووین، لەسەر چۆمی کەڵوێ (زێی بچووك)، لە نزیك شاری سەردەشت، منداڵان و هەرزەکاران سەرقاڵی مەلە بوون، لەسەر چۆمی ئۆردوگای پیر شێخ، هەڤاڵ ئەنوەری حاجی عەبدوڵڵا تەلانی مەلەی نەدەزانی، خۆی ڕووت کردەوە و خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە لەو خەیاڵەدا بوو هەموو کەس بەو جۆرە مەلە دەکات، ئیدی خولەکێك بۆ دوو خولەك ئەنوەر دیار نەما، ئیدی خەڵکەکە شڵەژان و بووە گریان و هاوارکردن، تا بزانن کێ مەلەزانە تا فریای بکەوێت، لە ماڵەکانەوە هەرچی ژن و پیاو و منداڵ هەبوو، بەرەو زێیەکە ڕایان کرد، لەو کاتەدا هەڤاڵ فاروقی ئەحمەدی مەلا مەحموودی کلێنە، لە سەردەشت دەهاتەوە و تەماشا دەکات خەڵکی هەموو بەرەو ئاوەکە ڕادەکەن، کە یەکێك بوو لە مەلەوانە زۆرباشەکان، ئەویش خێرا بەرەو ئاوەکە ڕادەکات، دەگاتە ئەوێ و بەدەست ئاماژەی بۆ دەکەن کە لە کوێدایە، ئەویش خۆی فڕێ دەداتە ئاوەکەوە، جارێك چووە ژێر ئاوەکەوە هیچی نەبینی بوو، جارێکی دیکە چووەوە ژێر ئاوەکە دیار بوو بۆ شوێنێکی قووڵتر ڕۆیشتەوە و ئەمجارە هەڤاڵ ئەنوەری دەرکردەوە، ئەنوەر لە ماوەی ئەو سێ بۆ چوار خولەکە هەموو گیانی ڕەش

هەڵگەڕابوو، خێرا مـن چوومە سـەری و هـەڵمان گێڕایـەوە، دەسـتماندا بـە پشـتیدا و خێـرا هەناسـەدانی دەسـتکردم بـۆ کـرد و زینـدوو بـووەوە، پـاش چـارەکێك یـەك بـۆ دوو جـار کۆکەیەکی بۆ کرد.

سـەر ئـەو ئـاوە وەك ڕۆژی حەشـر وابـوو، سـەدان منـداڵ و ژن و پیـاوی لـێ بـوو، هـەر چـۆنێك بـوو مـن گـوتم مـاوە، ئـەو خەڵکەمان لـێ دوور بخەنـەوە، پـاش چـەند جارێـك لـە هەناسەدانی دەستکرد، هـەڤاڵ ئـەنوەر زینـدوو بـووەوە، پـاش چارەکێك پشوودان، بـە پێـی خۆی ڕۆیشتەوە بۆماڵەوە، مام حاجی عەبدوڵڵای باوکی ئەنوەر هەتا کۆچی دوای کرد هەر دەیگوت ئەنوەر کوڕی تۆیە، ئەنوەر کوڕی دکتۆر تەهایـە، (خۆشـبەختانە هـەڤاڵ ئـەنوەر تـا ئێستا لە ژیاندا ماوە).

لە بەهاری ساڵی ۱۹۸۸ دوای ئەوەی لە ئەنفالی یەك ناوچەکانی سەرکردایەتی لە دۆڵـی جافایەتی گیران، ئێمە بارەگامان بردە شاناخسێ، لە کۆتایی بەهاری هەمان ساڵ وەك هێـزی پشتیوانی بۆ هاوکاری ئەو هێزەی لەوێ بوو، بەڕێ کەوتین، بەرەو مەڵبەنـدی سـێی ئـەوکات و لە شاخی کـارووخ، گـەرووی مەنجـەڵ، شـاخی هەڵەمونـد، شـاخی پێبـۆ، کێـل کێـل، سـەری جوانەگا لە ناوچەی وەرتێ و ڕەواندز.

ڕۆژی ۱۹۸۸/۸/۷ ئێمە لەسەر شاخی (پێبۆ) بووین، لە ڕووی دوژمنەوە ئاسان بوو، بەڵام لـە ڕووی ئێمـەوە زۆر دژوار و سـەخت بـوو، بـەهۆی حـەبڵ و سـنگ و کێبڵـەوە دەمـانتوانی هاتوچۆی پێ دا بکەین، ئەرکەکەمان زۆر سەخت بوو، دە ڕۆژ جارێك ئاڵوگۆڕمان پێ دەکـرا، لـەو دە ڕۆژە تـەنها نـان و چـا هـەبوو، دەم و چـاو شـۆردن نـەبوو، چـونکە ئـاو نـەبوو، خەلفیەکەمان لە گوندی گەرەوانی سەروو بـوو لـە ئێمـەوە دوور بـوو، مـام بـەکر مالومـەیی پێشـمەرگەیەکی هـێمن و لەسـەرخۆ و بەڕەوشـت بـوو، کورتەباڵایـەکی کـەمێك گۆشـتن و کەسێکی سوعبەت چی و قسەخۆش بوو، دەیویست یارمەتی هەموو برادەرەکانی بـدات، مـام بـەکر ڕۆژانـە ئـاو و خـواردنی لەگـەڵ چـەند کەسـێکی دیکـە بـۆ سـەر دەخسـتین، ئـەو ڕۆژە ۱۹۸۸/۸/۷ دەمەو عەسر هەندێك ئاو و خواردنی سەرخستبوو، برادەران زۆریان لێ کرد ئـەو شەوە نەچێتە خـوارەوە، لای ئـەمان بمێنێتـەوە و قسـەی خۆشـیان بـۆ بکـات، مـام بـەکریش قایل بوو، مایەوە، کاتـژمێر نـۆی تـەواو مـن و شـەهید غـەریب و حەمـەی حـاجی کـەریم و

فەریق هەڵەدنی دانیشتبووین، دەمانویست گوێ لە ڕادیۆی لەندەن بگرین، کەمێك لە هەواڵەکان بزانین، چونکە لەو ڕۆژانەدا دەنگی ڕێکەوتنی ئێران و عێراق هەبوو، شەڕ دەوەستێت و هەمان چارەنووسی ئازاری ١٩٧٥ و ڕێکەوتننامەی جەزائیر دووبارە دەبێتەوە، بە گشتی پێشمەرگە زۆر بێتاقەت و ورە زۆر نزم بوو.

کاتژمێر نۆی تەواو لەگەڵ لێدانی (بیگ بەن) تۆپێك لە ڕەواندزەوە تەقێنرا و لەو لای ئێمەوە دای بە زەویدا، هەڤاڵ فەریق هەڵەدنی قاچی نا بە ڕادیۆکەمدا و شکاندی، پاش چەند چرکەیەك بێدەنگی لە سەنگەرەکانی خوارەوە بوو بە هاوار، من خێرا ڕام کرد و کۆڵە پشتەکەم کردە کۆڵ و بەرەو لای تەقینەوەکە ڕۆیشتم، چی ببینم! کە بینیم هەڤاڵ ناسر ئەحمەد فاتە مۆرە هەڵەدنی بریندار بووە، مام بەکرم بینی ڕیخۆڵەکانی لە ورگی هاتبوونە دەرەوە، شانی شکا بوو، چەندین پارچەی دیکەی پێوەبوو، هەر چۆنێك بێت، هەوڵم لەگەڵدا و ڕیخۆڵەکانیم کردەوە ورگی، چەند تەقەڵێکم لێدا، بەو شەوە کە تەنها لایتێکی دەستیم پێ بوو، لە کاتی تیماری مام بەکر، فەرمانم بە پێشمەرگەکان دەکرد کە بچن داربڕن و بەبەتانییەك گوێزەرەوە (نقالە)یەك دروست بکەن، هەر چۆنێك بێت مام بەکرمان گەیاندە گوندی گەرەوان لەو شاخە سەخت و هەزار بە هەزارە، بە کۆڵ و بە شۆڕکردنەوە، پاشان بە ولاخ کاتژمێر یەك و نیو گەیاندمانە گوندی گەرەوان، لەوێ چارەسەری دیکەم بۆ کرد و هەندێك موغەزیم بۆ هەڵواسی و خوێن بەربوونەکانیم ڕاگرت، برادەران چایان لێنابوو، نان و چایەکمان خوارد و دوو فەردە (کا)مان لە ولاخێك بار کردوو مام بەکرمان خستە نێوانی بەرەو گوندی مەلەکان، کە ئەو کات نەخۆشخانەیەکی گەورەی لێ بوو، گوندی گەرەوان بۆ مەلەکان زۆر دوور بوو، دەبوو شاخی ئاراسن ببڕی و پاشان چەندین شیو و دۆڵ تا دەگەیشتینە مەلەکان، بەرەبەیانی زوو بەڕێکەوتین کاتژمێر هەشتی تەواو لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ گەیشتینە سەر شاخی ئاراسن پێش ئەوەی کە بگەینە بەرزایی و شۆڕبینەوە پلەیەکی ناخۆش هەبوو بۆ ڕۆیشتنی ولاخ، ناچار مام بەکرمان لە پلەکە داگرت و هێسترەکەمان بردە سەرەوە، تا ئەو کاتەی کە لە هێسترەکە دامان گرت مام بەکر هۆشی هەبوو، قسەی دەکرد، ولاخەکەمان بردە ئەو دیو پلەکە و چووینەوە بۆ لای مام بەکر تا سواری ولاخەکەی بکەینەوە، کە سەیرمان کرد مام بەکر گیانی سپاردبوو، واتە لە کاتژمێر

٨ی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ شەهیدبوو، ئێمە پێنج کەس بووین، پێکەوە لەسەر تەرمەکەی دە دەقە بەکوڵ گریاین، پاشان هەڤاڵ وەلی مالومەیی کە خزمی مام بەکر بوو، پرسیمان چی بکەین؟ پاشان بە هەموو پێکەوە بڕیارماندا بیبەین، بەرەو مەلەکان و لەوێ شۆردمان، بەتانییەکمان پێوە پێچا، بردمان لە گوندی گوڵان لە نزیك ڕانیە بە خاکمان سپارد.

مام بەکر منداڵی نەبوو، تەنها خێزانی هەبوو لەگەڵ هەندێك لە خزمەکانی کە هەمووی ئاوارەی گوندەکانی سەردەشت بووبوون، لەوێ دەژیا، بەڕاستی مردنی مام بەکر ئازارێکە و ئێستاش کە (٢٠٢٢)ە بیرم نەچووە، جاروباریش لە ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یادی دەکەمەوە، درووود بۆ گیانی بەرزی مام بەکر و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان[٢٠].

بەهاری ساڵی ١٩٩٠ پارتیزان بووین لە شاخی پیرەمەگروون، بارەگای سەرەکیمان لە دۆڵەبی بوو، لە پشتی گوندی پیران بارەگای ئۆردوگای پیرەمەگروون، پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ تۆفیق محەمەد قادر (توانا سوور)، لە مەفرەزەکەماندا لە هەمووان ڕووخۆشتر و گورجوگۆڵتر بوو، چەند ڕۆژێك بوو ددانی ئازاری هەبوو، پاش وەرگرتنی چارەسەری ئازار و هەوکردن، سوودی نەبوو، ددانەکە کلۆر بوو ئازاری ئەوەندە زۆر بوو لەسەر سەر دەخولایەوە، دوای گفتوگۆیەك بڕیارماندا لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی پیرەمەگروون و سلێمانییەوە، بینێرین بۆ شار بۆ چارەسەری کێشەی ددانی، بڕیارماندا لە دوای ئێوارەوە بیبەین بۆ ئۆردوگای پیرەمەگروون، من بیرۆکەیەکم بۆ هات، وتم برادەران بۆ داوا لە ناوشار نەکەین تاقمی ددان کێشانمان بۆ بنێرن؟ گوتیات تۆ هیچی لێدەزانی؟ گوتم بەڵێ، ئیدی لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە ڕێگەی هەڤاڵ ئاکۆی محەمەد وەهبی، تاقمی ددان هەڵکێشانەکەمان بۆ هات، من پێشتر لە نەخۆشخانەکانی مەڵبەندی دوو لە گوندی بلەکێ لە کاتی چەند ددان هەڵکێشاندا تەماشای دکتۆر جەبارم کردبوو، خۆشم بڕێك شارەزایی تیۆریم هەبوو، توانام هێنا و بەباشی بۆم سڕکرد، پاش کەمێك زۆر بەدروستی توانیم ددانەکەی بۆ هەڵبکێشم، کاتێك مەلا بەهادین ددانەکەی بینی کە بە دەمی پلایسی ددان

---

[٢٠]– ئەم چیرۆکە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە بڵاوکراوەتەوە.

کێشانەکەوە بوو، گوتی: "أللهم صلی علی محمد وعلی اله محمد"، منیش ڕووم کردە توانا و گوتم چۆنم بۆت ئەوە ددانەکەم بۆ کێشای و لەو ئازارە ڕزگارم کردی، شەهید توانا سووریش گوتی ئەی من چۆنم بۆت، جوان وەستام ددانم بۆ بکێشی.

ساڵی ١٩٩٠ بارەگای پارتیزانەکانی ڕەتڵی سووورداش لەسەر کانی دۆڵەبی لەسەر شاخی پیرەمەگروون بوو، ئەوکات ڕێکخراوی ناو شار شیری (نیدۆ)یان بۆ دەناردین، بەیانیان زۆر جار نان و شیرمان دەخوارد، پێشمەرگەیەك سکی دەچوو، دوو سێ چارەسەرم بۆ کرد و بۆم گۆڕی، هەر چاك نەبوو، ئاسۆ سووورداشی بە گاڵتەوە گوتی شیرەکەی بۆ بگۆڕە بزانە چاك نابێت؟

ئیدی من لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم وەك یەکەم ئەفسەری ئاسایش بەشداری حکومەت بووم و پاشان بەشداری کۆلێژی سەربازی قەلاچوالانم کرد و بە پلەی ملازمی دوو تەواوم کرد، پاشان وەك بەرپرسی دووەم لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش بەردەوام بووم، تا ساڵی ٢٠٠٩، پاشان گوازرامەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پزیشکی لە وەزارەتی پێشمەرگە، وەك جێگری بەڕێوەبەری گشتی دەست بە کار بووم، هاوکات بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە یاسا هەیە، ئێستاش لیوای مافپەروەرم لە وەزارەتی پێشمەرگە، خێزاندارم و خاوەنی پێنج منداڵم، باوکم و برایەکم و برازایەکم و چەندین مام و ئامۆزا و پورزام شەهیدن، بە گشتی بنەماڵەکەمان خاوەنی پازدە شەهیدن[٢١].

[٢١]- تەها ئەوڕەحمان حەمەعەزیز ڕەسووڵ (د. تەها)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٠.

جەبار عەبدول نەریمان قادر (د. جەبار)

لە ساڵی ١٩٥٥ لە دایکبووم، باپیرم لە ناوچەی هەمەوەند لە گوندی گورگەیی ژیاوە، باوکیشم چووەتە سنووری دوبز و لەوێ نیشتەجێ بووە، باوکم چوار هاوسەری هەبووە، من لە هاوسەری سێیەمی لە گوندی قوتانی دوبز لە دایکبووم، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا چوومە بەر خوێندن، لە ١٩٧٠ چوومە ناوەندی و لە ١٩٧٣ چوومە ئامادەیی کوردستان لە کەرکووک، لە ساڵی ١٩٧٦ کۆلێژی پزیشکی گشتی بەسرە وەری گرتم و لە ١٩٨٣ تەواوم کرد.

لە قۆناغی ئامادەیی هەڤاڵ ئازاد هەورامیم ناسی و لە یەك پۆل و پێکەوە دادەنیشتین، پەیوەندیمان بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە کرد، دوای زانکۆ و لە ١٩٨٤ ساڵێك لە سەماوە بووم بە پزیشك، دواتر لە سەرەتای ١٩٨٥ بووم بە پێشمەرگە و سەرەتا چوومە ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە، هاوکات هەڤاڵ پۆلای خاڵۆم لەوێ بوو، ئەو بوو بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە، گوتم منیش لەگەڵ ئەو دەچمە تیپ، هەڤاڵ ئازادی سەگرمە سەرتیپ بوو، بەلای ئەو هەڤاڵانەوە سەیر بوو، کە پزیشکی گشتی بووم و هاتووم بۆ تیپ، هاوکات لەگەڵ مەفرەزەکاندا بەشداریی شەڕم دەکرد، هەموو کارێکی تەندروستیم ئەنجام دەدا.

هەڤاڵ ئازادی سەگرمە پیاوێکی خەمخۆر بوو لە ڕێگەی هاوڕێکانی ئەوەوە دەرمان بە من دەگەیشت، بارەگای من لە گوندی مێوڵی قەرەداغ بوو، ڕۆژێك پێشمەرگەیەك فیشەکێك لەناو باریکایی قاچیدا تەقی بوو، ئێسکەکەی ورد کردبوو، هەڵسام بە چینێکی گەچ پێچام، ئەو ئێسکانەی هاتبوونە دەرەوە شۆردم و خستمەوە شوێنی خۆی و هەموو ڕۆژ تەداویم دەکرد، بە دوو مانگ و نیو ئێسکەکەی دروست بووە و چاك بووەوە، لە ساڵی ١٩٨٧ فیشەکێك دابووی لە سکی پێشمەرگەیەك، هێنایان بۆ لام، سەرەتا نەم هێشت نان بخوات، هەروەها نەم هێشت تووشی هەوکردن ببێت، لەو کاتەدا هەڤاڵ ئازاد هات بۆ لام گوتی هەڤاڵ غازی برات

لە ناوچەی شوان شەهید بووە، گوتم دڵم نایەت ئەم برینداره جێبهێڵم، ئیدی بۆ نزیکەی دە ڕۆژ چاکبووەوە، واتە لەبەر خاتری ژیانی ئەو پێشمەرگە بریندارە، نەچووم بۆ سەر تەرمی براکەم.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ١٩٨٦ هەڤاڵ کەریم زەنانەیی پارچەی تۆپ بەر قۆڵی کەوتبوو، گۆشتەکەی تا سەر ئێسك لەت کردبوو، هەڤاڵ ئازاد گوتی دکتۆر باڵی دەبڕیتەوە، گوتم بە دوو مانگ وەك خۆی لێدەکەمەوە، دوای دوو مانگ چاکم کردەوە و گوتم بانگی هەڤاڵ ئازاد بکەن، هات کە بینی، گوتی بڕوا ناکەم و کاتی بریندار‌بوونەکەشی بڕوام پێ نەکردی.

ڕۆژێك هەڤاڵ پۆڵای مام کەریم کە ئاوەڵزاوام بوو، هات بۆ لام و گوتی ڕۆژێکیان لە گوندەکەمان گوێم لە فیشکەیەك بوو، بینیم مارێکە لەگەڵ بزنمژۆکێکدا شەڕ دەکەن، کە مارەکە بە بزنمژۆکەکەوە دەدات، بزنمژۆکەکە دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە سەر بنجە گیایەك و کەمێکی لێ دەخوات و دێتەوە لەگەڵ مارەکە شەڕ دەکات ئەم کارە چەند جارێك دووبارە بووەوە، دوای ئەوە چوومە سەر بنجە گیایەکە تەماشا دەکەم لە جۆری گۆزەروانە.

لە هەر دۆخێکی پێوەدانی مار و دووپشکدا، لەو ڕووداوە بە دواوە لەوانە هەڤاڵ عەتا کە ئامر کەرتی هەمەوەند بوو مار پێوەی دابوو، هێنایان گوتم گیای گۆزەروانم بۆ پەیدا بکەن، کەمێك لەو گیایەم بۆ هاڕی و پێمدا و هەندێکیشم لەسەر برینەکەی دادەنا تا چاك بووەوە. بە هەمان شێوە کوڕێکی دیکەی خەڵکی خاوێم چارەسەر کرد شوێنی پێوەدانەکەم بە دەرزییەك بریندار کرد، هەندێك لەو گیایەم بە هاڕاوی خستە سەری و بە لەفاف پێچام، دوای نیو کاتژمێر کردمەوە ژەهری مارەکە دەرهاتبووە ناو لەفافەکە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا کوڕێکی گەنجی ناوچەی جەباری فیشەك لە ملیدا بوو بۆڕی خوێنی سوتاندبوو، بەڵام تووشی خوێنبەربوونی نەکردبوو، گەیاندبوویانە تاران، لەوێ پێش چارەسەری تەواو گەڕابووەوە ناوچەکەی خۆی، هێشتا هەوکردنی شوێنی تەقەڵەکانی مابوو، کلۆ خوێن سەر برینەکەی گرتبوو، گوتیان دەیبەینەوە بۆ ئێران گوتم فریای ئەوێ

ناکەویتـەوە بـەس ئـەو کڵۆ خوێنانـە لا بچن، تووشـی خوێنەبـەربوونی دەکات و دەمرێت، لەناکاو بۆڕی خوێنی تەقی و تووشی خوێنبەربوون بوو، منیش بە حـەوت مقەسـتی گـرتنی دەمار نەمتوانی خوێنەکەی بوەستێنم و لەسەر دەستمان شەهید بوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ئەستێڵ بووین، هەڤاڵ کـەریم زەنانـەیی دوای برینـداربوونی لە شوێنێك بێستەکەی دوورابـووەوە، هێنایـان بـۆ لای مـن، شـوێنی دووراویەکـەی ئاوسـابوو، گـوتم ئـەوە خوێنـە کۆبووەتـەوە، چـەقۆیەکم لـە پێسـتەکەدا و خـوێنی فڕێـدا، هاوڕێکـانی گوتیان دەمرێت، تەداویم بۆ کـرد، خوێنەکـەی نەدەوەسـتایەوە، بـردم بـۆ لای دکتـۆر فـائیق هەر سوودی نەبوو، یـەکێك لـە کـادیرانی تەندروسـتی گوتیـان دەبێـت ئـەو قۆڵـە ببڕبنـەوە، ئەویش ڕای کرد لە دەستیان و هاتەوە بۆ ئەستێڵ، دووبارە پێچامەوە و بردم بۆ بانی مـۆرد نامەیەکم بۆ بەرپرسانی پێشمەرگە نووسی بۆ ئەوەی بینێرن بۆ لای پسپۆڕی دڵ و خـوێن، دواتر بە ڕێگایەك گەیاندبوویانە چەمچەماڵ و چارەسەریان کردبوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ شەماڵ لە تیپی ٥٧ی سـەگرمە لـە هێرشی سەر بیرە نەوتەکانی کەرکووك کەوتبووە بەر هێرشی جاشەکان، فیشـەك بـەر ڕانـی کەوتبوو، شکابوو، هێنایان بۆ لای من، شەوێك پشتوێنەی گەچم بۆ کرد و پەنجەرەیەکم لـە ڕانی کردەوە بۆ تەداوی، گومانی هاتنی فرۆکەم کرد و بردمە خاوێ بۆ ماڵی خاڵم دوو بوتڵ خوێنیشم پێدا، دوای دوو مانگ و نیو چاك بووەوە.

جگە لەمانە هەندێك جار لەدایکبوون (ولادة)م دەکرد، واتە ژن هەبوو منداڵەکەی گیر دەبـوو، مـن ئـەو کەوچـکەم هـەبوو کـە سـەری منداڵەکـەی دەگـرت و ڕامدەکێشایە دەرەوە، هەروەها هەبوو فیشەك بـەر دەمـاری سـەرەکی قولەقاچی دەکـەوت، قاچـی کەسـەکە کـورت دەبـوو، مـن پێسـتەکەم لا دەدا و ئـەو دەمـارە گۆشـتیەم لـە سـەروو و لـە خـوارەوە دەبـڕی، بەشـێکی براوییەکـە لای ڕاسـت و بەشـێکی لای چـەپم دەبـڕی، بـۆ ئـەوەی دەمارەکـە درێژببێتـەوە و کـورت نەبێتـەوە، لـەوەدا سـەرکەوتوو بـووم، دوای مانگێـك لـە گـەچ گـرتن

کورتی قاچەکە چاك دەبووەوە، هەروەها لە کیمیابارانددا لە قازانقایە باڵی پێشمەرگەیەکمان شکا، هات بۆ لای من، چارەسەرم بۆ کرد.

لە پێش ئەنفالدا چووین بۆ قۆپی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی قەڵەومان هەبوو، نانەوا بوو، لەوانە بوو کە قاچی باریك بوو ورگی ئەستور بوو، بە مامە پاشا بانگمان دەکرد، گوتی توخوا جێم مەهێڵە، گوتم بەڵێن بێت، گوێدرێژێکم بۆ پەیدا کرد و لە پاڵ گوێدرێژەکە پشتم بۆ کرد بە پایە و تا سەرکەوت، هەتا گەیاندمە سەر شاخەکەی پشت بانی مۆرد، دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بریندار بە ناوی ئەحمەد چەندین فیشەك بەر قاچی کەوتبوو تەداویم بۆ ئەویش کرد و ڕزگاریانم کرد، ئەو بریندارە خێزانیشی لەگەڵ بوو، خێزانەکەی بە کۆڵ دەیبرد بۆ ئەوەی سەرئاو بکات.

لە کاتی ئەنفالدا توانای ڕۆیشتنم نەما، چوار ڕۆژ بوو نانم نەخواردبوو، لە گوندەکانی ناوچەی هەمەوەندی چەمچەماڵەوە بەرەو سنووری شوان بە شەو نزیکەی ١٥٠٠ کەس بووین پەڕینەوە، هەڤاڵان شێخ جەعفەر و حەمەڕەش پەڕاندیانینەوە، چووینە گوندی کانی سپیلکە و کوچك نەخشینە و باوەفەتی، لەوێ د. جەلالم بینی گوتم چوار ڕۆژە نانم نەخواردووە، گوتی ئێستا دەگەینە ئەو گوندانە نانت بۆ پەیدا دەکەم، ئیدی لەوێ نان و هەندێك دۆم خوارد، بەرەو سنووری بەری کۆیە بەڕێکەوتین، لەوێ قاچم تۆکی بەردەدا، لەو سنوورە هەندێك پشوماندا و هەندێك ماسییان بۆ پەیدا کردین و هۆشمان هاتەوە،

دواتر پەڕینەوە بۆ بەری کۆیە و د. حسێنی برازای هەڤاڵ مام جەلالم بینی، دوای گفتوگۆ، گوتی من سبەی دەچم بۆ بالیسان و ئیتر پێشمەرگایەتی ناکەم، گوتم منیش لەگەڵ خۆت ببە، گەیشتینە بالیسان و خەتێ، د. زریانم بینی و پێم گوت لەگەڵ تۆ دێم، سەرەتای هەڵایسانی شەڕی مەڵبەندی سێ بوو، هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ گوتی ئەوەی خێزاندارە با بڕوات، ئەوەی بڕیاری مانەوەش دەدات دواتر نابێت هەڵبێت، ئیدی من چوومە تونمێ بۆ لای ملازم عومەر و هەڤاڵ کۆسرەت، لەوێ بە د. زریانم گوت تۆ خێزانت هەیە، من نیمە،

بۆیە تۆ بڕۆ بۆ ئێران، من لە شوێنی تۆ دەبم، هەڤاڵ کۆسرەت پێی باش بوو، دواتر هەڤاڵان قادری حاجی عەلی و د. فائیق و د. جەلال و د. ناسیح هاتن، گوتیان تۆ بڕۆ بۆ بەری قەندیل ئێمە لێرە دەبین، هەر کەس بریندار بوو بۆت دەنێرین، منیش چوومە سوورەدێی بنای قەندیل، ئیدی لەوێ دەستم کرد بە چارەسەری ئەو بریندارانەی کە بۆیان دەناردم، هەڤاڵ ئازاد هەورامی لەوێ شەهید بوو.

حکومەت دەستی بەسەر زۆرینەی شوێنەکاندا گرت، لەگەڵ هەڤاڵان قادری حاجی عەلی و حامیدی حاجی غالی چووینە گوندێك، بۆ یەکەمجار لەوێ چێشتی (قوڕاو)م خوارد، دواتر چووینە ئێران و من چوومە بلەکێ، دوو خانوومان کرد بە نەخۆشخانە و بارەگا، هەڤاڵ مام جەلال کۆبوونەوەی پێ کردین، هەموو کادیرە تەندروستییەکانی لە بارەگای ملازم عومەر کۆکردەوە، کە چووین لە دەرگا وەستا بوو یەك یەك پێی دەگوتین: "یاخودا بەخێر بێن"، دوای دانیشتین گوتی مەمنونتانین ئەوەندە ساڵە لەگەڵمان بوون، کێ دەیەوێت بچێت بۆ دەرەوە (ئەوروپا و ئەمریکا) دەینێرم، کێ دەیەوێت لە ئێران بمێنێتەوە کار ئاسانی بۆ دەکەم، کێ لەگەڵمان دەمێنێت ئازادە، ئیدی ئێمە پارتیزانی دەکەین، ئیدی من و د. شوان و د. ئازاد گوتمان لەگەڵ ئێوە دەمێنینەوە، دواتر لە بانەوە دەچووین بۆ بلەکێ، بیستمان د. ئازاد و هاوڕێیەکی لە ڕێگەی چوون بۆ لای ئاوارەکان ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕابوو شەهید بوون.

لە کاتی ڕاپەڕین چوومە کەرکووك لەوێ بۆ هەولێر و لەوێ بۆ شەقلاوە، ئیدی بە ئۆتۆمبێل بە شارەکان دەگەڕاین بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندار، دواتر لەسەر داوای د. محەمەد خۆشناو بووم بە پزیشکی (مقیم أقدم) لە هەولێر، تا ساڵی ١٩٩٥ بەردەوام بووم، دواتر دوو ساڵ و هەشت مانگ (مقیم أقدم جراحة)م خوێند، دواتر هەڤاڵ عومەر فەتاح گوتی نەخۆشخانەی شۆڕشمان بۆ دروست بکە، قایل نەبووم، دواتر لەبەرئەوەی گەرمیانی بووم ناردیانم بۆ کەلار و بووم بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی کەلار و تا ٢٠٠٤ لەوێ بووم،

ماوەیەکیش لە دەربەندیخان بەڕێوەبەری گشتی بووم، لە کەلار خۆم هۆڵی نەشتەرگەریم دروست کرد و لە سنووری کەلار و دەربەندیخان دەستم کرد بە نەشتەرگەری خەڵك، لەوێ هەزاران کاری نەشتەرگەریی خۆڕاییم بۆ خەڵکی گەرمیان ئەنجامدا، بیرمە لە یەك شەو و ڕۆژێکدا ١٨ نەشتەرگەریی بێ بەرامبەرم ئەنجامداوە، تا لە ساڵی ٢٠١٨ خانەنشین بووم، لە ئێستادا خۆم نەخۆشم و گرێیەك لە سەرمدایە و تووشی شێرپەنجەی میزەڵدان بووم و هەروەها تووشی شەلەل بووم و لایەکی لاشەم کار ناکات و چاوەڕێی مردنم[٢٢].

---

[٢٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەبار عەبدول نەریمان قادر (د. جەبار)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢١.

حەمید عومەر ئیبراهیم ئەسوەد (د. ئامانج)

لە ساڵی ١٩٦٤ لە بناری چیای قەرەچووغ دەشتی قەراج لەدایك بووم، کە ئێستا گوندەکەمان سەر بە شارەدێی سەرگەڕانی شارۆچکەی دوبزی پارێزگای کەرکووکە، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە لە هەولێر دادەنیشم، لە ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای تەندروستیم لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ هەڤاڵ کاکە حەمە پەیوەندیم بە (ك.ڕ.ك)ەوە کردووە.

دوای تەواوکردنی خوێندن لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٦ بووم بە پێشمەرگە، لە نەخۆشخانەی مەڵبەند دەستبەکاربووم، دواتر چوومە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و تا دوای ئەنفال و ساڵی ١٩٨٩ مامەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا لەگەڵ هاوڕێم دکتۆر هیوا دەستم کرد بە چارەسەرکردن و تیمارکردنی بریندارانی پێشمەرگە، کە بەداخەوە لە ٣١ی ئاب شەهید بوو، زۆرم سوود لە زانیارییەکانی شەهید دکتۆر هیوا وەردەگرت، بریندارانی شەڕ و هاووڵاتیان لەلایەن ئێمەوە چارەسەر دەکران، کە تاکە سەرچاوەی تەندوستی بووین لە سنوورەکە.

بەدرێژایی ئەو ساڵانە چەندین یادگاری خۆش و ناخۆشم هەیە، ساڵی ١٩٨٧ پێشمەرگەیەکی بریندار بە ناوی نەجات تورکمان کە ئێستاش لە ژیاندا ماوە و خەڵکی هەولێر بوو مار پێوەی دابوو، پێش ڕۆژهەڵهاتن هێنایان بۆ لای من، توانیم چارەسەری سەرەتایی بۆ بکەم، پاشان بردم بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەند لە گوندی سماقوولی، لەوێ شەهید د. چیا گوتی کاری باشت کردووە، دەستخۆشیی لێ کردم ئەوە بۆ من مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە من ئەزموونی چارەسەرکردنی نەخۆشم بە ژەهری مار نەبوو.

ڕۆژێکی دیکە هاووڵاتییەکی گوندی سوسێ لە ساڵی ١٩٨٨ کە بارەگای تیپەکەمان لەو گوندە بوو تەندروستی زۆر خراپ بوو بورایەوە، منیش چارەسەرم بۆ کرد و لە ماوەی دە خولەك تەندروستی بەرەو باش بوون چوو، ئەوە بۆ من سەرکەوتن بوو بۆیە لە یادی ناکەم.

لە دوای گرتنی سەری ڕەش لەساڵی ١٩٨٨ بەرەو شەڕی سەرکردایەتی ڕۆیشتین، شەو درەنگ لە گوندی کانیبی سەر بە دەشتی کۆیە دابەش بووین، من و دوو پێشمەرگە بەو شەوە درەنگە چووینە ماڵێك نانمان نەخواردبوو، ئەو ماڵە کوڕێکیان لە شەڕەکەی سەری ڕەش بریندار بووبوو، لە ماڵەوە بوو، لە کاتی نان خواردن باسی ئەوە کرا کە دەبوو ئەو ڕۆژە تەداوی بکرایە، بەڵام بۆی نەکرابوو، دوای نان خواردن برینەکەیم بۆ تەداوی کرد، دەرزی و دەرمانی پێویستم پێدا، ئەو ماڵە زۆر دڵخۆش بوون بە من، بۆ منیش دڵخۆشی بوو.

لە شەڕی سەری ڕەش یەکەم بریندار تیپەکەمان مام عەلی بوو کە چووین د. هیوا تەماشای چاوی کرد و گوتی بەداخەوە شەهید بووە، ئەوە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من لە بیرم ناچێتەوە.

سەرچاوەی دەرمانمان لە نەخۆشخانەی مەڵبەندەوە بوو، کە لەلایەن هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵەوە پەیدا دەکرا، کە ئەو کات زۆر ئەستەم بوو، هەڤاڵ کۆسرەت جگە لە دەرمان، پارە و ئازوخەشی پەیدادەکرد، من هاوڕێیەکی ڕێکخستن و خوێندنم هەبوو بە ناوی عەبدولواحید ئیدریس شەریف، زۆربەی کات دەرمانی باشی بۆ دەهێنایین، بە تایبەت ئەو دەرمانانەی کە کەم دەستمان دەکەوت، هەڤاڵ عەبدولواحید کارێکی ئەستەمی دەکرد، هەروەها لە کاتی شەڕەکان و چارەسەرکردنی بریندارەکاندا، پێشمەرگەکان هاوکاری و بەردەستی من و د. هیوایان دەکرد.

هاوکات من ئەندامی کۆمەڵە بووم، هەڤاڵ بێستوون بەرپرسی ڕێکخستن بوو لە تیپەکەمان، زۆر جار بۆ کاری ڕێکخستن من جەولەم دەکرد، چونکە جێگەی متمانەی هەڤاڵ بێستوون بووم.

لـه سـالّی ١٩٨٨ ئێمـه لـه نزیـك هـیران چـوار پێشـمەرگە بـووین بـەر چـەكی كیمیـایی كەوتین، بەڵام بە سووكی هاوكات ڕووپۆش (قیناع) و دەمامك و دڵۆپەی چاومان لابـوو، بـە كارمان هێنا و بەسەلامەتی لێی دەرچووین[٢٣].

---

[٢٣]- حەمید عومەر ئیبراهیم ئەسوەد (د. ئامانج): هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٢٠.

خالید محەمەد ڕەشید مەحموود (د. خالید)

لە ١٩٦٠/٣/٢٠ لە شارۆچکەی چەمچەماڵ لەدایك بووم، لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاخ لەگەڵ کچێکی دانیشتوی سلێمانی بە ناوی دڵسۆز هاوسەرگیریم کردووە، باوکی سێ منداڵم دوو کوڕ و کچێك، بە ناوەکانی ژیار، ئەلەند و ژیلا.

لە ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ چوومە قوتابخانە لە لیوای هەولێر پاشان گەڕامەوە بۆ چەمچەماڵ، خۆیندنی سەرەتاییم لە ساڵی ١٩٧٠—١٩٧١ تەواو کردووە و ساڵی ١٩٧٨—١٩٧٩ ناوەندی و دواناوەندییم لە چەمچەماڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠—١٩٨١ پەیمانگای باڵای پیشە تەندروستییەکانی کەرکووکم تەواو کردووە و بڕوانامەی دیبلۆمم بە دەستهیناوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە زانستە سیاسییەکان لە زاکۆی سلێمانی بە دەستهێناوە.

لە ساڵەکانی ١٩٦١—١٩٦٥ بە هۆی دۆخی سیاسی کوردستان و دوورخستنەوەی باوکم بە تومەتی ئەندامبوونی لە (ح.ش)دا، وەك فەرمانبەر بۆ پارێزگای بەسرە و پاشان بۆ سنووری پاریزگای هەولێر گوێزرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندییم بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە، لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم هەڤاڵ شێرزاد حافز لە یەك شانەی قوتابیاندا ڕێکخرابووین، لە ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی شکستهێنانی گفتوگۆ و دانوسانی حکومەتی عێراق و شۆڕشی ئەیلوول و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بەشێکی هەرە زۆری دانیشتوانی چەمچەماڵ بۆ گوندەکان، یان شارەکانی سلێمانی و کەرکووك وەك نارەزایەتییەك بەرامبەر سیاسەتە نەتەوەپەرەستییەکانی حکومەتی عێراقی ئەوکات شاریان چۆڵ کرد، هەربۆیە خێزانی ئێمەش ڕوویان لە گوندی هەکز کرد، پاشان لەلایەن یەکێتی قوتابیانەوە ئاگادارکراین، کە بۆ بەردەوام بوون لە خۆیندن، پێویستە ڕوو لە شارەدێی ئاغجەلەر بکەین کە قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بۆ قوتابیانی کەرکووك و چەمچەماڵ کراوەتەوە، بۆیە ڕوومان لە ئاغجەلەر کرد لەو کاتەدا ١٤ ساڵ بووم لە قۆناغی ناوەندی بووم، پاش نسکۆی شۆڕش

گەڕاینەوە و دەستم بە خوێندن کردەوە و تاقیکردنەوەی سەری ساڵمان کرد و خۆشبەختانە دەرچووم.

بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ٢٠ خوێندکاری هاوڕێمدا هەوڵماندا لە پەروەردەی کەرکووك خوێندنگای ئامادەیی تێکەڵاو لە چەمچەماڵ بکەینەوە، بۆ مێژوو دەیڵێم لە چواری ئامادەیی ١٩ کوڕ بووین تەنها یەك کچی ئازا و بوێر لەگەڵمان بوو بە ناوی ڕووناك ئەنوەر، کە پێش ئێمە خوێندنی ئامادەیی لێ نەبوو دەبوو بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی بچنە کەرکووك، یان سلێمانی، ئیدی من لە ساڵی ١٩٨١ لە ڕێگەی هەڤاڵ خدری خەلیفە عزیزەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

بە مۆڵەتێکی سەربازی تەزویر کە هەڤاڵ ئەیوب ڕەسووڵ لە چەمچەماڵەوە بۆی هێنابووم، بۆ یەکەمین جار ڕوومان لە گوندی قەمچوغە کرد و بووم بە پێشمەرگە و پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد، شەهید حەمە چاوشین و هاوڕێم عارف کاکەمەند یاوەریان کردم، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ لەسەر داوای شەهید هەڵۆ چەمچەماڵی و تیپی ٢١ی کەرکووك بوومە پێشمەرگە، بە هۆی پیشەکەم و کارکردنم لە بواری تەندروستی نازناوی (دکتۆر خالید)م لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپەوە پێ بەخشرا و بووم بە دکتۆری تیپی ٢١ی کەرکووك.

ساڵی ١٩٨٢ لە بەر هەستیاری ناوچەکە و زۆری چالاکی و هێرشەکانی حکومەت و جاشەکانی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و گوندەکان برینداری زۆرمان دەدا، بۆیە داوام لە هەڤاڵ مام ڕۆستەم کرد کە بنکەیەکی تەندروستیمان لە چەمی سوورقاوشان بۆ دابمەزرێنیت لەگەڵ هاوڕێم شەهید دکتۆر حەمید حەمەد ئەمین بارام، کە شوێنێکی شیاو بوو بۆ چارەسەری پێشمەرگە، چەندین بریندارو نەخۆشمان تێدا چارەسەر کردووە، ماوەیەکی زۆریش لەگەڵ پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ کەرکووکدا بووم، بەشداری چالاکییەکانی ئەو کەرتەم دەکرد، لە کاتی گفتوگۆی شۆڕش و ڕژێمدا لە ساڵی

١٩٨٤—١٩٨٥ بۆ ماوەی شەش مانگ بەشداری خولێکی ڕاهێنـان لەسـەر ئـامێری بێهۆشـکردنی نـەخۆش و ئامـادەکردنی ژووری نەشـتەرگەریم کـرد لـە نەخۆشـخانەی فێرکـاری سـلێمانی لەگەڵ هەڤاڵان: (د. شوان محەمەد عەزیز، د. فایەق گوڵپی، د. ئاکۆ سعید و شەهید د. شێخ کامیل).

یـەکێك لـەو شـتانەی کـە لێـی دەترسـاین نـەبوونی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی و نەبوونی متمانە بوو بە هەموو دەرمانێك، چونکە بەردەوام دەترساین کە حکومەتی بەعس لە ڕێگەی خەڵکی خۆیەوە دەرمـانی خراپمـان بـۆ بنێـرێ، لەگـەڵ نـەبوونی ساردکەرەوە بـۆ پاراسـتنی دەرمانـەکان، هـەروەها دووری شـوێنەکانمان گرفتێکـی دیکـە بـوو بـۆ نموونـە لـە نەخۆشـخانەی قوڵەهـەرمێ کۆمـەڵێك پزیشـك و کارمەنـدی بـاش هـەبوو لەوانـە (د. شـوان ئاکرێیی، د. فـائق، د. خـدر مەعسـوم و د. زریـان)، بـەڵام بـەهۆی سـەختی و دووری ڕێگاکـە هـەموو نەخۆشـێك نەدەگەیشـتە ئـەوێ، دەبـوو، یـان بمانهێنایـە بـۆ ئـەوێ، یـان لـە ڕێگـەی ڕێکخستن و خزم و کەسەوە بینێرین بۆ ناوچەکانی کەرکووك و چەمچەماڵ و بیشـارینەوە، بە جۆرێـك لـە جۆرەکـان چارەسـەر بکرابایـە، بـەبێ ئـەوەی ڕژێـم بزانـێ کـە پێشـمەرگەیە، سـنووری ئێمـەش جگـە لـە سوورقاوشـان ناوچـەیەکی لـەبار نـەبوو بـۆ خۆپـارێزی و خـۆ حەشاردان، هەروەها لە ناوچەی چەمچەماڵ دوو سەرۆك جاشی لێ بوو ئەوانیش (تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج) بوون، کە زۆر دەستوەشێن بوون، شارەزای هەموو ناوچـەکان بـوون، خەڵکیشـیان لـە ناوچـەکاندا هـەبوو، لەبەرئـەوە نەمانـدەتوانی بـە ڕۆژ لـە گوندەکانـدا بمێنینەوە و تەنها شەوان دەماینەوە، سوپای ڕژێم لە شەڕەکاندا هەتا کاتژمێر سێ دەیتوانی بمێنێتەوە، بەڵام جاشەکان چونکە شارەزای ناوچەکە بوون و جلی کوردییـان لەبـەر دەکـرد، زۆرتر دەمانەوە و کەمینیان بۆ پێشمەرگە دادەنا.

بەگشتی سنووری چالاکی ئێمە بریتی بوو لە کەرکووک، هەولێر، دووکان، سلێمانی، کۆیە و تەقتەق، واتە لە نێوان تیپی ٩٣ و ٥٧دا بووین، سەرەتا کە من پەیوەندیم بەو تیپەوە کرد هەڤاڵ غەریب عەسکەری گوتی دکتۆر ئەوە بە تۆوە بووین بە پەنجا پێشمەرگە، بەڵام دواتر خەڵکێکی زۆر پەیوەندییان پێوە کردین، فەرماندەی کەرتەکانی تیپەکەمان پێکهاتبوون لە هەڤاڵان: (شێرزاد حافز، ئیبراهیم، کەریم، شەهید دارا و حەسۆ).

لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ هاوڕێکانمدا نەخۆشخانەی گشتی شۆڕشمان لە بەرگەڵوو دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەشدار دەبووم لە داستانەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ چارەسەری بریندارەکان، لەوانە: (داستانی دابان—هەلاج، داستانی ڕزگاری، شەڕەکانی سەرکردایەتی، کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی و مەرگە ...... هتد).

دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ — ١٩٨٥ لە مەرگە بوومە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری دەزگای تەندروستی کوردستان Kurdstan Health کە لە هەمان ساڵ دامەزرابوو، دواتر بووم بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (KRA) کە لە ١٩٨٧ دامەزرا .

لە ١٩٨٥—١٩٨٨ سەرپەرشتیاری ژووری نەشتەرگەری بووم لە نەخۆشخانەی گشتی شۆڕش لە بەرگەڵوو، چەندین نەشتەرگەری سەرکەوتوو بۆ پێشمەرگەی بریندار و هاووڵاتیانی ناوچەکە تێدا ئەنجام درا، لە ساڵی ١٩٨٦ لە تۆپبارانی نەخۆشخانەکەمان لە بەرگەڵوو برینداربووم، لە ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی بۆردومانی فرۆکەی حکومەتی عێراق بە چەکی کیمیایی بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی دووبارە بریندار بووم، لە مانگی ١٩٨٨/٣ بەهۆی شاڵاوی ئەنفال، چووینە سنووری ئێران لە شاری سەقز و سەردەشت نیشتەجێ بووین، لەوێ لە ئۆردوگای ئاوارەکان لە بادیناوای کە نزیک خانی و ئۆردوگای پیرشێخی سەردەشت بوو کاری پزیشکیم دەکرد، هەر لە ساڵی ١٩٨٩دا لەسەر سنوور نەخۆشخانەی

گشتی شۆڕشمان لە گوندی نۆکان دامەزراند و کارمان تێدا دەکرد، لەگەڵ هاورێیان دکتۆر شوان، دکتۆر ئارام، دکتۆر شێرکۆ تاکو سەرەتای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووین.

پێش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ئامادەکاریمان کرد بۆ دروستکردنی تیمی تەندروستی و دابینکردنی دەرمان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، وەك پاڵپشتی بۆ گەلی کوردستان بەشداری ڕاپەرینمان کرد، لەگەڵ هاورێکانم د. ئارام ڕۆستەم و د. شێرکۆ حەسەن گەیشتینە ڕانیە و سەرپەرشتی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیەمان لە ئەستۆ گرت، هەر لەو ماوەیەدا بۆ هاندانی گوندنشینان گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیمان لە شار و گوندەکانی کوردستان کردەوە.

هەرچی پەیوەندیارە بە هاوکاری نەخۆشخانەکان و پەیداکردنی دەرمانەوە، زیاتر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شار و خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەوە بوو، هەروەها لە ڕێگەی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەت دیموکرات بەشێکی دەرمانی پێویستمان پێ دەگەیشت، هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش دەرمان و پێداویستیەکانی لە ڕێگەی کڕینەوە بۆ دابین دەکردین، جگە لەمانەش بەهۆی چالاکی پێشمەرگەوە دەست بە سەر دەرماندا دەگیرا و سوودمان لێ دەبینی .

پاشان لە ساڵی ١٩٩٢ دەزگای تەندروستی کوردستان KHF وەکو ڕێکخراوێکی تەندروستی مرۆیی خۆی ناساند، منیش وەك لێپرسراوی گشتی فەرمانبەرانی دەزگاکە دەست بەکار بووم، لە ساڵی ١٩٩٧ بووم بە بەڕێوەبەری گشتی دەزگای تەندروستی کوردستان KHF، دەزگاکە کاری کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان و بەڕێوەبردنی ٨٠ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی بە هاوکاری ڕێکخراوە جیهانییەکان، ئەمە پێش

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دامـەزرا ڕادەست بە وەزارەتی تەندروستی هەرێم کرا[٢٤].

(٢٤)– خالیـد محەمـەد ڕەشـید مـەحموود (د. خالیـد)، سـلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٤، ئیسـماعیل خالیـد: ڕۆڵـی تەندروستی لە شۆرشی نوێدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٩، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٦٦-٧١.

خەلیل ئیبراهیم محەمەد ساڵح (د. خەلیل)

لە ١٩٦٤/٤/١٣ لە گوندی زەند مەلا یوسف هەفتەغار لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتاییم لە خوێندنگەی گوندی هەفتەغار تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیم لە خوێندنگەی دواناوەندی داقوق تەواو کردووە، خێزاندارم، باوکی (شڤان، ئالان، سۆما و میران)م، هەڵگری بڕوانامەی دیبلۆمی تەندروستیم، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە بەشی یاسای زانکۆی کەرکووك.

سەرەتای تێکەڵبوونم وەك کوردێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە قۆناغی دواناوەندی خوێندکار بووم، بەڵام وەك ڕێکخستن لە کاری سیاسییدا لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە، لە شانەی شەهید سەیفەدین، ئەو کاتە تازە زانکۆی سلێمانی گوازرابووەوە بۆ هەولێر، خوێندکاری پەیمانگای تەندروستی بووم، لە پەیمانگای تەندروستیی سلێمانی، لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی خوێنگەرم، ئەوکاتە سلێمانی لە جۆش و خرۆشدا بوو، من ئەو کاتە نازناوم (تۆڵە) بوو، لە دوای تەواوکردنی پەیمانگا نازناوی دکتۆرم لێنرا.

سەرەتای هاوکاری و ڕۆڵ بینینی ئێمە وەك لایەنی تەندروستی ئەو ساڵانەی کە خوێندکار بووم لە پەیمانگا و بەتایبەتی ساڵانی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ کە ی.ن.ك لەگەڵ حکومەتی ئەو سەردەم دانوستانی هەبوو، ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵەکانماندا کارمان خزمەتکردنی پێشمەرگەی بریندار و دابینکردنی کەرەستەی پزیشکی بوو بۆیان، هاوکات لەگەڵ دکتۆر نەوزاد ساڵح پسپۆری نەشتەرگەری بوو، هەروەها ناجیە خانیشمان لەگەڵ بوو، چەندین جار نەشتەرگەرییان بۆ پێشمەرگە ئەنجام دەدا، ئێمەش کارمان ئەوە بوو کە وەك خوێندکار لە نەخۆشخانەکان دەماینەوە، بە شەوان تەنها بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەین و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین، چەندین جار کەرەستەی پزیشکیمان لە نەخۆشخانەکان بە دزییەوە دەردەکرد، لە ڕێگای برادەرێکەوە کە ناوی هەڤاڵ (غەریب)

بوو، له بیرمه ماڵیان لای سەدەکەی ئازادی بوو لە سلێمانی، ئۆتۆمبێلێکی بیجۆی مۆدێل ١٩٧٥ی هەبوو، کەرەستەکان له ڕێگای ئەوەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دەردەکرا، به تایبەتی سرنج، لەفاف، موغەزی، ئامێری ئەعتا، هەروەها دەرزی دژە خوێن بەربوون و دەرزی هایدرۆکورتیزۆن، ئەو کات دکتۆر هونەر ناوێك هەبوو هەڵە نەبم کوڕی کاکەی فەلاح بوو، زۆر به دڵسۆزی هاوکار بوو لەگەڵمان، هەروەها ناجیە خان ئەو کات پەرستار بوو، له نەخۆشخانەی فێرکاری لێپرسراوەی پەرستارەکانی ژووری نەشتەرگەری بوو، هەروەها کیژێکمان لەگەڵ بوو به ناوی (گەژاڵ) کچی ڕازی شاعیر بوو، لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکەمان لەگەڵ بوو ناوی ئارام، ئەو سەردەمە کەس کەسی نەدەناسی، لەبەرئەوەی بارودۆخەکە ترسناك بوو، بەڵام له خۆشەویسی پێشمەرگە هەموو کەس ئامادە بوو هاوکارمان بێت.

له کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ له ترسی ئاشکرابوونمان له دوای تێکچوونی دانوستانەکان من گوێزرامەوە بۆ دوورترین بنکەی تەندروستی، ئەویش بنکەی تەندروستیی دووگۆمان بوو له ناوچەی سەنگەسەر، لەوێش لەگەڵ شێخ حسێنی بنەوشانی ناوچەی قەڵادزێ ئەوەی له توانامدا بوو کردمان، هەموو کات ئەوەی پێشمەرگە پێویستی بووایە دەمانکرد، لەگەڵ برادەرێکدا کە ناوی هەڤاڵ (عەزیز) بوو، هەروەها پیاوێکی دیکە بەناوی مام بایز کە پێیان دەگوت بایزە کۆڵ لە ماڵەکەی ئەوان چارەسەری نەخۆشمان دەکرد، هەتا مەرگەساتی ئەنفال لەو کاتەشدا بە ناسنامەی تەندروستی کارمان ئەوە بوو کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال بپارێزین و بیانگەیەنینە ناوچە ڕزگارکراوەکان.

له ساڵی ١٩٨٩ له ڕێگای هەڤاڵ کۆسرەت ئاغجەلەرییەوە پەیوەندیم کردەوە بە سوپای ڕزگاری کوردستانەوە کە بە (سرك) ناسرابوو، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ شانازی ئەوەم پێ بڕا لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی چەمچەماڵدا بەشدار ببم، هەتا ڕزگارکردنی هەموو چەمچەماڵ و ڕزگارکردنی کەرکووکی قودسی کوردستان و بریندداربوونم لە شەڕی مەعەسکەر خالید له دوای ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوی کورد بۆ وڵاتی ئێران بەردەوام بووم، لە

دوای دەرچوونمان لە کەرکووك و دوای گەڕانێکی زۆر خێزانەکەم لە شاری (بیجار)ی ئێران دۆزییەوە، لە دوا گەڕانەوەمان بەشداریم لە ڕاپەڕینی دووەم بۆ دەرکردنی ڕژێم لە کوردستان کرد.

وەك ئاوارەیەك لە بازیان بە خێزانەوە نیشتەجێ بووم، بووم بە لێپرسراوی کەرتی سێی ڕێکخستنی ئاوارەکانی دۆڵی بازیان، لە پاڵ کارکردنمدا ماڵەکەم وەك نەخۆشخانەیەکی بچووك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش بە کاردەهێنا، بەمشێوەیە لە ماڵەکەمدا زۆر کەس تا ساڵی ۱۹۹۵ چارەسەر کراوە، لە شەڕی ناوخۆدا لە گوندی خۆران بە سەختی برینداربووم، هەر ئەو دکتۆر نەوزادەی کە لەسەر دەستی ئەو فێری کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریی بووم نەیهێشت قاچم ببڕنەوە، لەبەرئەوەی ماوەی دوو شەو لە بەفری چیای سەفیندا مابوومەوە، ئەو نەشتەرگەری تایبەتی بۆ کردم، ئەو هۆکار بوو کە قاچمی لە گانگرین پاراست و نەبڕایەوە.

دوای ۳۱ی ئابیش بە خێزانەوە چووینە ئێران و ماڵەکەم لە بازیان سوتێنرا، دواتر هاتینەوە سلێمانی و کۆمیتەی ئاوارەکانمان دامەزراندەوە و هاوکاربووم بۆ دامەزراندنی سەندیکای تەندروستی، لەگەڵ د. عوسمان شێخانی و دکتۆر جەبار کە بە د. جەباری سەندیکا ناسراوە، دەمەوێت ئەوە بڵێم لە کارکردن بۆ (ی.ن.ك) زۆر ماندوو بووم، هەموو کات بەرژەوندی (ی.ن.ك)م خستووەتە سەرووی بەرژەوەندی خۆمەوە، بەشداری هەر چوار کۆنگرەی (ی.ن.ك) بووم و بە هەڵبژاردن بووم بە ئەندامی کۆنگرەکان.

لە ساڵی ۲۰۰۳ دوای پرۆسەی ئازادی لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال گەڕاومەوە کەرکووك و بووم بە لێپرسراوی کۆمیتە، ئێستاش کارگێڕی مەڵبەند و لێپرسراوی کۆمیتەم، لە هەموو کاتە سەختەکاندا بۆ بەرگری لە (ی.ن.ك) لە سەنگەری پێشەوەدا بووم و سەربەرزم کە هیچ خاڵێکی خراپم لەسەر نییە[٢٥].

---

[٢٥]- خەلیل ئیبراهیم محەمەد ساڵح (د. خەلیل)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٣/١٣.

دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین (د.دارا)

لە ١٩٦١/٢/١٤ لەدایك بووم، لە خوێندنگەی عەربەتی سەرەتایی خوێندنی سەرەتایم تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندیم لە خوێندنگەی سیروان لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، دواتر لە زانکۆی موسڵ پەیمانگای پزیشکیم تەواو کردووە، پاشان کۆلێژی پزیشکیم لە زانکۆی موسڵ خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی شەهید دکتۆر چیا لە هەرێمی پێنجی قەراغ، پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە.

لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ کە هەڤاڵ حامیدی حاجی غالی سەرتیپی بوو، وەك پێشمەرگە و کادیری پزیشکی درێژەم بە خەبات داوە، لە ساڵی ١٩٨٤ گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و (ی.ن.ك) سەرکەوتوو نەبوو، زۆربەری تیپەکان بە تایبەت ئەو تیپانەی کە ناوچەی ئازادکراویان هەبوو بڕیاریاندا هەر تیپێك نەخۆشخانەیەك لە سنوورەکەی خۆی بکاتەوە.

یەکێك لەو تیپانە تیپی ٥٥ی قەرەداغ بوو، کە لە بەلەکجاڕ بەسەرپەرشتی خۆم ئەو نەخۆشخانەیە کرایەوە، ئیدی لەبەر زۆری چالاکی پێشمەرگە بەردەوام بریندارمان هەبوو، جگە لە بریندارانی پێشمەرگە، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری بەلەکجاڕ و هاووڵاتیان بەمەبەستی چارەسەر سەردانیان دەکردین، لەبەرئەوەی زۆربەیان سەربازی هەڵهاتوو بوون نەیاندەتوانی بچنەوە ناو شار.

بەڕاستی بریندار و نەخۆشمان زۆر بوو ناوی زۆربەیان نازانم، هەندێکیانم دێتەوە یاد وەك هەڤاڵان: (حەمە قاشتی و شەهاب هەورامیی، ستار دەربەندیخانی، هیوا هەورامیی، شەهید برایم عەربەتی و شەهید ڕزگار)، کە بەداخەوە ناوی ئەوانی دیکە نایەتەوە یادم، لە کارە پزیشکییەکاندا هەردوو هەڤاڵ (د. حەسەن و شەهید د.ساجد) لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ هاوکارم بوون، لە سلێمانی و کەرکووك و دەربەندیخان دەرمانمان بۆ دەهات، بەڵام نازانم کێ دەینارد، چونکە هەرگیز پرسیارم نەدەکرد، بەڵام چەند جارێك هەڤاڵ حەمە

قاشتی له چالاکییەکانیدا لە نـاو شارۆچکەی دەربەندیخانـەوە دەیهێنـا، جارێکیش شـەهید تـەنیا یـادی بـەخێر لـە گەڕانـەوەی لـە چـالاکییەك لـە شـاری دەربەندیخانـەوە دەرمـانی نەخۆشـخانەیەکی هێنــابوو، جــارێکیش لەگــەڵ حەمــە قاشــتی لــە چــالاکییەکانی نــاو دەربەنـدیخان لـە کـەمپی خـواروو دەرمـانی نەخۆشـخانەیەکمان هێنـا، ئـەو شـەوە خۆشـم بەشداری چالاکییەکە بووم.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥دا لەبەر هۆکاری کێشـەیەکی نێـوان خـۆم و هاوڕێیـەکم چـوومە تیپی ٥٧ی سەگرمە، ئەو کاتە هەڤاڵ ئازاد سـەرتیپی ٥٧ی سـەرگرمە بـوو، بـە گەیشـتنم بـە بارەگـای تیـپ هـەڤاڵ ئـازاد داوای لـێ کـردم کـە لـە گونـدی مێـوڵی نزیـك بارەگـای تیـپ نەخۆشـخانەیەك بکەمـەوە، سـەرەتا نەخۆشـخانەکەمان لـە خێمـەدا دانـا، بـەڵام بەداخـەوە، لەبەر زۆری تۆپبارانی گوندەکە کارەکە سەرکەوتوو نەبوو، بۆیـە برینـدار و نـەخۆشمان بـە سەر ماڵەکانی گوندەکەدا دابەش دەکرد، هەمیشە سوپاسگوزاری خەڵکی گونـدی مێـوڵیم کـە زۆر هاوکارمـان بـوون، لەبـەر تۆپبـارانی دوژمـن برینـدار و نـەخۆشمان لـە ژێـر خانەکانـدا دادەنا، چونکە بریندارەکان توانای ڕاکردن و خۆشاردنەوەیان نەبوو، لە تیپی ٥٧ی سـەگرمە لـە سەرچـاوەیەکەوە دەرمانمـان بـۆ دەهـات، بـەڵام لـە دوو چـالاکیدا یـەکێکیان کـە گـرتنی شارۆچکەی قەرەداغ بوو جاری یەکەم دەرمانی نەخۆشخانەکەمان هێنا و جارێکی دیکە لـە چالاکییەکدا بۆ سەر شارۆچکەی بەکرەجۆ کە خۆشم بەشداری چالاکییەکەم کـرد دەرمـانی نەخۆشخانەکەمان هێنا.

لـە سـاڵی ١٩٨٧ برینـدار بـووم بـۆ تـاران نێـردرام، لـە نەخۆشـخانەی ئیمـام خومـەینی نەشتەرگەریم بۆ کرا، گوللەکە لە سەری دابوو، هەتا چاك بوومەوە زۆری خایانـد و کـردەی ئەنفال دەستی پێ کرد، پەیوەندییەکانی خۆمان لە ئێران نەیانهێشت بگەڕێمەوە، ئیـدی لـە ئێران مامەوە هەتا ڕاپەڕین[٢٦].

---

[٢٦]– دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین (د. دارا)، گەرمیان، ٢٠٢٢/٣/١٢.

ڕەزا ساڵح ئەحمەد ئەمین

لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی ڕەباتی سەنگاو/ چەمچەماڵ لەدایك بووم، تا پۆلی سێی ناوەندیم لە چەمچەماڵ خوێندووە، برایەکم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو، لەبەرئەوە لە ساڵی ١٩٧٤ خانووەکەمان لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەرداگیرا، ئیدی هەڵهاتین و چووینە ناوچەی سەنگاو، ماوەیەك لەوێ ماینەوە، خۆم لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی لقی کەرکووك بووم، کە بارەگاکەی لە پێنجوێن بوو، لەوێ خولێك کرایەوە، بەشداریم کرد و سەرکەوتنم بەدەستهێنا، کە گەڕامەوە چوومە بەتالیۆنی چواری قەرەداغی هێزی تایبەتی هەڤاڵ حەمە مۆریاسیی، پاش مانگێك شۆڕش توایەوە، لەو کاتەدا خەڵك بەرەو ئێران ئاوارە دەبوون، ئێمەش بە تەواوی خێزانەوە ئاوارە بووین، خۆم و دایکم و سێ خوشکم و ماڵی براکەم کە چوار کەس بوون، بەر شاری (ئەرەك)ی ئێران کەوتین، من پێشتر باوکم کۆچی دوایی کردبوو، لە شاری (ئەرەك)یش خوشکێکم بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەستدا.

ئەرەك لە هەموو ڕوویەکەوە شارێکی گەورەی پیشەسازی ئێران بوو، درێژەم بە خوێندندا و پۆلی شەشم تەواو کرد و چوومە خولی پزیشکی و سەرکەوتنم بەدەست هێنا و بوومە (یاریدەدەری پزیشك لە بەشی نەشتەرگەری) و لە نەخۆشخانەی شارەکە دامەزرام، هاوکات بە ماوەی سێ مانگ فێری زمانی فارسی بووم، نەخۆشخانەکە پێشکەوتوو بوو بە جۆرێك هەموو بوارێك بەشێکی تایبەت بە خۆی هەبوو.

لەوێ دەستمان بە کاری ڕێکخستن کرد و پەیوەندیمان لەگەڵ ناوزەنگ گرێدا، ئەوەی لەوێ بووین بریتی بووین لە هەڤاڵان: (خەلیل سەعید، جەلیل سەعید، ئەحمەد تۆفیق، عەلی میرزا، نەجمەدین و بەندە)، ئێمە لەوێ یەکەم خاڵی ڕێکخستنمان دامەزراند، هەروەها لە تاران، ئیسفەهان، شیراز، کرمان و ناوچەی لوڕستانیش ڕێکخستنمان هەبوو،

ئەوکات هێشتا ئۆرگانەکانی ی.ن.ك ناوی نوێی بۆ دانـەنرابوو، دواتـر ڕێکخسـتەکانی ئـەرەك ناونـران: کۆمیتـەی بەمۆ، ئێمە پەیوەنـدیمان بە د. خدر مەعسومەوە هەبوو، کە لە ناوزەنگ بوو.

دواتـر چەنـد کەسێك بەدوای یەکـدا وەك سەرپەرشـتیاری پەیوەندییـەکانی (ی.ن.ك) و ئێران لە سەردەشت دەست بە کاربوون، هەر یەکەیان دوای چەنـد مانگێك دەچوونە تـاران و فیزای دەرەوەیان وەردەگرت و دەچوونە ئەوروپا و نەدەگەڕانەوە، کاتێك هەڤاڵ مـام جـەلال ناردی بە دووماندا لەگەڵ هەڤاڵ خەلیل سەعید چووینە ناوزەنگ، ئەو پرسیارەم لە هەڤاڵ مـام جـەلال کـرد و گـوتم هـەر کـەس دێـت، تـا دەیناسـین دەچێتە دەرەوە، بۆیـە پێویسـتە کەسێك لە ئێران جێگیر بکرێـت و نـەڕوات، بۆیـە هـەڤاڵ مـام جـەلال گـوتی ئـەوە د. فوئـاد مەعسـوم هـاتووە، ئـەو نـاڕوات، چـونکە خـۆی لـە دەرەوە گەڕاوەتـەوە، ئیـدی پەیوەنـدیمان لەگەڵ د. فوئاد مەعسوم گرێدا، کـاتێکیش ئـەو خوشـکەم بـە ڕووداوی ئۆتۆمبێـل گیـانی لـە دەستدا، برووسـکەی ماتـەمینی بـۆ نـاردین، ئـەوەی بـیرم مابێـت تێیـدا هـاتبوو: "ئێـوە لـەو کۆستە گەورەترن و ئەم شۆڕشە پێویستی بە ئێوەیە..."

دواتـر هەواڵمان بـۆ هـات داوای دەرمانمـان لـێ کـرا، ئیـدی ئێمـەش کۆمـان دەکـردەوە و هەموو مانگی جارێك دەمنـاردەوە، لەوانـە پێداویسـتی سارێژکاری برینـداری و دوورینـەوە، لەوێ ڕێکخـراوی کۆمۆنیسـتی ئێرانـی هـەبوو، کـە بەرهەڵسـتکار (ئۆپۆزسـیۆن)ی حکومـەتی ئێران بوو، ئەوان لەوێ بڵاوکراوەی (شەرارە)یان بۆ چاپ دەکردینـەوە، لـەوێ بـەهێز بـوون هەموو پێداویستییەکیان لابوو، ڕۆژێك لەگـەڵ هـەڤاڵ خـەلیل سـەعید چووینە لایـان، وەك ئاغـای ڕەبـاتی ناسـێنرام، هەرچـەندە ئـەوان پـارتێکی کۆمۆنیسـتی بـوون کەچـی پرسـیاری ئەوەیان لێ کردم کـە ئایـا سـوننەم، یـان شیعەم، گـوتم سـوننەم، گـوتی خۆزگـە تـۆیش وەك خۆمان شیعە دەبووی! گوتم هاوڕێ ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە تۆ بڕوات پێیەتی، نە شیعە و نە سوننەی قبوڵ نییە، گـوتی چـونکە ئێمـە لـە خانەوادەیـەکی شـیعە پـەروەردە بـووین، حـەز

دەکەین ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین شیعە بێت، هاوکات ئەوان زۆریان دەستیان کراوە بوو، گوتمان پێویستیمان بە دەرمانە، گوتیان هەر کات هەر چیتان پێویست بوو بۆمان بکەن بە لیست، ئیدی بێ پارە بۆیان دابین دەکردین.

لە ئێران هەموو تاکێك دەفتەری بیمەی تایبەت بە نەخۆشیی هەیە، من ئەو دەفتەرەم لە کوردانی ئەوێ وەردەگرت و ئەو دەرمانانەی بە کەڵکی بریندار بهاتبا تێیاندا دیاریم دەکرد، پاشان دەمدا بە پزیشکێك کە هیندی بوو، ئەو دەرمانەکانی لە دەفتەکان دەنووسی و منیش دەفتەرەکانم بە خاوەنەکانیان دەدایەوە، ئەوانیش دەچوون وەریان دەگرت و بۆیان دەهێنامەوە، منیش دەرمانەکانم کۆ دەکردەوە، لە لایەکی دیکەوە دەرمانم لە ڕێکخراوەکانیش وەردەگرت، لە نەخۆشخانەکەش بەشێك هەبوو تایبەت بوو بە برینداراني شەڕ بێ بەرامبەر، من بەشێکی دەرمانەکانم لەوێش دەهێنا، ئیدی دەرمانەکانم کەڵەکە بوون و بە جۆرێك زۆربوون جارێك نزیکەی یەك پیکاب دەرمانم بۆ ناوزەنگ ناردەوە. ئەو کەسەی لەوێ بوو گوتبووی نەك بەشی بریندار، بەڵکو بەشی هاووڵاتیانی سنوورەکەشی کردووە، بەمشێوەیە پێکەوە کاری ڕێکخستن و کۆکردنەوەی دەرمانیشم دەکرد.

هەڤاڵ نەجمەدین لە ئێران هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی فارسدا کرد، کە لە بەشی تاقیگە دامەزرابوو، ئێمەش لە ڕووی خێزانییەوە تێکەڵ بووین، ڕۆژێك هەڤاڵ نەجمەدینم لە گرنگی و پێویستی هەندێك دەرمانی دەگمەن ئاگادار کردەوە، ئەویش هاوسەری تێگەیاندبوو تا هاریکارمان بێت و کارئاسانیمان بۆ بکات، لەوانە ئامێری پشکنینی خوێن و ئامێری تیشك لەلایەن ئەوەوە بۆمان دابین کرا، ئیدی تەواوی ئەوانەی دیکە خۆم پەیدام دەکرد، دواتر دەمدا بە هەڤاڵان ئەحمەد و خەلیل، ئەوانیش تا سەردەشت دەیان هێنا و دواتر بۆ ناوزەنگ دەنێردرا.

دواتـر هـەر برینـدارێك لـە لای پزیشـکی پێشـمەرگە چارەسـەر نەکرابایـە، بـۆ ئێـران دەنێردرا، هەندێکیان بۆ نەخۆشخانەکەی ئێمە لە شاری ئەرەك دەهاتن، لەوانـە هـەڤاڵ مـام والی و هەڤاڵ حەمە دیسکەرەیی، ڕۆژێك نەشتەرگەریمان بۆ هەڤاڵ مـام والـی کـرد و ١١ سـم لە ئێسکی قاچیمان کورت کردەوە، کە لـە سـەرووی باریکایی قاچییەو بـوو، دواتـر پـێڵاوی ژێربەرزمان بۆ بەکارهێنا تا لەگەڵ قاچەکەی دیکـەی هاوئاسـت بێتـەوە، لـە نەخۆشـخانەکە تۆمارێکی بریندارانی سەربازی شەڕی عێراق-ئێـران هـەبوو، هـەر پێشـمەرگەیەکی بریـنـدار بهاتبا وەکو سـەرباز ئـەژمارمان دەکـرد، ئیـدی هـەموو شـتێك بـۆ ئـەو بریـنـدارە دەبـوو بـە خۆڕایی.

ڕۆژێکـی دیکـە هـەڤاڵ سـامان گـەرمیانی بـۆ لامـان هێنـرا کـە دەرمـانخوارد کرابـوو، چارەسەرمان کرد، هەروەها هەڤاڵ عەلی شامار هات پشتی ئازاری هەبوو چارەسەری بۆ کرا، هەروەها هەڤاڵ ڕووناك خێزانـی مـەلا بـەختیار، دووگیـان بـوو هێنـرا بـۆ نەخۆشـخانەکە و لـەوێ منـداڵی بـوو، پێشـمەرگەیەك هـەبوو بـە نـاوی ئەحمـەد یـاوەر کـە خانـەڤینی بـوو چارەسەرمان بۆ ئەویش کـرد، پێشـمەرگەیەکی دیکـە بـە نـاوی مـەریوان دوومـەڵێك لەسـەر ڕووخساری هاتبوو، بردم بۆ ماڵی خۆمان و هەر لـە ماڵـەوە چارەسـەرم بـۆ کـرد و تـەداوایم کـرد، بـەوجۆرە چـەندین پێشـمەرگەیان دەهێنـا تووشـی قورحـەی گـەدە هـاتبوون، ئێمـە نازورمان بۆ دەکردن و چارەسەرمان دەکردن.

شـایەنی باسـە ئێمـە لـەوێ هـەموو بریـنـدار و نەخۆشـەکانی پێشمەرگەمان بـە نـاوی برینداری شەڕی عێراق-ئێران تۆمار دەکرد، ئیدی هەموو مافێك دەیگرتەوە کە هـەموو بـە خـۆڕایی بـوو لەوانـە: مانـەوە، خەوانـدن، پـێ دانـی ژوور، پێداویسـتی و هـەموو جـۆرە جلوبەرگێك، لەگەڵ نووسـراوێك بـۆ ڕێگـا، جگـە لـە بلـیتی خـۆڕایی بـۆ ڕێگـا و بڕێـك پـارە، نەخۆش هەبوو بە تەنها چەندین نەشتەرگەری بـۆ کـراوە، کـە لـەو کاتـەدا بـە پـارە بکرایـە بڕێکی زۆری دەکرد.

لـە نەخۆشـخانەی شـاری ئـەرەك شـەوێك لەگـەڵ هاوڕێیەکمـدا لـە بەشـی فریاکـەوتنی نەخۆشخانەکە ئێشکگر بووین، هەواڵ هات گوتیان پاسـێك بـە پـڕ لـە سەرنشـینەوە تووشـی ڕووداوێك بووە، چەند کەسێکی تێدا مردبوو، ئەوانەی دی هەمووی بە شـێوازی جۆراوجـۆر بریندار بووبوون، ئەو هـەموو برینـدارەمان تیمـار و چارەسـەر کـرد کـە سـەرووی ٣٠ کـەس دەبـوون، وەکـو کارمەنـدی تەندروسـتیی دوو کـەس بـووین، ئیـدی زۆر مانـدوو بـووم و لـە ژوورێکدا چەندین کەس پـاڵ کـەوتبوون، نـەمزانی مردووەکـانن دانـراون، چـونکە هـەمووی چەرچەفی لەسەر بوو، من وامزانی هاوڕێکانم و نەخۆش و کەسانی دیکەن خەوتوون، ئیـدی لە ڕیزی مردووەکانـدا لەسـەر نەقالەیـەك چەرچـەفێکمدا بـە خۆمـدا و خـەوم لێکـەوت، لـە شیرینی خەودا بووم هەسـتم کـرد نەقالەکـە لـە ژێرمـدا دەڕوات! هەسـتم ڕاگـرت دوو کـەس یـەکێك لای سـەرمەوەیە و یـەکێك لای قاچـمەوە ڕام دەکێشـن وایـانزانیبوو یـەکێکم لـە مردووەکان! منیش بێ ئەوەی بجووڵێمـەوە وامزانـی گاڵتـەم لەگەڵدا دەکـەن و بـە دەنگێکـی بـەرز گـوتم (پـدر سـوختە چ کـار میکـونی)، یـەکێکیان هـاواری کـرد (مـوردە زینـدە شود-مردووەکە زیندوو بووەوە) یەکسەر بوورایەوە، ئافرەتێك بوو، ئەوی دیکەش ڕای کـرد، گوتم: (بابە من فلان کەسم، مردووی چی)، ئیدی ئەوەی کـە بوورایـەوە مـاوەی یـەك مـانگ لای پزیشکی دەروونی مایەوە تا چارەسەری وەرگرت و تا چاك بوویەوە.

لەو ماوەیەدا من دوو جار سەردانی ناوزەنگم کردووە، جارێکیـان ئـەوە بـوو کـە دکتـۆر فوئاد داوای کرد بچین بۆ تاران، هەڤاڵان خەلیل و نەجمەدین و بەندە چووینە تـاران، هـەر یەك لەو دوو هەڤاڵە ئۆتۆمبێلیان پێ بوو، لـەوێ د. فوئـاد گـوتی، متمانـەم بـە کـەس نییـە، پێویستە ئێوە ئەم کەسانەم بۆ بگەیەننە ناوزەنگ کە بریتی بوون لە هەڤاڵان: (هێرۆ خـان، زیرۆ، ئەبو سەفا)، دوا کەسیان سەر بە ئۆپۆزسیۆنی سوری بـوو، لەگـەڵ چـەندین ئـامێر و کەرەسـتەی ڕاگەیانـدن و تەندروسـتی، هـەروەها گـوتی بـۆ ڕێگاکـەش داوای نووسـراوی فـەرمیمان لـە ئێـران کـردووە، بـەڵام بـەهۆی گـومرگ و مـەرجی گلدانـەوەی بەشـێك لـە

ئامێرەکان لەگەڵ بڕێکی زۆری پارە قایل نەبووین، بۆیە پێویستە ئێوە بە هەر ڕێگایەکە بیگەیەننە ناوزەنگ، واتە دەزگای ئیتلاعات ڕێگەی نەدەدا، ئێمەش دەستمان بەکارەکە کرد، هەرچی پارەکەیە لە ناو بۆری هەواسازی یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکان شاردمانەوە، ئیدی کەرەستەکانمان کردە سندووق و بەشی ناوەڕاستی ئۆتۆمبێلەکەوە، بۆ سبەی ئێمە سێ کەس بووین نێردەکەش سێ کەس بوون لەگەڵ کەرەستەکاندا بە دوو ئۆتۆمبێل بە ڕێکەوتین.

لە ڕێگە گەیشتینە تەبرێز و ڕووداوێکی شەڕ دروست بوو، ئۆتۆمبێل ڕادەگیرا و دەپشکنرا، هاتە نۆرەی ئێمە من و هەڤاڵ خەلیل بووین کە کەرەستەکانمان پێ بوو، پرسیاری لێ کردین و گوتی: ئەوە چییە پێتانە؟ هەڤاڵ خەلیل لە خۆیەوە گوتی فەخفورییە (فەخوری)، کابرای پۆلیس هەر نەیزانی چی دەڵێت گوتی بڕۆن، چونکە لە ئێران بەو جۆرە قاپە دەڵێن (چینی)، ئێمە دەرباز بووین و دوور کەوتینەوە و وەستاین تا ئۆتۆمبێلی دووەم بگات، هەر نەگەیشت، ناچار دابەزیم و بەپێ بۆ پرسیاری ئەوان گەڕامەوە، گەیشتمەوە بازگەکە، گوتیان قەدەغەیە چیت دەوێت، گوتم ئێمە لەو پێشەوە وەستاوین منداڵێکمان پێیە و شیرمان لێ بڕاوە، ئێوەش بەهۆی شەڕەوە ناهێڵن بچینە شارەوە، ناچار دەمەوێت بە سەر ئەو ئۆتۆمبێلانەدا بگەڕێم کە ڕیزیان بەستووە، بەڵکو کەسێك منداڵی پێ بێت و شیریان پێ بێت، گوتی بڕۆ بگەڕێ، منیش بەو بەهانەیەوە بە سەر ئۆتۆمبێلەکاندا گەڕام تا گەیشتمەوە لای ئەوان، گوتم ئەوە چییە بۆ نایەن، گوتیان ئێمە ڕاگیراوین، گوتم بۆچی؟ گوتیان لە کاتی داواکردنی ناسنامەدا ئەو هاوڕێ سورییە، پاسەپۆرتی سوری نیشان داون، نەجمەدینیش کە شۆفێر بوو پەناهەندە بوو ناسنامەی ئێرانی نەبووە، هەڤاڵ هێرۆ پاسەپۆرتی بەریتانیای پێ بووە، هەڤاڵ زیرۆ پاسەپۆرتێکی دیکەی پێ بووە، واتە ئەو چوار کەسە هەر کەس و ناسنامەی وڵاتێکی پێ بووە، ئەمەش گومانی لەسەر دروست کردوون و دەست بە سەر کرابوون و لادرابوونە لاوە.

چیرۆکی ئازادبوونی ئەوان بەڕێکەوت بوو، لە ڕووداوی شەڕەکەی ناوشار کە لە نێوان حکومەت و نارەزایانی تەبرێز ڕوویدابوو، چوار کەس دەستگیر کرابوون، هێنرابوون بۆ بنکەی پۆلیس، لە شارەوە خۆپیشاندانێکی گەورە ساز کرا، بەمەبەستی پشتگیری بۆ ئازادکردنی ئەو چوار کەسە، بە نزیکبوونەوەی خۆپیشاندەران پۆلیس بە ڕێکەوت ئەو چوار کەسەی ئێمەی ئازاد کردبوو، ئەمە تا ئێوارەی خایاند، دوای ئازاد بوون دەبوو بچن بۆ بۆکان و دواتر بۆ مەهاباد، هەرواشیان کردبوو، بێ ئەوەی بمانبینن لە لای ئێمەوە ڕۆیشتبوون، هیچ هۆکارێکی پەیوەندیشمان لە نێوان نەبوو، ئێمەش لەبەر ئەو کەلوپەلانە و پارەکە نەمانتوانی شەو بەو ڕێگایایەدا بڕۆین، چونکە ئەو کات لە شەودا لە نێوان بۆکان و مەهاباددا ڕێگر هەبوو، بۆیە نەمانوێرا خۆمان لەو ڕێگایە بدەین، شەو داهات و ڕۆشناییەکمان بەدیکرد، بەرەو ڕووی چووین، دەرکەوت ئەمە دەواجینە، گوتمان نەشارەزاین و ناوێرین بەو ڕێگایەدا بڕۆین، بۆیە داوا دەکەین شەو لای ئێوە بمێنینەوە، ئیدی فەرموویان لێ کردین، ئەوانەی لەوێ کاریان دەکرد تورك بوون.

ئیدی هەڤاڵانی ئۆتۆمبێلەکەی دیکەمان بۆ دۆزینەوەی ئێمە کەوتبوونە پرسیارکردن، هەڤاڵ هێرۆ پەیوەندی بە شێخ عیزەدینی حسێنی و هەڤاڵانی کۆمەڵەوە کردبوو تا ئێمە بدۆزنەوە، ئەوانیش چەندین ئۆتۆمبێلیان ڕاسپاردبوو، ئەو شەوە تا بەیانی لە نێوان بۆکان و مەهاباددا بە دوای ئێمەدا گەڕابوون، ئێمەش بێ ئاگا بووین، تا ڕۆژ بووەوە، ئیدی کەوتینە ڕێ، گەیشتینە لایان، هەر لایەکمان لە ئەوی دیکەی دەپرسی ئێوە لە کوێن و خەمی ئێوەمان بوو، ئەو ڕووداوەی ئەو ڕۆژە هاوکات بوو لەگەڵ دانوستانی حکومەتی تاران و پارتە کوردییەکان لە شاری مەهاباد.

ئێمە تا سەردەشت چووین، ئیدی هەڤاڵانی پەیوەندییەکانی ی.ن.ك پێدویستییەکانیان لێ وەرگرتین و ئێمەش هەر پارەکەمان پێ مایەوە، ئیدی ئەو شەش کەسە بووین بە دوو بەشەوە، چاوساغێك هەڤاڵ هێرۆ و دوو کەسەکەی دیکەی لە ڕێگای سەرەوە بەرەو ناوزەنگ

برد، ئێمەش لە ڕێگای خوارەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێکەوتین، کەسێك بە ناوی هەڤاڵ بەکر چاوساغی ئەو ڕێگایە بوو گوتی بەشی سەرەوە ڕێگای هێستری نییە، بۆیە لەبەر بارەکان و هێسترەکان پێویستە خۆشمان لە خوارەوە بچین، شەوێکی باراناویی بوو دونیا قوڕ بوو، هیچمان نەدەبینی، قاچمان دەچووە چاڵی جێ سمی ئەسپ و وڵاخی باربەرەوە، هەموو گیانمان لە قوڕ هەڵکێشرابوو، لە ڕێگە دەگەیشتین بە هەر قاچاخچییەك لێمان دەپرسی ناوزەنگ زۆری ماوە؟ یەکێك دەیگوت هیندەی نەماوە، یەکێك دەیگوت پشتی ئەو کەلەیە، یان پشتی ئەو شاخەیە، یان پێنج دەقە ڕێگەی ماوە، کەچی هەر نەدەگەیشتین، بۆیە هەڤاڵ خەلیل ئارامی لێ بڕا و گوتی من نایەم، لە پڕ باوەشی کرد بە ملی هێستری قاچاخچییەکدا و سوێندی خوارد و گوتی دەبێت ئەم هێسترەم بە کرێ بۆ بگرن تا دەمگەیەنێتە ناوزەنگ، کابرای خاوەن هێستر گوتی: "کاکە وەڵڵا یەك خولەکی دیکە بڕۆ لەو کەلە بەو دیودا گوێت لە خوڕەی ئاوی چەمی ناوزەنگ دەبێت و ڕووناکی ماڵ و بارەگاکان دەبینی"، هەڤاڵ خەلیل گوتی وانییە، کابرا بەناچاری هەڤاڵ خەلیلی سەرخست و چەند خولەکێکی نەبرد گەیشتین، هەڤاڵ خەلیلیش بە گاڵتەوە گوتی: "بەخوا لە هەموو کورددا تۆ یەکەم قاچاخچیت ڕاستی بڵێیت، خۆ من لە ئێوارەوە بە هەر کەس دەڵێم، دەڵێت ئەوە ناوزەنگە گەیشتن، کەچی هەر ناگەین، تەنها تۆ بووی ڕاستیت گوت".

ئیدی گەیشتین، لەوێ بارەگای ح.ش لەسەر چەمەکە بوو، بارەگای هەڤاڵ مام جەلال لە ناوەڕاستی شاخەکە بوو، بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە بەشی سەرەوە و لە بناری شاخەکە بوو کە چەکە قورسەکانی لێ بوو، ئیدی لە چەمەکە لە نزیك بارەگای ح.ش جلوبەرگەکەمان پاك کردەوە، بە هاوڕێیانی (ح.ش)مان گوت برسیمانە، گوتیان خواردنمان لانییە، گوتمان هەرچی بێت دەیخۆین، نان و ئاویش بێت، گوتیان جگە لە نان بەس (چا)مان لایە، ئیدی دەستمان کرد بە نان و چا خواردن، هەڤاڵ نەجمەدین ڕاستەوخۆ خەوی لێکەوت، هێندەی نەبرد هەڤاڵ زیرۆ هاتە خوارەوە و گوتی هەڤاڵ مام جەلال

داواتان دەكات، هەڤاڵ خـەلیل گـوتی بشـمکوژن نـاتوانم بـە سـەر ئـەو شـاخەدا سـەر بکـەوم، هەڤاڵ زیرۆ ڕۆیشت و هێندەی نەبرد گەڕایەوە و گوتی هەڤاڵ مام جەلالی دەڵێت: با پشوو بدەن و سبەی بێن، ئیدی بۆ سپێدە سەرکەوتین، بە هـەڤاڵ زیرۆمـان گـوت بارەگـای هـەڤاڵ مام جەلال کامەیە؟ بە ئاماژەی دەست پێی گوتین ئەوەیە، کە نزیك بووینەوە تاماشـام کـرد هەڤاڵ مام جەلال لەسەر خانووەکە هاتوچۆ دەکات، کـە لێـی نزیـك بووینـەوە بـە دەنگێکـی بەرز گوتی: "خەلیل سەعید و جەماعەت ئەگـەر ڕەخنـەتان لێمـان گـرت، ئـەم سـەر بـەرەو ژووروووەشی تێدا بنووسـن"، هەرچی لـە بارەگـا و خێمەکانـدا بـوون بـە دەنگـی هـەڤاڵ مـام جەلال هاتنە دەرەوە.

لـەوێ هـەڤاڵ مـام جـەلال باسـی ڕێکخسـتن و گرنگـی دەرمـان بەدەستخسـتنی کـرد، بـە کارێکی پیرۆزی لە قەڵەمدا و گوتی ئێوە کۆڵەکەیەکی گرنگی شۆڕشن، بۆیە زۆر پێویسـتمان بـە دەرمانـە، هـەروەها گـوتی ئێـوە هـەر لـەوێ بمێننـەوە تـا لـە دۆخـی نـاردنی نـەخۆش و بریندار و ڤایل نەبوونی حکومەتی ئێراندا بۆ شوێن و جێی ئێـوەی بنێـرین، گوتمـان ئێمـە شوێنی مانەوەی باشمان هەیە.

هاوکات بەشی تەندروستی و ڕاگەیاندن هەر لە نـاوزەنگ بـوو، بـەڵام نزیکـی بارەگاکـان نەبوو، ئیدی چووین بۆ بەشی ڕاگەیاندن، ئـەبو سـەفا میوانیـان بـوو، هـەڤاڵ خـەلیل گـوتی هەڤاڵانی ڕاگەیاندن پارەیـان لـێ بـڕاوە ئەگـەر پـارەت پێیـە بمـدەرێ دەچـین مریشـکێك بـۆ میوانەکەیان دەکڕین، گوتم بەڵێ، پێمە، ئیدی کـاری میوانداریيەکـەیان پـێ جێبـەجێ کـرد، دواتر گەڕاینەوە بۆ شاری ئەرەك.

لـە ئێـران لەلایـەن (پ.د.ك) و ئیتلاعاتـەوە دژایـەتی دەکـراین، سـێ جـار مـاڵی ئێمـە لەلایەن ئیتلاعاتەوە لە پشکنیندا هەڵوەشێنراوە، ڕۆژێك لە نەخۆشخانە بووم، تەلەفۆنم بـۆ کرا تا بۆ ماڵ بچمەوە، کە چوومەوە دەبینم هەموو هەڵوەشێنراوە، گوتم بۆ واتـان کـردووە، گوتیان ئێوە هـەواڵتان لێـدراوە، میـوانی دەرەکیتـان هـەبووە، گـوتم میـوانی دەرەکـی لـە نـاو

سەرین و پشتی و دۆشەکدا چی دەکات! خۆ ئێوە ئەوانەشتان هەڵوەشاندووە، ئێمە لەلایەن حکومەت و ئیتلاعاتەوە زۆر دژایەتی دەکراین، بەڵام پ.د.ك پەیوەندی پتەوی هەبوو لەگەڵ حکومەت، هەر لە دروست بوونی (ی.ن.ك)ەوە پ.د.ك لە ئێراندا قیادە مۆقەتەی دروست کرد، نادر هەورامیی و چەند کەسێکی ناردە ناوچەی هەورامانی تەخت تا پەیوەندی لەگەڵ هەورامانی سەخت گرێ بدەن، ئیدی بوون بە ئاگر بۆ گیانی کوردانی باشوور کە نیشتەجێی شارەکانی ڕۆژهەڵات بوون، ئەو کوردەی لەگەڵیان نەبووایە دەیان گوت سەر بە (ی.ن.ك)ە، ئیدی ئەوان کاریان ئاژاوە و چاودێریکردن و هەواڵ و زانیاری پێ دان بوو بە ئیتلاعات، پێشتر لەگەڵ (ساواك)یش هەمان کاریان دەکرد.

لە سەردەمی شا و کۆماری ئیسلامیش هەمان کاریان ئەنجام دەدا، حکومەتیش لە سەردەمی شا و سەردەمی ئیسلامییەکانیشدا بەرامبەر کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی زۆر چەوسێنەر بوو، لێرەدا نموونەیەك دەگێڕمەوە: دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی خومەینی، دادوەرێك بە ناوی خاڵخاڵیی هەبوو زۆر خوێنڕێژ بوو، ڕۆژێك لەسەر ڕێگای سەقز دوو کوردی بێ تاوان کە باوك و کوڕ بوون لەسەر کێڵگەوە دەچنەوە بۆ ناوشار، دەیانگرن و دەیانبەن بۆ لای خاڵخاڵیی، ئەویش بێ لێپرسینەوە دەڵێت پێویستە یەکێکتان بکوژم، باوك دەڵێت من بکوژن بەشی خۆم دونیام بینیوە کوڕەکەم گەنجە، کوڕیش دەڵێت ناتوانم بڵێم باوکم بکوژن، بۆیە خۆم بکوژن، خاڵخاڵیش دەڵێت هەردووکیان بکوژن، ئەگەر تاوانباربن، ئەوە سزای خۆتان وەرگرتووە و بۆ جەهەنەم، ئەگەر بێ تاوانیش بن ئەوە دەچن بۆ بەهەشت! ئەو کابرایە وەکو هۆلاکۆ وابووە بچووبایە هەر شارێك گەورە و بچووکی تووشی تۆقین دەکرد.

لە ڕووی دەروونییەوە لە ئێران زۆر ماندوو بووم، لە ساڵی ١٩٨٥ بەمەبەستی پێشمەرگایەتی هاتمەوە باشوور، دواتر پێیان ڕاگەیاندم ئێمە لە ڕۆژهەڵات کارمان پێتە و

ناردیانمەوە بۆ ئێران، لە نەخۆشخانەکەش هێندەی نەمابوو دەربکرێم، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو مۆڵەتم کردبوو، بۆیە گەڕامەوە ئێران و تا ساڵی ١٩٩٠ لە ئێران مامەوە.

لە دوای ڕاپەڕین لە فەوجی ٣ی لیوای ٢٤، بووم بە ئەفسەری پزیشك، کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا وازم هێنا و گوتم نامەوێت بەشداری ئەو شەڕەبم، ئیدی وازم لە کاری سیاسی و سەربازی هێنا، دەستم بە کاری ئازاد کرد و دوکانی قوماشم دانا و لە ئێرانەوە قوماشم دەهێنا و تا ٢٠٠٣ بەردەوام بووم، دواتر دەستم بە کاری بەڵێندەرایەتی کرد و چەند ساڵێکە لەو کارە بەردەوامم، هەرچی لایەنی ژیانی تایبەتیمە لە ساڵی ١٩٧٦ لە ئێران هاوسەرگیریم کردووە، خێزانم خوشکی شەهید موئمینە، باوکی چوار کوڕ و سێ کچم[٢٧].

---

[٢٧]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕەزا ساڵح ئەحمەد ئەمین (د. ڕەزا)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/٣٠.

زرار شەریف کەریم ئەحمەد (شەهید زرار تیژەیی)

ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی تیژەی ناوچەی شوانی چەمچەماڵ لەدایك بووە، ساڵی ١٩٧١ – ١٩٧٢ چووەتە بەر خوێندن، لە قوتابخانەی تلیانی سەرەتایی تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە، پاشان بە گوزەرانی ژیان و کاری جووتیارییەوە سەرقاڵ بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە سنووری هەرێمی دووی کەرکووك پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٤ لە تیپی ٢١ کەرکووك دەبێتە پێشمەرگە، دوای ئەوەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان پێکدەهێنرێت وەك و کادیری ڕێکخستن دەست بەکار دەبێت، دەبێتە کادیرێکی ژیر و لێهاتوو و خۆشەویستیی جەماوەر و پێشمەرگە، دواتر خولی برینپێچی دەبینێت و لەگەڵ مەفرەزەی پزیشکیدا لە کاتی پێویستدا کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٠ هاوسەرگیری کردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئەنفالدا هاوسەرەکەی شەهید بووە، لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، ئەو ماوە کەمەی کە هێزی پێشمەرگە لە کەرکووك بووە بەرپرسی نەخۆشخانەی ئازادیی بووە، لە دوای کۆڕەو لە ساڵی ١٩٩١ بەرپرسی بەرەی کوردستانی لە تەکیەی کاکەمەند بووە تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بووە، پاشان بووە بە ئەندامی کەرت و دواتر لێپرسراوی کەرت لە تەکیەی کاکەمەند لە سنووری مەڵبەندی کەرکووك، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ بەشداری خولی ئەفسەرانی کردووە لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال و بەسەرکەوتوویی بە پلەی ملازمی دوو تەواوی کردووە، دواتر بووە ڕابەری سیاسیی فەوج و جێگری لێپرسراوی فەوج لە سکرتاریەت، لە سپێدەی ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە شەڕی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڕەکی هەواری تازەی شاری سلێمانی شەهید بووە، لە پاش خۆی کوڕێك و پێنج کچی بەجێهێشتووە[٢٨].

[٢٨]– ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/٢٩ لە فاتیح عومەر وەرگیراوە.

سەردار عەبدولقادر ئەحمەد عەلی گلاڵی (دکتۆر سەردار)

له ١٩٥٧/٧/١ لەدایك بووم، خێزاندارم و باوکی سێ منداڵم، بە ناوەکانی (پاڵە، تەلار و پاڤێ)، قۆناغی سەرەتاییم لە قوتابخانەی پیرەمێرد لە کەرکووك تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندیم له خوێندنگەی کاوه له کەرکووك تەواوکردووە، قۆناغی ئامادەییم له خوێندنگەی ئامادەیی کوردستانی کوڕان تەواوکردووە، دواتر له پەیمانگای تەندروستیی سلێمانی بەشی یاریدەدەری پزیشکیم تەواوکردووە، هەرچەندە لە یەکەمەکان بووم و مافی وەرگرتنم لە کۆلێژ هەبووە، بەڵام بەهۆی شەڕی عێراق – ئێران وەرنەگیراوم، تەنها بڕوانامەی دیبلۆمم وەرگرتووە.

سەرەتای کاری سیاسیم له ساڵی (١٩٨١)ەوە دەست پێ کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ شەهید محەمەدی برام بەشداری ڕێکخستن بووم، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٢١ی کەرکووك و مەڵبەندی ٢ی ئەوکات و لە کەرتی تیپ بووم بە پێشمەرگە، کە بارەگاکەی لە گوندی گۆپتەپە بوو، سنووری چالاکیمان سنووری تیپی ٢١ی کەرکووك بوو، پاش ئەوەی دکتۆر خالید دەچێتە سەرگەڵوو ئیدی من بوومە پزیشکی تیپی ٢١ی لە کەرتی تیپ.

سەرەتای کاری پزیشکم لە دوای تەواوکردنی پەیمانگای تەندروستی لە ساڵی ١٩٨٣وە دەست پێ کردووە، کە بۆ ماوەی ساڵێك لە سنووری کەرکووك دامەزرام، ماوەی ٣ مانگ لە نەخۆشخانەی کەرکووك بووم، دواتر چوومە نەخۆشخانەی حەویجە کە (حوض ١٦)یان پێ دەگوت، لەوێ کاری یاریدەدەری پزیشکیم دەست پێ کرد، دوای تەواوکردنی ماوەکەم ڕاستەوخۆ چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە، لەم شوێنانە کارم کردووە: لە سنووری تیپی ٢١ی کەرکووك، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، نەخۆشخانەی یاخسەمەر لەگەڵ دکتۆر شاڵاو، نەخۆشخانەی سوورقاوشان لەگەڵ دکتۆر دڵشاد، نەخۆشخانەی قوڵەهەرمێ لە زەڵێ،

زستانەکەی بە نۆرە لەگەڵ هەڤاڵێك چووم بۆ دۆڵەکۆگە، هاوینەکەشی لە گوێزیلە خێمەم هەڵداوە و کاری پزیشکیم تێدا کردووە، پێشمەرگە و هاووڵاتیم تێدا چارەسەر کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٤ لە مانگی شەشدا لە یادی کۆمەڵەدا لە گۆپتەپە ئاهەنگێك ساز کرا، کاتژمێر ١٠ بۆ ١١ پێشمەرگەیەك بە ناوی حەمەفەڕەنسی RBGیەکی لەدەست دەرچوو، خۆی پێ بریندار کرد، قاچ و پێی بریندار بوو، دوای ئەوەی چارەسەری سەرەتاییم بۆ کرد، هەڤاڵ مام ڕۆستەم و چەند هەڤاڵێك داوایان لێ کردم بیبەم بۆ نەخۆشخانەی سووورداش، ئیدی بە ئۆتۆمبێل لەگەڵ دوو پێشمەرگە مۆغەزیم لە ناو ئۆتۆمبێلەکە بۆ هەڵواسی تا دوو موغەزی تەواو کرد، ئیدی بردمان بۆ نەخۆشخانەی سووورداش کە دکتۆر شوانی لێ بوو، هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەڕامەوە گۆپتەپە.

هەر لە ساڵی ١٩٨٤دا ئێمە چارەسەری و سارێژکاریمان بۆ هاووڵاتیش دەکرد، زۆرجار نەخۆشەکانمان ئەوانە بوون کە مار و دووپشك پێوەی دەدان، ڕۆژێك خێزانی شەهید شەوکەتی برای هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵڵا لە شەوێکدا دوو جار دووپشك پێوەیدا، هەر دوو جارەکە فریای کەوتم.

لە ساڵی ١٩٨٤ لە تۆڵەی شەهیدکردنی مامە ڕیشە، شەڕی ماڵە عەرەبەکان کرا، تەنانەت هەموو تیپەکان، تایبەت ئێمە وەك تیپی ٢١ و ٢٥ کۆبووینەوە بۆ چالاکییەکی گەورە و بەرنامەمان دانا لە ماڵە عەرەبەکانی لای گەلۆزی نزیك ساڵەیی سەر ڕێگای سەرەکی کەرکووك - هەولێر بدەین کە حکومەت هێنابوونی بۆ ئەوێ، منیش وەك دکتۆر لەگەڵیان بووم، کە ئەوکات هەڤاڵ سیروان کوێخا نەجم سەرپەرشتی شەڕەکانی دەکرد، لە شەڕەکەدا هەڤاڵ خەتاب عارف (خەتابە ڕەش) بریندار بوو، هاتە بەردەستم لە دەست و قۆڵی درابوو شکابوو، چارەسەری سەرەتاییم بۆ کرد، هێنامانە دواوەی شەڕ و لە مزگەوتێك دامان نا، هەروەها ئەوەندی بیرم بێت پێشمەرگەیەکی دیکەش بە ناوی هەردی برینـدا بوو، دواتر گەڕاینەوە و هەر کەرتێك چووینە گوندێك من چوومە گوندی جولحان، هەردی کە بریندار

بوو، له گوندی تۆمار دانرا بوو تووشی خوێنبەربوون بووبوو، نەمتوانی بگەمە سەری و شەهید بوو، دواتر خەتاب عارف نێردرا بۆ گوندی سەرمۆرد نزیك قەمچوغە منیش هەر لە لای بووم، نزیکەی دوو بۆ سێ مانگ چارەسەرم دەکرد.

هەر لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥ شەڕی گۆپتەپە کرا و حکومەت هێرشی کرد و حاکم کەمال و چەند پێشمەرگەیەك شەهید بوون، سێ پێشمەرگە بە دیلی گیرا و دواتر حکومەت شەهیدی کردن، چەند پێشمەرگەیەك بریندار بوون، هەڤاڵ مام ڕۆستەم بریندار بوو، من لە سەرمۆرد بووم، مام ڕۆستەمیان هێنا و تیمارم کرد و دەرزیم لێدا و بۆ سبەی ڕەوانەی بەرگەلۆو کرا، منیش لە هەر شوێنێك بوومایە هەموو کات کۆڵەپشتەکەم لە کۆڵ بوو دەرمانی تیمار و دەرزی و حەب و کەپسوولی تێدا بوو، من پێش شەڕەکان ماڵی گوندەکان دەگەڕام بۆ دۆزینەوە و داواکردنی دەرمانی زیاد، تایبەت حەبی ئازار و دەرزی و مقەستی دوورینەوە و کەپسوولی ئەنتیبایۆتیك، ئیدی بۆ پێشمەرگەم هەڵدەگرت، زۆر جاریش لە بەرگەلۆوەوە بۆمان دەهات، یان لە ڕێگەی ڕێکخستن و هاووڵاتیی دڵسۆزەوە، ڕۆژێك لە شارەوە دوو پاکەت دەرزییمان بۆ هات هەر دانەی چوار بۆ پێنج دەرزی تێدا بوو، هەر دەرزی نزیکەی سێ سیسی بوو، نرخی هەر دەرزییەکی نزیکەی ٢٥ دیناری ئەو کات بوو، کاتێك بریندارم تیمار دەکرد، کە لەو کاتەی ئەو کەسە ئازاری دەبێت ئیدی نیو سیسی و جاری وا هەبوو کەمتریشم لێدەدا، ئیدی بە ویستی خۆم تیمارم دەکرد بێ ئەوەی هەست بەئازار بکات، چونکە ئەو کەسە ئاگای لێنەبوو من چی دەکەم، هەرچەندە کە قسەم لەگەڵ نەخۆشەکە دەکرد بەڕاستی وەڵامی دەدایەوە، دواتر کە سڕکردن بەری دەدا پێم دەگوت فلان شتت گوتووە بیری نەمابوو، ئیدی چەندین جۆر دەرمانمان بۆ دەهات، خۆشبەختانە لە هیچ قۆناغێکدا خۆم بریندار نەبووم.

لە ساڵی ١٩٨٥ لە سوورقاوشان نەخۆشخانەیەکی جێگیرمان دانا، ئەو کات ئێمە وەك تیپی ٢١ چوار کەرتمان هەبوو، بریتی بوون لە کەرتی ١ و ٢ و ٣ و کەرتی تیپ، هەر کەرت و

دکتـۆری خـۆی هـەبوو، دکتـۆر ئـاری دکتـۆری کـەرتی ١ی سـاڵەیی بـوو، کـە هـەڤاڵ پـۆڵای موهەندیس لێپرسراوی کەرت بوو کـە، شـەهید دکتـۆر حەمیـد دکتـۆری کـەرتی ٣ بـوو، کـە شـەهید سـەیید ئیـبراهیم لێپرسـراوی بـوو، هەرچـی کـەرتی دووی شـوانە، هـەڤاڵ شـۆڕش قەرەهـەنجیری لێپرسـراوی بـوو، هەرچـی کـەرتی تیپـە ماوەیـەك هـەڤاڵ عوبێـد نـەجم لێپرسراوی بوو ماوەیەکیش هەڤاڵ ئیبراهیمە سوور لێپرسراوی بوو، کەرتی تیپ سنووری نەبوو بەردەوام لە جووڵەدا بوو، کەرتەکانی دیکە تا ڕادەیەك جێگیر بوون، هەروەها هـەڤاڵ مام ڕۆستەم سەرتیپ بوو و شێرزاد حافز جێگری بوو، دکتۆر کامەرانیشمان هەبوو لە تیپی ٢٥ی خاڵخالان بوو لەگـەڵ شـەهید وریـا سووردا بـوو، سـنووری هـەردوو تیـپ پێکـەوە بـوو، گوندی مام ڕەش دەکەوتە نێوان هەر دوو تیپی ٢١ی کەرکووك و ٢٥ی خاڵخالان.

ئێمە لە نەخۆشخانەی سوورقوشان بووین، دکتۆر دڵشاد بەڕێوەبـەری بـوو، هەرچـەندە زۆر نەدەمایەوە و لە جووڵەدا بوو، من بـەزۆری دەمامـەوە لەگـەڵ هـەڤاڵێك بـە نـاوی ئاسـۆ تیماری پێشمەرگەمان دەکرد، بەتایبەت بەهۆی شەڕی سەرکردایەتی و دابان هەلاجەوە لـەو ماوەیـەدا برینـدار زۆر بـوو، هـەموو ڕۆژ بـەیانی زوو هەڵدەسـتاین پـاش نـان خـواردن هـەتا کاتـژمێر شـەش و حـەوتی ئێـوارە خـەریکی سارێژکردن بـووین، هەرچـەندە نەخۆشـخانەی بەرگەلۆوشمان هەبوو، یەکێك لەو بریندارانە کوڕێکی هاوڕێم بوو بە ناوی نـەوزاد، هـاوڕێی منداڵیم بوو لە پێشمەرگایەتیدا بوو بە ڕابەری سیاسی کـەرت، لـەو شـەڕە گوللـە لـە سـەری دابوو، نەمان توانی بیبەین بۆ نەخۆشخانەی بەرگەلۆو، چەند ڕۆژ تیمـارم بـۆ کـرد تووشـی خوێنبەربوون بووبوو، بەڵام دواجار لە ژێر دەستمدا شەهید بوو، خەڵکی کەرکووك بوو لـە تیپی ٢١ بوو، پێشـمەرگەیەکی نموونـەیی بـوو، ئـەوکات هـەموو نموونـەیی بـوون، مـن باسـی سنووری خۆم دەکەم هیچ کاتێك کەسی خراپمان تێدا نەبووە، سەرەتا کەسەکە کە دەبوو بە پێشـمەرگە ڕەنگـە هەڵـەی هـەبووبێت، بـەڵام دوای پێـنج بـۆ شـەش مـانگ پێشـمەرگایەتی دەگۆڕا و پەروەردە دەبوو، ئیدی دەتتـوانی سـەری پـێ بسـپێری، ئـەو باشـی و ڕەوشـتەی لـە

پێشمەرگەم بینیوە وێنەی نییە، من ئەوە دەڵێم کە بە چاوی خۆم بینیوە، خراپیش هەبوبێت من نەمبینیوە، هەروەها بریندارێکی دیکە بە ناوی هەڤاڵ کەریم لە شەڕی سەرکردایەتی بریندار بوو، لای من مایەوە تا چارەسەرم کرد.

لە شاخەکەی پشتی نەخۆشخانەکە ڕچەڕێیەکی لێ بوو لەوێوە دەگەیشتینە نەخۆشخانەکە، ڕۆژێك سێ پێشمەرگە هاتن چوار برینداریان پێ بوو، برادەرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسك) بوون، بەرپرسەکەیان هاتە پێشەوە گوتی کێ لێپرسراوی ئەم نەخۆشخانەیەیە؟ گوتم من، گوتی ئێمە سەر بە (حسك)ین، ئەم شەو لە چالاکییەکدا چەند پێشمەرگەیەکمان بریندار بوون، تیماریان دەکەن؟ گوتم ئەمە نەخۆشخانەی شۆڕشە، من وەك خۆم هەمووی وەك یەك تەماشا دەکەم، ئیدی زۆر مەمنون بوو کە بۆم سارێژکردن، لەوە بەدواوە لەو ناوچەیە هەر کات داوای هەرچیم لێ بکردایە دەهات بە دەمی داواکەوە، چەندین جار بریندارمان لابوایە برسییان دەبوو، کەسێکم دەنارد بۆ لای، بۆ ئەوەی ئاژەڵێکمان بۆ بنێرێ تا بۆ بریندارەکان سەری بڕین، لەبری یەك دانە دوو ئاژەڵی دەنارد، چونکە لای سەیر بوو کە ئێمە تیماری پێشمەرگەی (حسك)مان دەکرد.

ڕۆژێك لە گوندی گەڵناغاجی سەر بە ئاغجەلەرەوە، هاووڵاتییەکیان هێنا لە ناو کێڵگەدا گوللە لە دەستی دەرچوو بوو، هەردوو سەر پێی گرتبوو، هێنایان بۆ سوورقاوشان، دۆخی خراپ بوو، تیمارم بۆ کرد، گوتم دۆخی باش نییە بیبەن بۆ سەرکردایەتی، بردیان و هێنایانەوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت یارمەتی نەدرابوو، هێنایانەوە گوتیان دکتۆر لای تۆ بشمرێت ئێمە لای تۆ چارەسەری دەکەین و نایبەین بۆ هیچ شوێنێك، ئیدی تا هاتنەوە قاچی هەوی کردبوو، ئاوسابوو، لەفافم بە شیشی تفەنگەوە دەپێچا و دەم کرد بە قاچیدا تاکو چڵك و پیسی قاچی دەربچێت، تا مانگێك لای من بوو تا چاك بوویەوە، ئیدی ئەم کارە لای خەڵکی گوندەکە بە گشتی زۆر جێگەی پێزانین بوو، چەندین جار لەوە بەدوا داوای چەندین شتم لێ کردوون هەرگیز نەیاندەگوت نەخێر.

من ئەوەندە ماندوو دەبووم، تا شەوێك لە نەخۆشخانەكە هاتمە دەرەوە لە بەردەم سەكۆی پێش نەخۆشخانەكە كەوتم، ئاگام لە خۆم نەما، بە هەستی خۆم بە دەنگی بەرز بانگی پێشمەرگە دەكەم، بەڵام كەس گوێی لێ نەبوو، بە ڕێكەوت پێشمەرگەیەك هاتبووە دەرەوە، گوێم لە دەنگێك بوو كەسێك گوتی ئەوە چیتە دكتۆر بیرمە بە دەنگێكی نزم گوتم بمبەنە ژوورەوە، ئەوەندە ماندوو بووبووم و خواردنم كەم خواردبوو، زەختم دابەزی بوو، هاتبووە سەر چوار، تووشی لەرز بووم، زۆپایان بۆ داگیرساندم و سێ بۆ چوار لێفەیان پێ دادام هەر لەرزم هەبوو، ئەو هەڤاڵەی لەگەڵم بوو بە ناوی ئاسۆ زۆر زیرەك بوو، یارمەتیدام، هەرچەندە هیچ بڕوانامەیەكی پزیشكی نەبوو، كەچی سارێژكاری دەكرد، خەڵكی دووكان بوو لە تیپی ٢١ بوو، دواتر لە ١٩٨٨ بەر شاڵاوی ئەنفال كەوت، ئەو پێشتر لە ڕەبیەیەكی حكومەت سەرباز بووە، تۆپێك هەبوو كە لەسەر ئۆتۆمبێل دادەنرا لەگەڵ خۆی هێنابووی، لە سنووری تیپی ٢١ ڕادەستی شۆڕشی كردبوو، كە ئەمە دەستكەوتێكی گەورە بوو، ئەو دەیزانی خوێنی من چ گرووپێكە لەوێ كەسێك هەبوو هەڵهاتووی سەربازی بوو یارمەتی ئێمەشی دەدا، ئاسۆ پەلی گرت و گوتی وەرە خوێن بدە بە دكتۆر بە بێ پشكنین، كانوولەی موغەزیمان لابوو، سەرێكی كانوولەكەی لە دەمارێكی دەستی ئەودا و سەرەكەی دیكەی كانوولەكەیدا لە دەمارێكی دەستی من، هەر ڕاستەوخۆ بە بێ بوتڵ خوێنی لە ئەوەوە بە مندا، ئەمە بۆ كەسێك بێ بڕوانامە بێ و بێ بوتڵ و پشكنین كارێكی ئەستەمە، من لە مردندا بووم ئیدی ئەو خوێنە زیندووی كردمەوە.

دوای چاكبوونەوەم لەم نەخۆشییە گوتم دەچم خێزانم دەهێنمەوە كە سێ ساڵ بوو هاوسەرگیریم كردبوو، واتە لە ساڵی ١٩٨٣وە، كە بووم بە پێشمەرگە ماوەیەك ماڵم لە گوندی گۆگجە بووە، ماوەیەك لە گوندی كڵاوقووت بوو دواتر لە گوندی مۆردخواردەی خواروو، منداڵیشم هەبوو، دواتر ماڵم بردە گوندی كلێسە، ئەو كاتەی لە نەخۆشخانەی سوورقاوشان

بووم ماڵم له گوندی کلێسه بوو، ئـەو کاتـه خێـزان و منـداڵم نـاردبووەوه کـەرکووك، ئیـدی دوای نەخۆش کەوتن و چاك بوونەوەم چووم بیانهێنمەوه، نزیکەی هەفتەیەکم پێ چوو.

دوای هاتنـەوەم بـۆ ئێوارەکـەی چـوومه گونـدی گـەڵناغاج ئـەو گونـدەی بریندارەکـەم بۆیان چارەسەر کرد، چوومه ماڵی مەلاکه، که چوومه ژوورەوه هەموو تووشی شۆك بـوون، خێزانەکەم گوتی سەردار ئەوه چییه؟ گوتم نازانم، ئەوانیش هیچیان نەگوت، ئیدی خـەڵکی گوندەکه بـه گشتی هـاتن بـۆ مـاڵی مـەلا و شـوێن بـۆ دانیشـتن نـەما، پـاش پشوودان، گـوتم مامۆسـتا ئـەو خێـره، ئـەو پەشـۆکاوییه چییه؟ گـوتی ئـەوه ڕووداوێکـی گەورەیـه بـەس تـۆ نایزانی، کاتێك که تۆ لێره ڕۆیشتووی به شوێن منداڵەکانتدا له دوای تۆوه هەواڵ بـۆ ئێمـه هات گوایه لەلایەن (ح.ش)یەوه شەهید کراوی، ئێمەش بڕوامان کردبووه، منیش گوتم ئاگام لێ نییه، گوتی له نەخۆشخانەکه و له گوندەکان هەموو بێتاقەتی ئەوه بووین گوایه شەهید کـراوی، ئیـدی مەلاکـه بـه گاڵتـەوه گـوتی ئەگـەر بێـت و جزداشـەکی سـپی لەبـەر بکـەیت و بچیته گونـدی عەسـکەر دەڵێـن ئەمـه فریشـتەیه هـاتووه، (گونـدی عەسـکەر گونـدێکی ئـەو سنوورەیه)، مەبەستی ئەوه بوو هەموو گوندەکانی ئەو دەوروبەره بیسـتبوویان کـه شـەهید کراوی، نەشمانزانی کێ ئـەو هەواڵـەی بڵاوکردووەتـەوه، هەنـدێك خـەڵکی ئـەو گوندانـه لـه نەخۆشـخانەکه پرسـەیان بـۆ دانـابووم، ئیـدی مـن گـوتم دەچـم بـۆ گونـدی بۆڵقـامیش کـه زۆرینەی شیوعی بوون، شیوعیش لەگـەڵ ی.ن.ك نێـوانی بـاش نـەبوو، کەسـێك لـەو گونـده دوای ئەوەی بیستبووی من شەهید کراوم، پەیمانی دابوو گوتبووی: "ئەگەر ئەو هەواڵه درۆ بێت و دکتۆر سەردار ببینمەوه، ئەم مەخزەنه پلاسکۆیەی خۆمی به دیاری پـێ دەدەم" کـه ئـەوکات دیارییـەکی بـه نـرخ بـوو، ئـەو ڕۆژه بـۆ ئێوارەکـەی بـه تراکتـۆر چـووم بـۆ گونـدی بۆڵقـامیش چـووم بـۆ مـاڵی هاوڕێیـەکم لـەو کاتـەدا بـەهۆی ڕێگاوه تووشـی سەرئێشـەیەکی خـراپ بووبـووم، هـەر ئەوەنـدەی سـڵاوم کـرد، ئیـدی هـەموو تووشـی شـۆك بـوون کەچـی ئەوانیش بیسـتبوویان گوایـه شـەهیدبووم، گـوتم دوو حـەبی سەرئێشـەم بـدەنێ بـا کـەمێك

بخەوم، هەڤاڵ سیروانی کوێخا نەجم گوتبووی هی ئەو خوێنپێدانەیە مردووە، هەڵەی هەڤاڵ ئاسۆیە، ئیدی لەو ماڵە پێیان گوتم تۆ چۆن هاتووی بۆ ناو ئەم هەموو ماڵە شیوعییە، منیش گوتم کەس دوژمنم نییە، ئەو ماڵەش سەر بە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك بوون کە چووم، ئیدی لەوێوە گەڕامەوە بۆ کلێسە بە ڕێکەوت تووشی ئەو کوڕە بووم کە پەیمانی دابوو مەخزەنەکەم پێ بدات، لەوێ پێشکەشی کردم، ئیدی چوومە گوندی کلێسا و لەوێ مامەوە، ئیدی هەرگیز دڵسۆزی خەڵکی خۆمان بیر ناچێتەوە، "کە ئەوە وەفایە".

دوای ساڵی ١٩٨٥ چوومە نەخۆشخانەی یاخسەمەر کە لە قەراغی گوندەکە بوو لەگەڵ د.شالاو کۆیی لەوێ دەستم بەکار کرد، ماڵی باوکی خێزانم لەوێ بوون، باوکی خێزانم لە گومرگی ئەوێ بوو، ئەو کات بارەگای هەڤاڵ مام جەلال لەوێ بوو، واتە لە کانی موراد، شەش بۆ حەوت مانگ لەوێ مامەوە، ڕووداوی سارێژکاری و پزیشکی کەم بوو چەند نەخۆشێکی هاوولاتی سەردانی دەکردین و چارەسەرمان دەکرد، دواتر ئەوێم بەجێهێشت و هاتمەوە بۆ سنووری خۆم.

ئیدی لە ساڵی ١٩٨٦ شەڕەکانی سنووری خاڵخالان و هێرشی حکومەت دەستی پێ کرد هەڤاڵێك بە ناوی هەڵکەوت خەڵکی گوندی کەلهوڕی ناوچەی ساڵەیی بوو، لەو کاتەدا ماڵیان هاتبووە گوندی کارێزەی بناری خاڵخالان، جێگری لێپرسراوی کەرتی سێ بوو، ڕۆژێك فڕۆکە هاتە سەر گوندی کارێزە، دواتر زانیمان کە هەڤاڵ هەڵکەوت هەواڵی لێ درابوو، فڕۆکەکە هەندێك سووڕایەوە، بۆردومانی نەکرد، هەرچەندە زۆر نزم بوو، هەڤاڵ هەڵکەوت چوو RBGیەکەی دەرکرد، گوتی تەقەی لێدەکەم، هەرچەندە ئاگادارمان کردەوە، بەلام بە گوێی نەکردین، لەگەڵ ئەوەی کە بریندایش بوو، چوو هێنایی و گوللەیەکی RBGی نا بە فڕۆکەوەوە، ئێمەش لە ترسا هەر یەکە و بەلایەکدا بۆ کونێك ڕامان کرد، ئیدی فڕۆکەکە گەڕایەوە هێشتا هەڤاڵ هەڵکەوت نەگەیشتبووەوە لامان فڕۆکەکە گەیشتە سەری و تەقەی لێ کرد و بوو بە تۆز و خۆڵ ئیدی فڕۆکەکە ڕۆیشت و ئێمەش هاتینە دەرەوە، چاوەڕێ

بووین تۆزەکە بنیشێتەوە، بۆ هەڤاڵ هەڵکەوت دەگەڕاین بینیمان بە سەختی بریندار بووە و پارچە بەر ناوسك و میزەڵدانی کەوتووە، بەپەلە هێنامانە ژوورەوە و دەستم کرد بە سارێژکردنی لەناوەوە تووشی خوێنبەربوون بووبوو، نزیکەی سی بۆ چل و پێنج خولەك خەریك بووم هیچم بۆ نەکرا و لەژێر دەستمدا شەهید بوو، کە دایك و خوشك و براکانی بەدیارییەوە بوون، ئیدی خوشکەکەی دەیکێشا بە سەری مندا کە بۆ هێشتوومە بمرێت و پێیان دەگوت بۆ وادەکەی خۆ هەڵەی دکتۆر نییە، گوتم وازی لێ بهێنن لە ئازاری براکەیدایە، شەهید بوونی هەڤاڵ هەڵکەوت زۆر کاریگەری لەسەرم دانا و زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە لەبەر دەستم شەهید بوو.

هەر لەو ماوەیە شەڕی خاڵخالان دەستی پێ کرد، بریندارمان زۆر بوو حکومەت گوندەکانی ڕووخاندبوو من لە گوندی جەلەمۆرد بووم، هەواڵم بۆ هات گوتیان محەمەدی برات بریندار بووە، گوتم دەڕۆم بۆ لای بەرپرسەکان نەیاندەهێشت، چونکە لە دوای چالاکی فڕۆکە بە سەر ئەو شوێنەدا دەگەڕا، ڕاستەوخۆ لە دوای ئەو چالاکییەوە بوو کە ئەو هەواڵەم پێگەیشت، بەڵام گوێم نەدا بە مەترسییەکان و ملی ڕێگەم گرتە بەر بەناو شیو و چەم و دۆڵ و قەت پاڵدا هەتا پێم کرا بەخێرایی ڕێگاکانم قەد بڕ دەکرد، هەرچەندە فڕۆکە لەسەرمان بوو من بە ناو شیو و دۆڵە بچووکە ئاودڕەکاندا ڕام دەکرد، گوتیان لە گوندی دارەقوتەیە هەرچەندە ماوەیەکەی زۆر بوو دکتۆر هادیش لەوێ تیماری کردبوو، بەڵام هەر دڵم ئاسوودە نەبوو، چونکە من لەگەڵ ئەو برایەم زۆر نێوانمان باش بوو، هەرچەندە ئەو لە من بچووکتر بوو کەچی من لە ڕێگەی ئەوەوە بووبووم بە ڕێکخستن، ئیدی من دوای کاتژمێر و نیوێك گەیشتمە لای محەمەدی برام، بینیم دکتۆر هادی تیماری کردبوو، RBGیەك لە نزیکی تەقێنرابوو پارچەکانی بەر قۆڵێکی کەوتبوو، بۆ ڕۆژی دواتر دووبارە تیمارم کردەوە، هەر لەو کاتە و لەو شەڕەدا هەڤاڵ پێشڕەو مەلا محەمەد کانی عارەبان بریندار بووبوو، گوللە بەر قاچی کەوتبوو، بۆگەنی کردبوو، هاوین بوو گەرم بوو،

من تیمارم کرد، دواتر گواستمانەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئیدی لە چەمی گوندی تۆمار جگە لە محەمەدی برام و پێشڕەو مەلا محەمەد دوو بۆ سێ برینداری دیکەم لەگەڵدا بوو، ئیدی وەڵامم بۆ دایکم نارد بێت محەمەدی برام ببینێت، کە هات بۆ لامان بۆ گوندی تۆمار، بە هەواڵی بریندار بوونی محەمەد هاتبوو بەڕێکەوت لەماڵێك بووین محەمەدی برام کەوتبووە ئەو سەری پێشمەرگە و بریندارەکانەوە، دایکم هەر لە یەکەم پێشمەرگە و بریندارە و بە حسابی محەمەد دەستی کرد بە ماچکردنیان، یەکەمی ماچ کرد گوتی محەمەد، گوتمان ئەوە نییە، چوو دووەمی ماچ کرد، گوتمان ئەویش ئەو نییە هەتا کۆتا کەس بەو شێوەیە بەردەوام بوو، هێندە ترسا بوو لەوەی بڕوای نەکردبوو کە لە ژیانـدا ماوە، بۆیە نەیدەناسییەوە، ماڵی ئێمە سێ برا پێشمەرگە بووین، دواتر یەکێکمان شەهید بوو ئەویش شەهید محەمەد بوو.

هەر لەو ساڵانەدا دەزگای تەندروستی دامەزرا لە شوێنێك کە دەکەوێتە نێوان زەڵێ و توژەڵە، لە شوێنێکی تەخت بینایەکیان دروست کرد و دواتر بووە نەخۆشخانە و دکتۆر شوان سەرپەرشتی دەکرد، دواتر بوو بە دەزگای تەندروستی، شایەنی باسە سێ کارمەندی تەندروستی لە ڕەگەزی مێ لەوێ کاریان دەکرد.

هەرچی نەخۆشخانەی قوڵەهەرمێیە، لە نێوان شێنێ و زەڵێدا بوو، سەرەتا ئەو شوێنە شوێنێکی بچووك بوو، هەروەها سەخت و گونجاو بوو، ناوی شوێنێك بوو لەو ناوچەیە، ڕەنگە بەهۆی بوونی داری هەرمێ وە ئەو ناوەی بەبەرداکرابێ، لە ڕاستیدا نەخۆشخانەکە کۆن بوو، کاتی خۆی سەرکردایەتی و هەڤاڵ مام جەلال لە توژەڵە بوون هاتبوونە ئەوێ و کردبوویان بە نەخۆشخانە، من کە چوومە ئەوێ دکتۆرێکی لێ بوو بە ناوی دکتۆر هەندرێن، نەخۆشخانەکە لە سێ بۆ چوار ژوور پێکهاتبوو، کوڕێك یارمەتی دکتۆر هەندرێنی دەدا ناوی هەژار بوو، پایز بوو من چوومە ئەوێ، ئەوکات پێشمەرگە لە دۆڵەکۆکە بوو هەڤاڵ نەوشیراون مستەفا لەوێ بوو، ماڵی چەند پێشمەرگە و ئامێرەکانی

شۆڕشیش لەوێ بوو، سروشتی دۆڵەکۆگە وابوو، دەبوو پێش وەخت زەخیرە و خواردنی زستان ئامادە بکەیت و هەڵی بگری، چونکە زستان بەهۆی زۆری بارینی بەفرەوە ڕێگاکەی دەگیرا، تەنها شوێنی پیادەی هەبوو، ڕچەڕێیەکی سەختی هەبوو، لە قەت پاڵێکی بەرزدا بوو، دەبوو شارەزا بیت ئینجا خۆت لەو ڕێگایە بدەی، چونکە شارەزا نەبوویتایە دەکەوتیتە بەفرەوە، ڕۆژێك لەو ڕێگایەمدا، بەڵام من هەرگیز بە تەنها بۆ ئەو شوێنانە نەدەچووم، هەمیشە کەسێکم لەگەڵ خۆم دەبرد، لە ڕێگادا لەناکاو پێم خزی کەوتمە چاڵێك بەفرەوە و تا سنگم بەفر هات، ئەگەر ئەو هاوڕێیەم لەگەڵ نەبووایە دەخنکام.

پازدە ڕۆژ جارێك لەگەڵ دکتۆر هەندرێن دەچووینە شوێنی یەکدی و مۆڵەتمان بە یەکدی دەدا، جارێك من لە زەڵێوە چووم بۆ ئەوێ ئەو دەهاتەوە بۆ قوڵەهەرمێ، ڕۆژێك بەفرێکی زۆر باری بوو شەهید ئازاد هەورامیی خۆی و خێزانی لە زەڵێ بوو، ماڵی خەزوورم و هاوسەرم و محەمەد و سالاری برام هەر لەوێ بوون، ئەو ڕۆژە پێیان گوتم خۆت لەو بەفرە نەدەی دەرناچی، منیش قایل بووم و نەچووم، ئیدی بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەك چووم، کەچی بێ ئاگاداری ئێمە دکتۆر هەندرێن بە ڕێکەوتبوو بۆ قوڵەهەرمێ، کوڕێکی بەڕەوشت بوو هەروەها پابەندبوونی ئایینی زۆر بوو، کاتی بەڕێکەوتنیشی هەڵەبوو، دوای نیوەڕۆ بەڕێکەوتبوو، چونکە لەو شوێنە سەختانە دەبوو سپێدە زوو بەڕێ بکەوی، بۆ ئەوەی شەوت بە سەردا نەیەت، ئیدی هێندە خلیسکابوو، هەڵدێرابوو، تەڕ بووبوو دواجار لە شوێنێکی دەشتایی بەرفراوان ڕەق بووبووەوە، کە چەند مەترێکی مابوو بگاتە شوێنێك بریتی بوو لە ژێر شاخێك وەکو ئەشکەوت وابوو پشوومان لێدەدا، لەو باوەڕەدام گەیشتبایە ئەوێ ڕەق نەدەبووەوە، ڕۆژێك دوای ئەوە من لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیە چووین گەیشتینە تەرمەکەی، تەرمەکەیمان بۆ نەگەڕێندرایەوە، ناچار بردمان بۆ ژێر شاخەکە، دواتر چوومە دۆڵەکۆگە ئاگاداری برادەرانمان کرد، دواتر ناشتیان.

لێرەوە ئەنفالی بە سەردا هات و بەرە و ئێران بەڕێکەوتین، لەگەڵ ماڵی خەزوورم چووین بۆ سەقز، لەوێ منداڵەکانم کردە بەر خوێندن، ئەو کات دوو منداڵم هەبوو، ئیدی خەڵك زۆر بوون کە ئاوارە بووبوون، ئیدی حکومەت خێمە و یارمەتی بە سەردا دابەش کردین، هەندێك دەستیان بە کار کرد، لە هەر شوێنێك ئاوارەی زۆر بوایە بنکەیەکمان لێ دادەمەزران، خەڵکی ئەوێ زۆر هاوکاری دەکردین، منیش لە گوندی نەلاسی سەر بە سەردەشت نەخۆشی ئەوانم چارەسەر دەکرد و دەرمانم بۆ دەنووسین، لێرەدا چیرۆکێکم بیر دێتەوە: ڕۆژێك ژنێکی ئێرانی هات بۆ لام گوتی من نەخۆشم، تەواوی تەبرێز و مەهاباد و تارانم کردووە، چارەسەرم نەبووە، ناوی تۆیان پێ دام، بۆیە هاتووم چارەسەرم بکەیت، گوتم خۆ من پسپۆریم نییە، گوتی نازانم، بەڵام ناونیشانی تۆیان پێ داوم، -بە باوەڕی من ئەوە گرنگە نەخۆش بڕوای بە توانای پزیشك هەبێت، چونکە ڕاستەوخۆ لایەنی دەروونی پێ ئاسوودە دەبێت- ئیدی بە پێی زانینی خۆم چەند ڕۆژێك چارەسەرم بۆ دانا، پاشان ڕۆیشت و پاش مانگێك هاتەوە بینیم مەنجەڵێك ماست و پەنیری بۆ هێناوم، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی لەو کاتەی دەرمانەکانی تۆ بەکاردەهێنم هیچ نەخۆشییەکم نەماوە، من هەرچەندە پزیشکی فەرمی نەبووم، بەڵام ئەزموونێکی زۆرم هەبوو، ئیدی تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ ئەوها ژیانم بردەسەر، ئیدی براکەم نەخۆش کەوت و بردمە تاران تووشی شێرپەنجەی خوێن بووبوو، هەرچەندە چارەسەری وەرگرت دواتر لە ڕێگەی پاکستانەوە نێردرا بۆ بەریتانیا، منیش مامەوە تا مانگی هەشتی ١٩٩١ گەیشتمەوە سلێمانی.

هەرچی پەیوەندی بە دەرمانەوە هەیە، ئێمە وەك پزیشکان ئەو دەرمانەی کە بۆ نەخۆشخانەی ناوەندی بەرگەڵوو دەهات بەشی نەدەکردین، خەڵکی ناوچەکە زۆر یارمەتییان دەداین، لە ناو شارەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە بۆمان دەهات.

هەرچی پەیوەندی بە منەوە هەیە هەڤاڵ محەمەد سەقەر زۆر هاوکاری دەکرین، لەگەڵ شەهید ئاسۆی پێشمەرگە کە پێیان دەگوت ئاسۆ کوێر، بەداخەوە لە ئەنفالەکە بێ

سەر و شوێن کرا، کە کوڕێکی قارەمان و دڵسۆزی گەلەکەی بوو، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە کە پێیان دەگوت محەمەد فەڕەنسی، ئیدی کاری من هەر ئەمە بووە، هەندێك جاریش ڕێنمایی خەڵکیم دەکرد وەك کاری کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی هاووڵاتیان بە گشتی.

ئیدی لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە یەکەمجار لە کۆمەڵەی فریاکەوتن کارم کرد، دواتر چوومەتە قیادەی کەرکووك کە ئەوکات لە بەکرەجۆ بووە، دواتر بە فەرمانی هەڤاڵ عوسمانی حاجی مەحموود کە فەرماندەی ئەوێ بوو بۆ ڕاییکردنی کاروباری پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و ڕەوشی تەندروستی ژوورێکیان پێ دایـن، ئەمە وەك یەکەم نەخۆشخانەی شۆڕش کرایەوە، من و برادەرێکی سەر بە پ.د.ك کارمان تێدا دەکرد، دواتر ماوەیەك لە نەخۆشخانەی زەڕایەن کارم کردووە.

لە کۆتاییدا هیچ پلە و پۆستێکم وەرنەگرتووە کە شایەنی باس بێت، دواتر ڕێگەی هەندەرانم گرتەبەر و ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیم[٢٩].

---

[٢٩]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەردار عەبدولقادر ئەحمەد عەلی (د. سەردار)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٧.

سەرکەوت محەممەد زەکی (سەرکەوت زەکی)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی و پەیمانگای تەکنیکی لە شاری موسڵ تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ لە سنووری مەڵبەندی یەکی ی.ن.ك بووە بە پێشمەرگە.

مەڵبەند لەهەر کوێ بووبێت نەخۆشخانەش لەوێ بوونی هەبووە. سەرەتا لە شارباژێر دواتر لە سێوسێنان و بەلەکجار، بەڵام نەخۆشخانەی بەلەکجار لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێوەری ئەو سەردەمە نەخۆشخانەیەکی تەواو و ڕێکخراو بووە، لە ڕووی ستاف و شوێن و بیناوە پێشکەوتووتر بووە. لەگەڵ ئەوەی بەرنامە هەبووە بۆ شوێنی باشتری وەك قۆپی قەرەداغ بگوازرێتەوە، بەڵام بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە بەرنامەکە جێبەجێ نەکرا، لە دوایدا نەخۆشخانەکە بووە شوێنێکی ئارام بوو بۆ پێشمەرگە و هاوڵاتیان. بەهۆی هەبوونی تەختەی خەواندنی نەخۆش جاری وا هەبووە سەروو ٢٠ بریندار لەوێ ماونەتەوە، کە برینیدارەکان لە سنوورەکانی شارەزوور و گەرمیان و قەرەداغەوە دەهاتن. لەو سەردەمەدا نەخۆشخانەکە چەند پزیشکێکی لێ بووە، ئەوانیش: د. فائق گوڵپی وەك بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، د. جەلال عوسمان، د. ناسیح فاتیح، د. ناجیح (سەربەست) و د. مەحمود، لەگەڵ پۆلێك هەڤاڵ لە کادیری پزیشکی لەوانە هەڤاڵان: بۆتان، جوتیار، شوان و ئیبراهیم، چەندین هەڤاڵی دیکەش کە بەردەوام دەهاتن و دەڕۆیشتن بۆ تیپپەکانی پێشمەرگەی ئەو سنوورە، هاوشانی تیمێکی کارگێڕی کە نەخۆشخانەکەیان بەڕێوە دەبرد.

لە نەخۆشخانەکە ئامێری تیشك هەبوو، هەموو ستافەکە پێکەوە کاریان پێدەکرد، لەو سەردەمەدا هەڤاڵ مەحمود کە لە گوندی دێلێژە دادەنیشت، خولێکی خێرای بۆ فێربوونی بەکارهێنانی تیشك کردەوە، هەروەها تاقیگەشی لێ بوو. نەشتەرگەری خێرا و هەمەجۆر لە نەخۆشخانەکە ئەنجام دەدرا. دەستخستنی دەرمان لەو سەردەم و قۆناغەدا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام بەگشتی سێ سەرچاوە هەبوو ئەوانش:

یەکەم: ڕێکخستنە پتەو و پۆڵایینەکان بوو کە لە ڕێکخروای شارەکانەوە کە لە (کۆمەڵە و شۆڕشگێران) پێکهاتبوو هەرچییەکیان دەست بکەوتایە کۆیان دەکردەوە و دەیان نارد.

دووەم: هەندێك لە پێداویستییەكانی دیكە لەلایەن دۆستەكانەوە كە لە ڕێگەی پەیوەندی كەسییەوە پەیدا دەكرا.

سێیەم: لە بودجەی مەڵبەند و نەخۆشخانەكان هەندێك دەرمان دابیندەكرا، سەركردایەتی (ی.ن.ك) و مەڵبەندەكان بۆ ئەو مەبەستە زۆر دەستكراوە بوون، هەرچی پێداویستی پێشمەرگە و بریندار هەیە بە هەر ڕێگەیەك بووایە پەیدایان دەكرد، بۆ نموونە مەفرەزەی پێشمەرگە هەبوو بۆ چەند دەبەیەك دیتۆڵ نارەحەتی زۆریان بینیوە.

نموونەی بینرەوای زۆر هەیە كە باسبكرێت، لە ئەنفالەكاندا لە گوندی (زەردەلیكاو) بە سەرپەرشتی د. فایق بە مشار قاچی نەخۆشێك بڕایەوە، هەڤاڵەكانمان پێش ئەوەی كادیری پزیشكی بووبن، پێشمەرگە بوون، هەر بۆیە هەمیشە لە جووڵەی بەردەوامدا بوون، خۆمان و تفەنگێك و كۆڵەپشتەكان هەمیشە ئامادە بوون.

كاری ئاسایی ستافەكە بریتی بوو لە پێشوازیكردن لە نەخۆش و بریندار بە بێ جیاوازی پێشمەرگە بووبێت یاخود هاولاتی، جا لە شەڕ یاخود لە كیمیاباران بریندار بووبێت. بۆ نموونە ڕۆژێك منداڵێكی خەڵكی گوندی تەكیەی قەرەداغ بریندار بووبوو، هێنایان بۆ نەخۆشخانەكە هەر كات نەخۆش لای خۆمان چارەسەر نەكرایە هەوڵمان دەدا بیگەیەنینە نزیكترین شوێن بۆ چارەسەركردنی، بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی كە دڵنیا دەبووین لە دۆخی گواستنەوەیان مەترسی ناكەوێتە سەر ژیانیان، هەر بۆیە كاتێك منداڵەكەیان هێنا دۆخی باش نەبوو و شەو بوو، ئەوەی لەسەر ئێمە بوو بۆمان ئەنجامدا، بەڵام لە دوایدا ناچار بووین بڕیاری گواستنەوەی بدەین و دەبوو یەكێك لە ستافی خۆمان لەگەڵی بچێت، ئەو شەوە من لەگەڵ ئەو منداڵە نەخۆشەدا چووم و هەرچی پێویست بووایە لە ڕێگادا بۆم ئەنجام دەدا، تا گەیەندرایە نزیك ئۆردوگای نەسر، لەوێ كەسوكاریم ئاگادار كردەوە كە بیبەن بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، ئیدی ستافی ئێمە بۆی هەبوو تا ڕێگا سەرەكییەكان بچین لەگەڵ نەخۆشدا، ئەو ڕێگایەی كە لەئەدەبیاتی شۆڕشدا پێی دەگووترا (ڕێگای قیر)، واتە بۆ پێشمەرگە قەدەغە بوو .

نمونەیەكی تر، پێشمەرگەیەكی تیپی ٥٩ی حەمرین بەناوی هەڤاڵ سەمەد كە خەڵكی چوارباخی سلێمانی بوو، لە یەكێك لە چالاكییەكانی تیپەكەیدا بریندار بووبوو، هێنایان بۆ

نەخۆشخانەکە دۆخی باش نەبوو زیان بەر گەدە و ڕیخۆڵەی کەوتبوو، هەر بۆیە شەو بە بەشداری د. فائق، د. جەلال، د. ناسیح، د، جووتیار و بەندە، نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا، بەڵام پاش ئەوەی کە لە مردن ڕزگارکرا پێویستی بەوە هەبوو ببرێتە نەخۆشخانەیەکی باشتر بۆ چارەسەر. هەر بۆیە بڕیاردرا ببرێتە نەخۆشخانەی مەڵبەندی دوو لە بەرگەڵوو واتە سەرکردایەتی، بە هەمان شێوە من لەگەڵیدا چووم، بەرەو قەرەداغ کەوتینە ڕێ، لە قەرەداغ بۆ پشوو و چا خواردنێك وەستاین، لەوێ هاوڕێیەکی خۆم بینی کە پێشتر پێکەوە لە ڕێکخراوی سلێمانی کاری ڕێکخستنمان کردبوو، ئەویش فائق محەمەد ئەمین (هاوڕێ سۆران) کادیری پزیشکی بوو، پەیمانگای تەواو کردبوو لە تیپی ٥٧ی سەگرمە پێشمەرگە بوو. گووتی چی دەکەیت؟ گووتم ئەو بریندارەم پێیە و دەیبەین بۆ سەرکردایەتی دێیت لەگەڵمان؟ ڕاستەوخۆ دەستی دایە چەك و تاقم و تفەنگ و کەتینە ڕێ، بە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن تا نزیك دێلێژە بردمان، ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەت بوو بە نەخۆشخانەکەی شارۆچکەی قەرەداغ، دەستمان بەسەرداگرتبوو لە ناوچە ئازاد کراوەکان بۆ نەخۆش و بریندار بەکارمان دەهێنا، ئیدی ئۆتۆمبێلەکە گەڕایەوە هەروەها پێشمەرگەیەکی تیپی (٥٩)مان لەگەڵدا بوو، بە نەخۆشەکەوە بووین بە چوار کەس، هەرچەندە ئەو کارە بۆ ئێمە ئەستەم بوو بەڵام هێزی پشتگیری گوندەکان یارمەتیان دەدایـن. لە دوایدا گەیشتینە گوندەکانی حاجیاوا و زایەر، لەوێدا شەوێك ماینەوە و دواتر پەڕینەوە بۆ زێوی کە یەکێك بوو لە ناخۆشترین قۆناغەکانی بۆ پەڕینەوەی نەخۆشەکە، چونکە بریندارەکە چەندین سۆندەی پێوەبوو بۆیە دەبوو پاڵکەوێت، بەڵام لە زێوێ بە ڕێکەوت تووشی پۆلێك لە پێشمەرگە بووین، ئەوانیش بەرەو سەرکردایەتی دەچوون. لەگەڵ ئەوەی لە ڕاستیدا سەرکەوتن بە قەدپاڵی پیرەمەگروونـدا بە دەستی بەتاڵیش ئەستەم و دژوارە، چونکە هەندێك شوێنی شاخەکە مرۆڤ بە چنگەکڕێش بە ئەستەم دەتوانێت سەربکەوێت، چ جای ئەوەی تاقم و تفەنگی پێبێت و لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشێکی برینداری سەختیشت پێبێت کە دۆخی لەوپەڕی خراپیدا بێت و کۆمەڵێك شتی پێوە بەسترابێت. وەك ئاشکرایە قەد پاڵی پیرەمەگروون بۆ سەختی بە نموونە دەهێندرێتەوە، ڕێگاکەشی بۆ پشوو گوونجاو نەبوو، دەبوو بە بەردەوام ڕێ بکەین. بۆیە دوای لە بارەگای تیپی (٢٣)ی سورداش لە زوێوێ

کاری پێویستمان بۆ ئەنجام دا. به بەردەوام لەو ڕێگا سەخت و ناخۆشەدا نەخۆشەکەمان لەسەر شان بوو، به بەردەوامی چوار بۆ شەش پێشمەرگە لەژێر نەقالەکەیدا بوو، هەتا گەیەنرایە بارەگای تیپی (٤٧)ی پیرەمەگروون، لەوێوە بە تراکتۆر گەیاندمانە نەخۆشخانەکەی مەڵبەندی دوو، لەوێ د. شوان و چەند هەڤاڵێکی دیکەی لێ بوو، ئیدی ڕاپۆرتی پزیشکی بریندارەکەمان پێ دان، بۆ شەوێك لەوێ ماینەوە، دواتر چووینە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال و نامەیەکمان پێدا کە دکتۆر فائق بۆی نووسی بوو، شەوێکیش لەوێ بووین، ، کە بە گشتی سێ ڕۆژمان پێ چوو، ئید بۆ بەلەکجاڕ گەڕاینەوە.

لەساڵی ١٩٨٧ حکومەتی عێراقی بە چەکی کیمیایی بۆردومانی کردین، گازەکەی (خەردەل و سیانید) بوو، گوندەکانی بەلەکجاڕ و تەکیە بەرکەوتن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاتی خۆی لە سەرکردایەتی خولیان بینی بوو، خۆمان پاراست و بەرنەکەوتین، چونکە ئەگەر بۆمبەکە دەنگی گەورەی لە تەقینەوەی دروست نەکردایە گومانمان لە بۆمبی کیمیایی دەکرد، لەوێ بۆمبێك لە دۆڵێکی خوار ئێمەی دابوو، کە لێی نزیك بووینەوە دەرکەوت چەکی کیمیاییە، زۆر نزیك نەکەوتینەوە، ماسکمان بەست و دوورکەوتینەوە، هێندەی نەبرد بۆمان ڕوون بووەوە بە دەیان پێشمەرگەی ئەو سەردەمەی (حیزبی دەعوە و جووڵانەوەی کاری ئیسلامی) کە نزیکەی ١٠٠ کەس دەبوون، بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون، دۆخی دوو کەسیان زۆر خراپ بوو، بە گشتی گازەکە کاریگەری لەسەر بیلبیلەکانی چاو دەکات، پێست تووشی بڵقی گەورە دەکات، تەنگەنەفەسی دروست دەکات، ئێمە بەپێی توانای خۆمان بەپێی ئەو دەرمانانەی لەبەردەستمان بوو چارەسەرمان بۆ کردن، لەوانە پاککردنەوەیان بە دیتۆڵ و تەقاندنی بڵقەکانیان و دەرهێنانی ئەو ئاوەی لە پێستیان دروست بووبوو، لەگەڵ گۆڕینی جلوبەرگەکانیان و بەکارهێنانی ئەمپولی ئەترۆپین، بەڵام لە ئەنجامدا ئێمەش بە کاریگەری بریندارەکان بەرکەوتین، کە بریتی بووین لە بەندە و هەڤاڵان: د. ناسیح، شوان، جووتیار و ئیبراهیم، بۆ ئەو شەوە هەستمان کرد کە هەستی بینینمان کەم بوویەوە و گوتمان کارەباکە تەواو نییە، ئەوانەی کە بەشداری چارەسەرەکەیان نەکردبوو، گوتیان تەواوە، ئێمەش بیرمان چووبووەوە کە ئەو گازەی لەسەر جلوبەرگی بریندارەکان بووە و دامان کەندووە و بۆمان شۆردوون لە ماوەی ئەو چوار بۆ

پێـنج کاتـژمێرەی لەگـەڵیان بـووین کاریگـەری لەسـەر ئێمـەش دروسـت کـردووە، بـەڵام چارەسەرکردنمان پێویست نەبوو، چونکە بەدەستخستنی دەرمـان هێنـدە ئەسـتەم بووبـوو، دەستمان پێوەگرت و هیچمان بەکارنەهێنا.

هـەڤاڵێکمان هـەبوو بـە نـاوی عـەتای حـاجی ئەحمـەد، کـە لـە موسڵ لـە سێدارە دراو شەهید بوو، یـەکێك بـوو لـە پێشمەرگە هـەرە ئازاکـانی چـالاکی ناوشـار، لـە تیپـی تایبـەتی مەڵبەند پێشمەرگە بوو، ڕۆژێك لە زڕگوێز بووین هات بۆ لامان، لەوێ بەیەك ئاشنا بووین، هـەر لـەو کاتـەوە بـووین بـە هـاوڕێ و بـەردەوام سـەردانی دەکـردین، ئێوارەیـەك لـە نزیـك نەخۆشخانەکەی مەڵبەند پیاسەمان دەکرد، چەند کەسێك بووین، هەڤاڵ عەتا پیاوێـك بـوو سەرکێشی سەرسوڕهێنەری دەکرد، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی نیازی گەڕانەوەی ناو شاری سلێمانی هەیە، پـێ گـوتم حـەزت لـە چییە؟ پرسـیارێکی سـەیر بـوو بـە لامـەوە، گـوتم ئەگـەر مـن و تـۆ ئێسـتا لـە سـلێمانی بووینایـە پێکـەوە دەچـووین (لوقمەقازی دانا)مـان دەخـوارد، ئیـدی مـن بەمەبەسـتی جەولەیـەکی کـورتی سـێ بـۆ چـوار ڕۆژەی کـاری ڕێکخراوەیـی چـوومە گونـدەکانی چـواردەوری نەخۆشـخانەکە، کـە گەڕامـەوە هەڤاڵان هەموو بە پێکەنینەوە هاتن بۆ لام، گوتم چییە؟ گوتیـان کاتێـك تـۆ ڕۆیشـتووی بـۆ جەولە هەڤاڵ عەتا لێرە بووە هاتووە بۆ لات و ڕۆیشتووە، گوتم پێمخۆشە خۆزگـە ڕێگـەتان نەدایە بڕۆیشتایە تا شەو پێکەوە بووینایە ـ چونکە پیاوێـك بـوو دانیشتنیشـی زۆر خـۆش بـوو ــ گوتیـان واز لـەوە بهێنـە شـتێکی زۆر خۆشـی بـۆ هێنـاوی، گـوتم چـییە؟ گوتیـان (لوقمـەقازی دانـا) و شـیرینی هـەورامانی لـە سـلێمانییەوە بـۆ هێنـاوی، کـە بەڕاسـتی ئـەوە سەرکێشی بوو لەو کاتەدا.

شەوێك نەخۆشێکمان لابوو کە پیاوێکی زۆر بەهیمەت بوو ناوی هـەڤاڵ حەمـەی تەلـە (شەهید شاهۆ) بوو، کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی هەرێمی پێـنج و ناوچـەی قـەرەداغ، ئـەو شـەوە سـەری سـاڵ بـوو، ویسـتمان کەشـێکی شـارییانە دروسـت بکـەین، واتـە ١٩٨٨/١/١، بـیر لـەوە کرایـەوە چـی بکـەین تـا ببێـت بـە یادگـاری، هـەڤاڵ شـاهۆ گـوێی لـە قسەوباسەکانی ئێمە بوو، بۆ ئێوارەکەی هەڤاڵ شاهۆ قەلێکی بـە زینـدوویی بـۆ نـاردین، بـۆ خواردنی ئەو شـەوە، لەگـەڵ هـەڤاڵێك چـووینە سێوسـێنان لـە مـاڵی هـەڤاڵ نـەوزادی بـرای

شەهید عـەتا، کـە ماڵەکـەی لـەوێ بـوو، چـەندین پێداویسـتی دیکـەمان هێنـا، ئیـدی شـەوی سەری ساڵمان دوور لە شەڕ و لە کەشێکی خۆشدا بەسەربرد و بوو بە یادگاری.

لە شەڕی بورجەکەی دارە ڕەش، دەیـان پێشـمەرگەمان شـەهید و برینـداربوون یـەکێك لەوانە هەڤاڵ سالار عەبدوڵڵا برینـدار بوو، کە برایەکیشی بە نـاوی سـەردار عەبـدوڵڵا هـەر پێشمەرگە بوو، لە نەخۆشخانەکە بەداخەوە بەهۆی خوێن لێ ڕۆشتنی زۆرەوە شەهید بـوو. لە کاتی ئەنفالیشدا شەوێك گوندی سێوسێنان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرا، مـن چـەند شەوێك بوو مۆڵەتم وەرگرتبوو بە سەردانی چوو بوومە ماڵی چەند دۆسـت و خزمێـك، کـە ساڵێك زیاتر بوو کەسـوکارم نـەبینی بـوو، بۆیـە بـە هـەلم زانـی چـوومە گونـدی دەرەویـانی خواروو و ماڵی حەسەنی مام شەریف، خەڵکی ئـەو گونـدە بـەوە ناسـرا بـوون زۆر تێکۆشـەر بـوون بـەوە ناسـرابوون لایـەنگری بیروباوەڕەکـانی (ی.ن.ك) و کۆمەڵـە بـوون، پێشـمەرگەی ئازای وەکو (شەهید هەژار و قارەمانی زیندانی وەك شەهید فائق ئەمین)یـان هـەبوو، لـەوێ هەوڵم دەدا لەو گوندە باوکم ببینم، ئەوکاتـە سـەروبەندی ئـەنفال بـوو، هـەواڵ بـە ئاسـانی نەدەگەیشت، هەڤاڵ حەسـەن هـات بـۆ لام و گـوتی واز لـە بینـینی باوکـت بهێنـە، حکومـەت هێرشـی ئـەنفالی دەسـت پێکـردووە ئێسـتا د. فـائقم بینیـوە، دەڵێـت بـە کیمیـایی هێـرش کراوەتە سەر سێوسێنان نزیکەی ٧٠ کـەس شـەهید بـوون، چـەندین پێشـمەرگەمان شـەهید بووبوون، – سێوسێنان شادەماری ژیانمان بوو، بۆ ئێمە وەکـو شـارێك وابـوو، چـونکە هـەموو پێداویستییەکانمان لەوێ دەست دەکەوت، وەکو: دوکان، سەرتاشـخانە، چێشـتخانە، چـایخانە، بەرگدروو...هتد، نزیکـەی ١٥٠- ٢٠٠ مـاڵێکی لـێ بـوون، هـەروەها بارەگـای تیپـی ١٧ی زمنـاکۆ لـەوێ بـوو، هـەڤاڵ جـەمیل هـەورامیی سـەرتیپی بـوو، پێشـتر بارەگـای نەخۆشـخانەکەی مەڵبەندیش هەر لەوێ بوو، بۆ هەر پێویستییەك ڕوومان لەوێ دەکرد، کە گوترا بۆردومـان کـراوە – بـۆ ئێمـە کـارێکی زۆر ئەسـتەم بـوو، هەرچـەندە مـن لـەوێ نـەبووم، بـەڵام لەگـەڵ هەواڵەکەدا تیمێکی پزیشکی نەخۆشخانەکەی ئێمە بەهانایانەوە چوو بوون، پێش گەیشتنی تیمەکە بە تراکتۆر برینـدارەکان تا چەمی دێوانە هێنرابوون، تیمەکەش وەریان گرتبـوون و گەڕابوونەوە بۆ نەخۆشخانەکە، لە سێوسێنان ماڵی کاك حەسـەنی هـاورێم و هـەڤاڵ عوبێـد کە بەرگدروو بوو، لە ڕێکخستنەکاندا بوو، پیاوێکی خوێندەوار بوو هاوکـات هۆزانڤـان بـوو،

لەو بۆردومانە هاوسەر و منداڵەکانیان شەهید بووبوون، ئیدی لە نەخۆشخانەکە ئەوەی پێیوست بوو بێت بۆیان کرابوو، هەندێك لە خەڵکی گوندەکانی کۆشك و ئەستێل هاتبوون شەهیدەکانیان بردبوو لە گوندەکانی دیکە ناشتبوویانن.

من گەڕامەوە نەخۆشخانەکە و بۆ شەوی دواتر لە سەربازگەی دوودارەوە بارەگاکانی مەڵبەند بۆردومان کرا، ئێمەش جگە لە چارەسەری بریندارەکان ناچار بووین زۆربەری کات لە دەرەوە بین، کە ڕاجیمەکانمان بینی، هەستمان کرد کیمیاییە، دەنگی تەقینەوەکەی گەورە نەبوو، ئیدی بارەگاکان و گوندەکانی تەکیە و بەلەکجاڕ و بەردێ بۆردومان کران، بۆ ئێوارە هەڤاڵ هۆشیار کە عەدەد جیهازی تیپی ١٧ی زمناکۆ بوو، لێمانەوە نزیك بوو هات بۆ لامان، پێکەوە دانیشتین، داوامان لێ کرد نەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو عەدەد جیهاز بوو دەبوو هەموو سەری کاتژمێرێك هەڵوێست وەربگرێت، کاتێکیش بۆردوومانەکە تەواو بوو، دوو کەس و سێ کەس بە سەر بارەگاکاندا دابەش بووین، بۆ ئەوەی سۆراغی هەڤاڵانمان بکەین و یارمەتیان بدەین، هاوکات نەماندەتوانی لایت بەکارهێنین، ناچار هەر بەتاریکی دەگەڕاین و بە بانگکردن ئاگادارمان دەکردنەوە، من و هەڤاڵان جووتیار و بۆتان ڕووە و بارەگای تیپی ١٧ ڕۆیشتین، ویستمان هەواڵی هەڤاڵ هۆشیاری جیهاز بزانین کە بە تەنها لە ژووری ئامێرە بێ تەلەکەی مابووەوە، زۆر بۆی گەڕاین نەدۆزرایەوە، وامانزانی چووەتە شوێنێکی دیکە. بۆ سپێدە کاتژمێر چواری بەیانی لەگەڵ هەڤاڵ جووتیار دووبارە دەستمان کردەوە بە گەڕان بە دوایدا، لە پڕ تەرمەکەیمان بینی کە دیار بوو مووشەکێك دابووی لە بەردەم ژوورەکەی، ئەویش کە هاتبووە دەرەوە بە ناو دووکەڵی چڕی کیمیاییەکەدا ڕۆیشتبوو، بۆیە چەند مەترێك لە نزیکی ژوورەکەی شەهیدی کردبوو، لەو نزیکانە ساترێکی خۆڵی هەڵدراوە هەبوو، بۆ ئەوەی لاشەکەی بەدەرەوە نەبێت لەگەڵ هەڤاڵ جووتیار هەر بە جلوبەرگەکەی خۆیەوە ناشتمان.

دەمەوێت ئەوە بڵێم چەکی کیمیایی زۆر مەترسیدار بوو، ئەوەی لێی نزیك بووایە بێگومان شەهیدی دەکرد، وەك ماڵەکانی سێوسێنان و هەڤاڵ هۆشیار، بۆیە دەکەوتە سەر ئەوەی چەندە ئەو گازە هەڵدەمژی، لەگەڵ ئەوەی چەندە بەر پێست و چاو دەکەوێت، بۆ نموونە ماڵی کاك مەهدی لە سێوسێنان هەموو بنەماڵەکەیان شەهید بوون، جگە لە یەك

کوڕیان نەبێت کە بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لە گوند نەبوو، کوڕێکی دیکەشیان پێشتر لە موسڵ لە سێدارە درابوو، بە گشتی لە سێوسێنان ٦٨ هاووڵاتی و دوو پێشمەرگە شەهید بوون.

کاری ئێمە تایبەت بوو بە نەخۆشخانەی مەڵبەند، هەرچی تیپەکانە کادیری تەندروستی خۆی هەبوو، یان تیمێکی هەبوو، ئیدی (یەك ، دوو، یان سێ) کەس دەبوون، بۆ نموونە لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ هەڤاڵ سەلام حەمەکەریم (سەفین) و هەڤاڵ عوسمانی لێ بوو، کە کادیری تەندروستی بوون، ئەگەر چالاکییەکە لەسەر ئاستی مەڵبەند بووایە و گەورە بووایە، بۆ نموونە ئازادکردنی قەرەداغ و پاککردنەوەی شاخی گڵەزەردە، تیمێکی پزیشکی گەورەتر ئامادە دەکرا، لە چالاکی تیپەکانیشدا ئەگەر بریندار هەبووایە و برینەکەی سەخت بووایە دەهێنرا بۆ نەخۆشخانەکەی مەڵبەند.

لە ئەنفالدا ئێمە تووشی شکست بووین و بۆیە ناوچەی قەرەداغمان جێهێشت، سنووری مەڵبەند کرا بە سێ ڕەتڵ ئەو ڕەتڵەی ئێمە هەڤاڵ شێخ جەعفەر فەرماندەی بوو، ئێمە لە ڕێگایەکی دوورترەوە بە گوندەکانی خاوێ و مێولێ و قازانقایەوە هاتینە نزیکی باسەرە لەوێوە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات گەڕاینەوە گوندەکانی نزیکی سەنگاو.

لە نزیك گوندی هاڵدەرە هێزەکەی ئێمە تووشی شەڕ بووین، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەمان بریندار بوو، یەك لەوانە هەڤاڵ ڕەئووف غریب بوو، هەروەها هەڤاڵ بەختیار بەهەڵە کەوتبووە ناو کەمینی جاشەکانەوە و بەدیلی گیرابوو، دواتر لە گوندێکی نزیکی سەنگاو لاماندا، دیار بوو ئەنفال لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکردبوو، و هێزی حکومەتی عێراقی بە فڕۆکە دەسووڕایەوە، پێشمەرگەیەکی ئێمە خۆی ڕادەست کردبووەوە، ئیدی شوێنەکە لە ڕووی ئاسایشیەوە مەترسی کەوتەسەر، سەرەڕای هەموو ئەو ماندووێتییە بەرەو باسەرە جارێکی تر گەڕاینەوە و کەوتینە ڕێ.

ئەو ساڵە ساڵێکی زۆر باراناوی بوو، لە ئاوی باسەرە بۆ ئەوەی ئاو نەمانبات پێشمەرگەکان هەموو بەڕیز دەستی یەکتریمان گرتبوو، دواتر بەرەوە ناوچەکانی چەمچەماڵ و تەکیە و شوان کەوتینە ڕێ، واتە کۆتایی مانگی چوار و سەرەتای مانگی پێنج بوو لە تەکیەی کاکەمەند پەڕینەوە و گەیشتینە گوندی چیاسەوز و شەوێكماینەوە .

گەیشتینە گوندەکانی تەکەڵتوو و موخەڕەس و جارێکی دیکە تووشی شەڕ بووینەوە، لەوێ ١١ پێشمەرگەمان شەهید بوون، بۆ ئەو شەڕانە RBG و BKC دوو چەکی کاریگەر بوون، ئێمە سێ گوللەی RBG مان پێ بوو، لە شەڕەکەشدا BKC یەکە وەستابوو، بۆیە زیانێکی گەورەمان بەرکەوت، هەلیکۆپتەر لە سەنگەرەکانمان زۆر نزیك بووبوونەوە، شەهیدەکانیان بردبوو، دوو لە تەرمەکانیشیان فڕێدابووە خوارەوە، یەکێك لە شەهیدەکان پێشمەرگەیەك بوو بە ناوی هۆشیار کە شەهید بوو تازە بووبوو بە پێشمەرگە و تەنانەت نەتوانرا کەسوکاری بدۆزرێتەوە تا تەرمەکەیان پێ بدەنەوە، یەکێکی تر لەو شەهیدانە برای شەهید مەلا ئەحمەدی دسکەرە بوو، لە بەرزاییەکانی پشتی تەکەڵتوو ئەو شەڕە ڕوویدا، دواتر پاشەکشەمان کرد.

ئەو هێزە ئیسلامییە نەیارانەی حکومەتیش کە لەگەڵمان بوون لەبەر نەشارەزاییان لە پشتی شەڕەوە دەمانەوە، ئەوان بە دۆڵێکدا پاشەکشەیان کردبوو فڕۆکە لێی دابوون بە دەیانیان لێ شەهید کردبوون، چونکە بەرگرییان نەکردبوو، لە کاتێکدا چەکی زۆر باشیان پێ بوو، هەروەها برینداریان زۆر بوو.

دواتر چووینە شوێنیکی دیکە و لە خواری ئێمەوە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ تووشی شەڕ بووبوون، برینداریێکیان هەبوو، بۆیان هێنایین لە ژێر تاشەبەردێکدا چارەسەرمان بۆ کرد، بەڵام بەداخەوە چەند کاتژمێرێك دواتر شەهید بوو، بۆ ڕۆژی دواتر بە شاخی هەیبە سوڵتاندا بۆ سنووری مەڵبەندی سێ و دواتر بە بناری قەندیل و دۆڵی و باڵەیان پەڕینەوە.

چیرۆکەکانی پێشمەرگایەتی ئەفسانەیی و بێ کۆتایی و درێژن و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بەم شێوەیە خەباتیان بۆ ئازادی کردووە.[٣٠].

---

[٣٠]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەرکەوت محەمەد زەکی (د. سەرکەوت زەکی)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٥.

سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا سەعدوون (د.ئارام)

لە ساڵی ١٩٦١ لە گوندی کاریتانی سەر بە شارەدێی دیبەگەی ناوچەی کەندینئاوای پارێزگای هەولێر لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لەوێ تەواو کردووە، من بە ناوی باپیرە گەورەم ناونراوم، ئەو پیاوێکی ئایینی و سۆفی ناوچەی کەندینئاوا بووە، ناوچەی کەندینئاوا و قەراج ئەو ناوچەیەن کە لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکاندا سنوورن، نزیکەی ٢٠کم لە خوارووی مەخمورەوە دەبێتە سنووری کورد و عەرەب، لە کۆنەوە گۆڕەپانی ململانێی کورد و عەرەب بووە، چونکە عەرەب ویستوویانە داگیری بکەن، باوك و باپیرانی ئێمەش نەیانهێشتووە، بۆیە ئێمە لە ناوچەیەکی هەوکراو بە کێشە و ناکۆکی لەدایك بووین.

لە ساڵی ١٩٣٤ کە بیری شیوعییەت هاتووەتە عێراق و کوردستان خێزانەکەی ئێمە بەهۆی کێشە چینایەتییەکان و ململانێیان لەگەڵ ئاغا و دەوروبەری دزەییدا کە ئاغا بوون زیاتر بەلای بیری چەپدا ڕۆیشتوون، مامم کادیرێکی شیوعی بووە، دواتر چووەتە ڕیزەکانی (پ.د.ك)ەوە، بەجۆرێك ڕێکخستنی بردووەتە ناو شارەدێی دیبەگە، بۆ وێنە جارێك پێشمەرگە هاتبوونە خوارەوە BKCیەك لەسەر مونەزەمەی دیبەگە بوونی هەبووە، بردوویانە و شەڕەکەیان پێ کردووە و دواتر هێناویانەتەوە و لە شوێنی خۆی دایانناوەتەوە، ئەو پێشمەرگە و کادیرێکی پێشکەوتووی پ.د.ك بووە، هەتا هەرەسی شۆڕش هەر بەردەوام بووە، پاشان پەیوەندی بە (ك.ڕ.ك)ەوە کردووە، پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام زیرەك و دانا و لەسەرخۆ و بەدەستوبرد بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە، لەو باوەڕەدام بمابا ئێستا تەرازووی هێز لە ناوچەی دیبەگەدا بە جۆرێکی دیکە دەبوو.

باوکم پیاوێکی ئایینی خوێندەوار بووە، پێ گوتراوە مەلا ڕۆستەم، پیاوێکی سادە و ڕۆشنبیر بووە، دووکانێکی هەبووە، ئێمەش چوار خوشك و سێ برا بووین، بە هەوڵی باوکم

خوشکەکانم تا شەشی سەرەتاییان خوێندووە، براکانم یەکێکیان یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی ڕزگارکردنی شاری هەولێرە بە ناوی (شەهید مام تەها)، لە ٦:٣٠ خولەکی بەیانی یەکەم کەس بووە شەهید بووە، براکەی دیکەم بە ناوی ئازاد لە ژیاندا ماوە، ئەو دوو برایەی دیکەم لە من گەورەتر بوون.

من لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە دووکانەکەی باوکم بووم کارم دەکرد، خوێندنیشم دەکرد، تا قۆناغی ئامادەییم تەواوکرد، گوندەکەمان نزیکەی ١٢٠ ماڵ بوو، واتە گەڕەکێك بوو لە گەڕەکەکانی دیبەگە، خەڵکانێکی لێ بوو دەرچووی کۆلێژ بوون، خوێندەوار بوون، گوندەکەمان ئاغای هەبوو کێشەی چینایەتیش لەو سنوورە بوونی هەبوو، لە ساڵی ١٩٥٣ شۆڕشی جووتیاران لە ناوچەکەی ئێمە لە گوندەکانی بناری قەرەچووغ سەریهەڵدا، بەڵام ئاغاکانی ئەو سنوورە خەڵکێکی ڕۆشنبیر بوون هاوسۆز بوون لەگەڵ چینی هەژاردا، کە بە بیری مارکسی لینینی و چەپگەری گۆش کرابوون، سەکۆی گوندەکەمان بۆ ئێمە زانکۆیەکی گەورە بوو، ئێواران دادەنیشتین شیکردنەوە بۆ بوونیادی و شێوازی فەلسەفەی مارکسی لینینی دەکرا، باسی ماتریالیزمی دیالێکتی دەکرا، کێشەکان تاوتوێ دەکران، مامۆستای ئایینی گوندەکەمان بە ناوی مەلا یەحیا پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیر بوو، ئەگەرچی مامۆستای ئایینی بوو، بەڵام بیری بە لای چەپدا دەڕۆیشت، چەپ بوونی ئێمە بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو بەهۆی کێشە و ململانێ چینایەتییەکان بووە.

لە ساڵی ١٩٨١ پەیمانگای تەندروستیم تەواو کرد، هەر ئەو ساڵە بە شێوەیەکی فەرمی پەیوەندیم کرد بە ڕیزەکانی (ك.ڕ.ك)ەوە، هەرچەندە من پێشتر پەیوەندیم کردبوو لە ڕێگەی مامێکم بە ناوی محەمەد عەبدوڵڵا سەعدوون کە لە ساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندی بە ڕیزەکانی (ك.ڕ.ك)ەوە کردبوو، کە هەڤاڵ ئەرسەلان بایز لە یاداشتەکانی خۆیدا چەندین جار باسی دەکات، من لەگەڵ مامم کارم دەکرد، بەڵام لەبەر مەترسی لەسەر ژیانم نەیدەویست ڕاستەوخۆ بێمە ناو کارەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کارێکمان پێکەوە دەکرد.

ساڵی ١٩٨١ كە پەیمانگام تەواو كرد دەبوو بچم بۆ خزمەتی سەربازی، پێمان ناخۆش بوو بچین بۆ خزمەتی سەربازی ویستم لەگەڵ مامم بچم ببم بە پێشمەرگە، خوالێخۆشبوو دایكم خۆی هەڵواسی بەو ئۆتۆمبێلەی كە من بەرەو پێشمەرگایەتی سەركەوتبووم، چەند مەترێك ئۆتۆمبێلەكە ڕۆیشت و دایكم خۆی پێوە گرتبوو بە زەوییەكەدا دەخشا، بە گریان و هاوارەوە دەیگوت بڕۆی خۆم دەكوژم، ئیدی ناچار من گەڕامەوە و بۆ ماوەیەك ددانم بە خۆمدا گرت، چەند جارێكی دیكە ویستم بچمە دەرەوە، ئەو كات شەڕی ناوخۆی كورد لە هەشتاكاندا لە ئارادا بوو، باوكم پێی ڕاگەیاندم لە شەڕی عێراق–ئێران شەهید بی باشترە وەك لە شەڕی ناوخۆی كورد، ئەو كات دەڵێین بە دەستی ئێران شەهید بووە، وەك لەوەی بڵێین بە دەستی كورد شەهید بووە، ئیدی پەشیمان بوومەوە، منیش شوێنەكەم باش بوو، دەمتوانی خزمەتی پێشمەرگەش بكەم و دەرمان بنێرم، چەند جارێكیش داوایان لێ كردم بچم وەك دكتۆری چالاكییەكان بەشداربم، بەڵام بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانی تەواوی بنەماڵەكەم لە هەر ئەگەرێكی ئاشكرابوونمدا ئەو كارەم نەكرد، چونكە لە ژێر دەستی ڕژێم بوون، جگە لەوەش تیپەكان كارمەندی تەندروستی ڕاهێنراویان لەگەڵ بوو، دەرمانیان پێ بوو، كە هەندێك كاری وایان دەكرد ڕەنگە پزیشكی پسپۆڕی ئێستا بۆی نەكرێت.

دواتر لە نەخۆشخانەی دیانە گیرسامەوە، لەوێ دەرمانم دەهێنا بۆ ناوچەی خۆمان و دەمدا بە هێزەكانی پێشمەرگە، ئەو بەرپرسەی خۆم بە ناوی محەمەد عەلی فاتیل كە نازناوی دەشتی بوو، هەردووكیشمان سەر بە كەسێكی دیكە بووین بە ناوی عومەر كە نازناوەكەی مام جووتیار بوو، كە خاڵی هەڤاڵ دەشتی بوو، سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ من بە نازناوی (هێرش) لە ناو كۆمەڵەدا بووم، لە سنووری ئێمە هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچووغ بوونی هەبووە و لە ناوچەكانی ئێمە كاریان كردووە، ناوچەی ئێمە كەوتووەتە نێوان زێی گەورە و زێی بچووك، ناوی دزەییش هەر لە هەردوو وشەی (دوو

زێیـی) هـاتووە، کـە زێـی گـەورە بـە گـوێردا و زێـی بچـووك کـە لـە دووکـان و بـەدووبزدا تێدەپەڕێ، پێی دەڵێن ناوچەی دوو زێیی، ئێمە بە خێڵ دزەیین، بەڵام ئاغای دزەیی نین.

ئەوکاتە ئەوەی لە تەندروستی کاری بکردایە ڕێز و پێگەی تایبەتی هەبوو، مـن ئەگـەر بە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بگەڕامایەتەوە بێ ئەوەی شۆفێرەکەی بزانێـت هەنـدێك دەرمـانم دەخسـتە نـاو جانتاکەمـەوە، زۆرجـاریش بـە کۆسـتەر یـان ئۆتـۆمبێلی دیکـە دەهاتینـەوە، شروبێکی بیکۆ هەیە بۆنێکی دیاریکراوی هەیە، واتە ئەگەر وردبیتەوە بۆنی نەخۆشخانەی لێدێت، من زۆر جار پێش گەیشتنم بە بازگەکان قـومێکم لـەو شـروبە دەدا و لـە نـاو دەمـم وەردەدا، کە دەگەیشتینە بازگەکە و ئـەو کەسـەی دەهـات داوای ناسـنامەکەی لێـدەکردم مـن یەکسەر بێ ئەوەی هەستی پێ بکات هەڵاوی هەناسەم ڕوو دەکـردە دەموچـاوی، ئـەویش کـە بۆنـی دەکرد دەیگوت (انت بالصحة)، دەمگوت (نعم)، دەیگوت (یا اهلا و سهلا بکـم روحـوا)، ئیدی ئەو دەرمانانەم دەهێنایـەوە بـۆ هـەولێر، لـەوێش لـە ڕێگـەی کـوڕێکی خـاڵم بـە نـاوی سلاح عەبدوڵڵا لە گوندەکەیان بە ناوی گردەشینە لە بنـاری قەرەچـووغ هێزەکـان دەهاتنـە ئەوێ و لەوێ دەیان برد، من نەشم دەزانی کێن و چ هێـزێکن دێـن دەیبـەن، کۆتـا کۆمەڵـەی دەرمانـەکانم لـە گوندەکـەی خـۆم جێمـا، دواتـر زۆر بـۆی گـەڕام نەمدۆزیـەوە، دواتـر زانـیم دایکم لێی شاردبوومەوە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا من لە دیانە بووم کەسێك هـات گـوتی دکتـۆر چیـا پێویسـتی بـە دەرمانە، لیستێکی هێنابوو، مـن بـۆم ئامـادە کـرد، بـەڵام بەداخـەوە دەرمانـەکان لـە گونـدی بەرزێوە گیرا، کە دەکەوتە نێوان دیانە و ناوچەی باڵەییان، دکتـۆر نـورەدین ئیسـماعیل کـە خەڵکی ناوچەی پردێ بوو ئەوکات بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بوو لە سۆران کە پێیان دەگوت شارۆچکەی صدیق، شەو تەلەفۆنی کرد گوتی بەڕێوەبەری ئاسایش داوای تـۆ دەکـات، گـوتی دیارە تۆ دەرمانت ناردووە، گوتم نەخێر، شتی وانییە، گوتی بەڵی وایە تـۆ دەرمانـت ڕەوانـە کردووە، دەرمانەکان دەستی بە سەردا گیراوە، هەر ئێستا بڕۆ و خۆت ڕزگـار بکـە، ئەگـەر نـا

تۆ لە سێدارە دەدرێیت، ئیدی منیش هەر ئەو شەوە گەڕامەوە، کاتی خۆی کەسوکاری من لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا یەکێك لە ئاغان دەکوژن، کە ئەمە بۆ ئەوکات کارێکی ئەستەم بووە، دواتر کەسوکارم هەڵهاتوون بۆ موسڵ لەوێ نیشتەجێ بوون، لەگەڵ عەرەبەکان تێکەڵاوی پەیدا دەکەن، بۆ چارەسەری کێشەکەم باوکم چووە ئەو گوندەی خزمەکانی خۆمانی لێ بوو لە موسڵ، ئەوان باوکی ئەو بەڕێوەبەری ئاسایشەیان دەناسی کە لە سۆران بوو، لە ڕێگەی ئەوەوە کێشەکەم بۆ چارەسەر کرا، بەو مەرجەی کە جارێکی دیکە کاری لەو شێوەیە دووبارە نەکەمەوە، چونکە ئەگەر بگیرابام تووشی لە سێدارەدان دەبووم، تا ئێستاش بە دکتۆر نورەدین دەڵێم بەخوێن قەرزارباری تۆم، کە ئەو کات وەکو کوردێك ئەو هەستەی هەبوو ڕزگاری کردم.

لە ساڵی ١٩٨٥ کاتێك لە ڕێکخستندا بووم هاوڕێیەکی ئەزیزی منداڵیم کە زۆر کات پێکەوە بووین، لە پێشمەرگایەتی دەست بە سەر کرا و لە نەخۆشخانەی عەسکەری قاچێکیان بڕییەوە، من سەردانم دەکرد و لە دۆخیم دەپرسی و ئاستی ئاسایشی نەخۆشخانەکەشم هەڵسەنگاندبوو، پێشتر خۆشم ماوەیەك لەوێ بووم، پرسم بە هەڤاڵانی ڕێکخستنی هەولێر کرد، کە دەمەوێت ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن پەیدا بکەم و بچمە نەخۆشخانەکە و ئەو هاوڕێیەم ببەمە دەرەوە، ڕادەستی ڕێکخستنی بکەم تا ڕزگاری بکەم، ئەوە سەرکێشییەکی گەورە بوو بۆیە هەڤاڵانم ڕێگەیان نەدام، گوتیان نەك هەر سەرکەوتوو نابیت، بەڵکو هەموومانیش ئاشکرا دەبین، کابرایەکیش هەبوو ئیمام تابور بوو خەڵکی لای ئێمە بوو باوکمی دەناسی، بریندار و کوژراوی حکومەت دەچوونە لای ئەو، من هەواڵەکەم لەو وەردەگرت کە چەند کەس کوژراوە و هەواڵەکەم ڕەوانە دەکرد، وام دانابوو کە ئەگەر بشپرسن بۆ کوێ دەچی، دەمگوت دەچم بۆ لای مامۆستا مەلا سابیر کە خزمی باوکم بوو عەقیدی سەربازی بوو.

ئیدی لەساڵی ١٩٨٦ پێیان ڕاگەیاندم کە بچمە دەرەوە و شۆڕش پێویستی پێمە، منیش لەگەڵ ئامۆزایەکم بە ناوی کەریم چاوشین و خزمێکی نزیکی خۆشم بە ناوی ئدریس کە دواتر لە شەڕی دێگەڵە شەهید بوو، پەیوەندیمان بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرەوە کرد، ئەوکات هێزەکان لە چالاکی گەورە بوون، هەندێك هێز بە جێمابوون، ئێمە چووینە گوندی کاریتان و قوشاغلۆو دواتر گوندی ئاومار، چووینە لای پێشمەرگەیەك بە ناوی (س.ش) لەبەرئەوە ناوی ناڵێم چونکە دواتر خۆی ڕادەستی ڕژێم کرد و کوژرا، پاش ئەوەی خۆم پێناساند، من جانتایەکم پێ بوو لەگەڵ ئەو دوو کەسە چووین بۆ لای، گوتی چەکتان پێیە؟ گوتم نەخێر، گوتی بچن هەر یەك و هاوانی مزەلیان بۆ بهێنن، ئەو قسەیە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، پێشوازییەکەشی زۆر نەشیاو بوو، ئەو قسە ناخۆشەشی کرد، من گوتم هەڤاڵ س.ش بەڕاستی من ڕێکخستنم و کارم کردووە و پشتگیریشم هێناوە، نەهەڵهاتووم، هاوکات ڕێگەپێدراوی سوپاش بووم، دەفتەرەکەم هەر پێ بوو، چونکە من کاری تەندروستیم دەکرد، پێم گوت نەمتوانی زیاتر خۆم ڕاگرم، لەبەرئەوەی شۆڕش پێویستی بە منە، هەروەها بەهۆی مامم و بنەماڵەکەمانەوە بە کێشەی چینایەتی خەڵکی ئێمە خەڵکێکی دڵگەرم بووین، گوتم بەڕاستی دڵگرانم لێت من دەگەڕێمەوە، بشمزانیبا خەڵکی وەك تۆ لەم شۆڕشەیە هەرگیز نەدەهاتمە دەرەوە و نەدەبوومە پێشمەرگە، ئیدی بە ئەو دوو کەسەم گوت کە لەگەڵم بوون هەڵسن با بگەڕێینەوە، لەوێ تووشی هەڤاڵ فاروقی عەلی مەولود بووم گوتی چ بووە، منیش بۆم باس کرد، گوتی ناوت چییە؟ گوتم ناوم سەعدوونە، گوتی واز لەو بێنە دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی ناوت لێدەنێم (ئارام) لەبەر دوو هۆکار یەکەم بەناوی شەهید ئارام، دووەم هەتا جارێکی دیکە تووڕە نەبیت، گوتم ئێوە کەسی وا دابنێن بۆ پێشوازی خەڵك چۆن تووڕە نابم، ئیدی ئێمە ماوەیەکی باش لەگەڵ هەڤاڵ فاروقماینەوە، کە ڕابەر سیاسی تیپی ٨٧ی قەرەچووغ بوو، هەرچەندە تیپی ٨٦ و ٨٧ زۆر تێکەڵ بوون، ئیدی لەو تیپانە بووین، بەمجۆرە لە گوندەکانی بەستی شەڕێ وەکو ئاومار و

سێگردکان و شەیتان ماینەوە، لەگەڵ: (د. محەمەد، د. جەمیل، د. نەبەز، د. خەسرەو، د. حەیدەر و د. ئاری)د پێکەوە بووین.

سروشتی ژیان و پەروەردەم وابووە لە پێشمەرگایەتی کە دەچووینە ماڵی خەڵکی زۆر شەرمن بووم، باپیرم وای پەروەردە کردبووین، زۆر شتمان پێ عەیب بوو، دەشمزانی خەڵکی ئەو ناوچەیەی ئێمە زۆر هەژارن، من بەیانی نانم دەخوارد ئیدی تا ئێوارە نانم نەدەخوارد، نەدەچوومە ماڵی کەس، دەمگوت خەڵکی بۆ خۆی نییەتی، چ جای ئێمە، مەگەر خۆم هەندێك جار پارەم پێ بوو لەگەڵ یەك بۆ دوو هەڤاڵ مریشکێکمان دەکڕی و لێماندەنا و دەمانخوارد، ڕۆژێك دەمە و ئێوارە من لە کەرتەکەی خۆم لە تیپی ٨٦ ڕووداوێك ڕوویدا، گوتیان دوو کەس لە گوندی ئۆمەرگومەت سوتاون، بە ناوی عوسمان و ئەبوبەکر کوڕی پیاوێك بوون بە ناوی مام حەمەدەمین، لە کاتی زەوی کێڵان بە تەرەکتەر هاتبوونەوە لە گەڕانەوەدا تەماشای تانکی تراکتۆرەکە دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی بزانن کە گازی تێدایە یاخود نەخێر، شقارتەیەکیان لە تانکی گازەکەدا دابوو کلّپەی کردبوو سووتابوون، ئیدی داوای پزیشکیان کرد، چووم تیمارم کردن و لەگەڵیان مامەوە تا باشتر بوون، ئیدی من نزیك بووم لێیانەوە دواتر جلی باشیان پێدام و خواردنیان پێ دەدام، بۆیە تا ئەو ڕووداوە ڕووی نەدابوو من نیوەڕوان نانم نەدەخوارد، چونکە خەڵکی خۆی هیچی نەبوو، کە پێشمەرگە دەچوونە ماڵی خەڵکی و سڵاویان دەکرد بە ئەستەم وەڵامیان دەدایەوە، پاش ماوەیەك دانیشتن ئینجا هەندێك نان و پیاز...هتد بۆ دەهێنایین، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە دڵسۆز نەبوون، زۆر خەڵکی باش بوون، بەس بۆ خۆیان نەیان بوو چ جای پێشمەرگە، بەڵام ئەوبەری زێ واتە بەری خاڵخاڵان خەڵکەکەی دۆخی باشتر بوو، خواردنیش باشتر بوو.

ئیدی من تەواوی کاتە بەتاڵەکان دەمخوێندەوە، حەزم لە کارەکەی خۆم بوو، شارەزاییەکی باشم هەبوو زیرەکیش بووم، بەوە دەزانم زۆرجار پرسیاری وردی دەرمانیان

لە من دەکرد، کارەکەی خۆشم بە دڵ بوو، ئەوەش دەڵێم (د. خالید، د. نەبەز. د. محەمەد، د. خەسرەو و د. ئاری) لە پێش من لەوێ بوون هەموو پزیشکی ئازا و زیرەك بوون.

لە داستانی ڕزگاری لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧ کە کۆمەڵێك ڕەبایەی زۆر گیران و پێشمەرگە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا، شەڕەکە زۆر سەخت بوو، پێشمەرگە پێویستی بە هاوکاری هەبوو، هەڤاڵ مام ڕۆستەم وەکو فەرماندەیەکی ئەو شەڕە بروسکەیەك بۆ هەڤاڵ مام جەلال دەکات و دەڵێت: **"پێویستمان بە ساروخ و دکتۆرە"**، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ڕۆڵی پزیشکان و کادیرانی تەندروستی لە خەباتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەو ساڵانەدا تێبگەین، ئەوە دەکرێت لەم گوزارشتەوە لە گرنگی و ڕۆڵی دکتۆری شاخ و شۆڕش بنواڕین، کە فەرماندەیەکی سەربازی و مەیدانی پێشمەرگە دەیەوێت ساروخ و دکتۆری هەبێت، هەر لەسەر ئەم تێڕوانینە دوای ئەوەی کە لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بووین هەڤاڵ جەبار فەرمان هاتە لامان و کردینی بە دوو بەشەوە بەشێکمانی بەرەو پاشەکشە نارد و نەبادا لە هێرشێکدا هەموومان لە ناو بچین، بۆیە ئێمە لە نەخۆشخانەکە پێنج کەسمانماینەوە و گوتی: **"بە دڵنیایی ئێمە سەردەکەوین لەبەرئەوەی شاخمان لە پشتە هەروەها ئێمە دکتۆرمان لە پشتە"**.

لە کۆتایی مانگی شەش و سەرەتای مانگی حەوتی ساڵی ١٩٨٧ وەك دیارییەك بۆ یادی دامەزراندنی ی.ن.ك شارۆچکەی تەقتەق ڕزگار کرا، ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار بوون لەوانە هەڤاڵ فاروق کە بۆ نەخۆشخانەی سماقوڵی ڕەوانە کرا، هەروەها ئازاد داربەسەریی زۆر بە سەختی بریندار بوو کە یەکێك بوو لە فەرماندەی کەرتەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لەگەڵ د. ئاری چارەسەرمان کرد، کۆڵەپشتێکی پێ بوو، بەڕاستی د. ئاری یەکێك بوو لە هەرە پیاوە ئازا و بوێرەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بواری تەندروستیی تیپەکانی ناوچەکانی هەولێر، من خوێنەکەم O+ بوو، بریندارەکەش پێویستی بە خوێن بوو، د. ئاری خوێنەکەی لێوەرگرتم و بوتڵێك خوێنم پێ بەخشی، لێردا بۆ خۆشی ئەمە دەگێڕمەوە:

"لای ئێمە کە کەسێك خوێنی دەبەخشی جەرگ و هەناویان بۆ دەهێنا، کەچی یەك قاپی گەورەی شلەی ساوەر بە تەماتەیان بۆ هێنام"، هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ هاتە ئەوێ گوتی کێ دەیبات بۆ سەرکردایەتی؟ واتە نەخۆشخانەی گشتی سەرکردایەتی ی.ن.ك لە بەرگەڵوو، گوتم من دەیبەم، گوتی باشە د. ئارام چاوەڕێت دەکەم و هەتا دەگەڕێیتەوە دەمانچەیەکیشت بۆ دادەنێم، لێرەدا بە ویژدانەوە شتێك دەڵێم ڕەنگە وتەکەم زانستی نەبێت: **"هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵی شاخ باس دەکەم، بەڕاستی پیاوێکە ڕەنگە مادەی ئەدرنالین لە لەشیدا نەبووبێت، کە غودەیەکە لەسەر گورچیلە دەڕژێ، ئەرکی ئەو غودەیە زۆرە یەك لەوانە کاتێك کەسێك تووشی شەڕ دەبێت کەسەکە دەترسێنێ و تووشی لەرزینی دەکات، دەم و چاوی سپی دەبێت و خوێنی زیاد بۆ دڵ دەچێت، ئەمە یەکێکە لەو بەرگرییانەی کە خودا دایناوە بۆ مرۆڤ، بۆ ئەوەی کاتێك زەبرێکت بەر دەکەوێت خوێنت لێ نەیەت، بۆ نموونە کاتێك گوللەیەك، یان چەقۆیەك بەر لەشت دەکەوێت و خوێنی لێ نەیەت و خوێنە پێویستەکە دەگەڕێتەوە بۆ دڵ و مێشك تا بیری پێ بکەیتەوە و فریای خۆت بکەویت، بۆیە وادەڵێم من بۆ خۆم هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵم بینیوە ئێمەی لە شوێنێکی پارێزراو داناوە و خۆی بە پێوە بووە و RBG بە فڕۆکەوە ناوە و فڕۆکە تەقەی لێ کردووە و هەر بە پێوە بووە، نە هاتووە بۆ لای ئێمە نە خۆی داوە بە زەویدا نە ڕای کردووە"**.

هەڤاڵ کۆسرەت مەفرەزەیەکی بە فەرماندەیی مامۆستا یاسین بۆ پاسەوانیکردنمان پێکهێنا، لێرەوە من بە بریندارەکەوە کە هەڤاڵ ئازاد بوو گوللەیەك بەر سەری کەوتبوو بۆ سەرکردایەتی بە ئۆتۆمبێلێك بەڕێکەوتین بوتڵێك خوێنم پێ دابوو، ئیدی موغەزیم بۆ هەڵواسی، دەرمانی ئەنتیبایۆتیکم پێدا، ویستمان بە ڕێگەی کۆیەدا بڕۆین، بەڵام جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە ڕێگاکەیان گرتبوو، ناچار گەڕاینەوە بەرەو زێی بچووك بە ڕێکەوتین و پەڕینەوە بۆ بەری خاڵخالان و چووین بۆ گوندی مۆردخواردە بۆ لای شەهید د.هادی و د.

محەمەد فەڕەنسی، کە ئێمەیان بەو شێوازە بینی کە بوتڵێك خوێنم دابوو، برسی بووم، ماندوو بووم، بە ڕێگەی مەترسیشدا هاتبووین، شەکەتیمان پێوە دیاربوو، د. هادی گیسکێکی بۆ سەر بڕین، هەروەها بوتڵێك خوێنی بە برینداره‌کە بەخشی، دۆخی برینداره‌کە باشتر بوو، لەوێ پیکابێکی تۆیۆتامان پەیدا کرد و بەرەو سوورقاوشان بەڕێکەوتین، لە ڕێگە تووشی دۆخێك بووین هێندەی نەمابوو ئۆتۆمبێلەکە لەسەر شاخێکی زۆر سەختەوە بکەوێتە خوارەوە بیرمە نیوەی ئۆتۆمبێلەکە کەوتبووە بۆشایی و لە کەناری بەربوونەوە بوو، کەچی وەستا، شۆفێرەکە خۆی فڕێدا، ئەوەی لەگەڵیشی بوو خۆی فڕێدا، من و برینداره‌کە ماینەوە، ئەگەر من خۆم فڕێبدابایە ڕەنگە برینداره‌کە بمردبایە، چونکە من موغەزییەکەم بە دەست گرتبوو خوێنەکە دەگەڕایەوە ناوی و دەمرد، بە سەرسڕمانەوە دەڵێم زۆر بە ڕێکەوت ڕزگارمان بوو، هەرچۆنێك بێت ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاکێشایە دواوە، تا ئەو نزیکانەش ڕێگەی ئۆتۆمبێل هەبوو، ئیدی دەبوو بە وڵاخ بڕۆین، ئێمەش شارەزاییەکی باشمان لە بارکردنی بریندار لەسەر هێستر هەبوو، گوازەرەوە (نقال)یەکی تایبەتیمان هەبوو، من کیسەی خوێنم پێ بوو لە سوورقاوشان بوتڵێك خوێنی دیکەم بۆ پەیدا کرد، کە لە هەڤاڵێکم وەرگرت بە ناوی تەڵعەت کە عەدەد جیهاز بوو، هەرچەندە ئەو هەڤاڵە خۆشی خوێنی کەم بوو، ئیدی لە گوندی تەلانەوە بۆ قەمچووغە پەڕینەوە، چووینە ماڵی کەسێك بە ناوی مام عومەر لەوێ نانمان خوارد و دوای چەند ڕۆژێك گەیشتینە گوندی بەرگەڵوو، من لەو ڕێگەیە بەردەوام فشاری خوێنی برینداره‌کەم دەگرت و موغەزی و دەرمانی پێویستم پێ دەدا، کە گەیشتین لە نەخۆشەکە ماندووتر بووم، ئەوکات ئەو پزیشکانەی لەوێ بوون بریتی بوون لە: د. شوان، د.خالید، د. موحسین، د. ئاکۆ، د. بەیان، د. مونسور و د. نەوزاد، هەموو لێی کۆبوونەوە و برینداره‌کەیان لێ وەرگرتم و منیش کەمێك ماندوویێتیم دەرچوو، من دڵم نەهات برینداره‌کە بە جێبهێڵم و شەو هەر لە هۆڵەکە مامەوە، هەرچەندە جلوبەرگی پزیشکی و هیچ پێداویستییەکی دیکەم پێ نەبوو، ویستم

ڕیشم بتاشم شەو بە لایتێکەوە لە پێشی نەخۆشخانەکە دەگەڕام بۆ لەتە موسێك تا بیدۆزمەوە و تەراشی پێ بکەم، کەسێك هات گوتی: (لیش تدور؟) بەڕاستی من زۆرم پێ سەیر بوو، دواتر زانیم کە سەربازێکی دیل بوو، لەبری زیندانی خزمەتی نەخۆشخانەکەیان پێ دەکرد و لە سەرگەڵووەوە خواردنی دەهێنا بۆ بەرگوڵوو، ئیدی ئەو پارچە مووسێکی خۆی پێدام و ڕیشم پێ تاشی.

بەمجۆرە من لەوێ مامەوە و ئاگام لە نەخۆشەکان دەبوو، یەك لەوانە هەڤاڵ مامە ڤالە بوو، دواتر لە شەڕێکدا حکومەت لە زێوە کیمیایی بە سەر خەڵکدا ڕژان، بریندارێکی زۆر هات، ئێمەش جێگەمان کەم بوو، چونکە نەخۆشخانەکە تەنها یازدە قەرەوێڵەی نەخۆشی هەبوو، بۆیە د. شوان پێی ڕاگەیاندم ئەو بریندارەی هێناوتە دۆخی باشترە پێویستە بیبەنەوە، ئیدی من ویستم بمێنمەوە د. شوان گوتی پێویستە خۆت لێرە بمێنیتەوە، گوتم من ناتوانم چونکە هەڤاڵ کۆسرەت پێی گوتووم بگەڕێمەوە و بەڵێنیشم پێداوە، گوتی من خۆم جیهازی بۆ دەکەم، چونکە ئێمە پزیشکی کەرکووکی و سلێمانی و بەغدادیشمان لەگەڵە پێم خۆشە خەڵکی هەولێریشمان لەگەڵ بێت، جیهازی بۆ هەڤاڵ کۆسرەت کرد و من لە بەرگەڵوو مامەوە، پێکەوە خزمەتی نەخۆش و بریندارمان دەکرد، ئەو بریندارەی کە خۆم هێنابووم بەداخەوە لە گەڕانەوەدا بەرەو دەشتی هەولێر بەهۆی جووڵەیەکی هەڵەوە شەهید بووبوو، کە برینەکەی سەخت بوو، چونکە گوللە لەسەریدا بوو، نەدەبوو هەندێك جووڵە بکات، هەرچەندە من پێشنیاری گواستنەوەیم بۆ ئێزگە کرد کە نزیکی خۆمان بوو، چەندین بریندار دیکەی لێ بوو، بەڵام گوتیان دەیبەینەوە.

بەڕاستی لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە بەرگەڵوو بۆ من بووە زانکۆیەك، پێش هاتنم بیستبووم کە دوو دکتۆری لێیە بە ناوەکانی د. شوان و د. هەڵۆ ناوی تەواوی د. هەڵۆ (ئەدیب محەمەد عەلی) بوو خەڵکی بادینان بوو جەراح بوو) کە ناوبانگی ئازایەتییان هەبوو، هەرچی د. شوان بوو زۆر جدی بوو، هەروەها د. خالید، د. موحسین، د. ئاکۆ و د. نەوزاد زۆر حەزیان

دەکرد من بمێنمەوە، هەڵە نەبم هەر ئەوانیش بە د. شوانیان گووتبوو با بمێنێتەوە، چونکە خزمەتی هەموو نەخۆشەکانم دەکرد، زۆرجار پیسایی ژێر نەخۆشەکانم پاك دەکردەوە، نەخۆش هەبووە لە کاتی پاککردنەوەی ژێری لێی داوم، پێی گوتووم بۆ ئەزیەتم دەدەی، کە بە گیانێکی وەرزشییەوە وەرم دەگرت، ڕۆژێك چووم بۆ دەروازەی نەخۆشخانەکە کە هەر دەرمانێکت ویستبا لەوێ دەتهێنا حەزم لەوێ بوو کاتی خۆی لەو بەشە کارم کردبوو، لە کاتی پێویستی دەبوو ١٥ بۆ ٢٠ خولەك بگەڕێی تا بیدۆزیتەوە، بینیم شوێنەکە شپرزە، پێم باش نەبوو، ئەو کوڕەی کە لەوێ بوو ناوی مەحموود بوو، پێم گوت کە هەندێك کارتۆن و کاغەز و تیانووسی تۆمار (سجل) و پێنووسی ماجیکم بۆ پەیدا بکات.

دوای ئەوەی بۆی پەیدا کردم، هەموو دەرمانەکانم هێنایە دەرەوە، بەردم هێنا بۆ ژێریان وەکو ڕەفە دروستم کرد، بۆ ئەوەی کە ئاو هاتە ژوورەوە نەگاتە کارتۆنەکان کە کۆگای دەرمانی سەرەکیمان بوو، ئیدی هەموو دەرمانەکانم دانا، چەند قەرەوێڵەیەکی ئاسنمان هەبوو ئەوانیشم هێنا تا دەرمانیان لەسەر دابنێم، هەموو دەرمانەکانم ژمارد و ڕێکم خستن، ڕۆژی بەسەرچوونەکەیان و ژمارە و جۆرم لە تیانووسی تۆمارەکەدا نووسی و هاتمەوە، دوو سێ ڕۆژ دوای ئەوە د. شوان دەیبینێت ئەو کۆگایە زۆر بەجوانی ڕێکخراوە، هات گوتی ئەوە کێ وای لێ کردووە، گوتیان ئارام کردوویەتی، بانگی کردم گوتی ئەوە تۆ ئەنجامت داوە؟ گوتم بەڵێ، گوتی کێت لەگەڵدا بوو؟ گوتم هەموومان بووین پێکەوە، گوتی نا ئەوە تەنها کاری خۆتە، لەمەودوا من پەیوەندیم بە دەرمانەوە نییە، تۆ لێپرسراوی دەرمانی شۆڕشی، بەڕاستی ئەوە بۆمن شانازیی و متمانەیەکی گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی حەز دەکەم لە سڕکردن (تخدیر)یش کار بکەیت، کە د. ئاکۆ لەوێ کاری دەکرد، سڕکار (مخدیر)ێکی زۆر باش بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، د. نەوزادیشی لەگەڵ بوو، ئیدی من لەگەڵ د. ئاکۆ دەستم پێ کرد، کاری سڕکردنم ئەنجام دەدا، شارەزاییم پەیدا کرد، هێندەم نەمابوو بە تەواوی فێر ببم، ڕۆژێك هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ هات زۆری خۆش

دەویستم و گوتی چی دەکەی لە کوێ کار دەکەی؟ گوتم لە سڕکردن، گوتی باشە خۆت بە تەواوی فێر بکە و دەچینەوە لە مەلەکان نەخۆشخانەیەك دەکەینەوە و وەرەوە بۆ ئەوێ، کە د. شوان گوێی لەو قسەیە بوو زۆری پێ ناخۆش بوو حەزی نەکرد من بچمەوە، بۆیە منی لە بەشی سڕکردنەوە گواستەوە بۆ پاککردنەوە (تعقیم)، تا فێر نەبم و نەگەڕێمەوە.

نەخۆشخانەکە پێکهاتبوو لە هۆڵێکی نەشتەرگەری، کە نەشتەرگەری گەورەمان دەکرد، هۆڵی خەوتنی نەخۆش و بریندار، ئامێری بێهۆشکاریی و تیشك بە سکرینەوە، لەگەڵ بەشی تاقیگە و بەشی ددان، ئەوەی لەوێ کاری دەکرد بەتەواوی کەسی بیناکراو ڕاهێنراو و شارەزابوو، ئەرکەکان بە نۆرە بوو، بەڵام کاتێك بریندار دەهات ئیدی هەموو پێکەوە دەچووینە سەری، چەندین جار هەبووە لەسەر خوێن بەخشین بە بریندار بووە بە کێشە، ئەو دیگوت من خوێن دەبەخشم، ئەم دەیگوت من خوێن دەبەخشم، ئەو گیانی هاوکاریی و دڵسۆزییە هەبوو.

ئێمە سێ کچیشمان لەگەڵ بوو کە لە دوای ئاشکرابوون لە ڕێکخستنەوە هاتبوون ئەوانیش: (گەشاو، دابان و سابات)، کە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبوو، ئەو ماوەیەشی لێپرسراوی بەشی دەرمان بووم هەڵسام هەموو دەرمانەکانم کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیم برد لە شوێنێکی دیکە لە ژێر شاخێك شاردمانەوە، تا لە ئەگەری لێدان لە نەخۆشخانەکە بە فڕۆکە لایەنی کەم نیوەی دەرمانەکانمان پارێزراو بێت، کاتی خۆی من فیلمێکم بینی بوو باسی شەڕی یوگسلافیای دەکرد، لە فیلمەکە بینیم دکتۆرەکان دوای بەکارهێنان لەفاف و گۆز دەشۆنەوە و دووبارە بەکاری دەهێننەوە، من بانگی گەشاو و دابان و ساباتم کرد لەفافە کۆنەکان کە بە خوێنەوە بوو بیشۆینەوە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە، دوای شۆردن و وشککردنەوە، پاك (تعقیم)مان دەکردەوە، ئەمە بۆ ئەوەبوو نەبادا تووشی شەڕێکی درێژخایەن ببین و گەمارۆ بدرێین و هیچمان بەدەست نەگات، ئیدی من بە درێژایی ساڵی ١٩٨٧ لەوێ مامەوە.

شەڕەکان زۆر بوون و لە هەموو مەڵبەندەکان برینداری زۆرمان بۆ دەهات، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی بریندار بە ناوی هەڤاڵ کەمال برای حەمە عەلی بوو کوڕی حاجی مەحموودی گەلاڵی بوو چەند گوللەیەکی دۆشکە بەر پێی کەوتبوو پێویستمان بە پلێت و بوڕغوو هەبوو، بوڕغوومان نەبوو، پوورێکی لەگەڵ بوو بە ناوی باجی ئایشێ، پێمان گوت بچۆ لە سلێمانی بوڕغوو بهێنە، چوو لە ڕێگە دەست بە سەر کرا و ئەنفال کرا، چووم لە وەرشەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە لای هەڤاڵ ڕزگاری لێپرساوی وەرشەکە، ئەو بورغووەم هێنا ئەوەی کە داری پێ دەبەستی، ژەنگاوی بوو، ژەنگەکەمان لێ کردەوە و بەکارمان هێنا و قاچی ئەو پێشمەرگەیەمان پێ گرتەوە، بەشێوەیەکی کاتی بۆمان کرد، تا دەگاتە ئێران، بەڵام گەیشتبووە ئێرانیش هەر لێی نەکردبووەوە لەوێ چوو بوو بۆ پاکستان -کە لەوێوە دەچوون بۆ ئەوروپا- لەوێ هەوی کردبوو، کە دەیکەنەوە دەبینن بورغووی داری تێدایە، پێیان گوتبوو تۆ لە چ جەنگەڵستانێك هاتووی! ئێمە بەو شێوەیە کاری گەورەمان دەکرد، ڕەنگە زۆر کەس بڕوا نەکات.

ئێمە بێ جیاوازی خزمەتی پێشمەرگە و هاووڵاتیمان دەکرد، هەروەها چارەسەری بریندار و نەخۆشی پارتەکانی دیکەمان دەکرد، بۆ نموونە پێش ئەوەی من بچم بۆ بەرگەڵوو هەڤاڵ سامی عەبدولڕەحمان لەسەر هێسترێك کەوتبووە خوارەوە و قاچێکی شکابوو هێنایان بۆ بەرگەڵوو لەوێ نەشتەرگەری بۆ کراوە و چارەسەر کراوە، لە پەرتووکەکەیدا بە ناونیشانی (الجولة في الارض المحروقة) ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە و باسی ڕۆڵی کارای د. شوان و هاوڕێکانی دەکات، جارێکی دیکە کە خۆم لەوێ بووم، سامی عەبدولڕەحمان هات بۆ لامان گوتی: "من تەنها دەتوانم یەك شتتان پێشکەش بکەم ئەویش فرمێسکی خۆشییە، کە ئێوە کۆمەڵێك گەنجن لە ناو ئەو شاخەدا و لە خانوویەکی گڵدا، لەو شوێنە سەختە نەشتەرگەری ئەستەم و گەورە دەکەن".

بۆیە ئێمە ئەوەندە بە دڵسۆزی کارمان دەکرد، تەنانەت یەك نەخۆش نەبوو لە نەشتەرگەریکردنیدا سەرکەوتوو نەبین، یان برینەکەی هەو بکات، هاووڵاتی هەبوو هەشت بوتڵ ئۆکسجینمان بۆ بەکارهێناوە، لێرەدا پێویستە ڕۆڵی پارتەکانی ئێران زۆر گرنگ هەڵبسەنگێنین لە پەیداکردنی دەرمان و ئۆکسجین بۆ نەخۆشخانەکەی ئێمە، هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستن و کڕین و ڕێکخراوەکانەوە دەرمانمان بۆ ڕەوانە دەکرا، ح.د.ك نەخۆشخانەیەکیان هەبوو ناوی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ بوو، لە کانی مێو لە نێوان گەڕەدێ و گەورەدێدا بوو لە دۆڵی جافەتی، ئەوان دەچوون لە سلێمانی ئۆکسجینیان بۆ نەخۆشخانەکەی خۆیان دەهێنا، منیش شەو دەچووم بێ ئەوەی کەس بزانێت بە ئۆتۆمبێلێك دەمانهێنا بۆ نەخۆشخانەکەی خۆمان، جاری وا هەبووە دەچووم سێتی نەشتەرگەریم لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ دەهێنا، ئەمەش بۆ مێژوو دەڵێم، هەڤاڵ مام جەلال بە شێوازێکی زۆر سەرسڕهێنەر (ی.ن.ك)ی بە گشتی و ئەو نەخۆشخانەیەی بە تایبەتی بەڕێوە دەبرد، د. شوان کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو زۆر لێهاتوو بەدەستوبرد بوو، جگە لەوەی چەندین دکتۆری دیکە ڕۆڵی زۆر کارایان هەبوو لەوانە د. هەڵۆ، د. هێرش و د. دلێر، شایەنی ئاماژەیە د. دلێر پزیشکی ح.ش بوو لە لای ئێمە دەمایەوە.

بۆ تێگەیشتن لە شێوازی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکە نموونەیەك باس دەکەم: **"ئێمە لە نەخۆشخانەکە جاری وا هەبوو پزیشکی پاسدارانمان بۆ دەهات، هەمان کات برینداری (ح.د.ك)یشمان بۆ دەهات، کارێکمان دەکرد پزیشکی پاسداری ئێرانی نەشتەرگەری بۆ پێشمەرگەیەکی ح.د.ك بکات بێ ئەوەی بزانێت و هەستی پێ بکات، هاوکات واشمان کردووە پزیشکێکی ح.د.ك برینداری پاسداری ئێرانی چارەسەر و تیمار بکات، بێ ئەوەی بزانێت ئەمە لە ڕاستیدا پاسدارێکی ئێرانییە، هەرچی میوانییە جاری واهەبوو لە ژوورێك میوانێك، یان نێردەیەکی ح.د.ك لە ژوورێك دانیشتوون و لە ژوورێکی دیکە میوان، یان**

نێردەیەکی سوپای پاسداران دانیشتوون"، لە ڕاستیدا ئەمە بوو شێواز و هونەری بەڕێوەبردنی ئەو نەخۆشخانەیە.

کاری گەورەمان دەکرد، پێش من قاچی شەهید ملازم کەریمیان بە مشار بڕیبووەوە، لە ١٩٨٨/٣/١٤ تۆپبارانێکی زۆر لەسەر بەرگەڵوو بوو، هەڤاڵ جەبار هاتە لامان گوتی ئێوە تیادەچن، با نەخۆشخانەکە بکەین بە دوو بەشەوە بۆ ئەوەی هەمووتان لە دەست نەدەین، ئێوە سامانێکی نەتەوەیین، ئیدی نیوەمان ڕەوانە کراین، د. هەڵۆ، د. هێرش، د. محسن، د. ئاکۆ و من ماینەوە، ئامێرەکانمان کۆ کردەوە، گوندێك هەبوو ناوی کانی شینکە بوو، لەوێ دامان نان، تا لە ئەگەری گرتنی بەرگەڵوودا ئەوانەی ئەوێ بگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکە و نەخۆشخانەیەکی دیکەی پێ بکەینەوە، لەو کاتی گواستنەوەیە برینداریکمان بۆ هات لەو کاتەی کە هیچمان نەمابوو، بریندارەکە پێشمەرگەیەك بوو بە ناوی کەمال لە تیپی ٥٥ی حەمرین، گوللەیەك بەر سکی کەوتبوو، دەبوو نەشتەرگەری بۆ بکرێت، ئێمەش لەسەر ڕۆیشتین بووین، یان چواردە، یان پازدەی سێ بوو، بێ هیچ شتێك برینەکەمان کردەوە و دەستمان کرد بە نەشتەرگەری بۆی، شتێکی هەیە پێی دەڵێن (ئەمبوباك) هەناسەی ئاسایی پێ دەدا بەس ئەوەمان لابوو، لەگەڵ ئەمپولێکی پاڤیلۆن و پەسیدین هەرچەندە مادەی بێهۆشکردن نییە، بەس کەمێك ئازار کەم دەکاتەوە، ئێمە بێ نایترۆن ئۆکساید و ئۆکسجین و سڕکردن ئەو نەشتەرگەرییەمان کرد، ئێستا بە هەر پزیشکێك بڵێیت بڕوا ناکات، کە گوللەیەك ڕیخۆڵەکانی بڕی بوو دووریمانەوە و پاکمان کردەوە، هێستریکمان هێنا و سەرمان خست و بەڕێمان کرد و ئیدی دوای سێ چوار مانگ کە چوو بووینە سەقز ئەو پێشمەرگەیەم بینییەوە پیاسەی دەکرد و باش بووبوو کێشەی نەبوو، کە ڕەنگە لای زۆر کەس جێگەی بڕوا نەبێت.

سێ جاریش بە کیمیایی بەرکەوتبووم دوو جار لە بەرگەڵوو جارێکیش دواتر لە شاناخسێ، ئەوکات ڕێکخراوێك هەبوو ئەڵمانی بوو نزیکەی ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ ماسکی بۆ

هێنـابووین، ئێمـەش بەکارمانـدەهێنا، هـەروەها هەنـدێك لـە پێشـمەرگەکانیش ماسـکیان هەبوو، ڕۆژێك چووین لە ژێر زەویدا ژوورێکمان دروست کـرد لـە دووری ٥٠٠ بـۆ ٦٠٠ مـەتر ژوورێکی نەشتەرگەری بوو، بۆ دۆخی لە ناکاو هەتا ئەگەر تۆپبارانیش کراین پـارێزراوبین، نۆرەی من بوو بچم ڕێگاکە پاك بکەمەوە، بینـیم تۆپبارانـە، بـەڵام تۆپەکـە نەدەتەقییـەوە، زانیمـان کیمیاییـە، جار جار تۆپبـارانی دەکـرد خـەڵك دەچـوونە کونـەکان ئینجـا کیمیـایی لێدەداین، خەڵك ناچـار دەهاتـەدەر و ڕووە و بـەرزی ڕایـان دەکـرد، چـەندین پێشـمەرگەمان بـەو شـێوەیە شـەهید بـوو، بیرمـە جارێـك تـۆپ دای لـەو ژوورەی کـە هـەڤاڵ نەوشـیروان مستەفای تێدا دەمایەوە، بەڵام پێشی پێنـج خولەك بۆ دەست شۆردن چوو بووە دەرەوە، کـە هەڤاڵ ئەمیر لەوێ شەهید بوو، هەڤاڵ مەحمود سێدەری و کوڕەکەی لەوێ برینداربوون.

ئیدی دوای ئەوەی حکومەت سێ جار بە کیمیایی لـە بەرگەڵوویـدا ئێمـە پاشەکشـەمان کـرد، لێـرەدا بەسـەرهاتێکی خـۆش دەگێڕمـەوە: لـەو زسـتانە کـە بـەفرێکی زۆر کـەوتبوو پاسدارەکان پووتیـان بـۆ هێنـابووین پێـی مـن و د. هـەڵۆ چـل و یـەك بـوو، د. هـەڵۆ چـل و پێنجی بەرکەوت، زۆر گەورە بوو، لە ڕێگە هـەر دەیگـوت کاکـە مـن ئێسـتا پووتەکـەی خـۆم دەگۆڕم، کە چووینە گوندی یاخیان و گۆمەزەڵ دەبینـم پووتەکـەی مـن نـەماوە، گـوتم کـاك دکتـۆر لـەو هـەموو خەڵکـە تـۆ ئـەوەی مـن دەبـەیت، ئیـدی بـەرەو سـیتەك و شاناخسـێ بەڕێکـەوتین، کـە گەیشـتینە شاناخسێ پێشـمەرگەکان باوەشـیان پێـداکردین، زۆر ڕێزیـان گرتین و لەوێ ماینەوە، هەرگیز ئەو هەڵوێستەم لـە یـاد ناچێت هـەموو دەگریـان، چـونکە بیستبوویان ئێمە هەموومان پێکەوە شەهید بووین.

لە ١٩٨٨/٢/٢٢ کاتژمێر سێی بەرەبەیان من پاسەوانی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بووم، لـە ئاسمانەوە گـوێم لـە دەنگێکـی زۆر بـەرز بـوو، هـەڤاڵان کۆبوونـەوە گوتیـان ئـەوە ڕاجیمەیـە بینیمان بەرەو هەڵەدن و یاخسەمەر دەڕۆیشت لە ماوەی سێ کاتژمێردا سێ سەد برینـداری چەکی کیمیاییمان بۆ هات هەمووی بـە گـازی خـەردەل و گـازی سـارین و هـی پارچـە بـوون

بەرکەوتبوون، ئێمە خۆشمان بەهۆی هەناسەی ئەوانەوە تووش بووین، ئیدی بە ئاوی گەرم دەمانشتن و ئەترۆپینمان لێ دەدان و دڵۆپەمان بۆ چاویان بەکاردەهێنا، شڵەژانێکی زۆرمان پێوە دیاربوو، دواتر گوندی ئۆمەر قەومی گرتەوە، فریاکەوتنی ئەو هەموو بریندارە زۆر ئەستەم بوو، هێندە بەپەلە بووین هەڤاڵێکمان لەبری ئەترۆپین، ئەدرنالینی بۆ چەند نەخۆشێك بەکارهێنا، کە یەك شێوەیان هەبوو بەس ناوەکەیان جیاواز بوو، ئەو دەرمانە بەپێچەوانەوە دۆخی نەخۆشەکە لەبری باش بوون خراپتر دەکات، پاش کەمێك وریا بووینەوە کە بەهەڵە بۆ چەند نەخۆشێك بەکارهاتبوو، دواتر چارەسەرمان کرد، ئیدی هەڤاڵانی ئەو دیوی ئێران هاوکارییان کردین، هەندێك لە بریندارەکانمان ڕەوانەی ئێران کرد، هەروەها چەند کەسێکیان لێ شەهید بوون، بۆیە لە ٢/٢٢ هەتا ٣/١٦ شەڕێك کرا وێنەی نەبوو، من ئێستا قسەیەك دەکەم ڕەنگە زانستی نەبێت، هەرچەندە زۆر (متدین) نیم، بەڵام هەندێك پابەندی ئاینییم هەیە، دەڵێم هەر پێشمەرگەیەك دوو فریشتەی لەگەڵ بوو ئەگەر نا، هیچ کەس ڕزگاری نەدەبوو، ٢٤ کاتژمێر تۆپباران لەسەر چیای دابان بوو، کەچی ڕۆژی دواتر یەك بۆ دوو بریندارمان هەبوو، بەڵام دۆخمان زۆر خراپ بوو، دوای چوونمان بۆ سەقز ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی هاوڕێم بینی، لێم پرسی ئەرێ ئەوە چۆن توانیتان لەسەر چیای دابان بمێننەوە لە کاتێکدا ٢٤ کاتژمێر تۆپبارانتان لەسەر بوو؟ گوتی من ڕۆژێك بەتەنیشت نەخۆشخانەکەی ئێوەدا ڕۆیشتم و بینیم لە دۆڵەکە تاوەیەکتان فڕێداوە، هەڵم گرتبوو، لە شەڕەکەش ئارد و ڕۆنم پێ بوو ئیدی بەو تاوەیە خەنی بووم، بۆ خۆم هەر ناوساجیم دەکرد و دەمخوارد، منیش بیرم کردەوە کاتی خۆی نەخۆشێکمان هەبوو پیرێژنێکی پەککەوتە بوو گوللەی بەر کەوتبوو، پیسایی دەکردە ژێر خۆی، ئێمەش ئەو تاوەیەمان لە ژێری دانا تا پیسایی تێ بکات، دوای ڕۆیشتنی ئەو تاوەیەمان فڕێدایە ئەو دۆڵەوە چونکە بە کەڵکی بەکارهێنان نەمابوو، ئیدی ئەو هاوڕێیەم هەڵی گرتبووە بۆ ناوساجیکردن لە شەڕی دابان بەکاری هێنابوو.

لێرەدا دەمەوێت باسی د. شێرکۆ بکەم کە خەڵکی ژاراوەیە، لە بەری مەرگە و سێروان بـوو لـە گونـدی سـێروان نەخۆشـخانەیەکی هـەبوو، نـەخۆش و برینـداری هـەموو ئـەو ناوچەیەی لەسەر شان بوو، لە ئەنفالی یەکدا لـە ١٩٨٨/٢/٢٢ حکومـەت بـە پێـنج فەیلـەق و چـەندین فـەوجی جاشـەوە چـواردەوری دۆڵـی جافایەتیانـدا، لـە ٣/١٠ هێرشـەکان چـڕتر بوونەوە، لە قۆڵی بەری مەرگە و سێروان و لە قۆڵی دابان هەلاج و لە قۆڵی کارێزەوە هـاتن، مەکتەبی عەسکەری ی.ن.ك لەوێ بوو ئەوکات مـلازم عەمـەر بەرپرسـی بـوو، د. شـەماڵیش لەوێ بوو، لـە کـاتی پاشەکشـە لـە دەوروبـەری ٣/١٥ گونـدێك هەیـە بـە نـاوی کـانی تـوو، بـە خەتی گوندی کانی شینکەدا سەرکەوتبوون هەورازێکە لای کانی شینکە و کـانی تـوو حـەفتا کەسیان لە سەرکەوتن بە سەر ئـەو هـەورازە بـەفرەدا کـە بەسـتبووی ڕەق بوونـەوە، کاتێـك سەرکەوتبوون خزیبوون بە تەقلە بەرەو خوار هاتبوون لەو کەوتنە خوارەوەیە سەریان بەر بەرد کەوتبوو شـەهید بووبـوون، بـەڵام خۆشـبەختانە د. شـەماڵ کیسـە خـەوی پـێ بـووە و خورمای پێ بووە، دوو بۆ سێ ڕۆژ لە ژێر بەفرەکەدا شوێنێکی بـۆ خـۆی کردبـووەوە و ڕەق نەبوو بووەوە، لەو بەفرە مابووەوە، ئێمە وامانزانی ئەویش لە شەهیدەکانە و ڕەقبووەتـەوە و زۆر بۆی بە داخ بووین، کاتێکیش خۆی گەیاندە شاناخسێ، ئیدی زۆر دڵخۆش بـووین، کـە زیندووە.

مـن لـە شاناخسـێ ویسـتم سـەرێك لـە د. هـادی بـدەم، چـونکە هاوڕێیـەکی زۆر خۆشەویستم بوو، لە شوێنێك بوو ئاوێك لە نێوانمان بوو، پاش نیوەڕۆیەك بوو هەرچـەندە کەش سارد بوو، بەڵام کە تیشکی خۆرەکە لە تاشەبەردەکانی دابوو کەمێك گـەرمی کردبـوو، من کە ویستم بپەڕمەوە و بچم بـۆ لای د. هـادی لـەو چـەمە دەسـت و دەموچـاوم شـت، کـە هەستم بە گەرمایی تاوێرەکان کرد خەیاڵی ئەوەم بۆ هات کە کەمێك لەسەر تاوێرێك پشوو بدەم، ئیدی بە خەیاڵی کەسـوکارم وەنەوزێکمـدا و سـەرخەوێکم شـکاند، لـەناکاو بـە دەنگـی گرمەیـەکی بـەرز بـە ئاگاهاتمـەوە، هەڵسـام و هەسـتم بـە بـۆنی سـیر و سـێو کـرد، زانـیم

کیمیاییـە، بەداخـەوە د. هـادی و چـەندین پێشمەرگەی دیکـەی شـەهید کـرد، بریـنـدارێکی زۆرمـان لـەوێ چارەسـەر کـرد، ئـەو ڕووداوەی کـە لـە مـردن گەڕامـەوە وەك یاداشـتێك بـە ناونیشانی (**وەنەوزێك لە کەناری مەرگدا**) نووسیومەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆك و ڕۆمان خولیای منە و لەو بوارەدا دەخوێنمەوە.

کاتێك پاشەکشەمان کرد بۆ ئێران لە ناوچەی بانە و سەردەشت، لە نێوانی سەردەشـت و قاسمەڕەش بە تراکتۆر و عەرەبانەیەك ئێمە و جەماعەتی ڕاگەیاندن و ئێستگە ٣٥ کـەس بـووین سـەرکەوتبووین، لای گونـدی کـانی زەر عارەبانەکـە وەرگـەڕا، بـەڵام خۆشـبەختانە زیانێکی قورسمان نەبوو، بیرمە تەنانەت من شوێنی سەرکەوتنم نەبوو دۆشەکێکم لە پێشی شۆفێرەکە دانا لەسەر تراکتۆرەکە نزیکی ئاگرجۆزەکەی، چۆن لەسەر وڵاخ دادەنیشی ئـەوها هـەر قاچـێکم بـە لایەکـدا شـۆڕکردبووەوە، پارچـەی دۆشـەك بـوو یـان قـایش بـوو لـە ئاگرجۆزەکەم ئاڵاندبوو دەستم پێوە گرتبوو، بۆیە ئێمە بە هـەموو مەکتـەبی سیاسـی یـەك لاندکرۆزەرمان هەبوو، هەڤاڵ مام جەلالیش یەك لاندکرۆەری هەبوو، هـەڤاڵ دلێـری سـەید مەجید یەك جێبی هەبوو پشتەکەی چادر بـوو، لەگـەڵ یـەك تراکتـۆری جـۆری عەنتـەری مۆدێل سـاڵی ١٩٨٠، ئـەو حیـزب و شۆڕشـە گەورەیـە ئـەوها بـەڕێوەدەبرا، زۆر جـار مـن بـەو جێبە دەچووم لە کرماشانەوە دەرمانم بۆ ناوزەنگ پێ دەهێنا.

دواتـر لـە شاناخسـێوە چـووین بـۆ بانـە و سـەقز گوتیـان هـەڤاڵ نەوشـیروان مسـتەفا دەیەوێت لە سنووری هەڵەبجە نەخۆشخانەیەك بکاتـەوە کـێ دەچـێت؟ گوتیـان د. دانـا و د. ئارام بـا بچـن، پێکـەوە چـووین لـە گونـدی جەلیلـە نەخۆشخانەیەکمان دانـا، دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـووەوە کـە حکومـەت دەیـەوێت ئـەو ناوچـانە بگرێتـەوە، ئێمـە نەخۆشـخانەکەمان بـۆ گوندی هاوار گواستەوە دواتر بۆ گوندی دەرەتـوێ، ئـەو دەرمانـەی کـە هـەمان بـوو بـە ولاخ گواستمانەوە، هەموو کات لە هەر هێسترێك سێ فەردەمان بـار دەکـرد، فەردەیەکیشمان دەدا بە کۆڵماندا، ڕۆژێك لە گوندی دەرەتوێدا دەڕۆیشتم هـەورازێك هەیـە پێـی دەڵێن هـەورازی

گاکوژە، زۆر سەختە، لەوێ هەرچۆنێك بێت زۆر بەئەستەم بە هێسترێك بە سێ فەردە دەرمانەوە، فەردەیەکیش بە کۆڵی خۆمەوە سەرکەوتم، لە شۆڕبوونەوە بۆ گوندی قوڵاگەی دیوی ئێران، نشێوێکی زۆر سەختتر هەبوو، بەڵام شارەزای بووبووم، بەرەو خوار بە هێسترەکەوە کەوتمە ڕێ، کلکی هێسترەکەم گرتبوو تا نەخزێ، خۆیشم وردە وردە لەگەڵی دەچوومە خوارەوە، کابرایەك هەبوو خەڵکی هاوار بوو ناوی مام هادی بوو لە گوندی قەڵاگەوە دەهاتەوە کەمێك باری دەروونی تەواو نەبوو، هەمیشە پێ دەکەنی، هات و گوتی دکتۆر ئارام وەزعت چۆنە دەنگوباس چییە؟ منیش گوتم تەماشای ناو دەستم بکە کلکی هێستر لە ناو دەستی دکتۆر بێت دەبێ وەزع چۆن بێت!

ئیدی نەخۆش دەهاتنە لامان، ڕۆژێك ژنێك هات بۆ لامان پاش مانگێك لە کیمیاباران تەنها جلی بەرکەوتەی کیمیایی لەبەر کردبوو، هەموو لەشی بووبوو بە کیمیایی، لەوێ دەرمانم پێدا، شەوێك لە گوندی دەرەتوێ ئەوەندە ماندوو بووم، زۆریش تاریك بوو ڕاست لە شوێنی خۆم پاڵکەوتم بخەوم دەستم بەر بەرزییەك کەوت وەك گردێك وابوو گونجاو بوو بۆ ئەوەی لەبری سەرین سەر بخەمە سەری، منیش سەرم لەسەری دانا و خەوتم، کە سبەی هەڵسام بینیم گۆڕی منداڵێکە، واتە گۆڕ لەوێ ئەوەندە زۆر بوو.

ڕۆژێك لە دەرەتوێ لە ژێر دارگوێزێك پیاوێك هات ناوی حەمەسەعید بوو (باوکی هەڤاڵ حەمەی حەمەسەعید) کچێکی خۆی پێ بوو ناوی کوێستان بوو، تووشی ئازارێکی زۆری گورچیلە بووبوو، لە تاو ئازار تەقڵی دەدا، منیش دەرزیم بۆ کرد و موغەزیم بۆ هەڵواسی و بە بزمار لە دار گوێزێکمدا، بۆ سبەی باشتر بوو، باوکی گوتی دکتۆر ئارام خۆت دەزانی دۆخەکە خراپە ئەگەری هێرشی حکومەت هەیە بۆ ئەم ناوچانە، ئەگەر هێرشی کرد ئاگاداربە کەس نابێت بە برای کەس، من یەك نهێنیت پێ دەڵێم، بەو مەرجەی نابێت بە کەسی بڵێیت، گوتم باش، گوتی ئەگەر کەوتیتە ئەو دیوی ئێران بڵێ من ڤاڵخانیم، واتە (کاکەیی)، ئەگەر لێشیان پرسی چۆن تۆ کاکەییت، بیسەلمێنە؟ من ئەو وەڵامەت پێ دەڵێم

یەکسەر بڕوا دەکەن کە تۆ کاکەییت، لە ڕاستیدا نهێنییەکە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو نهێنییە بە کەس نەڵێیت، گوتم باش، ئیدی نهێنییەکەی پێ گوتم، بەڵام من لێرەدا نایڵێم، چونکە بەڵێنم پێدا، بۆیە لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە ئەو نهێنییەی پێ گووتوم، تا ئێستا من بە کەسم نەگووتووە و بە کەسیش ناڵێم و لەگەڵ خۆم دەیبەمە ناو گۆڕەوە.

ئەو ماوەیەی لەوێ بووین سێ مانگی خایاند، دواجار من لەسەر ترۆپکی گاکوژە بووم هێلیکۆپتەرێك بۆم نزم بوویەوە، ئەو کۆڵەپشتە دەرمانەی کە پێم بوو فڕێمدا و هەر ئەوەندە توانیم خۆم ڕزگار بکەم، دواتر بەرەو ناوچەی جوانڕۆ بەرێکەوتین دواتر بۆ سێلاسی باوەجان لە ملەی ئاوارە کە سەر بە جوانڕۆ بوو ماینەوە، تا ڕاوەستانی شەڕی عێراق–ئێران لە ١٩٨٨/٨/٨ ماینەوە، دواتر پێیان ڕاگەیاندم لە ناوچەی قەندیل شەڕە و حکومەت هێرشی کردووە و پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، ئیدی لەگەڵ هەڤاڵ دانا و هەڤاڵ هەندرێن گەڕاینەوە، لەوێ تووشی د. هەڵۆ بووین، گوتی ئێوە تازە هاتوون نابێت ئێوە وا زوو یەکسەر بگەڕێنەوە.

دواتر گەڕاینەوە دیوی باشووری کوردستان، لە مەڵبەندی دوو لە گوندی بلەکێی سەر بە شارەدێی ئارماوا لای شاخی چەمپاراوا نەخۆشخانەیەکمان دانا، د. جەبار عەبدول نەریمانیش لەوێ بوو، دواتر لەوێوە بۆ قاسمەڕەش و پاش ماوەیەك گەڕاینەوە بۆ گوندی قوڵەهەرمێ کە نەخۆشخانەیەکی کۆنی شۆڕشی لێ بوو کە لە ساڵی ١٩٨١ دامەزرابوو، ئاوەدانمان کردەوە، بەڵام زۆر لەوێ نەماینەوە، دواتر هاتینە زەڵێ و ناوزەنگ و نەخۆشخانەیەکمان کردەوە، بەتەواوی لەسەر سنووری عێراق–ئێران بە جۆرێك تەنها جۆگە ئاوێك نێوانمان بوو.

لەوێ من و د. شێرکۆ و د.خالید بۆ شوێنێك دەگەڕاین ئاوی هەبێت، د. شێرکۆ گوتی من دەزانم کانی لە کوێ هەیە، بگەڕێم دەیدۆزمەوە، ئیدی زۆر گەڕاین نەماندۆزیەوە، من کەمێ دوور کەوتمەوە هەتا میز بکەم، لەو کاتەدا شینکاییەکم بینی گوتم د. شێرکۆ وەرە،

گوتی چییە؟ گوتم تەماشا ئەوە شینکاییە، گوتی وەڵا ئەوە کانییە، ئیدی دەستمان کرد بە هەڵکەندن پاش کەمێك ئاو هاتە دەرەوە، کە کەمێك لە سەرووی نەخۆشخانەکەوە بوو، من بە گاڵتەوە گوتم ناوی لێدەنێم (کانی میز)، ئەویش هەر بە گاڵتەوە گوتی با ناوی لێ بنێین (کانی قونێ)، ئیدی بۆ نەخۆشخانەکەمان زۆر پێویست بوو، ئاومان بۆ لای نەخۆشخانەکە لێوە ڕاکێشا.

لە ناوزەنگ خزمەتی زۆری پێشمەرگە و برینداری هاووڵاتیی خەڵکی سنوورمان دەکرد ئەوانەی مینیان پێدادەتەقی، نەخۆشخانەکەمان بە ناوی شەهید د. هێمن ناونا، کە پزیشکێکی خۆمان بوو، د. هێمن حەمەصالح، کە لە ناوچەی قاسمەڕەش ئۆتۆمبێلەکەی وەرگەڕابوو شەهید بووبوو.

جارێك لە نەخۆشخانەی ناوزەنگ من و دکتۆرێکی هاوڕێم بووین، ژنێك هات منداڵی دەبوو، کەس نەبوو ناچار دەبوو ئێمە ڕزگاری بکەین، ژنەکەمان لەسەر قەرەوێڵەیەك دانا و من و دکتۆرەکەی هاوڕێم هەر یەك لە لایەکی ژنەکە بووین، ئیدی لە کاتی ئەوەی هێندەی نەمابوو منداڵەکەی بێتە دەرەوە زۆر ئازاری هەبوو، لە تاوی ئازار ویستی بە توندیی لێواری قەرەوێڵەکە بگرێت، لەناکاو دکتۆرەکەی هاوڕێم هاواری کرد، سەیر بوو بە لامانەوە، کەچی تەماشامان کرد ژنەکە لەبری لێواری قەرەوێڵەکە بگرێت بە توندی گونی دکتۆرەکەی هاوڕێمی گرتبوو، دواتر بەخۆشحاڵییەوە ژنەکە ڕزگاری بوو، واتە منداڵەکەی لەدایك بوو، جگە لەوەش بەسەرهاتی خۆشمان هەبوو خەڵکی هەبوو دەهات تووشی کۆکە بووبوو دەیگوت دکتۆر دوو شروبی کۆکەم بدەنێ یەك بۆ خۆم ئەوی دیکە بۆ هێسترەکەم.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩ هەڤاڵ مام جەلال لە قاسمەڕەش کۆبوونەوەیەکی پێ کردین، بە گشتی نزیکەی ٣٠ سی کادیری تەندروستی مابووین، زۆر ستایشی کردین و دەستخۆشی لێ

کردین، گوتی هەر کەسە و لایتێکم بۆ هێناون[٣١]، دواتر گوتی تیپەکان وا دەچنە خوارەوە بۆ کاری پارتیزانی، ئێوەش لەگەڵ پارتیزانەکان بچنە خوارەوە، گوتی کێ قسەی هەیە؟ گوتم مامە من قسەم هەیە، گوتی فەرموو، گوتم مامە جەنابت بۆ هەر کوێ بڵێیت ئێمە دەچین، بەڵام ئەو هەڵبژاردەیەمان بدەرێ کە ئێمە خۆمان ئەو کەسانە هەڵبژێرین کە لەگەڵی دەچین، پێشنیارەکەی بە دڵ بوو، قایل بوونی نیشاندا، ئیدی دابەش بووین بە سەر تیپەکاندا، پێشتریش لەوێ خولێکمان کردبووە، کە هەر پێشمەرگەیەکی پارتیزان کە بڕیار بوو بچێتە خوارەوە لە خولەکەی ئێمە فێری خۆپاراستن و برینپێچی و سکچوون و کۆکە و مار و دووپشك پێوەدان بکرێت، لەفاف و حەبی سکچوون و سەرئێشە و شروبی کۆکەمان پێ دەدان.

ساڵی ١٩٨٩ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ نەخۆش کەوتبوو، هات بۆ نەخۆشخانەی ناوزەنگ پێویستی بە هێڵکاری سنگ هەبوو، من لەگەڵ یەکێك لە دکتۆرەکان لەوێ بووم، دکتۆرەکەی هاوڕێم لیدەکانی دانا، من گوتم لیدەکە شوێنەکەی تەواو نییە، گوتی تەواوە، گوتم ببورە تەواو نییە، گوتی نەخێر، من دکتۆرم دەزانم، گوتم بچم پەرتووکێك بهێنم باسی ئەو دۆخە دەکات؟ گوتی بیهێنە، پەرتووکەکە ناوی هەریسنە کە لە کۆلێژی پزیشکی دوو پەرتووك دەخوێنرێ، یەك ئەمریکی بە ناوی هەریسن و ئەوەی دی بەریتانی بە ناوی داڤیسین، کە هێنام قسەکەی من تەواو بوو، هەڤاڵ کۆسرەت پێی سەیر بوو، دەرچوویەکی پەیمانگا ئەو زانیارییەی هەبێت لە دکتۆرێك باشتر بێت، جگە لەوەش منی زۆر خۆش دەویست، گوتی چۆن ئەوەت زانی گوتم من یەکەمی خولی خۆم بووم، گوتی د. ئارام بەڵێن بێت بچینەوە لە کۆلێژی پزیشکی وەرت بگرمەوە و بەڵێن بێت پەیکەرێکی زێڕیشت بۆ دروست بکەم.

یەکێك لە مەترسییەکان بریتی بوو لە خۆڕادەستکردنی پێشمەرگە، ئەویش حکومەت بەو مەرجە وەری دەگرتن دەبوو چالاکییەك بکات و زیانێك لە پێشمەرگە بدات، بەڕاستی

---

[٣١]– بۆ بینینی وێنەی لایتەکە بڕوانە پاشکۆی وێنەکان.

ئەمە مەترسییەکی زۆر شاراوەی ناخۆش بوو، واتە دەبوو کەسێك، یان چەند کەسێك شەهید بکات، نموونەیەکی لەو شێوەیەم لە بیرە پێشمەرگەیەك خۆی ڕادەست کردبوو، داوای چالاکییان لێ کردبوو، ئەویش چوو بوو دوو کادیری ح.ش عەرەبیش بوون شەهید کردبوو، ئیدی هەتا ڕاپەڕین لە ناوزەنگ مامەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە نەخۆش و بریندارمان چارەسەر دەکرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ و دەوروبەری ساڵی ١٩٩٠ هەڤاڵ نەوشیروان و هەڤاڵ فەرەیدوون، بە سەر مەڵبەندەکاندا دەگەڕان، گوتیان بچنەوە و خۆتان بپارێزن، بەڵام نەبنە جاش، ڕەنگە نەتوانین لێرە هەمووتان بهێڵینەوە، هەر کات پێویست بوو دەتانگەڕێنینەوە، ئیدی ژمارەیەك دکتۆر و پێشمەرگە خۆیان ڕادەست کردەوە، کە بەهۆی ئەو بڕیارەی هەڤاڵ نەوشیروان و هەڤاڵ فەرەیدوونەوە بوو، نەك ویستی خۆیان، بەڵام من هەر مامەوە لە ناوزەنگ و ئەو ئامادەییەم نیشان نەدا، بڕیارم دابوو هەتا سەدام مابێت نەگەڕێمەوە.

دوو مانگ پێش هەڵایسانی ڕاپەڕین دوو کوڕ هاتنە نەخۆشخانەکەی ئێمە بە ناوی (چیا و سەیوان) چاپخانەیەکیان هێنابوو، هەڤاڵ نەوشیروان ناردبوونی، لەبەرئەوەی نەخۆشخانەکەی ئێمە پارێزراو و جیگەی گومان نەبوو، ئەو دوو گەنجە لەوێ نامەیان دەنووسی بۆ جاشەکان کە ئەگەر ڕاپەڕین کرا هاوکاری ڕاپەڕین بن، لەو ماوەیەدا لەلایەن هەڤاڵ کۆسرەتەوە نامەیەکم بۆ هات تێیدا نووسرابوو: "د. ئارامی خۆمان کەس بەکەڵکمان نایەت، هەر خۆمان بە کەڵکی خۆمان دێین، هێسرێکت بۆ دەنێرم هەندێك دەرمانی لێ بار بکە و وەرە خوارەوە"، منیش یەکسەر خۆم گۆڕی و دەستم دایە چەکەکەم و فەردەیەك دەرمانم لێ بار کرد و چوومە خوارەوە، هەڤاڵ کۆسرەت لە گوندی سوونێ لە ناوچەی قەڵادزێ چاوەڕێی دەکردم، ئەو ڕۆژە ١٩٩١/٣/٥ بوو، چەندین ڕەبایە لەوێ هەبوون دەستی بە سەردا گیرا، لە دەوروبەری قەڵادزێ نزیکەی ٣٠٠٠ سێ هەزار پێشمەرگە هەبوون، ئەوەی

لەو قۆڵەوە من بینیم لە دکتۆرەکان بریتی بوون لە د. گرنگ و د. عەبدولواحید ئیدریس و سەید عەلی و هەڤاڵ دلێر کە لەگەڵ شەهید کوێستانی هاتبوونە خوارەوە.

ئیدی لە دوای ڕاپەڕین نەخۆشخانەی ڕانیەمان ئاوەدان کردەوە، هەڤاڵ کۆسرەت پێی گوتم تۆ ببە بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، ئەگەر برینداریشمان زۆر بوو ڕەوانەی ئێرانی بکە، بەڕاستی نەماندەزانی ئایا سەردەکەوین یاخود نەخێر، لە ٣/١٥ هەڤاڵ کۆسرەت بروسکەی نارد بگەڕێمەوە هەولێر، نەمزانیبوو براکەم شەهید بووە، کە لە ٣/١١ شەهید بووبوو، بەناوی شەهید مام تەها، شاعیر و چیرۆکنووس بوو، لەم دواییە بەرهەمەکانیم چاپکردووە، بەناونیشانی (توێشووی شاسواری ڕاپەڕین)، کە د. عەبدولواحید ئیدریس ئەو ناونیشانەی بۆ هەڵبژادووە، ئێستا کە (٢٠٢٢)ە ڕێگەنادەن لە پەرتووکخانەکانی هەولێر بفرۆشرێت، لە کاتێکدا یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی ڕزگارکردنی هەولێرە.

من لە هەولێر بووم کۆڕەو دەستی پێ کرد، دوای کۆڕەو هاتمەوە ڕانیە، لە دەزگای تەندروستیی کوردستان کە پێشتر لە ١٩٨٧ دامەزرابوو، هەڤاڵ مام جەلال گووتی دەمەوێت ئێوە بەشێوەیەکی فراوانتر کار بکەن، لەبری نەخۆشخانەی شۆڕش وەك دەزگای تەندروستیی کوردستان کاربکەن، وەك دەزگایەکی خێرخوازی تەندروستی، ئیدی چەندین ڕێکخراوی جیهانی هاوکاری دەکردین، د. شوان سەرۆکی بوو، من و د. خالید و چەند دکتۆرێکی دیکە کارگێڕ بووین، ئەو کاتە حکومەتی هەرێم دانەمەزرابوو ئێمە وەکو دەزگای تەندروستی هەموو نەخۆشخانەکانی کوردستانمان بەڕێوە دەبرد، نزیکەی ٨٠ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیمان بەڕێوە دەبرد، دوای دامەزراندنی حکومەت هەموو دامەزراوەکانمان ڕادەستی حکومەت کرد.

ئیدی ئێمە لێرەوە دەستمان کرد بە ناردنی خزمەتگوزرای تەندروستی بۆ گوندەکان، وەك دروستکردنی تیمی تەندروستی و دابینکردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە، لەگەڵ International NGO , Local NGO، هەروەها ICRC و NPA و Medico

International و MSF و NDM چـەندانی دیکـە پەیوەنـدی باشمـان هـەبوو، کـە نەخۆشخانەمان دەبردە گوندەکان و ئاومان بۆ دابین دەکردن ئیدی خەڵکەکە دەگەڕایـەوە گوندەکەی خۆی، تا ئێستا بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو دەزگایە لە خزمەت بەردەوامە.

لـە دوای ڕاپـەڕین مـن بـووم بـە بەڕێوەبـەری گشـتی لـە تەندروسـتیی کۆیـە، لـەوێ کەمپێکی ح.د.ك هەبوو، بە ناوی ٢٥ی گەلاوێژ نەخۆشخانەیەکم بۆ دروستکردن، ئەوکات د. زریان وەزیری تەندروستی بوو زۆر هاوکاری کردم، هەروەها ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنیشم بۆ دابینکردن، هەرچەندە کارەکەم نایاسایی بوو، بـەڵام مـن دەمزانـی بـۆ کێـی دەکـەم و ئـەوان کێن، تا ئێستاش خۆم بە قەرزارباری ئەوان دەزانم.

دوای دامەزراندنی حکومەت چوومە لای هەڤاڵ کۆسرەت گوتم کاتی خۆی بڕیـار بـوو من بچم کۆلێژی پزیشکی تەواو بکەم، تەنانـەت ناوەکـەم ڕۆیشـتبوو، بـەڵام کەسـی دیکـە لـە شـوێنی مـن دانرابـوو، پـێم گـوت فـلان کـەس دانـراوە، فـلان کەسـیش هۆکـار بـووە، ئیـدی لیژنەیەکیان پێکهێنا، تەماشای تۆمارەکان کرا و هەر وادەرچوو، ئیدی لە ١٩٩٣ بڕیار درا مـن وەربگیرێمـەوە، بـەڵام دۆخـی مـاڵی ئێمـە خـراپ بـوو، برایـەکم شـەهید بووبـوو، موڵـك و سـەروەتێکی زۆرمـان تێداچـوو بـوو، بۆیـە پێویسـتم بـەکارکردن هـەبوو، لـە سـاڵی ١٩٩٦ پێشکەشم کرد، بەڵام بەهۆی شـەڕی نـاوخۆوە چـووین بـۆ سلێمانی، لـە سلێمانی وەرگـیرام، خێزانـدار بـووم و دوو منـداڵم هـەبوو، دایـك و بـاوکم لەگـەڵ بـوون چـونکە بـەهۆی لێکەوتـەکانی شـەڕی نـاوخۆوە لـە هـەولێر دەرکرابـووین، ئیـدی لـە سـاڵی ١٩٩٧ لـە کۆلێـژی پزیشکی دەستم بە خوێندن کردەوە، واتە تەمەنم ٣٦ ساڵ بـوو، خوێنـدکارەکان وایانـدەزانی مامۆستام، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ تەواوم کـرد، بـۆ مـن زۆر نـاخۆش بـوو لەبەرئـەوەی خێـزانم هەبوو، هەروەها هیچ داهاتێکیشم نەبوو، دەبوو لەبری خوێنـدن کـار بکـەم، ئـەو کۆلێـژەش بەشێوازێکە دەبوو بەردەوام بخوێنی واتـە بـواری کـارکردنم نـەبوو لەگـەڵ خوێندنـدا، بۆیـە ئەگەر ڕۆڵی خێزانم نەبووایە نەمدەتوانی بەردەوام بم، لە ڕیزبەندی خوێندکارەکانیشدا بە

نزیککراوەیی لە ناوەڕاستەوە بووم، دواتر لە ٢٠٠٣ داوام لە د. محەمەد خۆشناو کرد کە وەزیری تەندروستی بوو لە خوێندنی باڵا وەربگیرێم، گوتی بەسەرچاو بەڵام بەمەرجێك شوێنێکمان هەیە دەبێت ببیت بە بەڕێوەبەری گشتی، ئیدی بووم بە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی کۆیە و دواتر پسپۆری جومگە و ڕۆماتیزمم لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا تەواو کرد، لە هەشت کەس سێیەم کەس بووم، واتە دیبلۆمی باڵا، دواتر نۆرینگەم دانا.

ئەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەری گشتی بووم هەفتەی دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە نەخۆشم دەبینی، هەروەها ماڵیشم لە کۆیە بوو، بەڵام لەوێ پزیشك کەم بوو داوای پزیشکم لە د. بەرهەم ساڵح و هەڤاڵ عومەر فەتاحیش کرد بۆیان دابین نەکردم، ئیدی بۆ ئەوەی کەمتەرخەمییەکە نەیاتە سەر من دەستلەکارکێشانەوەم پێشکەش د. تاهیر هەورامیی وەزیری تەندروستی کرد، گوتی باشە بەڵام لە وەزارەت دەتکەم بە ڕاوێژکار، ڕاستەوخۆ هەر ئەو ڕۆژە لەبری خۆی ناردمی بۆ بەغداد بەمەبەستی کۆبونەوەیەك لەگەڵ وەزیری تەندروستیی عێراق، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨٣وە بەغدادم نەبینی بوو، ئیدی لە ساڵی ٢٠١١وە ڕاوێژکارم لە وەزارەتی تەندروستی، هەرچەندە ئێستا وەزیری تەندروستی لە حیزبەکەی خۆم نییە، کەچی هەستیارترین و وردترین کارەکان بە من ڕادەسپێرێت، لەبەرئەوەی لە شارەزایی و دەستپاکیم دڵنیان.

لە ١٩٩٢/٥/٨ هاوسەرگیریم کردووە، خێزانم کارمەندی تەندروستییە، چوار منداڵم هەیە سێ کوڕ و کچێك[٣٢].

---

[٣٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا سەعدوون (د. ئارام)، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١٨، ئیسماعیل خالید: تەندروستیی شۆڕش، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٥، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٤-١٥.

سلێمان محەمەد حاجی قادر (د. سلێمان)

ناسراوم بە دکتۆر سلێمان لە ١٩٦٦/٣/٢١ لە گوندی بیرەسپانی پردێ/ کەرکووك لەدایك بووم، لە سەرەتای هەشتاكان پەیوەندیم كردووە بە ڕێكخستنەكانی (ی.ن.ك)ەوە، لە ساڵی ١٩٨١دا دەستگیركرام و لە ساڵی ١٩٨٢ بەر لێبووردنی گشتی كەوتم و ئازاد بووم، ساڵی ١٩٨١ چوومە ناوچەی شێخ بزێنی لە كەرتی ١ی ساڵەیی لە تیپی ٢١ی كەركووك، ناوچەكە لە كەركووك نزیك بوو، پێشمەرگە چالاكی زۆری دەكرد، ڕژێمیش بە فڕۆكە و بۆمباران و پیادە هێرشی دەكرد، لە نێوان پێشمەرگە و هاووڵاتی بێ چەكدا چاوپۆشی نەدەكرد، هەروەها ناوچەكە زۆر پێویستی بە كادیری تەندروستی هەبوو.

كادیری تەندروستی كاری فریاكەوتنی سەرەتایی و چارەسەركردنی پێشمەرگە و هاووڵاتی لەسەر شان بوو، كاتێك پێشمەرگە و هاووڵاتی كە بریندار دەبوون، یان نەخۆش دەكەوتن، دەبوو ئێمە چارەسەری بۆ بكەین، بۆ نموونە پێشمەرگەی دیاری ناوچەكە هەڤاڵ عەلی مەزهەر لە شەڕێك لە شیوەسوور ناوچەی شوان بریندار بوو، هەر لە ساڵی ١٩٨٦ چەند هاووڵاتییەكیش بریندار بوون.

لە شەڕەكانی بان شوان چالاك زەردكی برینداری بووبوو، لە ماڵی ئەحمەد حاجی ساڵحی گوندی شەوگێڕ بوو، ڕۆژنە چارەسەرمان دەكرد، هەرچی دەرمان و پێداویستی پزیشكییە لە لەلایەن خەڵكانی دڵسۆزەوە بۆمان دەهێنرا.

لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ هێرش لەسەر ناوچەكە فراوانتر بوو، لە سەرەتای مانگی شەشی ١٩٨٧ ڕژێم بەرەو بناری خاڵخاڵان هێرشی كرد، دواتر لە ١٩٨٧/٦/١٣ هێرشی بەرەو گوندەكانی ناوچەی شێخ بزێنی خواروو لەوانە: كانی ڕەش، مەرزیخە و عەمدۆن دەست پێ كرد و شەڕ هەڵایسا، چەند برینداریكمان هەبوو لەوانە هەڤاڵان: (سەركەوتی ئاسایش، دارای مام سدیق، ئاكۆ سوور و پێشمەرگەیەكی هێزی پشتگیری)، لە نێویاندا برینەكەی

سەرکەوت قوورس بوو چەندین پارچەی گەورە بەر ڕان و پێی کەوتبوو، فریاکەوتنی سەرەتاییمان بۆ ئەنجامدا و گواستمانەوە بۆ تولکی ماڵی هەڤاڵ مەلا شاخی، دوای چەند ڕۆژێك هێرش بۆ چەمی تولکی کرا و لەوێوە گوێزرایەوە بۆ گوندی مەرزیخە، کاتێکیش هێرش کرا بۆ سەر چەمەکە پێشمەرگە و هێزی پشتگیری بە توندی بەرپەرچیان دانەوە، ڕژێم شکا شەڕەکە بەرەو قوورستر دەڕۆیشت و دوژمن زیانێکی زۆری بەرکەوت و چەندین کوژراوی لێ بە جێما.

بەڵام ئێمە چەندین شەهید و بریندارمان هەبوو شەهیدەکان بریتی بوون لە:

١. کەریم فارس (مام کەریم) خەڵکی بیرەسپان بوو.
٢. مەلا یوسف دوبزی.

بریندارەکانیش بریتی بوون لە:

١. سەرباز مام حسێن لێپرسراوی کەرتی یەکی ساڵەیی
٢. فازڵ حەمەڕەش ڕۆژبەیانی، پێشمەرگە
٣. سیروان تەپەیی کە هەر زوو چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا.

دواتر ناچاربووین لە ناوچەکە دووریان بخەینەوە بۆ گوندی عەمدۆك و مەرزیخە، فازڵ و سیروان برینەکەیان قوورس بوو، پێشمەرگەکانی کەرتەکە لە شەڕەکە بوون، بۆیە بۆ من و عەلی گەرمیانی (حاکم عەلی) گواستنەوەی دوو بریندار قوورس بوو، خەڵکی ناوچەکە یارمەتییان داین، بە تایبەت کوڕانی مام شکور عەمدۆن، دواتر لە مەرزیخە چووینە ماڵی مامۆستا شێرکۆ کە ماڵی لە شوێنێکدا بوو چڕ بوو بە دار و درەخت، لە نزیکی زێ بوو، بەس دایکی لە ماڵ بوو، کەسێکی باش و بەڕێز بوو کوڕەکانی پێشمەرگە بوون، ناوچەکە پڕ مەترسی بوو گەمارۆ درابوو، پاش دوو ڕۆژ دەرمانمان نەما، بەتایبەتی موغەزی، دواتر بریندارەکان بەرەو باش بوون چوون و خۆشبەختانە تا ئێستا لە ژیاندان.

شەڕی سماقە:

لە نێوان تەقتەق و کۆیە ڕوویدا، شەڕێکی قوورس بوو، سێ برینداریان گواستەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی، لە گوندی شەوگێڕ بۆ ئەوەی ڕەوانەی سەرگەڵوو بەرگەڵوویان بکەن کە نەخۆشخانەی شۆڕش و مەڵبەندی دووی لێ بوو، لەبەرئەوەی برینەکەیان سەخت بوو، لە ماڵی کەسێك بە ناوی کاك سدیق مانەوە مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو، یەکیان بڕبڕەی پشتی شکابوو، دووەمیان بەر دەم و لووتی کەوتبوو، سێیەم بەر سکی کەوتبوو، باری تەندروستیی خراپ بوو، وابزانم ناوی سەلیم بوو، بۆیە داوام کرد پەلە بکرێت بۆ بردنیان بۆ سەرگەڵوو، هەروەها زۆر هاوکاری کران.

نەخۆشی مەلاریا:

لە ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ ناوچەکە نەخۆشی مەلاریای زۆر بە توندی گرتەوە، هەروەها چارەسەری پێویستیش لە سەرەتادا لە بەردەست نەبوو، بۆیە داوا لە کادیرەکان کرا هەوڵی پەیداکردنی دەرمان بدەن، بۆیە هەڤاڵ مەلا شاخی کە کادیر بوو لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە توانی چەند پێداویستییەکی پزیشکی دابین بکات، ئێمەش بۆ چارەسەری پێشمەرگە و هاووڵاتیانی ناوچەکە بەکارمان هێنا، شایەنی باسە حەبەکە لە ڕێگای سەید حەسەن قەباغەوە، نێردرابوو.

ئیدی ژیانی پێشمەرگایەتی و پزیشکیم تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو، دواتر لە ١٩٩٢ چوومە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال و بوومە لێپرسراوی نەخۆشخانەی سکرتاریەت، تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بەردەوام بووم، پاشان چوومە نەخۆشخانەی سلێمانی لە دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش بەشدار بووم، من لە پێنج کەسی یەکەمی سەرەتایی دامەزراندنیم، کە لە نزیك بینای حەسیب ساڵح لە شوێنی ئێستای لقی پ.د.ك تەنیشت باخی گشتی سلێمانی بوو، پاشان تیمێکم دروست کرد بۆ لەشکری سلێمانی کە نزیك باخی بەختیاری بوو، پاشان شوێنەکە بووە وەزارەتی پێشمەرگە، کە فێرگەی مەشقی سلێمانی دامەزرا،

چووم بنکەیەکی تەندروستیم لە فێرگەکە دروستکرد، کە سەر بە نەخۆشخانەی شۆڕش بوو، تا ڕزگارکردنی کەرکووك لە ساڵی ٢٠٠٣ پاشان گوازرامەوە نەخۆشخانەی شۆڕشی کەرکووك، تا ئێستاش بەردەوامم لە خزمەتی پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی کوردستان و خەڵکی هەژار(٣٣).

(٣٣)- سلێمان محەمەد حاجی قادر (د. سلێمان)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٢/١٩.

شۆڕش عەزیز خزر عەزیز (د. بەڵێن)

لە ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی ڕزگاری شاری هەولێر لەدایك بووم، ئێمە خوشكێك و چوار برا بووین، من سێیەم منداڵی خێزانەكەمان بووم، لە ساڵی ١٩٧١ لە قوتابخانەی باباتاهیری هەمەدانی چوومە بەر خوێندن، دواتر لە خوێندنگەی سەربەستی خوێندوومە، دواتر بەشی زانستیم لە ئامادەیی ئەربیل تەواو كرد، پاشان ناوم لە ئامۆژگای باڵای تەندروستیی هەولێر هاتەوە.

لە ساڵی ١٩٨١ لە ڕێگەی هاوڕێیەكم بە ناوی حاكم شێرزاد پەیوەندیم بە (ك.ڕ.ك)ەوە كرد، یەكێك لەو كەسانەی كە شانازی پێوە دەكەم كە پێكەوە لە یەك شانە كارمان كردووە ئەویش شەهید سەرداری سەعید سۆفییە، بەگشتی شێوازی ڕێكخستن نهێنی بوو بۆ نموونە ژمارە یەك، چوار كەسی لابوو واتە ٢ و ٣ و ٤ و ٥، ژمارە یەك هەموویانی دەناسی، تەواوی ژمارەكانی دیكەش ژمارە یەكیان دەناسی، بەڵام ژمارەكانی دیكە یەكدیان نەدەناسی، بۆیە لە خراپترین دۆخدا لە خوار ژمارە یەكەوە، كەسێك ئاشكرا بووایە، جگە لە ژمارە یەك كەسی دیكەی نەدەناسی.

بەمشێوەیە لە ڕێكخستن بەردەوام بووین، تا لە ساڵی ١٩٨٣ لە ناو شاری هەولێر دەستگیركرام، ئەو سەردەم لە هەموو پارێزگایەكدا هەڵبژاردنێك هەبوو، تێیدا دوو دەستە بۆ بەڕێوەبردن هەڵدەبژێردران، (تشریعي و تنفیزي)، لەبری هەر وەزارەتێكیش بەڕێوەبەرایەتییەكی گشتییش دادەنرا و لەسەر ئاستی پارێزگاكان هەڵدەبژێردران، حاكم شێرزاد كۆمەڵێك دروشمی پێدام كە لەسەر دیوار بینووسم، ئەو كات ئەو دروشمانە بە هەر كەس بگیرایە وەك ئەوە وابوو چەكی پێ بگیرێت، ئەو دروشمانە دژی ئەو هەڵبژاردنە بوو، لەگەڵ برایەكی حاكم شێرزاد بە ناوی هەڤاڵ هاشم عوسمان كە دواتر بوو بە پێشمەرگە بە نازناوی (پەروەر) دەستمان پێ كرد، ئیدی لەگەڵ ئەودا شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی مانگی ٧ی

ساڵی ١٩٨٣ دەستمان بە نووسینی دروشمەکان لەسەر دیوار کرد، لە گەڕانەوەمدا لە ڕێگای شەست مەتری ڕێگای مەخمور کەوتینە ڕێ، هەڤاڵ هاشم ڕۆمانەیەکیشی پێ بوو، بەهۆکاری ئەوەی بچێت میز بکات کەمێك لە من دوور کەوتەوە، بە ڕێکەوت لەو کاتەدا هێزێك دەگەڕا بە ناوی هێزی ئاسایشی هاوبەش (المشترکة) تووشی من بوون، من هیچ بوارێکی ڕاکردنم بۆ نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێت توانیم بۆیاغەکە فڕێ بدەم، ئیدی لایتیان لێدام و گەیشتنە سەرم، دواتر چواردەورم گەڕان ئەو بۆیاغەشیان دۆزیەوە و لەگەڵ خۆیان بردیانم، هەڤاڵ هاشم دواتر بۆی گێڕامەوە کە بینیویەتی من دەستگیرکراوم و پێی وتم ویستوومە ڕۆمانەکە هەڵبدەمە ناویان، بەڵام بە کارێکی هەڵەم زانیوە، دواتر هەواڵی دابوو بە ماڵی ئێمە، من پێش لێکۆڵینەوە بۆیاغەکەم لە دەستم کردبووەوە، لە لێکۆڵینەوەش گوتم هی من نەبووە، دوای ٣٣ ڕۆژ مانەوە لە زیندان و ئەشکەنجە، دانم بە هیچدا نەنا، تەمەنیشم منداڵ بوو، یەکێك لەو قسانەی کردم کە بیرۆکەیەك بوو بە ڕێکەوت بە خەیاڵمدا هات گوتم: ماڵی ئامۆزایەکی باوکم لەو نزیکانە بووە هەموو هەفتەیەك شەوی دووشەم تەلەفزیۆن تەمسیلی کوردی پێشکەش دەکات من لە ماڵی ئەوان بوومە و هاتوومەتەوە، هەرچەندە من بۆ ماڵی ئەوان نەچووبووم، بەڵام بەڕاستی ئەو شەوە دراما هەبوو، هەروەها ماڵی ئەو ئامۆزایەمان لەو نزیکانە بوو، پۆلیسەکانیش ئەوەیان دەزانی، ئیدی ئەوە تا ڕادەیەك فریام کەوت.

لەگەڵ ئەوەشدا من بە جۆرێك کارم دەرکرد چاوەڕێی مردنم دەکرد، ئەوەشم دەزانی کە ئەگەر لە لێکۆڵینەوە دانبنێم بە شتەکاندا ئەوە دەبوو بەرپرسیارێتی گیانی ئەوانەش هەڵبگرم کە هاوڕێم بوون، بۆیە هەرگیز ئامادەی ئەو کارە نەبووم، جگە لەوەی خۆشم لە ناو دەچووم، دواتر ئازاد کرام، ئەوەش دەڵێم حیزبی بەعس سەرەڕای هەموو خراپییەکانی هەر کاتێك ئەگەر کەسێك دەستگیر بکرایە و هەتا چل ڕۆژ دانی بە هیچدا نەنایە ئیدی ئازاد دەکرا، ئێمە ئەوەمان دەزانی، بۆیە خۆمان بۆی ئامادە کردبوو، جگە لەوەش دوو کەس

هەبوون هەوڵیاندا ئازادم بکەن ئەوانیش: (مەلا عەولا و شێخ لەتیف) بوون، ئەوەش ڕۆڵی هەبوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ خوێندنم تەواوکرد، ئەو کات کەسێك خوێندنی بکردایە ساڵێك دادەمەزرا، بەڵام من دوو مانگ و نیو بۆ سێ مانگ لە ئاکرێ کە ئەو کات سەر بە موسڵ بوو دامەزرام، لەو ماوەیە توانیم ئامێرێکی تاقیگە بهێنم و بۆ شاخی ڕەوانە بکەم، دواتر کە چوومە شاخ ئەو ئامێرەم بینییەوە کە خۆم لە هەولێرەوە ناردبووم هەستم بەشانازی کرد، چەندین جاریش دەرمانمان دەنارد کە د. عەبدولواحێد ئیدریسمان لەگەڵ بوو.

لە داستانی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣ کە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد، داوای یارمەتی و جلوبەرگ و پێخەف و پارەیان لە ناو شار کرد، ئیدی ئێمە بە ئەو ئەرکە هەڵساین و هەرچیمان دەست دەکەوت دەمان نارد.

هەر لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگەی د. ڕەوەند (عەبدولواحێد ئیدریس) چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە، ئیدی من و د. ڕەوەند و هەڤاڵێکی دیکە بە ئۆتۆمبێلێك بە ڕێکەوتین، بیرمە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە برای حاکم سابیر بوو، لە ڕێگای هەولێر کۆیە، لە نێوان دوو ڕەبیەی ڕژێمدا دابەزین، بە بنەباو و باواجیدا ڕۆشتین و چووینە گوندی دارۆکان کە بارەگایەکی پێشمەرگەی لێ بوو، دواتر چوومە گوندی سوسێ دواتر چوومە دۆڵی سماقووڵی، کە لە چەند گوندێك پێکهاتبوو لەوانە: سەروچاوە، گرتك، کرۆژ، جەلی و سێنان، ئیدی من چوومە سەروچاوە، بارەگایەکی لێ بوو کە بریتی بوو لە کەرتی زیندانی و پاسەوانی زیندانەکە بوون زیندانیەکانیش، یان جاش بوو، یان سەربازی حکومەت بوون، نزیکەی دە ڕۆژ لەوێ مامەوە.

دواتر کە زانیان تەندروستکارم گوتیان تۆ بچۆ بۆ نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر کاوە کە لەو دیوی چیاکەی بارەگاکە بوو -د. کاوە خەڵکی سنووری کۆیە بوو، پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە بوو، دواتر شەهید بوو- نەخۆشخانەکە لە گەلییەکدا بوو بەرامبەر گوندی گرتك

كە دە خولەك لە سەروچاوەوە دوور بوو، كە بارەگای مەڵبەندی سێی تێدا بوو، هەڤاڵ كۆسرەت ڕەسووڵ لێپرسراوی بوو، د. حسێن عەلی حەمەساڵح بەڕێوەبەری نەخۆشخانەكە بوو، پێشتر ماڵی د. حسێن لەلایەن جاشەوە هێرش كرابووە سەریان دوو خوشكی و باوكی لەلایەن جاشەكانی عەباسی باویل ئاغاوە وەك دژایەتییەك بۆ هەڤاڵ مام جەلال شەهید كرابوون.

هاوكات لە بالیسان نەخۆشخانەمان هەبوو كە د. زریان و ستافێك بەڕێوەیان دەبرد، هاوكات لە مەلەكانیش نەخۆشخانەمان هەبوو لەلایەن د. هەژار و ستافێكەوە بەڕێوەدەبرا، لە نەخۆشخانەكەی ئێمە د. خەسرەو، د. موەفەق (برینپێچ)، د. غازی (دەرمانساز) و بەندە كارمان دەكرد، ئامێرێكی تیشكمان هەبوو لەگەڵ چەندین جۆر دەرمان و ژوورێك بۆ نەخۆش و ژوورێكیش بۆ دەرمان، هەتا خەڵكی گوندیش دەهاتن بۆ لامان، لەوانە خەڵكی گوندی گرتك، تیپەكانی ئەو سنوورە چالاكییان زۆر بوو، بۆیە بریندارەكانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچووغ و ٩٠ی باواجی و ٩١ی سەفین و ٩٣ی كۆیەش لە ئێمە نزیك بوون، دەهاتن بۆ نەخۆشخانەكانی ئێمە.

ئێمە برینپێچی و فریاگوزاری سەرەتاییمان دەكرد، بۆ نموونە ڕۆژێك برینداریكیان بۆ هێناین بە ناوی حەمەڕەشید هاوڕێیەكی بە ڕێكەوت گوللەی لەدەست دەرچوو بوو، چەند گوللەیەك لە سكیدا بوو، بەسەرپەرشتی د. حسێن دەستمان بە چارەسەركردنی كرد، بەڵام دۆخی زۆر خراپ بوو شەهید بوو، بەو شێوازە لەسەر ئەو كارانە بەردەوام بووین و لەو ناوچانە ماینەوە، هاوینان، یان لە ژێر گەلیدا بووین، یان دەهاتینە باخچەكانی خوارەوەی نەخۆشخانەكە.

ڕۆژێك گەنجێكیان هێنا شوان بوو مین پێیدا تەقی بوو، قاچێكی لە ئەژنۆیەوە زۆر بەخراپی بەری كەوتبوو دوای چارەسەری پێویست و خوێنپێدان و بەستنی، قاچیمان بڕیوە، ماوەیەك دكتۆرێكی ح.ش كە عەرەب بوو لەگەڵمان بوو، خەڵكی بەغداد بوو جەراح

بوو ماستەری لە نەشتەرگەری گشتی هەبوو، زانیاری باشی پێداین، فێری ئەوەی کردین کە چۆن خوێنبەربوون ڕابگرین و چۆن لە ناوەوە دوورینەوە بکەین.

لە شەڕی سماقووڵی من بۆ ماوەی هەفتەیەك بەشدار بووم، لەوێ برینداره‌کانمان بە ڕێکوپێکی چارەسەر دەکرد لەلایەن مەڵبەندیشەوە پشتگیری دارایی باش دەکراین، جگە لەوەی دەرمانی پێویستیشمان هەبوو، هاوکات خواردنی باش دەدرا بە بریندارەکان، هەندێك لە بریندارەکان کە پێویستیان بە نەشتەرگەری گەورە هەبوو ڕەوانەی ئێران دەکران، پێشمەرگەیەك هەبوو بەناوی هەڤاڵ عومەر ناسر لەو ماوەیەی کە من لەوێ بووم شەش بۆ حەوت جار بە برینداری هێنایان بۆ لای ئێمە.

پێشمەرگەیەکمان هەبوو بە ناوی هەڤاڵ بەختیار، گوللە بەر سەری کەوتبوو، لای ئێمە چارەسەر کرا و خۆشبەختانە چاك بوویەوە، دواتر پێشمەرگەیەکی دیکەیان هێنا بە ناوی سەنگەر کە هەڤاڵ هەرێمی کەمال ئاغا بەهەڵە گوللەی لەدەست دەرچوو بوو هەر لە سەریدا بوو، ئەمەیان شەهید بوو، چونکە برینەکەی هێندە سەخت بوو لە هەر کوێ بوایە شەهید دەبوو.

ئەو شوێنانەی کە دەستمان بە سەردا دەگرت، دەبوو بە سەرچاوەی دەرمان، بۆ نموونە شەڕی دێگەڵە و تەقتەق و قاتعی ئەبو جەعفەری مەنسوور و سەری ڕەش، کە دوای دەست بە سەردا گرتن دەرمانەکانیان دەهێنا، هەروەها لە شارەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بۆمان دەهات، لە هەندێك شوێن ناوەندی تەندروستی هەبوو، جاری وا هەبوو پێشمەرگە لە چالاکیدا دەیدا بە سەریدا و دەرمانەکانیان دەهێنا و دەکشانەوە.

ئەو ماوەیەی کە لە سماقووڵی بووین چەند جارێك بە چەکی کیمیایی لێمان درا، جارێك ئێمە بەشداری خولێك بووین لە سنووری ئێمەوە دە کەس بەشدار بووین، لە سنوورەکانی دیکەش کادیری تەندروستی هاتبوو، بەسەرپەرشتی د. حسێن چووینە گوندی گوێزیلە دوو شارەزای کیمیایی هاتن خولیان بۆ کردینەوە بۆ ماوەی دە ڕۆژ، باسی ڕووپۆش

(قیناع) و دەمامك بەستن و جۆری چەكی كیمیایی و چارەسەر و خۆپاراستن دەكرا، بۆ نموونە لاچوون لە بەردەم ئاڕاستەی با، چوونە سەر شوێنە بەرزەكان، لەبەرئەوەی كیمیایی قورس بوو لە نزمایی دەنیشت، هەروەها كردنەوەی ئاگر، چونكە دەیانگوت دوكەڵ كاریگەرییەكی كەم دەكاتەوە و بۆنەكەی ناهێڵێت، د. شالاو وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ كوردی بۆ دەكردین، دواتر گەڕاینەوە زانیارییەكانمان بۆ پێشمەرگە گواستەوە هەتا لە ناو ڕووپۆش (قیناع)ەكەدا دەرزییەك هەبوو فێری ئەوەمان كردن كە چۆن ئەو دەرزییە لە خۆیان بدەن، دواتر چۆن ڕووپۆش (قیناع) ببەستن، لە كاتی بەركەوتن بە كیمیاییدا جل گۆڕین و جل شۆردن و خۆشۆردن و دەست و دەموچاو شۆردن گرنگ بوو، بە پێی جۆری گازەكەش دەرزییەكەش دەگۆڕا بۆ نموونە جۆرێك لە گازی كیمیایی بەركەوتەكەی تووشی عەساب دەكرد، كە دەرزی تایبەتی هەبوو.

لەو ماوەیە چەندین برینداری خۆمان و هاووڵاتی و پێشمەرگەی حیزبەكانی دیكەشمان چارەسەر دەكرد، واتە ی.ن.ك دامەزراوەیەكی گەورەی تەندروستی هەبوو، هەرچی (پ.د.ك)ە هیچی نەبوو تەنانەت مەفرەزەیەكی ح.ش هێندەی هەموو پ.د.ك لەو سنوورە ڕۆڵی بینیوە، لە كاتێكدا شیوعی و (ی.ن.ك) هێندەیان جیاوازی هەبوو لە هاوسەنگی هێزدا هەر بەراورد ناكرێت، واتە لە ناو (ح.ش)دا كادیری تەندروستی هەبوو، زۆرجار بریندارەكانی سنووری گەرمیان كە دەنێردران بۆ ئێران بەلای ئێمەدا دەهاتن و ئێمە چارەسەرمان بۆ دەكرد و دەماننارد بۆ ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا لە شەڕی گۆجاڕدا برینداری سوپای عێراقمان چارەسەر كردووە، كە لە هێرشێكی ئێراندا خۆیان ڕادەستی پێشمەرگەی ی.ن.ك كردبوو، هەندێكیان لە بەفردا تووشی دۆخی گانگرین بووبوون و قاچیان ڕەش بووبووەوە دواتر هەندێكیان ئازاد كران.

دواتر تیپێكی نوێ بە ناوی ٩٠ی باواجی دروستكرا، من چوومە ئەو تیپە، هەڤاڵ جەنگی فەقێیان بووە سەرتیپ، هەڤاڵ ئازاد چاوشین بە فەرماندەی كەرتی ئێمە دانرا،

ئیدی ماوەیەکیش لەو تیپە بووم، چووینە شەڕی کارووخ، مانگی ٨-٩/١٩٨٨ بوو، ئێمە چووینە شوێنی کەرتێکی تیپی ٨٧ی قەرەچووغ، کە نزیکەی ٥٠ پێشمەرگە بووین، تیپەکەی ئێمە ٥٠ بۆ ٦٠ پێشمەرگە دەبووین، لەو شەڕە بریندارێکمان هەبوو گوللە بەر ڕانی کەوتبوو چارەسەری پێویستم بۆ کرد و ڕەوانەی نەخۆشخانەی پشتەوەم کرد، دوو شەهیدمان هەبوو یەکێکیان بە ناوی هەڤاڵ ئەحمەد خەڵکی کۆیە بوو، ناوی ئەوەی دیکەم بیر نییە، یەکێك لەو دوو شەهیدە فەرماندەی مەفرەزە بوو سەر بە کەرتێکی تیپی ٨٧ی قەرەچووغ بوو.

ئیدی دۆخێك دروست بوو بە ناوی (اختفاء)، من لە تیپی ٩٠ی باواجی هەتا ئەنفال مامەوە، گوتیان ئەوەی برای شەهید نییە، ئەوەی دۆخی تەندروستی باشە و بریندار نییە، بمێنێتەوە، منیش لەگەڵ ٢٥ کەس مامەوە، ئێمە لە چیاکان دەماینەوە، حکومەت هەموو ناوچەکانی کۆنترۆڵ کردبوو، ئێمە دەمانتوانی هەتا دەواجینێك بچین ناوی دەواجینی دلاوەر بوو، لە نزیکی دێگەڵە بوو، تا خواردن وەربگرین پاشان دوور بکەوینەوە، یەکێك لە پێشمەرگەکانمان بە ناوی هەڤاڵ موحسین جارێك ناردمان بۆ دێگەڵە بۆ خواردن لەوێ دەستگیرکرابوو دواتر بێسەروشوێن کرا، بەو شێوازە بۆ ماوەی دوو مانگ اختفاء بووین هەتا پێنج بۆ شەش کەسمان مایەوە، دواتر بەهۆی لێبوردنەوە خۆمان ڕادەستی حکومەت کردەوە، لە اختفاء دۆخێکمان هەبوو بێ وێنە بوو لە خراپیدا یەك ڕۆژێکی هێندەی یەك مانگی پێشتری پێشمەرگایەتی سەخت بوو، چونکە ئاوەدانی نەمابوو، خواردن پەیداکردن ئەستەم بوو.

دوای بڕیاری لێبوردنەکە ئێمە سێ کەس بووین لەسەر ڕێگای کۆیە خۆمان ڕادەست کرد، براین بۆ عەنکاوە و دواتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش (الامن)، بەڵێننامە و زانیارییان لێ وەرگرتین، پێیان گوتین ئێوە لەلایەن سەدام حوسێنەوە لێبووردنتان بۆ دەرکراوە، نووسراوێکیان بۆ کردین بۆ ئەوەی لە شاردا لەبری پێناس هاتوچۆی پێ بکەین.

دوای ماوەیەك بووین بە سەرباز، لەو ماوەیە دوو بڕیار دەرچوو، هەموو موالیدەکانیان نارد بۆ سەربازی، ئیدی لە نزیك دهۆك دانراین، دواتر شەڕی کوەیتی بە سەردا هات، نێردراین بۆ کەرکووك و بەغداد لەوێ کارمەندە تەندروستییەکان بە سەر یەکەی پزیشکیدا دابەش کراین، هەتا ڕاپەڕین لەوێ ماینەوە.

سێ ڕۆژ پێش ڕاپەڕین بە کارێك گەڕامەوە بۆ هەولێر تا بچم لە شاوێس هەندێك کەرەستەی تاقیگەی پزیشکی بگوازمەوە، لەو چەند ڕۆژە هەواڵ هات گوتیان لە ڕانیە ڕاپەڕین دەستی پێ کردووە، ئێمە لە دوای خۆڕادەستکردنیش ڕێکخستنمان بە نهێنی دروست کردەوە کە حاکم شێرزاد بە ئاگاداری هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی دەکرد، ئەوانەی متمانەمان پێی هەبوو پەیوەندیمان پێوە دەکردەوە، کە ڕاپەڕینیش کرا من چەکم نەبوو لە بنکەی پۆلیسی ئازادیی چەکمان دەستکەوت، هێرش کرایە سە دامەزراوەی هەوالگری سەربازی هەولێر کە گەورەترین دامەزراوەی سەربازی و حکومی هەولێر بوو، من بەشداری ئەو هێرشەم کرد.

دواتر لە چوارچێوەی کاری دەزگای تەندروستیی کوردستان لەگەڵ د. ڕەوەند دەستمان بەکارکردن کرد، تیپەکان بوون بە هێز، بە ناوی هێزی دەشتی هەولێر کە شەهید ڕێباز سەرپەرشتی دەکرد، وەکو کارمەندی تەندروستی بەشداری ئەو هێزەم کرد، دوای نەمانی دەزگاکەش لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە، گەڕامەوە سەر ئەرکەکەی خۆم لە وەزارەتی تەندروستی، تا ئێستا لە بنکەیەکی تەندروستی ناو شاری هەولێر بەردەوامم، لە ساڵی ٢٠١١ پەیوەندیم کرد بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە، لە ساڵی ٢٠١١ چوومە کۆلێژی دەرمانسازی و سێ قۆناغم بڕی، بەڵام دەستبەرداری بووم، دواتر چوومە بەشی یاسا و ئێستا بەکالۆریۆسم هەیە لە یاسا، لە ساڵی ١٩٩٤ هاوسەرگیریم کرد، سێ کوڕم هەیە بەناوەکانی هێدی، هەکار و ئەحمەد[٣٤].

---

[٣٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: شۆڕش عەزیز خزر عەزیز (د. بەڵێن)، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٢٥.

عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (د. زریان)

ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکووك لە دایکبووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە کەرکووك تەواو کردووە، ماڵمان لە گەڕەکی ئەڵماس بوو، باوکم دوکانی پێداویستی وشکەی هەبوو، لە شەڕی سەفینی ١٩٦١ دوو خاڵم شەهید بوون، بە هەردوو شۆڕشی (ئەیلول و نوێ) لە نزیکەکانم ١٤ شەهیدمان هەیە، لە حەفتاکان ئەندامی یەکێتیی قوتابیان بووم، دواتر ساڵی ١٩٧٣ چوومە کۆلێژی پزیشکی موسڵ و لە ساڵی ١٩٧٩ تەواوم کرد.

بە هۆی کاریگەری خاڵەکانم بەشداریی کاری سیاسی بووم، ویستی خۆم خوێندنی ئەندازیاری بوو، بەهۆی هەڵوێستی نەتەوەیی باوکمەوە چەند جارێك لەلایەن تورکمانەکانی کەرکووکەوە دوکانەکەیان سووتان، چەند جارێکیش تەقەیان لە باوکم کرد، چەند جارێکیش زیندانی بووە، بەهۆی ناردنی جلوبەرگ و دەرمانەوە بۆ شۆڕشی ئەیلول سزای لە سێدارەی بۆ دەرچوو، دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوت، ئیدی منداڵی من چاوم بەوە کراوەتەوە کە باوکم بەردەوام لە زیندان بووە، هەر لەسەر داوای باوکیشم چوومە بەشی پزیشکی تا لە ئاییندە خزمەتی شۆڕشی کورد بکەم.

لە موسڵ دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك، ئێمە لە موسڵ بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە زۆر دەشکاینەوە و سوکایەتیمان پێ دەکرا، بەڵام دامەزراندنی ی.ن.ك هیوایەك بوو بۆ ئێمە، لە موسڵ د. بەختیار سەرپەرشتی دەکردین، ئەو بڵاوکراوەکانی بۆ دەهێناین، لە ساڵی ١٩٧٩ بوومە پزیشکی موقیم لە سلێمانی، ناوم لە سەربازی هاتەوە، سەربازیم نەکرد لە ڕێگەی ئامۆزایەکم لە ساڵی ١٩٨١ بووم بە پێشمەرگە، کەسوکارم لە ڕێکخستنەکانی سنووری هەولێر بوو، بۆیە منیش چوومە ئەوێ، لە سەرەتای شۆڕش لەگەڵ هێزی دەشتی هەولێر پارتیزان بووین، چونکە ناوچەی ڕزگارکراومان نەبوو، نزیکەی دوو مانگ بەوشێوەیە ماینەوە.

له ڕێگەی هەڤاڵ شاخەوانەوە چووین بۆ سەرکردایەتی و نامەیەکی کۆمەڵەمان پێ بوو، لەوێ چووینە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە بۆ لای هەڤاڵ نەوشیروان و نامەکەم پێدا، ناردمی بۆ نەخۆشخانەی ناوەندی شۆڕش لە سنووری زەڵێ و نۆکان و ناوزەنگ.

بەیانییەکی زووی ساڵی ١٩٨١ پێشمەرگەیەك هاتبوو بە شوێنمدا گوتی هەڤاڵ مام جەلال بەپەلە و هەر ئێستا بانگت دەکات، منیش خەفەری چێشتلێنان بووم، ڕاستەوخۆ چووم، هەڤاڵ مام جەلال لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو، کابرایەکی تەمەن مامناوەندی لەلا دانیشتبوو لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا دەبوو، گوتی ئەم کابرایە هاتووە من بکوژێت، سەدام حەبی سیانیدی پێداوە، بەڵام دانی پێداناوە، ئیدی چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە: هەوالگری عێراقی لە ئەوروپا ئەم پزیشکەیان دۆزیوەتەوە، پێیان گوتووە خۆت شێت بکە و دەتبەینە نەخۆشخانەی دەروونی، لەوێش بە پاسپۆرتی نایاسایی دیبلۆماسی گەیاندوویانەتە بەغداد، لەوێ پێیان ڕاگەیاندووە ئەگەر بەشداریی ئەو پیلانە نەکەیت و مام جەلال نەکوژیت، ئەوا دایك و باوکت دەکوژین، لەوێ ئامادەکرابوو بۆ ژەهر خواردکردنی هەڤاڵ مام جەلال بە ژەهری سیانید، بەڵێنی دامەزراندنی باشترین نەخۆشخانەی تایبەتی لە بەغداد پێدرابوو، دوای ئەوەی قایلی دەکەن و دەچێتەوە ماڵەوە لە ترسا بەسەرهاتەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، باوکیشی ئامۆژگاریی دەکات و پێی دەڵێت، هەرگیز کاری وانەکەیت و خەمی گیانی ئێمەت نەبێت، مام جەلال هیوای گەلێکە و سەرکردەی شۆڕشی کوردە، ئەگەر بشمانکوژن تۆ خەمت نەبێت، بڕۆ بۆ لای مام جەلال و لەوێ دان بە هەموو شتێکدا بنێ، لێرە ئێمە بشکوژن ئەوان تۆ دەپارێزن، ئیدی بە چەند ڕێگەیەك تا قەڵادزێ هێنرابوو، هەڤاڵ مام جەلال گوتی ئەو خانەوادەیە بە ئەسڵ تاڵەبانیین و خزمایەتییەکی دوورمان هەیە و دڵی نەهاتووە بمکوژێت، هەمان ڕۆژ هەڤاڵ فەرهاد سەنگاوی لە ئێستگەوە هەواڵەکەی خوێندەوە و باسی پەیوەندی ئەو پزیشکەی بە شۆڕشەوە کرد، ئیدی هەڤاڵ مام جەلال ڕایسپاردم لەگەڵ خۆم بیبەم و هەمیشە چاوم لەسەری بێت، چونکە هەر لێی بە گومان بوو، گوتی

نـەبادا یـەكێك لـە سـەركردەكانمان شـەهید بكـات، ئـەو پزیشـكە پسـپۆڕی هـەبوو لای ئێمـە نەخۆشی چارەسەر دەكرد[٣٥].

لە ساڵی ١٩٨٢ یەكەم كۆمیتـە لـە سـنوورەكانی خـوارەوە دروسـت كـرا، بەسـەركردایەتی هەڤاڵان سەید كەریم و د. كەمال خۆشناو بوو، داوایان لێكردم لەگەڵیان بچم، منیش چووم لـە گونـدی وەرتـێ نەخۆشـخانەیەكمان دامەزرانـد و بـاری وڵاخێـك دەرمانمـان پـێ بـوو، بـۆ چارەسەری پێشمەرگە و هاوڵاتی، ساڵێك لەوێ ماینەوە.

لە ساڵی ١٩٨٣ ناوی كۆمیتە گۆڕا و بوو بە مەڵبەند و چووینە بالیسان، ڕۆژێك لە دۆڵی بالیسان بە سووكی بریندار بووم، لـەوێ نەخۆشـخانەمان دامەزرانـد، جگـە لـە پێشـمەرگە و هاوڵاتی، جاری واهـەبوو چارەسـەری ئـاژەڵی گوندنشـینانمان دەكـرد، یەكـەم كـاری پزیشـكی ئەوەی لە یادم ناچێت ئەوەیە ئەو كەسەی كە منی لە هەولێرەوە بـە ئۆتۆمبێلـە جێبەكـەی خۆی بردە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی بە ناوی هەڤاڵ فـەقێ گۆمەشـینی، خـۆی لـە شـەڕێكدا بریندار بوو، گوللەیەك لە سـینگیدا بـوو هێنایانـە نەخۆشـخانە مـن گوللەكـەم بـۆ دەرهێنـا، گوتی هێنانـە دەرەوەی تـۆ بـەو مەترسـییەدا یەكـەم سـوودی بـۆ خـۆم بـوو، ڕۆژانـە خـەڵكم چارەسەر كردووە، بۆیە ناتوانم و ناكرێت هەموو ئەوانەم بیربێتەوە.

ڕۆژێك هەڤاڵ مام جـەلال بـانگی كـردم و گـوتی بچۆ بـۆ ئێـران ئـامێری تیشك بكـڕە، چووم و كڕیم و هێنامانەوە، ئەو ئامێرە زۆر هاوكار بـوو بـۆ دیـاریكردنی شـوێنی گوللـە لـە پێش دەرهێنانی لە لاشەدا، چونكە پێشتر هەڕەمەكی گوللەكان دەردەكرد.

لە ساڵانی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ لە نەخۆشخانەی بالیسان بـووین، چارەسـەری دەیـان نـەخۆش و برینـدارم كـردووە هـەر لـە نەشـتەرگەری بچـوك و گـەورەوە تـا دەسـت بڕینـەوە و قـاچ بڕینەوەشمان كردووە، زۆرینەی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـكیمان لەلایـەن ڕێكخسـتنەكانی

---

[٣٥]– ئەم چیرۆكە لە ٢٠١٧/١٠/٨ لە سایتی (puk media) بڵاوكراوەتەوە.

شارەوە بۆ دەهات، یاخود لە ڕێگەی چالاکی پێشمەرگەوە دەرمانی نەخۆشخانەکانمان دەهێنا.

ئێمە بەهۆی ئەوەی بارەگای جێگیرمان هەبوو، توانایەکی باشمان هەبوو، زۆرجار بریندارى حیزبەکانی دیکەمان چارەسەر کردووە، لەوانە بەرپرسێکی پ.د.ك لە ڕەبیەیەکی ڕژێمدا کەوتبووە سەر مین بەناوی حەسەن ئاغا، ناوبراو پیاوێکی بەڕێز بوو، دۆخی زۆر خراپ بوو، قاچی تووشی گانگرین بووبوو، هێنایان بۆ لای من گوتم چارەسەری نییە، هەر دەبێت بیبڕمەوە، هەرچەندە دەرمانی سڕکردنمان نەبوو، بەڵام دەرمانێکمان هەبوو بۆ خەواندن، قاچیم بڕییەوە، پیاوێکی زۆر بە ورە بوو، دواتر لە ئێران بینیمەوە، قاچی دەستکردی دروست کردبوو.

ڕۆژێك پێشمەرگەیەك گوللە بەر سکی کەوتبوو، ڕیخۆڵەی بڕی بوو، لە پشتییەوە دەرچوو بوو، ناو سکی یەك پارچە خوێن بوو، لە دۆخی شەڕیشدا بووین، بواری نەشتەرگەریمان نەبوو، چارەسەرم بۆ کرد، برینداریيەکانی ڕیخۆڵە و سکیم دوورییەوە، بۆ ماوەی سێ هەفتە بەس بە موغەزی ژیاندم تا چاك بووەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك گوللە لە ناو چاویدا بوو لە دەماغەوە لە پشتی سەرییەوە دەرچوو بوو، دۆخی زۆر سەخت بوو پێشمەرگەکان کەسیان چاوەڕێی چاك بوونەوەیان لێ نەدەکرد، بەڵام من نائومێد نەبووم، چەندین پارچەی دەماغی لە شوێنی گوللەکەوە هاتبووە دەرەوە، من بەردەوام بووم لە چارەسەرکردنی تاکو کەمێك باشتر بوو، بیرمە خۆی مەسینەیەکی هەڵگرت و چوو بۆ ناو ئەو شاخانە دەست بە ئاو بگەیەنێت، کە هاتەوە بە خۆمم گوت: "بەخوا ئەمانە لە مردنیش بەهێزترن".

لە دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ هەڤاڵ مام جەلال ڕایسپاردین نێردەیەك پێکبهێنین و بچین لە کەرکووك دەرمان پەیدا بکەین و لە شاخ ژووری نەشتەرگەریی دروست بکەین، ئێمەش چووین، لەوێ لەگەڵ چەند ئەفسەرێك کۆبووینەوە پێکنەهاتین، چونکە گومانیان لە

داواکەمان هەبوو، گوتیان ئێمە لە دانوستانین و ئێوە داوای دەرمان دەکەن، دیارە نیازی هەڵگیرسانەوەی شەرتان هەیە!

بینایەکی حکومی هەبوو لەوێ کردبوومان بە نەخۆشخانە واتە تاکە بینای بلۆك و کۆنکرێتی ئەو سنوورە بوو، ناومان لێنا نەخۆشخانەی شەهید شێخ سلێمان ـ ناوبراو کادیرێکی ئازا و بە توانای کۆمەڵەی ڕەنجەرانی کوردستان بوو، شەهید بوو، خەڵکی ئەو گوندەش بوو، بە ناوی ئەو ناومان نا ـ لەوێ ڕۆژانە و شەوانە هاوڵاتی و پێشمەرگە دەهاتن بۆ لامان بێ جیاوازی چارەسەرمان دەکردن، هاوڵاتی هەبووە لە نیوە شەودا لە تاو ئازاری ددانی هاتووە بۆ لامان و ئێمە چارەسەرمان کردووە، ئەوانیش بۆیان نەبوو بچنە شار، چونکە ناوچەی قەدەغەکراو (محرمة) بوو، تیمەکەمان بریتی بوون لە هەڤاڵان: (کاروخ، هۆشیار و جەمیل) کە یاریدەدەری پزیشك بوون، پێشمەرگەش هاوکاری دەکردین و دەیپاراستین، هەروەها بە نۆرە خەفەریاتمان دەگرت و چێشتمان لێ دەنا، جاری وا هەبوو دەستم لە ناو چێشت بوو بانگیان دەکردم وەرە بریندار یان نەخۆشیان هێناوە، واتە باوەڕی چەپبوونمان هێندە پتەو بوو، بڕیارمان دابوو، دەبوو هەموو وەکو یەك کار بکەین، هەر لەو ساڵە بە یارمەتی شۆڕش ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا.

لە کاتی هەر دوو کۆنفڕانسی دوو و سێی کۆمەڵەدا بۆ هەردووکیان بە ئەندامێتی هەڵبژێردرام، ئەو کات خەڵکێکی کەم بۆ ئەو کۆنفڕانسە هەڵدەبژێردرا، لە کۆنفڕانسەکەدا پیاوێك هات بۆ لام ڤیناعی لەسەر بوو خۆی پێناساندم، گوتی ناوم هەڤاڵ کۆسرەتە، ڕووخساریم نەبینی، دوای ماوەیەك لە ساڵی ١٩٨٤ کەسێك هات بۆ لام و گوتی دەمناسیتەوە، گوتم نەخێر، ئیدی باسی کۆنفڕانسەکەی کرد و ناسیمەوە، گوتی من ئەو کەسەم کە لە کۆنفڕانسەکە هاتم بۆ لات، پێی گوتم من مەڵبەند لە بالیسانەوە دەبەمە سماقووڵی، چونکە لە بالیسان شەڕ کەمترە و دوورترە، دەچینە سماقووڵی تا لە ڕووداوەکانەوە نزیك بین، بۆیە پێویستە لەگەڵمان بیت، هەرچەندە سماقووڵی شوێنێکی سەخت نییە، گوتی بەهۆی نزیکی

له هەولێر ڕۆژانە دەتوانین چالاکی بکەین، ئیدی نەخۆشخانەکەمان بردە ئەوێ، ئیدی من لەگەڵ مەڵبەندی چوار بەهاوەڵی هەڤاڵان کۆسرەت ڕەسووڵ و عەبدولڕەزاق (کە دواتر شەهید بوو) هاتمە خوارەوە، هەڤاڵ شێخ جەعفەر لێپرسراوی سەربازی بوو، بارەگامان لە سماقوولی سەروچاوە دانا، نەخۆشخانەکەمان لە گوندی سووسێ دانا، دواتر پزیشکێکی دیکەمان هاتە دەرەوە و بوو بە پێشمەرگە، ناوی د. حسێن تاڵەبانی بوو، نەخۆشخانەیەکی دیکەمان بۆ ئەویش لە گوندی گرتکی سماقوولی کردەوە.

لەو سنوورەی ئێمە هەموو ڕۆژ شەڕ بوو، فڕۆکە دەهات بۆردومانی دەکردین، یەکێك لە فڕۆکە ترسناکەکان مێك و سیخۆ بوون، زۆر بەخراپی تۆپبارانی دەکردین، لە درەنگانی شەو و نزیکی بەرەبەیان فڕۆکە بۆردومانی کۆمەڵێك پێشمەرگەی کرد، هەڤاڵ کۆسرەتی تێدا بوو، بریندار بوو، شەو بوو زۆر بەخراپی ملی و سینگی بەرکەوتبوو، پارچەی سارووخ چوو بووە ناو سینگی خوێنی تیا نەمابوو، خوێن چوو بووە سینگییەوە و (مەیی) بوو، بە باوەڕی من لە چرکەکانی کۆتایی ژیانی نزیك دەبووەوە، بەخێرایی چوار بوتڵ خوێنمان پێدا و موغەزیمان بۆ هەڵواسی و نەشتەرگەریمان بۆ کرد، پێشمەرگەکان کە بیستبوویان هەڤاڵ کۆسرەت برینداره هەموو بە پەرۆشییەوە هاتبوون بۆ ئەوەی خوێنی خۆیانی پێ ببەخشن و ژیانی ڕزگار بکەن، هەرچەندە تاقیگەی پشکنینی جۆری خوێنمان نەبوو، ناچار هەموو پێشمەرگەکانم کۆکردەوە، گوتم کێ جۆری خوێنی خۆی دەزانێ، زۆرینە گوتیان بیرمانە لە سەربازی پشکنینمان بۆ کراوە، ئیدی ئەوەی گوتی (+O)ە، جیام کردنەوە، چونکە وەك زانراوە ئەو جۆرە خوێنە بەخشەری گشتییە، هەرچەندە زۆر ڕاڕای ئەوە بووم نەك پێشمەرگەیەك بیری چووبێتەوە و بەهەڵە خوێنی لێ وەربگرین، هەڤاڵ کۆسرەت پیاوێکی زۆر ئازا و چالاك بوو، بیرمە هەڤاڵ مام جەلال بە بێتەل لەسەر خەت بوو، زۆر پەرۆش بوو پێی گوتم بەس مەهێڵە بمرێت، بە زووترین کات دەیگەیەنمە ئەڵمانیا، منیش گوتم دۆخی زۆر خراپە هی ئەوە نییە ئەوها بگوازرێتەوە، پێویستمان بە سۆندەیەکی

خوێن دەرهێنان بوو لە سینگدا نەمان بوو، هەڤاڵ (جەلال ساڵەح) کە زاوای هەڤاڵ کۆسرەت بوو ناردمان بۆ هەولێر و بۆ ئێوارە گەڕایەوە و پەیدای کردبوو، یەکسەر سۆندەکەمان بۆ سینگی بردە ژوورەوە و خوێنێکی زۆر لە سینگیدا مابووە و چەند بوتڵ خوێنمان لێ هێنایە دەرەوە، دۆخی باشتر بوو، بۆ ڕۆژی دواتر هەڵسایە سەر پێ.

دواتر نزیکەی دە کەس لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت چووین سەرکردایەتی، لەوێ پزیشکێکی فارسی لێ بوو، لەوێ نەشتەرگەری بۆ دەستی هەڤاڵ کۆسرەت کرد کە دەمارێکی بڕا بوو، ئیدی بۆ ماوەیەك لای هەڤاڵ مام جەلال مایەوە.

لە ژیانمدا چارەسەری سەدان کەسم کردووە، بریندار و نەخۆش پزیشکەکەیان دەناسنەوە، بەڵام مەرج نییە پزیشك هەموو بریندار و نەخۆشەکانی بناسێتەوە، بۆ نمونە دەیان کەس هەبووە قسەی لەگەڵ کردووم و پێی گوتوم دکتۆر دەمناسیتەوە، کە دەڵێم نەخێر دەڵێت تۆ لە لە فلان ڕۆژ نەشتەرگەریت بۆ کردووم و ڕزگارت کردووم، ڕۆژێك لە بازاڕی هەولێر کابرایەك بە دارشەق دەڕۆیشت، گوتی دکتۆر دەمناسیتەوە، گوتم نەخێر، گوتی لە شاخ تۆ قاچت بۆ بڕیومەتەوە.

لە دۆڵی سماقووڵی ڕۆژانە بریندارمان لە چالاکییەکانی ناو هەولێرەوە بۆ دەگەڕایەوە، ڕۆژێك پێشمەرگەیەك گوللە بەر گورچیلەی کەوتبوو، ئەمە بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێی ڕزگاربوونی نەبووین، خۆشبەختانە لای ئێمە نەشتەرگەری بۆ کرا و ڕزگاری بوو، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی برینداریان هێنا لە سەر سەرییەوە تا قاچی پارچە و ساچمەی گوللەی (RBG) بوو، بەشێکی لە دەماغی لەناوبردبوو، بیرم نایەت کەسێك بەزیندوویەتی گەیشتبێتە لای ئێمە و گیانی لە دەست دابێت.

دوای ئەوەی دۆڵی سماقووڵی لەلایەن ڕژێمەوە داگیرکرایەوە، هەڤاڵ کۆسرەت پێی گوتم نەخۆشخانەکەت بۆ بالیسان بگوازەوە، گەڕاینەوە لە گوندی خەتێ نەخۆشخانەیەکمان دانا، دوو ساڵ لەوێ بووین (١٩٨٧ - ١٩٨٨)، لە خزمەتێکی زۆری پێشمەرگە و هاووڵاتییانمان کرد،

له ساڵی ١٩٨٧ دکتۆر هەڤاڵ پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە، هەروەها هەڤاڵان: فەرهاد، محەمەد (خەسرەو)، کارووخ و سەلام یاریدەدەری پزیشك بوون، شەوان تا سپێدە بە دیار نەخۆشەوە بوون، لە دوای ڕووخانی ڕژێم یەکێك بووم لە گەواهیدەرەکانی دادگاییکردنی سەدام حسێن، لە دادگاکە سوڵتان هاشم ناوی نەخۆشخانەی خەتێ دەهێنێت و ڤیدیۆکەی ماوە، ئەمە نیشانەی بەناوبانگی نەخۆشخانەکە بوو.

لە نەخۆشخانەی خەتێ، بەردەووام بووین تا نەخۆشخانەکە بە چەکی کیمیایی لێی درا، سەدان بریندراری چەکی کیمیایی شێخ وەسانان و بالیسان دەهاتنە لای ئێمە، هەرچەندە شارەزایی چارەسەری بریندراری چەکی کیمیایی نەبووین، چەند سەد کەسێك لەو چەند گوندە شەهید بوون بە چەکی کیمیایی خەردەل و گازی عەساب، هەندێك تووشی گەشکە دەبوون و دەمردن و هەندێك گیانیان دەسووتا و دەبوو بە تلۆق (بلۆق)، لەلایەکی دیکەوە دەنگی تۆپ و دەبابە و فڕۆکە دەهات، دۆخێك بوو گێڕانەوەی ئەستەمە، ئیدی هێرش گەیشتە سەرمان، بریندارانی کیمیایی نەیاندەتوانی هەڵبێن، خەڵکی هەندێکی سەری لێ دەشێوا و ڕووە و سوپای ڕژێم دەڕۆیشتن و دەستگیر دەکران و ئەنفال دەکران، ئیدی ڕژێم گوندەکانی بە ناوچەکەوە سووتان، خۆم بەهۆی چارەسەری بریندراری کیمیایی بەرکەوتم و قۆڵ و بنی باڵم سوتا.

دواتر بەرەو ئێران کەوتینە ڕێ، دوا شەڕ، شەڕی شاخی (کونەکۆتر) بوو کردمان، دوازدە تەرمی پێشمەرگەی شەهیدمان بە جێما، لە ئێران بووم بە پزیشکی ئۆردوگاکان، ئەو ئۆردوگایانە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دروستکرا کە لە خانوو یان خێمە پێکهاتبوو، لەوێ دەستمان کرد بە خەتەنەکردنی منداڵانی ئاوارەی کورد.

ئیدی تا ساڵی ١٩٩٠ لەوێ بووین، دواتر لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ کۆسرەت چووم بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، لە سووریاوە گەیشتمە بەریتانیا، لەوێ دەستم کرد بە خوێندن تا بڕوانامەی دکتۆرام بە دەستهێنا (FRCP)، دەستم بە کاری پزیشکی کرد و بووم

به پزیشکی هەناوی، لە ٢٠٠٧ شەوێك لەلایەن هەڤاڵ کۆسرەتەوە لەماڵی هەڤاڵ مام جەلال لە بەغدادەوە تەلەفۆنم بۆ کرا، کە بێمەوە ببم بە وەزیری تەندروستی، ئیدی هاتمەوە و بووم بە وەزیر، هەرچەندە ساڵانێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من، دوای تەواوبوونی ئەو کابینەیە داوام لێکرایەوە ببمەوە بە وەزیر، بەڵام ڕەتم کردەوە، لە ئێستادا لە وڵاتی بەریتانیا دەژیم، باوکی کوڕێك و سێ کچم[٣٦].

[٣٦]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (د. زریان)، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٢/٦/٢٢.

عەبدولهادی ساڵح سەعید (شەهید دکتۆر هادی)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکووك لەدایك بووە، دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بووە، چەند ساڵێك لە نەخۆشخانەی (جمهوری) کەرکووك خزمەت دەکات، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی (ك.ڕ.ك)ەوە کردووە، ئەندامی کارای کۆمیتەی ئاگر بووە لە شاری کەرکووك[٣٧].

لە ساڵی ١٩٨٢ ناوی بۆ خزمەتی سەربازی دێتەوە، بەڵام نایەوێت خزمەتی بەعس بکات، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٢ شاری کەرکووك جێدەهێڵێت و بۆ گوندەکەی خۆی (مۆردخواردەی خواروو) دەگەڕێتەوە، ئەو ماوەیەی لە گوندەکەی دەبێت دەست دەکات بە کردنەوەی خوێندنگەیەك و لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە پێشوازی لە پرۆژەکەی دەکرێت و شوێنی بۆ دابین دەکەن و ئیدی دکتۆر هادی هەر خۆی دەبێت بە مامۆستای خوێندنگەی گوندەکەی، نەوەیەکی گوندەکە لەسەر دەستی ناوبراو فێری ئەلف و بێ و نووسین و خوێندنەوە دەبن و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی پتەو لە نێوان خوێندکارەکانیدا دروست دەکات و تا ئێستاش ئەو نەوەیەی کە خوێندکاری دکتۆر هادی بوون لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی پتەویان لە نێواندا ماوە.

دواتر لە ڕیزی کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ و پۆلی خاڵخاڵان لەلایەن (مەلا شاخی) نووسراوی پشتگیری بۆ دەکرێت و دەبێت بە پێشمەرگە[٣٨].

لە تیپی ٢١ی کەرکووك دەبێت بە پێشمەرگە، پاشان بووە بە لێپرسراوی پزیشکی و فەرماندەیی مەفرەزە، دواتر دەبێتە لێپرسراوی هەردوو تیمی پزیشکی هەردوو تیپی ٢١ی

---

[٣٧]– ئاوات کۆکەیی، کسپەیەك لە کەرکووکەوە لە یادی پۆلێك شەهیدی خێزانێکدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و دووەم، ژ٦٠٦٦، هەینی ٢٠١٣/٤/٢٦، ل١٦.

[٣٨]– مەلا شاخی: چاوپێکەوتن، کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠٢١/٣/٢٣.

کـــەرکووك و ٢٥ی خاڵخـــالان، دەیـــان پێشـــمەرگە و هـــاووڵاتی لـــە لێـــواری مـــەرگ گەڕاندووەتەوە[٣٩].

لە دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ سوپای عێراق ڕووی کردە گوندی چیمەنی گەورەی شەهیدان، بە مەبەستی بردنی خەڵك بۆ دەنگدان بە سەدام حسێن بۆ هەڵبژاردنـەوەی بە سەرۆك کۆماری عێـراق، لـەو دۆخـەدا گـرژی دروسـت دەبێـت و شـەڕی لێدەکەوێتـەوە، پێشـمەرگە پەلاماری سوپای عێراق دەدات و لە ماوەیەکی کورتدا سوپاکە پاشەکشەی کردووە، لەو شەڕە دکتـۆر هـادی لـە یەکـەم هەڵمەتیـدا سـەربازێك بـە دیـل دەگرێـت، دوای ئـەوەی لەلایـەن هاوڕێیەکی پێشمەرگەیەوە پێی دەگوترێت: "ئـەوە کـاری تـۆ نـەبوو، نابێت بەشـداری شـەڕ بکەیت" بەڵام دکتۆر هادی جگە لە پیشـەکەی هاوشـانی پێشـمەرگە بەشـداری شەڕەکانیشی کردووە و بە گوتەی هاوڕێکانی هەرگیز ترس نەیگەڕاندووەتەوە.

هـاوینی سـاڵی ١٩٨٧ بەڕێوەبەرایـەتی ئـەمنی کـەرکووك لـە ڕێگـەی ڕایەڵەکانییـەوە نامەیەکیان بۆ دکتۆر هادی نـاردووە، چونکە زانیبوویـان دکتـۆر هـادی بـووە بـە داینـەمۆی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنووری کەرکووکدا، بەڵام دکتۆر هادی گوێی پێ نەداون، لـەو کاتـەدا و لـە دوای شـەڕێکی سـەخت ژمارەیـەك پێشـمەرگە برینـدار دەبـن و دەبرێنـە دیوەخـانی کەسایەتییەکی گونـدی مۆردخـواردەی بنـاری خاڵخـالان بـە نـاوی مـەلا محەمـەد مەولود، یەکێك لە پێشمەرگەکان بە سەختی بریندار بووە بەناوی محەمەد عوسمان ناسـراو بـە (حەمەسـوور دووشـیوانی)، هـەروەها هـەوراز فـەخرەدین گلـی یـەکێکی دیکـە بـووە لـە برینـدارەکان، کـە نزیکـەی دە پێشـمەرگە برینـدار بـوون، بـە گـوێرەی گوتـەی هاورێیـەکی پێشمەرگەی کە دکتۆ هادی ئەو نامەیەی پیشانداوە دەڵێت: "نامەکـە چـەندین ئیمتیـازاتی گەورەی تێدا بوو، وەك ئازادکردنی باوکی و براکانی و ئۆتۆمبێل و پارە"، هـەروەها دەڵێت: "کەم کەس هەبوو خـۆی لـە ئاسـت ئـەو دەسـتکەوتانەدا بگرێـت کـە بـۆی خرابـووە ڕوو، لـە کاتێکدا شەش برا و باوکـت لـە زینـدان بـن" دواتـر دکتـۆر هـادی نامەکـەی بـردووە بـۆ مـام جـەلال لـە یاخسـەمەر، دواتـر دکتـۆر هـادی بـە ورەی بـەرزترەوە هاتووەتـەوە بـۆ لای

---

[٣٩]- بەختیار ڕاستی: لە یادی شەهیدبوونی مام ساڵح و کوڕەکانیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و یەکەم، ژ٥٧٦٣، هەینی ٢٠١٢/٤/٣، ل١٢.

بریندارەکانی، دوای دوو مانگی دیکە نامەیەکی دیکەی بۆ دەنێرن بە شێوازی هەڕەشە، داوای لێکراوە پێویستە جێبەجێی بکات، دکتۆر هادی نامەیەك دەنووسێت و لەگەڵ نامەکەی ئەمندا بۆ مام جەلال بە پێشمەرگەیەکدا دەینێرێت و پێی دەڵێت کە تەنها دەبێت مام جەلال خۆی بیبینێت، ئەمجارەیان مام جەلال وەڵامی بۆ دەنێرێت: "کە ئەگەر دیل گۆڕینەوە و ئاگربەستیش بێت من لەبەر کەسوکاری تۆ دەیکەم" ئیدی لێرەوە دکتۆر هادی سوورتر دەبێت لەسەر بەرگری و خەبات، لێرە بەدواوە هێرشەکانی ڕژێم چڕتر دەبنەوە، دکتۆر هادی بنکەی نەخۆشخانەکەی دەگوازێتەوە ناو چەمی (بەڕەزە) لە نێوان گوندەکانی مۆردخوارده و ئاوباره و دارەقووتەی بناری خاڵخاڵان، بە وتەی گێڕانەوەکە دوو نامەکە لە ئەرشیفی هەڤاڵ مام جەلالدا ماون، ئەم چیرۆکی نەبەردییەی دکتۆر لە کاتێکدا بوو کە تەواوی خانەوادەکەی لە کەرکووك لە زینداندا بوون و ڕژێم مامەڵەی پێوە دەکردن، کەچی دکتۆر هادی هێندە ورەی پۆڵاینی بەرز بووە بۆ ساتێکیش بیری لە خۆبەدەستەوەدان و جێبەجێکردنی داواکانی ڕژێم نەکردووتەوە، ئەمە مشتێکە لە خەرمانی بەرخۆدانی کە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە شەیدای بووە(٤٠).

دکتۆر هادی هەم پزیشك هەم پیاوێکی سەربازی و قارەمان و جەربەزە هەم کادیرێکی کۆمەڵایەتی بوو، هەمیشە لە ڕێگەی کۆڵەپشت و جانتاکەیەوە دەیویست کەمترین قوربانی هەبێت، لەگەڵ پێشمەرگە بریندارەکان ماوەتەوە هەتا بە تەواوی چاك بوونەتەوە خۆی چووەتە سەنگەرەکان(٤١).

دکتۆر هادی یەك ڕۆژ پێش شەهیدبوونی بە (سەباح)ی برای ڕادەگەیەنێت کە (مام جەلال) داوای لێ کردووە بچێت لە دەرەوەی وڵات خوێندن تەواو بکات، دکتۆر هادی ڕووە و سنوورەکانی ئێران کەوتووەتە ڕێ و لە ڕێگەی هەڤاڵ سەباحی برایەوە نامەیەکی بۆ کەسوکارەکەی ناردووە، هەروەها چەکەکەشی کە لە جۆری (B.K.C) بووە بەناوبراودا بۆ گوندەکەی ناردووتەوە، ڕۆژی دواتر کە ناوبراو دەگاتەوە گوندەکەی خۆی، خەڵکی گوندەکە

---

(٤٠)- لە ڕاگەیاندنی پەیوەندییەکانی کەرکووکی (ی.ن.ك) وەرگیراوە.

(٤١)- لێدوانی چەتۆ ساڵح سەعید: کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠٢١/٣/٢٣.

پێی ڕادەگەیەنن کە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بڵاویکردووەتەوە کە دکتۆر هادی شەهید بووە، سەباحی براشی ڕای دەگەیەنێت کە ڕاست نییە و ئەوەندە نییە نامەیەکی پێ داوم، کاتێك نامەکە دەبینن مێژووی یەك ڕۆژی پێش ئەو هەواڵەی لەسەر دەبێت، ئیدی شەهید بوونی نابێتە جێگەی بڕوای خەڵکی و باوەڕ بە شەهیدبوونی ناکەن، دوای گەرمتر بوونی هەواڵی شەهید بوونی برایەکی دیکەی دکتۆر هادی بەناوی هەڤاڵ چەتۆ دەچێتە سماقووڵی و لەوێ هەڤاڵ کۆسرەت ڕسووڵ عەلی هەواڵی شەهید بوونی دکتۆر هادی پشتڕاست دەکاتەوە، ئیدی فریای دانانی پرسە ناکەون و تراژیدیا و مەرگەساتی ئەنفالی بەسەردا دێت[٤٢].

دکتۆر هادی ڕەچەتەی چارەسەرەکانی برینداران و پێداویستی کۆڵپشت و جانتا پزیشکییەکەی دەنووسی و (سەباح)ی برای ڕادەسپارد تا دەرمانیان بۆ پەیدا بکات، دەینارد بۆ شەقامی کۆماری لە شاری کەرکووك زۆرجار دەبووە جێگەی سەرنج چونکە داواکارییەکانی هەموو پێویستی فریاگوزاری خێرا، سەرەتایی بوون، لە کاتی شەڕدا بەکاردەهاتن[٤٣].

لە درێژەی ساڵانی خەباتیدا دوو جار بریندار بووە، لە ماوەی خەباتیدا پزیشکێکی بە ورە و چاونەترسی ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، لە ناوچەکانی کەرکووك و گەرمیان هەناسەی گەرمی بە نیشتیمان بەخشی، دوای شەهیدبوونی باوکی و شەش برای، هادی ورە قەندیل.. هادی سەربڵند.. هادی دکتۆر و پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ ورە و جۆشی خەباتی لە گوڕگوڕ گەرمتر و چالاکتر کردووە، دوای ئەوەی بە بڕیاری ی.ن.ك هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بەرەو سنووری عێراق - ئێران پاشەکشە دەکات و پۆلێك پێشمەرگە دەچنە گوندی شاناخسێ*[٤٤]، کە بڕیار بووە لەوێوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی

---

[٤٢]- سەباح ساڵح سەعید: کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠٢١/٣/٢٣، سەباح ساڵح سەعید: کەناڵی کوردسات، ٢٠٢١/٣/٢٣.

[٤٣]- چاوپێکەوتنی سەباح ساڵح سەعید: کەناڵی کوردسات، ٢٠٢١/٣/٢٣.

[٤٤]- گوندی شاناخسێ: یەکێکە لە گوندە دڵگیرەکانی نۆدێی ئالان، وەك ملوانکە بە گەردنی چیای سەرکەشی گمۆدا هەڵواسراوە، تا چاوی بینین بڕ بکات ڕەز و باخ و سەوزاییە، هەتا گوێی بیستنیش بڕ

کوردستان بەڕێ بکەون، بەڵام پێش دەرچوونیان و لە ١٩٨٨/٣/٢٣ لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسەوە گوندی شاناخسێی ئالانی شارباژێڕ کیمیاباران*[٤٥] دەکرێت، تێیدا زیاتر لە پەنجا پێشمەرگە شەهید بوون، کە یەکێك لە شەهیدەکان دکتۆر هادی بوو[٤٦]، شایەنی باسە دکتۆر هادی جگە لە خۆی شەش برای دیکەی شەهیدن[٤٧]، هەروەها باوکی شەهید دکتۆر

بکات، خوڕەی ئاو و جۆگە و تریفەی کانییە، درەختە شۆخ و شەنگەکانی بەهاران لەنجە دەکەن، قاسپەی کەوی نسارانی دەقاسپێنن شاخەکانی دەستی سڵاوێ هەڵدەبڕن و خەندە دەکەن، دێی شاناخسێ لە (مووچەکانی، کاولان، پشتئاشان، دێبەران، سنجەڵێ، سارکێ، بەرجۆ، دڕەڵە، سووره قانگ، دەڵاو، دوازدەمووچە و ناوەندی گوندەکە) پێکهاتووە، بنەمای ئابووری خەڵك لە ئاژەڵدار، باخداری، کشتوکاڵ، توتن، گوێز و بازرگانی بچووك و هاموشۆ و ئەمبەراوبەری ئێران پێکهاتووە، ئاستی بژێوی خەڵك بە گشتی مامناوەندی بووە، گوندەکانی دیکەی نۆدێی ئالانیش بە گشتی ئاستی گوزەرانیان هاوشێوەی شاناخسێ بووە و لە یەکە وە نزیکن، شاناخسێ هەواری هەمیشەیی مەفرەزە پارتیزانەکان و شۆڕش بووە لە دوای ساڵی ١٩٨٧ەوە تیپی ٣٧ی شارباژێڕی لە ژێر سێبەری دارگوێزەکانی کاڕەشدا لە باوەش گرتووە، لە ١٩٨٧/٩/١٥ گوندی شاناخسێ ڕاگوێزراوە و لە ئۆردوگای زۆرەملێی قەلاچوالان گیرساونەتەوە، پێش ڕاگواستن ١٦٩ ماڵ بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد سەراوی: خاکپۆشەکان، س.پ. ل ٣٢٥-٣٢٦.

[٤٥]– لە ١٩٨٨/٣/٢٣ کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆ پۆلێك فڕۆکەی مەرگچێن بە بۆمبی قەدەغەکراوی کیمیایی گوندی شاناخسێیان کیمیاباران کردووە، کە بەشێك لە بارەگاکانی (ی.ن.ك) بەتایبەت تیپی ٣٧ی لێ بووە، بۆمبارانەکە شەهید و برینداری زۆری لێکەوتووتەوە، تێیدا دکتۆر هادی، عوسمان وڵاخلوویی، ئاسۆی شێخ مارفی کوڕەداوێ، حەمەمینی خەجێ پێنجوێنی، شێخ عەزیز و مامۆستا ڕەئووف شەهید بوون، هەروەها سەید ئەحمەد و عومەر چاوشین دڕەیی و کاوە سەراوی و دەیانی دیکە بەر چەکی کیمیایی کەوتوون و بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کراون، هەندێك لە بریندارەکان گیانیان سپاردووە، هەندێکیشیان بۆ هەمیشە بەو ئازارەوە مانەوە، یان دواتر گیانیان سپاردووە، بە نموونە هەڤاڵ عومەر چاوشین تا ئێستاش لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا چارەسەر وەردەگرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد سەراوی: هێلانەی هەڵۆکان، پێنجوێن، شارباژێر، دوکان، چاپخانەی بەهەست، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٢٨.

[٤٦]– ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب١، س.پ، ل٦٣٧، ئاوات کۆکەیی، س.پ.

[٤٧]– ئەوانیش بریتین لە: (شەهید عادل ساڵح سەعید ١٩٥٢، شەهید مەهدی ساڵح سەعید ١٩٥٤، شەهید عەبدولوەهاب ساڵح سەعید ١٩٦٢، شەهید سەلاحەدین ساڵح سەعید ١٩٦٣، شەهید ڕەفیق ساڵح سەعید ١٩٦٨، شەهید سەعدوون ساڵح سەعید ١٩٧٥)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئاوات کۆکەیی، س.پ.

هادی بە ناوی سالح سەعید بایز[٤٨] یەکێك بووە لە ڕێکخستنە دێرینەکانی شاری کەرکووك، هەروەها دایکی شەهید دکتۆر هادی بە ناوی مەحبوبە عوسمان عومەر[٤٩]، یەکێك بووە لە تەتەری ڕێکخستنەکان لە شاری کەرکووکدا و چەندین چالاکی ئەنجام داوە.

---

[٤٨] سالح سەعید بایز: مام سالح سەعید باوکی ئەم پۆلە شەهیدە لە ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی (مۆردخواردە)ی بناری خاڵخالان لەدایك بووە، ساڵی ١٩٥٤ چووەتە شاری کەرکووك، ساڵی ١٩٦٩ لە شۆڕشی ئەیلوولدا بووە بە پێشمەرگە، لە هێزی کاوە بووە بە سەرلق و دوو جار بریندار بووە، لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩ لە ئۆردوگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیانێکی سەختی گوزەراندووە، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق بەزۆر ڕای دەگوێزن بۆ شارەکانی دیالە و بەعقوبە، دواتر بە لێبووردنی گشتی گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووك و لە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە، دوای چەندین کۆبوونەوەی نهێنی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی شاردا چەندین جار لەلایەن ئەمنی کەرکووکەوە بانگ دەکرێت، کوڕێکی مام سالح بە ناوی (ڕەفیق) لە ڕێگەی دکتۆر هادی برایەوە لە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) شاری کەرکووکدا کاری کردووە، لە (کۆمیتەی ئاگر) لەگەڵ شەهید (مەلا محێدین) کاری کردووە، کە هاوکات خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی بووە چەندین جار لەلایەن ئیتیحادی تەلەبەی کەرکووکەوە بانگ دەکرێت و ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام ناوبراو لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێت، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٠ لە ئەنجامی چالاکی ڕێکخستنەکانی کەرکووك لە گەڕەکی ڕەحیمئاوا، لە چالاکییەکەدا بەشداربووە، کە تێیدا (نارنجۆکێك) هەڵدەدەنە ناو ئۆتۆمبێلێکی پیاوانی ڕژێمەوە و دوو ئەندامی ئەمنی تێدا دەکوژرێن، ماڵی مام سالح نزیك بووە لە شوێنی ڕووداوەکە لە ئەنجامی ئەمەدا ڕژێم زیاتر لە ٢٠٠ هاووڵاتی ئەو گەڕەکەی دەستگیر کردووە، کە مام سالح یەکێك بووە لە دەستگیراوەکان، دوای سێ ڕۆژ دواتر جگە لە مام سالح هەموویان ئازاد کراون، دواتر لە شەوێکدا ڕژێم هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی و پێنج کوڕی و بوکێکی دەستگیر دەکەن، ڕەفیق خۆی دەگەیەنێتە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، دواتر ڕژێم مام سالح و پێنج کوڕەکەی و بوکەکەی ئازاد دەکەن، بۆ ئەوەی ڕەفیق بگەڕێتەوە و دەستگیری بکەن، بۆیە پاش ڕۆژێك دەگەڕێتەوە شاری کەرکووك و ناچێتەوە ماڵی خۆیان و دەچێتەوە خوێندنگەکەی لە ئامادەیی پیشەسازی کەرکووك، هەر هەمان ڕۆژ بەڕێوەبەری خوێندنگەکە تەلەفۆن بۆ ئەمنی کەرکووك دەکات و دێن دەستگیری دەکەن، بۆ شەوەکەی جارێکی دیکە مام سالح و پێنج لە کوڕەکانی دەستگیر دەکرێنەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٤ لە گەڕەکی ڕەحیمئاوا بەئامادەبوونی بنەماڵەکەی و نزیکەی ٥٠٠٠ هاووڵاتیی شارەکە کە بەزۆر خڕکرابوونەوە لەسەر شەقامی سەرەکی کەرکووك هەولێر کە نزیکی ماڵی مام سالح بووە، بەبەرچاوی مام سالح و پێنج براکەیەوە کە دەست بە سەربوون و بە ئامادەبوونی (عەلی حەسەن مەجید)، (ڕەفیق سالح سەعید)ی لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا گوللەباران دەکرێت و شەهید دەکرێت، هاوکات ماڵی شەهید عادلی برای کە کرێچی بوو بە شۆفڵ تەخت دەکرێت، دواتر مام

سالّح خۆی و پێنج کورەکەی دیکەی شوێن بزر دەکرێن، تاکو پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی ئەمنی عامەی کەرکووك و بەغداد خۆی و پێنج کوڕی دیکەی کە لەگەڵی زیندانی کرابوون گوللەباران کراون، هەتا ئێستاش گۆڕبزرن، ئەو کردە قێزەونەی ڕژێم بۆ چاوترسانی کورد بوو لە کوردستان بە گشتی و لە کەرکووك بە تایبەتی تاکو مل بۆ دەسەڵاتی شۆڤێنی ستەمکاری بەعس کەچ بکەن، لێرەوە مام سالّح پیرە هەڵۆی بابەگوڕگوڕ خۆی و حەوت ڕۆڵەی لە تاو گڕی چەوسانەوەی میللەتێکدا یەك لە دوای یەك وەك قەتارە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بەرز فڕین و بوون بە ملوانکەی خوشکان و دایکانی کەرکووك و کوردستان، ڕۆحی ئەوان لە چیاکاندا بوون بە گوڵ و لە نێو دڵەکاندا بوون بە خوێن، لە ناو بەرخۆدانی جۆشدراوی پڕ شکۆی تێکۆشان بوون بە کڵپە، ئینتیما و ورە و ئازایەتییان بە گەل بەخشی، لە ئێستادا لە شاری کەرکووك مۆنۆمێنتیان بۆ دروست کراوە، پێشتر هەر لەم شارە بە ماڵی (نۆ براکە) ناسرابوون، باوکیان بوو بە پێشەنگی جۆشدانی بزاوت و گڕوتینی کوردایەتی، وەك بڵێسەی بابەگوڕگوڕ بە گڕ تاوی دەدا، شا درەختێك بوو نۆ لقی سەوزی لێ بەجێما، کە حەوتیان بوون بە داینەمۆ و بزاوت و کوانووی جۆشدانی بەرخۆدان، بوون بە حەوت هەڵۆ و بەرەو قەد پاڵی چیاکانی کوردستا ن هەڵفڕین لەوێشەوە بوون بە ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی نیشتتیمان، بوون بە حەوت پایە بۆ بوونیادنانی کۆشکی نیشتیمان. (لێدوانی سەباح سالّح سەعید، ڕاپۆرتی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئامادەی کردووە، ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ پەخشکراوە)، (لێدوانی سەباح سالّح سەعیدی برای شەهید دکتۆ هادی، شیروان سەعید و نەهرۆ سەعید هاوڕێ و شایەتحاڵانی گوللەبارانکردنی شەهید ڕەفیق سالّح سەعید، ڕاپۆرتی کەناڵی ئاسمانی کەرکووك، هەردی عادل ئامادەی کردووە، ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢١ پەخشکراوە)، (ئاوات کۆکەیی، س.پ)، (بەختیار ڕاستی، س.پ)

(٤٩)– مەحبوبە عوسمان عومەر: دایکی ئەم پۆلە شەهیدە لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، لە کۆتایی چلەکان لەگەڵ (سالّح سەعید بایز) ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە لایەنگری شۆڕش بووە، وەك تەتەرێکی ڕێکخستنەکانی ناو شاری کەرکووك کاری کردووە، چەندین نامەی ڕێکخستنەکانی شار و گوندەکانی گواستووەتەوە، سێ جار بە خێزانەوە ئاوارە بووە، شانبەشانی هاوسەرەکەی لە شاخ بووە، ساڵی ١٩٨٧ دوای دەستگیرکردنی هاوسەرەکەی و پێج کوڕی و گوللەبارانکردنی کوڕی شەشەمی فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت و خۆی دەگەیەنێتە گوندی مۆردخواردە بۆ لای هەردوو کوڕی دیکەی (دکتۆر هادی و چەتۆ)، کە ئەو کات پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکووك بوون، پاشان بە ئاوارەیی لە شاری ڕانیە لە پڕ چاوەکانی لە یەك دەنێت و ژیانئاوایی دەکات و لە شاری هەولێر بە خاك دەسپێرد رێت، لێرەوە دوای بەخشینی پۆلێك ڕۆڵەی بەرەو لای هاوسەر و حەوت کوڕی شەهیدی ئۆغری کرد، دایکە مەحبوبە بە شیری خۆی ئەو بێچوو شێرانەی پەروەردە کرد تا بۆ ڕزگاری کوردستان سەنگەر بگرن و قارەمانانە شەهید ببن، ئەو پۆلە شەهیدە قارەمانە بوون بە سیمبول و هێمای نەتەوەیەك کە بە

لـه سـالّى ١٩٩٢ دواى پـەردە لادان لەسـەر وێنـەى شـەهيد دكتـۆر هـادى لەلايـەن مـام جەلالەوە، مام جەلال وتارێكى پێشكەش كردووە تێيـدا و دەڵێت: **"لـە پـاى بەخشينى ئـەو ژمارە زۆرە لە شەهيد، ڕەوايە ى.ن.ك بە ڕێكخراوى شەهيدان ناوزەندە بكرێت"**(٥٠).

درێژايى مێـژوو چەوسـێنراوەتەوە، بـوون بـە حـەوت مەشـخەڵ بـۆ ڕوونـاكى ڕێـى ئاينـدەى ئـەم گەلـە، لـەم بنەماڵە تێكۆشەرە تەنها دوو ڕۆڵەيان دەمێننەوە بە ناوەكانى (چەتۆ سالّح سەعيد و سەباح سالّح سـەعيد)، بڕوانە: (سەباح سالّح سەعيد: ژنێك لە بۆتەى خەباتدا، ڕۆژنامەى كوردستانى نوێ، سالّى بيست و يەكـەم، ژ٥٦٨١، هەينى ٢٠١٢/١/٣٠، ل١٩)، (ئاوات كۆكەيى، س.پ) (بەختيار ڕاستى، س.پ).

(٥٠)– چاوپێكەوتنى چەتۆ سالّح سەعيد: كەنالّى كوردسات، ٢٠٢١/٣/٢٣.

عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسووڵ (د. ڕەوەند)

ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی دووزتەپەی دەشتی شەمامك سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووم، لە ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی کاری باوکمەوە کە پۆلیس بوو دەوامی لە هەولێر بوو، هاتوچۆی پێ نەدەکرا، چووینە هەولێر و لە گەڕەکی کوران نیشتەجێ بووین، بەهۆی ئەو هاتنەوە بەختی خوێندنمان هەبوو، ئەگینا هاوتەمەنی ئێمە لە گوندەکەمان نەیانتوانی بخوێنن، براگەورەکەشم چوو بوو لە ماڵی باوکی دایکم لە کۆزەی پانکەی کەندینئاوا دەیخوێند، برایەکی لە خۆم بچووکتر و سێ خوشکیشم هەیە.

لە سەرەتادا باوکم ئەندامی پ.د.ك بووە، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا و لە ساڵی ١٩٦١ پۆلیس بووە، لە چالاکییەکدا ئامادەیی دەربڕیوە بنکەی پۆلیس ڕادەستی پێشمەرگە بکات، لەو چالاکییەدا دەستگیرکراوە و سزای زیندانی هەمیشەیی دراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣ کە دوو ساڵ بوو زیندانی بوو بەهۆی گۆڕینی دەسەڵاتداریێتی عێراق و کودەتا بە سەر فەرمانڕەوایەتی عەبدولکەریم قاسمدا بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییم هەر لە هەولێر تەواو کرد، بەگوێرەی ئەوەی لە کاتی خوێندکاریم سەر بە ڕێکخستنەکانی ك.ڕ.ك بووم، دەمویست لە بوارێك بخوێنم تا لە ئایندە خزمەت بە پێشمەرگە بکەم، لەو تەمەنەدا هێندە دڵگەرم بووین لەسەر کاری سیاسی بە ڕێکخستنن قایل نەدەبووین بەرنامەمان هەبوو لە داهاتوو ببین بە پێشمەرگە، بۆ ئەو مەبەستەش پەیمانگای تەندروستیم هەڵبژارد.

لەو کاتەی لە پەیمانگا بووین، من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم دەرمانمان کۆ دەکردەوە و بۆ پێشمەرگەمان دەنارد، ئەوکات بڕیار بوو دوای تەواوکردنی پەیمانگا ڕاستەوخۆ دادەمەزراین دواتر دەنێردراین بۆ خزمەتی سەربازی.

له قۆناغی ئامادەیی واتە لە ساڵی ١٩٨١ لە ڕێگەی هەڤاڵ سەرداری سەعید سۆڤی پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەوە، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم بوو، ئەو لە ساڵی ١٩٨٣ بوو بە پێشمەرگە پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵی هەبوو هەتا شەهید بوو، لە ڕووی کار و چالاکییەوە من لە نزیکترین هاوڕێکانی شەهید سەردار بووم، لە بەشێك لە چالاکییەکان هاوکاری بووم، ئێستاش ساڵانە یادی دەکەمەوە و وتاری لەسەر دەنووسم.

شۆڕشەکەی ئێمە لەو ساڵانەدا بەردەوام لە گەشەسەندندا بوو، بۆیە هەمیشە شەهید و بریندارمان هەبوو، پێویستیان بە چارەسەر بوو، وەك شۆڕش هیچ سەرچاوەیەکی هێنانی دەرمان نەبوو، تەنها دەبوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە کۆی بکەینەوە و بیگەیەنینە بارەگاکانی پێشمەرگە، من بەرپرسی چەند هەڤاڵێکی خۆم بووم وەکو شانەی ڕێکخستن، بەشێکیان یاریدەدەری پزیشکی بوون.

هاوڕێیەکم بە ناوی هەڤاڵ سلاح ماجیدی لە خوێندندا ساڵێك لە پێش من بوو، دواتر بەهۆی شەڕی عێراق–ئێرانەوە سەربازی هەبوو، ئەو دەرمانی بۆ دەهێنانین، واتە ڕێکخستن نەبوو، بەڵکو دۆستی ڕێکخستن بوو، ڕۆژێك:

- گوتی عەبدولواحێد ئەگەر تۆ کارێك بۆ من بکەیت، من بەردەوام دەرمانتان بۆ دەهێنم.

+ گوتم چییە؟

- گوتی من ئێستا ساڵەکەم تەواو بووە، بەمزووانە دەمنێرن بۆ سەربازی، جا ناشمەوێت ببم بە سەرباز، تۆ دەتوانیت بە بیانووی ونکردنی پێناسی پەیمانگاکەت، پێناسێکی پەیمانگا بە ناوی خۆت بۆ من دەربهێنیت، بەڵام بە وێنەی خۆم، چونکە من ئەگەر پێناسم پێ بێ بەردەوام دەتوانم بچم دەرمانت بۆ بهێنم.

+ گوتم باشە.

ئیدی چوومە پەیمانگا، هەرچەندە ئەوکات وێنە وەك هی ئێستا ڕوون نەبوو، من وێنەیەکی ڕەش و سپی ئەو هاوڕێیەم برد، فەرمانبەرێکی ئافرەتی لێ بوو، قایل بوو، گوتی باشە بچۆ داواکارییەك بنووسە، منیش وێنەی هاوڕێکەم پێ بوو، گوتی ئەوە بە تۆش ناچێت، گوتم وەڵا نیمە هەر ئەو وێنەیەم هەبووە، لەبەرئەوەی ڕەش و سپییە بۆیە لە خۆم ناچێت، ئیدی قایل بوون، بە ون بوو (بدل ضائع) بۆیان دەرکردمەوە، بەڵام بە وێنەی ئەو و بە ناوی من.

دواتر ئەو هاوڕێیەم داوای (دفتر خدمة)کەشی لێ کردم، چونکە گوتی ئەگەر لە بازگەکان گومان لە پێناسەی پەیمانگا بکەن، کە دەفتەر خیدمەکەم بێت ئیدی گومانیان دەڕەوێتەوە و بڕوا دەکەن، هەروەها پێی گوتم تۆ پێناسە ڕاستییەکەی پەیمانگات بە وێنەی ڕوونی خۆت پێیە، بۆیە کەس داوای بەڵگەی دووەم لە تۆ ناکات واتە دەفتەر خیدمە، هەروەها ئەگەر لێکۆڵینەوەشت لێ بکەن ئەوا کێشەت نابێت، چونکە تۆ بەڕاستی خوێندکاریت، واتە ئەو لە دوای تەواوکردنی ساڵی دامەزراندنەکەی ڕاستەوخۆ دەبوو ببوایە بە سەرباز لە ئەگەری نەچوونیشدا بە هەڵهاتوو (فیرار) ئەژمار دەکرا، بۆیە بە پێناسی من ئەو کێشەیەی چارەسەر کرد.

ئیدی ئەو هاوڕێیەم ماوەی ئەو ساڵە خاوەنی بەڵێنی خۆی بوو، بەردەوام هاوکاری دەکردین، ئۆتۆمبێلی پێ بوو، لەناو هەولێریشدا کاری دیکەیان هەبوو، ڕۆژێك لە دووکانی هاوڕێیەکم بە ناوی (سەربەست) کە دەکەوتە سەر ڕێگای مەخمور، بڵاوکراوە و دەرمان و پێویستی و تەنانەت دەمانچەشمان لەسەر جیبسمبۆرد، یاخود تەپەتۆر (سقف ثانوي)ی دووکانەکەی دەشاردەوە، لەو سەردەمە لەناو شار هێزێکی ئاسایشی هاوبەش هەبوو -المشتركە: تێکەڵەیەك بوو لە تەواوی هێزە ئەمنییەکانی شار- لە ناو شار دەگەڕان، لە هەموو شوێنێك داوای پێناسیان لە خەڵکی دەکرد، لە شەقامی کوران ڕیزە دوکانێك هەبوو ڕۆژێك بەڕێکەوت من و ئەو هاوڕێیەم کە پێناسەکەمان یەك بوو لەو دوکانە بووین، ئەو

هێـزە هاوبەشـە هاتنـە ئـەو شـەقامە، مـن بەپەلـە دەرچـووم بـەرەو ڕوویـان ڕۆیشـتم و دوو دوکان دوور کەوتمەوە و گەیشتم بەهێزەکە و داوای پێناسیان کرد، تەماشـایان کـرد و خێـرا ڕۆیشتم و لەو ناوە دوور کەوتمەوە، ئەو هاوڕێیەشم لە شوێنێکی گونجاوی دووکانەکە خـۆی حەشاردابوو، نەبینرابوو، ڕاستی من کێشەم نەبوو، بەڵام کە بەو ناوە پێکەوە لە یەك شوێن داوای پێناسمان لـێ بکرابـا ئـەوە نـەك ئـەو منـیش تیادەچـووم، ڕاسـتی ئـەو هێـزەش هێـزی پشکنین نەبوون، بەڵکو هێزێك بوون کە دەسووڕانەوە هەر کەسیان بویستبا داوای پێناسیان دەکرد، بۆیە لە بەردەم دووکانەکەی ئـەو هاوڕێیـەمان داوایـان لـە دوو کـەس کردبـوو ئیـدی نەچـووبوونە ژوورەوە، ئەگــەر ئاگــادار نەبووینایــە و بگەیشــتنایەتە دوکانەکــە ئاشــکرا دەبووین، چونکە هەردووکمان لە دوکانەکە پێکەوە دانیشتبووین.

سەرەڕای ئەوەی چەند کەسێکمان لە ڕێکخستنەکانی ناو شـار دەسـتگیرکران، ئەمـە وای نەکرد ئێمـە لـە کـاری ڕێکخسـتن پەشـیمان و دووربخاتـەوە، بـەڵکو هـەر بـەردەوام بـووین و پەیوەندیمان کرد بە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر واتە (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر)، لـە ڕێگای مامۆستا تاهیر بەکرەوە، لێپرسراوی ئەو کەرتی ڕێکخستنە هەڤاڵ مەلا خدر بوو، کـە ماڵی لە سێکانی بوو، بۆیە ئێمە دەستبەرداری ڕێکخستن نەبووین، لـەم ڕێگایـەوە لـە چـەند گوندێکی نزیکی هەولێر چەند هەڤاڵێکمان ناسی، من کە دەرمانەکانم بـە دەسـت دەگەیشـت چەند جارێك کۆمدەکردنەوە و بە چەند دەسێك دەمگەیاندە دەستی هـەڤاڵ مـەلا خـدر، لـە گوندی هـەمزەکوێر، ئێمـە وەك ڕێکخسـتن مامۆسـتا مسـتەفامان هـەبوو، دەمـان بـردە مـاڵی ئەوان، دواتر بە تراکتۆر، یان بە ئەو ئۆتۆمبێلە پیکابانەی کە بە شەو هاتوچۆیان دەکرد بە ماڵی هەڤاڵ مەلا خدرمان دەگەیاند.

ئــەوکات ڕێگــە نــەدەدرا ئــەو دەرمانانــە، یــان هــەر پێویسـتییەکی دیکـەی نهـێنی و ڕێکخستنن ڕادەستی هەموو کەس بکرێت، واتە پەیوەنـدی بـە متمانـە و نزیکایـەتی نـەبوو، بەڵکو دەبوو ئەو شێوازە، ڕێکخستن دیاری بکات کـە دەدرێـت بـە کـێ، هـەم لەبـەر پاراسـتنی

گیانی کەسەکە هەم گیانی بەرامبەر، لە کۆتایشدا گیانی هەمووман، هەر ئەندامێکی ڕێکخستن ناوی خوازراوی هەبوو، هاوکات هەر پۆل و شانە و کەرتێك بەرپرسی خۆی جیابوو، بۆئەوەی سبەی ئەو ناوە بەر گوێی هەر کەسێك بکەوێت و بچێت هەواڵت لێ بدات ئەو ناوە لای ڕژێم نەدۆزرێتەوە، چونکە ئەگەر کەسەکە دەستگیریش بکرابا هیچ بەڵگەو پێناسێکی نەبوو بەو ناوە خوازراوەوە، بۆیە وەك زانیارییەکی هەڵە لێکدەدرایەوە و ئازاد دەکرا.

هاوڕێیەکی دیکەمان هەبوو بە ناوی (عەبدولوتەلیب)، یەکێکە لە هۆزانڤانەکانی شاری هەولێر، هەرچەندە هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخستنی نەبوو، بەڵام دۆستی ی.ن.ك بوو، هاوڕێی ئێمە بوو، بەردەوام دەرمانی پێ دەداین، چونکە یاریدەدەری پزیشك بوو، ئەوکات تازە ئۆردوگاکانی نیشتەجێ بوون دروست کرابوون، نەخۆشخانەیان نەبوو، هەموو ڕۆژێك بەیانیان لە کۆگاکانی شارەوە دەرمانیان بۆ دەچوو، تیمێك دەچووە ئۆردوگاکە لە شوێنێك دەوەستان ئەگەر نەخۆش هەبووایە، چارەسەریان دەکرد و دەگەڕانەوە هەولێر تیمەکەش بریتی بوو لە یاریدەدەرێکی پزیشك (معاون طبي) لەگەڵ شۆفێرێك بە ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر، بۆیە هاوڕێکەی عەبدولوتەلیب کە دەرمانەکانی وەردەگرت کە دوور دەکەوتەوە بەشێکی دەدا بە من، دەرمانەکانیش بە گشتی بۆ چارەسەری برینداری بوو، چونکە پێشمەرگە زیاتر پێویستی بەوە هەبوو، لەگەڵ دەرمانی هەوکردن و سڕکردن.

سەرەڕای ئەوە من سەرکێشیم بە گیانی خۆم کردبوو، وەك دروستکردنی ناسنامەکە و وەرگرتنی دەرمان و ناردنی لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە، بەڵام بەو دوو هاوڕێیەم سەرسام بووم، چونکە تەنها دۆست بوون.

لەو ماوەیە دوو هاوڕێی دیکەم هەم ڕێکخستن بوون هەم تەندروستکار بوون، ئەوانیش د. بەڵێن کە هەرچەندە لە شانەکەی من نەبوو، ساڵێك پێشی من خوێندنی تەواوکردبوو، ویستی پەیوەندی بکات بە پێشمەگایەتییەوە من بردم بۆ پێشمەرگایەتی، هەروەها د.

ئامانج کە لە خوێندن ساڵێك پێش من بوو، بەڵام لە ڕێکخستن لای خۆم بوو، ئەویش کە بوو بە پێشمەرگە خۆم لەگەڵی چووم.

من ساڵی ١٩٨٨ خوێندنم تەواو کرد، پێشتر نیازی چوونە دەرەوەم هەبوو بۆ پێشمەرگایەتی، هەڤاڵ مەلا خدر، لێپرسراوی ڕێکخستنمان بوو، ئەو کاتەیش لە پەیمانگا داوای مەشق (تدریب)یان لێ کردین –ئەوکات ڕژێم لە وەرزی هاوین و پشووی خوێندندا خوێندکارانی ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆی دەبرد بۆ مەشق و ڕاهێنان تا ئامادەبن بۆ هەر پێویستییەك کە حکومەت مەبەستی بوو، بەو خوێندکارانە دەگوترا (الجیش الشعبي)– منیش نەم کرد، بۆیە ساڵێك دواکەوتم، چووم ببم بە پێشمەرگە، هەڤاڵ مەلا خدر دوو شەو لە ماڵی خۆیان ڕای گرتم، گوتی نابێت ببیت بە پێشمەرگە، ئێمە لە شار کارمان بە تۆیە، تۆ لە شار پێشمەرگەی، خۆمان بڕوامان وانەبوو، بەڵام لای ئەوان وابوو، چونکە چەندە لە شار بەهێز بووینایە زیاتر پشتیوانی پێشمەرگە بەهێز دەبوو، ئیدی باوەڕی پێهێنام کە بگەڕێمەوە هەولێر و درێژە بە خوێندن بدەم، بۆیە هۆکاری دواکەوتنم لە هاوڕێکانم بۆ ماوەی ساڵێك ئەوە بوو.

من کاتێك چوومە دەرەوە ئەنفال بوو، دۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، خەڵك ڕادەست دەبووە، ئەو ڕێکخستنانەی کە من پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو پێیان سەیر بوو، زۆر تکایان لێ کردم کە نەچم، بەڵام هەر چووم، پەیوەندیم بە تیپی ٨٥ی بەڕانەتییەوە کرد وەك دکتۆری تیپ، دواتر کە چووینە ئێران ئیدی لە ناوزەنگ نەخۆشخانەیەکمان دامەزراند و لەگەڵ د. ئارام لەوێ کارم دەکرد، دواتر بەتالیۆن دروستکرا، هەر سێ تیپێك کرا بە بەتالیۆنێك من بووم بە پزیشکی بەتالیۆن، بارەگامان لە نۆکان بوو، بەیانیان دەچوومە ناوزەنگ بۆ لای د. جەبار، د. شوان و د. ئارام، کە د. شوان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو، د. شوان و د. جەبار ئەوکات دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوون، بۆیە پزیشکی فەرمیشمان هەبووە لە شۆڕشدا، بۆ نموونە دکتۆر جەبار بە کۆڵەپشتێکەوە لەگەڵ تیپەکان دەگەڕا،

لەگەڵ ئەوەشدا تەنها پزیشکی پێشمەرگە نەبوون، بەڵکو پزیشکی هەموو خەڵکی کوردستان بوون، هەروەها هەرگیز پشوویان نەبوو، شەو و ڕۆژ هەر کاتێك پێویستی هەبووایە ئەوان ئامادەبوون، جاری واهەبوو دکتۆرەکانی ئێمە خۆیان دەچوون بۆ لای نەخۆشەکە نەك ئەوەی نەخۆشەکە بهێنن بۆ لامان، جگە لەوەی لە کاتی شەڕیشدا هەمیشە بە کۆڵەپشتێکەوە لەگەڵ پێشمەرگە بوون، هەروەها گیانی دەیان پێشمەرگە و هاووڵاتی لەسەر دەستی ئەو پزیشکانە لە مردن گەڕاوەتەوە.

لەو کاتەی لە ناوزەنگ و نۆکان بووین خەڵکی ئەو سێ چوار گوندە دەهاتن، زۆر جار شەوان منداڵی نەخۆشیان دەهێنا و چارەسەرمان دەکرد، چونکە هەر ئەو نەخۆشخانەیە هەبوو، نەك هەر خەڵك پارتەکانی دیکەش بە هی خۆیان دەزانی، واتە لە کوردستان سێ بۆ چوار گوند مابوون لە دەسەڵاتی پێشمەرگە بوون ئەویش لە سنووری شارۆچکەی قەڵادزێ بوون، لەو ماوەیە د. جەبار و د. ئارام لەوێ بوون سنوورەکە دەکەوتە پشتی چیای مامەندەوە.

ڕۆژێك لەبەر هەتاو دانیشتبووین، ئۆتۆمبێلێك هات، دوای سڵاو، خۆیان وەك دامەزراوەکانی سەردەشت ناساند گوتیان بیستوومانە ئێوە دکتۆرتان هەیە، داوا دەکەین دکتۆرێك هەفتەی سێ ڕۆژ بێت لە نەخۆشخانەی سەردەشت دەوام بکات و پارەی پێ دەدەین، نەیاندەزانی کام لە ئێمە پزیشکە، کە باسی پارەیان کرد د. جەبار وەڵامی دانەوە و گوتی: "ئێمە پێشمەرگەین، بۆ پارە نەهاتووین، ئەگەر بە پارە کارمان بکردبا لە شار و گەڕەکەکەی خۆمان خزمەتمان دەکرد، بۆیە ئێمە پێشمەرگەین و خۆبەخشین لەگەڵ هێزەکەی خۆمان و بۆ پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە خۆبەخشی کاری پزیشکی دەکەین، بۆ پارە بووایە نەدەهاتینە ئێرە، بەڵام وەکو کارێکی مرۆڤایەتی دەکرێت ئێمە بێین هەفتەی دوو بۆ سێ ڕۆژ خزمەتی خەڵکی شاری سەردەشت بکەین"، بە بۆچوونی من ئەمە وەڵامێکی گونجاو بوو بۆ کارگێڕی شاری سەردەشت، هەروەها هەڵوێستێکی جوان بوو.

له ماوەی پارتیزانیدا، پارتیزانەکانی سنووری دەشتی هەولێر تووشی نەخۆشی مەلاریا بووبوون، چەند هاوڕێیەکمان ڕاسپارد دەرمان پەیدا بکەن، ئەو دەرمانەش نەدەفرۆشرا، چونکە دەبوو نەخۆشەکە ببینرێت، بۆ ئەوەی شوێنی نەخۆشییەکە کۆنترۆڵ بکرێت کە نەخۆشییەکەی لێ بڵاوبووەتەوە، بۆیە پەیداکردنی ئەو دەرمانە کارێکی زۆر ئەستەم بوو، هۆکاری تووشبوونیان جۆرە مێشوولەیەکە لەسەر گۆماو و شوێنە پیسەکان دەنیشێت، واتە پارتیزان ژیانی لە شوێنی ئەوها خراپ و ناتەندروست بووە، بۆیە نەخۆش کەوتبوون، ئیدی هەتا ئەو دەرمانانەمان بۆ پەیداکردن زۆر ماندوو بووین، من هەرچەندە لەگەڵیان نەبووم، بەڵام چونکە پێشتر لە ڕێکخستن بووم بۆ ئەو کارانە پێیان دەگوتم، منیش لە ڕێگەی پەیوەندیی خۆمانەوە ڕێکخستنەکانی شارم ئاگادار دەکردەوە چونکە تا ئەو کاتەش هەر ڕێکخستنمان هەبوو لە شار، دوای پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانی شار شوێنێك دیاری دەکرا بۆ وەرگرتنی، کە دەیانهێنا نەدەکرا شوێنی پارتیزانەکانیش بزانرێت، بۆیە شوێنێکمان دیاری دەکرد لێی دابنرێت، دواتر پارتیزانەکانمان ئاگادار دەکردەوە کە بچن لە فلان شوێن دەرمانەکان دانراون، زۆرینەی ئەو کارانە بە نامەی نهێنی دەکران.

پارتیزانەکان برینداریان کەم بوو، چونکە شەڕ کەم بووبووەوە، تەنها نەخۆش کەوتن هەبوو، هەروەها ئێمە چارەسەری نەخۆشی هاوولاتیشمان دەکرد، ئەوەی پێویست بووایە بۆمان دەکرد و ڕەوانەی شارمان دەکرد، بە تایبەتی کاتێك پزیشکەکانمان لەوێ نەبوونایە و خۆمان بۆمان چارەسەر نەکرایە ڕەوانەمان دەکرد، چونکە زۆرمان یاریدەدەری پزیشك بووین نەك پزیشك، ئیدی تا ساڵی ١٩٩١ ماینەوە.

بیرمە ڕۆژێك پێشمەرگەیەکمان نەخۆش کەوت، نەخۆشییەکەی بریتی بوو لە گرانەتا، بۆ ئەو نەخۆشییەش دەرزییەك هەیە کەمێك قورسە، بەتەواوی ماندووت دەکات، من دەرزییەکی گرانەتام بۆ نەخۆشەکە کرد، پێشمەرگەکەش زۆر خۆی هیلاك نیشاندا وەك ئەوەی کە من دەرزییەکەم خراپ لێدابێت، کەچی سەرەڕای چاکە فەرماندەی مەفرەزەکەی

نیمچە هەڕەشەیەکی لێ کردم و گوتی ئەگەر ئەو پێشمەرگەیە هەر شتێکی لێ بێت تۆ بەرپرسی، من زۆرم لەلا ناخۆش بوو، چونکە هەم نەخۆشییەکە قورسە و هەم دەرزییەکەی قورسە.

لە ڕاپەڕینیشدا لەسەر سنوورەوە هەتا کەرکووك بەشدار بووم، ئێمە لە نۆکانەوە بەڕێکەوتین، پێش بیست ڕۆژیش پارتیزانەکان بەڕێکەوتبوون، ئێمە هێزە زۆرەکەی سنووری هەولێر بووین، واتە تیپەکانی سنووری هەولێر و باڵەکایەتی پێکڕا بەسەرکردایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ و هەڤاڵ حەسەن کوێستانی هاتینە خوارەوە، هاتینە سونێ، وا بڕیار بوو هەتا ئاشتی و ڕادەستکردن هەبێت شەڕ نەکرێت، لە پێناو ئەوەی کەمترین پێشمەرگە شەهید ببێت، لە سونێ بارەگای فەوجێك هەبوو، ڕادەست نەدەبوون، شەو تا سبەی چاوەڕێمان کرد لە بەرەبەیاندا چەند پێشمەرگەیەکمان بۆ ناردن، بێ تەقە ڕاست چوونە ناو بارەگاکەوە، قسەیان لەگەڵ کردن، ئەوانیش قایل بووبوون، ئیدی دەستی بەسەرداگیرا و دواتر بەرەو قەڵادزێ بەڕێکەوتین، قەڵادزێ چۆڵ کرابوو، حکومەت هەمووی کردبوو بە سەربازگە هەتا ڕانیە چۆڵ بوو، ئێمە هەر بەپێ هاتین، تا گەیشتینە بارەگایەکی ح.د.ك لەوێ بە دوو بۆ سێ ئۆتۆمبێلی ئەوان بەرەو ڕانیە کەوتینە ڕێ.

بەهۆی ئەو بارەگای فەوجەوە ئێمە شەوێك دواکەوتین، واتە ١٩٩١/٣/٦ گەیشتینە ڕانیە، بەهۆی دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ سەر شاری ڕانیە خەڵکی هەڵدەهاتن، بەڵام کە پێشمەرگەیان دەبینی لە ڕووی دەروونییەوە بەهێز دەبوونەوە، بۆیە ئۆتۆمبێلەکانیان دەدا بە پێشمەرگە کە گەیشتینە ڕانیە ئەو هێزە زۆرەی ئێمە یەك مەفرەزەی ح.ش و یەك مەفرەزەی (حسك)مان لەگەڵ بوو هیچ مەفرەزە و پێشمەرگەیەی (پ.د.ك)ی تێدا نەبوو، دواتر بەرەو کۆیە بە ڕێکەوتین، لە پێش ڕێگای هیزۆپ و سماقوڵی بووین بە دوو بەشەوە، زۆرینە بە فەرماندەیی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ و هەڤاڵ حەسەن کوێستانی بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتن، ئێمەش بەرەو کۆیە، بە شاخی هەیبەسوڵتاندا، کە

مامۆستا چەتۆ فەرماندەیی هێزەکەی ئێمە بوو، شەو لە قەتپاڵی شاخەکە باران دەستی پێ کرد، ئەوەی وەك ڕێنیشاندەر لە پێشمان بوو گوتی من چاوم نابینێت و بەرپرسیارێتی هەڵناگرم، ئیدی شارەزای دیکەمان لەگەڵ نەبوو گەڕاینەوە گوندەکانی قەمتەران و کانیماران کە بەهۆی ئەوەی لەسەر ڕێگا بوون تێکنەدرابوون، کە گەیشتین کاتژمێر ١٢ی شەو بوو، جلوبەرگی هەموو پێشمەرگەکان بەهۆی بارانەوە بەتەواوی تەڕ بووبوون، بە سەر ماڵەکاندا دابەش بووین، پێیان گوتین لە ناو گوند دوکانێك هەیە زۆپای داری هەیە بەیانی ئاگادارتان دەکەمەوە بچن لەوێ جلوبەرگەکانتان وشك بکەنەوە، ئەو کات دۆخی خەڵك خراپ بوو ئامێری گەرمکردنەوە و نەوت نەبوو، خەڵکی هەژار بوون، بۆ بەیانی چووین لەو شوێنە خۆمان وشك کردەوە، دواتر هێز کۆ کرایەوە و بەڕێکەوتینەوە، لە نزیکی نیوەڕۆ بەڕێکەوتین و لە نزیکی ئێوارە گەیشتینە ناو کۆیە، پارتیزانەکان چاوەڕێمان بوون.

پێشتر ئەرکی پارتیزانەکان دیاری کرابوو کاری خۆیان کردبوو، کارێکیان بریتی بوو لە نووسینی نامە و ناردنی بۆ پێشمەرگە ڕادەست بووەکان، هەروەها بۆ سەرۆك جاشەکان هەتا لە کاتی ڕاپەڕیندا چەك بدەنە خەڵك و بەشداری ڕاپەڕین بکەن، ئەگەر ئەوانەش ناکەن بێلایەن بن، ئەو نامانە بە ناوی هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ نەشیروان مستەفا و هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ دەنووسرا، چونکە ئەو کاتە هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو لە سووریا، بەڵام نامەکان بە ناوی ئەوان دەنووسرا بەپێی کاریگەریی و ناسینی ئەو سەرۆك جاشانە، واتە بە ئامێر پەیوەندی هەبوو، بەڵام نامەکە بە دەستوخەتی ئەو هەڤاڵانە نەبوو، چونکە شەوان پەیوەندی هەبوو دەگوترا بۆ فڵان و فڵان نامە بنووسن، هەروەها دەشیانگوت کە چی بنووسن، هەتا هەڤاڵ مام جەلال لە ڕێگەی زاخۆوە گەڕایەوە کوردستان.

من کامێرای خۆم و دوو (فیلمی کامێرام) پێ بوو، لە سوونێ هەتا کەرکووك وێنەم دەگرت، ئیدی لە کۆیە هاتینە هەولێر، من لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم یەکم گرتەوە کە

پارتیزان بوون، دواتر بەرەو کەرکووك کەوتینە ڕێ، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ لەناو کەرکووك بووین و ڕۆژی ٣/٢٠ دوای ڕزگارکردنی کەرکووك گەڕاینەوە.

ئیدی کە پێشمەرگە گەیشتنە شارەکان پێویستیان بە ئێمە نەما، هەرچەندە ئەو شەوەی لە سوونێ بووین، د. ئارام بارێکی دەرمانی لە ولاخێك بار کردبوو، هێندە خەمی دەرمانەکانی بوو ئەو شەوە دەرفەتی ئەوەی نەبوو خۆی بنوێت، ئەوەش لە دڵسۆزییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

هەرچی پەیوەندی بە کۆڕەوەوە هەیە ئێمە لە کەڵەك بووین، لەوێ بریندارمان هەبوو چارەسەرمان دەکرد، پێشمەرگەمان لێ شەهید بوو، هەڤاڵ بورهانی سەعید سۆفی بەرپرسمان بوو، هەڤاڵ بورهان بریندار بوو، ساچمەی تۆپی بەرکەوتبوو، فریاگوزاری خێرام بۆ کرد، لە کۆڕەودا هەولێر چۆڵ کرا، ئێمە چووینە شەقڵاوە، ڕێگا نەبوو، هەڤاڵ بورهان گوتی با بچینەوە سەر ڕێگای پێشمەرگایەتی کە دەربەندی گۆمەسپان بوو، ڕێگاکەش گڵ بوو، ئۆتۆمبێلەکەشمان لە جۆری قەمەرە بوو، چووینە ئۆردوگای چوارقوڕنە لەوێ پیاوێك هەبوو بەناوی عەلی خەیات بەریدی سەرکردایەتی و ناو شار بوو، ماڵی شارەزا بووین، کاتژمێر دووی شەو بوو شوێنی بۆ کردینەوە، تا بەیانی گەیاندمانە نەخۆشخانە و چارەسەر کرا، دواتر چووینە دیانە، ماڵی هەڤاڵ بورهان لە شنۆ بوو، پێویستی بە پشوو هەبوو، ڕۆیشت هەفتەیەك پشوویدا و گەڕایەوە، گەڕاینەوە شەقڵاوە و بارەگامان دانا، ئیدی لێرەوە هێزەکان ڕێکخرانەوە، ئێمە بەتالیۆنی دووی بەڕانەتی بووین و هاتینە بەحرکە بارەگامان دانا.

لە دوای ڕاپەڕین زانیم ئەرکی من لە بواری تەندروستیدا تەواو بووە، دەستبەرداری ئەو بوارە بووم، پێشتریش لە پێناو خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگە ئەو بوارەم هەڵبژاردبوو، نەك ئەوەی هیوا و ئاواتی خۆم بێت، پێشتر هەر لە قۆناغی ناوەندییەوە وێژەی کوردی خوولیام بوو، هەر لەو بوارەشدا دەمخوێندەوە، ئیدی لە هەلی خوێندن دەگەڕام، چونکە ئەستەمە بەبێ بوونی حەز لە هیچ بوارێکدا سەرکەوتوو ببیت، ئەوە بوو بەشی کوردیم لە

کۆلێژی پەروەردە تەواو کرد و لە ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێنا کە ئەو کات ئەو کۆلێژە لە کۆیە بوو، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماجستێرم لە زانکۆی کۆیە و دکتۆرام هەر لە هەمان بەش بەدەستهێنا، لە ساڵی ٢٠٠٩ بووم بە مامۆستا لە زانکۆی کۆیە و تا ئێستاش بەردەوامم[٥١].

[٥١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسووڵ، (د. ڕەوەند)، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٢٤.

عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد (د. عومەر)

من بەر لەوەی بچمە شاخ خوێندکار بووم، پەیوەندیم بە (ك.ڕ.ك)ەوە هەبوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٤دا لە کەرتی غەریب هەڵەدنی پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد، ئەو کات لە زۆربەی تیپەکاندا مەفرەزەی پزیشکیمان هەبوو، لە هەموو مەڵبەندێك بنکەیەکی تەندروستی هەبوو، ئەو بنکە تەندروستییانە هەم بۆ هێزی پێشمەرگە بوو، هەم بۆ خەڵکی سنوورەکە سوودی هەبوو، چونکە بەبێ جیاوازی خزمەتی خەڵکی سنوورەکە و هێزی پێشمەرگە وەکو یەك دەکرا.

ئەم بیرۆکەیە بۆ دامەزراندنی نەخۆشخانەکان بیرۆکەی هەڤاڵ مام جەلال بوو کە گرنگی زۆری بە نەخۆشخانە و کارمەندانی پزیشکی دەدا، باشترین نەخۆشخانەمان نەخۆشخانەکەی بەرگەڵوو بوو، کە من و دکتۆر موحسین پێکەوە لەو نەخۆشخانەیە کارمان دەکرد، ئەو چارەسەرەی لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو دەکرا، هەر ئەو چارەسەرە بوو کە لە نەخۆشخانەکانی ناو شار دەکرا، لە ڕووی پێشکەوتنی دکتۆر و کارمەندەوە لە هیچی کەم نەبوو، زۆربەری نەشتەرگەرییەکانی تێدا ئەنجام دەدرا.

هەرچی پەیوەندیدارە بە پەیداکردنی دەرمانەوە، دیارە ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی شار کەمتر نەبوو لە ڕۆڵی پێشمەرگەکانی شاخ، ئەگەر ئەوان هاوکار نەبوونایە ئێمە نەماندەتوانی خزمەتێکی ئەوها بکەین، هەموو پێداویستیی و هاوکارییەکانمان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بە دەست دەگەیشت، لەو کات و سەردەمەدا جەماوەر زۆر دڵسۆز بوون، وەفا هەبوو، سۆز و بەزەیی هەبوو، بۆ هێنانەوەی تەرمی شەهیدێك دەیان پێشمەرگە گیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە، تا تەرمەکەی بگەڕێننەوە، یاخود ئەگەر نەخۆشێکی هاوولاتی لە گوندێك هەبوایە، کە نەدەگەیشتە لامان، ئێمە بە کۆڵە دەرمانێکەوە دەچووین بە هانایەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو دڵسۆزیی و لە خۆبووردەییە کاڵ بووەتەوە.

لای ئێمە هەر تیپێك کادیرێکی پزیشکی تایبەت بە خۆمان هەبوو، هەرچەندە هەموو تیپەکان کادیری پزیشکی تایبەت بە خۆی نەبوو، چونکە کادیری پزیشکیمان کەم بوو، ئەو کادیرەش لە ڕووی پۆست و مافەوە لە ئاستی فەرماندەی تیپەکەدا بوو، چونکە لە هەموو چالاکییەکاندا بەشدار بوو، کادیری پزیشکی دەبوو هەم دکتۆر و هەم پێشمەرگە بووایە، بەشداریمان دەکرد و بۆ چالاکییەکان دەچووین، تا لە نزیکەوە ئاگاداربین، ئەگەر بریندار هەبووایە دەبوو چارەسەری بکەین، پێشمەرگەش کە دەیزانی کادیری پزیشکی لەگەڵە ورەی بەرزتر دەبوو، چونکە ئێمە تا ڕادەیەك دڵنیاییمان بە پێشمەرگەکانمان دەدا بۆ چارەسەری بریندارەکان.

هەڤاڵ مام جەلال بیرێکی زۆر فروانی هەبوو، گرنگی زۆری بە لایەنی تەندروستی دەدا و تەنانەت لە دوای ڕاپەڕینیشدا بەردەوام گرنگی بە لایەنی تەندروستی دەدا، چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی دامەزران، بە ناوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش، بۆ خزمەتی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان، بۆ نموونە نەخۆشخانەی شۆڕش لە شاری سلێمانی، نەخۆشخانەیەك لە باوەنوور، نەخۆشخانەیەك لە سەرای سووبحان ئاغا بۆ حەوزی شارەزوور، نەخۆشخانەیەك لە ڕاپەڕین بە ناوی شەهید ئەحمەد ئسماعیل، لە دوای پرۆسەی ئازادیی لە ساڵی ٢٠٠٣ نەخۆشخانەیەکی لە شاری کەرکووك دامەزران.

هەرچی قۆناغی شاخە، سێ نەخۆشخانەمان هەبوو لەگەڵ تیمە تەندروستییەکان و لە دانوستانیشدا نەخۆشخانەیەکی دیکە بڕیاری لێ درا، کە ئەویش هەر بە هەوڵی هەڤاڵ مام جەلال لە ناوچەی سووورداش دامەزرا، کە خزمەتی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە گەیاند، لە سنووری مەڵبەندەکانیش بۆ نموونە مەڵبەندی یەك نەخۆشخانەی بەلەکجار کرایەوە، لە مەڵبەندی دوو نەخۆشخانەی بەرگەڵوو کرایەوە، لە مەڵبەندی سێ نەخۆشخانەی بالیسان کرایەوە.

سەرگوزشتەی ئێمە دەیان یادەوەری تاڵی تێدایە، ئەوەی کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە شەوێك مەفرەزەکەمان بە پارتیزانی لە بێتوشەوە بۆ بەری ئاسۆس دەچووین، لە دوای کارەساتی ئەنفال ئەو ڕەتڵەی پێشی ئێمە کەوتبوون، کەوتنە کەمینەوە یەکێك لە پێشمەرگەکان کە زۆر قارەمان بوو بە ناوی هەڤاڵ حەمەی عەلی شەمام زۆر بە سەختی بریندار بوو، نەمانتوانی چارەسەری بکەین و شەهید بوو، ئەوە زۆر کاریگەری لەسەر جێهێشتم، لە ڕووداوێکی دیکەدا و لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا مەفرەزەکەمان کەوتە کێڵگەی مینەوە ئەو پێشمەرگانەی لە پێشی منەوە دەڕۆیشتن یەکێکیان مینی پێ دا تەقی و قاچێکی لە دەستدا، بەڵام خۆشبەختانە، سەرەڕای کەمئەندام بوونی توانیم چارەسەری بکەم و ئێستاش لە ژیاندا ماوە(٥٢).

---

(٥٢)- ئیسماعیل خالید: لەگەڵ پزیشکە پارتیزانەکانی شاخدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٧، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٦٤-٦٧.

فائق محەمەد ئەحمەد محەمەد (د. فائق گوڵپی)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی گوڵپی ناوچەی هەورامان لەدایک بووم، لە ساڵی ١٩٦٣ باوکم لە شۆڕشی ئەیلوولدا شەهید بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم لە قوتابخانەی گوڵپ و هەڵەبجە و سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیم بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی.ن.ک)ەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی زانستیم لە قوتابخانەی ئامادەیی هەڵکەوت لە شاری سلێمانی تەواو کرد، یەکەمی قوتابخانەکە و سێهەمی پارێزگای سلێمانی بووم، ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ وەرگیرام.

لە کاتی خوێندنمدا زۆر گرنگیم بەو بەشانەی بەرنامەی خوێندن دەدا کە پەیوەندی بە برینداری و چارەسەرکردنی بریندارانەوە هەبوو، واتە زۆرتر بەلای بەشی نەشتەرگەریدا دەمشکانەوە، چونکە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردبوو، کە لە دوای تەواوکردنی خوێندن پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەم و ببمە پزیشکی پێشمەرگە، ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ کۆلێژی پزیشکیم تەواو کرد، بۆ ماوەی ساڵێك لە نەخۆشخانەکانی بەغداد و هەولێر و سلێمانی وەکو پزیشکی موقیم کارم کرد، تا کاری پراکتیکی پێش چوونە دەرەوەم وەك پێشمەرگە فێرببم، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ لەسەر داوای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد.

ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٤ پەیوەندیم بە تیپی هەورامانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، سەرەتای کاری پزیشکیی پێشمەرگایەتیم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتە کە لە گوندی هاوار بووم، برینداری ئەو دەڤەرەم دەبینی و چارەسەرم دەکردن، ئیدی لە مایسی ساڵی ١٩٨٢ بەرەو گوندەکانی ناوزەنگ و توژەڵە و شێنێ و قوڵەهەرمێی بناری شاخی مامەندە کە سەرکردایەتی لێ بوو بەڕێ کەوتم، لە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە گوندی قوڵەهەرمێ نەخۆشخانەیەك هەبوو بەناوی نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار، لە ناوەندی کۆمەڵەوە نامەیەکیان بۆ ئەو نەخۆشخانەیە بۆ نووسیم، بۆ ئەوەی بچم لەوێ کار بکەم،

منیش پەیوەندیم بە نەخۆشخانەکەوە کرد، دکتۆرێکی لێ بوو ناوی دکتۆر فوئاد تاڵەبانی بوو، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن بوو، دوای ڕۆیشتنی ئەو، من و دکتۆر شوان و دکتۆر سەرداری ددان و دکتۆر تاریق جاف و ژمارەیەك یاریدەدەری پزیشکی و کارمەندی تر لە نەخۆشخانەی قوڵەهەرمێ ماینەوە و کاری خۆمانمان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدا، چارەسەری چەندان نەخۆش و بریندارمان کردووە، چەندین جاریش بە نۆرە سەردانی بەرەکانی شەڕمان دەکرد.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/١٢/٣ لە کاتی دروستبوونی مەڵبەندەکاندا من لەگەڵ مەڵبەندی ٢ی ئەوکات چووم بۆ گوندی سەرگەڵوو، کە بارەگای مەڵبەندی لێ بوو، دوای ساڵێك گفتوگۆی نێوان ی.ن.ك و حکومەتی عێراق لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕاگەیەندرا، من چووم بۆ گوندی ئاوەژێ، لە ناو گوندەکەدا لەگەڵ دکتۆر سەعدوون بنکەیەکی تەندروستی بچووکمان بۆ خزمەتی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکە دانا، لەو کاتەدا بارەگای گشتی ی.ن.ك و سکرتێری کۆمەڵە (بارەگاکانی سەرکردایەتی ی.ن.ك) لە سنووری ناوچەی مەرگە بوون، تا دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی نێوان ی.ن.ك و ڕژێمی بەعس و دەستپێکردنی گفتوگۆ لە سنووری ناوچەکە مامەوە، نەدەچوومەوە بۆ ناو شار، نەخۆشم دەبینی و چارەسەری نەخۆشییەکانیانم دەکرد، شانبەشانی کارە پزیشکییەکانم کار و چالاکی ڕێکخستن و سیاسیم لە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەڕێوە دەبرد، ئەندامی پۆلی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ بووم، لە کاتی گفتوگۆدا زۆربەی کادیر و پێشمەرگەکان شوێنی چالاکی خۆیان بەجێ دەهێشت و ڕوویان دەکردە ناو شارەکان، من نەدەچوومە ناو شار لە نزیك سکرتێری گشتی ی.ن.ك و مەکتەبی سیاسی مابوومەوە، بە جدی کارم دەکرد، لەو کاتەدا هەستم دەکرد بەرپرسەکان گرنگیم پێ دەدەن، دەیانەوێت لە بواری سیاسی و جەماوەریشەوە پلەم بەرز بکەنەوە، بە جەماوەریشم بناسێنن، هەر کە هەڤاڵان مام جەلال و نەوشیروان مستەفا میوانیان دەهات، منیان بۆ لای خۆیان بانگ دەکرد و بە میوانەکانیان

دەناساندم، باسی خۆڕاگری خۆم و قارەمانی باوکمیان بۆ میوانەکان دەکرد، بەڵام من لەو کاتانەدا خولیای دەسەڵات نەبووم، ئامادە نەبووم سوود لەو هەڵوێستە جدییانەی خۆم و پشتیوانی ئەوان بۆ وەرگرتنی پلەی سیاسی وەربگرم، بڕوام بە خۆم نەبوو کە بتوانم بەرپرسیاری گەورە لە ئەستۆ بگرم، حەزم دەکرد کاری پزیشکی بکەم.

دوای دانوستانی ی.ن.ك و حکومەت چەندین بارەگای حیزبی و ئیداری لە سووورداش دامەزران، نەخۆشخانەیەك بۆ نەخۆشی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە سووورداش کرایەوە، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکەی سووورداش و بنکە تەندروستییەکانی مەڵبەندەکانی دیکە و هەموو کاروباری تەندروستیی ی.ن.ك بە من سپێردرا.

هەر لە کاتی دانوستاندا لە سلێمانی چوومە خولی موقیمی پێشکەوتووی پزیشکی نەشتەرگەرییەوە، بۆ ماوەی ٧–٨ مانگ لەوێ مامەوە، ئەو ماوەیە سوودێکی باشم لە ئەزموونی پزیشکە پسپۆڕەکانی نەشتەرگەری ئەو کاتە بینی، دکتۆرەکانی سلێمانی واتێگەیشتبوون کە من بۆ ئەوە خول دەبینم تا لە دواییدا بچمە دەرەوەی وڵات و خوێندنی باڵای پزیشکی تەواو بکەم، بۆیە لە کۆتاییدا دکتۆر حیلمی پێی گوتم با ڕیکۆمێندەیشنت بۆ بنووسم، بەڵام من پێی قایل نەبووم، وام دەزانی بەوە خیانەت لە کورد دەکەم، ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم بەشێکی باش لە دەرمان و کەرەستەی نەشتەرگەریم پێکەوە نا، تا دوای گەڕانەوەم بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەو زانستەی وەرم گرتبوو لە خزمەتی بریندارەکاندا بەکاریان بهێنم و هەر واشم کرد.

لە دوای دانوستان ئەرکی من بۆ مەڵبەندی یەکی ئەو کات کە لە شارباژێر بوو گوازرایەوە، سەرەتای مانگی یەکی ١٩٨٥ پەیوەندیم بە مەڵبەندی یەکەوە کرد، نەخۆشخانەی مەڵبەند لە گوندی (کانی دڕکە)ی ناوچەی شارباژێر بوو، چەند مانگێك لەوێ ماینەوە، لە ئەنجامی شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا بارەگاکانی مەڵبەندی

یەك لە ناوچەی شارباژێڕەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ گوازرانەوە، نەخۆشخانەکەمان بردە گوندی سێوسێنان، لە کاتی گواستنەوەی مەڵبەندا، ئێمە وەك بەشی تەندروستی دەرمانەکانمان لەگەڵ خۆماندا نەبرد، بەرپرسی مەڵبەند گوتی دواتر خۆمان دەرمانەکانتان بۆ ڕەوانە دەکەین، بەڵام من ئەو دەرمانانەی خۆم بە گرنگم دەزانی لە ناو کۆڵە پشتێکدا هەڵم گرت و بردمنە ناوچەی قەرەداغ، دوای دوو ڕۆژ لە گەیشتنمان بە گوندی سێوسێنان نەخۆش کەوتم، دەرمانی ئەو نەخۆشیەمان پێ نەبوو تا بۆ چاکبوونەوە بەکاری بهێنین، خەڵکی ئاوایی زۆر بەزەییان پێمدا دەهاتەوە، کە بەو شێوەیە دەیانبینیم هەر یەکە و بە گوێرەی ئەزموونی خۆی جۆرە دەرمانێکی بۆ دادەنام، منیش هەموو ئەو شتانەم دەخوارد کە بەلای خەڵکییەوە بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشییەکەم سوودی هەبوو، پاش چەند ڕۆژێك چاکبوومەوە و لە بینای بنکەی تەندروستیی گوندی سێوسێنان بنکەیەکی تەندروستیمان کردەوە، دەستمان بە خزمەتکردنی نەخۆش و برینداری دەڤەرەکە کرد.

ماوەی دوو ساڵ لە گوندی سێوسێنان بووین، دواتر لە بناری قۆپی قەراغ نەخۆشخانەیەکمان کردوە، چەندین چالاکی پزیشکی گەورەمان بۆ هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکە ئەنجامدا، چەندین پێشمەرگە و خەڵکی بریندارمان بینی و چارەسەر کرد، کاتی خولی پزیشکییەکەم هەندێك پسووڵەی نەخۆشخانەکانی ناو شاری سلێمانیم لەگەڵ خۆم هێنابوو، هەر نەخۆشێکی ئەو ناوچەیە پێویستی بەوە هەبوایە بچێتە نەخۆشخانە من یەکسەر لە ناوچەی قەرەداغەوە دەمناردە نەخۆشخانەکانی ناو شاری سلێمانی بێ ئەوەی حکومەتی عێراق بزانێت، کە لە کوێوە هاتوون.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ برینداریکی تیپی ٥٣ شێروانەیان بۆ هێنامە نەخۆشخانەکەی سێوسێنان و گوللە بەر لاقی کەوتبوو، نەخۆشەکە دووچاری گانگرینی ترسناك بووبوو (gaz gangrin)، پێویستی بەوە هەبوو بە زووترین کات لاقی ببڕدرێتەوە، بۆ ئەوەی گانگرینەکە زیاتر بە ڕانیدا سەر نەکەوێت و بە خوێنیدا بڵاونەبێتەوە، هەرچی بیرم

کردەوە ئەگەر ئەو بریندارە بۆ هەر جێگایەکی دیکە بنێرم، تا دەگاتە شوێنی دیاریکراو شەهید دەبێت، بۆیە بڕیارمدا لە ژێر کاریگەری دەرمانی (پەسیدین) و سڕکردنی لۆکاڵیدا لاقی ببڕمەوە بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاری بکەم، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کاری نەشتەرگەرییەکەم بۆ ئەنجامدا، لە نەشتەرگەرییەکەدا دکتۆر حەسەن عەلی سەعید و هەڤاڵان نەجم و عادل هاوکارییان کردم، بریندارەکە ناوی عوسمان بوو خەڵکی کەلار بوو.

ساڵی ١٩٨٧ پێشمەرگەیەکی دیکە کە خەڵکی شارەزوور بوو، دووچاری نەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرەبوو، ئەوکات نەخۆشخانەکەمان لە بناری قۆپی قەرەداغ بوو، برادەرانی مەڵبەندی یەکمان ئاگادار کردەوە، کە نەخۆشێکی وامان هەیە و پێویستی بە کاری نەشتەرگەری هەیە، دەبێت بینێرین بۆ شوێنێك تا کاری نەشتەرگەری بۆ بکرێت، مامۆستا ساڵح ژاژڵەیی کە ئەوکات بەرپرسی کارگێڕی مەڵبەند بوو، گوتی ناتوانین بۆ هیچ شوێنێکی بنێرین، ئێمەش گوتمان خۆمان نەشتەرگەری بۆ دەکەین، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن لێرە لە نەخۆشخانە دکتۆری سڕکردنمان نییە، لەبەرئەوە ئەگەری کاری سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە کەمترە لە کاتی ئاسایی، دکتۆر ناسیح بە دەرمانی کیتامین و ڤالیوم نەخۆشەکەی بۆ بێهۆش کردم، دکتۆر جەلال هاوکاری کردم، منیش لە ماوەی نیو کاتژمێردا کاری نەشتەرگەری ڕیخۆڵە کوێرەم بۆ ئەنجامدا، نەخۆشەکە چاك بوویەوە، پاش دوو مانگ نەخۆشەکە هاتەوە لامان، لە شوێنی برینەکەیدا دووچاری فتق جراحی (incisionalhernia) هاتبوو، هۆکاری ئەو فتقە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە کاتی دوورینەوەی برینەکەیدا ماسوولکەکانی نەخۆشەکە خاونەبووبوونەوە، تا ماوەیەك لە ژیاندا مایەوە و دواتر لە ئەنفالدا بێسەروشوێن کرا.

ئەو کاتەی کە لە سێوسێنان بووین لەبەر زۆری نەخۆش و بریندار لەبەرئەوەی قوتابخانەی سێوسێنان لەلایەن ڕژێمەوە پاشەکشەی پێکرابوو، قوتابخانەکەمان کردە نەخۆشخانە، بەڵام لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٧)ەوە لە نزیك گوندی بەلەکجاری ناوچەی قەرەداغ بە چەند کیلۆمەترێك لە ئیدارەی مەڵبەندی یەك کە ئەوکات لالۆ ئەوڕەحمان

پێنجوێنی سەرپەرشتی دەکرد، نەخۆشخانەیەکی تایبەتیان بۆ دروستکردین، تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ تەنها برینداری چەکی کلاسیکی و نەخۆشی ئاساییم بینی و چارەسەرم کرد، بەڵام لە بەهاری ئەو ساڵەوە لە شەڕی داستانی ڕزگاریدا ڕووبەڕووی جۆرە برینداریکی دیکە بووینەوە، کە بریندارای چەکی کیمیایی بوون.

نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لەناو قوتابخانەکەی گوندی سێوسێناندا بوو، لەوێ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە هەوڵی تیرۆرکردنمان درا، کاتێك شەوێکی هاوین نزیکەی کاتژمێر یازدەی شەو بوو، گوێم لە دەنگی تەقینەوەیەك بوو کە لە نزیك نەخۆشخانەکەوە بەرزبوویەوە، کاتێك چاوم بەرەو لای دەنگەکە وەرگێڕا گڕێکی گەورەم لە خوارووی نەخۆشخانەکەوە بینی، بەو کلاشینکۆفەی لە لام بوو چەند سەلییەیەکم بەرەو ڕووی ئاگرەکە تەقاند، لەم کاتەدا گوێم بە دەنگێکی دیکە لەناو گوندی سێوسێناندا زرینگایەوە سەرم لێ تێکچوو، نەمدەزانی چۆن دەنگی ئەم دوو تەقینەوەیە پێکەوە گرێ بدەم، لە سەربانی خانووەکەمان هاتمە خوارەوە، کۆمەڵێك کادیر و پێشمەرگە هاتنە پیریمەوە، پرسیاری ئەو تەقینەوەیەم دەکرد کادیرێکی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان وەڵامی دامەوە، گوتی دکتۆر ئەوە مووشەکی ئاڕاستەکراو بوو تەقییەوە، گوتی لە خوارووی نەخۆشخانەکەوە بۆ ناو گوندی سێوسێنان ئاڕاستە کراوە و کاتی تەقینەوەی بۆ دیاریکراوە، ئەوە یەکەمجار بوو ناوی مووشەکی ئاڕاستەکراو ببیستم، پێشمەرگەیەکم بۆ ناو گوندی سێوسێنان ڕەوانە کرد تا بزانێت هیچ زیانێك بەر خەڵك کەوتووە، پاش دە دەقەیەك گەڕایەوە و گوتی زیانی نەبووە، منیش لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکەدا بەدەم قسە و ڕۆیشتنەوە خەریك بوو نزیکی دەرگای نەخۆشخانە دەبووینەوە دەنگێکی دیکەی تەقینەوە لەناو نەخۆشخانەکەدا بەرزبوویەوە، چوومە ژوورەوە هەواڵی بریندار و مورافقەکانم پرسی، هەر هەموویان سەلامەت بوون، کە ورد بوومەوە تەماشا دەکەم مووشەکی دووەم بەر

ئەو شوێنە کەوتووە، کە ڕۆژانە من نەخۆشی تێدا دەبینم، گوتم باش بوو زوو نەگەیشتمە نەخۆشخانەکە ئەگینا پێوە دەبووم.

لەو کاتەدا ستافی نەخۆشخانەکەمان لە سێ کەس پێکهاتبوو، خۆم وەك پزیشك و هەڤاڵ عادل و هەڤاڵ نەجم وەك یاریدەدەری پزیشك بوون، خەڵکی شاری خانەقین بوون، لە کارەکاندا هاوکارییان دەکردم و بە هەرسێکمانەوە خزمەتی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەمان دەکرد، ماوەی دوو ساڵ نەخۆشخانەکەمان لە ناو گوندەکەدا بوو، ماڵی چەند پێشمەرگەیەکیش هەر لە ناو گونددا بوون، هیچ بارەگایەکی هێزی پێشمەرگە، یان بارەگای حیزبی و کۆمەڵایەتی لە ناو گوندەکەدا نەبوون، ئەو ماوەیەی من لە گوندی سێوسێنان بووم چەندین جار بە فڕۆکەی بیلاتۆز و بە تۆپ ناو گوندەکە بۆردومان کرا، بۆردومانی فڕۆکەکان هێندە زیانی بە دواوە نەبوو، بەڵام لە تۆپبارانەکەدا چەندین کەس لە خەڵکی گوند بوونە قوربانی و زیانیش بەر سامانی خەڵکی گوندەکە کەوت، بۆیە نەخۆشخانەکەمان لە سێوسێنانەوە بۆ بناری قۆپی قەرەداغ نزیك گوندی بەلەکجاڕ گواستەوە.

هەر ئەو کاتەی لە گوندی سێوسێنان بووین ماوەیەك بوو پێشمەرگەیەکمان لە بارەگای یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە بۆ هاتبوو، کاری نانەوایی نەخۆشخانەکەی دەکرد، من هیچ گومانێکم لەسەری نەبوو، ڕۆژێکیان هاتە لام و گوتی پێویستیم بە چەند ڕۆژێك مۆڵەت هەیە، بچمەوە سەردانی ماڵی باوکم بکەم و نیازی ئەوەم هەیە خوازبێنی ژن بکەم، منیش مۆڵەتم پێ دا و سەفەری ناوچەی گەرمیانی کرد و پاش ماوەیەك گەڕایەوە، گوتی دکتۆر دەزگیرانم گرتووە، ئەڵقەیەکیشی لە پەنجە کردبوو، پیشانی دام و گوتی بەم بۆنەیەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا بانگهێشتی دکتۆرەکان و برادەرانی بەشی کۆمەڵایەتی مەڵبەندی یەك دەکەم، بۆ نان خواردن، منیش بە پیر بانگهێشتەکەیەوە چووم و سوپاسم کرد.

هەر چاوەڕێی بانگهێشتی نان خواردن بووم، بەڵام هیچ دیار نەبوو، هەڤاڵ سامان گەرمیانی ئەو کات بەرپرسی بەشی سەربازی مەڵبەندی یەك بوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەدا گفتوگۆمان دەکرد، بانگی کردمەلاوە و پێی گوتم دکتۆر لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکی گرنگ دەبیستی، منیش گوتم پێم خۆشە ئەو هەواڵە گرنگە زوو ببیستم، بۆ ڕۆژی دواتر هەڤاڵ سامان گەرمیانی هەواڵەکەی پێ گوتم، بەکورتی هەواڵەکە ئەوە بوو کە: نانەواکەی نەخۆشخانە پیاوی ڕژێمە، لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمەوە کارێکی تیرۆریستی لە دژی برینداره‌کان و دکتۆرەکان پێ سپێردراوە، کارەکەش ئەوەبوو کە ژنێك بەناوی دەزگیرانی ئەم کەسەوە دێت بۆ گوندی سێوسێنان، مادەیەکی ژەهراوی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، پاش چەند ڕۆژێك ئەو ژنە خواردنێکی باش بۆ بریندار و دکتۆرەکانی نەخۆشخانە دروست دەکات، دوای نان خواردنەکە ئەو ژنە و پێشمەرگەکە لە ڕێگەی چەند سیخوڕێکەوە بەزووترین کات لە ناوچەکە دوور دەخرێنەوە و دەگەیەنرێنەوە لای پیاوەکانی ڕژێم، هەر کە ژنەکە لە قەرەداغەوە گەیشتە گوندی سێوسێنان دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی مەڵبەند چوونە سەریان و هەردووکیان لە ماڵەکەیاندا دەستگیرکردن، پاش لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی هەردووکیان دانیان بە تاوانەکەیاندا نا، بەڵام تا ئەو کاتە مادە ژەهراوییەکە لە شارەدێی قەرەداغ بوو، ژنەکە نەیوێرابوو یەکەمجار لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت، لە ماڵێکی سەر بە دەزگا جاسووسییەکانی سەر بە ڕژێم دانابوو، تا لە سێوسێنانەوە بگەڕێتەوە و پاش تاقیکردنەوەی ڕێگا و دڵنیابوون لە سەرکەوتنی پیلانەکە ئینجا ژەهرەکە لەگەڵ خۆی بهێنێت، بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسانی دڵسۆز لە کارێکی تیرۆری ژەهراوی بوون ڕزگارمان بوو.

ڕۆژێك لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا لە گوندی سێوسێنانەوە بەرە و گوندی مەسۆیی ناوچەی قەرەداغ دەچووین، لە ڕێگەدا چاوم بە کەسێکی گەنج کەوت، سەری تازە تاشرابوو جانتایەکی بە کۆڵەوە بوو، دەفتەرێکی گەورەی لەژێر باڵی ڕاستیدا گیرکردبوو،

دوای نزیك بوونـەوە پرسـیم ئـەو دەفتـەرە چی تێدایـە؟ گوتی نـاوم مـەحموودە و خـەڵکی مەسـۆییم ئەنــدازیارم لــە ســوپای عێــراق هــەڵهاتووم، لــە خــولێکی پاراســتنی کیمیــایی بەشداربووم و زانیارییەکانیم لەم دەفتەرە نووسیوە و هێناومەتەوە، من خۆم پـێ ناسـاند و گوتم لەسەر چەکی کیمیایی شارەزاییم نییە، ئـەو دەفتـەرە بـدە بـە مـن، پـاش گفتوگۆیـەك قایـل نـەبوو، پرسـیم بـۆ لای کـێ دەچیت؟ گوتی بـۆ لای وەهـابی بـرام، ئیـدی هەسـتم بـە دڵخۆشی کرد، چونکە وەهاب دۆستێکی نزیکی من بوو، ئەندامی ك.ڕ.ك بوو، منـیش وێـڕای بەرپرسیارێتی پزیشکی، بەرپرسی پۆلی جەماوەری کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغی ئەو کاتەی کۆمەڵە بووم، دوای چەند جارێك هەوڵدان دەفتەرەکەم لە هەڤاڵ وەهاب وەرگرت، چـەندین جارم خوێنـدەوە سوودی باشـم لـێ وەرگـرت، ئەگـەر ئـەو دەفتـەرە نەبوایـە مـن شـارەزاییم لەسـەر جۆرەکـانی چـەکی کیمیـایی و نیشـانەکانی لـە کـاتی تەقینـەوەدا و نیشـانەکانی ئـەو چەکە لەسـەر لەشـی مـرۆڤ و چـۆنێتی چارەسـەرکردنی برینـدارەکان نـەدەزانی، کـە دواتـر ژمارەیەکی زۆرم لە مـەرگ ڕزگـارکرد، دواتـریش لـە بەرگـەڵوو نامیلکەیـەکی دیکـەم لەسـەر چەکی کیمیایی خوێندەوە، هەروەها لە گوندی بەلەکجاڕەوە دکتۆر ناسیح قـەرەداغیمان بـۆ خولێك لەسەر چەکی کیمیایی بۆ وڵاتێکی دراوسێ نارد، بۆیە ئەرکی ئێمە هـەر چارەسـەری بریندار نەبوو بە چەکی کلاسیکی، بەڵکو لێـرە بـەدواوە ئـەرکی پزیشکانی شـۆڕش قورسـتر بوو.

لەو پلانەی کە پێشمەرگە بـۆ داسـتانی ڕزگـاری دایـنابوو کـە ناوچـەیەکی فراوانـی لـە خۆی دەگرت، شـەوی ١٣/١٤-٤-١٩٨٧ لـە ماوەیـەکی کەمـدا ئـەو ڕەبیەیانـەی کـە بـۆ پێشـمەرگە دانرابوو دەسـتی بەسـەردا گیـرا، ڕژێـم زیـانێکی زۆری بەرکـەوت، ڕۆژی ١٤/٤/١٩٨٧ برینـداری زۆرمانـدا، یـەکێك لـە برینـدراەکان پێشـمەرگەیەکی تیپـی ٥١ی گـەرمیان بـوو، برینەکـەی سەخت بوو لەبەر دەستماندا شەهید بوو، بریندارەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبوون، ڕژێم هەوڵی بەدەستهێنانەوەی ناوچەکانی پێشووتری دەدا، بـە چـەندین چـەك و شـێواز هێرشـی

دەكرد، لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ و ١٦ برینـداریكی زۆریـان بـۆ هێنـام، چـەندین برینـداری گوللـە و پارچەی تۆپم بینی، چارەسەری پێویستم بۆ دەكـردن، ئەوانەشی برینـەكانیان قـورس بـوو، ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەرگەڵووم دەكـردن، كـە دكتـۆر هـەڵۆ (ئـەدیب) لـەوێ بـوو، خـەڵكی شاری دهۆك بوو، دكتۆر ئاكۆ كە ئەوكات یاریدەدری پزیشك بوو سڕكردنی بـۆ برینـدارەكان دەكرد و دكتۆر هەڵۆ نەشتەرگەری بۆ دەكردن، یەكێك لە برینـدارەكان كـە تـا ئـەمڕۆش لـە بیرمـە پێشـمەرگەیەك بـوو بـەناوی مامـە قالـە خـەڵكی شـاری سلێمانی بـوو لـە تیپـی ٥٥ی قەرەداغ بوو، فەرماندەی كەرت بوو بە سەختی سكی بریندار بووبوو، هـەر كـە گەیشـتە لام دەرزی ئازارم بۆ كرد موغەزیم بۆ هەڵواسی، دەرمـانی ئـەنتیبایۆتیكم بـۆ كـرد، بەپەلـە بـە موغەزییەكـەوە خسـتمانە نـاو تراكتۆرێـك و لەگـەڵ برادەرێكـدا نـاردم بـۆ نەخۆشـخانەی بەرگەڵوو، ئەو كەسەی كە لەگەڵی ناردم ناوی عوسمان بوو خـەڵكی شارۆچكەی كـەلار بـوو، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بوو، لـە پێشـمەرگایەتی ناسـیم لـە شـەڕێكی ناوچـەی قـەراغ بریندا بوو، هاتە لای نەخۆشـخانەكەی ئێمـە و چارەسـەرم بـۆ كـرد، كـە چاكبوویەوە داوای كرد نەگەڕێتەوە كەرتەكەی و فێری كاری سەرەتایی پزیشكی ببێـت و منـیش قایـل بـووم و خولێكی ڕاهێنـانی سـەرەتاییم بـۆ ١٥ پێشـمەرگەی خوێنـدەواری تیپـەكانی مەڵبەنـدی یـەك كردەوە، عوسمان بە پلەی باش دەرچوو، لە تیپی ٥٥ و ٥٣ ڕۆڵی باشی بینی بوو، بۆیە لەگەڵ مامە قالە ناردم و گەیاندبوویە نەخۆشـخانەی بەرگـەڵوو، دكتـۆر هـەڵۆش نەشـتەرگەری بـۆ كرد و چاك بوویەوە.

یەكێك لـە برینـدارەكانی دیكـەی ئـەو شـەڕە هـەڤاڵ بێسـتوون سـابوراوایی بـوو، ڕابـەر سیاسی تیپی ٢٣ی سووورداش بوو، گولەیـەك بـەر ملـی كـەوتبوو، بـە وردی تەماشـای شـوێنی برینەكەیم كرد لێدانی خوێنبەر و خوێنهێنەرەكانی ملیم تـاقیكردەوە، دەمارەكـانی دیكـەی ملیم كۆنتڕۆڵ كرد، گوتم بێستوون تەواو، گـوتی چـی تـەواو؟ گـوتم لـە مـردن ڕزگـارت بـوو، چارەسەرێكی واشت پێ ناوێت، گوتی چۆن؟ گوتم برینی مل وایە، یان زۆر مەترسیدارە، یان

زۆر سەلامەتە، ئەگەر ماسوولکەکانی مل برینداربن کێشەیەك نییە، برینداریەکە سووکە و زوو چاك دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانی بۆری هەناسەدان و سوورێنچك، یان حەبلی شەوکی مل بریندار ببن، مەترسی ژیان لە دەستدان زۆرە، بە تایبەت لە ڕەوشی وەك ئێستای ئێمەدا کە کاری نەشتەرگەری بەپەلە بۆ ئەو جۆرە برینداریانە ئەستەمە، بێستوون باوەڕی بە هەڵسەنگاندنە پزیشکییەکەی من کرد منیش هەندێك دەرمانی ئازار و دەرمانی ئەنتیبایۆتیکم بۆ ئامادە کرد و ناردمەوە بۆ بارەگای تیپەکەیان بۆ ئەوەی لەوێ چارەسەری تەواو وەربگرێت، هاوکات ناوی برینداریکی دیکەم لە یادە کە ناوی حاجی عومەر بوو، خەڵکی شاری سلێمانی بوو بیرم نایەت لە چی تیپێك بوو، بەرپرسیارێتیشی هەبوو گوللەیەکی دۆشکە بەر قۆڵی کەوتبوو، ئەویش بەخت یاوەری بووبوو دەمار و ئێسکەکانی قۆڵی بریندار نەبوو بوو، تەنها ماسولکەکانی بریندار بووبوون، هەر لەوێ برینەکەیم بینی و نەشتەرگەری سەرەتاییم بۆ کرد و دەرمانی پێویستم بۆ دانا.

لە درێژەی داستانی ڕزگاریدا لە ناوەڕاستی مانگی چواری ١٩٨٧ شەوێك لە قوتابخانەی گوندی بیرکە خەوتبووین، بە ئاگایان هێنام کە هەڤاڵ سامان گەرمیانی برینداریکی بۆ هێناوم، کە بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی یەك بوو، گوندەکە زۆر نزیك بوو لە سەربازگەی ڕژێمەوە، دەبوو لایت بە کارنەهێنین، بریندارەکەم هێنایەوە ژوورەوە لایتێکم لە دەم و چاویدا، لەو کاتەدا هەستم بە بۆنێکی ناخۆش کرد، کە لە جلوبەرگ و ڕوومەتی بریندارەکەوە بەرەو ڕووم دەهات، چاوی سوور هەڵگەڕابوو ئاوی دەکرد، بەڕووناکی لایتەکە بێزار دەبوو، دەم و چاوی ڕەش هەڵگەڕابوو، دووچاری دڵەڕاوکێ هاتبوو، شپرزەیی زۆر بە سیمایەوە دیار بوو، ئەو نیشانانە و بۆنەکە و ڕەش هەڵگەڕانی دەم و چاوی نیشانە بوون کە ئەو بریندارە چەکی کیمیایی گازی خەردەلی بەرکەوتووە، (Masterd Gaz)، بریندارەکە ناوی هەڤاڵ مەهدی بوو، پێشمەرگەی یەکێك لە تیپەکانی ئەو کاتی مەڵبەندی دوو بوو، بردمانە حەمامی قوتابخانەکە، دەستکێشم لە دەست کرد و لەگەڵ هەڤاڵ سامان گەرمیانی

هاوكاريمـان كـرد و جلـەكانيمان لەبـەر داكەنـد و شـۆردمان، جلەكـەيمان دوورخسـتەوە و خسمانە ژێـر گڵەوە، كـادرێكی ڕێكخسـتن بـە نـاوی هـەڤاڵ (خولـە كۆمەڵـە) جلـی خـۆی بـە بريندارەكـە بەخشـی، دواتـر كۆمـەڵێك ڕێنمـايم بـۆ بريندارەكـە دانـا بـۆ ئـەوەی بتـوانێ كاريگەری چەكی كيميايی لەسەر دەم و چاوی كەم بكاتـەوە، دڵۆپی ئـەنتيبايۆتيك و دڵۆپی هەستياريم بۆ چاوەكانی كرد و پێم گوت دەبێت ڕۆژانە چەند جارێك خۆت بشۆيت.

دوای شـەڕەكە بـەرەو بەرگـەڵوو و سـەرگەڵوو پاشەكشـەمان كـرد، مـن چـوومە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، سەردانی دكتۆر و كارمەند و برينـدارەكانی نەخۆشـخانەكەم كـرد، لە كاتی شەڕەكەدا دەيان بريندار لەو نەخۆشخانەيە چارەسەر كرابوون، هەندێك برينـداری چـەكی كلاسـيكی و هەنـدێك برينـداری چـەكی كيميـايی لـە نەخۆشـخانەكەدا مـابوون، بـۆ بينـينی برينـدارەكان لەگـەڵ دكتـۆر هـەڵۆ چـووينە قاوشـی نەخۆشـەكانەوە، چـەند بريندارێكمان بينی، بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاكێشام، ئەو منداڵە تەمـەن نـۆ ساڵانە بـوو، كە ڕەوشی تەندروستيی زۆر خـراپ بـوو، لـە تەنيشـتيەوە ڕاوەسـتام برينـەكانی لـە بـرينی گوللە و پارچەی تۆپ نەدەچوون، دكتۆر كارەساتی برينداربوونی ئەو منداڵەی بەمشێوەيە بـۆ گێڕامـەوە: ئـەم منداڵـە خـەڵكی گونـدی كـانی تـووی نزيـك شارۆچكەی مەرگەيـە، لـە ١٩٨٧/٤/١٦ لە كاتی كيميايی بارانكردنی ئەو گوندە، ئەم منداڵـە لـە دەرەوەی گونـد سـەرقاڵی لەوەڕانـدنی مـەڕ و مـاڵات بـووە، يـەك لـە بۆمبـە كيميايـيـەكان لـە دەرەوەی گوندەكـە دەتەقێتـەوە، ئـەم منداڵـەش لـەو كاتـەدا نزيكـی بۆمبـە كيميايیەكـە بـووە، زيـاتر نزيـك دەبێتـەوە و پارچـەی بۆمبەكـە هەڵدەگرێت و دەسـتكاريیان دەكات، نازانێـت كـە بۆمبەكـە كيميايیە، لە ئەنجامدا بەو شـێوەيە، بـە مـادەی كيميـايی خـەردەل برينـدار بـووە، مەترسـی لەسەر ژيانی دروست كردووە، ئيدی چەند ڕۆژێك لای ئەو مابووەوە چارەسـەری دەكـرد، تـا ئەو ڕۆژەی شەهيد بوو.

چەند پێشمەرگەیەکی دیکەم بینی کە بە چەکی کیمیایی لە گوندی قزلە و سنگر و مێولاکە و بەرگەڵوو بریندار بووبوون، هەموو بریندارەکان ڕەوشی تەندروستییان بەرەو باشی دەچوون، لەبەر زۆری برینداری ئەو پێشمەرگانەی کە بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون، لە نەخۆشخانە دەرکرابوون لە بارەگاکان دەحەسانەوە، ڕۆژانە بۆ ئەوەی پزیشك بیانبینێ، سەر لە بەیانی دەهاتنە نەخۆشخانە، دەرمانیان پێ دەدرا و تیمار دەکران، دواتر بۆ بارەگاکەی خۆیان دەگەڕانەوە، یەك لەو کەسانەی کە لە بەرگەڵوو بینیم هەڤاڵ بەختیار ئیسماعیلی برای هەڤاڵ شۆڕش ئیسماعیل بوو کە بە چەکی کیمیایی بریندار بووبوو.

لە کاتی داستانی ڕزگاریدا هێزی هەر سێ مەڵبەندی ئەو کات کۆبوونەوە، حکومەت بە چەکی کیمیایی چەند گوندێکی سنووری داستانەکەی بۆردومانکرد، لە هەمان کاتدا گوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتی لە وانە: خەتێ، بالیسان و شێخ وەسانانی بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد، دکتۆر زریان کە پزیشکی مەڵبەندی سێ بوو ژمارەیەکی زۆر برینداری چەکی کیمیایی چارەسەر کردبوو، ژمارەیەك برینداریش بەرەو نەخۆشخانەکانی هەولێر و ڕانیە ڕۆیشتبوون، لەلایەکی دیکەوە هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە شارۆچکەی قەرەداغیان ڕزگار کرد و لە بەرامبەردا حکومەت بە چەکی کیمیایی چەند گوندێکی بۆردومانکرد، دکتۆر ناسیح قەرەداغی چەندین برینداری لێ چارەسەر کردبوون، یەك لەوانە ناوی هەڤاڵ ڕێبوار ئەنوەر بوو کە کێشەی چاوی بۆ دروست بووبوو.

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٨٨ کە ئەو کات من پزیشکی مەڵبەندی یەك بووم، لە ڕێگەی بێ تەلی مەڵبەندەوە لە سەرکردایەتییەوە برووسکەیەك بە پزیشکانی شۆڕش گەیشت، کە دەربارەی هێرشی کیمیایی دەدوا، باسی لە زانیاری بەکارهێنانی ئەو چەکە لەلایەن ڕژێم و چۆنێتی خۆپاراستنی لێی دەکرد، ئەو ڕێنماییانەم بە دکتۆر ناسیح گوت و لە نووسراوێکی هەژدە خاڵیدا، مامۆستا بەهادین نوری تایپی کرد و نزیکەی ٥٠٠ دانەی لەبەر گرتبووەوە، منیش بۆ گوندە قەرەباڵەغەکان و کەرت و تیپەکانی گەرمیان و

قەرەداغم نارد، کە لە زانیاری و کاریگەریی و خۆپاراستن و چارەسەر لەسەر چەکەکە پێکهاتبوو، لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادبوونی عێراق، بەڵگەنامەیەك بەر دەست کەوتووە کە باس لە ڕێنماییە پزیشکییەکانی هێزی پێشمەرگە دەکات، لە کاتی کیمیابارانی کوردستاندا بۆ جەماوەری کوردستان و هێزی پێشمەرگەیان بلاوکردووەتەوە، بۆ بینینی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

دوا نیوەڕۆی ١٩٨٨/٢/٢٧ لە گوندی بەلەکجار گوێم لەدەنگی بۆردومان بوو، دوکەڵێکی خەستی چڕم لە چەند جێگەیەکی نزیك لە یەکتر بینی، لەگەڵ خێزان و منداڵەکم چووینە ژوورەوە و چەند خاولییەکمان لە ئاو هەڵکێشا و بەسەرماندادا کە ئەو کات شێنێی کچم سێ ساڵ نەدەبوو، ئیدی ماڵە دراوسێکانم بە دەنگی بەرز ئاگادار کردەوە کە لە شوێنە نزمەکان بێنە دەرەوە و چونکە گازەکە قورس بوو لە نزمایی دەنیشت، ئیدی بەرە و شوێنی بەرز ڕۆیشتین و هەمووان بە گوێی ئامۆژگارییەکانی ئێمەیان دەکرد و چەند گوندێکی دیکە بۆردومان کرا، خۆشبەختانە کەمترین برینداری لێکەوتەوە.

لە ١٩٨٨/٣/٢٢ لە کاتی بۆردومانی سێوسێناندا، دکتۆر ناسیح لە نەخۆشخانەکەوە هات بۆ ماڵەوە بۆ لام، گوتی: برینداری چەکی کیمیاییان بۆ هێناوین، لەگەڵ دکتۆر ناسیح بەرەو نەخۆشخانەکە کەوتینە ڕێ، گوێمان لە دەنگێکی ناسراو بوو هاواری دەکرد فریام بکەون، منیش ناسیمەوە گوتم کاك کەمال ئەوە تۆی؟ چیتە؟ گوتی نابینم بەر چەکی کیمیایی کەوتووم، بردمانە نەخۆشخانەکە لەگەڵ دکتۆر ناسیح تەماشای چاویمان کرد بیلبیلەی چاوی وەك کونە دەرزی لێهاتبوو، بەشەکانی دیکەی چاوی بریندار نەبوو بوو، هیچ بۆنێکی لێ نەدەهات، بۆمان ڕوون بوویەوە ئەو چەکەی بەکارهاتووە چەکی دەمارە، (Nervous Gas)، جلەکانیمان داکەند و لەشیمان شۆرد و جلی پاکمان لەبەر کرد، چەند دەرزییەکی ئەترۆپینمان بۆ کرد، سوودی لە چارەسەرییەکە وەرگرت و چاك بوویەوە.

ئەو کارانەی کە بۆ بریندارەکانی گوندی سێوسێنانمان کرد بریتی بوون لەمانە:

١. داوامان لە پێشمەرگەکان کرد بە ئۆتۆمبێل و تراکتۆر فریای بریندارن بکەون و بیانهێنن بۆ نەخۆشخانە.

٢. چەند کارمەندێکی تەندروستیمان نارده سەر چەمی دێوانە، (لە نێوان سێوسێنان و بەلەکجاردا)، هەر برینداریکی چەکی کیمیاییان دەهێنا بە ئاوی چەمەکە دەیانشۆرد و دەرزی ئەترۆپینیان بۆ دەکرد و ڕەوانەی نەخۆشخانەکەیان دەکرد.

٣. داوامان لە خەڵکی گوندەکانی دیکە کرد بچن بە هانای خەڵکی سێوسێنانەوە، بەڵام بە دەستی ڕووت دەستیان لێ مەدەن،

٤. حەمامێکی نەخۆشخانەکەمان گەرم کرد بۆ شۆردنی بریندارەکان، داوامان لە خەڵکی کرد جلوبەرگی زیادیان بهێنین تا بۆ بریندااران بەکاریان بهێنین.

٥. خۆشبەختانە لەو کاتەدا نزیکەی ١٠٠٠ هەزار ئەمپول دەرزی ئەترۆپینمان هەبوو، کە باشترین دەرمانە بۆ چارەسەرکردنی برینداری گازی ژەهراوی دەمارەکان، هەروەها مەغەزیمان بۆ هەندێك لە بریندارەکان هەڵدەواسی، بریندارەکان هەموو نیشانەکانی گازی دەماریان پێوە دیاربوو، ئەوەی لەوێ چارەسەرمان کرد نزیکەی ٨٠ هەشتا کەس دەبوون.

لە کاتی ئەنفالدا نەخۆشخانەکەمان کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی من لەسەری مامەوە، بەشەکەی دیکەی دکتۆر ناسیح لەگەڵ بریندارەکاندا بردی بۆ قۆپی، لەو بەشەی لای خۆم دەرمانەکانم کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی گرنگی دەرمانەکانم کردە ناو کۆڵە پشتێکەوە و دام بە کۆڵمدا، هێندە دەرمان مابوو کە نەمانتوانی لەگەڵ خۆماندا بیانهێنین، لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە ژێر تاشەبەردێکدا شاردمانەوە، بۆ ئەوەی لە دوارۆژ ئەگەر دەرفەتمان هەبێت بیدۆزینەوە، ئەو دەرمانانە و چەکێکی کلاشینکۆفم بە کۆڵەوە بوون و پێیانەوە دەگەڕام.

لێرەوە گەیشتینە گەرمیان و بە گوێرەی ئەرکەکانمان لە گوندەکانی دەشتی گەرمیاندا، هەر بارەگایەك و دوو بارەگا لە گوندێکدا جێگیر بووین، لە ئۆتۆمبێلێکدا بووین کاتژمێر پێنجی ئێوارە کاتی کردنەوەی ئامێری بێتەل بوو، هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینا پێی ڕاگەیاندم کە ئەبو فەلاح مین پێیدا تەقیوەتەوە، دەبێت دکتۆر بیبینێت، منیش کۆڵە پشتەکەم ئامادە کرد و پاش دوو کاتژمێر بە ئۆتۆمبێل گەیشتینە لای بریندارەکە، ئەو لە گوندی هەزارکانی مینی پێدا تەقیبوویەوە، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی بوون لە سەرووی برینەوە لاقیان بەستبوو بۆ ئەوەی خوێنی لێ نەڕوات، لە گوندی دەرەواری خواروو نزیکیان کردبوویەوە و بە ئۆتۆمبێل گەیاندمانە گوندەکە، بە هەڤاڵ قادری حاجی عەلیم گوت دەبێت لاقی لە خوار ئەژنۆیەوە بیڕینەوە، هەندێك لە پێداویستییەکانی بڕینەوەکەم ئامادە کرد، کە لە کۆڵە پشتەکەمدا بوو، هەڤاڵ جەبار کادیرێکی پزیشکی وریا بوو بۆ هاوکاریکردنم ئامادەبوو، ئەوەی کە پێمان نەبوو بریتی بوو لە مشار بۆ بڕینەوەی ئێسك و دەستکێشی پزیشکی و سابوونی دەستشتن و ڕووناکی و دەرمانی خاوێنکەرەوە، بە پێشمەرگەکانم گوت بە گوندەکەدا بگەڕێن هەرچەندە لە کاتی چۆڵکردندا خەڵکی گوندەکە هەموو کەلوپەلەکانیان بردبوو.

دوای گەڕان مشارێك و مەنجەڵێکی ڕەش و لۆکسێکیان دۆزیبوویەوە، پێشمەرگەکان ئاویان لە مەنجەڵە ڕەشەکەدا گەرم کرد و مشارەکەیان خستە مەنجەڵەکەوە تا پاك ببێتەوە، بە ئاوە گەرمەکە دەستمان شۆرد و لۆکسەکەمان بۆ ڕووناکی بەکارهێنا، بە نۆرە هەر یەك لە هەڤاڵ جەمیل هەورامیی و هەڤاڵ جوامێر بە سەر سەرمەوە لۆکسەکەیان بۆ دەگرتین، ئەمپۆلێکی مۆرفینم بە دەمار بۆ ئەبو فەلاح کرد و دواتر بە سڕکردنی لۆکاڵی زیلۆکاین ئەو شوێنەم سڕکرد، لاقیشی توند بەسترابوو بۆیە پێویست نەبوو بیبەستمەوە، بە پێی بنەماکانی پزیشکی نەشتەرگەری، پێست و ماسوولکە و ئێسك و خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانی لاقی ئەبو فەلاحم بڕیەوە و خوێنەکەیم گرتەوە و دەنگێکی لێوە نەهات،

کاتێك گەیشتمە نۆرەی بڕینی شادەماری لاقی (scatic nerve) دەنگێکی لێوە هات و گوتی ئۆف، بەڕاستی ئەبو فەلاح برینداریکی ورەبەرز و بەجەرگ بوو، دوای تەواوکردنی بڕینەوەی هەموو توێژەکانی لاقی لە بنەوە بۆ دەرەوە، توێژە جیا جیاکانم بۆ دوورییەوە، تەنها پێستەکەی مابوویەوە لەو کاتەدا داوام لە پێشمەرگەیەك کرد ئەو پەتەی کە لاقی لە سەرووی برینەکەوە پێ بەسترابوو بکاتەوە، بەوە ویستم تاقی بکەمەوە، بزانم شوێنی نەشتەرگەرییەکە خوێنی لێ بەرنابێت، کاتێك زانیم کارەکەم سەرکەوتووە، پێستەکەشیم دوورییەوە و سۆندەیەکم لە ژێر پێستی برینەکەوە هێنایەوە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەگەر خوێن هەبێت لە ناو برینەکەدا کۆنەبێتەوە و لە ڕێگەی ئەو سۆندەیەوە بێتە دەرەوە، بۆ سبەی ئەبو فەلاح گوێزرایەوە بۆ گوندی کوردەمیر بۆ نەخۆشخانەکەمان لە دەشتی گەرمیان، لەوێ مایەوە بۆ چارەسەرکردن تا کارەساتی ئەنفال سێ دەستی پێ کرد.

لە کاتی ئەنفالی سێدا من لای خۆمەوە لە مەترسی ڕەوشەکە تێگەیشتم و چوومەوە لای برادەرانی نەخۆشخانە، پزیشك و کادیرەکانم هێنایە لای بریندارەکان و بۆ ماوەی چەند خولەکێك قسەم بۆ کردن و پێم گوتن، کە بڕیار هەیە بەرەو قۆپی قەراغ پاشەکشە بکەین، هەندێك بریندارمان لابوو کە لەو کاتەدا پێویستیان بە هاوکاریکردن بوو، زۆربەی بریندارەکان هاوەڵ (مرافق)یان لەگەڵ بوو، ئەبوو فەلاح کە چەند ڕۆژێك بوو لاقیم لە خوار ئەژنۆیەوە بڕی بووەوە، سێ پێشمەرگەی شارەزای لەگەڵ بوو هێسترێکیشیان پێ بوو، هەر یەکسەر بەپەلە سواری هێستریان کرد و لەبەر چاو ون بوون، یەکێك لە بریندارەکان بە ناوی هەڤاڵ حەمە لەتیف کەسی لەگەڵ نەبوو، پێشمەرگەیەك بە ناوی مام برایم پێی گوتم با بە هێسترەکەی نەخۆشخانە بیبەن، منیش ڕەزامەندیم دەربڕی، ئیدی بۆ قۆپی قەراغ گواستمانەوە، پێشمەرگەیەکی دیکەی بریندار کە خەڵکی کەرکووك بوو پێش چەند مانگێك لاقێکی بە گوللە شکابوو، هەرچەندە چارەسەرم کردبوو، بەڵام چاك نەبوو بوویەوە، پێم گوت لەگەڵمان بێت، گوتی ناتوانم تفەنگێکم بدەنێ با خۆم ڕادەست بکەمەوە،

ئـەو كـات خۆڕادەسـتكردن دەبـوو بـە چـەكەوە بێـت منـيش تفەنگەكـەی خـۆم پـێ دا، پێشمەرگەیەكی گەنجی تیپی ٥١ی گەرمیانیش لەناو بریندارە مەترسیدارەكاندا بـوو، پشتی برینـدار بووبـوو، دووچاری ئیفلیجی هـاتبوو لـە هـۆش خـۆی چـوو بـوو، كەسیشی لەگـەڵ نـەبوو، زۆر بـیرم لـەوە كـردەوە ئـەم برینـدارە چـۆن ببـەین و ڕزگـاری بكـەین، بـەڵام بیركردنەوەكەم هیچ ئەنجامێكی نەبوو هەر لەوێدا بە جێمان هێشت.

لە گەرمیانەوە بۆ قەرەداغ پاشەكشەمان كرد، كادیر و بەرپرسانی نەخۆشخانەكە لـەو كاتەدا ژمارەمان ١٣ كەس بوو، دەستەی براكانی شـەهید سیراوان تاڵەبانیش لەگـەڵ ئێمـەدا بوون، خۆمان لـەناو پەڵـە گـەنمێكی ناوچـەی بازیانـدا شاردبووەوە، كـات ١٠ی سـەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٦ بـوو لـە نزیكمانـەوە شـەڕ دەسـتی پـێ كـرد، لـەو شـەڕەدا دوو پێشـمەرگە بریندار بوون، برینەكـەیانم بـینی و هەنـدێك دەرمـانی ئـازار و ئـەنتی بـایۆتیكم پـێ دان و ڕێنمایم كردن تا ڕۆژی دواتر بیانبینمەوە.

لە گوندی قازانقایە ئێمـە مـەفرەزەی نەخۆشخانە لەگـەڵ براكانی هـەڤاڵ قـادردا بـەر گوندی مێوڵی كەوتین، كە تا ئەنفال بارەگای تیپی ٥٧ی سەگرمەی لێ بوو، هەر لەوێ دكتۆر جەبار بنكەیەكی تەندروستی كردبوویەوە، هەندێك دەرمان و پێویستی دیكەی نەخۆشی لە بنەكەكەدا مابوو، منیش پێم باش بوو بەر ئەو گوندە كـەوتین لەبەرئـەوەی پێویسـتیم بـە گەچ (Plaster of Paris) هەبوو، بۆ گرتنەوەی قۆڵی هەڤاڵ حەمە ڕەئووف بـرای هـەڤاڵ عومەر غەریب، كە لـە شـەڕی ڕۆژی پێشـتر بـە گوللـە ئێسكی قـۆڵی شكابوو، دكتـۆر جـەبار نەهات لەگەڵمان بـۆ گونـدی مێـوڵی، وابـزانم لـە گونـدی قازانقایـە مابوویـەوە، مـن چوومە شـوێنی نەخۆشـخانەكە و بـۆ گـەچ پەیـداكردن دەسـتم بـە گـەڕان كـرد، بڕێكـی وا گەچـم دۆزیـەوە كـە بتـوانم كارەكـانی خـۆمی پـێ ئـەنجام بـدەم و قۆڵـە شـكاوەكەی هـەڤاڵ حەمـە ڕەئووف پێ بگرمەوە، چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد كەسێك بێت بـە شـوێنمدا و بمبـات بـۆ ئـەو شوێنەی كـە برینـدارەكانی لێیـە، دوای نیـوەڕۆ پێشـمەرگەیەك هـات بـە شـوێنمدا و منـیش

لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیە و دکتۆر مەحمووددا چووم بۆ لای بریندارەکان، هەڤاڵان عومەر فەتاح و شێخ جەعفەر و عومەر غەریب و کافیە خان و ڕەحمە خانی خێزانی عومەر غەریب لەگەڵ هەردوو بریندارەکە هەڤاڵان ڕەئووف برای عومەر غەریب و خالیدی خاڵۆزای عومەر فەتاح لەناو دارستانەکەی پشتی گوندی قازانقایەدا دانیشتبوون و چاوەڕوانی منیان دەکرد، هەڤاڵ خالید گوللەیەك بەر سەری کەوتبوو، لە لای چەپی ناوچەوانییەوە بەرەو پشتی سەری چوو بوو، بەڵام خۆشبەختانە گولەکە نە ئێسکی کەللەی سەری گرتبوو، نە هیچ بەشێك لە مێشکی گرتبوو، تەنها پێست و ماسوولکەکانی سەری بریندار کردبوو، بەهۆی هێزی جووڵەی گوللەکەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مێشکی شڵەقی بوو دووچاری ئیفلیجییەکی کاتی هاتبوو، قۆڵ و دەست و لاقی لای ڕاستی لاواز بووبوو، وەك پێویست کاریان نەدەکرد، هەڤاڵ خالیدم لە شێوەی برینداریيەکەی و ئەنجامی بریندارییەکەی تێگەیاند و دەرمانی ئازار و دەرمانی دژەهەوکردنی برینم لە کۆڵە پشتەکەمدا دەرهێنا و پێمدا، بە هاوکارەکانیم گوت پێویستە بەردەوام قۆڵ و لاق و پێی بجووڵێنن بۆ ئەوەی ماسوولکەکانی نەپووکێنەوە، دواتر چوومە لای هەڤاڵ حەمە ڕەئووف لۆکە و گەچ و ئاو و پێویستی دیکەی گرتنەوە و پێچانی قۆڵیم بۆ دابینکرد، هەر لەوێدا گەچەکەم تێ گرت و کەمێك بە دیارییەوە وەستام تا گەچەکە وشك بوویەوە، دواتر دەرمانی ئازار و دەرمانی دژە هەوکردنم بۆ دانا.

لە گەرمیان و قەرەداغەوە بۆ سنووری دەشتی کۆیە پەڕینەوە، لە گوندێکی دەشتی کۆیە شەوێکیان پێشمەرگەیەك ئێشکگر دەبێت، لەبری پاراستنی هاوسەنگەرەکانی لە کاتی ئێشکگرتندا هەڤاڵەکانی دەداتە بەر ڕێژنەی گوللە و هەڤاڵەکانی شەهید دەکات، پێشمەرگەکانی دیکە لە خەو ڕادەپەڕن و پەلاماری دەدەن و هەر لەوێدا دەیکوژن، پێشمەرگەیەك لەو کارەساتەدا بریندار بووبوو، لە شوێنی کارەساتەکەوە بە شەو هێنایان بۆ گوندی قزلوو، بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی بدەم، پێشمەرگەکەم ناسیوە ناوی شەماڵ

بوو، چەند گوللەیەك بەر سکی کەوتبوو، لەگەڵ دکتۆر جەلال و دکتۆر دڵشاددا هەر چەند هەوڵماندا نەمانتوانی چارەسەری برینداربیەکی بکەین، چونکە ناو سکی بریندار بووبوو، پێویستی بە کاری نەشتەرگەری گەورە هەبوو، کاری نەشتەرگەری لەو جۆرەش پێویستی بە سڕکردنی گشتی و ساڵۆنی نەشتەرگەرییە، کە لەو کاتەدا لە توانای ئێمەدا نەبوو کاری نەشتەرگەری بۆ بکەین و نەماندەتوانی ڕەوانەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمیشی بکەین، پاش دوو کاتژمێرێك شەماڵ لە گوندی قزلوو شەهید بوو.

ئەو چەند ڕۆژەی لە سنووری ناوچەی دەشتی کۆیە و شوان و قەڵاسێوکە ماینەوە، هەندێك پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار و ئەوانەی لە کاری کارگێڕیدا ئەرکداربوون، ڕەوانەی سنووری مەڵبەندی سێی ناوچەی خۆشناوەتی کران، منیش بیرم لەوە کردەوە، کە لە دەستەی نەخۆشخانە هەندێك کەس ئەوانەی ماندوون، بۆ ناوچەی خۆشناوەتی ڕەوانە بکەم، دکتۆر ناسیح و دکتۆر جەبار و دکتۆر ناجح و کارمەندەکانی تری نەخۆشخانەم پێکەوە نارد بۆ سنووری مەڵبەندی سێ، تەنها من و دکتۆر جەلال و هەڤاڵ جووتیار لە قزلووی دەشتی کۆیە ماینەوە، دوای چەند ڕۆژی دیکە دکتۆر جەلالمان نارد بۆ سنووری مەڵبەندی دوو، لەگەڵ دکتۆر دڵشاد کە پزیشکی مەڵبەندی دوو بوو، لە گوندەکانی شوان مایەوە، دەستەکەی نەخۆشخانە کە گەیشتبوونە سنووری مەڵبەندی سێ لەوێ نەوەستا بوون، بەرەو ناوچەکانی قەندیل ڕۆیشتبوون.

ڕۆژمان گەیاندە ١٩٨٨/٥/٣ سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە دوو پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی سەر بە مەڵبەندی دوو، هاتنە لام بۆ گوندی قزلوو گوتیان نەخۆشین، کە لە نیشانەی نەخۆشییەکەیان ورد بوومەوە وای بۆ چووم، کە دووچاری نەخۆشی مەلاریا بوون، گوتم دەرمانی ئەو نەخۆشییەم لا نییە، لەسەر ڕەچەتەیەك دەرمانەکەم بۆ نووسین، پێم گوتن ئەگەر کەسێکتان دەستکەوت سەردانی ناو شار بکات، با ئەم دەرمانەتان بۆ بهێنێت و بەکاری بهێنن.

ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی گوندەکانی گۆپتەپە و عەسکەری ناوچەکەی بۆردومان کرد و بۆ سبەی ئەنفالی چوار دەستی پێ کرد، برینداریێك هەواڵی بۆردومانی کیمیایی گوندەکانی ئەوبەری ئاوەکەی بۆ هێنایین، هەر ئەو شەوە بریندارەکەم بینی، برینەکەی سووك بوو، دووچاری کەم بینین هاتبوو، چاوی دەکزایەوە نیشانەی گازی خەردەل لەسەر دەم و چاوی دیاربوو، هیچ جۆرە دەرمانێکم پێ نەبوو بیدەم بە بریندارەکە، دڵنیام کردەوە کە برینەکەی سووکە، مەترسی لەسەر ژیانی نییە، داوام لێ کرد کە خۆی بشوات و جلەکانی بگۆڕێت و تا دەتوانێت دەم و چاوی بە ئاو بشوات.

لە ئەنفالی چواریش ڕزگارمان نەبوو بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی سنووری مەڵبەندی سێ ڕۆیشتم، گەیشتینە گوندی مەلەکان، ئەشکەوتی نزیك گوندەکە کرابوو بە نەخۆشخانە، چووینە نەخۆشخانەکە دکتۆر هەڤاڵ (ئیبراهیم)ی لێ بوو، ئەو بڕیاریدا بوو لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام دکتۆری نەخۆشخانەی گوندی خەتێ و دکتۆری نەخۆشخانەی گوندی سماقووڵی نەخۆشخانەکانیان چۆڵ کردبوو، منیش بڕیارمدا لە سنووری مەڵبەندی سێ بمێنمەوە، دواتر زانیم کۆبوونەوە لە نێوان بەرپرسانی سنووری مەڵبەندی ٣دا کراوە، هەموو کادیرەکان ئازاد بن لە سنوورەکەدا بمێننەوە، یان بەرەو سەر سنوور بڕۆن، نەك هەندێك لە پزیشکەکان بەڵکو ژمارەیەك لە ئەندام مەڵبەندەکانی مەڵبەندی ٣ی ئەو کاتەش بەرەو ناوچە سنوورییەکانی دووری شەڕگەکە پاشەکشەیان کردبوو، من لە نەخۆشخانەی مەلەکان مامەوە و هەڤاڵ جووتیار بەرەو قەندیل بۆ لای هێزەکانی مەڵبەندی ١ ڕۆیشت، بەرپرسەکانی مەڵبەندی ٣ی ی.ن.ك زۆر بەو هەڵوێستەی من خۆشحاڵ بووبوون، ورەیان بەرزبوویەوە، دوای ئەوەی دوو شەو لە نەخۆشخانەی مەلەکان مامەوە، شەهید حەسەن کوێستانی کە ئەو کات جێگری بەرپرسی مەڵبەندی ٣ بوو داوای کرد کە من بچمە گوندی خەتێ و لە نەخۆشخانەکەی ئەوێ کار بکەم، دکتۆر

هەڤاڵ لە نەخۆشخانەی ئەشکەوتی مەلەکان بمێنێتەوە منیش بە داواکەی قایل بووم و چوومە نەخۆشخانەکەی گوندی خەتێ و دەستم بە کارکردن کرد.

ڕۆژێك لە نەخۆشخانەی گوندی خەتێ وە بە پێ بۆ بارەگای مەڵبەند بەڕێکەوتبووم، لەسەر ڕێگایەکی گڵ زیلێکی سەربازیم بینی، لە تەنیشتمەوە وەستا، (ئەم زیلە لە شەڕدا پێشمەرگە گرتبووی و کاری پێ دەکرد)، لە زیلەکەدا دکتۆر دڵشاد بازێکیدا و لە بەردەممدا ڕاوەستا، زۆر دڵخۆش بووم کە بینیم دکتۆر دڵشاد ماوە و شەهید نەبووە، دوای چاك و چۆنی و یەکدی ماچکردن هەواڵی دکتۆر جەلالم لێ پرسی، ئەویش بەم شێوەیە چیرۆکی خۆی و دکتۆر جەلال و دکتۆر ئاسۆی بۆ گێڕامەوە: دکتۆر ئاسۆ یاریدەدەری پزیشکی بوو لە تیپی ٢٣ی سووورداش، کە سەر بە مەڵبەندی ٢ بوو، وەك کادیری پزیشکی کاری دەکرد، دکتۆر دڵشاد گوتی پێشمەرگە ئێمەیان بە جێهێشت، ئێمەش هەرسێکمان پێکەوە شارەزا نەبووین، نەماندەزانی بەرەو کام ئاڕاستە مل بنێین، بۆ خۆمان گیرمان خواردبوو تا هێزێکی جاش هاتن سەرمان و چوار دەوریان گرتین، لەو کاتەدا دکتۆر ئاسۆ دەمانچەکەی خۆی دەرهێنا و گوللەیەکی نا بە سەری خۆیەوە و هەر لەوێدا شەهید بوو، جاشەکان کە ئەو حاڵەتەیان بینی هاواریان لێ کردین خۆتان مەکوژن، ئێمە ناتانکوژین و دەتانپارێزین، هەر خۆمان نەدا بە دەستەوە دواتر یەکێکیان گوتی خۆتان بدەن بە دەستەوە لەسەر شەرەفی مەلا مستەفا بارزانی گیانتان پارێزراوە، گوتی کە ئێمەش ئەو قسەیەمان گوێ لێ بوو هەندێك دڵخۆش بووین، (باوکی دکتۆر دڵشاد لە شۆڕشی ئەیلوولدا شەهید بووبوو)، بڕیارماندا خۆمانیان ڕادەست بکەین، دکتۆر دڵشاد لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی جاشەکان ئێمەیان نەدایە دەستی سەربازەکان، وەك چەکداری خۆیان لەگەڵمان جووڵانەوە، دواتر بردیانینە ڕەبایە و لەوێ بەگاڵتەوە پاسەوانییان پێ دەگرتین، بۆ ئەوەی سەربازەکان گومانمان لێ نەکەن، کاتێك کە شەڕەکە تەواو بوو، بەرپرسی سریەکە پێی گوتین با ڕەوشەکە هێور بێتەوە، ئینجا دەتان نێرینەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، ئەو کەسەی کە لە

ناو چەکدارەکاندا پلەی فەرماندەی سریەی هەبوو، قسە و پەیمانەکەی خۆی بردە سەر و ڕاستگۆ دەرچوو، ئەمڕۆ منی تا نزیك ناوچە ڕزگارکراوەکان بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی هێنا و ڕێگەی پیشاندام، هەفتەی ئایندەش بە هەمان شێوە دکتۆر جەلال بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەردەکات، دواتریش هەروا دەرچوو، دکتۆر جەلالیش هاتەوە لامان، دکتۆر دڵشاد هێندە لە نەخۆشخانە لامان نەمایەوە گوتی من دەچم بۆ ناو سەنگەری پێشمەرگە و لەوێ کاری پزیشکی دەکەم.

له ١٩٨٨/٥/٦ پەیوەندیم بە مەڵبەندی (٣)وە کرد، لە نەخۆشخانەکەی گوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی لەسەر کارو چالاکی و خوێندنەوەی پەرتووك بەردەوام بووم، جارجار لەگەڵ پێشمەرگە و کادیرە پزیشکییەکانی نەخۆشخانە دادەنیشتم و قسە و باسی هەمە جۆرمان دەکرد، لەو کاتەدا دوو کادیری پزیشکی لەگەڵ مندا کاریان دەکرد، یەکێکیان ناوی هەڤاڵ هاوتا عوسمان بوو خەڵکی کۆیە بوو، یاریدەدەری پزیشك بوو، پێشتر دکتۆری تیپی ٩٣ی کۆیە بوو، لەو کاتەوە کە ئێمە گەیشتینە دەشتی کۆیە، لە گوندی قزلوو پەیوەندی بە منەوە کرد و لە سنووری مەڵبەندی ٣ لە نەخۆشخانەی خەتێ لەگەڵ مندا مایەوە، کەسێکی دیکە لەوێ بوو کە ناوی هەڤاڵ عەبدولقادر بوو خەڵکی هەولێر بوو، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو لەبەرئەوەی سەر بە ڕێکخستنی ی.ن.ك بوو لەلایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە فشاری زۆری لەسەر بووە، خوێندنی بەجێهێشتبوو، ڕووی کردبووە شاخەکانی کوردستان و لەناو برا پێشمەرگاکانیدا جێگەی خۆی گرتبوو، خۆشبەختانە هەڤاڵ عەبدولقادر دوای ڕاپەڕین کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد و ئێستا پزیشکە، ئەم سێ کەسە کادیری پزیشکی نەخۆشخانەی گوندی خەتێ بووین.

کاتژمێر یازدە و نیوی شەوی دوای بۆردوومانی کیمیایی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر گوندی گوڵان و وەرێ، لە ژوورێکی نەخۆشخانەکەدا خەریك بوو خەوم لێدەکەوت، ئاگاداریان کردم کە بریندارایان هێناوە، منیش هەڤاڵان هاوتا و عەبدولقادرم لە خەو

هەڵسان و لەگەڵ خۆم بردنم بۆ سەیری بریندارەكان، زیلێكی سەربازیم بینی لەسەر جادەكەی نزیك سەرچاوەی كانییەكەی خەتێ وەستابوو، پێشمەرگەكانی ڕێكخراوی ك.ڕ.ك لێم نزیك بوونەوە، گوتیان دكتۆر ئەمانە برینداری كیمیابارانی گوندی وەرێن ئێمە هێناومانن تا لێرە چارەسەر بكرێن، نەیانوێراوە بۆ چارەسەری برینەكانیان بچنە ڕانیە، نەوەك دەزگا سەركوتكارەكانی ڕژێم پێیان بزانن و بیانگرن و ئەنفالیان بكەن، گوتم باشە دوو كیسی نایلۆنم كردە دەستم و لایتێكی پزیشكیم بەدەستەوە گرت و سەركەوتم بۆ ناو زیلەكە، سەیری دەم و چاوی بریندارەكانم كرد یەكەم كار كە بۆ من گرنگ بوو كە بزانم ئەو بریندارانە بە چەكی كیمیایی بریندار بوون؟ دووەم كارم ئەوە بوو كە بزانم جۆری چەكەكە چییە؟ پاش ئەوە بۆم دەدەركەوت كە ئەو بریندارانە بەر چەكی كیمیایی كەوتوون، لە بیلبیلەی چاویان ورد بوومەوە لایتی پزیشكیم گرتە چاوەكانیان، بینیم هەر هەموویان بیلبیلەی چاویان وەك كونە دەرزی لێهاتووە، كەف بە لای دەمیانەوەیە، ئەم دوو نیشانەیە، نیشانەی بریندابوونی چەكی كیمیایی دەمارەكانن، یەكسەر لەگەڵ هەڤاڵان هاوتا و عەبدولقادر قسەم كرد گوتم لەم هێرشە چەكی كیمیایی دەمار بەكارهاتووە، ئەمەش چارەسەرەكەیەتی: داگرتنی بریندارەكان لە زیلەكە، لابردنی جلە ئالوودەكانیان، شۆردنیان لە حەوزی سەرچاوەكەی خەتێ، بەكارهێنانی دەرزی ئەترۆپین و هەڵواسینی موغەزی بە گوێرەی ڕەوشی گشتی بریندارەكان.

ئیتر دەستمان پێ كرد من و هاوتا، یان من و عەبدولقادر بەردەوام یەكێكمان لە زیلەكە دادەگرت، جلەكانیمان لەبەر دادەكەند و دەمان كرد بە ناو حەوزی ئاوەكەی گوندی خەتێدا، ئەویترمان دەرزی ئەترۆپینی بۆ دەكرد و پێشمەرگەكانیش هاوكارییان دەكردین، بۆ پەیداكردنی جلوبەرگی پاك و گواستنەوەیان بۆ نەخۆشانەكە و داپۆشینیان تاكو سەرمایان نەبێت، ئەو شەوە بۆ ماوەی چەند كاتژمێرێك بەم كارەوە خەریك بووین، هەموو بریندارەكانمان لە مردن ڕزگار كرد كە ٣٠ كەس زیاتر دەبوون.

بۆ ڕۆژی دواتر کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی عەرەبانەیەکی دیکە برینداریان بۆ هێناین، مـن و عەبـدولقادر و هاوتـا و پێشـمەرگەکانی نەخۆشـخانە و پێشـمەرگەکانی ڕێکخـراوی ك.ڕ.ك، هەمان کاری شەوی پێشوومان بۆ بریندارەکان دووبارە کردەوە، یەك لە یادەوەرییـە تاڵەکانی ڕۆژانی کیمیاباران و ئەنفال کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، ئەوەیـە کـە ئـەو ڕۆژە لەناو عـەرەبانـەی تراکتۆرەکـەدا تـەنها دوو کەسـی بریـنـدار مابوونـەوە دایـانگرم و بیانشۆم منـداڵێك و ژنێکـی بەساڵاچـوو بـوون، ڕەوشـی تەندروسـتیی هـەردووکیان زۆر خـراپ بـوو نەمدەزانی کامیان پێش کامیان دابگرم و چارەسەریان بکەین، خـەریك بـوو سـەرم لـێ تێـك دەچوو، دوای خۆم ڕاگرت و گوتم بـا منداڵەکە دابگـرم و ڕزگـاری بکـەم دواتـر دەگەڕێمـەوە سـەر ژنــە بــە تەمەنەکــە، تــا منداڵەکــەم داگــرت و شــۆردمان، کــە بــۆ نــاو عارەبانەکـە سەرکەوتمەوە بۆ ئەوەی ژنەکە داگرین و بیشۆین، تەماشا دەکـەم ژنەکـە گیـانی لـە دەسـت داوە، بۆ لای نیوەڕۆکەی یەك لەو بریندارانە کە شەو هێنابوویان شەهید بوو، بریندارەکانی دیکە کە نزیکەی ٧٠ کەس دەبوون هەر هەموویان بە چەکی کیمیـایی گـازی دەمـار بریـندار بووبوون، چاك بوونەوە و دوای چەند ڕۆژ نەخۆشخانەکەیان بە جێهێشت.

دوای ئــەوەی فڕۆکــەکانی ڕژێــم گونــدەکانی (وەری، گــوڵان، وەرتــێ و نازەنین)یــان بــە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد لە ١٩٨٨/٥/٢٢ بە دواوە، هێرشـەکانی ئـەنفالی پێـنج بـۆ سـەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ دەسـتی پـێ کـرد، لـەو کاتـەدا هێزێکـی پ.د.ك بەسەرکردایەتی نادر هەورامیی هاتبوونە ناوچەکە و لەگەڵ هێزەکانی ی.ن.ك پەیوەندییان گرت و هاریکاری یەکیان دەکرد، من چوومە نەخۆشـخانەی مەلـەکان کـە لـەو کاتـەدا لـەناو ئەشکەوتی مەلەکاندا بوو، لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵ دەستمان بە کارکردن کرد، دکتۆر جەلال کە تـازە گەیشـتبوو لـە ئـەنفالی چـوار بـە زەحمـەت ڕزگـاری بووبـوو لـە نەخۆشـخانەی گونـدی خـەتێ مایـەوە، شـەڕ لـە هـەموو بەرەکانـەوە دەسـتی پـێ کـرد، هێزەکـانی سـوپای ڕژێـم و جاشەکان هێرشـیان دەهێنـا، هێـزی پێشـمەرگەش لـە سـەنگەرەکانی خۆیانـەوە بـەرەنگاریان

دەبوونــەوە، ڕۆژانــە برینــداری پێشــمەرگە دەگەیەنرایــە نەخۆشــخانەکە و پێکــەوە لەگــەڵ دکتــۆر هــەڤاڵ و هــەڤاڵ فــەرهاد کــە یاریــدەدەری پزیشــکی بــوو چارەســەری برینــەکانیانمان دەکرد، نزیکەی مانگێك لە سنووری مەڵبەندی سێ مامـەوە ڕۆژێکیـان ١٩٨٨/٦/١٦ کاتێـك لـە نەخۆشــخانەی مەلــەکان بــووم، لەلایــەن هــەڤاڵان مــلازم عومــەر و کۆســرەت ڕەســووڵەوە بروسکەیەکم بۆ هات داوایان کردبوو من بۆ سەر سنوور بڕۆم و هەندێك پشوو بـدەم و لـە بروسکەکەدا هاتبوو، کە دکتۆر هێمن (ئازاد ئەحمەد) کە دواتـر شـەهید بـوو، دێتـە شـوێنی کارەکـەی مـن، منـیش بـە گـوێرەی بروسـکەکەی ئـەوان جووڵامــەوە، هەنـدێك برینـدار و کادیرێکی تەندروستیم لەگەڵ خۆم ڕێکخست و بەرەو بناری قەندیل کەوتینە ڕێ.

دوای چەند ڕۆژێك لـە بۆردومـانی کیمیـایی فڕۆکـەکانی ڕژێـم بـۆ سـەر ئـەو ناوچـەیە هێرشی ئەنفالی پێنج دەستی پێ کرد، دکتۆر جەلال لە نەخۆشخانەی خەتێ مایـەوە، مـن و دکتۆر هەڤاڵ ئەشکەوتەکەی نزیك گوندی مەلەکانمان کرد بـە نەخۆشـخانە، لـەوێ ماینـەوە برینــداری زۆرمــان بــینی چارەســەرمان کــردن، ڕۆژێکیــان نەخۆشــێکیان بــۆ هێنــام بــۆ ئەشـکەوتەکەی مەلـەکان پـاش ئـەوەی بینـیم بـۆم دەرکـەوت کـەوا دووچـاری نەخۆشـی ڕیخۆڵەکوێرە بووە، ئەو نەخۆشە پێشمەرگەی پاسۆك بوو هاوەڵێکی لەگـەڵ بـوو کـە هـەڤاڵ ئاسۆس هەردی بوو کە ئەویش ئەو کات پێشمەرگەی پاسـۆك بـوو، ڕەوشـی نەخۆشـەکەم لـە هەڤاڵ ئاسۆس گەیاند و گوتم دووچاری ڕیخۆڵەکوێرە بووە، پێویستی بە کاری نەشتەرگەری هەیـە، بـەڵام لـەم کاتـەدا لێـرە توانامـان نییـە ئـەو کـارە ئـەنجام بـدەین، هـەوڵ دەدەیـن بـە دەرمـانی ئـەنتیبایۆتیك و موغـەزی چارەسـەری بکـەین، لەوانەیـە بـەم جـۆرە چارەسـەرییە باش ببێت، بەڵام ئەنجامەکـەی لـە سـەدا سـەد نییـە، نـەخۆش و هـاوەڵ ڕازی بـوون، منـیش چارەسەرییەکم دەست پێ کرد، خۆشبەختانە دوای هەفتەیەك نەخۆشەکە چاك بوویەوە.

دوای ئەم کارەساتانە ڕێگەی ئێرانمـان گرتەبـەر، بـێ ئـەوەی کـەس ئامادەبێـت هـەواڵی کەسوکارم لە هەڵەبجە پێ بڵێت کە بەر کیمیایی کەوتوون یاخود نەخێر، تا دواجار شـەهید

قادر كۆكۆیم بینی، بەكورتی و بە كوردی پێی گوتم كە هەر هەموویان (دایك و براكەم و ژن و كوڕەكەی) لەگەڵ پێنج خزمی دیكەتاندا شەهید بوون و بە دەستی خۆم ناشتوومن، بەڵام تا ئێستا نەمانزانی گۆڕەكەیان لە كوێوەیە، دوای دڵنیابوونم لە شەهید بوونی بنەماڵەكەم لە ئۆردوگایەكی نزیك گوندی دزڵی كە خزمانی خۆمانی لێ بوو چەند ڕۆژێك لەگەڵ خزماندا لەماڵی مامم پێشوازیمان لە ماتەمگێڕان كرد.

پاش ماوەیەك لە شاری سنە نیشتەجێ بووم، لە نەخۆشخانەی (توحید)ی شارەكەدا، وەك پزیشك بە شێوەیەكی كاتی دامەزرام، دەستم بە كار كرد، ئەو پزیشكە عێراقیانەی كە ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون لەلایەن دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە پزیشكی پلە سێ هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا دەكرا، ماوەی هەشت مانگ لەو نەخۆشخانەیەدا كارم كرد.

لەگەڵ پریشكی سەرەتای ڕاپەڕیندا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا گەیشتمەوە سلێمانی، بەشداری شەڕی ئازادكردنی كەركووكوم كردووە، لە كۆڕەودا لە شاری هەڵەبجە نەخۆشخانەم دانا و چارەسەری بریندار و نەخۆشم دەست پێ كردەوە، لە كۆبوونەوەكانی بەرەی كوردستانیدا بەشداریم كردووە، دواتر بووم بە كارگێڕی مەڵبەندی یەكی سلێمانی ی.ن.ك، پاشان بووم بە لێپرسراوی ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی ی.ن.ك لە سلێمانی، ئەندامی خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان بووم، ساڵی ٢٠٠٠ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی سلێمانی بووم، ساڵی ٢٠٠١ دەستبەرداری كاری سیاسی بووم لە ڕیزەكانی (ی.ن.ك)دا، لە ٢٠٠٦/١٢/٦ لە دادگای ئەنفالدا شایەتیمدا، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ سەرۆكی پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان بووم، لە ساڵی (٢٠٠٩)وە بە تەواوی لە ڕووی كاری سیاسییەوە بێلایەنیم هەڵبژاردووە، لە ئێستادا لە نەخۆشخانەكانی سلێمانی كاری پزیشك دەكەم[٥٣].

---

[٥٣]- فائق محەمەد گوڵپی: لە توێشووی پزیشكێكی پێشمەرگەوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.

کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم (د. کەیفی)

لە ١٩٦٦/٩/٢٣ لە هەولێر لەدایك بووم، سەرەتای کاری سیاسی و ڕێکخستنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١ بە حوکمی ئەوەی ئێمە خەڵکی دوڵی بالیسان گوندی چیوەی سەروو بووین، مەفرەزە سەرەتاییەکان هەر لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٧-١٩٧٨ لەو ناوچەیە بەدەرکەوتن، کە زۆربەی پێشمەرگە و مەفرەزەکان سەر بە ی.ن.ك بوون، لەوانە: سۆسیالیست و کۆمەڵە، من ئەوکاتە لە قۆناغی شەشی سەرەتایی بووم زۆر جار پێشمەرگەکان خەڵکیان کۆدەکردە و قسەیان دەربارەی شۆڕشی نوێ بۆ خەڵك دەکرد و دەربارەی دامەزراندنی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی ی.ن.ك، ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام هەڵسوکەوتی کادیر و پێشمەرگەکانی ی.ن.ك بوو بە تایبەتی ك.ڕ.ك.

شەهید شێخ سلێمان بالیسانی یەکێك بوو لە کادیرە دیارەکانی ناوچەکە کە زوو زوو سەردانی گوندەکەمانی دەکرد و باسی شۆڕش و ڕەوایی خەباتی گەلی کوردستان و پلان و بەرنامەی ڕژێمی بەعسی بۆ دەکردین، هەر ئەوەش لە سەرەتاوە کاریگەری لەسەرمان دروست کرد، بێجگە لەوە دوای هەرەسی ئەیلوول و بێ ئومێدی و بەردەوام هاتنی هێزە سەربازیەکانی ڕژێم بۆ سەرخەڵکی دێیەکەمان، زۆر جار بەیانیان زوو خەڵکیان کۆ دەکردەوە زۆر بێزاریان دەکردن، ئێمەش بەتایبەتی باوکم دۆستی شۆڕش و لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی مام جەلال بوو، هەروەها لە گوندەکەشمان کەسایەتی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر سەلام سەلیم چیوەیی ناسراو بە کاك سەلام کە لە شۆڕشی ئەیلوول لە هێزی بێتواتە حاکم بووە، هاوڕێی باوکم بوو، ئێمە گوێمان بۆ گفتوگۆکانیان شل دەکرد و هەموو ئەوانە کاریگەری لەسەرمان دروست کرد، بێجگە لەوە ڕۆژێك فڕۆکەکانی ڕژێم لە شوباتی ساڵی ١٩٧٥ ماڵی یەکێك لە ئامۆزاکانی باوکمیان بۆردومان کرد، مامێکم بەناوی حاجی برایم عەلی و چوار کەسی تر لە خێزانەکەی ئامۆزای باوکم لە هاوسەری و دوو لە

کچەکانی لەگەڵ ژنێکی تـر کـە تـازە لـە ئامۆزایـەکمان مـارەبڕ کرابـوو، تـەدارەکی بـووك لـە خشڵ و جلی بوکێنی بۆ ئامادەکرابوو، کە ئەویش هەر خزمی خۆمـان بـوو خانوەکـەیان بـە سـەردا ڕووخـا، بـەهۆی لێـدانی سارۆخی فڕۆکەکانـەوە هـەمویان شـەهید بـوون، هـەروەها ناوچەکە بەردەوام ماڵ و کوانووی خەبات و تێکۆشان بوو.

ئەگەر لە کوردستان یەك پێشمەرگە دەرکەوتبا دەبوو لـەوێ خـۆی گرتبایـەوە، خـەڵکی گوندەکـەمان هەمیشـە مـاڵ و شـوێنی حەوانـەوەی پێشـمەرگە و حەشـاردانیان و پاراسـتنی خۆیان و خێزانەکانیان و هەموو ئەوانە سـەرەتای سـەرهەڵدانی فکـری سیاسـی و دنـەدانمان بوو بـۆ بەشـداریکردن لـە شـۆڕش و کوردایـەتی، لەگـەڵ شـێخ سلێمان لـە سـاڵانی ١٩٨٧-١٩٧٩ دەمانویسـت ڕێکمـان بخـات لـە ڕێکخسـتن، پێـی دەگـوتین دەبێـت جـارێ ئێـوە بخوێننـەوە بەتایبـەتی بڵاوکراوەکـانی شـۆڕش و شـارەزابوون لـە خـەباتی گـەلانی ڕزگـاریخواز، ئەوانـە هەمیشە لە بیر و هزرمان دەخولایەوە، هەربۆیە ڕۆژێك من و دووانـی تـر لـە هاوڕێکانم لـە ساڵی ١٩٧٧ بڕیارماندا بچین ببینە پێشمەرگە.

ئەوەبوو ملی شاخمان گـرت لـە دەمـی عەسـر لـە شـوێنێك کـە پێـی دەگوترێـت چیای تاتوك تووشی دکتـۆر خالیـد و هێزەکـەی بـووین، پێمـان ڕاگەیانـد ئێمـە دەمانـەوێت ببینـە پێشمەرگە، ئەویش کە زانی خوێندکارین ئامۆژگاری کردین کە بەردەوامبین لـە خوێنـدن و گەلەکەمان پێویستی بە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە هەیـە، کـە خوێنـدن شـێوازێکی تـری خەباتی نوێی شۆڕشی نوێیە و ئێمەی گەڕاندەوە، هـەروەها ڕۆڵـی هـەڤاڵ مـەلا غـەفور وەك کادیر و لێپرسراوی ڕێکخستن لە ناوچەکە کاریگەری هەبوو، هەروەها هەڤاڵ جوامێر کە لە تیپـی ٨٣ی هـەورێ و هـەڤاڵ جـەمال هـەروتی گـرنگ بـوو، تـا لـە سـاڵی ١٩٨٢ بەشـێوەیەکی فەرمی لە ڕێگەی هەڤاڵ حەسەن قادر ناسراو بە هەڵمەت کە ئەندامی کەرت بوو لە کـەرتی ڕێکخسـتنی شـەقڵاوە ئـەو کاتـەش مـن خوێنـدکاری پـۆلی چواری ئامـادەیی بـووم لـە شـاری

هەولێر پەیوەندیم کرد، لە پۆلێك ڕێکخرام کە لێپرسراوی پۆلەکە ناوی هەڤاڵ عەزیز حاجی نەجار عەبدولڕەحمان (شوان) بوو، هەروەها لە هەمان کاتدا ڕۆڵی دکتۆر ساڵح حەمەسادق ناسراو بە دکتۆر شوان لە پەروەردەکردنمان لە بیر ناکرێت.

لە ١٩٨٣/٣/١٩ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە کرد، لێرە دەستم کرد بە چالاکیی بەردەوام هەم لە کاری ڕێکخستن و هەم لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دوژمن و سیخور و بەکرێگیراوەکان و هێنانی بڵاوکراوەی ڕێکخستن بەتایبەتی بۆ هەڤاڵ دلێر ملاشینە کە لە ساڵانی ١٩٧٨—١٩٧٩ خوێندکار بوو لە بەشی ناوخۆی ئیسکان لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٨٣ پلەی ئەندامی پۆلم وەرگرت لە هەمان ئەو پۆلەی کە تێیدا ئەندام بووم، ئەو هەڤاڵانەی کە لە پۆلەکەم بوون هەر یەك لە هەڤاڵان: جەنگی ڕەشید قادر، سەمەد سیاوی، شوکر سلێمان، سوارە عوسمان و حەسەن ئەحمەد، کە ئەوانە هەمویان خوێندکاربوون لە بەشی ناوخۆ پێکەوە بووین و من ڕێکم خستبوون.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ کە ئەوکاتە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم بەهۆی پێ دانی زانیاری لەلایەن چەند کەسێکەوە بە دەزگاکانی ئەمنی هەولێر کەوتنە دووم، بەهۆی مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر بەناوی عەبدولکەریم کە دەرسی فیزیا و یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکەشمان بوو لە ئامادەیی کوردستان ڕزگارم بوو، ئەوەبوو گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان و لای هاوڕێیانم: هەڵمەت و دکتۆر شوان، ئەوکات دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەند بوو، ئەویش بە بابەتەکەی دەزانی، ئەوەبوو ڕۆژێك قائید فەیلەقی چوارقورنە بە ناوی سەمیر هاتە مێرگەسەر بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ دکتۆر کەمال خۆشناو، یەکێك لە بابەتەکان کە لەگەڵ قائید فەیلەق باس کرا بابەتی فەسڵ و ڕاوەدونانی من بوو لەلایەن دەزگاکانی ڕژێم بەهۆی ئەوەی من تەمەنم ١٧—١٨ ساڵان بوو منداڵ بووم چەند کێشەیەك لە سەرووبەندی گفتۆگۆی نێوان ڕژێم و ی.ن.ك بەتایبەتی لە دوای شەڕی بێتواتە هەبوون باسیان

لێوەدەکرا، یەکێك لە بابەتەکان کێشەی فەسڵی من بوو، کە کەسێك خوێندکاربێت و منداڵ بێت ناکرێت بەو شتانە تۆمەتبار بکرێت.

دەمە و ئێوارە بوو من لەگەڵ هەڤاڵ فارس حەمەسادق لە ماڵی دکتۆر ساڵحی برای بووم، کە دکتۆر ساڵح دکتۆری پێشمەرگە بوو منیش چەکێك و شەش مەخزەنم پێ بوو هەروام دەزانی چەند ڕۆژێکی تر و ڕژێم دەڕوخێنین و جیهانێکی پڕ لە ئازادیی و یەکسانیی دەخوڵقێنین، ئەوەبوو بانگیان کردم لە ڕێگەی یەکێك لە پێشمەرگەکانی دکتۆر کەمال خۆشناو کە باوکم هاوڕێی بوو زۆر ڕێزی لە باوکی ڕەحمەتیم دەگرت، چەند جارێك داوای لێ کرد کە باوکم خۆی و خزمەکانی لەگەڵ دکتۆر لە مەڵبەند ببنە پێشمەرگە، بەڵام باوکم ئەمەی پێ قورس بوو لەبەر ژیانی کەسوکاری گوتی ئێمە وەکو دۆست و لایەنگری شۆڕش و ی.ن.ك بمێنینەوە باشترە، باوکم لە هەمان کاتیشدا ئەنجومەنی گوند بوو برایەکیشم بەردەوام وەکو پێشمەرگە و بەرگری میللی لەگەڵ ئامۆزاکانم بۆ هەر شوێنێك پێویستبایە لەگەڵ کەرت و تیپەکان، یان لە کاتی شەڕەکاندا بەشداریان دەکرد ئەوەبوو من چووم، ئەو پێشمەرگەی هاتبوو بەدوامدا گوتی ئەمە چیە ئەو هەموو مەخزەن و چەکە دەی فرێیدە ئەوە چەندێکە دکتۆر کەمال خۆشناو باسی ستەمی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش (دائرة الامن) دەکات کە منالێکی وەك تۆیان دوورخستووەتەوە (فصل)، هیچ تاوانێکت نییە، ئێستا بەو حاڵەوە بتبینێت چی دەڵێت، منیش چەك و شتەکانم دانا و ڕۆیشتم بۆ ژێر ئەو هەیوانەی کە کۆبوونەوەکەی لێدەکرا، کە قائید فەیلەق منی دیت نازانم قسەیەکی لەگەڵ دکتۆر کەمال خۆشناو کرد و دکتۆریش فەرمانی کرد من لە گەڕانەوەیان لەگەڵیان بڕۆم، ئەوەبوو منیش لەگەڵیان ڕۆیشتم لە گەڕانەوەیاندا لەوێ لە فیرقەی چوارقوڕنە نووسراوێکیان کرد و لە زەرفێکی کاغەزی قاوەییدا دایانە دەستم.

به سەروچاوەی بێتواتەدا گەڕامەوە بۆ بالیسان، بەهۆی شەڕەکەی بێتواتە دۆخە زۆر ناخۆش بوو بەتایبەتی بۆ خەڵکانی وەك ئێمە و ئەندامانی بنەماڵەکەمان، ئیدی لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی لاندرۆڤەری تایبەت گەیشتمەوە ناوچە ئازادکراوەکەی دۆڵی بالیسان، لای دکتۆر کەمال خۆشناو لەوێ دوای باسکردنی دۆخەکە گوتی بڕۆ لای کەسێك بەناوی مەلا فازل ناونیشانیم وەرگرت لە هەولێر، ڕۆیشتم و پەیامەکەم پێگەیاند، دوای گەیاندنی نامەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر قایل بوون کێشەیان نەبوو لە خوێندنم، بەڵام نابێت لە هەولێر بمێنمەوە، هەر وەك گوتی: (من زاخو الی فاو) (بس مایصیر تبقی بأربیل).

بۆیە گەڕامەوە بالیسان بۆ لای دکتۆر کەمال خۆشناو، بابەتەکەم بۆ گێڕایەوە، گوتی بڕۆ بۆشەقڵاوە، منیش چومە شەقڵاوە، دیاربوو ئەو پەیامی بۆ بەڕێوەبەر و بەرپرسانی ئەوێ ناردبوو، بەڵام من نازانم وردەکاری ئەوە چی بوو چۆن بوو، بۆیە زۆر بەئاسانی وەریان گرتم، چونکە کێشەکە ئەوەبو ٤٥ ڕۆژ بەسەرکردنەوەی قوتابخانە تێپەڕی بوو بەردەوام بووم، لەوێ لە بەشی ناوخۆش زۆر بەئاسانی وەرگیرام و ژوورێکیان بە تەنیا پێ دام و پێم ڕاگەیەندرا کەم تێکەڵاوی خوێندکارەکانی دیکە ببم، بۆ من زۆر ناخۆش بوو بە تەنها لە یەك ژوور و دەبوو خۆشم نان بۆ خۆم ئامادە بکەم، چونکە بەشی ناوخۆییەکەمان لە دەربەندی شەقڵاوە بوو قوتابخانەکەشمان لەسەر مەیدان بوو، هەرچەندە زۆربەی خوێندکارەکان خەڵکی دوڵی بالیسان و بەرکە و هەندێك گوندی تری دەشتی هەریر بوون، هەندێکیش لەو خوێندکارانە لە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك ڕێکخرابوون، چونکە لە گفتوگۆی نێوانمان من ئەدەبیاتی (ی.ن.ك)م دەناسیەوە، واتە هەر حیزبە ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی هەبوو، هەندێکیان دەیان ویست منیش ڕێکبخەن، بەڵام من خۆم لەو بابەتە دەدزیەوە زۆر جار دەیان گوت کەسێك ئەوەندە زیرەك بێت و لە ئامادەیی کوردستان بێت پێمان سەیرە بێتە شەقڵاوە ئەوان بە چیرۆکەکەیان نەدەزانی کەچی هەیە.

هەمیشە پزیشکی پێشمەرگە لە بیر و هزرم دەخولایەوە، چونکە من بەهۆی ئەوەی دۆخی تەندروستیی پێشمەرگە و خەڵکی لادێکانم دەزانی، بەهۆی ئەوەی بەردەوام گەمارۆی ڕژێمیان لەسەر بوو زۆر جاریش پێشمەرگە بەهۆی برینێکی ئاسایی، یان خوێنبەربوونێك شەهید دەبوو، بۆیە بەلامەوە گرنگ بوو بەشی پزیشکی تەواو بکەم، ئەوە بوو دوای بەشداریکردن لە ئەزموونەکانی بەکەلۆریا لە شەشی ئامادەیی بەشی زانستی و پڕکردنەوەی فۆڕمەکان بەداخەوە بەهۆی کاری سیاسی و دابڕانی زۆر و خراپی دۆخی سیاسی خێزانەکمان نەمتوانی نمرەی پێویست بۆ کۆلێژی پزیشکی بهێنم، ئەوەبوو لە کۆلێژی زانست وەرگیرام، بەڵام دام گرت بۆ پەیمانگای پزیشکی موسڵ، چونکە بەپەلە بووم تا پەیمانگا تەواو بکەم و ببمە پزیشکی پێشمەرگە، پێم وابوو شۆڕش تەواو دەبێت و من شانسم نابێت و شەرەفی پێشمەرگایەتیم لە شۆڕشی نوێ پێ نابڕێت.

هاوینی ١٩٨٦ ڕژێم بڕیاریدا کە هەموو خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بچن بە زۆر بەشداری ڕاهێنانی جەیشی شەعبی بۆ پشتیوانی لە سوپای عێراق لە کاتی پێویست لە شەڕی دژی ئێران بکەن، ئەوە بوو ئێمە بەتایبەت ئەوانەی کە هەڵگری بیر و ڕێکخستنی سیاسی بووین ڕەتمان کردەوە بچینە سەربازگەکانی جەیشی شەعبی، وەك هەڵوێستێك و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی ڕژێم، بۆیە هەموومان دوورخراینەوە (فەسڵ)، بەداخەوە نەمتوانی هەردوو قوناغی پەیمانگای پزیشکی تەواو بکەم و ئەو خەونەم بێتەدی کە پزیشکی پێشمەرگەبم، بۆیە لە هاوینی ١٩٨٧ پەیوەندیم بەهێزی پێشمەرگەوە کرد، لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ لە کەرتی شەش، دواتر لە مانگی شەشی ١٩٨٨ گوێزرامەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن لەوێ هەموو جارێك هەڤاڵە پێشمەرگەکان بە گاڵتە پێیان دەگوتم هەستە دکتۆر قاپەکان بشۆ، ئاخر ئەگەر چووبای بەشداری تەدریبەکەت کردبا، ئەوا ئێستا تۆ پزیشکی پێشمەرگە دەبووی ئێمە سوودمان لێوەردەگرتی و خزمەتیشمان دەکردی، ئیدی بەردەوام بووم لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە کە کۆتا قۆناغی ئەنفال بوو.

له سنووری مەڵبەندی سێی هەولێر له دۆڵی بالیسان و خەتێ لە کۆتاییەکانی مانگی ١٩٨٨/٨ بڕیار درا که ناوچەکه چۆڵ بکرێت و هەندێك مەفرەزەی پارتیزان لە پێشمەرگەی چالاك و خاوەن ئەزموونەکان جیا کرانەوە تا بمێننەوە، هەڤاڵ دلێر کانی ڕەشی، کە کادیر و پێشمەرگەیەکی نموونەیی بوو بڕیاربوو وەکو سەرتیپی بیتوێن بمێنێتەوە، وەکو پارتیزان گوتی حەزدەکەم تۆش لەگەڵم بیت، منیش بەخۆشحاڵیەوە زۆر کەیفم بەخۆم هات، هەڤاڵ دلێر لەبەرئەوەی بوو من هیچ کێشەی هەڵهاتووی سەربازیم نەبوو، چونکە پێناسی پەیمانگام لابوو کە تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ کاری پێ دەکرا، بۆ ئەوە بوو بۆ گرێدانەوەی پەیوەندی نێوان پارتیزانەکان و ڕێکخستنەکان و پەیداکردنی خواردن و هێنانی بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکان سوودم لێ وەربگرێت، بەڵام دواتر ئێمەش ملی ڕێگامان گرت و بەرەو قەندیل ڕۆیشتین، لەو سەردەمە عێراق و ئێران شەڕەکەیان ڕاگرتبوو و ڕێکەوتبوون، ئەوەبوو ئێمە بە بڕیاری مەڵبەند دوای چەند شەو و ڕۆژێك بە بڕینی دەرەشیر، ساوسێوك، دۆڵی کولان، چیای بێرمەکە و دۆڵی پەرسوێڵوو بەردەوام بووین، لە شەوانی ئەنگوستە چاودا بە ماندوێتی و بێ وەستان و برسێتی و له ناو کەمین و تەنینی هەموو ڕێگاکان لە خاموشی شەو قەڵا و چۆڵکردنی ئاوەدانی لە دەڤەرەکە بەردەوام بووین، بێجگە لە خەمێکی قووڵی بەجێهێشتنی دەڤەرەکە و ئازیز و خۆشەویستانمان و بێ ئومێد بوون لە بەدیهاتنی هیواکانمان و دوورکەوتنەوەی ئەو خەونەمان، بەڵام ئیرادەی بەهێزی ئێمە دڕی بە شەوەزەنگی تاریکی و نائومێدی و چۆکی بە مەحاڵدا دەدا، باوەڕ و ئومێدمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان بەرچاوی ڕوون دەکردینەوە.

ئەوەبوو دوای شەڕێکی قورسی نێوان هێزەکانی (ی.ن.ك) و ڕژێم لە چیای کونەکۆتر بەداخەوە لەم شەڕدا نزیکەی ٣٣ پێشمەرگە شەهیدبوون بێجگە لە چەندین بریندار، هەر لە هەمان ناوچەدا هەڤاڵ ئازاد هەورامیی سەرکردە شەهید بوو، بەداخەوە شەڕەکە ئەوەندە نابەرامبەر بوو ڕژێم چی جەیش و جاش و فڕۆکەی پیلاتۆز و کۆپتەری جەنگی و

تۆپ و ڕاجمە و هەموو جۆرە چەکانەی بە گازی کیمیاییشەوە دژی پێشمەرگە بەکاردەهێنا، ئەو ڕۆژە پێشمەرگە بێجگە لە مەرگ و بەرگری قارەمانانە و برسیەتی زۆر هیچ شتێکی تر دۆستی نەبوو، ئەوەبوو مەفرەزەکەی ئێمە کە چەند پێشمەرگەیەك بووین بەسەرپەرشتی ماموستا چەتۆ حەوێزی پێکهاتبووین لە هەڤالان دلێر کانی ڕەشی، مام عەلی، شاکر، هێرش، برایم کانی ڕەشی، شێخ کەریم کاولانی، محەمەد سیخو، بارزان ئاغا، نەبەز کۆیی، برزو مەنسوور، لوقمان دارەتوو، کەریم کەرکووکی تەپەی مەلا عەوڵ و ساڵح باڵەکایەتی، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی پەڕاگەندە، بەهۆی دۆخی خراپی ئەو سەردەمە و ئەنفال وێرای ئەوەی کە نان بەزەحمەت دەست دەکەوت مانگی ئەیلوول و ئۆکتوبەر، قەندیل زۆر سارد بوو ئەسپێکمان هەبوو نەخۆش کەوت، هەر بۆ گاڵتە جەماعەت پێیان دەگوتم دەی دکتۆر چارەی بکە منیش جارێك ئەو دۆخەم لە وڵاخێکی تر بینی بوو، پیاوێکی وڵاخدار چارەسەری بۆ کرد، منیش گوتم دەی بڕۆن خوێ و ڕۆن لەگەڵ سوژنێك و گوێزانێکم بۆ بێنن، ئەسپەکە بخەن قاچەکانی ببەستن چارەسەری دەکەم، ئەمە جۆرە نەخۆشییەکە لە لەوزەتێنی مرۆڤ دەچێت، پێی دەڵێن (کەسمە)، نەشتەرگەریم بۆ کرد و هەر لەوێ ئەسپەکە هەستایەوە، دەستی بەلەوەڕ خواردن کردەوە ئیتر تۆزێك پێڕابواردن بە دکتۆر کەم بوویەوە.

بەهۆی خولیام بۆ کاری پزیشکی بەردەوام هەندێك حەب و دەرزی ژانەشك و گۆز و لەفاف لە کۆڵە پشتەکەمدا هەبوو، ئەوەبوو زۆر برسی و ماندوو بووین لەگەڵ هەڤاڵ برایم لە گۆڕی مالێخی چووینە لای ماڵە ڕەشماڵێك داوای نانمان کرد زۆریان پێ ناخوش بوو ناهەقیشیان نەبوو پێشمەرگە زۆر بوون، ئەوان چەند ماڵێکی مەڕدار بوون هەموو ڕوویان لەوان دەکرد، بەهەرحاڵ بەدەر لە خواستی ئەوان دانیشتین، هەندێك ژاژییان لەگەڵ نان و دۆ بۆ هێنایین، ئێمەش دەستمان کرد بەنان خواردن هەڤاڵ برایمش هەر بۆ گاڵتە گوتی دکتۆر بخۆ، پیاوی ماڵەکە گوتی تۆ دکتۆری خۆم نەشکاندەوە گوتم بەڵێ، گوتی وەڵا

نەخۆشێکمان هەیە ژانی گرتووە ئەگەر چارەیەکی بکەن حەبێ شتێکتان هەبێت، خۆتان دەزانن هیچ ڕێگایەك نییە و هەموو ڕێگاکان گیراون و ئەوەی بشکەوێتە دەست ڕژێم ئەنفال دەکرێت، گوتم بەسەرچاو، تەماشام کرد زانیم ئەوە ژانی گورچیلەیەتی بۆیە دەرزیەکی باسکۆپانی عێراقیم لێدا، پاش دەمێك خوا کردی ژنەکە ژانەکە بەریدا و بەو هۆیەوە ئێوارە بە نان خواردنێکی باش دەعوەت کراین، جا لە هەمووی خۆشتر بۆ من ئەوەبوو ژنەکە دەیگوت من زۆجار ئەو ژانەم گرتووە، دەرزی و حەبیان داومەتێ، بەڵام هەرگیز وەك ئەو شریقەیە کاریان نەکردووە، هەر دەهات و دەچوو، یاخوا بەخێر بێیت سەر هەر دوو چاوان دکتۆر، منیش زور کەیفم بەخۆم دەهات و گەزگەز باڵام دەکرد هەر لەو ماوەیە لە بێچارەیی چارەسەری هەم ئەسپەکە و هەمیش ئەو ژنە دڵخۆشیەکی زۆری بۆ من هێنا و تۆزێکیش گاڵتەی برادەرانم لەسەر کەم بووەوە.

دواتر لە گەرووی مالێخ سەرکەوتین بۆ گەرووی شێخ شەرۆ لە قەندیل و ماوەیەکیش مابنەوە لەوێ تا هەموو هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی سێی هەولێر گەیشتنە قەندیل و ئینجا بۆ شێخ ئایش و بادیناوە، ماوەیەکیش لەوێ ماینەوە، دواتر بڕیار درا ئەو چەك و کەلوپەلانەی لامانە بیگەیەنینە قاسمە ڕەش لە ڕێگەی زنجیرە چیای قەندیل و تاتی دۆ ئەوەبوو ئێمە پێنج کەس بەڕێکراین باری سێ وڵاخمان بار کرد، بێ بەختی من ئەوەبوو دەمزانی باری وڵاخ ببەستم و باری بکەم بۆیە هەر شوێنێك پێویستی بە بارکردن هەبوایە دەبوو من لەگەڵیدابم، ڕێگا دوورەکەمان بڕی تا گەیشتینە قاسمەڕەش، نزیکەی ٧ حەوت ڕۆژمان پێ چوو گەیشتینە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر، ڕژێم بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکردبوو ئەو خوێندکارانەشی کە بەهۆی نەکردنی جەیشی شەعبی لە خوێندن دەرکراون بگەڕێنەوە و پەیوەندی بە زانکۆ و پەیمانگاکانیانەوە بکەن.

ئـەوەبوو بڕیـاری سـەرکردایەتی درا کـە ئێمـە بگەڕێینـەوە بەتایبـەتی ئەوانـەی کـە خوێندکاری زانکۆ و پـەیمانگاکانن، هەرچـەندە مـن پـێم نـاخۆش بـوو، بـەڵام گوتیـان ئێمـە پێویستمان بەوە هەیە بچیت پەیمانگاکە تەواوبکەیت و ساڵێکیش دامەزراندنمان هـەبوو لـە نەخۆشخانە، ئەوەبوو ئێمە چەند پێشمەرگەیەك بـە نابەدڵیـەوە ڕەوانـە کراینـەوە، ئەگـەر هەڵەنەبم لە نۆکان لێکۆڵینەوەیان لەو پێشمەرگانە دەکـرد کـە دەگەڕانـەوە، لەلایـەن هـەڤاڵ (حاجی برایم)ەوە لێکۆڵینەوەکە دەکرا، ئێمەیان بردە لای و گوتی ئێوە بۆچی دەگەڕێنـەوە گـەنجن؟ حەزیشـمان لـێ بـوو نـەهێڵن بگەڕێینـەوە، ڕووی لـە مـن کـرد گـوتی تـۆ بۆچـی دەگەڕێیتەوە؟ گوتم خوێنـدکاربووم لـە پـەیمانگای پزیشـکی دوورخراومەتـەوە ئێسـتا بڕیـار دراوە وەربگیرێینەوە بچینەوە خوێندن تەواو بکـەین، گـوتی تـۆ دەبێـت بچیتەوە و هـەموو ڕۆژێك تۆ پێشمەرگەی، ئـەوی دیکـەیان دکتـۆر کامـەران ڕەسـووڵ بـوو، ئـەویش لـە زانکـوی بەغـداد لـە کۆلیـژی پزیشـکی دەرکرابـوو، بۆیـە پێشـمەرگەکانی تێگەیانـد و گـوتی ئـەو دووانـەیان بگەیەننـە کۆتـا خـاڵی گەڕانـەوە ڕێگـەیان نـەدەن بگەڕێنـەوە بـۆ قاسمـەڕەش و سنووری پێشمەرگە، تا دڵنیا دەبن خۆڕادەست دەکەنەوە.

ئەوەبوو ئێمەیان سواری زیلێك کرد، چونکە لیژنەیەکی پێشوازی لەلایەن ڕژێمـەوە لـە پشتی شێنێ لە گەرووەکە دانرابـوو، ئێمـەیان دانـا تـا زیلەکـە پڕبـوو، هـەر شـەو بـۆ فرقـەی چوارقوڕنە ڕەوانە کراین، کە گەیشتین شەو بەو سەرمایە ئێمـەیان لـەناو فرقـە بـەبێ هـیچ پۆشاکێك بە برسیەتی جێهێشت و بەیانی زوو دیسان ناوەکانیان خوێندەوە، بـە زیـل بـراین بـۆ سـلێمانی دواتـر بـۆ عەربـەت لـەوێ فەرمانگەیـەکی ئـەمنی لـێ بـوو، لـەوێ وتـەیان لێوەرگرتین و پێشمەرگەی لایەنەکانیان لە یەك جیا دەکـردەوە، وەك ی.ن.ك، سوشیالیست، شیوعی و پ.د.ك بە زۆر شێوە وێنەیان گرتین و وەك ئەوەی دزیمـان کردبێـت، خولـەك بـە خولەك پەشیمانی گەورەتر دەبوو لە گەڕانەوە هەستم بە شکاندنێکی ئێجگار گەورە دەکرد، ئەمە بۆ سێ ڕۆژ دەچێت هـیچ نانمـان نـەخواردووە زۆر برسـیمانە جا پێشمان دەڵێن بـە

کـرێگیراوان (عمـلاء)ی ئێـران، شـەو داهـات دیسـان سـواری زیلیـان کـردین و یەکـە و پسووڵەیەکیان دایـنێ کـە نـاوی سیانیمان و شوێنی پێشـمەرگایەتیمان و ناونیشانی شوێنی دانیشتنمان تێدا تۆمارکرابوو.

ئیتر گوێزراینەوە بۆ مەعەسکەر سـەلام، لـەوێ هـەمومان زۆر برسـیمان بـوو، چووینە چێشتخانەکەی، هەندێك کوردی لـێ بـوون گوتمـان زۆر برسـیمانە ئـەوە سـێ ڕۆژە هیچمان نەخواردووە، گوتیان هەندێك پاشماوەی خواردنەکان ماوەتەوە لە ناو مەنجـەڵی گـەورە بـوو، هەموومان بێ دەست شۆردن دەستمان بە خواردن کرد، جگە لەوەی چڵك و ئەسـپێ لەسـەر جەستەی برسی و شەکەتمان مێوان بوون، ئەوانیش خوێنیان دەمژین لەگەڵیان ڕاهاتبووین و بووبوونـە هـاوڕێی هەمیشـەییمان، ئیـدی هـەموومان بەیەکـەوە دەسـتمان دەخسـتە نـاو مەنجەڵەکە، لە هەمان کاتدا دەیان دەست دەخزانە ناو مەنجەڵەکە هەر لـە چاو تروکانێکدا مەنجەڵ تەقەی لێـوە هـات لێسرایەوە، ئـەوەبوو بـۆ بـەیانی ناویـان خوێندینـەوە و لـە زیـل باریان کردین بۆ عین زالە و دابەشیان کردین بۆ فائیدە و شەنگال و موسڵ و شوێنی تر کـە ژمارەیەکی زۆریش هـەڵهاتوو و موتەخـەلیفی سـەربازی بـەناوی بڕیـاری ٧٣٦ – ٧٣٨، ئەگـەر هەڵە نەبم ڕادەست بووبوونەوە.

بۆ ئێوارەکەی گەیشتینە عین زالـە و ناویـان خوێندینـەوە بـە سـەر سریە و فەسـیل و فەوج دابەشیان کردین، بۆ بـەیانی مـن چوومە لای فەرمانـدەی سریەکە، ئەفسـەرێکی پلـە یەك (ملازم الاول) بوو، گوتم گەورەم من خوێنـدکاری پـەیمانگام و (سـید الـرئیس) بڕیـاری داوە بگەڕێینەوە خوێندن، ئیتر ئەگەر ئێسـتا نەچـم بـۆ پـەیمانگا دیسان لـە خوێنـدن دوور دەخرێمـەوە ئـیتر مـنی نـاردە قەڵـەم و لـەوێ (نائـب عریـف)ێکـی لـێ بـوو، لا ڕوومـەتێکی هەڵدڕابوو، شوێنی **گولله** بوو، دەموچاوی شێوابوو، وەرەقەکەم پـێ دا، پـاش کـەمێك هاتـەوە پێی گوتم (امشی یا ولد انت لحد هسه مخرب وترید ترجع للدراسه حتی انـا هنـا مـا اخلیـك

ترجع) (برۆ کاکە تۆ هەتا ئێستاش تێکدەری، کەچی دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ خوێندن، هەتا من لێرەبم ڕێگەی گەڕانەوەت نادەم) وای دەزانی من **گوللەکەم** لێی داوە، دواتر بڕیار درا هەڵهاتوو و موتەخەلیفە سەربازییەکان بنێردرێنەوە، تەنها لە سەربازگەکەی ئێمە چەند کەسێك ماینەوە، کە بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین و شوێنیشمان نەبوو لێی بمێننەوە، بۆیە بەیانیان دەهاتینە سەربازگە و دوای نیوەڕۆ دەگەڕاینەوە موسڵ، دووچاری دۆخێکی خراپ بووین، هەواڵیشمان هەبوو هەندێك لەو پێشمەرگانەی کە گەڕاونەتەوە بێسەروشوێن کراون، بۆیە ئێمەش ترسمان لێنیشت و هیچ چارەیەکمان نەبوو، ڕۆژێك چوومە پەیمانگای پزیشکی موسڵ، ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێم و پشتگیری پەیمانگاکەم برد بۆ سەربازگە و قەڵەم، بەرپرسی قەڵەم ئەوەی لە شەڕی پێشمەرگە **گوللەیەك** بەر دەم و لووتی کەوتبوو لەوێ نەبوو، یەکێکی دیکە بوو بەزەیی پێ دا هاتمەوە شتەکانم ڕادەست کرد گوتی: (روح کاکة باجر تعال اكملك كتاب وديها للمعهد بس جيبلي دجاج مشوي پاقله و كابسة وبند ورق ـ برۆ کاکە بەیانی وەرەوە نووسراوەکەت بۆ تەواو دەکەم، بەس مریشکێکی برژاو و پاقلە و کابیسەیەك و بەندێك کاغەزم بۆ بهێنە) زۆر دڵم خۆشبوو بەیانی ئەوشتانەم هێنا و گەڕامەوە سەربازگە و پێمدا، گوتی: (يالله روح خلصت شغلك من هنا ـ یاڵا برۆ کارت لێرە تەواو)، هەتا هەموو ئەو شتانە کرا گەیشتمە مانگی ١٩٨٩/٢ کە چووم بۆ لای ڕاگری پەیمانگا گوتی برۆ بەشداری تاقیکردنەوە ببە، کە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵی قوناغی دووی پەیمانگای پزیشکی بوو، منیش گوتم: ئوستاد من یەك وانەش لێرە نەبووم، هیچ نازانم گوتی: (مو مشكلتي ـ کێشەی من نییە) دیسان کێشەم بۆ دروست بووەوە، سەد خۆزگەم دەخواست کە هەر نەهاتبامەوە، نزای باشم بۆ بڕیارەکەی سەرکردایەتی نەدەکرد کە ئێمەیان پێ ناردەوە.

ئیتر دواتر لە ڕێگەی هاوڕێیەکم بەناوی جاسم کە ئەویش لە خوێندکارە دوورخراوەکان بوو، بەڵام ئەو لە سەرەتای ساڵی خوێندەوە گەڕابووەوە ناردمیە لای

لێپرسراوی ئاسایشی پەیمانگا، گوتی ژنێکی باشە زۆر هاوکاری ئێمەشی کردووە چومە لای و یاداشتێکم پێ دا، گوتم دواکەوتووم و ئێستاش نیوەی ساڵە داوا دەکەم ئەمساڵم بۆ دوابخرێت، کە ناوەکەی بینیم، زانی من چیم و چی بوومە، ئەوەی لە دامەزراوەی هەواڵگری عەربەت کە لێکۆڵینەوەیان لێ کردبووین زانیاریەکانیان بۆ ناردبوون، چونکە لێیان پرسی بووین پێش ئەوەی ببیت بە پێشمەرگە کارت چی بووە، ئیتر ژنەکە کە لێپرسراوی حیزبی و ئاسایشی پەیمانگا بوو زانی، گوتی دانیشە با من و تۆ گفتۆگویەکی هەڤاڵانە بکەین: (لیش اصبحت مخرب وانتم مسئولین علي جلب ايران وضرب هلبجة بالغاز الكيمياوي، بس جاوبني بكل صراحة هذا قرار سيد الرئيس وماحد يقدر يحكي وياكم جاوبني ولاتخاف انتم عراقيين من احسن تنتمون للحزب والديفاع عن العراق - بۆچی بووی بە تێکدەر، ئێوە بەرپرسن لە چوونە پاڵ ئێران و لێدان لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، بەس بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە، ئەوە بڕیاری سەرۆکە کەس ناتوانێت قسەتان پێ بڵێت، وەڵامم بدەوە و مەترسە ئێوە عێراقین و باشترین ئینتیماتان هەیە بۆ حیزب و بەرگریکرن لە عێراق)، کە داوای کرد منیش هەر خۆم لە خۆم بێزار بووبووم، لاواز و هیلاك بووم، هەستم دەکرد لە هەموو شوێنەکان لە دەروازەی (شێنێ)وە تا ئێستا بەس دەشکێنرێم، بۆیە گوتم من پێشمەرگەی گەلێکی خاك داگیرکراوم و هەرگیز ئێوە لە عێراق ئێمەتان بە عێراقی دانەناوە، دواتر ئەگەر ئێمە وەکو پێشمەرگە و چەکدار تاوانمان هەیە تاوانی خەڵکی گوندەکان لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و خەڵکی کاسب چییە؟ هەموویان ئەنفالکردن و گوندەکانیان وێرانکردن؟ ئەدی ئەگەر ئێران کیمیایی لە هەڵەبجەدا کێ لە بالیسان و سێوسێنان و گۆپتەپە و ناوچەی بادینانیدا؟ هیچ حکومەتێك بووە گەلی خۆی قڕبکات و لەناوی بەرێت؟ دواتر حیزبەکەی ئێوە تەنها حیزبی عەرەبە (حزب البعث عربي الاشتراكي) کەی بوو بە حیزبی عێراقییەکان، ئەوا ئەو کاتەش ئێمە بیرێکی لێدەکەینەوە، ئەو قسانەی من تووڕەی نەکرد، بەڵکو بە بیرێکی ساردەوە گوتی من باوکم شیوعی بووە،

پێی گوتووم: (جیاوازی لە نێوان عەرب و کورد و هیچ لە نەتەوەکانی دیکەدا مەکە، هەمیشە مرۆڤدۆستانە هەڵسوکەوت بکە)، منیش سوپاسم کرد گوتم ئەی دەربارەی خوێندنەکەم؟ گوتی برۆ هەفتەی داهاتو وەرەوە، فەرمانی دواخستنی خوێندنەکەت ببەوە بۆ ساڵی داهاتوو، بەس کە لە هەولێر هاتی هەویر (معجون)ێکی ددانی سیگناڵم بۆ بێنە، نازانم بۆچی لەو کاتە لە بازاری موسڵ کەم بوو دەست نەدەکەوت، منیش ترسم هەبوو دەترسام تووشی کێشەیەکم بکات، ئەگەرنا هەویری سیگناڵ چییە داوا لە من دەکات، لە خۆم پرسی بۆچی پێی گوتم ناونیشانی شوێنی دانیشتن لە هەولێر بنووسە؟ بۆیە منیش ناونیشانەکانم هەموو بەهەڵە نووسی، ئیتر لەسەر داوای ئەو گەڕامەوە و سیگناڵەکەشم بۆ برد، گوتی لەسەر ناونیشانەکە فەرمانی دواخستنەکەت بۆ دێتە ماڵەوە، یان کێ دەناسی لە پەیمانگا پێی بڵێ کە دەرچوو بۆت بێنێتەوە، بێخەمبە، منیش بیری جاسم حسێنم کەوتەوە کە لە پەیمانگا لەگەڵ خۆمان بوو، هەروەها لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر بوو، ناوی ئەومدا کە لە نزیك پردی سەیداوە (چێشتخانەی گەس)یان هەبوو، ئیدی ناوە ناوە سەردانی چێشتخانەکەم دەکرد، تا ڕۆژێك فەرمانی دواخستنەکەی دایەوە دەستم و زۆر خۆشحاڵ بووم، بەهۆی وەرگیرانەوەم بەسەربازبوونیشم دواخرایەوە، گوایە بەردەوامم لە خوێندن بۆ ساڵی ١٩٨٩—١٩٩٠، لە قۆناغی دووی پەیمانگای پزیشکی وەرگیرامەوە بۆ ساڵی ١٩٩٠—١٩٩١ تەواوم کرد.

لە نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر وەك تدروجی پزیشکی دامەزرام، چونکە چینە پزیشکییەکان ساڵێك پێش ئەوەی بکرێنە سەرباز دادەمەزران ئەوەبوو، لە مانگی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد، لە جیاتی ئێمە بچینەوە شاخ و درێژە بەخەباتی چەکداری بدەین ئەوان گەڕانەوە لای ئێمە، جا بەهۆی ئەوەی ئێمەومانان زانیارمان هەبوو لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان پەیوەندیمان هەبوو خۆشمان بەردەوام چاودێری هەواڵە جیهانییەکانمان دەکرد، بەردەوام ورەی جەماوەرمان بەرز

دەکردەوە، مژدەی ڕووخانی ڕژێمان پێ دەدان، خۆشمان هەستێکی وامان لەلا گەڵاڵە بووبوو کە گومان لە ڕاپەڕینی جەماوەری و پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کورد بکەین، بەتایبەتیش دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمەوە، هەر بۆیە شەوانی مانگی سێ لە ماڵی ئێمە لەگەڵ هاوڕێیەکی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن هەڤاڵ ڕێبین عومەر چاوەڕێی لێدانی ئەمریکامان دەکرد بۆ تەفروتانکردنی سوپای عێراق و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین.

ئەوەبوو بە گەیشتنی برووسکەکان و ژمارەی کۆدی ڕێکخستنمان، ڕۆژی ٣/١١ بەگوێرەی پلانی دانراو لە شەقامی لای شێخ مەعروفەوە بەڕێکەوتین، من ڕۆمانەیەك و چەند هەڤاڵێکیش لەوانە هەڤاڵان جەمال و خەلیل کلاشینکوفیان پێ بوو، هەندێك تەقەیان کرد و دروشم کێشان بە ڕووخانی ڕژێم خەڵك زیاتر ورەیان بەرزبووەوە، بەرەو شەقامی شەست مەتری و ماڵی بەڕێوەبەرە گشتییەکان ڕۆیشتین و کۆنترۆڵ کران، لەگەڵ هێزێك لە ناوچەی ڕاپەڕین کە خزم بوون و براکەشمیان لەگەڵ بوو لە شەقامی شەست مەتری یەکمان گرتەوە و بەرەو دامەزراوەی هەوالگری ڕۆیشتین تا کۆنترۆل کرا.

دوای گەڕانەوە لە کۆڕەو و پێکهێنانی هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر من لە تیپی شەهید جەعفەر چیوەیی بوومە ڕابەری سیاسی تیپ، کە هەڤاڵ سامی قادر سەرپەرشتیاری ڕابەر سیاسییەکانی بەتالیۆنی بنەباوی دەکرد، هەڤاڵان ساڵح مەولود حەیران و باپیر عەوڵا خۆرانیش ڕابەر سیاسی بوون، لە هەمان کاتدا ئەندامی کەرتی ڕێکخستن بووم، لەگەڵ هەڤاڵ قادر کادیر کە کەرتێکی ڕێکخستنی گەورەمان ڕێکخستبوو، لە نەخۆشخانەش ئێشکگریم دەکرد تا ئەوەبوو لە ڕاپەڕینی دووەم بەتەواوی هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان کشانەوە، ئێمە بارەگای بەتالیۆنمان لە سولاوکە بوو، زۆربەی هێزەکەشمان لەناو شاربوو دواتر لە هەمان ساڵ هەڵبژاردن بۆ دەستەی مەڵبەندی هەولێر کرا، کە ڕێکخستنە دێرینەکان بەشداریان کرد لە هۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر منیش هەم وەکو ڕێکخستن و هەم

پێشمەرگەی دێرین شەرەفی بەشداری هەڵبژاردنی ستافی مەڵبەندی سێم پێ برا، دواتر دامەزراندنی کۆمیتەی دووی هەولێر بەگوێرەی سنووری جوگرافی کەرتەکەی ئێمە کە هاوڕێ قادر کادیر بەرپرسی بوو منیش کارگێری کەرت بووم، کەوتینە بەر کەرتی کۆمیتەی دوو، کە هەڤاڵ بێستوون لێپراسروی کۆمیتەکە بوو، دواتر بێجگە لە ئەرکی ڕابەری سیاسی ئەرکی پزیشکی و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی کوردستان بەجێ گەیاند، لە ساڵی ١٩٩٢ وەکو یەکەمین ڕێکخراوی پیشەیی ئەرکی پزیشکی بەتالیۆنیشم بەجێ دەگەیاند، تا ساڵی ١٩٩٤ و دامەزراندنی کۆمیتەکان لەسەر بنەمای پیشەیی، ئەوەبوو بوومە کارگێری کەرتی تەندروستی و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك لە نەخۆشخانەی ڕزگاری و دەوامی پزیشکی لە نەخۆشخانە، لەگەڵ ئەوەش کە هێزەکان لە تیپ و بەتالیۆنەوە گۆڕدران بۆ فەوج، لە فەوجی هەڤاڵ ئەحمەد کوردە کە هەڤاڵ محەمەد چیوەیی جێگری بوو، زۆربەی کەسوکار و هەڤاڵەکانیشم لەو فەوجە بوون، شەهید فاقە مەخموری لێپرسراوی میحوەری ڕۆژهەڵات بوو، ئەرکی پزیشکی فەوجەکە لە ئەستۆی من بوو، لە یەکێك لە شەڕەکان بەداخەوە شەڕی ناوخۆ پێشمەرگەیەکمان کە پلەی سەرتیپ بوو زۆر بەسەختی بریندارببوو، وێڕای فریاگوزاری خێرا و دابینکردنی خوێن لە شوێنێکی دوورەوە و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن پێ دانی زیاتر لە هەشت پاینت خوێن و لابردنی گورچیلەی دوای ماوەیەکی زۆر برینەکەی ساڕێژ نەدەبوو، کە برینەکە لە پشتی بوو وەك دەرچەیەك بۆ هەوکردنەکە، بۆیە ڕۆژێك لە کاتی ساڕێژکردن مەقەستەکەم زیاتر ڕەوانی ژوورەوە کرد، چونکە دڵنیا بووم لە بوونی شتێکی نامۆ، بۆیە برینەکە ساڕێژ نابێت، ئەوەبوو پارچە گۆزێکی سەردەمی نەشتەرگەریەکە بەجێمابوو، دەرم کرد، دوای چەند ڕۆژێك برینەکە ساڕێژ بوو، بێجگە لە خزمەتکردنی سەرجەم نەخۆش و بریندارەکان لە نەخۆشخانە.

دواتر له نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر لەلایەن بەڕێوەبەر دکتۆر شوان قادر و دواتر دکتۆر محەمەد خۆشناو ئەرکی لێپرسراوی تاقیگە و دواتر دەرمانخانە و چاودێری نهۆمەکانم له پاڵ ئەرکی ڕێکخستندا له ئەستۆگرت، تا شەوی ٣١ی ئاب لەلایەن لێپرسراوی ڕێکخستنی تەندروستیی هەڤاڵ عەبدولباست کەریم ئاگادارکرامەوە، لە شەودا تیمێکی پزیشکی و ئۆتۆمبێلێکی فریاگوزاری لەگەڵ دوو کارمەندی تەندروستی بۆ میحوەری قوشتەپە ئامادە بکەم، هەروەها کردنەوەی بنکەی تەندروستیی قوشتەپە لە شەودا و خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێك لە کاتی پەلاماری هێزەکانی ڕژێم و پ.د.ك بەیەکەوە.

ئیتر لە کاتژمێر هەشتی بەیانی ئاگادارکراینەوە کە بگەڕێینەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری، لە شەودا لە دەوربەری کاتژمێر ٩—١٠ دەست بە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە کرا، لە قۆڵی کەلکی یاسین ئاغا، لای ئێمە تا بەیانیش دۆخەکە ئاسایی بوو، هەر بۆیە ئێمە گەڕاینەوە نەخۆشخانەی ڕزگاری، دواتر دۆخەکە زیاتر شێوا و هێزەکانی پ.د.ك لەسەر پشتی دەبابەی بەعس بە تۆپبارانکردنەوە هاوکات بەهاوکاری گاردی کۆماری عێراقی هێرشیان کرد، بۆ دوای عەسرەکەی و شەڕی قارەمانەی پێشمەرگەکانی ی.ن.ك بەچەکی سووك و ئاسایی لە هەر چواردەورەی دەشتی پانوپۆڕی هەولێر و شەڕ لەگەڵ دەبابەدا ژمارەی بریندار و شەهید زیاتر دەبوون، ئەوەبوو من و هەڤاڵان قاسم ئەبو زێد و نەشئەت محەمەد لەگەڵ دکتۆر محەمەد خۆشناو لەبەر زۆری بریندار و شەهید ئاگامان لە کات نەمابوو، تا کەسێك هات کە دۆستی ی.ن.ك بوو ئێمەی دەناسی، گوتی ئەوە ئێوە چی دەکەن ئەوە هێزەکانی پ.د.ك لە دەرگای سەرەوە وا دێنە ژوورەوە.

بۆیە کاتژمێر دەوروبەری پێنجی ئێوارەوە بڕیارماندا نەخۆشخانەکە بەجێبهێڵین، ئێمە ئۆتۆمبێلی نەخۆشخانەمان پێ بوو کە شەو بۆ کاری فریاگوزاریمان ئامادەکرد بوو، شۆفێرەکەی ناوی قەحتان بوو، تابڵێی کوڕێکی دڵسۆز و ئازا بوو، لەگەڵمان بوو دکتۆر

محەمــەدمان گەیانــدەوە ماڵــەوە، ئێمــەش بــەرەو بــاداوە ڕۆیشــتین، لەســەر ســەد مــەتری تەقەیەکی زۆر بوو کەوتینە کەمینی چەکدارەکانی پ.د.ك هەر ڕاستەوخۆ ئۆتۆمبێلەکەیان برد و ئێمەشیان نەدەناسی، ئەگەرنا لەوانەیە هەر لەوێ گوللەباران بکرابایین، گوتمان ئێمە دکتۆری نەخۆشخانەین، ئەم ئۆتۆمبێلە هی نەخۆشخانەیە ئیتر گوێیان بەو وتانە نەدا و ئۆتۆمبێلەکەیان برد.

بەم دۆخەوە شەو داهات، هیچ زانیاریمان نەبوو، منیش تازە چەند ڕۆژێك بوو ماڵی خۆم دانابوو ژنم هێنابوو لە گەرەکی باداوە نزیك مزگەوتی بەدر ماڵم لەوێ بوو، گوتم هەڤاڵان بابچینە ماڵی ئێمە تا زانیاری وەردەگرین، ئەوکاتە بڕیارێك دەدەین ئەوەبوو چووینە ماڵی ئێمە هەر لەگەڵ گەیشتنمان و دانیشتن لە دەرگایاندا خزمێك هات کوڕەکەی پێشمەرگە بوو **گوللەیەك** بەرقاچی کەوتبوو، دۆخی خراپ بوو من سارێژم کرد و برینەکەیم پێچا گوتم بیبە نەخۆشخانە، بڵێ ئەمە هاووڵاتییە و لە ماڵەوە بریندار بووە پێشمەرگەکە ناوی بەختیار بوو ئەوانیش بەقسەی منیان کردبوو سوپاس بۆ خوا نەشتەرگەری کرابوو، چونکە ئێسکی قاچی شکابوو.

من لە گەڕەکەکەمان نۆرینگەیەکی لاکۆڵانم هەبوو، سەردانیکەرم زۆر بوو خەڵك زۆر متمانەیان پێم بوو، لە دوای تیمارکردنەکە، هەر بەپەلە گەڕامەوە ماڵەوە، هەڤاڵ قاسم و هەڤاڵ نەشئەت هەر لەوێ بوون برادەرێکمان بەناوی ئیدریس لەگەڵ ڕێکخستنی خۆمان بوو هاتە ماڵمان و گوتی چوومە نەخۆشخانەی ڕزگاری، بەدوای تۆ و قاسم ئەبو زێددا دەگەڕێن، زەخت لە کارمەندی تەندروستی دەکەن کە ماڵی ئێوەیان پیشان بدەن، لەگەڵ بیستنی ئەو وتانە، هەڤاڵ نەشئەت گوتی ماڵی خزمێکمان لێرەیە من دەچمە ئەوێ، ئەگەر دەستگیر بکرێین با هەمووومان پێکەوە نەبین، منیش پێم باش بوو هەڤاڵ قەحتانیش لەو دەوروبەرە چووە ماڵی خزمێکیان، من و هەڤاڵ قاسم ماینەوە شەو نزیکی کاتژمێر ٨—٩

برایـەکم هـات گـوتی هێزەکـانی ی.ن.ك لـەو سـەری بـاداوەن، هـەڤاڵ کۆسـرەت ڕەسـووڵ و هێزێکی زۆرن، گوتم هـەڤاڵ قاسـم بـا بـڕۆین، تـا ئێمـە چووین هێزەکـە دەرچووبوو، ئـیتر بەناچاری گەڕاینـەوە، دۆخێکـی ئێجگـار نـاخۆش بـوو، تەقـە و هاتوهـاوار، تـاڵانی، لێـدانی خـەڵك، دزی، ئـەوەی نـەبووە و نـەکراوە ئەوانـە وەك گـورگی هـار و برسـی بـەبێ جیـاوازی بەربوونە گیانی خەڵك.

شەو ماینەوە خەو نەچووە چاومان بۆ بەیانییەکەی بە هەڤاڵ قاسمم گوت مـن دەڕۆم ئامادەی؟ گوتی من ناتوانم ئیتر لەگەڵ مـامم نـاردم بـۆ لای هاوڕێیـەکی خـۆی کـە ئەنـدامی ح.ش بوو، منیش برایەکی خۆم تێگەیاند ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی ناسیاوێکمان هەبوو هێنایی و یەکسەر بۆ شەقڵاوە دەرچووین، مـاڵی ئامۆزایـەکی بـاوکم لـە دەربەنـدی شـەقڵاوە بـوون، ئیتر کەس بە کەسیش نەبوو لەبەر دزی و تاڵانی بۆ ڕۆژی دواتر بە ئۆتـۆمبێلی تایبـەت لـە ڕێی ئالانەوە گەیشتمە دۆڵی بالیسان، هەرچەندە لە بازگەی ئالانە دایـان بەزانـدم و گوتیـان تۆ جەلالیت و ڕادەکەی، وەك ئەوەی بە تایبەت بمناسن، بەڵام بۆ بەختی من کەسێکی خـزم و ناسـیاو کـە بازرگـانی جگـەرەی دەکـرد گەیشـتە ئـەوێ بـە بازگەکـەی گـوت بۆچـی داتـان بەزاندووە؟ گوتیان دەینێرێنە ناوچەی خەلیفان پشتگیری بهێنێت، گوتی کاکە من دەیناسـم خزممە گوتیان دەبیە کەفیلی؟ بە بەڵێ، وەڵامی دانەوە، ئیتر لەوێش ڕزگـارم بـوو گەیشـتمە دۆڵی بالیسـان، دیسـان بـۆ هـەواری جاران گونـدی چیوە کـە دایـك و باوکیشـم لـەوێ بـوون خـەریکی شـینایی و ڕەزوبـاخ بـوون بـە بینـینی مـن و ڕزگـاربوونم دیـدەیان ڕۆشـن بـووەوە، گوتیان لە خەمی ئێوە و ئەو دۆخە ناهەموارە چەند ڕۆژە خەو نەچووەتە چاومان.

چەند ڕۆژێـك مامـەوە دۆخـی هێزەکـانی ی.ن.ك تـا دەهـات خـراپتر دەبـوو هەواڵەکان خۆش نەبوون، بۆیە بڕیارمدا بچمە شاری ڕانیە، ئیتر دوای ئەوە ی.ن.ك بڕیاریدا هێزەکانی لـە هـەموو بـەرەکانی شـەڕ بـەرەو سـنوورەکان بکێشـێتەوە، بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر خـۆی

ڕێکبخاتەوە چونکە هێزەکانی بەهۆی شەڕی درێژخایەن و هاوبەشی ڕژێم بۆ پ.د.ك زۆر ماندوو بوون، بەهۆی داگیرکردنی هەولێرەوە لە ڕانیەوە بە ئۆتۆمبێل چوومە قەڵادزێ لەوێش سەرکەوتم بۆ کێلێ، لەوێ هەواڵم بۆهات کە برایەکم بەناوی تالیب لەلایەن (پ.د.ك)ەوە لە گوندی توتمە گیراوە، کە ئەو بۆ سۆراخی ئێمە هاتبوو، لە زیندانی هەریر زیندانیان کردبوو هەر چەندە ئەو پێشمەرگەش نەبوو، بەڵام ڕەشبگیریان دەکرد دواتر بەهۆی ناسیاوێکمان کە لە ڕیزەکانی (پ.د.ك)دا بوو، بوو بە کەفیلی دوای چەند ڕۆژێك ئازادیان کرد، برایەکیشم کە لە کەپکی حەمەد ئاغا بوو، دیار نەمابوو، بۆ من زۆر ناخۆش بوو.

ئیتر لەوێ ماینەوە، تا گەردەلوولی تۆڵە دەستی پێ کرد و گەڕاینەوە دوای گەڕانەومان لە ڕانیە بۆ ماوەیەك جێگیربووم، هەر لە سەروبەندی شەڕەکان چوومەوە گوند و لەوێ بۆ ئەوەی چاوم بەدایك و باوکم بکەوێت ئەوانیش هەواڵی منیان نەدەزانی، کە چووم زۆر دڵخۆش بوون، چەند ڕۆژێك مامەوە کەسێك بەدوامدا هات پێی گوتم ژنێك بەهۆی منداڵ بوونەوە دۆخی تەندروستیی زۆر خراپە، گوتیان دکتۆر دەبێت چارەیەکی بکەی منیش بەردەوام هەندێك دەرزی و حەبی ئازار و هەوکردنم لابوو ناچار چووم دەرزیەکم لێدا، دوای کەمێك هەواڵیان هێنا و گوتیان ڕزگاری بووە و منداڵەکەی بووە.

دواتر بە پێویستم زانی سەردانی کۆیە بکەم، لە هەواڵی هاوپیشە و هاوڕێکانم بپرسم، هەر زووش هەواڵی دکتۆر محەمەد خۆشناوم پێگەیشت، کە گەیشتۆتە قاسمەڕەش و ئیتر لە کۆیە دکتۆر مەجید لەگەڵ هەڤاڵان فەرمانگەی تەندروستیی هەولێریان دامەزراندبووەوە، هەندێك لە برادەرانی کارمەندی تەندروستی هەڤاڵان قاسم ئەبو زێد، نەشئەت محەمەد، سلاح، یوسف عوسمان و حەیدەر و سەباح هیرانی و ژمارەیەکی دیکە لە کارمەندی تەندروستی و کارگێڕی بەهەر شێوەیەك بێت گەیشتبوون، دواتر من گەڕامەوە ڕانیە و

لەگەڵ دکتۆر محەمەد خۆشناو لە قەڵادزە لە نەخۆشخانەکە لەگەڵ کۆمەڵێك کارمەندی تەندروستیی هەولێر دەواممان دەست پێ کرد.

لە مانگی ١٩٩٧/٢ لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ، دکتۆر محەمەد ڕاسپێردرا بە دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان، چونکە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بەهۆی شەڕەکانی گەردەلوولی تۆڵە و ٣١ ئابەوە بریندار و ئاوارە بووبوون، کە پێویستیان بە چارەسەر و چاودێری هەبوو، هەر سەرەتا دوای کڕینی خانوویەك لە گەڕەکی توی مەلیك کرا، دکتۆر بەدوایدا ناردین و دەستمان کرد بەپەیداکردنی کەلوپەلی پزیشکی کە بەهۆی ئەو دۆخەی کوردستان و سنووری دەسەڵاتی ی.ن.ك و گەمارۆی ئابووری دەستکەوتنی زۆر بەئەستەم بوو، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە بەشێکی زۆری پێداویستییەکان لە ناوخۆ دابین بکەین، ئیتر چەند ڕەدهە و هۆڵی نەشتەرگەری ئامادەکران، ئێمە چەند کارمەندێکی تەندروستی بووین لەوانە: کەیفی مستەفا، سەباح ئەحمەد، هیوا قادر برای دکتۆر محەمەد، سامان عەبدولڕەحمان، نەشئەت محەمەد، شێرزاد حسێن، کامەران حەمەد، هیمداد حەمەد و لوقمان، ئێمە هەریەکەمان چەندین کارمان دەکرد بەتایبەتی ستافە پزیشکییەکە پێنج کەس بووین: (کەیفی، سامان، نەشئەت، لوقمان ئەحمەد و سەباح)، هەر لە نەشتەرگەریی و ڕەدهەی نەخۆش و چارەسەری و هەرچی پێویست بوو کە لە نەخۆشخانەیەکی گەورە دەکرا لەوێش دەکرا، کە زۆر جێگەی ڕەزامەندی بریندار و نەخۆشەکان بوو، نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە زۆربەی دکتۆرەکانی سلێمانی و کارمەندانی تەندروستی هەمیشە ئامادە و هەڵوێستیان هەبوو بۆ خزمەتکردن دواتر نەخۆشخانەکە فراونتر و گەورەتر کرا.

ئەوەبوو شوێنی ئێستای لقی پ.د.ك ڕێکخرا بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش و لە شوێنی دیکەش لقەکانی نەخۆشخانەکانی شۆڕش کرایەوە، یەکەمین کەسانی دوای ٣١ی ئاب کە

نەخۆشخانەی شۆڕشمان دروست کرد بەسەرۆکایەتی دکتۆر محەمەد قادر خۆشناو ئەو ناوانەی ئاماژەم پێ دا بۆ مێژوو ئەوانە بوون، ئێستا نەخۆشخانەکانی شۆڕش دامەزراوەی تەندروستیی گەورە و پێشکەوتووە، خزمەتی زۆری کردووە.

یەکێکی دیکە لە کارەکانمان دامەزراندنی تیمی پزیشکی بوو بۆ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە و دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بوو بۆیان، کە ڕۆڵی ئێجگار بوێرانە و پێشمەرگانەیان هەبوو لە سەرجەم میحورەکانی پێشمەرگە، کە چەندین کارمەندی دڵسۆز و خۆنەویست هەر لە کارمەندە تەندروستییەکانی ئاوارەی هەولێر و کۆیە، هەروەها کارمەندانی تەندروستیی سلێمانی و زۆری تریش بەداخەوە ناوی زۆربەیانم لە بیر نەماوە، هەرچەندە لە لای خۆمەوە زۆربەی پێداویستی پزیشکی و دەرمانیان پێ دەدرا، لە کاتی شەڕیشدا لە کانی وەتمان نەخۆشخانەیەکی گوسترِاوەمان دامەزراندبوو، شەوێك هەواڵیان پێ داین کە تازە گەڕابووینەوە، بۆ پەیداکردنی پێداویستی پزیشکی بە زووترن کات بچینەوە کانی وەتمان و پێداویستیە پزیشکییەکان لەگەڵ خۆمان ببەینەوە، ئۆتۆمبێلێك لە نەخۆشخانەی فێرکاری هەبوو کە لایتەکانی کاری نەدەکرد، لەگەڵ شوفێرەکە بەبێ لایتی بەو شەوە کە لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٧دا گەیشتینەوە کانی وەتمان، لەسەرخۆ هەندێك جار دادەبەزین بۆ ئەوەی ئاراستەی شەقامەکە بزانین.

هەر لێرەوە دەمەوێت ڕۆڵ و هاوکاری و پشتیوانی هەریەك لە دکتۆر حیسام کە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی کەرکووك بوو، هەروەها یاریدەری پزیشك بورهان عەلی عوسمان و دکتۆر جەبار لە نەخۆشخانەی کەلار لە دەرمان و پێداویستی پزیشکی و هەر شتێکی تر بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش و پێشمەرگە هەبوو کردیان.

لە دوای ماندوو بوون و ڕۆڵی کاریگەر و دڵسۆزانەم لە دروستکردنی نەخۆشخانەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨دا نەخۆشخانەی شۆڕشم بەجێهێشت، کە بەشەو ڕۆژ بەردەوام کارم دەکرد

بۆ هەر ئەرکێك کە شارەزایم لە زۆربەی کارە پزیشکیەکان و پەرستاری هەبوو، ئەو ماوەیە بۆ من شانازییەکی زۆر گەورە بوو، چونکە جێگەی ڕەزامەندی پێشمەرگەی بریندار و نەخۆشەکان بووم، هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانیان بووم و داکۆکیم لە مافەکانیان دەکرد هەر لەو سەروبەندە دەستەیەکمان دروست کرد بۆ دامەزراندنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی کوردستان، بە هاوبەشی لە نێوان چەند کارمەندێکی تەندروستیی سلێمانی و هەولێر ئەوانەی کە ئاوارەبوون لەگەڵ چەند کارمەندێکی تەندروستیی کەرکووك کە دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا نزیکەی ١٨ کەس دەبووین ئەوانەی بیرم ماون: (کەیفی مستەفا، قاسم ئەبو زێد، سەباح عەبدوڵلا، بەدریە حسێن، بورهان علی، هادی فەریق قارەمان، ئیبراهیم ئەحمەد، جبار محەمەد ڕەحیم، شێخ حەسەن، شەماڵ ئەحمەد، جەمال مەلا سەعید و شێخ هیشام سلێمانی) و چەند کارمەندێکی تر.

دوای ئامادەسازی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٩ یەکەمین کۆنگرەی سەندیکا لە هۆڵی زانکۆی سلێمانی گرێ درا، من بە جێگری سکرتێر هەڵبژێردرام، لق و مەکتەبی تەنفیزی و سکرتاریەتمان بۆ هەموو شارەکان دامەزراند، ڕۆڵی کاریگەرمان هەبوو لە ناوەندی تەندروستی و داکۆکیکردن لە مافی کارمەندانی تەندروستی، پشتیوانی زۆربەی بەرپرسانی ی.ن.ك لە خەباتی سەندیکایی و پیشەیی بەتایبەتی کارمەندانی تەندروستی دیار و بەرچاو بوو، لە سەرووی هەموویانەوە هەڤاڵان: مام جەلال، کۆسرەت ڕەسووڵ، مەلا بەختیار و حاکم قادر پشتیوانی دیاریان هەبوو.

ئیتر لە پاڵ خەباتی سەندیکایی لە هەمان کاتدا کاری تەندروستیشمان وەك ئەرکی سەرەکی بەرێوەدەبرد، بۆ ماوەیەك بەڕێوەبەری میلاك بووم لە ناو وەزارەتی تەندروستی و ماوەی ساڵێکیش بەڕێوەبەری کارگێری بووم لە نەخۆشخانەی سەرچنار، لە ساڵی ٢٠٠٠ بریارمدا لە کۆلێژی یاسا خوێندن تەواو بکەم، بۆیە لە زانکۆی سلێمانی کۆلیژی یاسای

ئێواران وەرگیرام، تا ساڵی ٢٠٠٣–٢٠٠٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە یاسا و ڕامیاری بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٩٩ بەشداری کۆنفرانسی مەڵبەندی هەولێرم کرد و بە دەنگی یەکەم لەسەر ئاستی کۆمیتەی دووی هەولێر بە ئەندامی کۆمیتە هەڵبژێرامەوە، هەر هەمان ساڵ بەشداری خولی پەیمانگای کادیرانم کرد و لە چوار یەکەمەکە بووم، خەڵاتی هەڤاڵ مام جەلالم پێ بەخشرا، ساڵی ٢٠٠١ هەڵبژێرام بە ئەندامی کۆنگرە و بەشداری کۆنگرەی دووی (ی.ن.ك)م کرد، لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە لەلایەن سەندیکا و مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بەسەرپەرشتیاری کاری سەندیکایی سنووری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك دانرام، هەر لە هەمان ساڵ بوومە کارگێری ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هەولێر و ئەرکی سەرپەرشتی چەند ڕێکخراوێکم پێ سپێردرا، لەوانە: کارمەندانی تەندروستی، یەکێتیی مامۆستایان، مافپەروەران، کەمئەندامان، جیۆلۆجیستان، وێنەگران و هونەرمەندان، لە ساڵی ٢٠٠٦ پلەی ئەندامی مەڵبەندم وەرگرت و لە ساڵس ٢٠٠٩ بووم بە کارگێڕی مەڵبەند، دواتر ڕاژەکەم لە نەخۆشخانەی فێرکاری بۆ وەزارەتی تەندروستی گواستنەوە، لە ساڵی ٢٠١٠ گۆسترامەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و پۆستی بەڕێوەبەری یاساییم وەرگرت، تا ساڵی ٢٠١٨ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێمم وەرگرت، لەو ماوەیەدا لەسەر ئاستی جیهانی بەشداری چەندین کۆنفرانسی شوێنەواریم کردووە، پەیوەست بەبابەتی زانستی شوێنەوار و کارگێڕیی و کەلەپووریی، لە پاڵ بەشداریکردن لە کار و ئەرکە ڕێکخراوەییەکان چەندین سوپاس و پێزانینم لەلایەن زانکۆ و ناوەندە زانستی و ڕێکخراوە نێودوڵەتی و کوردستانییەکان پێ بەخشراوە، بەشداری چەندین کۆنفراس و خولی ناوخۆیی و دەرەکیم کردووە، چەندین

لێپرسراوی کارگێڕیم لە ناوەندە تەندروستی و ڕێکخراوەییەکاندا لە ئەستۆ گرتووە، لە ڕووی ژیانی تایبەتییەوە، خێزاندارم کچێکم هەیە بە ناوی لاڤە[٥٤].

[٥٤]– کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم (د. کەیفی)، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٤.

کامەران ئەسعەد عەلی (شەهید د. کامەران)

لە ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکووک لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای پزیشکی کەرکووکی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٢١ی کەرکووک بووە بە پێشمەرگە، دواتر بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان گوێزراوەتەوە.

هەڤاڵ کامەران لە ماوەی ژیانیدا پێشمەرگەیەکی زیرەك و وریا بووە، بەردەوام کۆڵەپشتێکی پێ بووە کە کەلوپەلی پزیشکی تێدا بووە، چەندین پێشمەرگەی چارەسەر کردووە، لەوانە (نەژدەت کەرکووکی، شەهید باپیرە، شەهید هیوا چیمەنی و شەهید مام ئاراس دوبزی...هتد)، هەروەها هاوکات پزیشکی هاوڵاتیانیش بووە، بێ جیاوازی چارەسەری هاوڵاتیانی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی گردخەبەری سەر بەناحیەی ئاغجەلەر لە پیلانێکی ڕژێمی بەعسدا لەگەڵ دوو هاوڕێیدا دەرمانخوارد کراوە، لە گوندی مۆردخواردەی خواروو بە خاك سپێردراوە[٥٥].

[٥٥]– لە ٢٠٢٢/١٢/٢٩ لە هەڤاڵ ئەحمەد مەلا وەرگیراوە.

لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د.ئاكۆ)

لە ١٩٦٤/٧/١ لـە گونـدی ئێنگیجـەی تاڵـەبانی سـەر بـە شارۆچـكەی داقـوقی پارێزگـای كەركووك لەدایك بووم، خێزاندارم و باوكی پێنج منداڵم، قۆناغی سەرەتاییم لـە گوندەكـەم تەواوكردوە و قۆناغی ناوەندیم لە شارۆچكەی داقوق تەواوكردووە و ئامـادەیی و پـەیمانگام لە شاری كەركووك تەواوكردووە، لە ساڵەكانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ كۆلێژی یاسام لـە زانكـۆی سـلێمانی تەواو كردووە.

ساڵی (١٩٨١) پەیوەندیم بە ڕێكخستنە نهێنییـەكانی (ك.ڕ.ك)ەوە كـردووە، لـەناو شـاری كـەركووك و شارۆچـكەی داقـوق و دەوروبـەری كـاری ڕێكخسـتنی نهێنـیم ئـەنجام داوە و لـە بوارەكانی: ڕێكخستنی لایەنگر بۆ ڕیزەكانی كۆمەڵە، پێ دانی زانیـاری دامودەزگاكـانی ڕژێـم بە ڕێكخستن و ناردنی پێداویستی پزیشكی بۆ هێزەكانی پێشمەرگە لە ڕێگەی ڕێكخستنەوە، تـا سـاڵەكانی ١٩٨٥ بەمشـێوازە بـەردەوام بـووم، هـەر لـە هـەمان سـاڵ لـە دوای تـەواوكردنی خوێندن بە هۆی زۆرەملێـی ڕژێمـی بـەعس لـە سـنووری پارێزگـای سـلێمانی لەسـەر شـاخی ئەزمەڕ لە ڕەبیەی سەربازی كرام بە سەرباز، سەرەڕای بوونم بە سـەرباز لـە پەیوەنـدی بـە ڕێكخستنە نهێنییەكان بەردەوام بووم، لە ڕۆژێكی مۆڵەتـدا بـە شـێوەیەكی نهێنی لـە ڕێگـای ڕێكخستنە نهێنییەكانەوە پەیوەنـدیم بـە هێـزی پێشـمەرگەوە كـرد و بـە دانـانی نەخشـە و پلانێكی تۆكمە بۆ ڕادەستكردنی ئەو دوو ڕەبیە سەربازیەی كە سەرباز بووم لێـی، هـەروەها ڕێكەوتین لەسەر ئەوەی كە پلانمان بۆ دانا، لە ماوەی دوو بۆ سێ شەوی دواتر كە چوومەوە سەر ئـەرك و لـە كـات و سـاتی پاسـەوانی خۆمـدا لـە كاتـژمێرەكانی ١ بـۆ ٢ی شـەو هێزێكـی پێشمەرگەی تیپی ٣٧ شـارباژێڕ، كـە سـەر بـە مەڵبەنـدی ١ی ڕێكخسـتنی سلێمانی بـوون كـە هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی ئەو مەڵبەندە بوو، لەگەڵ هـەڤاڵ عـەلی بچـكۆل و هـەڤاڵ عوسمان عەسكەری كە سـەر بـە دەسـتەی هـەڤاڵ عـەلی بچكۆك بـوو، تـوانیم بـە بـێ تەقـە تەواوی هەردوو ڕەبیەكە ڕادەست بكەم، بە پلەدار و سەرباز و سەرجەم چـەك و تەقەمـەنی

هەردوو ڕەبیەکە و ئامێرێکی (ڕاکاڵ) کە بەکاردەهات بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی ئاسمانی عێراقییەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر هەڤاڵ جەبار و هەڤاڵ عەلی پێشوازیان لێ کردم، دواتر گەیشتینە بارەگای مەڵبەندی ١ی سلێمانی، کە ئەو کات لە شارباژێڕ بوو، لێرەوە چەکی پێشمەرگایەتیم لە شان کرد، دواتر گەڕامەوە بۆ سنووری مەڵبەندی ٢ی کەرکووک، کە ئەو کات بارەگاکەی لە گوندی سەرگەڵوو بوو، لە چەمی سوورقاوشان لە بارەگای هێز چارەسەری چەندین نەخۆش و بریندارم کردووە، هەروەها هەڤاڵ عوسمان عەسکەریم بۆ کاری دەرزی لێدان و برینپێچی ڕاهێنا، بەمشێوازە تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بووم.

سەرەتا بە کاری پزیشکی لە ناو هێزی پێشمەرگە دەستم پێ کرد تا ساڵی ١٩٨٦ بووم بە فەرماندەیی مەفرەزە لە مەکتەبی عەسکەری گوندی هەڵەدن، هاوکات و تا کۆتایی هەمان ساڵ لە کاری پزیشکیش بەردەوام بووم، دواتر لەسەر داوای خۆم گوێزرامەوە بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ڕاستەوخۆ مەفرەزەیەکی پزیشکیمان دامەزراند، لەگەڵ هەڤاڵان د. دڵشاد و د. ئەنوەر بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندارانی هێزی پێشمەرگە لە کاتی شەڕدا و هەر لە هەمان ساڵ بیرۆکەی دروستکردنی بنکەیەکی تەندروستیمان لا دروست بوو، بە هاوکاری تیپی ٢٥ کە لە نێوان گوندەکانی گۆپتەپە و کانی هەنجیر لەسەر زێی گۆپتەپە دەستمان بە دامەزراندنی کرد، هەرچەندە پێشتر بنکەیەکی تەندروستی لە چەمی سوورقاوشان هەبوو، بەڵام زۆر نهێنی بوو، ئێمە توانیمان بەشێوەیەکی ئاشکرا بنکەکە دابنێین، بنکە تەندروستییەکە پێکهاتبوو لە ژوورێك و هۆڵێك بۆ بریندارانی پێشمەرگە و هاووڵاتی لە کاتی ئاسایی، هەروەها بوونی ئەشکەوتێك بۆ باری نائاسایی لە کاتی شەڕ و بۆردوماندا بۆ پاراستنی بریندارەکان.

یەکێك لەو ڕووداوانەی کە ڕوویدا و لە یادەوەریمدا ماوەتەوە ئەوەیە ڕۆژێك: پۆلێك پێشمەرگە دەکەونە بۆسەوە، کە تێیدا بریندار و شەهید هەبوو، یەکێك لەو بریندارانە پێشمەرگەیەك بوو ناسرا بوو بە (خەبات)، کە چەند گوللەیەکی بەرکەوتبوو، بەڵام بەندە و هاوکارانم د.دڵشاد و د. ئەنوەر توانیمان چارەسەری سەرەتایی بۆ بکەین، چونکە لە سنگیدا تووشی خوێنبەربوون بووبوو، توانیمان خوێنبەربوونەکەی بوەستێنین و هەڤاڵ شەمسەدین مەحموود ناسراو بە هیوای جیهاز کە عەدەد جیهازی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بوو، هەستا بەبەخشینی بوتڵێك خوێن و توانیمان لە مەترسی ڕزگاری بکەینو دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکەی لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا گواستمەوە بۆ نەخۆشخانەی گشتی شۆڕش لە بەرگەڵوو.

لە بیرەوەرییەکانم لە چالاکییە بەردەوامەکانی پێشمەرگە لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان چەند پێشمەرگەیەك لەو سنوورە بریندار بوون، لەوانە هەڤاڵ ئاسۆ و هەڤاڵ فوئاد کە تێیدا هەڤاڵ ئاسۆ دەستی شکابوو، هەڤاڵ فوئاد پارچە بەر سەری کەوتبوو، توانیمان لە بنکە تەندروستییەکەی گۆپتەپە، چەند ڕۆژێك بەمەبەستی چارەسەرکردن بمێنینەوە، خۆشبەختانە هەردووکیان چارەسەر کران و بارودۆخیان ئاسایی بووەوە، لەبەر دۆخی ئاسایش، لەسەر داوای خۆیان هەر یەکەیان لە ماڵی دۆست و خزمی خۆیان بە جیا چارەسەرم بۆ دەکردن، تیمارکردن و دەرمان و دەرزیم بۆ دابینکردن، دوای مانگێك کەوتنە سەر پێی خۆیان، بە تایبەتی هەڤاڵ ئاسۆ، بەڵام هەڤاڵ فوئاد تا ئێستاش تووشی سەر ئێشە دەبێت، چونکە برینەکەی سەری قووڵ و کاریگەر بوو.

لە هێرشە بەربڵاوەکەی ئەنفالی یەکی سەرکردایەتی بەندە لە قۆڵی شارستێن، دۆڵەبی خوڕخوڕە و گۆمەزل چارەسەری برینداری هێرشەکانی ڕژێمم دەکرد، هەروەها چارەسەری

ئەو نەخۆشانەی کە نەیاندەتوانی لەبەر ڕژێمی بەعس بچنە شار، بە درێژایی ساڵەکانی ١٩٨٥—١٩٨٦—١٩٨٧ لە ئەم کارە بەردەوام بووم.

شێوازی بەدەستخستنی دەرمان، یان لە ڕێگای ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شارەوە بووە، یان لە ڕێگای چالاکی هێزی پێشمەرگەوە بووە، بۆ نموونە گرتنی سەربازگەی گەورە، چونکە ڕژێم لە هەموو سەربازگە گەورەکان مەفرەزەی پزیشکی هەبوو، یان لە ڕێگەی کڕینی دەرمان لە ڕێگای قاچاخەوە.

شایەنی باسە هەڤاڵ ڕەسووڵ ناسراو بە ئاسۆ دەستێکی باڵای هەبوو لە یارمەتیدانمان وەکو برینپێچ و پێشمەرگە، هەروەها یارمەتی چەند پێشمەرگەیەکی تریش هەبوو، بەڵام ناوەکانیان لە بیرەوەریمدا نەماون.

لە شەڕی قەیوان ماوەت، گرتنی شارەدێی کارێزە، گرتنی شاخی پیرەمەگروون، شەڕەکانی سەرکردایەتی.....هتد وەك چالاکی پێشمەرگانە بەشداریم کردووە، لە ماوەکانی پێشمەرگایەتیمدا تووشی بریندار بوون و بەندکردن بوومەتەوە لەوانەش کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە کە تیایدا زیان بە چاوم کەوتوو چاوێکم ئێستاش کاریگەری لەسەر ماوە، شایەنی باسە ڕۆژی کیمیابارانکردنی گۆپتەپە لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمەوە زۆر کارەساتبار و خەمناك بوو، کە بووە هۆی شەهید بوون و بریندار بووەنی دەیان کەس، بۆ ڕۆژی دواتر کۆمەڵێك هاووڵاتیی برینداری کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپە لە ناو دار مۆردەکانی بناری خاڵخاڵان بە هۆی بەرکەوتنیان بە کیمیایی لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج هەر هاواری ئازاری چاویان بوو. ئێمەش وەکو مەفرزەی تەندروستی بە پێی توانا چارەسەرمان بۆیان کرد و هاوکاریان بووین، بەڕاستی کارەساتێکی جەرگبڕ بوو.

وەك هەر نەتەوەخواز و پێشمەرگەیەك تووشی زیندانی و ئەشكەنجەدان بووم، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا و لە ساڵی ١٩٨٨ لە كاتی ئەنفالدا زیندانی كرام، بەهۆی پێشینەی بەدەستەوەدانی ڕەبایەی سەربازی ڕژێم بە هێزی پێشمەرگە و سزای لە سێدارەدانم هەبوو بە پێی ماددەی ٥٩/١ لە یاسای سزادانی عێراقی و مادەی ٤٩ی یاسای سزادانی عێراقی ١/١١٦، بە بڕی ١٣,٢٢,٣٣٣ سیانزە هەزار و بیست و دوو دینار و سێسەد و سی و سێ فلس سزای مادی درام، كە ئەم بڕە پارەیە هاوتا بوو بە بری ئەو چەك و تەقەمەنی و ئامێرەی ڕادەستی پێشمەرگەم كرد بوو، بەڵام خۆشبەختانە بەر لێبووردنی گشتی كەوتم و سزای سێدارەدانم لەسەر هەلگیرا، بەڵام بڕە پارەی سزاكەم هەر لێوەرگیرا، چونكە لێبوردنەكە تەنها سزای لە سێدارەدانەكەی دەگرتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دادگاوە ئازاد كرام، بەڵام لەلایەن هەوالگریی ڕژێمەوە ڕێگری لە ئازادكردنەكەم كرا، لە هەوالگری سنووری پێنجوێن دەست بە سەر بووم، وەڵامی ئەوان بۆ پرسیاركردنم لە ئازادكردن ئەوە بوو: "تۆ سەربازەكانی ئێمەت سێ ساڵ زیندانی كرد تۆش دەبێت باجەكەی بدەیت" دواتر توانیم چانسی هەڵاتن بقۆزمەوە و سنوورم تێپەڕاند و لە نێوان سوپای عێراق و ئێراندا مینێك بە قاچمدا تەقی و قاچێكم لەدەستدا، دواتر لەلایەن سەربازانی هەوالگرییەوە دووبارە دەستگیركرامەوە و گەڕێندرامەوە عێراق و بە بەندكراوی ڕەوانەی نەخۆشخانە كرام، (مجلس تحقق)م لەسەر كرا و بە نووسراوی (متجە باتجاە العدو)، بۆ جاری دووەم لەلایەن هەوالگرییەوە برام بۆ دادگا و سزای ساڵێك زیندانیم بە سەردا سەپێنرا، بەڵام دادگا سزاكەی (ایقاف تنفیذ) كرد و بە هۆی پێ دانی بڕە پارەیەكی زۆر ئازادكرام .

لە ساڵی (١٩٩١) دووبارە هەستاین بە ڕێكخستنەوەی (ڕێكخستنە نهێنیەكان) لە ناو شاری كەركووك و شارۆچكەكانی داقوق و دووزخورماتوو، توانیمان پێشكەوتنێكی بەرچاو لە ڕێكخستنەكەدا بكەین، من سەرپەرشتی ڕێكخستنی (زەمبوور)م دەكرد و كار و چالاكی باشم ئەنجامدا لەوانە (دروستكردنی شانە و پۆل و كەرت) لە ناو شارەكانی ژێر دەستی

ڕژێـم، بـە کۆکردنــەوەی ئابوونــە و هاوکـاری ئەنــدامانی دەســت ڕۆیشـتوی ڕێکخســتنە نهێنییەکان هاوکاری کەسوکار و ماڵە شەهیدەکانمان دەکـرد، هـەروەها دروسـتکردنی شـانەی چەکداری و دروستکردنی کەسایەتی کۆمەڵایـەتی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کۆمەڵایـەتی نـاو کۆمـەڵگا ئەمـەش هۆکـار بـوو کـە هـاووڵاتی نەچـێت بـۆ لای دامودەزگاکـانی ڕژێـم بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

لە ساڵی ١٩٩٢دا لەلایەن ڕژێمەوە بۆ هەولێر و شارەدێی (جدیـدة) ڕاگوێزرام، بـەڵام لـە شـاری کـەرکووك و داقـوق و دەوروبەریـدا و تـا سـاڵی ١٩٩٣ درێـژەم بـە کـارە نهێنیـەکانی ڕێکخســتندا، لــە ١٩٩٣/١٢/٢٧ بــەهۆی ناپاکێکــەوە کــە دزەی کردبــووە نــاو پــۆلێکی ڕێکخستنەکەمانەوە کە پەیوەندی بە هەواڵگری تکریتەوە هەبوو، بووە هۆی دەستگیرکردنی بەرپرسی پۆلێك و چەند هـەڤاڵێکمان لەلایـەن ڕژێمـی بـەعس و لـە ڕێگـای هەواڵگرییـەوە. بەندە لە ١٩٩٣/١٢/٢٨ کاتژمێر ١٠:٣٠ بەیانی لە ناو شارۆچکەی داقـوق دەسـتگیرکرام لەلایـەن هەواڵگرییەوە گوێزرامەوە بۆ هەواڵگریی تکرت و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ئـازار و ئەشـکەنجەی زۆر درام، سـەرەتا پرسـیاری ئـەوەم لێکـرا کـە سـەر بـە (جـەلال تاڵـەبانی، یـان مەسـعود بــەرزانی)یت، لــە وەڵامــدا بێلایــەنی خــۆم بــۆ هــەردووکیان دەربــڕی، بۆیــە ئــازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر درام و دانم بە خۆمدا گرت، هەرچەند یەك گەواهیدەرم لەسەر بوو کە مـن بەرپرسـی ڕێکخسـتنم، دوای چـوار ڕۆژ لـە هـەواڵگری تکریـت خـۆم و سێ هـەڤاڵی تـر گوێزراینەوە بۆ هەواڵگری بەغداد لە گەڕەکی مەنسوور، لە ڕێگا گۆرانی (ئەی ئاغا ئاغا ئاغا بۆم تێکە لەو قۆریاغە، لەگەڵ دایکە بۆمـان مەکـەن ڕۆ ڕۆ شـەهیدبوونمان شـانازیە)یان بـۆ لێدەداین وەکو گاڵتە جاڕییەك بە نیشتیمانپەروەریمان، دواتر گەشتینە هـەواڵگریی بەغـداد و یەکسـەر دەسـتیان کـرد بـە ئـازاردانم بـە (کێبـڵ و کارەبـا و نینـۆك دەرهێنـان و ئـاگر) ئەشکەنجەیان دام، سەرەڕای ئەوە هیچ نهێنییەکم نەدرکان، لە مـاوەی ئـەو سێ مانگـەدا بـە هـەردوو هـەواڵگری تکریـت و بەغـداد ئەشـکەنجەیاندانم، بۆمـاوەی دوو مـانگ لـە ژووری

تاکەکەسی یەك مەتری زیندانیکرام، ڕۆژانە دوو جار ئازار و ئەشکەنجە دەدرام (بەیانیان و شەوان)، بەڵام دانم بە هیچ شتێکدا نەنا، دواتر براین بۆ (تابق الاسود)، کە پێکهاتبوون لە سێ کەس بۆ لێکۆڵینەوە و سووکایەتیپێکردنی خۆم و سەرکردە کوردەکان، دواتر براین بۆ دادگا، لەبەرئەوەی من یەك گەواهیدەرم لەسەر بوو، هەروەها نکۆڵیم لێ کرد و دانم بە هیچدا نەنا، بۆیە لە ١٩٩٤/٣/٢ ئازاد کرام، بەڵام هەوالگریی ئازادی نەکردم و برامەوە بۆ هەوالگریی و زیندانی کرام، لە هۆڵێکی هەوالگریی کە ٢٣ بەندکراوی دیکەی لێ بوو کە پێکهاتبوون لە (عەرەب و فارس)، پاسەوانی ئەو زیندانە کە تیایدا بووم شەڕی دەروونی لەگەڵدا دەکردم و پێی دەوتم تۆ بەرائەی دوای چوار مانگی تر ئازاد دەکرێیت، بەڵام ماوەی ٢٦ ڕۆژ لەو زیندانە مامەوە و دواتر لە ٣/٢٩/ ١٩٩٤ لە زیندان دەرکرام و لە ناو شاری بەغداد ئازاد کرام، بۆیە منیش گەڕامەوە بۆ داقوق.

دوای سێ ڕۆژ چووم بۆ شاری هەولێر و بە بڕیاری مەکتەبی ڕێکخستن لە هەولێر جێگیر بووم، دیسان ڕێکخستنەکانی ناو شارم ڕێکخستەوە بە گۆڕینی ناوی (زەمبور) بۆ (ڕۆخانە)، لەم ماوەیەدا هەوالگریی (تکریت) هەڵیان کوتابوویە سەر ماڵەوەمان لە داقوق بە مەبەستی دووبار دەستگیرکردنم، تا ساڵی ١٩٩٦ سەرپەرشتی ڕێکخستنە نهێنیەکانی سەر بە ڕێکخستنی ڕۆخانەم دەکرد و لە ڕێگای بەرید و هاتوچۆی هەڤاڵان کار و چالاکی خۆمان بە نهێنی ئەنجام دەدا.

دواتر لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا چوومە سەیرانبەن و سنووری ئێران دواتر گەڕاینەوە و لە شاری سلێمانی جێگیر بووم، لەسەر کاری ڕێکخستنەکان بەردەوام بووم کە سەر بە مەکتەبی ڕێکخستن بووم و لە ساڵی ٢٠٠٠ لە بەشی یاسای زانکۆی سلێمانی دەستم بە خوێندن کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٣ لە پرۆسەی ئازادیی عێراقدا کرام بە بەرپرسی شارۆچکەی داقوق، رۆڵێکی باڵام بینی لە پاککردنەوەی شارۆچکەی داقوق لە رژێمی بەعس و عەرەبە هاوردەکان، دواتر خوێندنی زانکۆم تەواوکرد.

لە ساڵی ٢٠٠٥ بە هەڵبژاردن بووم بە جێگری مەڵبەندی ١٦ حمرین، دوای ساڵێك بە هەڵبژاردن بووم بە بەرپرسی مەڵبەندی ٣١ی شارۆچکەی داقوق، بۆ ماوەی چوار ساڵ، لەو ماوەیەدا رۆڵێکی بەرچاوم هەبوو لە پێشخستنی رێکخستنەکانی (ی.ن.ك)دا، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا پلەی یەکەممان بەدەستهێنا، هەر بەو هۆیەوە لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە ستایش و رێزلێنانم بێبەخشرا.

دوا وتەم ئەوەیە: "تەمەنێك پڕ لە سەروەری و خزمەتکردنی ئەم نیشتیمانە هەمیشە جێگەی شانازی منە"[٥٦].

---

[٥٦]- لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د. ئاکۆ)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٦.

مەحموود ڕەزا محەمەد عەزیز (د. مەحموود)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی حاجیتانی سەر بە شارەدێی سووورداش لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایك بووە، لە پاشان هاتوونەتە سلێمانی و خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی کانێسکان تەواو کردووە، قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنگەی سلێمانی کوڕان تەواو کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ پەیمانگای تەندروستیی باڵای سلێمانی تەواو کردووە و بڕوانامەی دیبلۆمی بە دەستهێناوە، سەرەتای کاری سیاسی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ کاتێك بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پەیوەندی بە ڕێکخستەنەکانی ك.ڕ.ك لە ڕێکخراوی دووی ڕێکخستنی دوکان لە پۆلی سووورداش دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە.

لە ساڵی ١٩٨٦ لە بنکەی تەندروستیی چوارتا دادەمەزرێت، وەك یاریدەدەری پزیشك و چاودێر لە خۆراکی چوارتا و دەوروبەری دادەمەزرێت، ئەمە دەبێتە سەرەتای کاری پزیشکی ناوبراو، لەو ماوەیەدا ئەندامی چالاکی کۆمەڵە و کادیرێکی هۆشیار بووە، دوای ماوەیەك کارکردن لەو بنکەیە بە بڕیاری شۆڕش و دوای ئاشکرابوونی پەیوەندی بە شۆڕشەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکات و دەچێتە شاخ، دەبێتە پێشمەرگە و دکتۆری شۆڕش.

سەرەتا لای شەهید غەریب هەڵەدنی دەبێت، دواتر دەبێتە ڕێکخەری کەرت و کادیری تیپی پارێزگاری هەڤاڵ مام جەلال لە گوندی یاخسەمەر، لە هەموو کار و چالاکییەکاندا بەشدار دەبێت و ئەرکی گواستنەوی کەلوپەلی شۆڕشی لە ئەستۆ بووە، پاشان بەشداری خولی مازندەرانی کردووە، جارێك لە گوندی هەڵەدن و جارێك لە ١٩٨٨/٣/٢١ لە شاناخسێ بە چەکی کیمیایی بریندار دەبێت، لەوەی دووەمیاندا برینەکەی سەخت دەبێت و ڕەوانەی ئێران دەکرێت، بۆ ماوەی دوو مانگ لە شاری ئەسفەهان لە ژێر چاودێری پزیشکیدا دەبێت، لەو ماوەیەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوی (کۆمکار)دا دەکات، کە دواتر کۆپییەکی بە

دیاری بۆ دەنێرنەوە (Informations Bulletin Kurdistan)، کە تا کۆتایی ژیانی کاریگەری ئەو چەکە لەسەر جەستە و چاو و کۆئەندامی هەناسەی ماوەتەوە، بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٨٩ بەهۆی کاریگەری ئەو چەکەوە لە پێشمەرگایەتی دادەبڕێت،

لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و سووورداش لە کۆچ و ڕەوی ئەنفالکراوان و لە ئۆردوگای ئاوارەکانی ئێران خزمەتی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی کردووە، لە ماوەی ژیانیدا کادیرێکی چالاك و هۆشیاری ڕێکخستن و ڕابەر سیاسی و پزیشکێکی سەرکەوتوو و شۆڕشگێڕێکی بە توانا بووە.

دواتر لە کاری پزیشکی و بنکەی تەندروستیی سەرچنار و نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی و مەڵبەندی دووی تەندروستیی شەهید دکتۆر بەختیار لە خزمەت بەردەوام دەبێت، تا لە ٢٠١٦/٧/٢٠ بەهۆی کاریگەری گازی کیمیایی کاتی پێشمەرگایەتی و دوای چەندین ساڵ مانەوەی بە کاریگەری ئەو گازەوە کۆچی دوایی کردووە، خێزاندار بووە و باوکی چوار کوڕ و دوو کچ بووە[٥٧].

[٥٧]- ژیانی مەحموود ڕەزا محەمەد عەزیز (د. مەحموود)، لە تەها ئەوڕەحمان (د. تەها) وەرگیراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٠، شاد مەحموود ڕەزا، ٢٠٢٢/٤/٨.

موحسین لەتیف کەریم (د. موحسین)

من پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووم، دوای ئەوەی کە لەگەڵ هاوڕێیەکم ئاشکرا دەبین، بەهۆی بوونی ناومانەوە، ئیدی پێش ئەوەی ڕژێم دەستگیرم بکات لە تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ساڵی ١٩٨٥دا بووم بە پێشمەرگە، کە ئەو کات کەس بیری لەوە نەدەکردەوە شەهید ببێت، بیر لەوە دەکرایەوە و کێبڕکێ لەسەر ئەوە بوو کێ پێشتر لە نەبەردییەکی سەرکەوتوودا خۆی بە شەهید بوون دەدات، پێشم وایە ئەو ڕووحیەتە ماوە، چونکە بەڵگەش بۆ ئەوە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دواتریش شەڕی داعش زۆرترین پێشمەرگە و فەرماندە گیانی خۆیان بەخشی، کە نیشانەی بوونی هەمان ئەو ڕۆحییەتەی جارانە، بۆیە لە لای من پێشمەرگایەتی شەرەفە، پێشمەرگە بوون گەورەترین و بەنرخترین بڕوانامەیە.

مێژووی ی.ن.ك خۆی لە چەند ڕەوتێکدا بینیەوە، بەڵام ئەمە نەبووە خاڵێکی نەرێنی بۆی، بەڵکو گرنگی زۆری بە سەرجەم لایەنەکانی دیکەی حیزبەکە داوە، بۆ نموونە ڕاگەیاندن بە هەموو بەشەکانییەوە، هەرچی تەندروستییە یەکێك بوو لە داهێنان و سەروەرییەکانی ی.ن.ك، هەر لە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە پزیشك و کادیری پزیشکی هەبوو، جگە لە بوونی نەخۆشخانەکانی شۆڕش لە سەرجەم قۆناغەکاندا، هەر لە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کە دەرمان لە کۆڵە پشتدا بووە، تا گەیشتووەتە بنکەی تەندروستیی بچووك و مامناوەند و گەورە، کە ئەمەش لە کۆبونەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٧٩ هەڤاڵ مام جەلال بە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی ڕاگەیاند کە بیر لە کردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی بکەنەوە، دواتر بە پشتیوانی جێبەجێ کرا و گەشەی پێ درا و بوو بە نەخۆشخانەی شۆڕش وەك: (بەرگەڵوو، قوڵەهەرمێ، بالیسان و بادینان).

لـه دوای ئـەنفال و ڕاپـەڕینی گـەلی کـورد دووبـارە بـە پشـتیوانی هـەڤاڵ مـام جـەلال چەندین نەخۆشخانەی دیکە بە ناوی نەخۆشخانەکانی شۆڕشەوە کرانەوە، بە درێـژایی ئـەو قۆناغانـەش چـەندین پزیشـك و کارمەنـدانی تەندروسـتیمان شـەهید بـوون، لەبەرئـەوەی شۆڕشـی نـوێ لـە هـەناوی خۆیـدا دەرچـوانی زانکۆ و پـەیمانگا و ئامـادەیی و خـوارتری لـە خۆگرتبوو، پزیشك و کارمەندانی پزیشکی بە پێی کار و مـەفرەزەی ناوچـەی خۆیـان بـوون بـە پێشـمەرگە و دابـەش بـوون، سـەرەتا بـە کۆڵەپشـتەوە شـان بـە شـانی پێشـمەرگە هـەم پێشمەرگە و هەم پزیشك بوون، لە سەرجەم چالاکی و نەبـەردیی و ڕووبەڕووبوونەوەکانـدا بەشداری و ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، زۆربەی کەرت و تیپەکان پزیشك و کـادیری پزیشـکی خۆی هەبوو، لە چالاکییەکاندا بەردەوام لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بوون، پزیشـکان کێـوێکی پڕ لە ورە بوون بۆ پێشمەرگە، چونکە لە گۆڕەپانی شەڕدا لەگەڵ پێشمەرگە بـوون و گیـانی بریندارانیان لە شەهید بوون پاراستووە.

سەرچاوەی پەیداکردنی دەرمانی ئەو پزیشکانە بـریتی بـوو لـە ڕێکخسـتەنەکانی شـار، لەگـەڵ ئـەوەی لـە کـاتی چـالاکیدا ئـەو شـوێنانەی کـە دەسـتی بەسـەردا دەگـیرا کەلوپەلـە پزیشکییەکان دەدرا بە دکتۆری مەفرەزە و تیپەکان و نەخۆشخانەکان، هەندێك جاریش لـە ڕێگەی قاچاخچییەوە پێداویستییەکان دەکڕدران، خـەڵکی دڵسۆزی شـار و گونـدەکانیش بـۆ ئەو کارە یارمەتیدەر بوون.

ئیدی لە دوای ڕزگارکردنی هەر ناوچەیەك لە دەستی ڕژێم یەکێك لـە کارەکـان بـریتی بوو لە دامەزراندنی نەخۆشخانە، کە بـۆ کردنـەوەی بەشـی نەشـتەرگەری بچـووك و گـەورە گەشەی کرد و تیشك و تاقیگە و قاوشی نەشتەرگەری تێیانـدا دامـەزران، لەگـەڵ بەشـەکانی ددان و دەرمانخانە کە تـا کۆتـایی ئـەنفال بـەردەوام بـوو، دواتـریش لەگـەڵ سـەرجەم ڕەتڵـی پارتیزانەکانـدا دیسـان پزیشـکانی شـۆڕش بەشـدار بـوون و ڕۆڵـی بەرچـاو و سـەرەکییان لـە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا بینیوە.

نـەبوونی پێداویسـتی و کـەمی دەرمـانی پێویسـت وای دەکـرد کـە نـەتوانرێت وەکـو پێویست چارەسەری برینداران بکرێت، چونکە هەندێك دەرمان هەبوون دەست نەدەکەوتن، یاخود شوێنی تایبەتمان بۆ هەلگرتن و پاراستنی نەبوو.

هەر یادەوەرییەك لە ژیانی شۆڕشدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، مانای خۆی هەیە و خۆشی و ناخۆشی تێدایە، ناخۆشترین یادەوەرییەکان ئەوەیە کە هەندێك جار نـەمانتوانیوە گیانی پێشمەرگەیەکی بریندار ڕزگار بکەین، کە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە شەهید بووە، ئەو کاتەی لەبەر دەستماندا بەهۆی ئـەو ڕووبەڕووبوونـەوە قـورس و نابەرامبەرانـە لەگـەڵ هێزێکی پـڕ چـەکدا دووچاری شـەڕ دەبـووین و شـەهید دەبـوون، تـا ئێسـتاش ئـەو وێنانـە دێننەوە بەر چاوم و هەرگیز لە بیرم ناچنەوە.

ئێمـە وەك ئـەرکێکی نیشـتیمانیی و نەتـەوەیی و مرۆڤایـەتیی و پـەروەردی حیزبـی پێشمەرگە و هـاووڵاتی و دیلمـان بـە یـەك چـاو تەماشـا دەکـرد، بـێ جیـاوازی چارەسـەرمان دەکردن، زۆر جار ڕوویداوە کە خوێنی پێشمەرگە و هاووڵاتیمان بە برینداری دیلـی دوژمـن بەخشیوە، لە کاتێکدا ئەو دیلانە دەسـتیان بـە خـوێنی پێشـمەرگە سـوور بـووە، هاوکـات بـۆ نـەخۆش و پێشـمەرگە و بریـنـداری حیزبـەکانی دیکـەی کوردسـتانیش بـە هـەمان شـێوە مامەڵەمان کردووە، چ هی باشوور بوو بێت، یاخود هـی پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان بـوو بێت[٥٨].

---

(٥٨)- ئیسماعیل خالید: ڕۆڵی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٣، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٤٠-٤٣.

محەمەد سەعید سابیر عەلی (د. محەمەد فەڕەنسی)

له ١٩٦٠/٢/٢٩ له شاری کەرکووك له خێزانێکی هەژار لـه دایـك بـووم، بـاوکم دوو ژنـی هەبووە، من له خێزانی دووەمی له دایك بووم، سێ خوشك و سێ براین، قۆناغی سەرەتاییم له خوێندنگەی سەرەتایی نالی لـه گـەڕەکی عاشـوور تـەواوکردووە، دواتـر چـوومە ناوەنـدی شـۆڕش لـه کـەناری خاسـه، پاشـان چـوومە ئامـادەیی کوردسـتان، لێـرەوە چـوومە خوێنـدنی شەوان و دوای ئەوە بەشداری خولی پزیشکی بووم و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بووم، لـەو خولەدا د. هادی بەشدار بوو.

لەو ماوەیە پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخستن هەبوو، ڕۆژێك بۆ لێپرسینەوە بانگ کـرام، لـه ١٩٨١/١٠/١ چوومە دەرەوە، بۆ گوندی مۆردخوارده له بناری خاڵخالان، هۆکـاری ئـەوەش ئـەو ستەمە بوو که بەعس له کوردی دەکرد، ماتۆڕسکیلێك و تفەنگێکم بـه پـارەی خـۆم کـڕی و دەرمانم دەگواستەوە.

سنووری ئێمـه سـەرەتا هـەر تیپـی ٢١ بـوو دواتـر تیپـی ٢٥ی لـێ جیـابووەوە، مـن هـەم پێشمەرگه بووم هەم کادیری تەندروستی بـووم، لەگـەڵ د. هـادی کـارم دەکـرد، چارەسـەری بریـندارمان دەکـرد، لـه سـاڵی ١٩٨٣ شـەڕی بێتواتـه ڕوویـدا ئێمـه چـووین، دوای سـەرکەوتن گەڕاینـەوە سـنووری خۆمـان، لـه ١٩٨٤ دانوسـتان هاتـه کایـەوە، لـه دوای دانوسـتان شـەڕی چیمەن، حەسار، حاجیتان، سابوراوا، شیوەسوور ڕوویدا، له هـەموو ئەمانـه بریـندار هـەبوو ئێمه چارەسەرمان دەکـرد، کوڕێکی بریـندار هـەبوو خـەڵکی گونـدی تلیـان بـوو بـه خراپـی بریندار بووبوو، د. هادی چارەسەری کرد.

ئێمه فشاری خوێنی بریندارەکانمان دەگرت و ڕەچەتەی دەرمانمـان بـۆ دەنووسـی و لـه شار بۆی دەهات، چونکه دەرمـان بـۆ ئێمـه ئەسـتەم بـوو، لەوانـه هـەڤاڵ مـەلا ئـەوڕەحمانی ئاوباره و هەڤاڵ فەوزی کوڕی دەرمانیان بـۆ پەیـدا دەکـردین، لـه سـاڵی ١٩٨٦ شـەڕی نـەبیاوا ڕوویدا بریندارێکی زۆرمان هەبوو چارەسەرمان دەکردن، هەتا هەڤاڵ مەلا ئاراس دەستی لـه

ملم كرد و گوتی من ئاگاداری تۆم، زۆر دڵسۆزی بریندارەكانی، من لەفاق بریندارێم دەشۆردەوە تا وشك دەبووەوە، مقەستەكانیشم دەكردە ناو ئاوەوە و دەم كوڵاند، لە كاتی سارێژكاریدا دەمدا بە د. هادی، من ماوەیەكی زۆر لەگەڵ د. هادی بووم واتە لە ساڵی ١٩٨٢ تا شەهید بوو، ئەو زۆر تێگەیشتوو و زیرەك و دیبلۆماسی بوو، هەروەها لە ڕووی سەربازیشەوە زۆر بەتوانا بوو، هەڤاڵ مەلا ئاراس چەند جارێك گوتی ئێمە لە بواری پزیشكی زیاتر لە سەربازی پێویستمان بە د. هادییە، هەڤاڵ مەلا ئاراسیش پیاوێكی زۆر بە توانا بوو، ئیدی ئێمە بەردەوام بووین، زۆر جار بریندار دەشتی هەولێرمان بۆ دەهات.

هەروەها كەیسی دیكەشمان هەبوو، پیاوێكی خەڵكی گوندی توركمانباغ دارێكی گەورەی سەر خانووی هەڵگرتبوو قوڕ بووبوو، ئێمە چارەسەرمان بۆ كرد و ناردمان بۆ كەركووك. ڕۆژێك هاوڵاتییەك لەلایەن هێزەكانی حكومەتەوە بە تۆمەتی هەڵهاتووی سەربازی دەستگیر دەكرێت فیشەكێك دەنێن بە ناوی دەمییەوە، لە ڕوومەتییەوە دەرچووبوو، وایان زانی بوو مردووە، زۆر بە ڕێكەوت نەمردبوو، جێیان هێشتبوو، ئەو بریندارەیان هێنا بۆ لای ئێمە، چارەسەرمان بۆ كرد و ناردمان بۆ شار، جگە لەمانەش چارەسەری پێوەدانی مار و دووپشكمان كردووە، هەروەها لەسەر خاسە و جەلەمۆرد و مۆردخواردەی خواروو و مۆردخواردەی سەروو لەگەڵ د. هادی دەیان منداڵمان خەتەنە كردووە.

دواتر شەڕی ساتی كرا، هەڤاڵ شاهۆ لێپرسراوی كەرت بوو شەهید بوو، هەڤاڵ جەمالەسوور بریندار‌بوو، من و د. كامەران چارەسەرمان بۆ كرد، هەڤاڵ جەمال پارچەی تۆپ بەر دەستی كەوتبوو لە مەچەكەوە بۆ پەنجەكانی هیچی پێوە نەمابوو تەنها پێستەكەی پێوە مابوو، د. كامەران گوتی با دەستی لێ بكەینەوە و بیدوورینەوە، گوتم نەخێر، ئەمە گەنجە بۆ دەستی لە دەست بدات، گوتی چی بۆ بكەین؟ گوتم هەندێك دار و چیلكەی باریكم بۆ ببڕە تا دەستی بۆ بگرمەوە و دەستی بە مەچەكییەوە بدوورینەوە،

ئیدی کارێکمان کرد نەبڕدرێتەوە، دواتر هەرچی پێویست بوو بۆم نووسی تا لە شار بۆی بهێنن، هەروەها لە شەڕی قەفار ئافرەتێك منداڵێکی برینداری بۆ هێنام، پارچە بەر گورچیلەی کەوتبوو گورچیلەی شەق کردبوو، گوتم هیچ چارەسەری نییە ڕەنگە هەر دە بۆ پازدە خولەکی دیکە بتوانێت بژی، هەرواش دەرچوو شەهید بوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا باوکی هەڤاڵ پشتیوانی تیپی ٢٥ برینداربوو، چارەسەرمان کرد، زۆر جاریش د. هادی ناوی دەرمانەکانی دەنووسی و لە شارەوە بۆمان دەهات، جگە لەوانەش خۆمان بەشداری شەڕەکان دەبووین، لە ساڵی ١٩٨٦ مەفرەزەیەك بە لێپرسراوێتی هەڤاڵ هیوا چیمەنی چووینە ناو کەرکووکەوە، ١٦ بەنگلادیشی و ٢ کۆریمان بە دیل گرت، چونکە لەو کاتە سەرکردایەتی ی.ن.ك بڕیاریدا بوو هیچ کۆمپانیایەك بێ پرسی (ی.ن.ك) بۆی نییە لەو ناوچانەدا کار بکات کە دیاریکرابوو، ئەمە سەرکێشییەکی گەورە بوو، لە چالاکییەکی دیکەی ناو شاری کەرکووکدا سێ شەهیدمان دا، لە شەڕێکی دیکەدا لە ناو ئاغجەلەر دوو شەهیدماندا، بەداخەوە فریای هیچیان نەکەوتم، بەشێکی چالاکییەکە بریتی بوو لە هێنانی دەرمان لە نەخۆشخانەی ئاغجەلەرەوە.

لە شەڕی تۆمار و گورگان پێشمەرگەیەکمان بە ناوی هەڤاڵ ئیحسان بریندار بوو، چارەسەرمان بۆ کرد، موغەزیمان بۆ دانا و هەندێك دوورینەوەمان بۆ کرد، بەڵام چونکە هاوەن لە نێو قاچی تەقیبووەوە دۆخی زۆر خراپ بوو، شەهید بوو، هاوکات دوو شەهیدی دیکەمان بەخشی کە بریتی بوون لە هەڤاڵان (مام ئاراس و شکۆ)، لە شەڕێکی دیکەی سنووری ئاغجەلەردا برینداریێکی زۆرماندا، ئەوەی بۆمان کرا، چارەسەرمان بۆ دەرکرد، هەندێك لە بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو کران لەوێشەوە بۆ ئێران.

لە ساڵی ١٩٨٨ هەڤاڵ نەوزاد چیمەنی تووشی مەلاریا بوو، ئەوەی توانیم چارەسەرم بۆ کرد، بەڵام دەرمانم لێ بڕا، ئیدی بە نائومێدی بەو ناوەدا دەگەڕام، چوومە سەر زبڵخانێك زۆر بەڕێکەوت چاوم کەوتە سەر دەرزییەکی تۆز، بەناوی پرۆکاین پێنسلین ئەو دەرزییەم

بۆ گرتەوە و لێمدا دوای پازدە خولەك دۆخی بەرەو باشبوون برد، جگە لە مانەش هاولاتی نەخۆشمان چارەسەر دەکرد. هەروەها لە کێشەیەکی کۆمەلایەتیدا هاولاتییەکی خەلکی گوندی مۆردخواردەی خوارو بە فیشەك بریندار بوو، هەندێك چارەسەرم کرد و گوتم بینێرن بۆ چەمچەمال، لەوێ پێیان گوتبوو ئێمەش بووینایە هەر ئەوەندەمان بۆ دەکرد بۆیە بیبەن بۆ سلێمانی.

دەرمانەکانمان بریتی بوون لە دەرزی لینکۆسین ڤیال ٦٠٠ میلیگرام و پرۆکاین پێنسلین ٥٠٠ میلیگرام و کەپسولەکانیش وەکو ئەمپیسیلین و پتراسایکلین و ئەمۆکسیلین، رۆژێك پێشمەرگەیەکمان بریندار بوو، هەروەها لە هەندێك لە گوندەکان پزیشکی حکومەت هەبوو بۆ نمونە لە گوندی مۆردخواردە و گردخەبەر پزیشك هەبوو، زۆرجار بۆ برینداری پێشمەرگە داوامان لێدەکردن، بەلام رازی نەدەبوون، بۆ ئەو پێشمەرگەیە چووم بە دوای ئەو دوو پزیشکەدا کەچی رازی نەبوون.

خۆم لە شەڕی حاجیتان و سابوراوا و لە شەڕی تۆمار و گورگان برینداربووم، لە شەڕێکی دیکەدا لە مۆردخواردەی خوارووەوە چووین بۆ سەر زێیەکە هەڤال کارزان شۆفێرمان بوو، لەوێ پێش شیوەسوور دوو فڕۆکەی جەنگی و حەمالێك گەیشتنە سەرمان کە یازدە کەس بووین، زۆر بە خراپی لێی داین، تا ئێستاش سێ پارچە لە سەرمدایە و پێنج پارچە لەسەر ئەژنۆی ڕاستم هەیە لە تۆپی کلاوەی ئەژنۆمدایە و لکاوە بە دەماری عەسابمەوە، هیچ چارەسەرێکی نییە، تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیان ڕاگەیاندم لەبەر مەترسی بۆ سەر ژیانت ناتوانین دەری بکەین، هەر لەو شەڕە هەموومان بریندار بووین، هۆکاری ئەمە بوونی شەڕێك بوو لە نزیکی کۆیە ئەو سێ فڕۆکەیە بۆ سەر ئەوان هەلسا بوو، هەلە نەبم ناوی دوو گوند هەبوو هاوشێوە بوون، ئێمەی بۆردومان کرد ئینجا چوو بۆ سەر ئەو گوندەی کۆیە، هەموو جارێك کە دەگەڕایەوە بۆ کەرکووك، دەهاتەوە لە ئێمەشی دەدا ئینجا دەڕۆیشت، لەو ئۆتۆمبێلەدا برینداریکمان پێ بوو

پارچەیەك لە سكیدا بوو بەمەبەستی چارەسەر دەمان گواستەوە، برینەكەی سووك بوو، كە لێی داین دابەزین و ئەو بریندارەمان لە ژێر پووش شاردەوە و بەرەو چەمێك هەڵهاتین، دوای چەند كاتژمێرێك گەڕاینەوە بۆ بریندارەكە، ئێمەش هەموو بریندار بووین تا ئێوارە بەو دۆخە ماینەوە، تا گەیشتینە ژێر پردەكەی شیوەسوور، فڕۆكەكان نزم دەبوونەوە و لە هەردوو لای پردەكەوە لێی دەداین، ئێمەش لە ژێر پردەكە بە ژێر سەقفی پردەكەدا خۆمان هەڵدەواسی بۆ ئەوەی پارچەمان بەرنەكەوێت، چونكە كە لە هەردوو لای پردەكەی دەدا هەمووی چەو بوو ئەو چەوانەشی دەكرد بە پارچەی ئاگر وەكو فیشەك بەرەو ڕوومان دەهات، بۆ ماوەی چوار بۆ پێنج كاتژمێر نەمان توانی لە ژێر ئەر پردە دەربچین، ترسی ئێمە زیاتر لە فڕۆكەكان ئەوە بوو لەو ماوەیەدا سوپا بگاتە سەرمان، چونكە هەم ڕێگەمان نەبوو، هەم بریندار بووین، هەم فیشەكمان كەم پێ بوو توانای بەرگریمان نەمابوو، دوو پێشمەرگەمان پێش چەمەكە گەیشتبوونە قەرغوونێك خۆیان لەوێ شاردبووەوە و نەبینرابوون، ئەم ڕووداوە مانگی چواری ساڵی ١٩٨٧ بوو.

لە ڕووداوێكی دیكەدا هەڤاڵ محەمەد عوسمان (حەمەسوور دووشیوانی) فیشەك دابووی لە سكی، لە گوندی كارێزە نەشتەرگەریمان بۆ كرد، د. هادی ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە چارەسەركردنیدا، بۆ ماوەی سێ مانگ بە دیارییەوە بووم تا چاك بووەوە، هەموو بەیانییەك سارێژكاریم بۆ دەكرد، ئەو نەشتەرگەرییە بە ڤیدیۆ لەلایەن هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆوە تۆمار كراوە، تا دوای سێ مانگ برینەكەی وشك بوو، چاكبووەوە.

لە ڕووداوێكی دیكەدا هەڤاڵ سەربەست كە هەڵهاتووی سەربازی بوو، لە ڕێگای چوون بۆ سەرگەڵوو بە ماتۆڕسكیل كەوتبووە كەمینەوە تەقەیان لێكردبوو، قاچی سووتا بوو، هێنایان بۆ جەلەمۆرد سێ بۆ چوار مانگ بە دیارییەوە بووم تا چاك بووەوە.

ڕۆژێك حكومەت بە كیمیایی لە گوندی تۆمار و گورگانیدا، من لەو شەڕە نەبووم، بەڵام بریندارێمان هەبوو بە چەكی خەردەل، د. هادی بە ئامێر لەگەڵ د. هەڵۆ (ئەدیب) لە

نەخۆشخانەی بەرگەلۆو قسەی کرد و لێی پرسی کیمیایی چۆن چارەسەر دەکرێت؟ د. هەلۆ گوتی خۆتان بشۆن، قوماشی تەڕ بدەن بە دەموچاوتاندا، هادی خۆشی بەرکەوتبوو.

لە ماوەی پێشمەرگایەتیمدا چەند جارێك نەخۆش کەوتووم، هەروەها باوکم دوو ساڵ لەسەر من زیندانی بووە، لە ئەنفالدا واتە لە ساڵی ١٩٨٨ هەڤاڵ ئەحمەد کرێکار پێی ڕاگەیاندم کە حکومەت بە کەسێکدا هەواڵی ناردووە باوکی د. محەمەد فەڕەنسی زیندانی کراوە بە مەرجی خۆڕادەستکردنی ئازاد دەکرێت، واتە لە ١٩٨٦ەوە زیندانی بوو ، بەڵام هەڤاڵ ئەحمەد کرێکار دوو ساڵ ئەوەی پێی گوتم، گوتی لەوە ترساوم خۆت ڕادەست بکەیت.

ئەو سەردەمە پزیشك و ئامێری ڕاکاڵ گرنگترین شت بوون بەلای حکومەتی عێراقییەوە، هەمیشە ئەو دووانەی بە هەند وەردەگرت، چونکە ئامێر خەڵکی هاندەدا ببێت بە پێشمەرگە، پزیشکیش برینداری چاك دەکردەوە و دەیناردەوە بەرەکانی شەڕ، بیرمە ڕۆژێك هەڤاڵ ئەحمەد کرێکار داوای لێکردم لە ناوچەی خاڵخاڵانەوە بچم بۆ تەکیەی کاکەمەند لە چەمچەماڵیشەوە برایەکم ئەو پاتریەی بۆ هێنام منیش هەر بە پێ گەیاندمەوە بناری خاڵخاڵان، کە ئەمە لە سەروبەندی ئەنفالدا سەرکێشییەکی گەورە بوو، دواتر بەو ئامێرە لەگەڵ ملازم عومەر قسەمان کرد، گوتی وام زانی نەماون، گوتمان ڕێگەمان لێگیراوە، ئیدی بۆ چەندین مانگ لەو هەڵەتە ماینەوە، تا دەم زێ پاك بووە و چووینە دەشتی هەولێر، لەوێ بۆ مەڵبەندی سێ لە مەلەکان، لەوێوە بۆ قاسمەڕەش و ئێران. لە گوندی بلەکێی بانە نەخۆشخانەیەکمان دانا، د. جەبار بەرپرسی بوو، هەڤاڵ قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەند بوو.

دواتر چووم بۆ لای هەڤاڵ نەوشیروان گوتم من بریندار بووم، دەچمە دەرەوە، گوتی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە بچۆ، ئیدی لە ١٩٩٠ لە ئێرانەوە چوومە تورکیا و لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە درامە باڵیۆزخانەی کەنەدا و نێردرام بۆ کەنەدا، لەوێ بەشی

زمانی ئینگلیزیم خوێند، دواتر دەستم بە کارکردن کرد، لە ئێستادا ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەم هەیە.

بەدرێژایی ژیانم دوو شەڕم بیرناچێ ئەویش شەڕی (حاجیتان و سابوراوا) و (تومار و گورگان) بوو، هەروەها هەرگیز شەهید د. هادیم بیرناچێتەوە[٥٩].

---

[٥٩]– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محەمەد سەعید سابیر عەلی (د. محەمەد فەڕەنسی)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/١٣.

نەبەز خالید ئەمین (د. نەبەز)

لە ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووم، خوێندنی سەرەتاییم لە خوێندنگەکانی ئیبن خەلەکان و سەرشەقام تەواوکردووە، ناوەندیم لە خوێندنگەی جمهوری تەواوکردووە، ئامادەییم لە خوێندنگەی هەڵکەوت تەواوکردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای تەندروستییم لە بەغداد تەواوکردووە، پیشەی باوکم پۆلیس بووە، چوار خوشك و دوو براین، بەو مووچە کەمەی کە باوکم هەیبوو، هەموومان زانکۆمان تەواوکردووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە لەگەڵ خالید مەلا ئەمین و ڕزگاری حاجی حەمەئەمین، ئەوان ڕێکخستن بوون لای هەڤاڵ مام جەلال لە مەکتەبی سیاسی وەرگیرابوون، من بە دوو هەفتە دوای ئەوان چوومە دەرەوە، سەرەتا چوومە لای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا و هەڤاڵ سالار عەزیز، چونکە منیان دەناسی، هۆکاری ئەمەش بەهۆی هەڤاڵ نەوزادی پورزامەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٩ لێپرسراوی لقی سلێمانی بووە و دواتر لەلایەن باڵی مەلایی پارتییەوە شەهید کراوە، ئیدی ماوەیەك لە توژەڵە مامەوە و لەسەر متمانەی هەڤاڵ نەوشیروان چووم بۆ لای ئەو دوو هاوڕێیەم و لە مەکتەبی سیاسی وەرگیرام.

ئەوکاتە تازە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە تەواو بووبوو، لە ناو سەرکردایەتیدا مقۆمقۆ بوو، ئێمە سەرقاڵی دروستکردنی خانووەکانی ناوزەنگ بووین بە خشتی قوڕ لە بەرامبەر مەکتەبی سیاسی و ماڵی هەڤاڵ مام جەلال دروست کرا، بارەگاکان نەکرابوونەوە لە زەڵێ بارەگایەکی مەکتەبی عەسکەریمان هەبوو، هەموومان لە دارستانەکانی توژەڵە بووین، ئەوکاتە دەنگۆکانی هەردوو چەمکی کوردستانچێتی و عێراقچێتی دەستی پێکردبوو، من لە بەرەی دووەمیان ئەژمارکرابووم، هۆکاری ئەو وشەیە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئێمە پێمان وابوو چینی کرێکاری کورد و عەرەب هەردوو چەوساوەن و جیاوازییان نییە، پێویستە

پێکەوە خەبات بکەن، لەبەرئەوە ناویان ناین عێراقچی، هەروەها ئەو ڕەوتە دژی شەڕی ناوخۆش بووین.

سەرەتای کاری پزیشکی من دەگەڕێتەوە بۆ چوونم بۆ نەخۆشخانەکەی قوڵەهەرمێ کە لە نێوان شێنێ و زەڵێ بوو، ئەوانەی لەوێ بوون بریتی بوون لە: د. هەژار عوسمان، د. فائق گوڵپی، د. شاخەوان، د. سەروار، هەڤاڵ بەیان و هەڤاڵ حەمەئاوات. ئەوکاتە کۆمەڵێك تەکنیککار و ئەندازیاری ئەڵمانی لە سەرکردایەتی بوون بە دیل گیرابوون، دواتر بە ڕێکەوتنێك بە ڕێگەی ئێراندا لە بەرامبەر پێداویستی چەك و پزیشکیدا ئازاد کران، ئەمە نەخۆشخانەکەی بووژاندەوە، لەوانە ئامێرێکی پێشکەوتووی تیشك، کە شاشەیەکی پێوە بوو ڕاستەوخۆ نەخۆش دەیتوانی ئەو شوێنەی ببینێت کە تیشکمان بۆ دەگرت، هەڤاڵ حەمەئاوات سەرپەرشتی دەکرد.

ئەو نەخۆشخانەیە بووبوو بە قیبلەگاهی خەڵکی ئەو سنوورە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێدەکرد، بەشێکی خەڵکی تیشکگرتن بە چارەسەر تێگەیشتبوون، زۆرێك دەهاتن هیچیان نەبوو، کەچی داوایان دەکرد تیشکیان بۆ بگرین، هاوکات دەستکەوتنی فیلمی تیشك بۆ پێشمەرگە ئاسان نەبوو، لە بازاڕیش نەبوو، ناچار دەستمان پێوە دەگرت، کاتێك خەڵکانێك دەهاتن و دەمانزانی کێشەیان نییە، ئێمە تیشکە کۆنەکانمان لە لایەکی دیکەوە دانابوو، کاتێك نکۆڵی دەکرد، ئێمەش دەمان خستە بەر تیشکەکە کە هەڵمان دەسان، لە بری ئەوەی تیشکی بۆ بگرین، دانەیەك لە تیشکە کۆنەکانمان پێدەدا، پزیشکیش بە سیناریۆیەك تەماشای دەکرد و دەیگوت هیچت نییە، ئیدی ڕاستەوخۆ لە ڕووی دەروونییەوە کەسەکە باش دەبوو، ئێمەش دڵنیا بووین کە هۆکارەکەی تەنها ڕاڕاییە، ئەمەمان لەبەرئەوە دەکرد تا کەسەکە بە دڵی شکاوەوە نەڕوات.

ساڵی ١٩٨٢ بەفرێکی زۆر باری، ئێمە لوولەی زۆپاکەمان دوو مەتر زیاتر درێژ کردەوە، شوێنی نەخۆشخانەکەش چاڵ بوو، هەموو بەیانییەك ناچار زیاد لە مەترێك بەفرمان لەسەر ڕێگەی چوونە دەرەوە لادەدا.

لەوێ ماوەیەك پزیشکێکمان بۆ هات بە ناوی فوئاد تاڵەبانی لە ئەڵمانیاوە هاتبووەوە، حکومەت ناردبووی بۆ کوشتنی چەندین بەرپرسی ی.ن.ك، بەڵام خۆی ئاشکرا کرد و دانی بەوەدا نا، ئیدی لێی خۆش بوون، دواتر بوو بە سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەکە، هەروەها حەوت کچ لە بەغداد خوێندکاری بەشی جیاجیا بوون لە ڕێکخستنەکانی هەڵۆی سووردا بەشداربوون لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە ئاشکرا بوون، هاتنە ناو شۆڕش و بوون بە پێشمەرگە، ئەوان لە ژن و کچە یەکەمینەکانی ناو شۆڕش بوون، هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا پێشنیاری بۆ کردن لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی هاوسەرگیری بکەن، ئەوان زۆریان پێ ناخۆش بوو، گوتیان ئێمە لە بەغدادەوە بۆ هاوسەرگیری نەهاتووین، ئیدی ناردیانن بۆ لای ئێمە بۆ نەخۆشخانەکە.

مامەڵەی د. فوئاد لەگەڵ کادیرانی پزیشکیدا خراپ بوو، هاوڕێیانە مامەڵەی نەدەکرد، ڕای خۆی بەسەردا دەسەپاندین، تەنانەت من لەگەڵیدا بوو بە کێشەمان و کێشەکەمان گەورە بووەوە، تووشی پێکدادان بووم لەگەڵیدا و لەسەر ئەوە سزادرام.

لە چالاکییەکی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا لە ناو شاردا، پێشمەرگەیەك بریندار بوو، هێنایان بۆ لای ئێمە لە خوار ئانیشکییەوە دەستیمان بڕییەوە، هەرچەندە من پێشتر ئەزموونی پزیشکیم نەبوو، بەڵام بەشداری ئەو کارانە دەبووم، هاوکات ئێمە پێویستی تەواوی سڕکردنمان نەبوو مۆرفین بەکاردەهێنرا، لە ڕووداوێکی دیکەدا لەگەڵ دکتۆر شوان و ملازم عومەردا قاچی هەڤاڵ حەمەی فەرەجمان بڕییەوە، لە شەڕێکی دیکەدا هەڤاڵ مام ڕۆستەم بریندار بوو، فیشەکێك بەر ئەژنۆی کەوتبوو، لە ناو ئەژنۆیدا مابووەوە، ئازارێکی تاقەتپڕوکێنی هەبوو، هەوڵی تەواومان دا بۆ ئەوەی نەبڕدرێتەوە، کێشەمان پێداویستی

تەواوی ئەو جۆرە کارانە بوو، هەموو هەوڵێکماندا و فیشەکەکمان دەرهێنا، هێندەی ئازار هەبوو بەجۆرێك دڵی وەستا، تەواوی کارەکانی هەناسەدانی دەستکردمان بۆ کرد، سوودی نەبوو، ناچار دەمان کێشا بە زەویدا، وەك ئەوەی شەڕ لەگەڵ کەسێك بکەیت بە دوو بۆ سێ کەس بە بۆکس دەمان کێشا بە سنگیدا، تا لە ناکاو بە شێوەیەیەکی چاوەڕواننەکراو دڵی کەوتەوە لێدان، بیرمە د. فوئاد تاڵەبانی ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لەو کارەدا.

دواتر شەڕ لەگەڵ ئێران ڕوویدا، هێزێك لەلایەن سەرکردایەتییەوە نێردرا کە زۆرینەی ڕەهای هێزەکە خەڵکی خۆشناوەتی بوون، بەفەرماندەیی هەڤاڵ حەسەن کوێستانی، گەواهی ئەوەی بۆ دەدەم کە فەرماندەیەکی زۆر ئازا بوو، لە هەموو شوێنێکی شەڕەکاندا بەشدار بوو، لە هیچ نەگەڕایەوە و سڵی نەدەکردەوە، من وەك پزیشکی ئەو هێزە دیاریکرام، لە قەندیلەوە بۆ بەری خانە سەرکەوتین، کاری ئەو هێزەی ئێمە ڕزگارکردنی هەڤاڵ عەبدولڕەحمان قاسملۆ بوو، لە ئاڵوەتانەوە و دوای شەڕی قەبری حسێن لە چەمێك پەڕینەوە بۆ ئێران، سوپای ئێران بە تۆپی سەد و شەش کە لەسەر ئۆتۆمبێلی جێب جێگیر کرابوو دەستی کرد بە تۆپبارانکردنمان و دۆخی خراپ کردین، لە چەمێکدا کە ئاوێکی تەنکی پێدا دەڕۆیشت لە ترسی تۆپ هەموو لە پەنا گابەردەکاندا خۆمان حەشاردا، تۆپباران بەردەوام بوو، تەماشام کرد ئەو ئاوەی کە بە بەردەممماندا دەڕۆیشت ڕەنگی سوور بووە، زانیم بریندراری سەختمان هەیە، پێشمەرگەکان هاواریان کرد دکتۆر فریامان بکەوە سەرکەوت بریندارە، لەلایەکی دیکەوە هاواریان کرد فریامان بکەوە کاکۆ بریندارە.

لێرەدا ئەو ڕاستیە دەڵێم لە شەڕدا هیچ هۆکارێك بۆ پاراستنی پزیشك نامێنێتەوە، ئەگەر بیەوێت کارەکەی خۆی بەدڵسۆزی بکات، چونکە پێویستە پزیشك بیر لە خۆپاراستن و خۆحەشاردان نەکاتەوە و فریای ئەوانی دیکە بکەوێت، بەمەش مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانی، هەڤاڵ سەرکەوت کە بریندار بوو نزیکەی پەنجا مەترێك لە سەرووی منەوە بوو هەرچۆنێك بوو خۆم پێگەیاند و بینیم لاقی لە خوار ڕانییەوە لێ بووەتەوە و بەس

پێستەکەی پێوە ماوە، دیاربوو پارچە تۆپێك لە ڕانی سەرکەوت و دارێکی دابوو تەواوی دارەکەی بڕیبووەوە، ئیدی بە جامانەکەی خۆم و هی برینداراکە قاچیم پێچا، وەستانی خوێنی ئەو دەمارە سەرەکییانە ئەگەر لە نەخۆشخانەدا نەبێت کارێکی ئەستەمە، ئیدی هاوارم بۆ پێشمەرگەکان کرد جامانەم بۆ فڕێ بدەن تا زیاتر بیبەستم، بە سێ بۆ چوار جامانە هەتا هێزم تێدا بوو بەستم، کەچی هەر خوێنی نەدەوەستایەوە، چارم نەما ئەوە نەبێت لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا گۆرانی (یاحلاوة الدنیا)ی ئوم کەلسومی بۆ بڵێم، تا گیانێکی خۆڕاگرانەی پێ ببەخشم، دەستی بەتوندی گرتبووم دەیگوت دکتۆر گیان مەهێڵە بمرم، بەوە دڵنیابوومەوە کە شەهید دەبێت و هێدی هێدی دەستی شل بوو تا دەستی بەردام و شەهید بوو.

دوای ئەوەی شەهید سەرکەوتم بەجێهێشت، بەرەو لای کاکۆ چووم، تا بیرمە لێپرسراوی کەرتێك هاواری لە پێشمەرگەکان کرد وەرنە دەرەوە، ئیدی تۆپبارانەکە بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، کاکۆ دۆخی خراپ بوو داوای کرد بە تەنها بچم بۆ لای، تێگەیشتم دۆخی خراپە و نایەوێت کەس بە لاوازی بیبینێت، ئیدی هاواری چەند جامانەیەکم کرد و بەرەو لای چووم، لێمەوە دیارنەبوو، بەڕێگاوە قسەم لەگەڵ دەکرد دەم گوت لە کوێی؟ گوتی لەسەر ئاوەکەم، گوتم خۆت بخەرە ئاوەکەوە، گەیشتمە سەری سمتی بریندار بوو، بە چەند جامانەیەك بەستم، بیرمە ئەو جامانانەمان لێکردەوە کە ڕانی شەهید سەرکەوتم پێ بەستبوو، جگە لە دەرزی B12 هیچ دەرمانێکم پێ نەما، چونکە ڕەنگی سوور بوو، پێشمەرگە دڵیان پێ خۆش بوو، ئەو دەرزییەم بۆیان بەکاردەهێنا، وەك یارمەتیدانێك بۆ زیادکردنی خوێن دەیانبینی، من خۆشم هەر وام پێدەگوتن، ئەوانیش لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە دەبوون، لە کاتێکدا بۆ ئەو دۆخانە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، لە شوێنێك گەمارۆدراین، پێویست بوو من ئەو برینانە بدوورمەوە، هەروەها گوێزەرەوەیان بە داری بەڕوو بۆ دروست بکەین و بە شان تا شوێنی مەبەست هەڵیان بگرین.

هاوکات لە پشتی شاخێکی نزیك لە ئێمە لە گوندێکدا کۆمەڵێك فەرەنسی سەر بە پزیشکانی بێ سنوور بوون نیشتەجێبوون، کاری خۆبەخشییان دەکرد، هەندێك جار ئێمە بریندارمان بۆ دەناردن، ئیدی هەڤاڵ کاکۆ دۆخی باشتر بوو، لەلایەکی دیکەوە بریندارەکانی (ح.د.ك)یش دەهاتنە لای ئێمە.

کە پێشمەرگەی بریندار دەهات هاوەڵەکەی زۆر تکا و فشاری لێدەکردم، کە فریای بکەوم و نەمرێت، لە کاتێکدا دۆخی زۆرینەی ئەو بریندارانە ئاسایی بوو، هەروەها بریندارەکە بە بینینی خوێنی خۆشی دەترسا، چونکە ئەگەر مرۆڤ بوتڵێك خوێنی خۆی لەبەرچاوی لێ بڕوات وادەزانێت خوێنی تێدا نەماوە، لە کاتێکدا بوتڵێك خوێن بۆ مرۆڤێکی ئاسایی زۆر نییە، ئەو بریندارانەی فیشەك بەریان کەوتبوو، پێویست بوو دوای پاکردنەوە بیان دوورمەوە، ئەوەی لە ناوەوە تووشی خوێنبەربوون دەبوو، نەدەبوو بیدوورمەوە، بەڵام من بەهۆی ترسی بریندارەکە و فشاری هاوەڵەکەی دەم دوورییەوە، دواتر دەم نارد بۆ لای پزیشکانی بێ سنوور، ئاگادارم دەکردن پێویستە لە ماوەی نیو بۆ یەك کاتژمێر بیگەیەنن بە پزیشکانی بێ سنوور، بەلای ئەوانەوە من کارێکی هەڵەم بۆ بریندارەکان کردووە، تا پەیامیان نارد کە ئەم کەسە کێیە با ئەم بریندارانە نەدوورێتەوە.

لێرەدا ئەوە دەڵێم بینینی خوێنی خۆت کە بریندار دەبووی، دۆخێکی خراپی سایکۆلۆژیت بۆ دروست دەکات، کە مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە، پێشمەرگە هەبووە خوێنی خۆی بینیوە بووراوەتەوە، کەچی بە گژ دەبابەشدا دەچووەوە، ئەمە پەیوەندی بە ئازایەتی و ترسنۆکییەوە نییە، ئەوەی هەیە لە سەربازییدا ڕاهێنان و ڕانەهێنراوییە، ئەزموون و بێ ئەزموونییە، لە هەموو دونیادا سەرباز ڕاهێنانی پێ دەکرێت، کاتێك دەچێتە شەڕەوە ئازا دەبێت، ئەگەر کەسێکیش کتوپڕ بخرێتە شەڕەوە شۆك دەبێت،

نزیکەی ٤٥ ڕۆژ ڕێگای دەربازبوونمان نەما، لە هەفتەی دووەمدا کۆڵەپشتەکەم کە بە پڕ دەرمانەوە هێنابووم هیچی تیا نەما، شوێنێکی زۆر سەخت بوو، هەرچەندە ئەرکەکەمان

جێبەجێ کرد کە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی هەڤاڵ قاسملۆ و ناردنی بۆ سەرکردایەتی، ئیدی ئێمە کەوتینە ناو هێزی ئاوارەی (ح.د.ك)ەوە کە سەید ڕەسووڵی بابی گەورە فەرماندەیی دەکرد، لەو ماوەیەوە تەنها ڕێگای نێوان بانە و سەردەشت مابوو لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت، کە تەواوی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی تێدابوو.

لێرەدا بۆچوونی خۆم لەسەر ئەو پرسە دەردەبڕم، کە بۆچی ئێمە چووین بۆ بەشداری لەو شەڕە لە دژی ئێران؟ ئەویش ئەوەیە: ئێمە لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیمان باش بوو، کە شەڕەکە ڕوویدا ئێرانیش بەلایەوە سەیر بوو، سیاسەتی (ی.ن.ك) لەو کاتەدا بریتی بوو لە شەڕ و دانوستان بە دوای یەکدا، چونکە هەمیشە ئەوەی وەکو تاکتیکێك بۆ خۆبەهێزکردنەوە و هەڵسانەوە و خۆپڕچەککردنەوە بەکاردەهێنا، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ی.ن.ك فریای ح.د.ك کەوت و هەڤاڵ عەبدولڕەحمان قاسملۆی ڕزگارکرد، هاوکات حکومەتی عێراقی لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ ئێراندا، (ی.ن.ك) ویستی دانوستان ئەنجام بدات، سەدام گوتی ئێمە لەگەڵ (ی.ن.ك) وەك هێزێکی نیشتیمانی گفتوگۆ دەکەین، نەك وەك هێزێکی نا عێراقی، ئێستا (ی.ن.ك)، لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکانتان لە باشیدایە، بۆیە ئێمە دانوستان ئەنجام نادەین، ناچار (ی.ن.ك) ئەو شەڕەی لە دژی ئێران وەکو تاکتیکێك بۆ خۆبەهێزکردنەوە و ڕزگارکردنی قاسملۆ ئەنجامدا، تا حکومەتی عێراق ناچار بە هەندێك دانپێدانان بکات، هەر ئەوەش بوو لە ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ دانوستان کرا.

لەو شەڕەدا هێزی (ح.د.ك) بە ناو حکومەتی بەعسدا هات بۆ ئەلۆەتان بۆ یارمەتیدانی ئێمە، واتە هێزی عێراقی ئاگاداری ئەو شەڕە بوو، هێزی ئێمە نزیکەی هەزار پێشمەرگە دەبووین، بە ڕۆژ شەڕمان دەکرد و بە شەو دەکشاینەوە، بەرامبەر هێزێکی عەقیدەیی و شەڕێکی بەرەیی کە تێیدا حکومەتی ئێران بە بەردەوامی هەلیکۆپتەری کۆبرا و تۆپی (١٧٠ ملم و ١٧٥ ملم)ی بەکاردەهێنا، بە جۆرێك ١٧ شەهیدمان دا، ئەوەی جێی داخە سەید

ڕەسووڵی بابی گەورە ناپاکی لێ دەکردین، چونکە ئێمە بە پیاوی حکومەتی بەعسمان دەزانی، هەر واش بوو، لەبەرئەوەی چەند جارێك بە هێزەکانی ئێمەی دەگوت بچن لەسەر فلان شاخ و گرد و بەرزی خاڵی پاسەوانی دابنێن کە هێزەکەی ئێمە دەچوو، دەمان بینی هێزی ئێرانی لەو شوێنەیە، واتە دەیویست بە کوشتنمان بدات، تا بۆمان ڕوون بووەوە، ئیدی پێوەی پابەند نەبووین، تەنانەت هەڤاڵ قاسملۆش لەم پرسە ئاگادارکرایەوە و گوتی، دەزانم وایە، بەڵام ئێستا ئێمە لە شەڕداین و ئەویش فەرماندەیەکە، بۆیە ئێستا ناتوانم دەستی بۆ بەرم، لەلایەکی دیکەوە سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لەلایەن (پ.د.ك)یشەوە خوازراو نەبوو، چونکە بانگەشەی ئەوە دەکرا کە گۆڕی مەلا مستەفای هەڵداوەتەوە.

هەرچی لایەنی پزیشکی (ح.د.ك)ە، لەو شەڕە کچێك کادیری تەندروستیی هێزی ئەوان بوو، خوودی سەید ڕەسووڵی بابی گەورە خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و لە کاتی گفتوگۆدا زۆر جار دەیشکاند، کە بەلای ئێمەوە جێگەی نیگەرانی بوو.

بەمشێوەیە شەڕ بەردەوام بوو تا هێزی هەوشاری (ح.د.ك) گەیشتنە لامان، کە خەڵکی ناوچەی هەوشار بوون، وەك پێشمەرگەکانی ناوچەی گەرمیانی ئێمە وابوون، ناوچەی دەشت و تەخت وا لە مرۆڤ دەکات ئازاتر بێت، مامە ڕیشە و هاوڕێکانی لە شوێنی تەختدا داستانیان تۆمار کردووە، نەبوونی شوێنی خۆشاردنەوە مرۆڤ ناچار بە ئازایەتی دەکات، لێرەدا ئەوە دەڵێم کە ئێمە لە شوێنی خۆمانەوە بەڕێ کەوتین مانگی ١٠ بوو کەشوهەوا ئاسایی بوو بەجۆرێك هەبوو ڕانکوچۆغەی لەبەربوو، کەچی لە لە کۆتاییدا گەیشتین بە بەفر، هاوکات بێ خواردن و خۆراك و دەرمان ماینەوە، دواتر بەشێکی هێزەکەمان لە ئەڵۆتان قەمسەڵەیان پێ گەیشتبوو، بەڵام ئێمە گەمارۆدراوبووین، هیچمان پێ نەگەیشت، دێهاتەکانیش نەمابوون، بە نانەسکی دەژیاین، لەو گوندەی کە شەهید سەرکەوتمان ناشت، لە تەنەکەیەکدا هەندێك پەنیرمان دۆزیەوە، هەر یەکە و هێندەی مشتێکمان بەرکەوت، نزیکەی ١٨ ڕۆژی سەرەتای هەر ئەوەمان پێ بوو پێی ژیاین، لە کۆتاییدا لە ئاوێکی قووڵی

چەمێکی سەرشێت پەڕینەوە، پێش پەڕینەوە جلەکانمان داکەند و بەسەرمانەوە بەستمان و قۆڵمان کرد بە قۆڵی یەکدا و بە ڕووتی لە ئاوەکەماندا بۆ ئەوەی کە پەڕینـەوە جلـی وشـك لەبەر بکەین، چونکە کەشوهەوا هێندە سارد بوو، بە کەڵکی ئەوە نەدەهات جلی تـەڕ لەبـەر بکرێت، کە چووینە ئەوبـەر هێنـدە سـەرمامان بـوو باوەشمـان لەیـەك دەدا بـۆ ئـەوەی ڕەق نەبینـەوە تـا جلـەکان لەبـەر دەکـەین، ئەمـەش بیرۆکـەی کەسـە بـە ئەزموونـەکانمان بـوو، هەرچەندە پێشمەرگەیەکمان لە سەرەتادا بە مەبەستی گەیاندنی حەبل بۆ ئەوبەری ئاوەکە تا ئێمە پێی بپەڕینەوە، کەچی بەداخەوە ئاو بردی و هەر نەدۆزرایەوە.

کە گەڕاینەوە سەرکردایەتی، هەڤاڵ حەسەن کوێستانی، بۆ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفای گێڕایەوە کە من چیم کردووە داوای کرد مەدالیای ئازایـەتیم پـێ بـدات، هـەڤاڵ نەوشـیروان گوتی دەزانم کە وایە، بەڵام ناکرێت، هەرچەنـدە تـا ئـەو کاتـە دوو جـار هەڕەشـەی کوشـتنی لەسـەر بابـەتی عێراقچـێتی لـە مـن کردبـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەڵکی ئـازای خۆشدەویست، واتە ئەو کەسەی خۆش دەویست کە لـە بەرامبـەری دەوەسـتایەوە و ستایشـی نـەدەکرد، ئیـدی هـەڤاڵ نەوشیروان گـوتی دەیـان پێشـمەرگەی دیکـەی ئـازا هەیـە، ناکرێـت جیاوازییان بکەین، بەڵام تفەنگێکی بـە دیـاری پـێ بەخشـیم، مـن خۆشـم داوام کردبـوو کـە بچمە ئەو هێزەوە تا نـەڵێن ئێوە عێراقچین و شەڕ ناکـەن، بۆیـە تاکـە پێشـمەرگەی خـەڵکی سلێمانی لەو هێزە من بووم، دوای ئەوە من لە سەرکردایەتی نەمامەوە.

لەسەر ئەو کێشەیەی نێوانمان د. فوئاد چوو بوو سکاڵای لەسەر تۆمار کردبووم، لەسەر ئەوە بڕیاری گواسـتنەوەم لەلایـەن دکتـۆر خـدرەوە بـۆ بلـەکێ دەرچـوو، لـە کاتێکـدا بلـەکێ چۆڵکرابوو، واتـە ئەمـە وەك بـە کوشـتدان وابـوو، بۆیـە چوومە لای هـەڤاڵ نەوشـیروان و بابەتەکەم بۆ باس کرد و بڕیاری گواستنەوەکەم پیشاندا، ئـەویش نامەکـەی پارچـە پارچـە کرد، من هەرگیز ئەو هەڵوێستەیم لە بیر ناچێتەوە، کە ژیانی ڕزگار کـردم، گـوتی لێـرە لای من بمێنەرەوە، هەم لە ژێر چاودێری مندایت و ئەوەنـدە قسـە ناکـەیت، هـەم ڕۆژی دوو بـۆ

سێ جار بە بەردەم دکتۆر خدردا هاتوچۆ بکە، ئەگەر گوتی بۆ ناڕۆیت؟ بڵێ نەوشیروان ناهێڵێت! دواتر لەبەر ئەو هەڵوێستە کێشەی فکریم لەگەڵ هەڤاڵ نەوشیروان کاڵ بووەوە و کەمتر باسم دەکرد، لەلایەکی دیکەوە وەکو میوان وابووم و پاسەوانیشم نەدەگرت.

ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم ڕۆژێك هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا داوای لێکردم بچم لە ناو شاری سلێمانی دەرمان پەیدا بکەم و هێرش بکەمە سەر دەرمانخانەیەك، منیش گوتم بەسەرچاو، ئەو گوتی دەبێت بچی لە فلان دەرمانخانە ئەو کارە بکەیت، شوێنی ئەو دەرمانخانەیەش کۆتایی شەقامی ئۆرزدی (گۆران) بوو، گوتم ئەوە جەنجاڵترین شوێنی شارە چۆن دەبێت! گوتی دەبێت، دواتر زانیم ئەو دەرمانخانەیە هی کچێکە، کە خوشکی بەرپرسێکی پێشمەرگەیە و لەگەڵ هەڤاڵ نەوشیروان ناکۆکی هەیە، مەبەستێتی ئەگەر چالاکییەکە سەرکەوتوو بوو لە ڕووی دەروونییەوە ئەو کەسە ئازار بدات، ئەگەر شکستیشی هێنا ئەوە من لە ناو دەچم کە ناکۆکم لەگەڵی، ئەمە یەکێك بوو لە تاکتیکەکانی ئەو، واتە (پیلانگێڕی)، کە زۆر کاری لەسەر دەکرد، بابەتی تۆڵەی زۆر لا گرنگ بوو، هەر ئەوەش بوو وای لە دەوروبەرەکەی دەکرد لێی بترسن، لەسەر ئەو ناکۆکییە فیکرییانە هاوڕێیەکم پێی گوتم هەڤاڵ نەوشیروان گوتویەتی ئێمە لەسەر فیکر خەڵکمان لە هەموو حیزبەکان کوشتووە، ئامادەین لە هی خۆشمان بکوژین، واتە نەدەبوو ناکۆکی بیت لەگەڵی، تاکە هێزێك کە ڕای گرتبوو کەسایەتی هەڤاڵ مام جەلال بوو.

دواتر لەگەڵ هەڤاڵان: مامۆستا پشکۆ نەجمەدین، عومەر شێرەمەڕی، حەمەئاوات و دکتۆر قادردا چووین بۆ سنووری شارباژێر، لەوێ بارەگامان دانا و دەستمان بە جەولە کرد، لەو ماوەیە پێشمەرگەیەکمان برینداربووبوو، هێندەی دەنکە نۆکێك مۆخی سەری لە نێوچەوانییەوە هاتبووە دەرەوە، بۆ ئێمە کارێکی قورس بوو، پرسمان بە چەندین پزیشك کرد گوتیان ئەوە مۆخە نابێت دەستی لێ بدرێت، بۆ چەندین مانگ بۆمان پێچا و تیمارمان دەکرد، لەوە دەچوو تۆڕی دەوری مۆخی بێت، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبوو.

هەر لە پەڕەزان لە نەخۆشخانەی شەهید د. نەبەز بووین ڕۆژێك لە كاتی گواستنەوەی مەفرەزەیەك بە تراكتۆر پێشمەرگەیەك لە دەرگای عارەبانەی تراكتۆرەكەوە بە پشتا كەوتبووە خوارەوە زۆر بە ڕێكەوت بەردێكی تیژ لە كونی كۆمی چەقی بوو، بەجۆرێك ماسولكەی كۆمی دڕاندبوو، هێنایان لەوێ د. هەژار و د. قادر زۆر خزمەتیان كرد، بۆ ماوەیەكی شەش مانگ تیمارم كرد، دەبوو خواردنی تایبەت بخوات تا بۆ پیسایی كێشەی بۆ دروست نەكات، بە هیچ شێوەیەك نەدەبوو تووشی قەبزی ببێت، ڕۆژی دوو جار پاكمان دەكردەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەسەر دەم پاڵ كەوتبوو، لە ڕاستیدا گرانترین دۆخی نەخۆش لایەنە دەروونییەكەیەتی، پێش هەموو شت پێویستە پزیشك خۆی بكات بە هاوڕێی بریندار یا نەخۆشەكە.

لەلایەكی دیكەوە پێشمەرگەیەكی دیكەمان هەبوو بە ناوی جیهانی وەستا حەسەن كە (سەرعی) هەبوو، ڕێنمایی هاوڕێكانیم كرد لە كاتی ئەو دۆخە پێویستە بیخەنە سەر لا تا كێشەی هەناسەدانی نەمێنێت، دواتر كە خەبەری دەبێتەوە نابێت لە چواردەوری بن تا تەریق نەبێتەوە و خراپتر نەبێت، بەداخەوە دواتر خۆی كوشت.

لە ساڵی ١٩٨٣ بارەگامان بردە كانی پانكە، دوای ماوەیەك چوومە نەخۆشخانەی سەرگەڵوو، دواتر سەركردایەتی چووە كانی توو، من چوومە مەرگە، ساتی دروستبوونی ئاڵای شۆڕش بوو، بەڵام من بەشداریان نەبووم، لە مەرگە خەڵكی گوندێك گوێیان قورس بوو واتە كەمبیست بوون، بەڕێكەوت ڕۆژێك گوێی كەسێكیانم پاككردەوە نزیكەی هێندەی یەك هەڵمات قیر لە گوێیدا بوو، گوتم ئەوە بۆ وایت؟ گوتی لە كارگەی قیردا كار دەكەم، گوتم چەند كەسن ئیدی بۆی باس كردم و دواتر هەموو هاتنە نەخۆشخانەكە هەموویانم چارەسەر كرد و كێشەی كەم بیستنیان نەما.

ڕۆژێك ڕژێم تۆپبارانی كردین، بە جۆرێك هەندێك جار داروپەردووی نەخۆشخانەكە دەكەوت بەسەرماندا، بریندارمان زۆر بوو، چارەسەرمان دەكردن، یەك لەوان

پێشمەرگەیەك بوو، پارچە لە سکی دابوو، بە توندوتۆڵی و تۆکمەییەکەی دیار بوو گەرمیانی بوو، جگە لەوەش بە ستایلی جلوبەرگ جیامان دەکردەوە، ئێمە نەمان دەهێشت بریندار هاوەڵی لەگەڵ بێت، بەڵام هاوەڵی ئەو پێشمەرگەیە نەچووە دەرەوە، کە کوڕێکی باڵابەرزی تۆکمە بوو هەموو گیانی خوێن بوو، مزەلییەکی پێ بوو دەگریا، دیار بوو کەسی نزیکی بوو، کە کراسی بریندارەکەمان داکەند و خوێنەکەیمان پاککردەوە و تیشووی برینەکەیمان بە چەقۆ بڕی لەو چرکە ساتەدا هاوەڵەکەی بە بینینی ئەوە ڕاستەوخۆ بوورایەوە، مەبەستم ئەوەیە بابەتی خوێن پەیوەندی بە ئازایەتییەوە نییە، ئیدی دووانی دیکەمان چووین سەرقاڵی ئەو بووین.

لەو ساتانەدا هەواڵێکی بەپەلەمان بۆ هات کە هەڤاڵ حەمەی فەرەج بەرکەوتووە، بە برینداری بردبوویان لە گوندێك دایان نابوو، من، د. شوان، د. خالید و ملازم عومەر چووینە سەری، برینەکەی سەخت بوو، بڕیاردرا قاچی ببڕینەوە، بە مشاری ئاسنبڕ و بە مۆرفین لە بری سڕکەر بە سەرپەرشتی د. شوان بڕیمانەوە، د. شوان گوتی بیگەیەننە ئێران لەوێش جارێکی دیکە لەسەرووی ئەو شوێنەی ئێمە بڕی بوومانەوە بۆیان بڕی بووەوە، دواتر نێردرا بۆ ئەوروپا و قاچی دەستکردیان بۆ دانا.

دواتر کێشەی سیاسییم بۆ دروست بوو، گومانی ئەوەشم لەسەر دروست بوو لە ئاڵای شۆڕش نزیك بووم، هاوکات مەفرەزەیەکی کەسوکار و هاوڕێی خۆم لەگەڵ بوون، بڕیارمدا بچینە زێوێ نەخۆشخانەیەك بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بکەینەوە، هەڤاڵ نەبەز سەرتیپ بوو، هەڤاڵ ئاراسی حەمەلاو ئامر کەرت بوو، هەڤاڵ نەبەز هەواڵی نەخۆشخانەکەی پێ خۆش بوو، دواتر داوامان لە مەڵبەندی دوو کرد دەرمانمان بۆ بنێرن، ڕۆژێك هەڤاڵ نەبەز بانگی کردم گوتی ئەوە تۆ چیت کردووە وا لە مەڵبەندەوە داوامان دەکەن! دیاربوو ڕاپۆرتێکی هەڵەم لەسەر درابوو، ئاگاشم لە هیچ نەبوو تۆمەتی ساردکردنەوەی پێشمەرگەم لە خەبات درابووە پاڵ، هەڤاڵ نەبەز گوتی من دەچم تۆ بمێنەرەوە، چاوەڕێی وەڵامی من

ببە، ئەو ڕۆیشت، دواتر بڕیارمدا منیش بچم، بە هاوڕێکانم گوت ئێوە مەیەن، ئەگەر من هەرچیم بەسەرهات تەنها خۆتان ڕادەستی ڕژێم مەکەن، بچن لە گوندێك دابنیشن، د. ئاسۆ کە لە مەفرەزەکەی ئێمە بوو ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، لە ڕێگای چوون بۆ گوندێك بۆ ئەوەی دەست جاشەکان نەکەوێت خۆی دەکوژێت، منیش گەیشتمە مەڵبەند بۆ لای هەڤاڵ قادری حاجی عەلی، فەرمانی مەکتەبی سیاسی بوو کە چەك بکرێم، بەڵام زیندانی نەکرێم و لەژێر چاودێریدا بم، سێ تۆمەتم لەسەر بوو یەکەم: گوایە نامەم ناردووە بۆ هەڤاڵ سالار عەزیز بۆ تێکدانی شۆڕش، دووەم: دڵی پێشمەرگەم سارد کردووەتەوە، سێیەم: گوایە مارکسیم، کە هەر سێ تۆمەتەکە ڕاست نەبوو، منیش چەکم پێ بوو، داوایان لێکردم چەکەکەم ڕادەست بکەم، منیش ئامادەییم دەرنەبڕی، چونکە چەککردن دۆخێکی ناخۆشە، هەرچەندە دەیان توانی چەکم بکەن، بەڵام داوایان کرد، منیش قایل نەبووم، گوتم ئەگەر هەر زۆرم لێ دەکەن، دەچم چەکەکەم بە دیاری دەدەم بە د. سەردار، چونکە چەکی خۆمە هی شۆڕش نییە، ئیدی قایل بوون، بەڵام ئاگادار کرام کە نابێت لە سنووری مەڵبەندی دوو بچمە دەرەوە.

لە دەستبەسەریمدا بیستم ئاڵای شۆڕش ڕاگەیەنراوە، خێرا خۆم گەیاندە ئەوان بۆ یاخسەمەر کە نزیکەی حەفتا کەس دەبوون، لەوێوە چووینە شارباژێڕ، بەڵام ی.ن.ك بڕیاری گرتنی ئەو کۆمەڵەیەی دەرکردبوو، نزیکەی دوو سەد چەکداری ی.ن.ك، هەمیشە دوور و نزیك بە دووی ئەو هێزەوە بوون، ئێمەش بە هەڤاڵ مەلا بەختیارمان گوت ئەو هێزە بە دووی ئێمەوە، وا دیارە نیازیان خراپە با بچین گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، تووڕە بوو گوتی ئێوە نازانن ئەوە بۆیە نێردراون، چونکە حکومەت زانیویەتی ئێمە جیابووینەتەوە نەوەك هێرش بکەنە سەرمان، گوتمان هێرشی چی؟ ئێمە حەفتا کەسین، لە کوێ حکومەت دەتوانێت هێرش بکاتە سەرمان، ئێمە جاری وا هەبووە بە دە بۆ پازدە پێشمەرگەوە هێزێکی گەورەی حکومەتمان کشاندووەتەوە، من وەك خۆم مەبەستم ئەوە

بوو بچمە ئەوبەر و بگەینە قەراغ، ئیدی گەیشتینە گوندی تەکیە و گوتم من دەڕۆم، پێیان ناخۆش بوو، گوتم خۆ من ئاڵای شۆڕش نیم، بەس لەگەڵتان هاتووم و دەچم لە خاوێ دادەنیشم، کە من چووم، بۆ نزیکی ئێوارە هەموو ئەو هێزەی ئاڵای شۆڕش دەستگیرکرابوون.

ئیدی من کەمێك ترسم نەما بە خۆمم گوت بەهۆی ئەو دۆخەوە ناپەرژێنە سەر من، ئەو کات هەڤاڵ ئازادی سەگرمە سەرتیپ بوو، من لە گوندی دەرەویان بووم، بەلامدا تێپەڕی، بینیمی، دابەزی و سووکایەتی و جنێوی زۆری پێدام، چواردەورەکەشی پێیان سەیر بوو، چونکە من و هەڤاڵ ئازاد خەڵکی یەك گەڕەکی شاری سلێمانی بووین، گوتم کاکە بۆ جنێو دەدەی، من هاتووم لە خاوێ لە ژێر دەستی خۆتان دابنیشم، هەر بەردەوام بوو، منیش گوتم من بە تەنهام و چەکم پێ نییە، تۆیش بە یەك کەرتی چەکدارەوە هاتووی، ئێستا من چی لە تۆ بکەم، کە وام گوت، فیشەکی بۆ ڕاکێشام منیش پشتم دایە دارێك کە لە پشتمەوە بوو، گوتم ئێستا دەم کوژێت، ئیدی چەند کەسێك لەوانەی دەوروبەری خۆیان دایە بەر لولەی تفەنگەکەی و نەیان هێشت.

ئیدی نەچووم بۆ خاوێ، چونکە فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردم، گوتی لەم سنووورە ببیت دەتکوژم، هەرچەندە ڕوونم کردەوە کە من ئاڵای شۆڕش نیم، بەڵام سوودی نەبوو، ئیدی چووم لە گوندی سوێراوا خۆم شاردەوە، چەند جارێکیش چوومەوە ناو شاری سلێمانی.

بە درێژایی ژیانی پێشمەرگایەتیم دوو جار بریندار بووم، لە ڕاپەڕینیش جارێك بریندار بووم، جارێکیش زۆر بە خراپی نەخۆش کەوتووم، بەمشێوازە ژیانم گوزەراند تا گەیشتین بە ڕاپەڕین، لە ناو شاری سلێمانی خۆم شاردەوە، فشاری زۆرم لەسەر بوو، واتە لەلایەك لە حکومەت یاساغ بووم، هەم ی.ن.ك چەندین جار بە ڕادیۆ ئاگادارییان بڵاودەکردەوە کە پەیوەندییان پێوە بکەمەوە، ئیدی لە ناو شاری سلێمانی دەستمان بە

ڕێکخستنەکانی چەپ کرد، کۆمیتەکانی ڕاپەڕینمان دروست کرد، لە ڕاپەڕینیشدا لە فولکەی دەستارەکە لە ٧ی مانگ تەقەی یەکەم من کردم، شێخ وەهاب و شێخ عومەری برای و من سێ تفەنگمان پێ بوو، شەست بۆ حەفتا گەنجمان کۆکردەوە، ئێمەش بە سێ چەکدار پێشیان کەوتین، چوار دەوری شاریش تیپەکان هەموو ئامادەکرابوون، حکومەت دەستی لە ئێمە کردەوە، چونکە سێ چەکدار بووین شکاین، دواتر پێشمەرگە گەیشتە ئیبراهیم پاشا و مەجید بەگ و شار تەقییەوە، ئێمە ڕێکخستنی بچوکی چەپی مارکسی بووین لە ناو شاردا، وەکو: (ڕەوتی کۆمۆنیست، یەکێتی خەبات و سەرنجی کرێکار).

خێزانم کە ناوی (شەونم)ە لە ڕاپەڕیندا یەکێك بوو لە ژنە چەکدارەکان، شەوی ٧ لەسەر ٨ی ڕاپەڕین من لە ماڵی خوشکێکی خێزانم بووم، دکتۆر خالیدی برای خێزانم هات بۆ ئەوێ، نزیکەی دە بۆ دوازدە چەکداری لەگەڵ بوو، گوتی هەڵسە خۆت ببەستە دەچین بازگەکەی تانجەرۆ دەگرین، ئیدی بەپێ ڕۆیشتین و هەر لە دوورەوە تەقەمان بەسەردا کردن و گوتمان خۆتان ڕادەست بکەن، ئیدی خۆیان ڕادەست کرد، لە ئەنجامدا چەکێکی زۆرمان هێنا.

لە دوای کۆڕەو و لە ١٩٩١دا چووم بۆ دەرەوەی وڵات، تا ساڵی ٢٠١٠ لە سوید بووم، لە نەوەدەکان لە سوید لە دژی حکومەتی بەعس خۆپیشاندانمان ئەنجام دەدا، لەوێ لەلایەن هەوالگری حکومەتی عێراقەوە بریندار کرام، لە ٢٠١٠ەوە لە سلێمانی دەژیم، لە ساڵی ١٩٨٩ هاوسەرگیریم پێکهێناوە، دوو منداڵم هەیە بە ناوەکانی (ئارا و ئارتین)، لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم: من شانازیی بە تەواوی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیمەوە دەکەم و لە یەك چرکەشی پەشیمان نیم، چونکە حکومەتێکی دیکتاتۆر هەبوو یا دەبوو لەگەڵی بیت، یان دەبوو لە دژی بیت، ئێمە لەوانە بووین لە دژی وەستاین، هەموو هێزێکی سیاسیش لە ناوخۆی خۆیدا ناکۆکی هەیە، ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیشم شەهیدبوون و ناشتنی

هاوڕێکانی خۆمان بوو، تاڵترینیان ساتی ژیانم شەهیدبوونی دکتۆر خالید بوو لە ڕاپەڕیندا لەبەر دەرکی سەرا، ئیدی لەو ساتەوە کەم شت دڵی خۆش کردووم و لە بیرم ناچێتەوە[٦٠].

[٦٠]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەبەز خالید ئەمین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٨.

نوری سەعید محەمەد ئەمین (د. نوری قەرەناوی)

لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی قەرەناوی سەر بە شارەدێی شوانی پارێزگای کەرکووك لەدایك بووە، لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە چووتە شاری کەرکووك لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا نیشتەجێ بووە، خێزاندار بووە، باوکی دە منداڵ بووە سێ کوڕ و حەوت کچ، قوناغەکانی خوێندنی تا پۆلی چواری سەرەتایی لە شارۆچکەی تەقتەقی نزیك گوندەکەی تەواو کردووە، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە چووتە کەرکووك و تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی زانستی لە کەرکووك تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٧–١٩٨٣ لە دەرمانخانە کاری کردووە، خولی برینپێچی بینیوە، لە ١٩٨١–١٩٨٣ وەك یەدەگ لە سەربازیدا و لە شەڕی عێراق–ئێران کاری کردووە، بەهۆی بینین و چارەسەرکردنی نەخۆشی جۆراوجۆر و برینداری سووك و سەختەوە بووە بە پزیشکێکی نەترس و هۆکار بووە بۆ سەرکەوتنی لەو بوارەدا، دواتر لە کارە پزیشکییەکانیدا بە بوێرییەوە، لە سنووری تیپی ٢١ی کەرکووك و ٢٥ی خاڵخاڵان و ناوچەی شێخ بزێنی سەروو بە تایبەت گوندەکانی: (قەسرۆك، گردخەبەر و دیارەختیار ...هتد)، برینداری سەخت و برینی قووڵی چارەسەر کردووە، چەندین نەخۆشی لە مردن و دۆخی گانگرین (بڕینەوە) گەڕاندۆتەوە، بە بڕوانامەی ناوەندییەوە وەك فەرمانبەر دامەزراوە، دواتر لە بواری پزیشکیدا خوێندوویەتی و بووە بە (مضمد).

لە کاری سیاسیدا و لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە کردووە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و لە شۆڕشدا کاری مامۆستایی کردووە، بەڵام دواتر کە زانراوە برینپێچە بە دکتۆر نوری ناوبانگی دەرکردووە، چونکە لەگەڵیدا کاری برینپێچی و چارەسەری نەخۆش و بریندارییی ئەنجام داوە، سنووری

کاری چالاکی بریتی بووە لە هەردوو تیپی ٢١ی کەرکووك و ٢٥ی خاڵخاڵان، وەکو پزیشکی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

لە دانوستانی (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراقیدا و بەهۆی هێمن بوونەوەی دۆخەکە و لە ساڵی ١٩٨٥دا بە هاوکاری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و بە پاڵپشتی ئەنجومەنی گوندی دیارەختیاری شێخ بزێنی سەروو یەکەم خوێندنگە بۆ دکتۆر نوری کراوەتەوە، ئیدی لە دواتردا وەکو فشارێك لەسەر ناوچە ئازادکراوەکان حکومەتی عێراقی بڕیاریداوە خوێندنگەکە دابخات، شایەنی باسە هەنگاوی کردنەوەی خوێندنگە و دانانی دکتۆر نوری بە مامۆستا لەو سنوورە لەسەر پێشنیاری هەڤاڵ (هەڵۆ سەعید)ی برای بووە، بەهۆی زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانی و بچووکی منداڵەکانی لە گوندی قەسرۆکدا لە ناو خوێندنگەکەدا نۆرینگەی کردووەتەوە، بریندار و نەخۆشی پێشمەرگە و ڕێکخستن و هاووڵاتی چارەسەر کردووە، لەلایەن هەردوو تیپی ٢١ و ٢٥ و دکتۆر دڵشاد و شەهید دکتۆر هادی و ڕێکخستنەکان و کەسوکاری لە کەرکووك دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە هەردوو شاری کەرکووك و هەولێر بۆ دابین کراوە، لە کاری پزیشکیدا جێگەی ڕەزامەندی پێشمەرگە و ڕێکخستن و جەماوەری ناوچەکە بووە، بە درێژایی ساڵانی ١٩٨٤ – ئەیلوولی ١٩٨٨ و دوای ئەنفال لە بوارەکەی خۆیدا خزمەتی شۆڕشی کردووە، لە سەروبەندی ڕووداوەکانی ئەنفالدا لەبەر بوونی مەترسی لەسەر ژیانی بۆ ماوەی دوو مانگ خۆی حەشار داوە، لەو کاتەدا دەرمان و چارەسەری زۆری پێ بووە، هەندێکی بۆ دەستەی پێشمەرگەکانی هەڤاڵ (هەڵۆ سەعید)ی برای دابینکردووە[٦١].

---

[٦١]- ژیانی نوری سەعید محەمەد (د. نوری قەرەناوی)، لە هەڵۆ سەعید محەمەد (هەڵۆ قەرەناوی) وەرگیراوە، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١٥.

هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان (د. هاوڕێ)

لە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی ١٩٦١دا لە گەڕەکی جوولەکانی شاری سلێمانی لە ناو خێزانێکی مامناوەندیدا هاتنە ژیانم بۆ ڕەخسا، بۆ ماوەیەکی کەم لە حوجرەکەی ڕەوانشاد (مەلا عەبدوڵلا)ی وتاربێژی مزگەوتی (عەبدوڵلا لوتفی) خوێندم، ئەگەرچی لەبەرئەوەی زوو ئایەتەکانم لەبەر دەکرد و زۆر باش دەمخوێندنەوە و زۆر بەکەمی هەڵەم دەکرد، ڕۆژێك بە نەخۆشی چوومە حوجرەکە، بە بینینم گوتی: کوڕم تۆ نەخۆشی و بڕۆ لە ماڵەوە سێ ڕۆژ لە جێگە بکەوە تا زوو چاکبیتەوە، پاش سێ ڕۆژەکە چوومەوە یەکسەر دەری کردم، منیش ئیتر نەگەڕامەوە.

لە سەرەتای خوێندنی ساڵی ١٩٦٩ لە پۆلی یەکی خوێندنگەی سەرەتایی چوارباخ دەستم بە خوێندن کرد، کە مامۆستایانی نەمر ڕەوانشادان: (شێخ نوری شێخ ڕەزا و محەمەد نوری تۆفیق) بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەربوون، لە مانگی ١٩٧٥/٦ واتە هێشتا تارمایی و بێئومێدی بڕیاری تاکڕەوانەی ئاشبەتاڵی شۆڕشی کورد نەڕەوی بووەوە و کاریگەری زۆر مابوو بەشداری تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی سەرەتاییم کرد و لە خوێندنی ساڵی نوێدا چوومە پۆلی یەك لە خوێندنگەی ناوەندی سیروان لە گەڕەکی چوارباخ، کە قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانم بەخوێندنەوە و ململانێم لەگەڵ ئتیحادییەکان واتە (اتحاد طلبة العراق) سەر بە حیزبی (بعث)ی دەسەڵاتدار کەوتمە سەرەتای ململانێکان.

ئەو کاریگەریانەی لەسەرم هەبوون بریتی بوون لە: مامۆستا عەبدولڕەحمان کە کوردی پێ دەگوتینەوە بە نووسینەوەی دارشتن و ڕاپۆرت نووسین هانی دەدایـن، تا دواتر داوای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کرد هەرکەس بە بژاردەی خۆی، ڕاپۆرتەکەم لەسەر دیوانی هۆنراوەکانی (شێخ لەتیف شێخ محمودی نەمر) لەژێر ناوی (گوڵی وەریو)بوو.

لە ئەنجامی گفتوگۆکانم لەگەڵ هاوڕێکانم، هەبوون دەیان گوت تۆ شیوعیت، منیش ئەوسا پێمخۆش نەبوو دەموت وانییە، تا ئەنجام خۆم بە خۆمم دەگوت با دەست بکەم بە خوێندنەوەیان و ئیدی لەو کاتەوە تا ئێستاش یەکێکم لە باوەڕدارانی تێزی مارکسیزم– لینینیزم ئەگەرچی ئەمڕۆ زۆربەی ڕۆشنبیران بە باو نەماو و شکست خواردووی دادەنێن، بەڵام ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان و عێراق ڕاستیی ئەو تێز و فەلسەفەیە دەسەلمێنێت.

لە پۆلی دووەمی ناوەندیدا پاش ئەوەی لە هۆڵی شانۆیی ئامادەیی سلێمانیی کوڕان ژمارەیەکمان بۆ بەشداریکردن لە شانۆگەرییەکدا بۆ ڤێستڤاڵی ساڵانە تاقیکراینەوە (مەریوان ئیسماعیل، هاوڕێ ئەحمەد محەمەد و ئیکرام سەعید عەبدولڕەحمان) ڕۆڵی سەرەکیمان پێ درا لە شانۆگەریی (تەنگوچەڵەمەی شانۆ) کە چیرۆکێکی چیرۆکنووس ڕەوانشاد (کاکە مەم بۆتانی) بوو مامۆستا (حیکمەت هیندی) کردی بە شانۆ، دواتریش لە چەند کارێکی شانۆیی بەشداریم کرد لەگەڵ مامۆستایان (حیکمەت هندی، ئەحمەد سالار، بورهان جەمال، شەفیق محەمەد، ڕەوانشاد ئاسۆ عومەر سوارە، جەمال، شەماڵ غەمبار و حەمەعەلی خان)، هەر بۆ ئەو مەبەستە بوومە ئەندام لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە گەڕەکی بەرانان کە بە ناوەندێکی سەر بە حیزبی بەعس ناسرابوو، بەڵام لە ڕاستیدا کەسمان بەعسی نەبووین و تا ساڵی ١٩٨٢ کە بەعسی بوون، بووە مەرج وازمانهێنا.

لە قۆناغی ناوەندیدا سەرباری کۆشش و هەوڵ و جێبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژانەی خوێندنگە، زۆرباش و چالاك بووم، بەڵام لە تاقیکردنەوە نووسینییەکاندا باش نەبووم بگرە هەندێ جار لە ئاستی خراپدا بووم، بەتایبەت لە وانەی (بیرکاری و جەبر و ئەندازە)دا، تا لە قۆناغی ئامادەیی کە لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان لە پۆلی چوارەمی گشتی ساڵێك مامەوە و لە پۆلی شەشەمی زانستی خۆم هێشتەوە بەتایبەت بەهۆی هاوڕێی خوێندن و ڕێکخستنی کۆمەڵە ڕەوانشاد (هاوڕێ شەریف عەلی)، پاش ئەوەی لە

خۆپیشاندانەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ پێکەوە بووین لە حەوشەی ئامادەیی لەلایەن تاوانبار و درندە (ملازم موحسین) دەستگیر کرا و بە کێبڵ و شەق ئەشکەنجە دەدرا، تا دوو خوێندکاری تر خۆیان گەیاندە نزیك حەوشەکە بەردیان دەگرتە ملازم محسین و ئەویش کەوتە دوایان، لە هەمان کاتدا من لە پۆلێکدا یەکێك بووم لە دەست بە سەرەکان، دواتر من گەیاندمەوە ماڵەوەیان نەماندەتوانی بیبەینە نەخۆشخانە ڕەوانشادی (مام شەریف)ی باوکی شوفێری گلابە بوو، لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبان بە ناوی (مجهود الحربي) گەیاندییە نەخۆشخانەیەکی شاری بەسرە ١٥ ڕۆژ لەژێر چاودێری پزیشکیدا بوو، نەیتوانی بەشداری تاقیکردنەوە وزارییەکانی پۆلی شەش ببێت. شایەنی باسە ناوبراو لە ١٩٨٦/١١/٣٠ لە شەڕگەی (قەیوان - ماوەت) لە گاپیلۆن لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر گەشمردە بوون.

لەو ساڵانەی قۆناغی ناوەندیدا لەلایەن ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان، جگە لە ك.ڕ.ك، پەیوەندییان پێوە دەکردم، بەمەبەستی بە ئەندام بوون و پەسەندم نەدەکردن.

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی هاوڕێیەکم بە ناوی ساماڵ حەمەڕەشید دانیشتووی سەرچنار پەیوەندیم کرد بە شانەیەکی کەرتی ڕێکخستنی دوکان کە هاوڕێم کاوە رحیم بەرپرسی بوو، لە هەندێ کۆبوونەوە کادیرێکی کەرتەکە کە پێشمەرگە بوو دەهاتە سەرچنار سەرپەرشتی دەکرد، ئەو بەڕێزانە بۆمیان گێڕایەوە کە بەنیاز بوون پەیوەندیم پێوە بکەن، بەڵام هەموو لەو بارەڕەدا بوون کە من پەیوەندیم هەیە و بەرپرسی شانەم.

لە مانگی ١٩٨٠/٤دا لە ڕێگەی گەشمردە هاوڕێ شەریف علی پەیوەندیم کرد بە ڕیزەکانی ڕێکخراوی سلێمانی لە شانەی سەرەکی گەشمردە ڕێبوار ئەحمەد مستەفا بوومە ئەندام بەناوی نهێنی (هاوڕێ هیوا)، دوای چەند قۆناغێك من بوومە بەرپرسی شانەکە ناوەکەم گۆڕدرا بۆ (هاوڕێ ڕێژین) لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد ساڵح (هاوڕێ سەنگەر) ئەندام

پۆل بووین و مامۆستا شێخ عزیز بەرپرسی پۆلی (شەهید خاڵە شیهاب) بوو، دەبوو لە مانگێکدا چوار کۆبوونەوە بە هەر شانەیەك بکرێت، سێ دانیشتن بۆ ڕۆشنبیری و چوارەمیان ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانە، من مانگانە بۆ هەر شانەیەك هەشت کۆبوونەوەم ئەنجام دەدا و بەزۆری لە ماڵی ڕەوانشاد مام ڕەزا کەریم (هاوڕێ ڕیاز) بە (مام ڕەزای زیندان)یش ناوی دەبرا، هەروەها ماڵی خۆمان بە گردی زەرگەتەوە بوو بەرامبەر بە ماڵی ئەمنەکان بووین.

لە خۆپیشاندانەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٢دا لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان و هەردوو گەڕەکی سابوونکەران و مامۆستایان ئەنجامامان ئەدا، لە هەر لایەك پاش بەکارهێنانی چەك و هەموو جۆرەکانی ئامێرەکانی ئەشکەنجەدان و ترس و تۆقان و داپلۆسین سەرکوت ئەکرا، هەر زوو خۆمان دەگەیاندە شوێنێکی دیکە و دەستمان پێ دەکردەوە، نابێ ڕۆڵی ئەو ماڵانەمان لە بیر بچێ کە کەسێکیان لە نزیك ماڵیان دادەنا بۆ شاردنەوەمان و دەیانکردینە خانووەکانیان و دەیان شاردینەوە، بەداخەوە ئەو کاتانە خۆم نەم دەویست ماڵەکان بزانم و بیانناسم، تا ئەگەر دەستگیرکرام لە کاتی ئەشکەنجەدان و وڕێنەی بەدەم خەوەوە نەیدرکێنم.

لە خوێندنی ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد لە پەیمانگای تەندروستیی باڵای پیشەیی سلێمانی وەرگیرام. ساڵی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ بڕوانامەی دبلۆمم وەرگرت و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ لە نەخۆشخانەی ناوەندی شەقڵاوە وەرگیرام، ماوەی مانگێك دەوامم کرد، بەڵام بەهۆی گرژیی دۆخی ڕێکخستنەکانمان لەناو شاری سلێمانی هەوڵێکی زۆرمدا تا گوزرامەوە بۆ تەندروستیی سلێمانی کە د. نیهاد زەنگەنە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی سلێمانی بوو، زۆر داوام لێ کرد لەناو سلێمانیدا، جێگیرم بکات بەڵێنی پێدام مانگێك لە نەخۆشخانەی چوارتا دەوام بکەم، ئەگەر بە دڵم نەبوو کوێم ویست بمنێرێتە ئەوێ.

هەروەها دەڤەری شارباژێر و چوارتاش بووبووە بەرەی جەنگی عێراق –ئێران، لەبەرئەوە کەس پێی خۆش نەبوو بنێردرێتە چوارتا و سنوورەکەی. لە ڕاستیدا لە نەخۆشخانەی ناوەندی چوارتا ئەزموونێکی باش و پێویست بوو بۆ ئەو پیشەیەم کە بە خوێندن و بڕوانامە بوومە خاوەنی، کە شارەزایی گشتیم لێ بەدەستهێنا، ئەگەرچی د. ئاراس ئیسماعیل و د. تاڤگە لەوێ بوون ماوەی خۆیان تەواو کرد گوازرانەوە بۆ ناو شار و دوای ئەوان د. عادل یوسف عەتیە نێردرایە نەخۆشخانەکە، کە خەڵکی میسر بوو، منیش جگە لەوەی بەرپرسی دەرمانخانە و دڵنیایی تەندروستی (تأمین الصحی) بووم زۆر لە نەخۆشەکان بۆ چارەسەر دەهاتنە لام، دەتوانم بڵێم لە ڕووی نەشتەرگەریشەوە سوودی باشم بینی بوو، هەروەها هاوڕێیانم مەحموود ڕەزا و سرووە کە هاوقۆناغ و پەیمانگا بووین بەیەکەوە بووین و شارەزایی زۆرباشمان وەرگرت، بەتایبەت هەڤاڵ مەحموود و من توانیمان کاریگەری لەسەر د. عادل لەمەڕ پرسی کورد و هۆکار و خواستەکانی شۆڕشی کورد بەتایبەت بەهۆی تێکدان و بەسەربازگەکردنی گوندی تەگەران و داستانی (قەیوان - ماوەت) بەجۆرێك کە ڕۆژانە ئەمنەکانی چوارتا سەردانیان دەکرد، زۆر بوێرانە قسەی دەکرد و تا لە پشووی نیوەڕۆیەکدا لە ئەنجامی گفتوگۆکانی زۆر بوێرانە ئەو ئەمنانەی ناچار کرد دان بەو ڕاستییەدا بنێن کەرکووك شارێکی کوردییە و لەبەر پرسی نەوت و ئابوورییەکەی لەشاری کوردبوونیان دابڕیوە، دواتر ڕۆژانی ١٥ و ١٦ و ١٩٨٦/١١/١٧ کرایە مۆڵەت دایکمم بردە بەغداد بۆ لای د. فائق سامەڕایی بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجە کە دەتوانم بڵێم لە سەرەتایدا بوو.

ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٧ لە بەیانییەوە چوومە دەرەوە بۆ بازاڕەکانی ناوچەی (منصورية) بە مەبەستی کڕینی ئامێری پزیشکی، هەروەها شەکر کە فەرمانبەر (مام عەلی) یەکێك لە کارگوزارانی نەخۆشخانەکە داوای کرد، بەڵام نەمتوانی بیکڕم، چونکە بە فەردە دەیان فرۆشت لەبەرئەوەی بۆ کوردستان قەدەغە بوو لە کاتی گەڕانەوەم لە پاسەکاندا دووجار

گیرام، کە لە وێستگەی پاسەکان سەردەکەوتن داوای پێناسەیان دەکرد کە لە منیان وەرگرت وتیان دابەزە، دووکەسی عەگال بە سەری ڕێکپۆش کە لە کەسایەتی دیار دەچوون وازیان نەهێنا تا ڕزگاریان کردم، هەروەها لە شوێنێکی دیکەش دوو ئەمنی تر سەرکەوتن بە داواکردنی پێناسەکەم دایان بەزاندم کە بمگرن، لەوێ ئەو دوو عەرەبە و لە خوارەوەش کەسێکی تر بوونە فریادڕەسم و وازیان نەهێنا پێناسەکەشم وەرگرتەوە.

گەیشتمەوە میوانخانەکە لەناوچەی کەرخ و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتم، ڕوانیم بەرپرسی کارگێڕی ئوتێلەکە بەجۆرێکی هەستیارانە سەیرم دەکات، چوومە ژوورەوە دایکم بە گریانەوە پێی گوتم کوڕم چەندمان پێ گوتوویت واز لە سیاسەت بهێنە، ماڵی خەزووری کاکە کەمالم تەلەفونیان کرد بوو ئەم بەیانیە ئەمن و قوات خاسە داویانە بە سەر ماڵماندا بۆ دەستگیرکردنم، هەر زوو کەوتمە خۆ و دایکمم لە گەراج بە تەکسییەکی سلێمانی ناردەوە و خۆشم تا شەو لە کۆڵانەکانی کەرخ مامەوە، بە پاس گەڕامەوە سلێمانی چوومە ماڵی خوشکم لە گەڕەکی بەختیاری، هەر زوو لەوێ ڕۆیشتم کە بچم بۆ ماڵی خەسووی خوشکم، لە ڕێگەوە چوومە ماڵی مامۆستا ئەحمد ساڵح، کە باسەکەم بۆ گێڕایەوە نەیهێشت بڕۆم و لە ماڵی خۆیان هێشتمییەوە، پاشان پێکەوە چووینە دەرەوە ئەو بۆ دەوام و منیش بۆ ماڵی خەسووی خوشکم و ناونیشانی ماڵەکەم پێ دا و لێک جیابووینەوە، لە گەڕەکی حاجیحان تێبینیم کرد کوڕێکی گەنج کە جلێکی کوردی شینی ئاسمانی لەبەربوو لە کۆڵانی نزیک ماڵەکە وەستا بوو، بە بیرمدا هات کە ئەمە سیخووڕ بێ و بە چوونە ژوورەوەم ئاگاداری دەزگای ئەمن بکاتەوە، بۆیە زۆر بە ئاسایی تا هەستم پێ نەکات ڕێگەی خۆمم گرت و چوومە ناو بازاڕ بۆ بینینی هاوڕێکانی دیکەم، کە پەیوەندییان بە منەوە هەیە تا ئاگاداریان بکەم و خۆیان بپارێزن.

له ناو بازاڕ (أمن و قوات الخاصة و جيش الشعبي) زۆر بڵاوه پێكرابوون و خەڵكیان ڕادەگرت و دەیان پشكنین و پێناسەیان داوا دەكرد، پاش سەردانەكانم و نەبینینی ئەو هاوڕێیانە توانیم بێوەییانە بگەڕێمەوە ماڵی مامۆستا ئەحمەد، هەر بە بینینم باوەشی پیاداكردم و ماچی كردم گوتی: بە لای ماڵی خزمەكەتاندا ڕۆیشم كەسێكی سیخووڕ لەو دەورە وەستا بوو ماوەیەك پێش ئێستا برادەرێك ئاگاداری كردم كە ئەوە سیخووڕە و خۆتانی لێ بپارێزن، منیش شێوە و ڕەنگی جلەكانیم پێ گوت، وتی ئەوە خۆیەتی و تۆ زۆر وردبین و زیرەكی.

ڕۆژی دواتر ڕێكەوتی ١٩٨٦/١١/١٩ چوومەوە ناو بازاڕ و توانیم هەڤاڵ ڕەزاق لە دوكانەكەی خۆی لە بازاڕی قەیسەری نەقیب ببینم، پێم گوت هەڤاڵ سامی جەمال قەرەداخی و هاوڕێكانی تر ئاگادار بكەنەوە و سبەی لێرە نامێنم دەڕۆم بۆ ئەو دیو. لە ناو بازاڕ پشكنین و داواكردنی پێناس هەبوو بە ئاگایانەوە ڕێگەم بڕی و چوومە سەرچنار بۆ ماڵی گەشمردە (هاوڕێ شەریف عەلی) پێم گوتن من سبەی دەڕۆم بۆ سەرگەڵوو چیتان هەیە بۆ هەڤاڵ هاوڕێی ببەم؟ پارچەیەك كوتاڵی سێ مەتر و نیوی ڕەنگ قاوەییان پێ دام كە لەوێ بە دوورینی بدات و ئاگاداریان كردم كە هەڤاڵان: جەزا ئیبراهیم و یاسینی ئاسنگەر دەستگیر كراون و لە ماڵەوە بە شەق و ئەشكەنجەدان بردوویانن.

گوتم: هاتوون بۆ گرتنی منیش بەردەستیان نەكەوتبووم لە بەغداد بووم و بەیەكجاری دەچمە دەرەوە و دەبمە پێشمەرگە، ماڵئاواییم لێ كردن و بە پێ بەرەو ماڵی مامۆستا ئەحمەد لە گەڕەكی مامۆستایان بەڕێ كەوتم.

ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢٠ پێش كاتژمێر ٧ی بەیانی من و مامۆستا گەیشتینە لای مزگەوتی گەورە لەناو وێستگەی پاسەكانی بەرامبەر مزگەوتی گەورە، كە ئێستا بازاڕی (ئاوباریك)ە و ناسیاوێكی خۆمان و تێكەڵاویمان هەبوو بینی و بەسەرسڕمانەوە سەیری كردم و لێی

پرسیم لە کوێ بووم و چی دەکەم؟ من گوتم لە چوارتا بووم و دەڕۆمەوە و لێی جیابوومەوە و نەمهێشت بزانێت کەسی ترم لەگەڵە، بێ ئەوەی بزانێ چوومە پشتی وێستگەکە ئەویش بەخێرایی ڕۆیشت ئەوەندەی نەبرد پاسی بەکرەجۆ هات و سەرکەوتین زۆر قەرەباڵخ بوو هەرچۆنێك بوو هەریەکەمان جێگەی خۆمان لە نزیك یەکتر گرت و دانیشتین بینیمان لەبەری (کاسۆمۆڵ)ی ئێستاوە لەگەڵ چوار قوات خاسەی بەخۆ بەپەلە بەرەو وێستگەی پاسەکانی چوارتا هەنگاویان دەنا، بە نیازی ئەوەی نێچیرەکەیان پێکاوە و زوو بگەنە سەری و ملی لە لاشەی جیابکەنەوە، یاخود پەلبەستی بکەن بۆ ناو ڕکەکە، (دیارە وایزانیوە من دەچمەوە بۆ چوارتا چونکە زالگەکەی قەلاچوالان لە دوای کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕێگای هاتوچۆیان دەکردەوە)، پاسەکە کەوتەڕێ و ئەو برادەرەشمان سپارد بە بێهیوایی کە نێچیرەکەی بەباشی نەپێکراوە!

پاسەکە کەوتە ڕێ، ناو شار ئەمن و هێزەسەرکوتکارەکان بەربلاوبوون، لە نزیك ماڵی پارێزگارەوە ٣ عەرەب پاسەکەیان ڕاگرت و سەرکەوتن و لەبەر بێ جێگایی بەپێ وەستان کەوتبوونە قسەی سووکایەتیکردن بە خەڵکی ناو پاسەکە و نەدەتوانرا هیچ وەڵامێکیان بدرێتەوە! لە بەکرەجۆ چووینە ماڵی هەڤاڵ محەمەدی پەرتووکخانەی گشتی هەڤاڵ محەمەد منی گەیاندە ماڵێکی گوندی عەواڵ، دواتر پەڕینەوە بۆ یالانقۆز و زێوێ، (بەلام من لێرەدا فیلمەکە دەبڕم و خالێك دادەنێم، تا بێئەمەکیم نەکەوێتە بەر شالاوی تیشکی هەتاو لەبەر ناوی ئەو ماڵ و بەرێزانەی ڕۆژگار خستوویەتییە خانەی لە بیرچوونەوەم).

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢٢ لە زێوێوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك بەشاخی پیرەمەگروندا هەلگژاین بۆ دیوی قزلەر، نەوەستامەوە تا بە شاخی دابان سەرکەوتم لە بارەگای تیپی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو ئۆقرەم گرت.

١٩٨٦/١١/٢٣ سـەردانی ناوەنـدی (ك.ڕ.ك)م لـە بەرگـەلوو کـرد، کـە ئـەو کاتـە هـەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە هەندەران بوو، نامەی پشتگیری (ڕێکخراوی سلێمانی)یم دایـە دەست هەڤاڵ حەمەتۆفیق ڕەحیم، کە بە پلەی ئەندام کەرت بۆمکرابوو پێشوازی گەرمی لێ کردم، نیـازی خـۆم باسـکرد، کـە دەرۆمـە تیپـی ٤٧ی پیرەمـەگروون و وەك پێشـمەرگە و کـادیری ڕێکخسـتن درێـژە بـە خـەبات دەدەم، بـەڵام چـاوەڕێی هـاوڕێ شـریف دەکـەم تـا بۆچـوونی وەربگـرم. چـاوەڕێم کـرد تـا بەرەبـەیانی زووی ١٩٨٦/١٢/١ لـە کانییەکـەی خوارمانـەوە دەموچاوم شۆرد و خۆم کرد بە ژووردا دەبینـم هـەڤاڵان: (ئـاراس ڕەئـووف، سـوارە محەمـەد فـەرج، گـەشمردە شاهۆ عومـەر سابیر و هـەڤاڵان) هەسـتاون، بەپەلـە خۆیـان کـۆ کـردەوە و هەستم کرد شتێکم لێ دەشارنەوە، لـێم پرسـین، سـوارە وتـی هـەتا سەرشـاخ دەچـین، ئیـدی ڕۆیشتن، منیش جیا لەوان بەڕێ کەوتم و لە مزگەوتی سەرگەلوو تەرمی گـەشمردە: هـاوڕێ شـەریف و ئـەردەڵان ژاژڵـەیی لـەوێ بـوون، کـە ئێـوارەی ١٩٨٦/١١/٣٠ لـە گونـدی بـاڵخ لەگـەڵ هـەڤاڵان: (عوسمـان هەڵـەدنی و شـەپۆل) گـەشمردە بـوون و لـە گۆڕسـتانەکەی خـوار دابـان ناشتمانن هەر لەگەڵ ئەو ٤ گەشمەردەیە ٧ پێشمەرگەش بریندار بووبوون.

کاتێـك شـارم جێهێشـت و توێشـووی شـاخم لـە شـان نـا، چـەند تێکۆشـەرو هاوڕێیـەکی ڕێکخسـتنم کەوتنـە چـنگی ڕەش و خوێنـاوی جـەللاد و دەزگـا داپلۆسـێنەرەکانی حیزبـی بـەعس و دەوڵەتەکـەی سـەدام حسـین، ئێسـتا جەسـتەیان بـەکێبڵ و سـۆندە و دار شـەقار شـەقارە و خوێنیـان لـێ دەچـۆڕێ و ئـەوا لێـرەش نـزیکترین و خۆشەویسـترین هـاوڕێم بـە خوێنـە گەشـەکەی پێشـوازی لـێ کـردم و چـەکەکەی دایەدەسـتم تـا ڕێبـازی هـەڤاڵ ئـارام (شاسوار جەلال) ون نەکەین و چیتر خوێنەکەی ون نەکرێ.

لێرەوە دژ بە ستەم و چەوساندنەوە چینایەتی و نەتەوەییـەکان بوومـە پێشـمەرگە، (ك.ڕ.ك) و نـووکی خامـە و چەکوشـی دەسـتی کرێکـار بوونـە چـرای ڕۆشـنکەرەوەی ڕێگـەی

خەباتم و (ی.ن.ك) بوو بە چەك و قەڵغانی بە دەستهێنان و پاراستنی پرسی ڕەوای نەتەوەییم.

ئەگەرچی دەرچووی پەیمانگا و بە بڕوانامە یاریدەدەری پزیشکیم، بەڵام لێرەوە ناوی دکتۆری شۆڕشم پێ بەخشرا و لەگەڵ دووانەی خامە و چەك جانتای پڕ لە دەرمانم لە کۆڵنا، دێ بە دێ و ماڵ بە ماڵ و سەنگەر بە سەنگەر لێم جیا نەدەبووەوە. ئەوەی بەلامەوە گرنگ نەبوو پلە و پۆست بوو، تەنیا کار و خەبات کە مردن لەسەر لەپی دەستم بێت و پێشمەرگەی ئامانج و پرسێکی ڕەوابم چیی لە لێپرسراوێتی پلەداری بکەم؟

سەرباری کارەکەم وەك پێشمەرگە و ڕابەر سیاسی کەرتی ٤ی دۆڵمازەڵە و کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سنوورەکە، وەك کادیری پزیشکیش بەرپرسیارم لە تەندروستی هەر مرۆڤ و پێشمەرگەیەك لە هەر کوێ یەك کە ڕووبەڕووم بێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستم بە دەرمان و پێداویستییەکانێتی. سەرچاوەکانیش نەخۆشخانەی شۆڕش لە بەرگەڵوو دکتۆر شوان بەرپرسی بوو هەرگیز نائومێدی نەکردم و تەنانەت بێ خەمی کردم ئەگەر بە پارە دەرمانم بۆ بهێنرێت.

چ لە سەرگەڵوو چ لە قەرەنگوێ و دۆڵمازەڵە، یاخود لە هەر شوێنێك ئامادەبوونم هەبووایە نەخۆشەکان دەهاتنە لام و چارەسەری پێویستم پێ دەدان.

لە داستانی ڕزگاری پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٢ هێزەکانی پێشمەرگە بەڕێ کران و شەو دەست بەهێرش کرا و هەموو ڕەبایەکانمان گرت تەنها ڕەبییەکەی سپیلك نەگیرا، ئەویش بەهۆی زۆری تۆپباران لە قەڵاکەی سووسێ و دەبابەکەی کۆتەڵ و سەربازگەکەی دوکانەوە، هێرشی قۆڵی پیرەمەگروونیش بۆ چەواشەکردنی هێزەکانی دوژمن و سەرقاڵکردنیان لەو سنوورە ئەنجام درا.

ئەو بریندارانەی کە هاتوونەتە بەر دەستم، یاخود پێمزانی بێ بەپێی برینەکەی چارەسەرم بۆ کردوون، یەکێك لەوانە گەشمردە عەلی بەگ ئەوکاتە فەرماندەی کەرت بوو قاچی پارچەی RBG بەرکەوتبوو، من سەرەتا دەچوومە سەنگەرەکان و بەشداری شەڕەکانم دەکرد تا ڕۆژێکیان کە هێرشی دوژمنمان لەسەر بوو هەڤاڵ عەلی بچکۆل کە سەرپەرشتیار و فەرماندەی بەرەی شەڕگەی کلکەی پیرەمەگروون بوو، منی بینی زۆر بەتووڕەیی گوتی تۆ دکتۆرەکە نیت لێرە چی دەکەیت؟ هەر ئێستا نەگەڕێیتە دواوە و پێشمەرگەیەك شەهید ببێ تۆ بە ناپاك دادەنێم. ئەو وشەیەم زۆر پێ ناخۆش بوو ناچار گەڕامەوە بنکەی دواوە و پێیان گوتم تۆ لێرە نەبووی بریندارەکانیان گەیاندە خوارەوە و ئیدی ئەوانەی دواتر چارەسەری پێویستم بۆ کردن. پتر لە ٢٠ ڕۆژ جلەکانم بەخوێنەوە لە بەردا بوو هەڤاڵ عەلی و هەڤاڵ غریب عەسکەری خۆیان پێیان گوتم بڕۆ سێ ڕۆژ پشوو بدە و خۆت و جلەکانت بشۆ و پێتخۆش بوو بگەڕێرەوە. سێیەم ڕۆژ لە گەڕانەوەمدا لە شەدەڵە پێشمەرگە و هونەرمەند عەبدوڵڵای تەمە گوتی: ئەگەر دەچیتەوە سەرشاخ هاوکاریمان بکەیت و ئەم باری هێسترە بیگەیەنیتە لای خۆتان، هەر کە گەیشتمە دامێنی شاخی قووڵەپووشینە نەم دەزانی کە هێستر یەکجار بە ڕێگاکەدا ڕۆیشتبێ، پێویستی بە کەس نییە و منیش هەوڵم دەدا بەو ڕێگایەدا بڕوا، هەوڵم دەدا بڕوا لە جێگەی خۆی نەدەجووڵا تەنانەت وام لێدەهات دەمگوت: (بەقوربان.. باوکم.. برام دەبجووڵێ) ماوەی پتر لە کاژمێرێکی پێچوو تا گەیاندمە بەردەم بنکەکەمان لەبەرەی دواوە.

دواتریش کە ڕۆژەکانیم بیرنەماوە، بەشدارییم کردووە لە هێرشکردنە سەر ڕەبایەکەی سەر سپیلك کە گوندی کانیشۆك لە دامێنی دایە. لە یەکێك لە هێرشەکانمان کە بە فەرماندەیی هەڤاڵ مستەفا سەرگەڵوویی سەرتیپی تیپی مەڵبەند، بەهاوبەشی دەستەیەکی پ.د.ك کە بریتی بوون لە کەمال سابیر، یوسف، ملازم ئەحمەد و عوسمان قادر منەوەر بە

چوونە ناو ڕەبایەکە پێشمەرگەیەکی تازەی تیپەکەمان بەناوی سامی سووورداشی گەشمردە بوو، هەر زوو گەیشتمە سەری، بەڵام لە چەپەوە بۆ ڕاست گوللەی BKC بەر گورچیلەی کەوتبوو زۆر بەداخەوە گیانی سپاردبوو. گەشمردە سامی سووورداشی گەنجێکی بەخۆ و باڵابەرز بوو تەمەنی نزیکەی بیست ساڵ دەبوو ئەو ڕۆژە لە کەرتەکەی هۆمەرقەوم بووین چاوەڕێ بووین ڕۆژ بەرێ بکەین و بەرەو پێشوازی لە شەوی تۆڵە هەنگاو بنێین، هەڤاڵ سامی چەند جارێك دەیگوت: کاك دکتۆر ئەگەر بریندار بووم پێش ئەوەی شەهید ببم باش تیمارم بکە، نزیکەی دە، یاخود بیست ڕۆژ بوو پێشمەرگە بوو، بەو قسەیە زۆر دڵگران بووم ناچار خۆم لێ تووڕە کرد گوتم بەسە ئەی ئەگەر من شەهید بووم چیم لێ ئەکەی؟

گوتی: خەمت نەبێ خۆم هەڵت دەگرم و دەتدەم بە کۆڵمدا.

هەر لەو چالاکی یەدا ڕەوانشاد کەمال سابیر پارچەیەکی لوولبووی گوللە RBG چوو بووە ناو پووزی قاچی لەبەر لوولبوونەکەی بە زەحمەت هەر لە پەنای ڕەبایەکە دەرم هێنا.

لە پێش داستانی ڕزگاری هەر بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مستەفا سەرگەڵوویی کە ئەوکاتە جێگر تیپ بوو شەوێکی درەنگ هێرشمان کردە سەر ڕەبییەکەی سپیلك ١١ جاش کوژران و ٢٦ جاشیش بەدیلگیران، بەپەلە برینـدارەکانم ساڕێژ کرد و پاش کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان چۆڵمان کردەوە خۆشحاڵانە جگە لە سێ بریندار گەشمردەمان نەبوو.

بەرەبەیانییەکی زووی هاوینی ساڵی ١٩٨٧ بەهێزێکی زۆری تیپی مەڵبەند خۆمان کرد بەناو باخ و پەسارەکانی گوندی کانیخانی سەر ڕێگای دامێنی شاخی (باوێدە)، ئەم چالاکییە لە ڕوانگەی زانیارییەکەوە بوو کە ئەفسەرێکی باڵای سوپای عێراق لەگەڵ بڕی دوو ملیۆن دینار بەو ڕێگایەدا بەرەو هاوینەهەواری دوکان تێدەپەڕێ، لە کاتەکە تێپەڕی و دیارنەبوون هەواڵەکە گەیەنرابوو بە دەزگاکانی (أمن و إستخبارات) لە کاتی پاشەکشەمان و

گەڕانەوەمان بۆ بنکەکانمان هێرشی دوژمن بە کۆپتەر و تۆپباران لە کۆتەڵ و سووسێ و لەگەڵ هێزی زەمینی کرایە سەرمان، خۆمان گەیاندە بناری شاخ و ئەشکەوتی جاسەنە و بەشێکیش بەرەو گوندی تیمار چوون، کە بیستم بریندارمان لە گوندی تیمار هەیە لە ئەشکەوتەکەوە بەڕێ کەوتم، بریندارەکە پێشمەرگە هەڤاڵ کەمال سلێمانی لە کەرتەکەی ڕەوانشاد حەمەعەلی حاجی مەحموودی گەلاڵی بوو بە چەکی BKCیەکەیەوە کەوتبووە ناو پووش و دەغڵ و دانە سووتاوەکەی ناوچەکە، کە کۆپتەرەکانی ڕژێم ئاگریان تێ بەردابوو، جەستەی هەڤاڵ کەمال زۆر سوتابوو تەنانەت سارێژکردنەکەی زۆری خایاند لەلایەن هەڤاڵ عەباس عەبدولڕەزاق (عەباسی ڤیدیۆ) بێ ئەوەی ئاگام لێی بێ بە ڤیدیۆ وێنە گیراوە، جارێکیش چوومە سەردانی لە گوندی (قزلەر).

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی (گوێزیلێ) لەلایەن ئێرانییەکانەوە خولێکی کیمیایی کرایەوە من یەکێك بووم لە بەشداربووانی ئەو خولە و هەڵە نەبووبم دە ڕۆژی خایاند.

لە ١٩٨٧/٩/٦ لە ڕەبایەکەی سپیلك بریندار بووم و هەردوو ڕانم بەرکەوت، کە یەکێك لە هەڤاڵان سامالْ عەبدولڕەحمان، یاخود سوارە حەمە فەرەج بوو لەسەرخۆم فێری برینپێچییانم کرد و هەر ئەو شەوە خستیانمە سەر هێسترێك، بە چوار پێشمەرگە وەك بیرم مابێ یەکێکیان هەڤاڵ شوان موغاغی فەرماندەی کەرتی دوو بوو، لەناو ڕێژنەی گووللەباراندا دەربازیان کردم و منیان گەیاندە گوندی شەدەڵە لەلایەن گەشمردە د. عەلی قادر سارێژکاریم بۆ کرایەوە.

لە مانگی ١٩٨٧/١٢ ئەو کاتە لە تیپی مەڵبەندی دوو وازم هێنا بوو، دواتریش لەسەر داوای هەڤاڵ فەرهاد محێدین بەرپرسی ئەوسای دەزگای زیندان چوومە ئەوێ، ژمارەیەکی زۆر سەربازی (قوات الخاصە و مغاوير)یان بەدیل گرتبوو، هێنابوویان و هەندێکیان بریندارى قورس بوون و هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ سارێژکردنیان، چۆن پێشمەرگەم سارێژ

دەکرد ئەوانیش هەر بە هەمان شێوە لەبەرئەوە لەژێر دەستم هاواریان دەکرد، من بۆم ڕوون دەکردنەوە هیچ لایەکمان یەکترمان نەدیوە و نەناسیوە تا ببینە دوژمنی یەکتر ئەوەی ئێمەی کردۆتە دوژمنی یەکتر تەنیا دەسەڵاتەکەیە، تەنانەت ئێوەی عەرەبی بە پاساوی شیعە و سوننە، یاخود بەهەر بیانوویەکی دیکە کردووەتە دوژمنی یەکتر، دڵنیابن چۆن پێشمەرگەیەکی خۆمان سارێژ دەکەم، ئێوەش بەو شێوە سارێژ دەکەم، ئەو ئازارەی پێتان دەگات بۆ پاککردنەوەی برینەکەیە نەک ڕقم لێتان بێت. پاش ئەوەی ٣٢ کەسیان بە دووجار ١٥ + ١٧ کەس لێ ئازادکران، وەك بیستم لە سەربازگەکەیان بەهۆی بەرگریکردنیان لە ئێمە کوژران.

لە ١٩٨٨/٣/١٩ بە بڕیاری سەرکردایەتی کشاینەوە و چووینە ناو سنووری دەستکردی ئێران لە هەڵەبجەوە، سەرکێشیم کرد بەناو ئێراندا بەبێ پسووڵەی ڕێگەپێدان بە چەك و تاقم و کۆڵەپشتەوە بەڕێ کەوتم، لە شاری شنروێ لای هەڤاڵ موراد نوێنەری ی.ن.ك پسووڵەم وەرگرت خۆم گەیاندە ناوچەی خواکورك، لە بارەگای سەرەکی (پارتی گەل) کە سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری بوو، زۆر بەڕێزەوە پێشوازیان لە ڕێبواران دەکرد، هەر لەوێ کاك حەسیب و کاك سلاحم ناسی و بووینە هاوڕێ، دوای دوو ڕۆژ مانەوە یوسف حازم محەمەد و مەریوان محەمەد ئەمین خەڵکی کەرکووك هاتن و دواتریش سالاری شێخ عومەر، محەمەد غازی، عەبدوڵلا، گۆران و مەریوان هاتن تا لە بەرەبەیانێکی سەرەتای مانگی حوزەیران لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگەی ئەوان کە کاك ئەدیب بەرپرسیان بوو لەگەڵ پ.د.ك و چەند کاسبکارێکی سنوورەکە بەرەو دەڤەری بادینانی کوردستانی باشوور ڕێگایەکی سەخت و پڕ لەماندوویی و تنیوێتیمان بڕی تا گەیشتینە بارەگای مەڵبەندی چوار، هەر لە خواکورك بووین کە گەشمردە دکتۆر هێمن و ئیسماعیل چوارباخی و ژمارەیەك پێشمەرگە دەگەڕانەوە بەرەو سنووری ئێران تا بچنە سنووری مەڵبەندی هەولێر. هیچ دکتۆر و کادیرێکی پزیشکی لە سنووری مەڵبەندی چوار نەمابوو. بەتایبەت

نەخۆشی گرانەتا و مەلاریا بلاوبوو بووەوە حەب و گولاج و دەرمان ڕێژەیەکی باشم لەگەڵ خۆم بردبوو، کە دڵنیادەبوومەوە کام نەخۆشییەی گرتووە چارەسەرم دەکرد و دەمتوانی سەرپەرشتی ئەو نەخۆشانە بکەم کە شوێنیان نزیك بوون. هاووڵاتی هەبوو لە پیر و گەنج لە ژن و منالْ ٤ - ٦ کاژمێر ڕێگەیان دەبڕی تا ئەگەیشتنە لامان بۆ چارەسەر.

هەڤاڵان هەڵۆ و نەوزاد کە لە تیپی ٢١ کەرکووك بوون گەیشتنە لامان، باسیان کرد کە ژمارەیەك پێشمەرگەی گەرمیان بۆ شەڕی پارتیزانی و مانەوەیان لەو سنوورانە گەڕاونەتەوە بۆ گەرمیان، هیوا و ئاواتی خۆمم دەربڕی خۆزگە لەوێ بوومایە و لەگەڵیان بڕۆشتمایە.

لە ڕۆژانی دواتردا هەڤاڵ هەڵۆ زۆر بەسەختی تووشی نەخۆشی (مالاریا) بوو، تا باشبوونی بەردەوام سەرپەرشتیم دەکرد.

ڕۆژێك پیاوێکی بە تەمەن لە گوندی (ڕەشابە)وە هاتبوو دەستی ڕاستی لەگەڵ هەر پێنج پەنجەکەی زۆر ئاوسابوون لەپی دەستیم هەڵدڕی (کێم و جەراعەت)ێکی زۆر دەرپەڕی پاش گەڕان تەڵاشەدارێکم دەرهێنا و دواتر هەموو پەنجە و دەستیم بەگوشین پاك کردەوە، پێم وت ئەگەر ماڵت نزیك بووایە ڕۆژانە سارێژم بۆ دەکردی وتی ئێوە ڕزگارتان کردووم چۆن نایەم.

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٨ لە بارەگای مەڵبەندی ٤ی بادینان لە ژوورەکەم دانیشتبووم ٣ پێشمەرگەی پ.د.ك هاتن و داوای دکتۆریان کرد و فەرمووم لێ کردن، وتیان برینداریکمان هەیە دکتۆرەکەی خۆمان ناتوانێت چارەسەری بۆ بکات، لەگەڵیان بەڕێ کەوتم ماوەیەك ڕێمان بڕی و شوێنێکی بەردەڵان و بەرزاییەکی کەم لە ئەشکەوتێکدا بوون کۆمەڵێك پێشمەرگەی لێ بوون، ئەوەی بێزاری کردم وەڵامی سڵاوەکەم وەك پێویست

نەبوو، یەکێکیان لەو بەرەوە گوتی: تۆ دکتۆریت؟ جەلالیت؟ لە وەڵامدا گوتم: وەکو دکتۆر نەخێر، بەڵام یاریدەدەری پزیشکم و دەرچووی پەیمانگام نەك کۆلێژ، من (ی.ن.ك)م و بەڕێز مام جەلال سکرتێری حیزبەکەمە و جێی شانازیمانە، دواتر گوتم هەر لەبەرئەوەی جەلالیم بەو شێوەیە پێشوازیتان لێ کردم؟ کە خۆشتان هاتوون بەدوامدا! لەبەر کارە مرۆییەکە ئەوەی بۆم بکرێت دەیکەم، بەس جارێکی دیکە داوام نەکەن، دکتۆرەکەیانم بانگکردە لای خۆمەوە هەم بۆ بەردەستی هەم پێم گوت جوان تێبینی بکە چۆن تیماری دەکەم تۆش بەو شێوەیە بکە، بەڵام دوای تەواو بوون و لە کاتی ڕۆیشتنم بەدەممەوە هەستان و پەشیمانیان پێوە دیار بوو کە هەڵە بوون.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ ڕژێمەکەی سەدام حسێن قۆناغی ٨ی ئەنفالی بۆ دەڤەری بادینان دەست پێ کرد، بە مەبەستی لەناوبردن، یاخود تەواو لاوازکردنی کورد و شۆڕشەکەی و گۆڕینی دیمۆگرافیای نەتەوەیی کورد لە کوردستانی بە عێراقەوە گرێدراودا. ئێمە وەك پێشمەرگەکانی ی.ن.ك لە بەرنامەماندا بوو کە شەڕی بەرگری بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی تەنیا هێزێکی کەمبووین لە سنوور و دەڤەرەکەدا نەدەکرا خۆمان بەگورگانخواردوو بدەین بە پێچەوانەوە ڕووە و کوردستانی باکوور سنووری نێودەوڵەتی تورکیا لە پاشەکشەدا هەنگاومان دەنا.

لەگەڵ تاقم و تفەنگ و کۆڵەپشت و ژمارەیەك پەرتووك هاوشانی هاوڕێکانم لە بارەگای مەڵبەند هەنگاوی ناچاریی پاشەکشەمان لە دۆڵی زێوێ بەرەو کوردستانی باکوور خستە جووڵە، ئەگەر ناوەکەیم لە بیر نەچووبێتەوە لە شاخی ساردکێ کە بارەگای (پارتی گەل)ی لێ بوو لەناو ڕکەبەردی شاخەکەدا شاردمنەوە. هەمیشە لە شوێن گواستنەوەکانمدا ژمارەیەك پەرتووکم دەخستە هەگبەکەم وە کۆڵم دەنا، بە دەڤەری (نێروە)وە بەناو باخ و

بێستانەکاندا دەڕۆیشتین، خەڵکی ناوچەکەش بە پیر و گەنج و ژن و منداڵەوە ڕێگای هات و نەهاتی کۆڕەوی کوردانیان گرتبووە بەر.

لە نیوەشەوێکی درەنگدا لە گوندی (چەمتوو)ی سەر سنوور بووین، لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندی بێتەلەوە هەواڵیان پێداین، کە سەرکردە ئازاد هەورامیی لە سنووری مەڵبەندی سێ لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٣١ گەشمردە بووە و گیانی پڕ لە شکۆ و نەمریی سپاردووە.

بەخۆم گوت، ئای ك.ڕ.ك ئەمجارەش نەك سەرکردە، بەڵکو مرۆڤە گەورەکەی ناو هۆنراوەکەی گۆرانت لە دەستچوو... ئاوازی پڕ لە باڵەفڕێنی سۆزی کوردانەی دای لە شەققەی باڵ، سروودی (ڕێی خەباتمان)ەکەی (کاك ئارام) دەمانگەشێنێتەوە.

لە کوردستانی باکوور لە چەند گوند و شارۆچکەیەکدا لامان دەدا و دەڕۆیشتین، یەکێك لەوانە پاش ٢١ کاتژمێر ڕێگەبڕین گەیشتینە ناو هەڕنیکێ، کە کاتژمێر ٥ی بەیانی بوو، دیوەخانێکی گەورەی لێ بوو، لاماندا و سەر و قاچ تێکەڵاو هەرچۆنێك بوو لێی خەوتین، هێندەی نەبرد لە کاتژمێر ٦ی بەیانی دەنگە دەنگ ناو مێشکمانی دەهاڕی بە لێدان لە دەروازەی دیوەخان و هاواریان دەکرد هەستن جەندرمەکان هاتن و خۆتان ونکەن، هەمیشە بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستام و خۆمم ئامادە دەکرد، بەڵام ئەو بەیانییە یەك کاتژمێریش نەدەبوو چاوەکانم چوو بوونە خەو، بۆیە پێمخۆش بوو جەندرمە بیگرتمایە و بەگوولە بێژنگڕێژیان بکردمایە لەو خەوە هەڵیان نەساندمایە.

لە هەر گوند و شارۆچکەیەك خەڵکەکەی هەواڵی دکتۆریان دەپرسی، دەمبینی زۆربەی زۆری ژنەکان دەستەکانیان بەجۆرێك قلیشابوون تەواوی دەست و پەنجەکانیان شەقارشەقار بووبوون، باش بوو (وازەنین)م زۆر پێ بوو، کە سوودی باشیان لێ بینی، بەڵام هەر بەشی نەکردن .

دواتــر لەناوچــەی (مەرگــەوەڕ)ەوە گەیشــتینە نــاو ســنووری کوردســتانی ڕۆژهــەڵات (سنووری نێودەوڵەتی ئێران) لە شارۆچکەی سلیڤانە و ڕاژان، کە کەسانی سەر بـە پ.د.ك و بارزانییەکانی لـێ نیشـتەجێ بووبـوون، دوای نـانخواردنی نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە مـن و هـەڤاڵ سالاری شێخ عومەر و هاوڕێکانی دیکەمان کـە هێشـتا نەگەیشت بووینـە ناوەڕاسـتی مـانگی ئەیلوول بەسواری پاس خۆمان گەیاندە شاری (سەقز) لە میوانخانـە ماینـەوە، لـەو ماوەیـەدا چوونە گـەرمیانم کردبـووە مـەراق تـا بـۆ ئـەو مەبەسـتە نامەیـەکم بـۆ هـەڤاڵ نەوشـیروان مسـتەفا نووسـی و بـەرەو قاسمـەڕەش بـەڕێ کـەوتم و سـەردانیم کـرد، کـەمێك دانیشـتم و میوانی هات کە بەهادین نوری (ئەبوسەلام) و ئەوانی تـر لـە ڕاسـتیدا بـیرم نـەماوە کـە کـێ بوون، پاش پێشوازی و بـەخێرهاتنیان و ناسـاندنی مـن لەلایـەن هـەڤاڵ نەوشـیروانەوە زوو هەسـتام بـڕۆم هـەڤاڵ نەوشـیروان نامەکـەمی دایـە دەسـت هـەڤاڵ مـلازم عومـەر عەبـدوڵڵا، بەڕێزیشی پێی ڕاگەیاندم لەم ماوەیـەدا هـەڤاڵ مـەحموود سـەنگاوی و هـەڤاڵ کـوردۆ قاسـم لەگـەڵ ژمارەیـەك پێشمەرگە بـەڕێ دەکـەون چـەکێکی کلاشـینکۆفی بـەدیاری دامـێ، لەگـەڵ نووسراوێك بۆ دارایی و گوتی ئەو پارەیە وەربگرە و هەفتەیەك لە تاران پشووبدە ماندووی ڕێگەیت، منیش گوتم نەدەچمە تـاران نـە پـارەم دەوێ و پـارەم پێیـە، پـێش دەسـتپێکردنی ئـەنفالی بادینـان پێشـمەرگەیەك بـەناوی ئەسـعەد زۆر حـەزی لـە دەمانچـەکەم بـوو، بـیرم نەماوە چ جۆرێکی چواردەخۆر بـوو دواجـار نـەمتوانی دڵـی بشـکێنم و ٥٤٠ دینـارم پێـدابوو هەر بەوەندە پێم فرۆشتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە مۆڵەتی ڕێگام بۆ ئامادەکرا، چوومە گونـدی دزڵـی نزیـك شارۆچـکەی مەریوان لەوێ پەیوەندیم کرد بە هـەڤاڵ شـێخ علی بەرپرسـی مەڵبەنـدی یـەك و هـەڤاڵان محمـود سـەنگاوی، کـوردۆ قاسـم، جـەلال جەوهـەر، ئیـدی نەخۆشـخانەکەی مەڵبەنـد بـووە هەواری هەمیشەیی و لەگەڵ هـەڤاڵ فـارس محەمـەد عەبـدوڵڵا– دکتـۆر جووتیـار، دکتـۆری تیپـی ٥٥ی قـەرەداخ سەرپەرشـتیم دەکـرد، پـاش ماوەیـەکیش هـاوڕێی سـەردەمی پـەیمانگام

دکتـۆر ئیـبراهیم محێـدین هەشـەزینی هـات بـە بـیرم بێـت سـەرقاڵی کـارکردن بـوو بـۆ بەردەوامیدان بە خوێندن.

لە دانیشتنێکی ئاساییماندا د.حسێنی برازای هەڤاڵ مام جەلال و برای هەڤاڵ شێخ عەلی باسی ١٠٠ دینارەکەی کردەوە، لێرەدا چیرۆکەکەی دەگێڕمەوە: بەهاری ساڵی ١٩٨٥ بوو سەردانێکی سەرگەڵوو و بەرگەڵووم کرد، دواتر چوومە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، د. حسێن بەرپرسی بوو، بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پاکژکردنەوە بڕی ١٠٠ دیناری پێدام، منیش کە گەڕامەوە شار لە ڕۆژگارێکی سەختدا ئەو دەرمان و پێداویستییانەم کڕی کە هەر کەسێك بە یەك پارچە حەبەوە بەبێ ڕەچەتەی دکتۆر دەستگیر بکرایە، جگە لە سەربازێکی ون هیچی تر نەدەبوو، منیش بەشێکی ئەو دەرمان و پاکژکەرەوانەم بە پارەی خۆم دەکڕی، کە بە جارێك یەك کارتۆن لە حەب و گولاج و شروبی تێکەڵم لە ڕێگەی هەڤاڵ ئاکۆ محەمەد وەهبییەوە لە دەرمانخانەی شەماڵی شەقامی پیرەمێرد کڕی، کە بە ٦٨ دینار و حەوت سەد فلس بوو، لەسەر شانم دانا و بردمەوە بۆ ماڵەوە، لە گەڕەکی بەرانان کە چەند جارێك وام لێدەهات سەرکێشی بکەم و تاکسی بەکرێ بگرم بڕۆمەوە و گوێ بە کەوتنە بۆسەوە نەدەم، هەندێکجار دەرمانم لە بەشە سەربازییەکەی ئەوسای نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی دەهێنا، کە بەیانی دەچوومە دەوام سەدرییەکەم هێندە تەنك بوو لە دەستمدا جێگەی دەبووەوە، کەچی ئێوارەش دەگەڕامەوە سەدرییەکەم باوەشێك بوو لەنێوان هەردوو دەستمدا دام دەنا، واتە پڕم دەکرد لە دەرمان، ئەفسەر و پزیشکەکان هەموو ڕۆژێك جوان لێم ورد دەبوونەوە نەمدەزانی بۆچی ڕۆژێك لەو بۆسانەدا بانگیان نەدەکردم و بە کۆشێ دەرمانەوە بمگرن! ئیدی ویستم ئەو دەرمانانە بگەیەنم، بەڵام بەهۆی گرژی و ئاڵۆزی دۆخی ناوشارەوە نەمتوانی خۆم بیگەیەنمە سەرگەڵوو، بەڵکو لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە کە مامۆستا شێخ عەزیز بەرپرسی پۆل و مامۆستا ئەحمەد ساڵح ئەندام پۆل

بوو، ئاگادارن لەبری ئەوەی دەرمانەکان بگاتە مەڵبەندی دوو گەیەنرابوونە مەڵبەندی یەك.

لە زستانی ساڵی ١٩٨٩دا شەوێکی شەستەباران و ئەنگوستەچاو بوو لەژوورەکەی خۆم لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە دانیشتبووم، چوار پیاوی خەڵکی دزڵی هاتن و پاش بەخێرهاتن و دانیشتن یەکێکیان بۆ دکتۆری شۆڕش پرسی و گوتم فەرموو لە خزمەتتاندام، گوتیان نەخۆشێکمان هەیە نە دەجووڵێ و نە قسە دەکات و بردوومانە بۆ ڕەزائیە (ورمێ) و تاران ئەمڕۆش هاتینەوە و بڕیارە سبەی بیبەین بۆ لای شێخێك لە سنە، بەڵام باسی دکتۆری شۆڕشیان کرد و ئێستا هاتووین نەخۆشەکەمان ببینیت کە چەند ڕۆژێکە منداڵەکەی نەگرتۆتە باوەش.

دیار بوو ماڵێکی خاوەن کەسایەتی دیاربوون، چونکە لە ماڵەکەیدا دیوەخانێکی گەورەی میوانداری هەبوو، کە خەڵکی زۆری لێ بوو، نەخۆشەکە ژنێك بوو ئەو ماوەیەی لەوێ بووم نەجووڵەی هەبوو نەقسە، پاش پرسیار پێم گوتن: سەرمایەکی توندی بووە و لە هەمانکاتدا تووشی ترسێك بووە، بۆ ئەوەش دوو ئەمپول هەیە پێی باش ئەبێ و ئێستا لامان نییە، ئەگەر ئەتوانن لای پاسدارەکان هەیە و بۆم نووسین، ئەوانیش دایپرۆن و دیکادرۆن بوو، کە هاتنەوە بەس داییپرۆنیان پێدابوو بۆ دیکادرۆنەکە گوتبوویان ناتوانین بەبێ دکتۆری خۆمان پێتان بدەین، دەرزی یەکەمم بۆ کرد و پاش بیست خولەکێك لە پڕ جووڵا و منداڵە دوو ساڵانەکەی ڕاکێشایە باوەشییەوە، هەموو بە دڵخۆشییەوە گوتیان دکتۆر بینیت، گوتم بەڵێ، ئیدی پێم گوتن سبەی بیبەنە لای دکتۆری پاسدارەکان. لە ماوەی دانیشتنەکەماندا لەو ماڵە کە قسەمان دەکرد زۆر داوای لێبووردنیان کرد کە ئێمە لەگەڵ ئێوە خراپ بووین، هەموو هۆکارەکەی قیادە مووەقەتە بوون دەیانگوت جەلالییەکان دێنە ئێرە و جاشی بەعس و سەدامن ڕوویان مەدەنێ و هەڵسوکەوتیان خراپە، بەڵام بۆمان

دەرکەوت درۆیان کردووە و لەو کاتەی هاتوونەتە ئێرە خەڵکی گوندەکەمان هەمووی لێتان ڕازین. لە کاتی ڕۆیشتنیشدا بە زۆر لاییتێکی سەربازی ئەمەریکیان پێدام، تا بۆ ناو ئاو و شەوانەش لە نزیك ڕەبییە و سەربازگەی دوژمن بۆ ڕێگا بەکاری بهێنم، کە پێنج شووشەی لەگەڵ بوو، بەداخەوە لە دوای گەردەلوولی تۆڵە کە گەڕاینەوە پیلەکان لەناویا تێك چووبوون و تەلەکانی ناوی ڕزیبوون و بردم بۆ کارەباچی پێیان چاك نەکرا و لە کاتی ماڵ گواستنەوەدا ون بوو.

بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕۆیشتن بەرەو سنووری گەرمیان و کفری هەڤاڵ مەنسوور ئەنوەر بەگ کوڕەزای محمود خانی دزڵی کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی ی.ن.ك و ئێران بوو لە دزڵی، دیارییەکی بۆ بەرپرسی زاڵگەکەی دزڵی کڕی تا هاوکارمان بێت لە تێپەڕینی چەند پێشمەرگەیەکمان بۆ سەر شاخی ڕەنگین کە ئەرکیان لەوێ بوو، بە پیکابێکی شۆڤرلێت کە دواوەی پیکابەکەمان پڕ کرد لە چەك و سندوقە فیشەك، کە نزیك بووینەوە بینیم لەو لاوە وەستاوە و تەماشامان دەکات، منیش ئاماژەم بۆ کرد بەو ڕێگەیە لادەدەین، ئەویش ئاماژەی بۆ کردین بچینە بەردەم خۆی، بە شوفێرەکەم گوت بەقسەی مەکە و لادە بەرەو ڕەنگین و مەوەستە هەروای کرد، لە ڕێگە پێم گوتن با قسەتان لەگەڵ من یەك بێت ئەگەر زۆرە کە گەڕاینەوە بێت و بە جیا جیا لێمان بپرسێ، ئێوەش بڵێین تۆ خۆت بەدەست ئاماژەت کرد کە برۆین، لە گەڕانەوەدا ڕای گرتین و بەتووڕەیی لە منی پرسی و من گوتم پێویست ناکات خۆت تووڕە بکەیت خۆت بەدەست ئاماژەت بۆ کردین بڕۆین و هەر واشمان کرد! پاش ماوەیەك هاتە بارەگا هەواڵی پرسی بووم، گوتم من د. هاوڕێم، گوتی تۆ لە پیکابەکەدا نەبووی وتم بەڵێ؟ گوتی بۆچی نەوەستان؟ خۆ هەر ڕێگەم دەدان بڕۆن چیتان پێ بوو؟ بۆچی ئاوا ڕۆیشتن؟ گوتم هەڤاڵ مەنسوور مۆڵەتی لە ئێوە وەرگرت بوو ئەو پێشمەرگانەی دواوە بوون ئەرکیان هەبوو، دووانی ترمان هێنایەوە بۆ پشووی خۆیان، چووە لای ئەوانیش وەك من وەڵامیان دابووەوە.

سەرەتای بەهاری ١٩٨٩ بوو بە مەبەستی گۆڕینی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنووری گەرمیان لە گوندی دزڵییەوە بەرەو شاخی ڕەنگین بەڕێکەوتین، تا لەوێشەوە بە ناوچەی شارەزووردا بپەڕێنەوە ئەو دەڤەرە بە فەرماندەیی هەڤاڵ محمود سەنگاوی و هەڤاڵ کوردۆ قاسم لەگەڵ ژمارەیەك کادیری ڕێکخستن و سەربازی و دەستەیەکی حسك بە فەرماندەیی هەڤاڵ ساڵح پاڕەزانی شەو بەدۆڵی میری سوور و نێوان ڕەبییەکان بەڕێکەوتین، کە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو بوو یەك بەدوای یەك دەڕۆیشتین، لەناکاو دەنگی تەقینەوەیەك هات، دوای کەمێك هاواریان کرد کە هەڤاڵ عەبدوڵڵا (مامە عەبە) مینی پێ دا تەقیوەتەوە، کە پێشمەرگەی حسك بوو، جگە لە تاقم و تفەنگەکەم دوو کۆڵم پێ بوو یەکێکیان پەرتووك و توێشووی ڕێگا و ئەوی تر دەرمان و پێویستییەکان بوو، ئەوەی یەکەمیان بەدەستمەوە کە دام نا و دووەمیان لە کۆڵمدا بوو، بەڕاکردن گەڕامەوە لای مامە عەبەی پێشمەرگە کە قاچی لە قولەپێیەوە پەڕی بوو، لێرەدا لایتە سەربازییەکە بەکارهات، تا دوژمن هەست بەڕووناکییەکە نەکەن، هەر بۆ دڵنیایی بەتانییەکیش کرایە پەردە، ئەوەی پێویست بوو لە سارێژ و برینپێچی ئەنجاممدا و کۆڵەپشتم کۆ کردەوە و خستمە کۆڵم و قایشێکی پچڕا خۆم سەرقاڵ نەکرد بە چاککردنەوەی، چونکە دەبوو بە تەل بیبەستم بەوەش چەرمەکە دەپچڕایەوە، کۆڵەپشتەکەم هەڵگرت و تەقینەوەی دووەم ڕوویدا و فەرماندەی کەرت هەڤاڵ ناجی محەمەد (مامە ناجی) مینێکی پێ دا تەقییەوە خۆم گەیاندە لای ئەویش، هەڤاڵ جەلالی شێخ کریم شێخ عیسا، لالە ناجی لە باوەش گرتبوو مینی دووەم کە تەقییەوە هەر لەو ڕێچکە ڕێگایەدا تەقییەوە کە پێشتر پێیدا ڕۆیشتبووین، ئیدی چوومە لای مامەعەبە، ئەمجارە پێشمەرگەکان بە ئاگاییەوە دەجووڵان، گوتیان ئاگات لە خۆت بێ بچۆرە سەر بەردەکان کۆڵەپشتەکەی دەستم دانا و لە بەردەم مامەناجی دانیشتم قاچی نەپەڕی بوو، بەڵام هەڵوەشابوو، هەرچۆنێك بوو دەماری خوێن و ئێسك و گۆشتیم بەجۆرێك ڕێکخستنەوە و پێچامەوە تا تووشی خوێن بەربوونی ناوەوە نەبێ، بەسواری دوو هێستر

بەرێخران و ئێمـەش کەوتینـە جووڵـە، ڕێنیشاندەرەکان گەڕانـەوە و وتیـان بۆسـەی دوژمـن هەیە باشترە دوای بخەین و گەڕاینەوە و هەواڵی (مامە عەبە و مامەناجی)م پرسی گوتیـان لە ناوەڕاستی شاخدان لەبـەر سـەختی ڕێگا نەگەیشـتوونەتە سـەرەوە بەپەلـە سـەرکەوتم و پێیـان گەیشتمەوە، جارێکی تـر پاکژکردنـەوە و سارێژ و پێچانەوەم بـۆ کـردن و بـەڕێمان خستنەوە و بیستمانەوە کە گەیشتوونەتە نەخۆشخانەی (ألله أکبر) لە شارۆچکەی مەریوان.

لـە ئەشـکەوتەکەی مـیری سـوور ماینـەوە و سـەرمایەکی تیـژی هـەبوو، لەبەرئـەوەی بەپەلە بە سەر شاخدا سەرکەوتم تـا بگەمـەوە بـە هـەردوو بریندارەکـەمان ئـارەقێکی زۆرم کردبوەوە خەوێکی ناخۆشم بەسەرماوە بەسەربرد و هـەموو گیـانم گـرژ و ڕەق بـوو. پـێش نیوەڕۆی ئـەو ڕۆژە پێشمەرگەیەکی حسـك بـەناوی لوقمـان چاوشـین بەمەبەسـتی سۆسـە و پاککردنەوەی ڕێگا کەوتبووە ڕێ، هەروەها دووکەس یەکێکیان خەزووری سەرۆکجاش خلەی ڕەشـەبەحری و ئـەویتریان خـەزووری خالیـدی خولەسـوور بـوون بـەهۆی کیمیابارانەکـەی هەڵەبجـەوە کەوتبوونـە نـاو ئێرانـەوە و دەگەڕانـەوە بـۆ عێـراق، دواتـر لوقمـان نـەك هـەر نەگەڕایـەوە بـەڵکو سـوپای عێـراق بـە هێزێکـی زۆرەوە کەوتـە جووڵـە و کێومـاڵکردنی سنوورەکە و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ دزڵی و کانی دینار.

لێرەوە دواخستنی ڕۆیشتنەکەمان درێژەی کێشا و تـا لـە سـەرەتای مـانگی حوزەیرانی سـاڵی ١٩٨٩ مـن و هـەڤاڵ هوشـیار بیاوێڵـەیی تیپـی ١٥ی هـەورامان کـە شـارەزایی باشـی لـە هەڵگرتنەوەی میندا هەبوو -ئێسـتاش ڕۆڵێکـی گـەورە و کاریگـەری هەیـە لـە پاککردنـەوەی زۆربـەی ناوچـە و شـوێنەکان و چـەندین ملیـۆن مـینی هەڵگرتۆتـەوە و ژیـانی خـەڵکانی لـە مەترسییەکانی مین پاراسـتووە و لـەو کـارە مەزنەشـیدا هـەردوو قاچـی خـۆی لەدەسـتداوە- بەمەبەستی پاککردنەوەی شاخێك کـە سـەر بـە شـاری پـاوە بـوو لـە مـین تـا لـەوێوە بـەرەو گەرمیان هەنگاوەکانمان بەگوڕ بخەین و بـڕۆین، بـەڵام ڕۆژی ١٩٨٩/٦/١٣ یەکـەم ڕۆژی جـەژن

بوو مردنی خومەینی ڕاگەیەنراو دواتریش نەتوانرا مۆڵەتەکە وەربگیرێ، لە کۆمەڵگای سەرباس و باوەجانی ماینەوە، من لە ماڵی کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە هەڤاڵ جافر حاجی ئەولێ مامەوە لە ئەندامێکی ئەو خێزانە مەزنە جیا نەدەکرامەوە، تا هەواڵمان پێگەیشت هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی و هەڤاڵ کوردۆ قاسم و پێشمەرگەکان لە ڕێگەی شاری بانە بۆ شاخی گمۆ و چەمپاراو لە سنووری پێنجوێن بەرەو گەرمیان بەڕێکەوتن، پاش دە ڕۆژ ئێمەش لە هەمان ڕێگەوە بەڕێکەوتین کە پێکهاتبووین لە هەڤالان یاسین ئەحمەد مستەفا، محەمەد چاوجوان، د. هاوڕێ، سوهاد خانەقینی، ماجد فەیلی و هەڤاڵێکی دیکە، بە هاوکاریی و ڕێنیشاندەریی هەڤالان فازل شێرەمەڕی، مامە ڕەئووف حاجی سابیر، کەمالە خڕە، محەمەد سیاسی و فەخرەدین هەورامیی لە شاخی کەتوو بۆ پشوودان و سەرخەوشکاندن ماینەوە، بەرەبەیان هێزێکی سوپای دوژمنمان لە نزیکەوە بینی، کە سەرقاڵی کێومالکردن بوو، ئێمەش تا ئاشکرا نەبین و بتوانین بپەڕێینەوە لە جێگەی خۆمانەوە لە پەنای درەخت و پەسێوەکاندا خۆمان مەلاسدا، لە بەردەم تینی خۆری هاوین تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە ماینەوە و من تووشی خۆربردن بووم، چونکە شوێنەکەی من تەواو خۆر گرتبوویەوە و زەمزەمییەکەم و عەلاگەیەکی ڕەشم پڕکردبوو لە ئاو و بەدرەختەکە هەڵم واسی بوو، هێندە گەرم بوو چای پێ لێ دەنرا هەموو جارێ لە قوومێك پترم پێ نەدەخورا و دەمڕشتەوە، ئێوارە بەڕێکەوتین و سەرکەوتینە سەرشاخ و بەدۆڵەکەدا داکشاین و کەوتینە سەر کانییەك من بە چنگ و بەکڵاوەکەم ئاوم دەخواردەوە دەڕشت بە سەر و گیانمدا و تەندروستیم بەرەو خراپیی دەڕۆیشت، ئەگەرچی لە نزیك گوندی مووبڕە ترشم دەکردەوە و دەمخوارد، بەڵام هەر پەکم کەوتوو تا لە بەرزاییییەك کە دەچووینە گوندی پووشێن بە هەڤاڵ محەمەد چاوجوانم گوت دەرزییەکم لێ بدات، چۆنێتی دەرزی لێدانم پێگوت و ئەمپولێکی داپیرۆنم ئامادە کرد و لێیدام، ئیدی بەوە باشبووم.

دواتر چووینە گوندی داڕووخاو و وێرانکراوی پووشێن، لە دوای ئێوارەوە بەڕێکەوتین و شەو لە خوار دەروازەی عەربەتەوە نزیک گوندی دەمرکانەوە پەڕینەوە ئەوبەرەوە، لە ڕاستیدا لە برسا و لە تینوێتیدا دامان بە سەر باخێکدا و شووتیمان خوارد و دواتر چووینە شارەزووری بنار و گوندی وێلەکە، بەردەوام بەڕێوەبووین و بە شاخی زەردەدا هەڵگڕاین و ڕۆژی دوتر گەیشتینە گوندەکانی تەپەگەڕوس و کچان، جاش بۆسەیان دانابوو هەر چۆنێک بوو دەربازبووین و لە ڕێگە ڕۆیشتن بەردەوام بووین، تا گەیشتینە سنووری سەنگاو و گەیشتینە گوندی پەنجەنگوست و نزیک گوندی حەسەن کەنۆش، لە شوێنی مانەوەمان کە پێی دەوترا هەژاراوا، دوو پێشمەرگە لەوێ نەخۆشی گرانەتایان گرتبوو چارەسەری پێویستم پێ دان و چاکبوونەوە، هەروەها گەشمردە هەڤاڵ تووکنی پەنجەیەکی مووی لێهاتبوو بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەرزی گوایە بۆ دەرهێنانی مووەکەیە، سەرپەنجەکەی تووشی گانگرین بووبوو، ناچار لە یەکەم گرێ جومگەدا لێم کردەوە و لە ئازار و ناڕەحەتییەکانی ڕزگاری بوو.

لە سەردانێکی من و هەڤاڵ مەحموود و گەشمردە حەمەئاخە بۆ لای هەڤاڵ کوردۆ قاسم و هاوڕێکانی، کە بنکەکەیان لە شوێنێك بوو پێی دەوترا مەسیفەکە، لە ڕاستیدا هاوینەهەوارێك بوو لە گەرمای چلەی هاویندا سەرمات دەبوو، هەڤاڵ کوردۆ باری تەندروستیی باش نەبوو تووشی نەخۆشی گرانەتا بوو، سەرباری ئەوەش لەگەڵ گەشمردە هەڵکەوت ئەحمەد غێدان لە جگەرەکێشان سنووریان نەبوو، ئەو ماوەیەش بەهۆی دەستگیرکردنی گەشمردان جەباری حاجی ڕەشید، مامۆستا ئەحمەدی سناعە، عەتای حاجی ئەحمەد و مامۆستایان ئەحمەد سەرسپی، شێخ عەزیز و ئەحمەد ساڵح، لەلایەن دەزگا سەرکوتکەر و تۆقێنەرەکانی بەعسەوە، خواردن و کەرەستەی پێویستمان پێ نەدەگەیشت، لەوانە جگەرە، بۆیە هەردووکیان گەڵاداری وشکەوەبوو لەگەڵ کاغەزو، یاخود پایپیان لە قوڕ دروست دەکرد لەبری جگەرە دەیانکێشا. گولاجی کلۆرامفەنیکۆل و حەبی ئازارشکێنم

پێ دا خۆشحاڵانە بەرەو باشبوون چوو، ئیدی هەر لەو ماوەیەدا کە لە هاتووچۆدا بووین و دەگەڕاینەوە بۆ بنکەکەمان لە هەژاراوا بووین لە سنووری سەنگاو بەهۆی ئاشکرابوونەوە ناچاری چۆڵکردنی بووین.

لە شاخی سەگرمە لە نزیك گوندی زەردەلیکاو، ئەشکەوتێکمان دیاری کرد کە پێشتر لەلایەن هەڤاڵ شێخ میقداد شێخ بەهادین دۆزرابووەوە، هەروەها چارەسەری نەخۆشەکانمان دەکرد، جگە لە قسە بۆ خۆڕاگری، کە هەمیشە لە چارەسەری نەخۆش یەکەم هەنگاوم قسەکردنمە تا لەنەخۆشییەکە نەترسێ و هیچ بیری لێ نەکاتەوە و چارەسەر بەکاربهێنێ و ئەوەی پێویست بێ ئەنجامی بدات.

هەر ئەو ماوەیەی گواستمانەوە ئەشکەوتەکەی نزیك زەردەلیکاو، لەبەرئەوەی خواردن و پێخەف و پێداویستیمان نەبوو، یاخود زۆر کەم بوو، تەنیا من بەشەخۆراکی خۆم دەهێشتەوە بۆ کاتی پێویست و لێقەومان لەنان هەڵگرتندا من نانی باشم هەڵدەگرت لەو ئەشکەوتەش لە نان و شیری نیدۆ شتێك لە نیوە پترم پێمابوو، لەگەڵ نزیکەی پانزدە نان بۆ حەوت کەس و کەشوهەواش شەستە بارانی بەردەوام و سەخت بوو، جارجارەش دەچووین بۆ ڕاو دوو کۆتر بوو، یاخود کەو بوو بە دەستمان دەکەوت، ڕۆژی دواتر هەڤاڵ مەحموود و گەشمردە ئاخە و هەڤاڵ حەمە ئێرانی و دوو هاوڕێی دیکە چوونە دیوی قەرەداخ، گەنم و پێخەف و قاپ و کەوچك و چەندین پێویستییان لە کەلۆەز و ڕکەکانی شاخدا دۆزی بووەوە، کە هی خەڵکی سنوورەکە بووە و لە کاتی ئەنفالەکان ڕایان کردووە و لە ماندوویێتیدا بەجێیان هێشتووە، یاخود ئەنفالکراون، هەڤاڵ محەمەد فەرەج شاسوار (حەمە ئێرانی) بەتانی و قاپ و کەوچکی بۆ منیش هێنا، هەڤاڵ ماجد فەیلی شارەزایی لە دروستکردنی هەریسە هەبوو ئێمەش ناچار گەنمەکەمان دەکرد بە هەریسە و دەمانخوارد،

هەندێکیان حەزیان لێ نەبوو منیش کردبوومە گاڵتە و گەپ و دەموت: (خواردنی هەریسە بۆمان باشە و پشتمان پان ئەکات).

پاش ماوەیەك هەڤاڵ حەمە ئێرانی نەخۆش کەوت، تووشی مەلاریا بوو لە چاودێرییەکەم بۆی بە پێویستم زانی خۆمی لێ جیانەکەمەوە و لەگەڵ ئەودا لە یەك قاپ نان بخۆم، بۆ پاراستنی لەو سەرما و لەرزەی لە گیانیدا هەبوو، لە بەتانییەك پتری پێویست بوو، بۆیە بەشێك لە بەتانییەکەی خۆمم دەدا بە سەر ئەودا، لەبەرئەوە لە یەك پێخەفدا دەخەوتین.

جگە لە ماوەی پارتیزانی پێشتریش گرنگیم بە بەرزڕاگرتنی باری دەروونی نەخۆش دەدا، لە ساڵی ١٩٨٧ کە لە تیپی مەڵبەندی دوو بووم، دوو پێشمەرگە کە برا و خەڵکی گوندی گردجان و گەورەکەیان فەرماندەی کەرت بوو، تووشی نەخۆشی سیل بووبوو، ئەو کاتەش بۆ نانخواردن برنج و شلەیەك بۆ دوو کەس تێ دەکرا و منیش ئەو بەڕێزەم هەڵبژارد بوو.

ئێمەی پارتیزانەکان کە بەشێك هەر لە دوای ئەنفالیش لە سنوورەکان مابوونەوە، بەشێکیش دوای بیستنی هەواڵی پێکهێنانی دەستەی پارتیزانی دۆخەکە وای پێویست دەکرد ژمارەی پێشمەرگەکان دیاری کراو بێت و تێپەڕ نەکات، هەروەها لە جموجۆڵی چالاکی و هەڵکوتانەسەر و شەڕ خۆمان بپارێزین، تەنیا وەك بوون و ئامادەکاری بکەین لە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ هەڤاڵ عوسمانی حاجی مەحموود و دەستەکەی لە ئامادەکاریدا بوون بۆ هاتنەوە بەرەو دەڤەری گەرمیان و ئێمەش لەگەڵ دەستەکەی هەڤاڵ کوردۆ لە ئامادەکاریدا بووین لە سەرەتای هەفتەی دووەمی مانگی چواردا کەوتینە ڕێی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ پشوودان.

ئیدی بەڕێکەوتین، باش بیرم نایەت وابزانم لە نزیك مەسۆیی بەرگەچ بووین، بەهۆی برینی گەدەم و ئازاری زۆر، کەڤی سپیم دەهێنایەوە، داوام کرد کە مەوەستن و من بەدواتاندا هەر دێم، ڕەوانشاد حەمە ئێرانی لام مایەوە و هاوکاری زۆری کردم، بە بینینی ڕەنگ و ڕووم و هەڵهێنانەوەی کەفە سپییەکە بێئومێدی لە ژیانم لە چاویدا بەدیم دەکرد، گوتم ئازار و هێڵنجەکان بێزاری کردووم، ئەوەش پتر بەهۆی کوڵنج و سەرماوە تووشم دەبێ، دەرزی و حەبم زۆرکەم هەلگرت بوو، ئەوەش بۆ ڕێگە کە پێویست لەبەر خۆڕاگریم نەمدەویست بۆ خۆم بەکاری بهێنم، پەرتووکی زۆرم پێ بوو جگە لەوەی زۆریشم لە کەلێنی شاخدا بۆ گەڕانەوەی داهاتووم شاردەوە، پاش شێلانم هیممەتم دایەخۆ و هەرچۆنێ بوو بەدوایاندا ڕۆشتم ئەوان تێپەڕین، لوورەلووری گورگ دەستی پێ کرد، هەستم بە بینینیان کرد لەبەرئەوەی ئێمە زۆر بووین نەجوولابوون، دیاربوو مرخیان لە تەنیایی من خۆش کردبوو، زوو هەڤالان حەمە ئێرانی، مەحموود سەنگاوی، کوردۆ قاسم، ماجد فەیلی و سوهاد خانەقینی هاتن، ماجد فەیلی کۆڵەکەی لێوەرگرتم تا هەنگاوی خێرا بنێم دووانیش بن باڵیان گرتم، بەرەبەیان گەیشتینە هەرەسەکەی وێلەکە بەیانی دەرزییەکم بۆ خۆم کرد، لەبەرئەوەی ڕێگەمان زۆری مابوو لەسەر داوای هەڤاڵ مەحموود و هاوڕێیان پەرتووکەکانم شاردەوە، هەڤاڵ مەحموود گوتی: ئێستا سەردەمی پرۆسترۆیکایە و سۆڤێت شکستی هێنا و مارکسییەت باوی نەما. گوتم: هەر لە ستالینەوە سۆڤێت بە سۆسیالیستی نەما و لەناوچوونی بیری مارکسیزم خەوی سەرمایەدارییە. ئێستاش زۆر دەوترێتەوە، بەلام ئەم دۆخەی خەلك تێیدا دەژی سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە.

ئەو ڕۆژە ماینەوە تا شەو داهات لە ڕێگای گشتی سلێمانی - عەربەت پەڕینەوە و دیسان گوندە تەختکراوەکەی پووشێن هەوارگەی پشوودانمان بوو، بۆ خۆ وشککردنەوە و چالێنانێك ئاگرمان کردەوە، دەمەوبەیانی سبەی هەنگاوەکانمان هەڵنا و دیسان هەڵکشان و داکشانی شاخەکە توولەڕێی ڕێگامانە، هەر لەو دەڤەرەش لەگەڵ هەڤاڵ دلاوەر حاجی

عوسمان پێجوێنی و دەستەکەی بەیەك گەیشتین بۆ ڕێنیشاندەریی، لە ئاوی تەنکەبوارماندا ئەو ئاستەی لێماندا و پیایدا پەڕینەوە وا تێگەیشتم تەنکاییە و قوول نییە، هەر ئەوەندەم زانی کەوتمە قووڵایی، بەڵام هەڤاڵ دلاوەر هەستی پێ کرد زوو هات بەلامەوە و تا لە قووڵایی دەرچووین و گوتم ئەمە تەنکاییەکەیە؟ بەپێکەنینەوە گوتی ئەی تۆ چیت دەوێ؟ خەڵکی لە ئاوی ئاراس دەدات!

ڕۆژی دوایی بەناوچەیەکدا تێپەڕین (مین)ی زۆر چێنرابوون، بەتایبەت لە جۆری ڤالمارای، هەڤاڵ دلاوەر هەڵی دەگرتنەوە و ڕێگاکەی پاك دەکردەوە، لە کاتی ئێوارەدا لە ئاوێکی دیکە پەڕینەوە هەر بەو شەوەزەنگە ڕێمان دەکوتی کە گژوگیا تا ناوقەندمان هاتبوو، هەڤاڵ دلاوەریش بە بوێرییەکەوە بەو تاریکییە بێ بەکارهێنانی لایت مینەکانی سەرکەوتووانە هەڵدەگرتەوە، هەر لەو دەڤەرە سەربازگەیەکی گەورەی عێراقی لێ بوو جا نازانم هەر ئەو سەربازگەیە بوو، یاخود یەکێکی دیکە بوو کە چۆڵکرا بوو گەلەك بیرم لێ کردەوە و یەکلا نەبوومەوە لێی و ئیتر بە شاخی سوورکێودا هەڵگژاین بەرەو دامێن شۆڕبووینەوە بەرەبەیانی زوو گەیشتینە بارەگای مەڵبەندی دووی کەرکووك لە گوندی بلەکێ.

یادەوەرییەکان ئەگەر لەناو تۆمار "تسجیل"ێکدا جارجار بەکاری نەهێنین جێخانەکەی دەگوازێتەوە بۆ لە بیرچوونەوە، لام ڕوون نییە ڕۆژێك، یاخود چەند ڕۆژێکی کەم لە بلەکێ هەواری پشوودانمان هەڵدا و جا چووینەوە بۆ دزلێ و کانی دینار منی قەلەندەر بوومە ئەندامی چەند خێزانێك ئەگەرچی لەگەڵ مامۆستا جەوهەر ئەمین خانووی پەیوەندییەکان شوێنی نیشتەجێمان بوو.

لە کۆتایی مانگ سەردانی مەکتەبی سیاسییمان کرد، لە گوندی قاسمەڕەشی سەر سنوور نزیک ناوزەنگ و شێنێ پێشوازی کراین، بەشێکی ئەو ڕۆژەمان لە لای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بە ڕێنماییە پێویستەکانیەوە بەسەربرد.

بە دەنگۆی لێدان لە حکومەتی عێراق پەیوەست بە داگیرکردنی کوێت، سەرکردایەتیی ی.ن.ك دەستی کردە ئامادەسازی بۆ ساتی لێدانەکە و ڕۆڵ بینینی پێویست لە ساتە وەختەکەدا، بۆ ئەمەش لە ناوخۆ و دەرەوەی ی.ن.ك جووڵەکانی وەگەڕخست، لەناوەوە لە چوارچێوەی سیستەمی بەتالیۆندا دەستی بە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە کرد، بۆ ئەم مەبەستە مەڵبەندی یەك لە دزڵی کرایە بەتالیۆنی یەك، هەڤاڵ جەمیل هەورامیی بەرپرسی بارەگاکانی لە گوندی (ولەژێر) جێگیر کرا و بەتالیۆنی دوو بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی کە لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێکهاتەکانیان دیاری کرا، لەبەر نیگەرانیم لە کاری ڕێکخستن بۆ جاری سێیەم وازم لە ك.ڕ.ك هێنابوو، لە وازنامەکەم ئاماژەمدا تەنیا پێشمەرگەیەکم لە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)دا و هیچی دیکە، هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی زۆری پێ ناخۆش بوو ناوم لە پێکهاتەی بەتالیۆندا نەبێ و بە سەرپەرشتیاری کیمیایی کە پۆستی وا هەرنەبووە دابنام.

بەتالیۆنی ٦ی کەرکووك لە چێوەڕۆ کارمەندی پزیشکییان لانەبوو، هەڤاڵ کۆسرەت و هەڤاڵ عومەر فەتاح لە سەردانێکیان بە جیا داوایان لێ کردم وەك دکتۆری بەتالیۆنەکە بچم پەسەندم نەکرد، لە ڕۆژێکی دیکەدا هەڤاڵ جەبار یاوەر هاتبوو نزیکەی کاتژمێرێك گفتوگۆی لەگەڵ کردم گوتی: چەند پێشمەرگە مینیان پێ دا تەقیوەتەوە، یاخود کەوتوونەتە بۆسەوە گەشمردە بوون، زۆر پێویستە کەسێکی وەك تۆ بچێتە ئەوێ، لەڕاستیدا منیش گەشمردەی هاوڕێم یاسین ئەحمەد مستەفا دۆڵپەمووی کە لە ماوەی پارتیزانیدا بەیەکەوە بووین هاتە بەرچاوم کە لەو دەڤەری شارباژێرە کەوتبوونە بۆسەوە و

تەقەیان لێ کردبوون، بیرم کردەوە ڕەنگە لەگەڵیان بوومایە، یاخود نزیکی بوومایە ئەگەر هەبوو بمتوانیایە لە مردن ڕزگاری بکەم، ئەنجام پەسەندم کرد و لە مانگی ١٩٩٠/١٢ پەیوەندیم بە بەتالیۆنەوە کرد، لەو ماوەیەدا تا بەڕێکەوتنمان بەرەو سلێمانی هیچ بریندار و نەخۆشییەکی توند نەبوون، تەنیا لە شاخی گمۆی ماوەت هەردوو پێشمەرگە خەلیل بیکەیسی و دواتر هەڤاڵ ڕەحیمم لە ڕەقبوونەوەی بەفرەکە ڕزگار کرد، پاشتر خۆم کە تەواو بەهۆی ئەوانەوە ماندوو بووبووم و نەمدەتوانی قاچەکانم بە ئاسانی و تەواو لە بەفرەکە دەربهێنم، کە هەڤاڵ سەرکەوت فەرماندەی کەرت فریام کەوت کۆڵەکەی لێوەرگرتم و تەنیا تاقم و تفەنگم پێما تا نزیك قووتەی شاخەکە گەیاندمی بڕستم دایە خۆم بەرەو خواربوومەوە بۆ ناو بارەگاکان کە خێمەی زۆری لێ هەڵدرابوو.

ئەوێ پێشمەرگەی زۆری لێ بوو جێگە و شوێن نەبوو، بەدڵنیایی خواردنیش نەماوە ئامانجە گرنگەکەش زوو گەیشتنە بۆ ناو شارەکان و بەتالیۆنەکەی ئێمەش بەپەلە بگاتە شاری کەرکووکی گڕوکڵپە، هەم وەك پشتیوانێك بۆ ئەو خۆپیشاندانانەی لە گەرووی تاوسێنی کەرکووکییەکاندا، لە ساتەوەختی تەقینەوەدایە، (ی.ن.ك)یش لەژێر ناوی (بەرەی کوردستانی)ی پوازتێچەقیودا بکاتە هێمای سەرکەوتنی کوردایەتی، هەر ئەو شەوە هەنگاوەکانمان گورجتر کردەوە، هەموو ئەو هێزانە لەلایەن هەڤاڵ ملازم عومەر عەبدوڵڵا سەرپەرشتی دەکرا لە کۆبوونەوەیەکی بەر ڕەهێڵە و شەستەی باراندا ڕای گەیاند ئەمڕۆ ڕۆژی ئاشتبوونەوەی گشتییە و تۆڵەکردنەوە و تالانکاری سزای توندی بەدوا دێت.

دەرەنگانێکی شەو گەیشتینە مزگەوتی عەلی کەمال، خەڵك هەموو خرۆشا و لە هاتوچۆدا بوون، ژمارەیەك تەرمی لە کفن پێچراوی لێ بوون، خەڵکەکە دڵخۆشبوون بە هاتنی پێشمەرگە، هاوڕێیەکم بینی بەناوی گۆران، کە تا پێش ئەنفالەکان پێشمەرگە بوو لە بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بوو، کلاشینکۆفەکەم کە دیاری هەڤاڵ ملازم عومەر بوو

لەگەڵ تاقمەکەم کە ٨ مەخزەنی پلاسکۆ بوون هی گەشمردە هاوڕێ شەریف عەلی بوو کە لە ١٩٨٦/١١/٣٠ لە گاپیلۆن لەگەڵ هەڤاڵان عوسمان هەڵەدنی، شەپۆل، ئەردەڵان گەشمردەبوون و من ئەو مەخزەنانەیم کڕییەوە، تا وەك دیاری هەڵیان بگرم، هەروەها چەند سابوونێکی ڕەنگ جیاوازی ئەڵمانی لە ئێران کڕی بووم دام بە هەڤاڵ گۆران و ناونیشانی ماڵی هەڤاڵ کەمالم پێ گوت تا بیگەیەنێت، ئەویش ئەو زەحمەتەی کێشا بوو.

بەیانی بوو ناردیانین بۆ ئەمنەسوورەکە و لە ڕێگە ئاڕاستەکە گۆڕدرا بۆ کارگەی شەکرەکە، چونکە ئەمنەسوورەکە کۆتایی پێهاتبوو. ڕۆژانی دوایی نێردراین بۆ بازیان و چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر پاشان سێجار چووینە بن هەنگڵی کەرکووك جاری یەکەم و دووەم پێش دەرکەوتنی ڕووناکی پاشەکشەمان پێ دەکرا، تا دواجار لە شەوی نەورۆزدا چووینە ناو کەرکووکەوە و لە شەڕەکانی ئیمام قاسم و کەیوان و فڕۆکەخانە بەشداربووم، لە ڕاستیدا لە هیچ یەکێ لەم شەڕانە ڕۆڵی پزیشکیم نەبوو جگە لە هەڤاڵ مستەفا چالاویی لە ئیمام قاسم گوللە بەر مەچەکی کەوتبوو سارێژکاریم بۆ کرد و پێچامەوە، دیار بوو هەر برینداریێك هەبووە یەکسەر بە ئۆتومبێلی فریاکەوتن دەیانگەیاندە بنکە و نەخۆشخانەکان، لەگەڵ هەڤاڵ سیروانی کوێخا نەجم ئەو بە RBG و من بەکلاشینکۆف کەوتینە شەڕێکی قورسەوە گوللە بەسەرماندا وەك دەڵێن برێشکەی دەکرد، هەڤاڵ سیروان داوای BKC کرد لای ئەو پێشمەرگانە بوو کە ماوەی دواتر پەیوەندییان کرد بوو، لە دەرەوەی بینای خوێندنگاکە بوون، چەند داوام کرد نەیانهێنا، سەرکەشانە بەدیوارەکەدا هەڵزنام و لێم وەرگرتن و گەیاندمە دەستی کوێخا سیروان لە هەموو لایەکەوە شەڕەکە گەرمتر بوو، ئەو هێزەی دوژمن شکا و فڕۆکەخانەی کەیوان دەستی بە سەردا گیرا، زۆربەداخەوە نەمانتوانی دەست بە سەر لەشکری تالانچیاندا بگرین و من دەستمکرد بە کۆکردنەوەی پەرتووکە سەربازییەکان کە لە دامەزراندنی کولێژی سەربازی هەموویم پێشکەشکردن، ئەمە جگە لە

چەند دەمانچەیەکی میکارۆڤی تازە، تەنیا یەك دانەم بۆ خۆم هەڵگرت و ئەوانەی ترم بەخشی.

هەوڵێکی گشتی هەبوو تا هەموو هێزەکانی پێشمەرگە بۆ گرتنی ناوچەی ڕیاز و یایچین بچن، تەنانەت هێزەکانی هەڤاڵ محەمەد بازیانی زۆر باش نزیکببوونەوە هێزەکانی عێراق و جاش موجاهدینەکان لە شکست و هەڵاتندا بوون بەرەو پێشەوە هەڵمەتمان دەبرد، لە پڕ لە نزیکمەوە بێ هیچ هۆیەك یەکێك لە پێشمەرگەکانی حسك کە نوری ناوێك بەرپرسیان بووە، دەستی کردە هاوار بگەڕێنەوە و بکشێنەوە بکشێنەوە... ئێمە دەکشێینەوە پێشمەرگە کەوتنە کشانەوە و جاش موجاهیدینەکانیش ئەوەی سەنگەری بەجێهێشت بوو گەڕانەوە و زۆر بە توندی دەستیانکردە ڕووبەڕووبوونەوە بە هاوەن و دۆشکەوە ئاسمانیان لێ کردینە برێشکەی گوللە و دایان بێژاین تەنانەت لە هێزەکەی هەڤاڵ حەمە بازیانی چەند گەشمردە و بریندار بەجێما، ئەمەش دەستێك بوو بۆ شکست پێهێنانی هێرشەکە دڵنیاشم ئەو کەسە لەناو (حسك)دا خۆی حەشاردابوو.

هەڤاڵ ڕزگار علی کە ڕابەر سیاسی بەتالیۆن بوو لەگەڵ پێشمەرگە نزار فریق لەناو گەرمەی تەقە و گوللەبارانی هاوەن و دۆشکەدا منی بەجێ نەدەهێشت، چەند داوام کرد کە بڕۆن من ناتوانم زۆر ڕابکەم بەهۆی بوونی پەراسوویەکی زیادە کە گوشار دەخاتە سەر سییەکانم هەناسەبڕکێم پێ دەکات، بەڵام هەر بەجێیان نەهێشم خۆشبەختانە بێوەی دەرباز بووین.

لەوێ زیاتر سەرقاڵی بوارە پێشمەرگایەتییەکە بووم، لەبەرئەوەی شوێنی جێگیرمان نەبووە و هەرساتەی لە شوێنێك بووین بریندارەکانیش دەگەیەنرانە بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکان کە شوێنیان دیاربووە، لەبەرئەوە نامەوێ بچمە سەرباری شەڕ و پاشەکشەکانی دیکەمان تا گەیشتینە دوا پلیکانەی خوارەوەی پەیژەکە بینیمان لەسەر

ڕێگای سەرەکی سلێمانی–دوکان جگە لە ئیڤا و ئوتۆمبێلی دیکەی سەربازی سوپای عێراق هیچی تر بەدی نەدەکرا، هەرچۆنێك بێت پەڕینەوە ئەوبەر و چووینە گوندی تیمار لە بناری شاخی چەرماوەند خەڵکێکی زۆر لە پێشمەرگە و هاووڵاتی بە ژن و پیاو و گەنج و پیرەوە لەگەڵ گەیشتنمان داوای دکتۆریان کرد، گوتم فەرمووون پیرەژنێك نەخۆش بوو، پاش کەمێك خواردن تا بەسکی برسی دەرزی بۆ نەکەم و ئیدی دەرزیم بۆ کرد، تا لەوێ بووین بەرەو باشی دەچوو.

ئیتر بەرەو سووورداش و هۆمەرقەوم و شەدەڵە چووین، هەر ئەو شەوە چووینە سەر شاخی دابان بەدرێژایی ئەو ڕێگایە تا سەر ڕێگەی هەڵەدن ڕاخەر و بەڕە و پێخەفی جۆراوجۆر فڕێدرابوون ئەو شەوە لە ڕەبییەکەی سەر دابان ماینەوە کە پێکهاتبووین لە هەڤاڵان سیروان کوێخا نەجم، فەقێ وشیار، کامەران ئەحمەد خدر و چەند هەڤاڵێکی دیکە، ڕەشەبا و زریان بوو منیش ئازارێکی زۆر لە دانە پڕ کراوەکەم پەیدا بوو کە لە خۆڕاگری تێپەڕی ناچار هەوڵی دەرهێنانیمدا وازم نەهێنا و شکاندم لەتێکیم دەرهێنا و لەتەکەی تری تا ئێستاش لەژێر پووکم ماوەتەوە.

ئەو شەوە باسی ڕۆیشتن بەرەو ئێران کرا، گوتم: ئەگەر ئێوە پەسەندی بکەن و گومانم لێ نەکەن، من لێرە دەمێنمەوە و هەندێ ئەشکەوت دەزانم تیایاندا دەژیم و دەمێنمەوە، تا ئەو کاتەی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمدیو، برادەرانیش پێیانخۆش بوو هەستم دەکرد نەیاندەویست بەبێ بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی ئەو بڕیارە بدەن، بەیانی هەستاین دووکەڵمان لە بەرگەڵووەوە بینی هەڤاڵان، سیروانی کوێخا نەجم و کامەران ئەحمەد خدر داکشانە خوارەوە بەرەو بەرگەڵوو، ئەوەی بیرم مابێ هەڤاڵ خالید ڕەزا ئەمین هەردوولا بەبینینی یەکتر دڵخۆش بوون و لە ڕێگەی بێ تەلەوە هەواڵەکە بە هەڤاڵان مام جەلال و نەوشیروان مستەفا درا، هەڤاڵ مام جەلال گوتبووی: لە شوێنی خۆتان بمێننەوە و

چیتان پێویست بوو بۆتان دابین دەکەین، کە گەڕانەوە و هاتنەوە سەر شاخ کامەران وتی: دکتۆر ئەگەر ئێمە بڕۆین تۆ دەمێنیتەوە؟

گوتم: بەڵێ، ئەگەر وەك بەتالیۆن بەکێشەی نەزانن و پێیان خۆش بێ.

گوتی: بڕیار درا کە ئێمەش بمێنینەوە.

لێرەوە گەڕاینەوە بۆ ناو شەدەڵە و لە خانووە ڕووخاوەکان بارەگامان دانا و منیش دەستم کرد بە دانانی بنکەیەکی تەندروستی، هەر زوو چووینە قەڵاچوالان لە ڕێگە لاماندایە مالوومە لە نەخۆشخانەکە دەرمانی باشی لێ بوو، بەشێکی باشم لێ جیا کردەوە، هەروەها دوو کەسیان هێنا مینیان پێداتەقی بوو، یەکێکیان هەڤاڵ بەرزانی کوڕی شێخ ئەنوەری خاوەنی پەرتووکخانەی نالی بوو سارێژکاریم بۆ ئەنجامدا و بەڕێکەوتین پاش چوونە قەڵاچوالان و گەڕانەوەمان دەرمانەکانم هەڵگرتن و گەیشتینەوە شەدەڵە.

شەدەڵە پێشمەرگەی زۆری بۆ هات، بەتالیۆنەکەمان دۆخی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە، بنکە تەندروستییەکەش بەگەواهیدانی پێشمەرگەکان گەشەم پێدا.

شەوێك ئاگاداریان کردم هەڤاڵ ڕەسووڵ جێگری کەرت هیلاکە کە سەردانم کرد بۆم دەرکەوت تووشی هەستیاری توند بووە، بەهۆی ئەوەی کرمی هەڕەی (جۆرە کرمێکی تووکاوییە و لە بەهاراندا زۆرتر دەردەکەون وەك شارەمێروولە بەتایبەت لە نزیك درەخت و گژوگیای بنچکدار دەژی) پێ دا هەڵگەڕابوو ئەمپوولێکی (دیکادرۆن)م بۆ کرد، دواتر چوومە بنکەکە، لە نیوەشەوێکی درەنگدا بەخێرایی هاتنەوە و بانگیان کردم فریای مام ڕەسووڵ بکەوم، چونکە هەر بینیم بۆ دڵنەوایی بە بزەوە گوتم هیچ نییە و کاریگەری ئەمپوولەکەیە تا بەیانی باش دەبێ.

ڕۆژێك هەڤاڵ فەقێ وشیار بۆ ڕاوەماسی چوو بووە چەمەکەی شەدەڵە، لە ئەنجامی هەڵدانی نارنجۆکێك کە بەرز هەڵی دابوو نەگەیشتبووە ئاوەکە و بەهەواوە تەقی بوویەوە و بریندار بوو، خۆشبەختانە برینەکەی سووك بوو، چارەسەرم بۆ کرد.

پاش ماوەیەکی دیکە پێشمەرگە و خەڵکی تر هاتن، لەوانە هەڤاڵ عەلی قادر خەڵکی سوورداش کادیرێکی پزیشکی و دڵسۆز بوو، ماوەیەکی باش بەیەکەوە ماینەوە و هەلێك بوو بۆ من کە ئیتر بچمە شوێنێکی دیکە، بۆ ئەو مەبەستە چوومە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەلاچوالان بە بوونی هاوڕێی خۆشەویستم هەڤاڵ بەختیاری مەلا عێزەت شاد بووم، وەك هەر یەکێك لەو پێشمەرگانە ئیش و کارم دەکرد، لەو ماوەیەش هەڤاڵ عومەر فەتاح چەند جارێك داوای کرد کە منی دیاری کردووە بۆ بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی، بەڵام من پەسەندم نەکرد و هۆکارەکەیم بە هەڤاڵ بەختیار گوت. دوای ئەوە پێی گوتم دەچیتە گومرگ لەوێ دەبیتە بەرپرسی بنکەیەك، ئەگەرچی دڵیشم پێوەی نەبوو، پێم خۆش نەبوو پەسەندی بکەم ئیتر نێردرامە کانیخان لەسەر سنووری پێنجوێن، دوو پێشمەرگەشم لەگەڵ دانرا کە ناوەکەیانم لە ئێستادا بیرنەماوە یەکێکیانم نارد بۆ کڕینی پێداویستی هەر ئەو شەوە پیکابێکی پڕ لە تەلی مس و لۆری یەکی شەش تایە هێنرا تا ئاودیوی بکەن، بۆ تەلەکە دووهەزار دینار و لۆری یەکەش بڕی پەنجا هەزار دیناریان خستە بەرچاوم، تا ڕێگەیان بدەم، بەڵام ئاگادارم کردن مەگەر بە سەر لاشەکەمدا بڕۆن، کە دەمناردنەوە بۆ بنکەی ناوەندی لەوێوە لە شوێنانی دیکەوە ئاودیو دەکرا، ژمارەیەك پێشمەرگەی دیکەیشیان بۆ ناردم یەکێك لەوانە هەڤاڵ مستەفای برا گەورەم بوو.

تا لەوێ بووم هیچ ئاودیوکردنێك لە کانی خانەوە ڕووی نەدا، لە گومرگی بالاوە هاتن داوایان لێ کردم بچمە سەیرانبەن، بە مەرجێك گەڕانەوەم پەسەندم کرد کە تەواوی پێشمەرگەکان بە کاکیشمەوە لێرە بمێننەوە.

یەکەم شەوی سەیرانبەن دوو لۆریان هێنا و یەکێکیان لە ڕێگەیەکی ناو ماڵە ئاوارەکان کە خۆڵەکەیان بە شۆفڵ لابرد بوو گەیانـدبووە ئـەودیو تەلبەنەکـەوە، پێشـمەرگەیەك هـات پێی گوتم کە لۆرییەکی لەودیو تەلبەنەکە دیـوە، لەگـەڵ پێشـمەرگەکان بەچـەکەوە چـووین بە سەربازە ئێرانییـەکانم گـوت هـەر ئێسـتا بیکەنـەوە بـەم دیـودا، دواتـر خاوەنەکـەی بـڕی هەفتا هەزار دینار بۆ خۆم و هەر پێشمەرگەیەك قاتێك جلوبەرگ، بەڵام بە ئەمانیشم گوت مەگەر بە سەر لاشەکەمدا بڕۆن.

لـەو ماوەیـەدا نووسـینێکم لـە بـارەی ئـاودیوکردنی کـاڵا و ئامێرەکانـەوە نووسـی، کـە دەبێتە لەدەستدانی پێداویستییەکان و خستنەوەی گرانـی، پێویسـتە هـەوڵی دروسـتکردن و بەگەڕخسـتنی کارگـەی سـەرەتایی بـۆ دروسـتکردنەوەی شمەکـە لەکارکـەوتووەکان بـدرێت، لەوانە قەوانـە فیشـەك کـە دەتـوانرێ چـەند پێداویسـتی لـێ بەرهـەم بهێنـرێ بردبـووم بـۆ مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی دام بە هەڤاڵ تەحسین قـادر، پـاش خوێندنـەوەی پێـی باش بوو لە سیمینارێکدا بخوێندرێتەوە، لە وەڵامدا گوتم لەم کاتـەی ئێسـتا کـە نامـەوێ لـە سنوورەکەی منەوە ئـاودیوکردن هـەبێ و چۆڵی بکـەم بـواری ئامادەسازیم نییـە مەگـەر لـە هەلێکدا ئەوە بوو هەر نەڕەخسا.

گومرگی باڵا جارێکی تر داوایان لێ کردم ئەمجارە بچمە بنکـەی گۆخلان، بـەڵام لـەوێ هەموو ڕۆژێك لەگەڵ ئاودیوچییەکاندا لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بـووم، کـە بەدەسـتە چـەکدار دەهـاتن چـەك و میلـی کلاشـینکۆفیان لـێ دەهێنامـەوە، ئەگـەر بەرپرسـەکەیانم لـە نزیـك خۆمەوە ڕانەگرتایە زۆر ئاسان بوو بمکوژن.

شەوێك ئازارێکی زۆری سەرم هەبوو ناچار چوومە بنکە تەندروسـتییەکە ئـەمپولێکی (ڤالیۆم)یان لێدام، بەیانی لە خەو هەستام بیستم دوو قەمەرەی تۆیۆتـا کـرۆلا ئـاودیوکراوە هـەردووکیانم گەڕانـدەوە، گـەلێك هەوڵیانـدا ڕێگـەم پێنـەدان ئـاودیوی بکەنـەوە، هـەر

ئۆتومبیلێك دەمگرت بەخۆیاندا دەمناردن بۆ گومرگی باڵا دەچوون، یاخود نا من هیچ کێشەم نەبوو، بەڵام ئەمان هەر وازیان نەدەهێنا خۆم و فەرماندەی کەرت هەڤاڵ فاروق عزیز (وەستا فاروقی سەرتاش) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی حسك ناوەکەیم لە ئێستادا لە بیر نییە ڕۆیشتین، کە گەیشتینە (نزارە - پێنجوێن) ڕێیان لێگرتین چەکدارەکانیشیان پەنابەرد بە پەنا بەرد دامەزرابوون، پێم گوتن لە بیرم چووەوە ئێرە پێنجوێنە وامزانی لە بانی مەقان و کەرکووکین! بۆ کێ دامەزراون؟ دوای شەڕێکی دەستەویەخە و ناوبژیوانی دەچنە گومرگی باڵا.

هەر لەو ماوەیەدا وازم لە گومرگ هێنا و هەڤاڵ نەوزاد نوری بەگ زۆر هەوڵیدا کە پێویستە بچمەوە گومرگ پەسەندم نەکرد، لە ماڵەوە مامەوە تا هەڤاڵ قادری حاجی علی داوای کردبووم سەردانی بکەم لە کارگێڕی بەرەی کوردستانی–سلێمانی کە بەرپرسی بوو، پێی ڕاگەیاندم کە وەك بەرپرسی کارگێڕی و دارایی دەوام بکەم، ئیدی لە مانگی تشرینی یەکەم ١٩٩١ تا دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشانەوەی بەرەی کوردستانی مامەوە.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، حکومەتی عێراق پاش شکست و پاشەکشەی هێزە سەربازیی و دەزگا تۆقێنەر و داپڵۆسێنەرەکانی بڕیاری کشانەوەی فەرمانگە و دەزگا کارگێڕییەکانیشی دەرکرد، ئیدی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە، ی.ن.ك بەناوی بەرەی کوردستانییەوە، ئەو ئەرکەی بە هەموو کێشە و ئاڵنگارییەکانییەوە لە ئەستۆنا، تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی نوێنەرانی گەل بەمەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەریی فەرمی لە چوارچێوەی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا و لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەهەموو کەموکوڕی و کۆسۆپەکانییەوە بەئەنجام گەیەندراو دواتر لە ١٩٩٢/٧/٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا.

دوای پێکهێنـانی وەزارەت "شـالیار"ی پێشـمەرگە و دامەزرانـدنی یەکـە سـەربازییەکان بەناوی (قیادة منطقة) بۆ هەر پارێزگایەکی هەرێم کرایەوە، لە (قیادة منطقـة)ی سـلێمانی بـە ئەفسـەری هـەواڵگریی (فـوج الـدیفاع والواجبـات) دانـرام، لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٩٤ لەسـەر پێشنیاری هاوڕێی خۆشەویستم کاوەی مامە عەبە پەیوەندیم کرد بە دەزگای (لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان) و تا هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ بەرپرسی بەشێك بووم، لـەو سـاڵەوە خـۆمم خانەنشین کرد[٦٢].

---

[٦٢]- هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان (د. هاوڕێ)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/١٣.

هەژار عوسمان مەعروف عەبدولڕەحمان (د. هەژار)

ساڵی ١٩٥٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووم، دوو خوشك و شەش براین، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە پۆلی شەشی ئامادەیی سێیەمی سەر پارێزگای سلێمانی بووم، بۆیە ڕاستەوخۆ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغداد وەرگیرام، لە پۆلی پێنجی ئامادەیی نزیکی سیاسەت بوومەوە، لە کاتی وەستانی شەڕی کورد و حکومەت لە سەرەتای حەفتاکاندا هاوڕێیەکم داوای لێ کردم پەیوەندی بە ڕیزەکانی پ.د.ك بکەم، هەروەها گوتی دواتر زەمالەی خوێندنت بۆ دەکەن و دەتنێرن بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن، کە بەو شێوازە خەڵکیان ڕادەکێشا زۆرم پێ ناخۆش بوو، من بە نیازی کوردایەتی ویستم دەست پێ بکەم و بیرم لە بەرژەوەندی کەسی نەدەکردەوە.

هەر لە قۆناغی ئامادەییدا بووم هەواڵ هات گوایە پێویستیان بە چاودێرە بۆ سەر سندووقەکانی سەرژمێری لە شاری کەرکووك، من ڕەزامەندیم نیشاندا و گوتیان بەعس لە سەرژمێرییەکەدا فێڵ دەکات، بۆیە ئێمە وەکو کورد پێویستمان بە خوێندەواری کوردە خولیان بۆ دەکەینەوە تا چاوکراوە بن، ئیدی من لەو ڕێگەیەوە دەستم بە کاری سیاسی کرد، ڕۆژێك هەڤاڵ سالار عەزیز هات بۆ خوێندنگەکەمان و کۆی کردینەوە و باسی پێویستی ئاگاداربوونی لە فێڵەکانی حکومەت کرد.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە هانیدام بۆ کاری سیاسی، دوای ئەوەی چوومە بەغداد بینیم هەرچی کاری قورس هەیە لە بۆیاغی پێلاو و حەماڵی و کرێکاری قورس بە کوردی دەکەن، کە زۆرینە کوردی فەیلی بوون، واتە وەك هاووڵاتیی پلە دوو تەماشای کورد دەکرا، ئیدی ئەمە گوژمێکی دیکەیدا بە هەستی نەتەوایەتی و چینایەتی من، تا ئێستاش ناتوانم پێلاوەکانم لای بۆیاغچی بۆیاغ بکەم.

دواتر گوتیان زەماله هەیه بۆ خوێندنی ئەندازیاری نەوت بۆ لەندەن، من پێشکەشم کرد، که چووم سەیرم کرد له فایلەکاندا وانووسراوه که من بەعسی نیم و داوایان لێ کردم ببم به بەعسی، ئیدی ڕازی نەبووم و ئەو هەلەم له دەست چوو.

ئیدی له زانکۆی بەغداد دەستم به خوێندنەکەم کرد و له ساڵی ١٩٧٤ که شەڕ دروست بووەوە من بۆ هەفتەیەك مۆڵەتم وەرگرت و بەمەبەستی پەیوەندیکردن به پێشمەرگەوە هاتمەوه کوردستان، ئیدی خاڵێکم له هەڵەبجه نەیهێشت و پەشیمانی کردمەوە، تێی گەیاندم، ئەم شۆڕشه، ئەو شۆڕشه نییه، که تۆ به زۆرباشی دەزانی، باش بوو پەشیمانی کردمەوە و به نهێنی گەڕامەوە بەغداد و دەستم کردەوه به خوێندن و تا له ساڵی ١٩٧٨–١٩٧٩ کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدادم تەواوکرد، ڕاستەوخۆ وەك پزیشك دامەزرام و ساڵێکم تەواو نەکرد، چوومه دەرەوە و بووم به پێشمەرگە.

من نزیکەی یازده مانگ و هەفتەیەك بوو وەك پزیشك دامەزرابووم، واته پزیشکی موقیم بووم له نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی، لەو کاته زۆر سەرنجم دەدایه خەباتی (ك.ڕ.ك) و به خەباتی کۆمەڵه و ی.ن.ك سەرسام بووم لەو کاتەدا، هەوڵێکیشمدا پەیوەندی بکەم به ڕێکخراوی (ك.ڕ.ك)ەوە، بەڵام سەرینەگرت، بەڕاستی نەمدەوێرا لەگەڵ هەموو کەس باسی ئەو ویستەم بکەم، چونکه دۆخەکه مەترسیدار بوو، له ڕووی ئەوەی ئەو کەسه نەك هەواڵم لێ بدات، هەروەها پێم وابوو ئەگەر ببم به ڕێکخستن و له چالاکیدا بگیرێم و نەك له ئەشکەنجەدا دانبنێم به ڕێکخستنەکاندا و هاوڕێکانم ئاشکرا بکەم، بیرم لەوەش دەکردەوە زۆر قورس بوو له لام، لەبەرئەوە هەوڵەکانم زۆر چڕ نەکردەوە یەك هەوڵمدا، که سەرینەگرت ئیدی وازم هێنا.

له لایەکی دیکەوە گەڕان به وڵاتەکەمدا خەونی من بوو، که هەر پارچەیەکی وەك خانەیەکی دڵم تەماشام دەکرد، واته دڵ بۆ خۆی له چوارخانه پێکهاتووە، هەروەها کەشەکەی ئازادانه بوو، بۆیه له ١٩٧٩/٧/٢٩ له شاری سلێمانی دەرچووم، له ڕێگەی

دەریاچەی دەربەندیخانەوە بە بەلەم خۆم گەیاندنە شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نزیکەی دە ڕۆژ لە شارەکانی پاوە و بۆکان و سنەوە سەقز و مەهاباد مامەوە، ئەوکاتە شۆڕشی گەلانی ئێران تازە سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، کوردستانی ئێران زۆر خۆش و ئازاد بوو، کورد خۆی خاوەنی خۆی بوو، کەس لێی نەپرسیم ئایا پاسەپۆرتم پێیە، یان نا؟ چونکە حکومەتی ناوەندی لە تاران زۆر لاواز بووبوو، شارە کوردییەکان بەدەستی کورد خۆیەوە بوو، ئەو کاتە دوو حیزبی سەرەکی لە ئێران هەبوو، ح.د.ك و حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

لە مانگی ٨ی ١٩٧٩ خۆم گەیاندە بنکەکانی حیزبەکانی باشووری کوردستان کە لە ڕۆژهەڵات بوون، من نیازی چوونی ڕاستەوخۆم هەبوو بۆ بنکەکانی ی.ن.ك بەڵام بەڕێکەوت تووشی کوردێکی قەڵادزێ بووم پرسیاری ڕێگەم لێ کرد، گوتی بەسەرچاو، کەچی فێڵی لێ کردم چونکە خۆی پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بوو، لەبری بارەگای ی.ن.ك بردمی بۆ بارەگای خۆیان بە ئۆتۆمبێل بە ڕێگای مەهاباد و سەردەشت و خانێ بردمی بۆ بارەگای خۆیان، گەیشتینە شوێنێك پێیان دەگوت مردواوێ لەوێ بەپێ ڕۆیشتین ڕەشماڵی ئاژەڵدارەکانی ئەوێی لێ بوو، پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی لێ بوو دابەش بووبوون بە سەرماڵەکانی ئەوێدا، ئەوانەی لەوێ بینیم بریتی بوون لە هەڤاڵان ڕەسووڵ مامەند و ملازم تاهیری عەلی والی، منی پێ ناساندن، بەس نەیگوت دەیەوێت ببێت بە پێشمەرگەی ی.ن.ك، گوتی دەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە، منیش تازە بووم نەمدەزانی ئەوانە کێن، واتە نەمزانی سەر بە ی.ن.ك نین، لە دوایی بۆم دەرکەوت، بێگومان خۆشیان پێشتر سەر بە ی.ن.ك بوون تازە جوودا بووبوونەوە، هەر چوار مانگێك بوو.

ملازم تاهیر بنەماڵەکەمانی ناسیوە، ئێمە خزم دەرچووین، نامەیەکی بۆ نووسیم گوتی بچۆ بۆ لای د. مەحموود عوسمان، گەیشتمە لای د. مەحموود و نامەکەی خوێندەوە زۆری

پێ خۆش بوو، هێشتا هەر نەمدەزانی کە سەر بە ی.ن.ك نین، لای ئەو بۆم ڕوون بووەوە، ئیدی لێرەوە هەرچی کاری پزیشکی هەبوو د. مەحموود دایە دەستی من و خۆی دەستی لەو کارە هەڵگرت، لەوێ چەند بارەگایەکیان هەبوو، خەڵکی زۆری ئەو گوندانەی ئەوێی لێ بوو، ڕێگای سنووری قاچاغچییەکانیش بوو، هەروەها پێشمەرگەی ح.د.ك لێ بوو، شوێنەکە دەراوی دۆڵەتوو بوو واتە بەتەواوی سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات بوو، شوێنێکی سەخت بوو، ئیدی من بێ جیاوازی دەستم کرد بە خزمەتی هەمووان.

لەوێ چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر دەهاتنە بەردەستم، ڕۆژێك دەنگی هەلیکۆپتەر هات، ئێمەش لە ڕەشماڵەکان هاتینە دەرێ، چونکە ئەگەری بۆردومانکردنمان هەبوو، چووینە نزیکی بەردەکانی دەوروپشتی خۆمان، بەچاوی خۆمان بینیمان ئەو هەلیکۆپتەرانە دابەزینە سەر گوندی دۆڵەتوو، دەستیان کرد بە بۆردومانێکی چڕی گوندەکە، ئیدی ئەوکاتە ئەو گوندە ٤٠ بۆ ٥٠ ماڵێك دەبوو، هەروەها پێشمەرگەی ح.د.ك تیابوو، دوای زانیمان هەواڵیان لێدراوە کە پێشمەرگە و کادیری و سەرکردەی حیزبەکەشی لێیە، ئەو هەواڵە مسۆگەرە لەلایەن ئەو کەسانەوە درابوو کە لەو گوندە لە زیندانی (ح.د.ك)دا دابوون دوای ئازادبوونیان لەو گوندە هەواڵیان دابوو، واتە پێشتر تەواوی زانیاری شوێن و زیندانییەکەیان گەیاندبوو، ئەمەش بەڵگەی سادەیی مرۆڤی کورد دەردەخات، کە بێ هیچ خوێندنەوەیەك بۆ دۆخەکە زیندانییەکانی دوژمنیان ئازادکردبوو.

من لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا بۆ سەر ڕێگای دۆڵەتوو بەرەو عێراق ڕۆیشتم، چونکە زانیمان لەو بۆردومانە بریندرایان هەبووە و ئێستا دەیبەن بۆ عێراق، چونکە قەلادزێ نزیکترین شوێن بوو، کە گەیشتینە سەر ڕێگەکەیان پێیان گەیشتین، من کۆڵەپشتەکەم کردەوە لە حەب و دەرزی و پێویستی پاکەرەوە و موغەزی هەموویم پێ بوو لەو ڕێگەیە هەرچی پێویستی سەرەتایی بوو بۆم کردن، هەم پێشمەرگە هەم هاووڵاتیی گوندەکە بوون، تەنانەت بەرپرسێکی ح.د.ك تێدا بوو، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك

بوو بەناوی سەیید ڕەسووڵ، کارەکانم بریتی بوون لە دوورینەوەی برین، وەستاندنی خوێن بەربوون، پاککردنەوەی برین بۆ پاراستنی لە هەوکردن، تەنانەت دەرزی کەزازم لابوو کە دژی بەکتریای سەر برین بەکاردێت، هەروەها دەرزی و حەبی ئازارم پێ دەدان لەگەڵ موغەزی، جگە لە هاندانی دەروونی بۆیان تا زاڵ بن بە سەر برینەکانیاندا، ئەوە یەکەم ڕووداوی شەڕ و برینداری و کاری پزیشکیم بوو، زۆر سەیر بوو بەلامەوە، زۆر کاری تێ کردم، جگە لەوە بە دڵنیایی لە ناو گوندەکە شەهیدیش هەبوو، ئیدی ڕەوانەم کردن.

دوای سێ مانگ بۆم دەرکەوت کە لە نێوان ح.ز.ی.ك و ی.ن.ك ناکۆکی هەیە، هەر لە سەرەتاوە دەیانزانی من دەڕۆم بۆ ناو ڕیزەکانی ی.ن.ك لەبەر دوو هۆکار هەستم دەکرد ڕێگەم نادەن، یەکەم بۆ کاری پزیشکی، دووەم وابیریان دەکردەوە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات بۆچوونم بگۆڕێت و بچمە ڕیزەکانی ئەوانەوە، هەروەها متمانەشیان پێم نەبوو بەڵگەشم ئەوەیە ئەوەندە لەوێ بووم تەنانەت چەکی کلاشینکۆف یان دەمانچەشیان پێ نەدام، ئەو چەك پێنەدانە ستەمێکی گەورە بوو لە من کرا، چونکە دۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو، پێویست بوو چەکم پێ بێت، هەرچەندە هاوڕێیەتی د. مەحموود زۆر خۆش بوو، پیاوێکی بەڕێز بوو، لەگەڵ ئەو و پاسەوانێکیدا لە ژێر ڕەشماڵێکدا دەماینەوە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ ئەوانم جێهێشت و پەیوەندیم کرد بە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە.

من ناوی ڕاستیم عەبدولڕەحمانە، کە بووم بە پێشمەرگە و پەیوەندیم کرد بە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە، ناوی خۆم نا (هەژار) سەرەتا نازناو بوو بۆ من، بەمەبەستی ئەوەی ببم بە دکتۆری چینی هەژار و نەدار و لێقەوماو و چینی خوارەوەی کوردستان، ئەمەش بەهۆی کاریگەری (ك.ڕ.ك)ەوە بوو، دواتر کردم بە ناوی سەرەکی خۆم، بۆیە ئێستا کەس بە ناوی عەبدولڕەحمان من ناناسێت.

دوای گەیشتنم بە ڕیزەکانی ی.ن.ك ناردیانم بۆ لای د.خدر مەعسوم، کە لێپرسراوی بەشی تەندروستی بوو، ئیدی من لەو بارەگایەدا کە لە زەڵێ بوو لەگەڵ ئەو مامەوە، دوای

من د. شادمان فوئاد مەستی هات کە لە یۆگسلافیای جارانـەوە بـۆ کوردسـتان گـەڕابووەوە، بووین بـە سـێ پزیشـك، مـن لـە دوای شـەهید دکتـۆر بـەختیار دووەم پزیشـك بـووم کـە لـە شارەکانی کوردستانی عێراقەوە چوومەتە شاخ، د. بەختیار لـە سـاڵیادی شـەهید ئارامـدا لـە ناو شار ویستبوویان جەمال ڕۆنگۆ بکوژن، لەو چالاکییەدا خۆی شەهیدبوو، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر باس لە یەکەم پزیشك بکـەین د.خـدر مەعیسـوم یەکـەم پزیشـکە، بـەڵام ئـەو لـە دەرەوە گـەڕابووەوە، مـن مەبەسـتم نـاوخۆی وڵاتـە، ئیـدی لـە زەڵـێ خـولی فریاکەوتنی سەرەتاییمان بۆ کادیرەکانی ی.ن.ك دەکردەوە نزیکەی چوار هەفتەی دەخایاند، زۆر کادیرمان فێری برین دوورینەوەو و برین پاککردنەوە و دەرزی لێدان کرد، وەستاندی خوێن بەربوون و موغەزی هەڵواسین (خۆراکی ئاوی)، ئەوەندەی من لەوێ بووم دوو خـولی چوار هەفتەییمان کردەوە، بەشداربووانیش دە بـۆ دوازدە پێشـمەرگە دەبـوون، تێیانـدا بـوو دەرچووی زانکۆ بوو، یان ناوەنـدی، بۆیـە خوێنـدەواری مـەرجێك بـوو، لایـەنی کـەم شەشـی سەرەتایی.

لەو ماوەیەدا نەخۆشی هـاووڵاتی و برینـداری پێشـمەرگەش دەهاتنـە لامـان، یـەك لـەو بریندارانە هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود بوو، دەسـتی برینـدار بـوو، مـن تیمـارم کـرد، لەوەوە بووین بە هاوڕێ، هەندێك بریندار پێویستی بە ئێران بوو دەماننارد.

ڕۆژێك کوڕێکی بەخۆی باڵابەرز هات بۆ لامان گەنج بوو برای شەهید ئەحمەد مەولود بوو خەڵکی باڵەکایەتی بوو، کەم خوێن بوو زۆر نەخۆش بوو، من و د. شادمان لە نێوزەنگ بووین نـەخۆشخانەیەکمان لەوێ دروست کردبـوو، ئێمـە شـارەزای خوێنپێـدان بـووین، جگـە لەوەی کیسی خوێنپێدانمان پـێ بـوو، جـۆرێکی پشـکنین هەیـە بـێ ئـامێر جـۆری خوێنەکـە دەدۆزیتـەوە کە بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو خوێن کاتی خـۆی لـە کۆلێـژی پزیشـکی فێـری ئەوە بووبووین، هەم بۆ خوێنبەخش هەم بۆ خوێنـوەرگر، ئیـدی کـەس نـەبوو ناچار خـۆم خوێنەکەم پێدا.

له پایزی ساڵی ١٩٨٠ (قيادة المؤقتة)ی پ.د.ك لەگەڵ حسك بەمەبەستی هێرشکردن لە بارەگاکانی ی.ن.ك نزیکبوونەوە و هاتنە گوندی دۆڵەتوو، تەنانەت مەسعود بارزانی خۆی هاتبوو، هاوکات لە لایەکی دیکەوە حکومەت و جاشیش هێرشی بۆ کردین، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کرد، بیرمە ملازم عومەر بەپەلە هات بۆ نەخۆشخانەکەی ئێمە گوتی هێرشمان لەسەرە و دۆخەکە خراپە، دکتۆرەکان خۆتان ببەستن و کۆڵەپشتەکەتان بهێنن و وەرن بەرەو مامەندە و لووتکەیەکی مامەندە لەلایەن حکومەتەوە گیراوە دەبێت نەهێڵین بگەنە لووتکەی دیکە، ئیدی ئێمە خۆمان کۆکردەوە و من چونکە قەڵەو نەبووم لاقیشم درێژ بوو لە ڕێگا زۆر خێرابووم بۆیە زوو گەیشتم ئاگام لە دکتۆرەکانی دیکە نەما، کەوتمە ناو شەڕەکەوە، ئەوەش دەڵێم شەڕی ڕاستەقینە تەواو بووبوو لە کۆتاییدا بوو، پێشمەرگە جاشی شکاندبوو، لووتکەکەیان گرتبووەوە، جاش و سوپا پاشەکشەیان کردبوو، سروشتی پاشەکشە وایە دوای خۆیان هاوەنباران دەکەن، بۆ ئەوەی شوێن کەوتنیان ئاسان نەبێت، گەیشتنی من کاتی هەڵدانی هاوەنەکان بوو، من چەند برینداریێکم تیمار کرد، پێشمەرگەیەك بەناوی هەڤاڵ غەفوور خەڵکی گەڕەکی دارۆغای سلێمانی بوو، واتە هاوگەڕەك بووین یەکمان دەناسی شانی بریندار بووبوو، کە گەیشتمە سەری گوتی کاك دکتۆر من کوڕەکەی جاران نەماوم ئێستا مرۆڤێکی دیکەم، دوای ئەوە بانگیان کردمە سەر پێشمەرگەیەك پێیاندەگووت هەڤاڵ مستەفای سەعید زۆراب، خەڵکی پێنجوێن بوو، پلەداریش بوو، پێش ئەوە چەندین جار پێکەوە دەرچوونمان هەبوو لە نزیکەوە هاوڕێم بوو کوڕێکی گەنجی ٢٥ بۆ ٢٦ ساڵ بوو، دیار بوو لە پێشی ئەو پێشمەرگانەوە بووە کە لووتکەکەیان گرتبووەوە، بینیم لە پەنا بەردێکدا خەڵتانی خوێنە گوللەیەك لەسەری دابوو، هەرچەندە لە مردندا بوو، بەڵام دوو سێ دەرزی ئازارم بۆ کرد بە خۆم گوت هیچ نەبێت با بەئازارەوە شەهید نەبێت، قسەم بۆ دەکرد و ئیدی لە باوەشی خۆمدا شەهید بوو، پێش چەند ڕۆژێك پێکەوە بووین کە بەو دۆخەشەوە بینیم و شەهید بوو دۆخێك بوو هەرگیز

بە سەرم نەهاتبوو زۆر بێتاقەتی کردم، ئیدی وردە وردە دونیا بەرەو تاریکی ڕۆیشت و هاوەنبارانیش بەرەو کۆتایی هاتن دەچوو، دیار بوو د. شادمانیش بریندارەکانی خۆی تیمار کردبوو.

ئیدی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود چووینە خوارەوە، چونکە بووبووین بە هاوڕێ، دواتر چوومە مەریوان ئەو کاتە ی.ن.ك لەگەڵ کۆمەڵەی ئێران پەیوەندی باش بوو، هەرچی دکتۆری هندی و پاکستانی سەردەمی شا بوو کە نەخۆشخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەڕێوە دەبرد بە ڕووخانی شا گەڕابوونەوە وڵاتی خۆیان ئیدی ئەو شارانە بێ پزیشك مابوونەوە، نەخۆشخانەکەی شاری مەریوان هیچ پزیکشێکی لێ نەمابوو، من کە گەیشتمە ئەوێ بەکلاشینکۆفێکەوە ناڕاستەوخۆ بووم بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە و لەوێ مامەوە، ئیدی شوێنێك هەبوو پێیان دەگوت شێروخورشید واتە هاوشێوەی بنکەکانی خاچی سوور وابوو، ژێر زەمینی ئەو شوێنەمان کرد بە نەخۆشخانە پزیشکێکی ئازەریمان لەگەڵ بوو ناوی د، سیما بوو سەر بە چریکەی فیدایی خەڵق بوو، لەگەڵ د. قادر حاجی حەمەشەریف یاریدەدەری دەرمانساز بوو لە بەغداد خوێندبووی، کادیرێکی دێرینی کۆمەڵە بوو خەڵکی هەڵەبجە بوو، لەگەڵ د. هۆشمەند کە یاریدەدەری پزیشکی بوو هەڤاڵێکی دیکەمان لەگەڵ بوو ئەم پێنج کەسە ئەو نەخۆشخانەیەمان بەڕێوە دەبرد، کە پێشمەرگەی ی.ن.ك و ح.د.ك و کۆمەڵەی لێ بوو، دواتر د. هۆشمەند شەهید بوو.

لێرەوە من لە مەریوان زۆر مامەوە، گوندەکان تۆپباران دەکرا دەچووین بۆ ماڵەکان، مەریوان بەزۆری چۆڵ کرابوو، بەدەست پێشمەرگەوە بوو حکومەت دەیویست بیگرێتەوە، بۆیە بەهۆی تۆپبارانەوە بەرەو چۆڵ بوون دەچوو، ئیدی خەڵکی بەتەمەن نەیدەتوانی بڕوات، ئێمە هاوکاریمان دەکردن، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی ئێرانیان هێنا ڕانی شکابوو، هێشتا لەگەڵ عێراق پەیوەندییان گرێ نەدابوو، فریاگوزاری سەرەتاییم بۆ کرد

گوتم بیبەن بۆ پێنجوێن، گوتیان چۆن وادەڵێیت خۆ تۆ سەر بە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)یت و دژی حکومەتی عێراقی، گوتم کاکە ئەمە بریندارە پەیوەندی بە حکومەتەوە چییە، دواتر لەگەڵ حکومەتی عێراقیش ڕێکەوتنیان ئەنجامدا.

کارێکی دیکەی من هێنانی دەرمان بوو، ئۆتۆمبێلێکی جێب هەبوو، دەم برد و دەچووم بۆ سنە لە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە دەرمان جێبەکەم پڕ دەکرد و لە دەرمان و دەگەڕامەوە، کە بووە ئەزموونیکی خۆش بوو من.

هێندە دۆخەکە تێکەڵ و ئاڵۆز بوو، ڕۆژێك مەفرەزەیەکی کۆمەڵەی ئێران هێرشیان کردە سەر خاڵێکی سوپای ئێران، بە ڕێکەوت کەوتمە ناو ئەو مەفرەزەیەوە و کۆڵەپشتەکەم پێ بوو گوتیان لەگەڵمان وەرە بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچن لەگەڵیان چووم، دوای کاتژمێرێك ڕۆیشتن بە پێ منیان لەسەر حەوز و ئاو (ئەستێلك)ێك دانا، پاش کەمێك بوو بە تەقە، زانیم شەڕە، دوای ئەوەی هاتنەوە بینیم جەستەی پێشمەرگەیەکیان پێ بوو بە ناوی عەبدوڵلا کە لێپرسراویان بوو تا گەیشتە لام شەهید بووبوو، نەمتوانی فریای بکەوم.

دوای ئەوەی کە ئێران مەریوانی گرتەوە، هەڤاڵ مام جەلال بروسکەی بۆ کردین کە پێشمەرگەکانی ی.ن.ك بکشێننەوە، ئەو کات هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر بەرپرسی من بوو نامەی بۆ ناردم بکشێمەوە، وەڵامم دایەوە کە بروسکەکەم بیستووە بەڵام من وەکو پزیشك نابێت ئەم بریندارانە بەجێبهێڵم، ئیدی لێی قبووڵ کردم، گەواهی ئەوە دەدەم هەڤاڵ بەکر پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو، منیش نەگەڕامەوە دواوە، تا بە تەواوی دەست بە سەر مەریواندا گیرایەوە، ئیدی ناچاربووم بگەڕێمەوە، لەگەڵ هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر هاتینە گوندی بلەکێی سەر سنووری نزیکی بانە، لە بلەکێ لەسەر پێشنیاری هەڤاڵ بەکر بە بەرد و دارو قوڕ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نەخۆشخانەیەکمان دروست کرد، کە بریتی بوو لە ژوور و هەیوانێکی زۆر گەورە، ئەمە بووە نەخۆشخانەی پشتەوەی پێشمەرگە کە لە شاربازێر و گەرمیان و قەراغ و شارەزوورەوە دەهاتنەوە بۆ ئەوێ، ستافی نەخۆشخانەکە بریتی بوون لە

دوو کارمەندی پزیشکی د. شەماڵ (عومەر) و د. شازاد (ئاراس)، لەگەڵ من وەك پزیشك، ئیدی بریندار و نەخۆش و هاووڵاتی و قاچاغچی و سەربازی هەڵهاتوو دەهاتن، ئەوەی ئێمە بۆمان دەکرا دەمانکرد، ئەوەی نەکرایە دەماننارد بۆ بانە، لەو نزیکانە کۆمەڵەی ئێرانیش دوو پزیشکی هەبوو ناویان (د. ئەحمەد و د. عوسمان) بوو.

ڕۆژێکی زستان کە بەفر تا ئەژنۆ باری بوو، پیاوێکی گەنج هێسترێکی پێ بوو بە گریان و پاڕانەوە هات گوتی دکتۆر فریامان بکەوە، گوتم چییە، گوتی هاوسەرم سکی هەیە و منداڵی نۆبەرەی دەبێت هەشت بۆ نۆ کاتژمێرە لە ژاندایە و ڕزگاری نابێت، گوتم دۆخەکەیم بۆ باس بکە با لە هۆکارەکەی تێبگەم، لەسەر ئەو بنەمایە دەرزییەك هەیە پێی دەڵێن سینتۆسینۆن کە ژنێك ژانەکەی لاواز بێت و نەتوانێت منداڵەکەی ببێت ئەو دەرزییەی بۆ بەکاردەهێنرێت و ژانەکەی بەهێز دەکات، من خۆم نەچووم، بەس د. شازادم ئاڕاستە کرد کە بچێت موغەزی بۆ هەڵبواسێت و ئەو دەرزییە بکاتە موغەزییەکەوە و هانی بدات و کەمێك سکی بشێلێت، ئیدی ڕۆیشتن و دوای چەند کاتژمێرێك هاتنەوە و بۆیان گێڕامەوە و گوتیان هەر وادەرچوو کە تۆ پێت وتین، پیاوەکە قاچاغچی بوو زۆر دەوڵەمەند بوو د. شازاد گوتی لە خۆشیدا تورەکەیەك سەد تمەنی بۆ هێنام و پێی گوتم چەندت دەوێ بۆ خۆت هەڵی گرە، ئێمەش بە هیچ جۆرێك پارەمان لە کەس وەرنەدەگرت و خۆمان بە خزمەتکار دەزانی، بە هەمان شێوە هەوڵیدا پارە بدات بە من، بەڵام ڕەتم کردەوە. گوتم ئەگەر هەر حەز دەکەی ئاژەڵێك بهێنە بۆ بارەگاکە با پێشمەرگەکان سەری ببڕن و بیخۆن، ڕۆیشت و پێم وابێ دوو بۆ سێ مەڕ و بزنی هێنا و بوو بە جەژن چونکە زۆرمان برسی بوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا کە یەکەم جار بوو دابەزم بۆ ناوچەی شارەزوور لەگەڵ هەڤاڵان: شەوکەتی حاجی موشیر، حامیدی حاجی غالی، مەلا بەختیار بەهێزێکەوە چووین بۆ شارەزوور هەرچەندە بە دەست حکومەتەوە بوو، بۆیە چوون بۆ ئەو ناوچانە قورس بوو،

لە گوندی ناوگردانی نزیکی سەیدسادق پێشمەرگەیەك هەبوو فەرماندەی کەرت بوو بە ناوی دلێر جاف پێیان گوتم فریای بکەوە هەڤاڵ دلێر میزی گیراوە، دوو ڕۆژ بوو میزی نەکردبوو، پێشتریش جارێکی دیکە بە برینداری بینی بووم، پەسیدینم بۆ بەکارهێنا و دوو تەلی چەترم هێنا خستمە ناو سۆندەی لاستیکەوە چونکە بە تەنها نەرمە نەدەڕۆیشت بە ئەندامی نێرینەیدا ڕەتم کرد و میزگیرانەکەیم بەردا و ڕزگاری بوو، شوێنەکەشی مەترسیدار بوو، ئەگەر بزانرایە لەوێیە دوور نەبوو هێز بنێرنە سەری، چەند ساڵێك دواتر هەڤاڵ دلێر شەهید بوو.

ئیدی هەشت بۆ نۆ مانگ لەوێ بووم بەجێمهێشت و چوومە شارباژێر و لەگەڵ پێشمەرگەدا دەستم بە جەولە کرد لەوانە هەڤاڵان: (بەکری حاجی سەفەر، وەهاب، جەمالی حەمەی خواکەرەم، شەهید سەلاحی موهەندیس)، برینداریشم چارەسەر دەکرد، لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ هەڤاڵ مەلا بەختیار ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەری پێدام و دەرمانم تێ کرد و گوندەکان دەگەڕام، ئیدی بە ئاسانی بۆ چارەسەری نەخۆش و برینداری پێشمەرگە دەگەیشتمە گوندەکان، هەر کاتێك ئاگاداربکرامایەتەوە دەچووم، هەرچەندە ئەو ئۆتۆمبێلە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی دەرەوەی شار بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە مەترسی بوو لەسەر ژیانم.

لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، لەبەرئەوەی یەکلابووم تازە من لەم شۆڕشەدام، ئەگەری شەهیدبوونم زۆر بوو، با هیچ نەبێت کەسێکم لێ جێبمێنێت و منداڵێکم هەبێت و دایکم و کەسوکارم بڵێن ئەمە یادگاری ئەوە،

یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پەیداکردنی دەرمان بریتی بوو لە بڕینی بنکە تەندروستییەکانی حکومەت، ڕۆژێك هەڤاڵان نەخۆشخانەی شیرەکەی سلێمانیان بڕی بوو، دەرمانێکی زۆریان هێنابوو، منیش کە دەچوومە هەر گوندێك خەڵك بە گشتی لێم کۆدەبووەوە، واتە نۆرینگەیەکی گوێزراوە بوو، لە گوندێك ژنێك هات منداڵێکی پێ بوو ئەو

هەواڵەی بیستبوو کە دەرمانی نەخۆشخانەی شیرەکە هێنراوە نەخۆشخانەکەش تایبەتـە بـە منداڵان، هات داوای شیری کرد، گوتم دەرمـانم لایـە بـەس شـیرم لا نییـە، گوتی ئـەی بۆچی دەڵـێن نەخۆشـخانەی شـیرەکەتان بڕیـوە، وای زانیبـوو لـەو نەخۆشـخانەیە شـیر دەدەن بـە منداڵ، ئەمە بەسەرهاتێکی خۆشی ژیانی پێشمەرگایەتییە.

من کە هاتمـە خـوارەوە بـەرەو شـارباژێر لـە ناوچـەی شـارباژێر لـە گونـدی پـەڕەزان و سروچـك نەخۆشـخانەمان دروسـت کـرد، مـاڵی هـەڤاڵ بـەکری حـاجی سـەفەر لـە شـارەوە هاتبوونە ئەوێ، گوندەکە بینای نەخۆشـخانەی هـەبوو، بـەڵام چۆڵکرابوو، ئێمـە ئاوەدانمـان کردەوە و دارەڕامان کرد، د. قادر، هەڤاڵ هیوا، هەڤاڵ ستار و هەڤاڵ غـەفوور ڕۆڵـی دیاریـان هەبوو، ئیدی فریای خەڵکی ئەو گوندانە کەوتین، واتە نەخۆشخانەی هەرێمی سێی ی.ن.ك بوو.

دواتر لە دوای کۆنفرانسی دووی کۆمەڵـە کـە مـن بەشـداربووم، مەڵبەنـدەکان دروسـت بوون، کوردستان بوو بە چوار مەڵبەند، ئێمە چووینە سەر مەڵبەنـدی یـەك کـە لـە حـاجی مامەند دانرا، بنکەی سەرەکی مەڵبەنـد و دادگای مەڵبەنـد و نەخۆشـخانەی مەڵبەنـدی لـێ دانـرا، هـەڤاڵ مـەلا بـەختیار بـوو بـە لێپرسـراوی مەڵبەنـد، دواتـر هـەڤاڵێکیان بـۆ نـاردین بەناوی کامیلی مەلا مەحموودی خەراجیانی کارمەندی پزیشکی بـوو، خوشـکەزایەکی خـۆم هات تا سێی ناوەندی خوێنـدبوو خـولی ڕاهێنـانی پزیشـکیمان بـۆ کـردەوە نـاوی هیـوا بـوو، بوون بە یاریدەدەرم، د. قادریش کە لە جەولە دەهاتەوە و دەهاتـە نەخۆشـخانەکە یارمـەتی دەداین، دواتـر هـەڤاڵێکی دیکـە هـات بـە نـاوی سـتار (جیهـانگیر)، ئیـدی نـەخۆشـخانەکەمان بەڕێوە دەبرد.

لەو ماوەیە شەڕێك دروسـت بـوو حسـیك و پاسـداری ئێـران و پ.د.ك پێکـەوە لـە دژی ی.ن.ك یەکیان گـرت کـە بـە شـەڕی ڕەزڵـە ناسـراوە، لـەو شـەڕە ئـەو بەرەیـە زۆر بـەخراپی شکان، وەك دواتر باس کرا نزیکەی بیست کەسیان لێ کوژرا، لـە ی.ن.ك دوو بـۆ سـێ کـەس

شەهید بوون، ئەو بەرەیـە چـەندین برینـداریان هـەبوو تەنانـەت برینـدارەکانیان بـۆ ئێمـە هێنا کـە پێشمەرگەی پ.د.ك بـوون، ئێمـە جیاوازیمـان نـەدەکردن، برینـداری هـەردوولامان چارەسەر دەکرد، چونکە چار نەبوو شوێن نەبوو بیانبەن، تەنانەت لە پاڵی یەك دامـان نـان و چارەسەرمان بۆ دەکردن و لـە تەنیشت یەکدی دەخـەوتن، پێشمەرگەیەك گوتی دەبێت ئاگامان لێیان بێت خۆ هەندێکیان دۆخیان باشە، پێشمەرگەیەکی دیکەی ی.ن.ك کە ئەویش بریندار بوو لە تەنیشت ئەوان پاڵکەوتبوو، گوتی کاك دکتۆر خەمت نـەبێت مـن (میقـات)م لەگەڵیانـدا، (واتە ئاگام لە هەموو شتێکیانە).

یـەکێك لـەو پێشـمەرگە برینـدارانـە پێشـمەرگەی پ.د.ك بـوو گـونی برینـدار بووبـوو، نەشتەرگەریم بۆ کرد، زۆر مەبەستی بوو دەپاڕایەوە کە گونی لەدەسـت نـەدات، منـیش زۆر بە دڵسۆزی چارەسەرم کـرد و خستمەوە شـوێنی خـۆی، چاکیش بـووەوە، دواتـر هـەموویان ئازاد کـران، کـە چـوو بـووەوە سـوورێن زۆر ستایشـی ئـەو نەخۆشـخانەیەی ئێمـەی کردبـوو، گوتبوویان ئەوانە لە کۆمەڵە و یەکێتیی ناچن، هەر لـەو شـەڕە هـەڤاڵ حەمـەڕەش برینـدار بووبـوو، لایـەکی دەموچـاوی هـاتبووە خـوارەوە، بـە شـێوازێکی زۆر تایبـەتی دووریمـەوە نەمهێشت پێوەی دیار بێـت، کـە دواتـر شـەهید بـوو، ئـەو دوو نەشـتەرگەرییە مـنی زۆر بـە ناوبانگ کرد.

لەو ماوەیە هەواڵمان بۆ هات کە هەڤاڵ شێخ حسێنە سوور لـە گونـدی بـاراوە برینـدار بووە گوللەیەك لە سنگی دابوو، ئیدی بەپەلە چووین، برینەکەی مەترسیدار بوو، لـە پێنـاو ئەوەی شەهید نەبێت تا ڕادەیەك سەرکێشیم کرد سۆندەم بۆ دانا کە زۆر قورسە و ناکرێـت تـا خـوێن و هەناسـەی دەرچـێت ئـەگینا دەمرێـت، هەرچـەندە ئـەو سـۆندەیەم نـەبوو، کەسوکاری چوون بۆیان هێنام، منیش هەموو کات دەرزی پەسیدین و مۆڵفینم هەبوو ئیدی چارەسەرم بۆ کرد.

له ڕووداوێکی دەگمەندا له ناوچەیەکی شارباژێر منداڵێکیان بۆ هێنام بینیم لووتی خورابوو، تازه لەدایك بووبوو، له دوای دوو کچی دیکه لەدایك بووبوو، چونکه کچ بوو کێشکیان بۆ نەگرتبوو واته بێ ئەوەی کەسێك بۆ ئاگابوون لێی دابنرێت، له ماڵەوه به تەنها جێهێڵرابوو هێنده ساوا بوو مشك و جرج لووتی خواردبوو، من تەداویم کرد، زۆر جار که منداڵەکه کوڕ بووایه حەوت شەو و ڕۆژ کێشکیان بۆ دەگرت و به دیارییەوه دەبوون، ئەو کات ژنی لادێش که منداڵی دەبوو بۆ بەیانی دەستی دەکردەوه به کارکردن، ئیدی زۆر بێتاقەتی کردم و پێم گوتن دەبێت بیبەن بۆ سلێمانی و نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ئەنجام بدەن.

هەندێك له گوندەکان نەخۆشی سیلی تێدا بوو بۆ نموونه چەمی گەڵاڵه پشتی بەرزنجه و نزیکی سەیدسادق، که دەچووین چەندین نەخۆشیان بۆ دەهێناین، نازانم چۆن خۆمان تووش نەدەبووین، من که دەچووم پشکنینی سنگ و (تا)م بۆ دەکردن دەمزانی سیله، یان نا، که بمزانیبایه سیله خێرا دەمناردن بۆ سلێمانی.

ڕۆژێك له گوندێکی دیکه که هەڤاڵ ئومێدی سەعید گەوهەر گێرایەوه، گوتی له گوندێك دانیشتبووین منداڵێکیان بۆ هێناین نەخۆش بوو، گوتبووی هیچ کێشه نییه ئێمه دکتۆر هەژارمان لەگەڵه، دوو پیاوی پیری گوندەکەش له هەڤاڵ ئومێدیان پرسی بوو هەر بەڕاستی دکتۆری ڕاستەقینەیه؟ -چونکه وا باو بوو ئەوەی دەرزی له خەڵك بدایه پێیاندەگوت دکتۆر- ئەویش گووتبووی بەڵێ، دکتۆری ڕاستەقینەیه، ئیدی به بەرچاوی هەڤاڵ ئومێدەوه یەك لەو پیاوه پیرانه بەوی دیکەی گووتبوو: "چاوت لێیه ئەمانیش پیاوی عاقڵیان تێدایه".

له دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان ی.ن.ك و حکومەت تیپەکەی ئێمه دەستمان کرد به پڕۆژەی کوتانی منداڵان، واته چوینه ناو بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی حکومییەوه گوتمان ئێمه پێشمەرگەین به گوندەکاندا دەگەڕێین و لەگەڵیان ڕێکەوتین له ناوچەی شارباژێر و

قەراغدا دەستمان بە کوتانی منداڵ کرد، لەو کارەدا د. قادر ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، دکتۆر قادر و د. هیوا کە خولی فریاگوزاری سەرەتاییان وەرگرتبوو لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، نوێنەرایەتی ئێمەیان دەکرد لە شاری سلێمانیدا، ئێمە نەخۆش و خەڵکی سنووری خۆمان دەنارد بۆ شار بۆ لای ئەوان، هەروەها چارەسەری ئەو پێشمەرگە بریندارانەیان دەکرد کە پێشتر بریندار بووبوون، لە دانوستانیشدا من متمانەم بە حکومەت نەبوو نەدەچوومە شارەکانەوە، هەر لە گوندەکاندا بووم تایبەت لە گوندی شوکێ، ئیدی کە مەترسی کەم بوو هاتینە شوکێ، دواتر بۆ کانی دڕکە، دواتر بۆ سیتەك واتە وردە وردە نزیکی سلێمانی بووینەوە.

لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ کە هەڤاڵ مام جەلال وتارێکی مێژووییدا، من هەر لە گوندی شوکێ بووم و نەچووم، ئەگەر بچوومایە بە ڕێگەی قاچاغدا دەچووم، من هەر متمانەم نەبوو، بەڵگەشم ئەوەیە لە کاتی دانوستاندا حکومەت لە ڕێگەی جاشەوە زۆری بە فێڵ لێ شەهید کردین.

لە کاتی دانوستاندا گوندەکان چۆڵ بووبوون لە پێشمەرگە، هەواڵێکم بۆ هات کە پێشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی هەڤاڵ کاکەبرا بەرزنجی بریندار بووە، پلەی فەرماندەی کەرت بوو، لە شەڕدا نا بەڵکو مین پێیدا تەقی بوو، نامەکەیەکم لە ئاسۆی شێخ نوورییەوە بۆ هات تێیدا هاتبوو: کاکەبرا زۆر بریندارە و فریای بکەوە، ئەم کارەشی بۆیە کردبوو هەندێك لە جووتیاران گلەیی و داد و بێدادیان لە دەست زۆری مین کردبوو، کە ژیانی بۆ ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لێ تێکداون، ئەمیش لە سۆنگەی ئەوەی خۆی بە خزمەتکاری خەڵك زانیوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك دەستیان کردبوو بە پاککردنەوەی مینی ئەو گوندە و ناوچەیەکی زۆریان پاککردبووەوە، لە کاتی هەڵگرتنەوەی مین، مینێك پێیدا تەقی بووەوە،

کە هاتن بە دوومدا و هێستڕێکیشیان هێنـابوو، لـە مزگـەوتی گونـدی چـنارە دایاننـابوو، کـە گەیشتم شەهید بووبوو فریای نەکەوتم[٦٣].

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ دانوستان کۆتایی هات، من لـە ١٩٨٤/١٢/٢٠ کوردسـتانم جێهێشـت و چـوومە دەرەوەی وڵات، هـەروەها هەنـدێك نـاکۆکیم هـەبوو لەگـەڵ شـۆڕش لـە کۆنفرانسـی سێشدا بۆچوونەکانم خستبووە ڕوو، ئیدی دوور لـە چاوی هاوڕێکانم ڕۆیشـتم واتـە هـەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر و هـەڤاڵ وەهـاب، بـۆ ئـەوەی تووشـی ڕەخنـە نـەبن و پێیـان نـەوترێ بۆچی ڕێگەتان داوە د. هـەژار بـە بەرچاوی ئێـوەوە بـڕوات، ئیـدی لـە شـوێنێکی سـەختەوە دوور لـە چـاوی هـەمووان و لـە شـاخی سـوورێنەوە ڕۆیشـتم، سـەرەتا چـوومە ئێـران لـەوێ هەڤاڵان مەلا بەختیار و مامۆسـتا جەعفـەر و سـالارم بـینی، گوتیـان ئێمـە خـەریکین ئـاڵای شۆڕش دروست دەکەین، ئاگادارین تۆ ناڕازیـت و قسـەی خـۆت هـەبووە، مەچـۆ بـۆ دەرەوەی وڵات وەرە لەگەڵمان کار بکە، ئیدی دوای گفتوگۆیەك قایلیـان کـردم و گوتیـان دەتکـەین بـە بـە نوێنـەری ئـاڵای شـۆڕش لـە ئێـران، مـن گـوتم نامـەوێت لـە ئێـران بم، ئیـدی سـووریام هەڵبژارد، کە بنکەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەوێ بوو، پێگەیەکی گرنگـی هـەبوو، بـۆ مـاوەی مانگێك لە سووریا مامەوە، دواتر ڕۆیشـتم و خـۆم گەیانـدە ئـەڵمانیای ڕۆژهـەڵات دواتـر بـۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕۆیشتم.

تا مانگی ٢٠٠٩/١٠ لە ئەڵمانیا مامەوە، لـە ٢٠١٣ لەلایـەن بزووتنـەوەی گۆڕانـەوە کاندیـد کرام بۆ ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق، بـەڵام سـەرکەوتنم بەدەسـت نـەهێنا، لـە نـاو سـەد کاندیـد بـووم بـە سـی و چـوارهەمین، هەرچـەندە مـن حیزبایـەتیم نـەدەکرد و لـە هەڵبژاردنیش شارەزا نەبووم، کەس کاری بۆ نەدەکردم ئەو دەنگانەشم هەر بە هەوڵی خۆم

[٦٣]- د. هەژار لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی ڕەنجی فەرهادەکان باسی ئەو ڕووداوەی کردووە، بە یەکێك لە ئازاترین و دڵسۆزترین پێشمەرگەکان ناوی هێناوە، هاوکات دەزگیراندار بووە.

هێنـا، ئێسـتا بـیری لێدەکەمـەوە پەشـیمانم و نـەدەبوو بەشـداربم، چـونکە مـن لـە فڕوفێڵـی سیاسەت و هەڵبژاردنم نەدەزانی و بەکەڵکی نەدەهاتم، هەرچەندە من هەرگیز حیزبایەتیم بە توندی وەرنەگرتووە، بەڵام ئەو ماوەیە لەسـەر گـۆڕان ئـەژمار دەکـرام، دەچـوومە کـۆڕ و سیمیناری هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، بەڵام لە ڕێکخستن و کاری سیاسی و ژوورەکانی گـۆڕان و ئـەو شـتانەدا بەشـدار نـەدەبووم، هـەر بۆیـە بـە جـدی کاریـان بـۆ نـەکردم و هـیچ پشتگیرییەکیان نەکردم و دەرنەچووم، لەو کاتەوەی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا کۆچی دوایی کردووە نەچوومە بە هـیچ بارەگایـەکی بزووتنـەوەی گۆڕانـدا و دەسـتبەرداری بزووتنـەوەی گۆڕان بووم.

هـەر لـە گەڕانەوەشمـدا لـە سـاڵی ٢٠٠٩ بوومـە مامۆسـتای کۆلێـژی پزیشـکی تـا ٢٠٢٠ مامۆستا بووم، لە ساڵی ٢٠٢٠دا خانەنشین بووم، لە سـاڵی ١٩٨٣ هاوسـەرگیریم کـردووە و سـێ منداڵم هەیە دوو کچ و کوڕێك بە ناوەکانی (کەنی، کێوان، کەتان)(٦٤).

(٦٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ: هەژار عوسمان مەعروف عەبدولڕەحمان (د. هەژار)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٢٣.

پاشکۆی لیستەکان

پاشکۆی بەڵگەنامەکان

پاشکۆی وێنەکان

لیستی سەرچاوەکان

پاشکۆی لیستەکان

لیستی ناوی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش ۱۹۷٦-۱۹۹۱

(کادیرانی پزیشکی شۆڕش)

ژ	ناوی سیانی	نازناو
١	خدر مەعسوم	—
٢	یوسف محەمەد عەزیز	شڤان
٣	هۆشمەند عەبدولکەریم	شالاّو
٤	سەروار یەحیا ڕەشید	سەردار
٥	کەمال عەبدولڕەحمان سالّح	حەسان
٦	عەبدولڕەحمان عوسمان مەعروف	هەژار
٧	فائق محەمەد گوڵپی	—
٨	حەسەن عەلی سەعید	—
٩	ئەدیب محەمەد عەلی	هەڵۆ
١٠	عەبدولڕەحمان عوسمان یونس	زریان
١١	حسێن حەمەسالّح بورهان	—
١٢	ناسیح فاتیح عەلی	—
١٣	جەلال عوسمان ڕەشید	—
١٤	بەرزان ئەکرەم عیزەت	هێرش
١٥	ئاودێر عوسمان مستەفا	پێرس
١٦	محەمەد ئەمین غەفور	—
١٧	بەیان حسێن عەلی	—
١٨	خالید محەمەد ڕەشید مەحموود	—
١٩	ئاکۆ سەعید محەمەد	—
٢٠	شادمان فوئاد مەستی	—

٢١	جەعفەر شەفیعی	—
٢٢	فەرەج یاوەر سادق	سەردار
٢٣	شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمان	—
٢٤	وریا عەرەب عەلی	—
٢٥	مەنسوور یوسف مستەفا	—
٢٦	سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا	ئارام
٢٧	موحسین لەتیف کەریم	—
٢٨	فەرهاد نوری محەمەد	دانا
٢٩	شەماڵ ئەحمەد محەمەد	—
٣٠	هیوا عەرەب عەلی	—
٣١	سەردار عەبدولقادر ئەحمەد	—
٣٢	نازەنین عوسمان حەسەن	—
٣٣	فارس حەمە عەبدوڵڵا	جوتیار
٣٤	محەمەد کەریم حەمەئەمین	—
٣٥	جەلال تۆفیق فەتاح	شوان
٣٦	عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا	—
٣٧	جەمال عەبدولقادر محەمەد	—
٣٨	سەرکەوت محەمەد زەکی	—
٣٩	ئیبراهیم محێدین عارف	—
٤٠	بەرزان عەلی محەمەد	—
٤١	عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد	—
٤٢	ئیبراهیم فەتاح قادر	—
٤٣	مەحموود ڕەزا محەمەد عزیز	—
٤٤	لەتیف محەمەد مەلا محەمەد	ساماڵ
٤٥	خالیدساڵح فەرەج	—

٤٦	حەسەن عەبدولڕەحمان نادر	—
٤٧	ڕێبوار نەجمەدین عوسمان	—
٤٨	فائق محەمەد ئەمین عەبدوڵلا	—
٤٩	تەها عەبدولڕەحمان حەمەعەزیز	—
٥٠	سیروان عەلی ڕەزا	—
٥٢	شێرکۆ حەمید حەمەساڵح	سیروان
٥٣	ئەحمەد ڕەحیم محەمەد ئەمین	—
٥٤	جەلال محەمەد عەلی سەعید	—
٥٥	عەلی حسێن محەمەد شاواز	—
٥٦	ئازاد ئەحمەد ئەمین حەسەن	مەریوان
٥٨	حەیدەر عەلی ڕۆستەم	—
٥٩	ئەبوبەکر محەمەد عەلی	کارووخ
٦٠	نوری خدر ئیبراهیم	نەبەز
٦١	جەمیل ئەحمەد حەسەن	خالید
٦٢	عەبدولواحید ئیدریس شەریف	ڕەوەند
٦٣	ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد	ئاری
٦٤	ئازاد محەمەد سەعید	—
٦٥	جەمال جەلال کاکل	—
٦٦	جەمال عوسمان عەبدوڵلا	وەسمان
٦٧	کەنعان عوسمان مەولود	هەژار
٦٨	خالید سەعید مستەفا	سیروان
٦٩	هاوار حەسەن قادر	—
٧٠	حەمید عومەر ئیبراهیم	ئامانج
٧١	ڕەقیب وەلی	ئاری
٧٢	کامەران ڕەسووڵ قادر	—

٧٣	عەبدولقادر حەمەد عەلی	—
٧٤	نەوزاد عەباس حەمەد	—
٧٥	سەمەد عەزیز ئەحمەد	—
٧٦	یوسف ئەحمەد	بەیاد
٧٧	جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد	—
٧٨	ڕەفعەت هیدایەت	—
٧٩	جەلیل ئیبراهیم مەحموود	—
٨٠	عومەر ئیبراهیم	عومەر جەراح
٨١	عەلی حسێن محەمەد	—
٨٢	محەمەد حاجی	—
٨٣	محەمەد عەلی حەمەد ئەمین	—
٨٤	زاهیر حەسەن مستەفا	—
٨٥	عەلی محەمەد فەتحوڵڵا	سەید عەلی
٨٦	دلێر مستەفا شەریف	—
٨٧	نەوزاد ئەحمەد محەمەد	ڕێبوار
٨٨	سابیر مەولود مام شێخ	شوان
٨٩	ئەکرەم فەتاح	—
٩٠	نەریمان حەوێز حەمەد	—
٩١	عومەر کەریم حەمەد	—
٩٢	خەلیل عەزیز	فەرهاد
٩٣	سامی عەلی عەزیز	—
٩٤	نەوزاد نوری محەمەد	—
٩٥	کەمال جەمال ڕەشید	—
٩٦	زرنگ ئیسماعیل بەگ	—
٩٧	زەینەدین نەجمەدین	ساجد

٩٨	هێمن ئەحمەد حەمەساڵح	—
٩٩	سالار مەحموود ئەسعەد	—
١٠٠	دانا نوری محەمەد	—
١٠١	بەیان مەلا محەمەد	—
١٠٢	جەبار عەبدول نەریمان	—
١٠٣	هاورێ ئەحمەد محەمەد	بارزان
١٠٤	شۆڕش عەزیز خدر	بەڵێن
١٠٥	عادل محەمەد موڕاد	—
١٠٦	کەمال جەوهەر کەریم	—
١٠٧	ئەنوەر محەمەد نوری	—
١٠٨	بورهان ڕەئووف نەجم	بورهان چوارداخی
١٠٩	سلێمان محەمەد حاجی	—
١١٠	لوقمان ئەحمەد عەباس سالم	ئاکۆ
١١١	تاریق ساڵح قادر	دڵشاد
١١٢	بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر	هەژار
١١٣	دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین	—
١١٤	خەلیل ئیراهیم ئەحمەد ساڵح	—
١١٥	نوری سەعید محەمەد	د. نوری قەرەناوی
١١٦	ڕەزا ساڵح ئەحمەد	—
١١٧	کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم	—
١١٨	ئەحمەد عەبدولکەریم عارف عەلی	—
١١٩	بەختیار خالید تاهیر محەمەد	—
١٢٠	ئازاد ئەحمەد حەمەساڵح	هێمن
١٢١	ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد	—
١٢٢	فەرەیدون محەمەد ئەمین	—

١٢٣	بۆتان عوسمان ئەسعد واحێد	—
١٢٤	حەمید محەمەد ئەمین	—
١٢٥	کامەران ئەسعەد عەلی	—
١٢٦	شۆڕش سەلیم ئیبراهیم	—
١٢٧	عەبدولهادی ساڵح سەعید	—
١٢٨	کامیل مەحموود عەبدولڕحمان	—
١٢٩	ئیبراهیم محمود محەمەد	ڕێباز
١٣٠	جەزا محەمەد فەرەج	—
١٣١	جەبار فەتاح عەبدوڵلا	نەبەز
١٣٢	حەمە سەعید محەمەد	ڕەزا
١٣٣	کاوان عەبدولقادر غەفور	—
١٣٤	محەمەد نەجات محەمەد	—
١٣٥	نەبەز مەحموود عبدولڕەحمان	—
١٣٦	سالار حەمەعەلی ڕەزا ئەمین	—
١٣٧	سەردار عەبدوڵلا ساڵح	—
١٣٨	عەلی قادر محەمەد	—
١٣٩	عەلی قادر شەریف	—
١٤٠	عوسمان ڕەشید فەرج	—
١٤١	عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید	چیا
١٤٢	ئەنوەر عەبدوڵلا حەسەن	شێرکۆ
١٤٣	ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل	—
١٤٤	وەلی ئەکرم محێدین	هۆشمەند
١٤٥	قەیتەران نوری سابیر	هەژار
١٤٦	عەلی ڕەسووڵ خدر	—
١٤٧	تاهیر عوسمان محەمەد	—

١٤٨	عوسمان محەمەد قادر	—
١٤٩	جەلال سابیر ئەمین	ئاسۆ
١٥٠	جەلال محەمەد عەلی	—
١٥١	عەلی حسێن محەمەد	—
١٥٢	ئاتێلا سەعدوڵلاّ خەلیل	—
١٥٣	هەمزە عەباس عوسمان	—
١٥٤	کاوە عەبدوڵلا محەمەد	—
١٥٥	فازڵ جەمال حەمەد	—
١٥٦	حەیدەر	—
١٥٧	نزار	—
١٥٨	هندرێن	—
١٥٩	چیا	—
١٦٠	سلێمان	—
١٦١	هیوا قادر	—
١٦٢	هیوا کەمال جەوهەر	—
١٦٣	مەجید عەولا ئەحمەد	—
١٦٤	عەدنان حەمەشەریف بارام	—
١٦٥	حەمید حەمەد ئەمین بارام	—
١٦٦	سەیفەدین حیسامەدین بایز	هێرش
١٦٧	زرار شەریف کەریم ئەحمەد	زرار تیژەیی
١٦٨	نەبەز خالید ئەمین	—
١٦٨	محەمەد سەعید سابیر عەلی	محەمەد فەڕەنسی
١٦٩	جاسم محەمەد عەلی خدر	—
١٧٠	خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خزر	محەمەد
١٧١	گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی	—

١٧٢	دابان محەمەد	—
١٧٣	سابات محەمەد	—

تێبینی: ئەم لیستە لە بەرگی دووەمدا، پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش

(ش = شوێن) (ك.ت = کارمەندی تەندروستی) (ن = نەخۆشخانە)

ژ	ناوی شەهید	پیشە	نازناو	پێشمەرگایەتی	شەهیدبوون	ش. کارکردن
١	بەختیار خالید تاهیر محەمەد	پزیشك	نیەتی	١٩٧٨ قەرەداغ	سلێمانی ١٩٧٩	ن.قوڵەهەرمێ
٢	ئازاد ئەحمەد حەمەساڵح	پزیشك	هێمن	١٩٨٥ ن. گشتی	ناوزەنگ١٩٨٩	ن. بەرگەڵوو
٣	ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد	ك.ت	نیەتی	تیپی ٢٣- ١٩٨٥	قۆجەبلاخ ١٩٨٨	تیپی ٢٣
٤	فەرەیدون محەمەد ئەمین	ك.ت	نیەتی	ناوزەنگ ١٩٨٥	ناوزەنگ ١٩٨٩	ن. بەرگەڵوو
٥	بۆتان عوسمان ئەسعد واحێد	ك.ت	نیەتی	ن. گشتی ١٩٨٣	قەندیل ١٩٨٩	ن. بەرگەڵوو
٦	حەمید محەمەد ئەمین	ك.ت	نیەتی	تیپی ٢١- ١٩٨٢	کەلکەسماق١٩٨٦	تیپی ٢١
٧	کامەران ئەسعەد عەلی	ك.ت	نیەتی	تیپی ٢١- ١٩٨٣	گردخەبەر١٩٨٧	تیپی ٢١
٨	شۆڕش سەلیم ئیبراهیم	ك.ت	نیەتی	تیپی ٤٤- ١٩٨٥	ئازمەك ١٩٩١	بەتالیۆنی ٧
٩	عەبدولهادی ساڵح سەعید	ك.ت	نیەتی	تیپی ٢١- ١٩٨٤	شاناخسێ ١٩٨٨	تیپی ٢١
١٠	کامیل مەحموود عەبدولڕحمان	ك.ت	نیەتی	ن.سوورداش١٩٨٣	دوکان ١٩٨٤	ن. سوورداش
١١	ئیبراهیم محمود محەمەد	ك.ت	ڕێباز	هەرێمی٢-١٩٧٩	موسڵ ١٩٨٠	هەرێمی ٢
١٢	جەزا محەمەد فەرەج	ك.ت	نییەتی	هەرێمی٢-١٩٧٩	گورگەیەر ١٩٨٣	شارباژێر
١٣	جەبار فەتاح عەبدوڵلا	ك.ت	نەبەز	شارباژێر ١٩٧٧	سلێمانی ١٩٩١	—
١٤	حەمە سەعید محەمەد	ك.ت	ڕەزا	شارەزوور ١٩٧٦	میریسوور ١٩٧٨	—
١٥	کاوان عەبدولقادر غەفور	ك.ت	نییەتی	تیپی ٥٧-١٩٨٦	قەرەداغ ١٩٨٨	ن.مەڵبەندی١
١٦	محەمەد نەجات محەمەد	ك.ت	نییەنی	هەرێمی٥-١٩٧٦	سێوسێنان ١٩٧٩	هەرێمی ٥
١٧	نەبەز مەحموود عبدولڕەحمان	ك.ت	نییەتی	شێنێ ١٩٧٩	نودێ ١٩٨١	—
١٨	سالار حەمەعەلی ڕەزا ئەمین	ك.ت	نییەتی	سەگرمە ١٩٨١	هیران ١٩٨٦	—
١٩	سەردار عەبدوڵلا ساڵح	ك.ت	نییەتی	گەرمیان ١٩٨١	گەرمیان ١٩٨٢	—
٢٠	عەلی قادر محەمەد	ك.ت	نییەتی	تیپی٤٧-١٩٨٥	ئەزمەڕ ١٩١١	—
٢١	عەلی قادر شەریف	ك.ت	نییەتی	هەرێمی٥-١٩٧٨	خاوێ ١٩٨٠	—
٢٣	عوسمان ڕەشید فەرج	ك.ت	نییەتی	١٩٩١	چیمەن ١٩٩٠	—
٢٤	عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید	ك.ت	چیا	شارەزوور ١٩٧٨	زەڕایەن ١٩٨١	—
٢٥	ئەنوەر عەبدوڵلا حەسەن	ك.ت	شێرکۆ	—	بەغداد ١٩٨٥	—
٢٦	ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل	ك.ت	نییەتی	شارەزوور ١٩٧٧	هەڵەبجە ١٩٧٧	—

٢٧	وەلی ئەکرم محیّدین	ك.ت	هۆشمەند	گەرمیان ١٩٨١	چرچەقەڵا ١٩٨٣	—
٢٨	قەیتەران نوری سابیر	ك.ت	هەژار	تیپی٩١ — ١٩٨٥	١٩٨٨	—
٢٩	عەلی ڕەسووڵ خدر	ك.ت	نییەتی	ت.هەوریٚ ١٩٨٣	هەولێر ١٩٨٧	—
٣٠	تاهیر عوسمان محەمەد	ك.ت	نییەتی	تیپی ٢١- ١٩٨٥	کەرکووك ١٩٩١	—
٣١	عوسمان محەمەد قادر	ك.ت	نییەتی	تیپی ٥٩-١٩٨٥	گەراوی ١٩٨٨	—
٣٢	جەلال سابیر ئەمین	ك.ت	ئاسۆ	هەرێمی٥- ١٩٧٦	هەکاری ١٩٧٨	—
٣٣	شێرکۆ حەمید حەمەساڵح	ك.ت	سیروان	هەرێمی٢ -١٩٧٩	موسڵ ١٩٨٠	—
٣٤	ئەحمەد ڕەحیم محەمەد	ك.ت	نییەتی	هەرێمی ٥- ١٩٨١	بانیخێڵان ١٩٨٦	—
٣٥	جەلال محەمەد عەلی	ك.ت	نییەتی	تیپی. ٥١- ١٩٨٤	میل قاسم ١٩٨٦	—
٣٦	عەلی حسێن محەمەد	ك.ت	نییەتی	ت. ٥١ — ١٩٨١	تازەدیٚ ١٩٨٨	—
٣٧	ئازاد ئەحمەد ئەمین	ك.ت	مەریوان	١٩٨٣	١٩٨٤	—
٣٨	ئاتێلا سەعدوڵڵا خەلیل	ك.ت	نییەتی	تیپی ٥٣- ١٩٦٨	گەرمیان	—
٣٩	حەیدەر عەلی ڕۆستەم	ك.ت	نییەتی	تیپی ٥٧- ١٩٨٣	گەبە ١٩٩٢	—
٤٠	هەمزە عەباس عوسمان	ك.ت	نییەتی	تیپی ٨٧	١٩٨٥	—
٤١	کاوە عەبدوڵڵا محەمەد	ك.ت	نییەتی	تیپی ٩٣	١٩٨٦	—
٤٢	فازڵ جەمال حەمەد	ك.ت	نییەتی	تیپی ٩١	١٩٨٨	—
٤٣	حەیدەر	ك.ت	نییەتی	تیپی ٨٧	١٩٨٨	—
٤٤	نزار	ك.ت	نییەتی	تیپی ٧٨	١٩٨٨	—
٤٥	هندرێن	ك.ت	نییەتی	دۆڵەکۆگە	١٩٨٩	—
٤٦	چیا	ك.ت	نییەتی	تیپی ٧٨	١٩٩٤	—
٤٧	سلێمان	ك.ت	نییەتی	تیپی٧٨	١٩٩٥	—
٤٨	هیوا قادر	ك.ت	نییەتی	مەڵبەندی ٣	١٩٩٦	—
٤٩	هیوا کەمال جەوهەر	ك.ت	نییەتی	—	١٩٩٥	—
٥٠	مەجید عەولا ئەحمەد	پزیشك	نییەتی	—	٢٠٠٠	—
٥١	زرار شەریف کەریم ئەحمەد	برینپێچ	زرار تیژەیی	تیپی ٢١ — ١٩٨٤	١٩٩٣	سلێمانی
٥٢	عەدنان حەمەشەریف بارام	ك.ت	نییەتی	١٩٨٣	-	—
٥٣	حەمید حەمەد ئەمین بارام	ك.ت	نییەتی			—
٥٤	سەیفەدین حیسامەدین بایز	ك.ت	د. هێرش	١٩٧٧	١٩٨٨	—

٥٥	جاسم محەمەد عەلی خدر	ك.ت	نییەتی	ـــ	ـــ	ـــ

تێبینی: ئەم لیستە لە بەرگی دووەمدا، پێداچوونەوەی بۆ دەكرێت.

پاشکۆی بەڵگەنامەکان

پاشکۆی ژمارە (١)

لۆگۆی دەزگای تەندروستیی کوردستان

KURDISTAN HEALTH FOUNDATION (KHF)

پاشکۆی ژمارە (٢)

سەرۆکایەتی کۆمار: سکرتێر

بەڕێوەبەرایەتی هەوالگری سەربازی گشتی: ژمارە م٥ /ش٣/ ق٢ /٤٧٩٧

ڕێکەوت: ١٩٨٨/٣/٧

نهێنی و تایبەت

بۆ دەزگای ئاسایشی تایبەت

بابەت زانیاری

سەرکردایەتی بەکرێگیراوەکانی ئێران، چەکدارە گێرەشێوێنەکانی خۆیان بەم ڕێنماییانە ئاگادارکردووەتەوە، ئەگەر هاتوو بەر هێرشی کیمیایی کەوتن:

١. لە کاتی بەرکەوتنی چەکی کیمیاییدا جلەکانتان بگۆڕن و بە ئاوی گەرم و سابون بیانشۆن.

٢. ڕۆژی چەندان جار لەشتان بە ئاو و سابون بشۆن.

٣. ڕۆژی چوار دەرزی ئەترۆپین لە خۆتان بدەن.

٤. شکاندنی ئەو دەرزییە بچووکەی کە لە ژێر قوماشە ڕەشەکەی ڕووپۆش (قیناع)ی گازەکەدا هەیە، (ئەو دەزگایەی بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی بەکاردێت)، هەروەها دانانی ئەو دەرزییە شکاوە لە نزیکی لووتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوی کیمیاباراندا بەباشی هەناسە بدەیت.

٥. دوورخستنەوەی بریندارەکان لە شوێنی بۆردومانە کیمیاییەکە و گەیاندنیان بە پزیشك بۆ چارەسەرکردن و چاودێریکردنیان.

٦. لە کاتی گواستنەوەی بریندارەکاندا نابێت ماسکی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی لاببەیت.

٧. دوورکەوتنەوە لە شوێنی کارەساتی کیمیابارانەکە بە دووری یەك کیلۆمەتر.

٨. دەبێت لە کاتی ڕووداوی کیمیاباراندا قناعی گاز و جلوبەرگی تایبەت بە خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی بپۆشیت.

تکایە بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ پێزانینندا

لیوا رکن

بەڕێوەبەری هەوالگری سەربازی گشتی

کۆپییەك بۆ:

بەڕێوەبەرایەتی بەشی کیمیایی/ بۆ ئاگاداریتان تکایە



بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة صحة محافظة التأميم
الذاتية
التاريخ / ١ - ١٠ / ١٩٧٦

امر اداري رقم / ٤١٦ -

الحاقا باوامرنا المرقمة ٢٦٨٢ و٢٨٥٢ و٣٠٢٤ في ٢٦/ ٩ /و١/ ١٠ /و٢٦/ ١٠ / ١٩٧٢
وكتابتنا المرقم ١٦٨٩٩ في ٨/ ١٠ / ١٩٧٦.
اولا :- تقرر لاجتياز طلاب دورة المضمدين الساهرين للعام/ ١٩٧٦ في مديرية مستشفى التأميم الجمهوري التالية اسماؤهم الامتحان النهائي للدورة بنجاح في كافة المواضيع الدراسية فيها في الدور الاول وانهائهم مدتها البالغة (٢٤) شهرا في [illegible] بتاريخ ٢٦/ ٦ / ٧٦ بعد الظهر
لقد قررنا قطع علاقتهم بالدورة المذكورة اعتبارا من تاريخ ٢٧/ ٦ / ١٩٧٦ قبل الظهر.
الاسم /

١- طالب عمر كريم
٢- كاكه حسن حسين
٣- انور محمد نوري [illegible]
٤- حسين اصغر علي
٥- حسن كاظم [illegible]
٦- عبد [illegible] نجم محمد
٧- توفيق حميد [illegible]
٨- طاهر اسعد صادق
٩- حبيب رشيد علي
١٠- خالد مجيد صالح
١١- حسين محمد سليمان
١٢- فاضل نجم [illegible]
١٣- [illegible] محمد علي مصطفى
١٤- عبد الهادي صالح سعيد
١٥- محمد سعد الله عبد الله
١٦- نجاة محمد عزيز
١٧- [illegible] حميد ابراهيم

رئيس صحة محافظة التأميم
الدكتور محمد صالح عيسى

صورة منه الى /
وزارة الصحة /٣/
مديرية الخدمات الطبية المساندة/٣/
المؤسسة العامة للتعليم والتدريب الصحي /٣/
مديرية مستشفى التأميم الجمهوري/ادارة الدورة اعلاه /كتابكم المرقم ٨ في ١/ ١٠ / ١٩٧٦ وتوابع اعلاه
المعاونية الفنية – الذاتية/ [illegible] /٢/ – المحاسبة – التوعية الصحية
الاحصاء – [illegible] – [illegible]
[illegible]
= المعاونية الفنية
= الدورات
= الدورة اعلاه

صورة ٦/ ١٠

بەڵگەنامەیەك ناوی دكتۆر هادی تێدایە دوای ٢ ساڵ لە بینینی خول (ئەرشیفی هەڤاڵ سەباح سەعید)



[redacted]

بسم الله الرحمن الرحيم

[redacted]

رئاسة الجمهورية

سري

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

سري وشخصي

الى / جهاز الأمن الخاص

الموضوع / تعليمات

وجهت قيادة زمرة عملاء ايران مخربيها اتباع التعليمات التالية عند تعرضهم لضرب كيمياوي :-

١. خلع الملابس التي تعرضت للضربة الكيمياوية ووضعها في الماء وعليها مسحوق الغسيل .

٢. غسل الجسم بالماء والصابون مع مسحوق الغسيل ولعدة مرات في اليوم .

٣. زرق الجسم بإبرة ابر (اتروبين) في اليوم .

٤. كسر الابر الصغيرة الموجودة في القناع الاسود ووضعها قرب الانف للتنفس اثناء الضربة .

٥. ابعاد المصابين عن مكان الضربة الكيمياوية ووضعهم تحت مراقبة الاطباء لمعالجتهم .

٦. عدم خلع الاقنعة اثناء نقل المصابين مهما تكن الاسباب .

٧. الابتعاد عن مكان الضربة الكيمياوية بمسافة (١) كم .

٨. لبس الاقنعة خلال الضربة ولحين انتهائها .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

اللواء الركن

مدير الاستخبارات العسكرية العامة

نسخة الى

مديرية الصنف الكيمياوي / للتفضل بالاطلاع .

(١ - ١)

سري وشخصي

وێنەی بەڵگەنامەیەکی دەزگای هەواڵگری عێراق لە هەشت خاڵدا باس لە ڕێنماییەکانی پزیشکانی هێزی پێشمەرگە دەکات، کە لە کاتی کیمیابارانی کوردستاندا بۆ جەماوەری کوردستان و هێزی پێشمەرگەیان بڵاوکردووەتەوە، ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنایە بە کوردی لە پاشکۆدا بوونی هەیە. لە پەرتووکی د. فائق گوڵپی، لە توێشووی پزیشکێکی پێشمەرگەوە، وەرگیراوە.



فەرمانی لە سێدارەدانی د. لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د.ئاكۆ)، ئازادبوونی بەهۆی سزای دارایی و لێبووردنی گشتییەوە (ئەرشیفی د. ئاكۆ)


بسم الله الرحمن الرحيم

العدد/ ... /٨٥
التاريخ/ ٢٦/ ١١/ ١٩٨٨

١- اسم المحكمة العسكرية الدائمية/ ١١
٢- اسم المتهم ورتبته ووحدته/ د. لقمان احمد عباس ...
٦- تاريخ الحكم/ ٢٦/ ١١/ ١٩٨٨

حكماً وجاهياً قابلاً للتمييز ...

فەرمانی لە سێدارەدانی د. لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د.ئاکۆ)، ئازادبوونی بەهۆی سزای دارایی و لێبووردنی گشتییەوە، (ئەرشیفی د. ئاکۆ)

پاشکۆی وێنەکان

یەکەم ڕۆژی کارکردن لە پرۆژەکە، لەگەڵ هەڤاڵ (خەمینەساڵح ئەحمەد)

ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و لێپرسراوی بۆردی ئەرشیف و مێژوو/ مەکتەبی

گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری/ سلێمانی ٢٠٢٢/١/١١

نەخۆشخانەی ناوزەنگ (ئەرشیفی د. ئارام)

د. سەرکەوت محەمەد زەکی (سەرکەوت زەکی) لەگەڵ نووسەر

لە چەپەوە:

(سەرتیپ عەبدولڕەحمان، خەمینە ساڵح، د. فائق گوڵپی، موزەفەر عەبدولوەهاب، نووسەر)

وێنەی شەهید دکتۆر هادی (ئەرشیفی هەڤاڵ سەباح ساڵح سەعید)

له چەپەوە یەکەم: د. فائق گوڵپی، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بریندار نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك، گوندی سێوسێنان ١٩٨٦، لە پەرتووکی: د. فائق گوڵپی، لە توێشووی پزیشکێکی پێشمەرگەوە وەرگیراوە.

د. فائق گوڵپی لەگەڵ نووسەر

وێنەی ئیبراهیم فەتاح (د. برایم)

وێنەی د. ئیبراهیم فەتاح لەگەڵ نووسەر

وێنەی دکتۆر بورهان چوارداخی (ئەرشیفی د. بورهان چوارداخی)

دکتۆر بورهان چوارداخی لەگەڵ نووسەر

ئیبراهیم محێدین عارف (د. برایم) (ئەرشیفی د. برایم محێدین)

ئیبراهیم محێدین عارف (د. برایم) لەگەڵ نووسەر

د. تەها عەبدولڕەحمان لە کاتی تیمارکردنی پێشمەرگەیەکی بریندار (ئەرشیفی د. تەها)

تەها عەبدولڕەحمان (د. تەها) (ئەرشیفی د. تەها)

د. لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د.ئاکۆ) (ئەرشیفی د. ئاکۆ)

وێنەی د. لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (ناسراو بە د.ئاکۆ) لەگەڵ نووسەر

وێنەی کەلوپەلی پزیشکیی یەکێك لە پزیشکانی شۆڕش

هاوکارانی پڕۆژەکە، هەڤاڵان: جەمیل هەورامی و ڕەهبەری سەید ئیبراهیم لەگەڵ نووسەر

دیداری نووسەر لە بارەگای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان،

لە ڕاستەوە: (د. محەمەد فەڕەنسی، هەڤاڵ ئەحمەد کرێکار، نووسەر، د. دڵشاد. د. سەردار)

تاریقساڵح قادر (د.دڵشاد) (ئەرشیفی د. دڵشاد)

تاریق ساڵح قادر (د.دڵشاد) لەگەڵ نووسەر

بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر (د. هەژار) (ئەرشیفی د. هەژار)

دیداری نووسەر لەگەڵ د. بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر (د. هەژار)

سێتی مقەستی نەشتەرگەری ساڵی ١٩٨٣ی د. بەرزان عوبێد (د. هەژار)

(ئەرشیفی د. هەژار) وێنەکە ٢٠٢٢ گیراوە.

ئەنوەر محەمەد نوری (د. ئەنوەر)

لەچەپەوە د. سەردار عەبدولقادر لەگەڵ شەهید محەمەدی برایدا (ئەرشیفی د. سەردار)

د. سەردار عەبدولقادر ئەحمەد (ئەرشیفی د. سەردار)



خەلیل ئیبراهیم محەممەد ساڵح (د. خەلیل) (ئەرشیفی د. خەلیل)

هەندێ لە دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی بەرگەڵو ١٩٨٨
لەڕاستەوە بۆ چەپ/ ڕاوەستاوەکان/ د.دانا، د.ئاودێر، د.ئارام، د. ئاکۆ، د.بەیان)
دانیشتووەکان(د. هندرێن، پ.م شەهید بەخەی سەموون، د. بلێر، د.خالید)

ئەرشیفی د. ئارام

لە ڕاستەوە ، وەستاوەکان(د.شێرکۆ، د.شوان، د.ئارام، پ.م قادر سەنگسەری)
دانیشتووەکان(پ.م ئومێد کانی تووێی، پ.م علی یاخیانی)
نەخۆشخانەی شەهید د.هێمن/نۆکان/١٩٨٩

(ئەرشیفی د. ئارام)

لەڕاستەوە بۆ چەپ/ دکتۆر ئاودێر ، دکتۆر هندرێن دکتۆر ئارام ، لەکاتی تیمارکردنی پ.م بریندار فاخیر
نەخۆشخانەی مەرکەزی (ی.ن.ك) بەرگەڵو ، ساڵی ١٩٨٧

(ئەرشیفی د. ئارام)

لای چەپەوە د. ئارام لە کاتی سارێژکردنی پێشمەرگەیەکی بریندار (ئەرشیفی د. ئارام)

د. ئارام لەگەڵ نووسەر

لایتێکی پزیشکی لە ساڵی ١٩٨٩ هەڤاڵ مام جەلال بە د. ئارامی بەخشیوە (ئەرشیفی د. ئارام ٢٠٢٢)



وێنەی د. سلێمان محەمەد حاجی (ئەرشیفی د. سلێمان)

وێنەی حەمید عومەر ئیبراهیم ئەسوەد (د. ئامانج) (ئەرشیفی د. ئامانج)

لە ڕاستەوە وێنەی کۆچکردوو د. مەحموود ڕەزا محەمەد عەزیز

کاتێك ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لەنزیك شاری سەردەشت چاوپێکەوتنی لەگەڵ بریندارانی کیمیایی کردووە. (ئەرشیفی د. تەها)

لە ڕاستەوە د. هەژار عوسمان، د. خدر مەعسوم و د. شادمان فوئاد مەستی

(ئەرشیفی د. هەژار)

لە ڕاستەوە هەژار عوسمان مەعروف (د.هەژار) لەگەڵ د. عومەر (د. شەماڵ)

(ئەرشیفی د. هەژار)

وێنەی هەژار عوسمان مەعروف (د.هەژار) لەگەڵ نووسەر

شۆڕش عەزیز خزر (د. بەڵێن) (ئەرشیفی د. بەڵێن)

شۆڕش عەزیز خزر (د. بەڵێن) لەگەڵ نووسەر

وێنەی عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسووڵ (د. ڕەوەند) (ئەرشیفی د. ڕەوەند)

لە ڕاستەوە د. ئارام – د. جەبار - د. ڕەوەند (ئەرشیفی د. ڕەوەند)

عەبدولواحید ئیدریس شەریف (د. ڕەوەند) لەگەڵ د. خالید (ئەرشیفی د. ڕەوەند)

وێنەی عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسووڵ (د. ڕەوەند) لەگەڵ نووسەر



هاوڕێ ئەحمەد محەمد سلێمان (د. هاوڕێ) (ئەرشیفی د. هاوڕێ)



هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان (د. هاوڕێ) (ئەرشیفی د. هاوڕێ)

.



شەهید تاهیر عوسمان حەمەساڵح (د.تاهیر کەلهوڕی) (ئەرشیفی هەڤاڵ ڕاکان عوسمان)

شەهید تاهیر عوسمان حەمەساڵح (د.تاهیر کەلهوڕی) (ئەرشیفی هەڤاڵ ڕاکان عوسمان)

د. خالید محەمەد ڕەشید مەحموود (ئەرشیفی د. خالید)

د. خالید محەمەد ڕەشید مەحموود (ئەرشیفی د. خالید)



لەراستەوە بۆ چەپ دكتۆر ئاودێر،دكتۆر دلێر،دكتۆر خالید

دۆڵی جافەتی/نەخۆشخانەی بەرگەڵو / ١٩٨٨

(ئەرشیفی د. ئارام)

نوری سەعید محەمەد (د. نوری قەرەناوی) (لە هەڤاڵ هەڵۆ قەرەناوی وەرگیراوە)

دانیشتووان لە چەپەوە یەکەم: ئەحمەد نەجمەدین (دکتۆر ئاری) (ئەرشیفی د. ئاری)

وەرتێ ساڵی 1987

لە ڕاستەوە دووەم: ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری) (ئەرشیفی د. ئاری)

١٩٨٨/١٠/٤ شێخ ئاشی قەندیلە ئەم سێ پێشمەرگەیە دوای ٣٧ ڕۆژ خۆیان شۆردوە و چێشتێکی گەرمیان خواردووە، کە ئەویش بڕوێش بووە، ناوەڕاست ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری) (ئەرشیفی د. ئاری)

سایەو سێووکان شەڕی (سێ مانگە) کاتی ئەنفالە کان ساڵی 1988

لە ڕاستەوە: ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری) (ئەرشیفی د. ئاری)

ناوەڕاست: ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری) (ئەرشیفی د. ئاری)

ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری) (ئەرشیفی د. ئاری)

لەڕاستەوە یەکەم: د. مەحموود ڕەزا محەمەد عەزیز (ئەرشیفی هەڤاڵ شاد مەحموود)

لە ڕاستەوە دووەم: د. مەحموود ڕەزا (ئەرشیفی هەڤاڵ شاد مەحموود)

له چەپەوە: کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم (د. کەیفی) (ئەرشیفی د. کەیفی)

له چەپەوە: کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم (د. کەیفی) (ئەرشیفی د. کەیفی)

له چەپەوە سێیەم: کەیفی مستەفا لەگەڵ تیمێکی پزیشکیدا (ئەرشیفی د. کەیفی)

کەیفی مستەفا (د. کەیفی) (ئەرشیفی د. کەیفی)

ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەك لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی عەباسی ڤیدیۆ)

ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەك لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی عەباسی ڤیدیۆ)

ئامێرێکی پزیشکی لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ)

نەشتەرگەری بۆ منداڵێك لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی عەباسی ڤیدیۆ).

تیمێکی پزیشکی شۆڕش لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ پێشمەرگەیەکی بریندار لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ).

پێشمەرگەیەکی بریندار لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ)

پزیشکێکی شۆڕش لەسەر پێشمەرگەیەکی بریندار لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، سەرقاڵی هەناسەدانی دەستکردە بۆ بریندارەکە، (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ)

گواستنەوەی پێشمەرگەیەکی بریندار لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکەوە بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش، (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ)

وێنەی ژنێکی بریندار لەبەردەستی پزیشکێکی شۆڕشدا، (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ).

تیمێکی پزیشکی شۆڕش لە کاتی دانانی هەناسەدانی دەستکرد بۆ پێشمەرگەیەکی بریندار

لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو (ئەرشیفی هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ)

ددان کێشان بۆ پێشمەرگەیەك، بناری قەندیل، ١٩٨٢

جەبار عەبدول نەریمان (د. جەبار



لای چەپەوە عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (د. زریان)



عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (د. زریان)



لای ڕاستەوە: شەهید ئازاد هەورامی لەگەڵ د. زریان

شەهید د. کامەران

ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە دووەم: نەبەز خالید (د. نەبەز)، نێوان قاسمەڕەش و ناوزەنگ ١٩٨١

نەبەز خالید ئەمین (د. نەبەز)

محەمەد سەعید سابیر (د. محەمەد فەڕەنسی)

لای چەپەوە دووەم: د. محەمەد فەڕەنسی لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەدا

پۆلێك پێشمەرگە، کە تێیدا (د. محەمەد فەڕەنسی) وەك پزیشکی مەفرەزە بەشدارە



وێنەی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو لە ئێستادا، لەسەر شێوازی پێشوو دروست کراوەتەوە.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: پەرتووک

١. فائق محەمەد گوڵپی: لە تویێشووی پزیشکێکی پێشمەرگەوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢. هەژار عوسمان مەعروف (دکتۆر): ڕەنجی فەرهادەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣. ئازاد سەراوی: خاکپۆشەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.

٤. ئازاد سەراوی: هێلانەی هەڵۆکان، پێنجوێن، شارباژێر، دوکان، چاپخانەی بەهەست، سلێمانی، ٢٠١٨.

٥. ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١.

٦. ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١.

دووەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

١. بەختیار ڕاستی: لە یادی شەهیدبوونی مام ساڵح و کوڕەکانیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و یەکەم، ژ٥٧٦٣، هەینی ٢٠١٢/٤/٣.

٢. سەباح ساڵح سەعید: ژنێك لە بۆتەی خەباتدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و یەکەم، ژ٥٦٨١، هەینی ٢٠١٢/١/٣٠.

٣. ئاوات کۆکەیی، کسپەیەك لە کەرکووکەوە لە یادی پۆلێك شەهیدی خێزانێکدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و دووەم، ژ٦٠٦٦، هەینی ٢٠١٣/٤/٢٦.

٤. ئیسماعیل خالید: تەندروستیی شۆڕش، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٥، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٥. ئیسماعیل خالید: ڕۆڵی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٣، سلێمانی، ٢٠١٩.

٦. ئیسماعیل خالید: ڕۆڵی تەندروستی لە شۆرشی نوێدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٩، سلێمانی، ٢٠٢١.
٧. ئیسماعیل خالید: لەگەڵ پزیشکە پارتیزانەکانی شاخدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ٧، سلێمانی، ٢٠٢١.

سێیەم: لێدوانی تەلەفزیۆنی و ناردن

١. سەباح ساڵح سەعید، ڕاپۆرتی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئامادەی کردووە، ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ پەخشکراوە.
٢. سەباح ساڵح سەعیدی برای شەهید دکتۆ هادی
٣. هەردی عادل: ڕاپۆرتی کەناڵی ئاسمانی کەرکووک، ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢١ پەخشکراوە.
٤. ڕاگەیاندنی پەیوەندییەکانی کەرکووکی (ی.ن.ك).
٥. شیروان سەعید هاوڕێ و شایەتحاڵی گوللەبارانکردنی شەهید ڕەفیق ساڵح سەعید.
٦. نەهرۆ سەعید هاوڕێ و شایەتحاڵانی گوللەبارانکردنی شەهید ڕەفیق ساڵح سەعید
٧. چەتۆ ساڵح سەعید: کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠٢١/٣/٢٣.
٨. سەباح ساڵح سەعید: کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠٢١/٣/٢٣.
٩. سەباح ساڵح سەعید: کەناڵی کوردسات، ٢٠٢١/٣/٢٣.
١٠. سەباح ساڵح سەعید: کەناڵی کوردسات، ٢٠٢١/٣/٢٣.
١١. مەلا شاخی: کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠٢١/٣/٢٣.
١٢. چەتۆ ساڵح سەعید: کەناڵی کوردسات، ٢٠٢١/٣/٢٣.
١٣. تاهیر عوسمان حەمەساڵح (د. تاهیر کەلهوڕی) لە ڕاکان عوسمان حەمەساڵح وەرگیراوە، کەرکووک، ٢٠٢٢/٣/١٥.
١٤. ژیاننامەی مەحموود ڕەزا (د. مەحموود)، لە تەها ئەوڕەحمان حەمەعەزیز (د. تەها)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٠، لەگەڵ شاد مەحموود ڕەزا، ٢٠٢٢/٤/٨ وەرگیراوە.
١٥. ژیاننامەی کامەران ئەسعەد عەلی (د. کامەران) لە ٢٠٢٢/١٢/٢٩ لە هەڤاڵ ئەحمەد مەلا وەرگیراوە.

١٦. ژیاننامەی مەحموود ڕەزا محەمەد عەزیز (د. مەحموود)، لە (د. تەها ئەوڕەحمان) وەرگیراوە.
١٧. ژیاننامەی نوری سەعید محەمەد (د. نوری قەرەناوی)، لە هەڵۆ سەعید محەمەد (هەڵۆ قەرەناوی) وەرگیراوە، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١٥.
١٨. ژیاننامەی زرار تیژەیی: لە ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/٢٩ لە فاتیح عومەر وەرگیراوە.

چوارەم: چاوپێکەوتنەکان

١. ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (د. ئاری)، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٧.
٢. ئەحمەد عەبدولکەریم عارف، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١.
٣. ئەنوەر محەمەد نوری (د. ئەنوەر)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٢/٢٥.
٤. ئیبراهیم فەتاح قادر (د. برایم)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٢.
٥. ئیبراهیم محێدین عارف، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، ٢٠٢٢/٢/٢.
٦. بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر (د. هەژار)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٩.
٧. بورهان ڕەئووف (د. بورهان چورداخی)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٢/١٥.
٨. تاریق ساڵح قادر (د. دڵشاد)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٣.
٩. تەها ئەوڕەحمان حەمەعەزیز ڕەسووڵ (د. تەها)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٠.
١٠. جەبار عەبدول نەریمان قادر (د. جەبار)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢١.
١١. حەمید عومەر ئیبراهیم ئەسوەد (د. ئامانج): هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٢٠.
١٢. خالید محەمەد ڕەشید مەحموود (د. خالید)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٤.
١٣. خەلیل ئیبراهیم محەمەد ساڵح (د. خەلیل)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٣/١٣.
١٤. دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین (د. دارا)، گەرمیان، ٢٠٢٢/٣/١٢.
١٥. ڕەزا ساڵح ئەحمەد ئەمین (د. ڕەزا)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/٣٠.
١٦. سەردار عەبدولقادر ئەحمەد عەلی (د. سەردار)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٧.
١٧. سەرکەوت محەمەد زەکی (د. سەرکەوت زەکی)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٥.

١٨. سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا سەعدوون (د. ئارام)، چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١٨.
١٩. سلێمان محەمەد حاجی قادر (د. سلێمان)، کەرکووك، ٢٠٢٢/٢/١٩.
٢٠. شۆڕش عەزیز خزر عەزیز (د. بەڵێن)، چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٢٥.
٢١. عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (د. زریان)، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٢/٦/٢٢.
٢٢. عەبدولواحید ئیدریس شەریف ڕەسووڵ، (د. ڕەوەند)، چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٢٤.
٢٣. کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم (د. کەیفی)، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٤.
٢٤. لوقمان ئەحمەد عەباس سالم (د. ئاکۆ)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٦.
٢٥. محەمەد سەعید سابیر عەلی (د. محەمەد فەڕەنسی)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/١٣.
٢٦. نەبەز خالید ئەمین (د. نەبەز)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٨.
٢٧. هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان (د. هاوڕێ)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/١٣.
٢٨. هەژار عوسمان مەعروف عەبدولڕەحمان (د. هەژار)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٢٣.

پێنجەم: پێگەی ئەلیکترۆنی

١. سایتی (puk media)/ ٢٠١٧/١٠/٨ https://www.pukmedia.com

سوپاس و پێزانینی نووسەر بۆ هاوکاران و دڵسۆزانی ئەم پرۆژەیە، بەڕێزان:

ژ	ناو	پیشە
١	خەمینە ساڵح ئەحمەد	لێپرسراوی بۆردی ئەرشیف و مێژوو
٢	جەمیل هەورامیی	س. کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
٣	ڕەهبەر سەیید ئیراهیم	ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)
٤	ئەحمەد کرێکار	کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
٥	د. ئارام (سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا)	ڕاوێژکاری و. تەندروستیی حکومەتی هەرێم
٦	د. بورهان چوارداخی	ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك/ کەرکوك
٧	د. تەها ئەوڕەحمان حەمەعەزیز	لیوای مافپەروەر لە وەزارەتی پێشمەرگە
٨	د. خالید محەمەد ڕەشید	پزیشکی شۆڕش
٩	د. موحسین لەتیف کەریم	جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە
١٠	ئەحمەد مەلا	جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە
١١	مەلا شێخە	جێگری مەڵبەندی ٢ی کەرکووکی ی.ن.ك
١٢	بورهان عەلی زەنگەنە	ج. سەرۆکی دەزگای تەندروستیی پێشمەرگە
١٣	حەسەن مەحموود حسێن	ئەندامی دەستەی باڵای سەندیکای کارمەندانی ت.ك
١٤	محەمەد قادر مصطفی (محەمەد قامیشی)	مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران
١٥	موزەفەر عەبدولوەهاب	ئەندامی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری
١٦	فاتیح عومەر	کارگێڕی مەڵبەندی ١٢ی چەمچەماڵ
١٧	تالیب مەحموود ئبراهیم (ئارام)	کارگێڕی مەڵبەندی ١٢ی چەمچەماڵ
١٨	سەرتیپ عەبدولڕەحمان	ڕاوێژکار لە بۆردی ئەرشیف و مێژوو
١٩	ئیبراهیم محێدین عارف	پزیشکی شۆڕش
٢٠	خەلیل ئیبراهیم محەمەد ساڵح	کارگێڕی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکووك
٢١	سعود سەنگاوی	ئەندامی مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی چەمچەماڵ

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری – بۆردی ئەرشیف و مێژوو

ژ	زنجیرەی مەکتەب	زنجیرەی بۆرد	ناونیشانی پەرتووک	ناوی نووسەر	ساڵی چاپ
١	١٤/٥٦٠	١	سەفەری سەختی خەبات، بیرەوەری و بەڵگەنامەکانی بەکری حاجی سەفەر	ئەمیرە محەمەد	٢٠٢٠
٢	١٧/٥٦٠	٢	ئەلبومی دایکی سەروەران بەرگی دووەم	ئەمیرە محەمەد	٢٠٢١
٣	١٨/٥٦٠	٣	ئەوکاتەی مەرگ وەکو ژیان سەوزە	ئەمیرە محەمەد	٢٠٢١
٤	١٥/٥٦٠	٤	الجبهة الوطنية المتحدة ضرورتها، طبيعتها، اهدافها، مستلزماتها مشروع المؤلفات الكاملة	جلال طالباني	٢٠٢١
٥	١٩/٥٦٠	٥	عندما يكون الموت اخضر كالحياة	أميرة محمد الترجمة: د. فائق مصطفى د. دلسوز جعفر برزنجي	٢٠٢٢
٦	٢٠/٥٦٠	٦	When Death Green As Life	أميرة محمد ترجمة الى الانجليزية پاسار شيركو	٢٠٢٢
٧	٢٦/٥٦٠	٧	سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کەرکووک	نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا	٢٠٢٢
٨	٢٧/٥٦٠	٨	کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان	محەمەد حەسەن خورشید	٢٠٢٢

نووسەر لە چەند دێڕێکدا

گۆران سەلام محەمەد/ ساڵی ١٩٩٠ لە شاری چەمچەماڵ لەدایکبووە

بەکالۆریۆس لە مێژوو/ زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣

ماجستێر لە مێژوو/ زانکۆی مەنسورە، میسر، ٢٠١٦

(لە زانکۆی کەرکوك و زانکۆی جیهان – سلێمانی مامۆستا بووە، توێژەر بووە لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید).

بەرهەمەکانی:

١. کاریگەری خێڵ و ئایین لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٨٤٧ – ١٨٨١، جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢. القضية الكردية في العلاقات التركية الايرانية ١٩١٨ – ١٩٣٩، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٨.

٣. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٩١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٤. چەند پرسێکی کورد لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٥. ڕۆژنامەی خورماڵ ١٩٤٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٦. مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری چەمچەماڵ ١٩٤٢ – ٢٠٢٠، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

٧. کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ١٩٤٦، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٨. ڕۆژنامەی ئاگریّ ١٩٥٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٩. ڕۆژنامەی چەرمو ٢٠٠٧ – ٢٠١٤، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

١٠. پاڵنەرەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال، چەمی زەنگنە بە نموونە، توێژینەوەی بڵاوکراوە، (هاوبەش)، گۆڤاری زانستی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠٢١.

١١. خیانەت لە بەرخۆدانی بەدرخان پاشای بۆتان ١٨٤٧، ئامادەی چاپە.

١٢. پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران ١٩٢٣ - ٢٠٠٣ (وەرگێڕان)، ئامادەی چاپە.

١٣. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ (بەرگی یەکەم).